# تۆ ڕەشت لێ دێت

ڕۆمان

ئەحلام موستەغانمی

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

وەریگێڕاوە

ناوی کتێب: تۆ ڕەشت لێ دێت

نووسەر: ئەحلام موستەغانمی

وەرگێڕ: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

# پێشکەش

لێم پرسی:

ـ ئەی ئێستە..لەو ئەڤینداریە پەشیمان دەبیتەوە کە ڕوخساری گەنجایەتیی هەڵلووشیت؟

بە بێ میزاجییەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ کامەرانییەکی لەڕادەبەدەر گڕگرتوو بوو، نەدەکرا تەمەنی درێژتر بکرێتەوە، هەموو ئەوەی لە دەستم هات ئاگرەکەم خۆشتر دەکرد.. بۆ ئەوەی پاش ئەوە درێژە بە تەمەنی خۆڵەمێشەکە بدەم.

لە پێناوی دەستە خوشکە جوانەکەمدا کە لەسەر گەردێکی زێڕینی کامەرانییەکی دێرین دەگوزەرێنێت و، بڕوای وایە کە ژان سەربڵندییەکە ئازار و ئەشکەنجە جوانتر دەکاتەوە، هەموو ئەم نۆتە میوزیکیانەم لە کتێبێکدا پەرت و بڵاوکردەوە ..بەشکو فێری سەمای سەر خۆڵەمێشی بکەم.

ئەوەی سەما بکات گەردی یادگە لە خۆی دەتەکێنێت.

دەی ئیدی لووتبەرزی بەسە.. هەستە سەما بکە.

ئەحلام

# یەکەمین جووڵە

## ( سەرسوڕمان جمکی قۆزی ئەڤینداریيە )

چوون پیانۆیەکی قنج و قیت بەسەر میوزیکەکەیدا داخرابێت، ئـەویش بەسـەر ڕازەکەیـدا داخراوە.
تەنانەت بۆ خودی خۆیشی پێی لێ نانێت کە ئەو ئافرەتەی لەدەست داوە. گەزافی ئەوە لێ دەدات کە (وێ) ئەمی لەدەست داوەو، ئەم بە خۆی ویستی هەردووکیان لێك جیاببنـەوە، جیابوونەوەیەکی یەکجارەکی چوون لێدانێکی شمشێر، ئەو لە ئامادەگییە سـەرپێییانەکەی وێ نائامادەگییەکی درێژو لە چێژە بچووکەکان ژانێکی گەورەو لە دابڕانی دووبـارەو سـێ بارە دابڕانێکی یەکلاکەرەوەی پێ باشترە.
لەبەر ئەوەی ئەوەندی حەز لێ دەکرد، بڕیاری دا بیکوژێت بۆ ئەوەی خودی خۆی بەدەسـت بهێنێتەوە، کەچی بە خۆیشی لەگەڵ (وێ)دا مـرد، چـونکە شمشـێری ئـەڤین لـە شمشـێری سامۆرای دەچێت، یەکێك لە یاساکانی ئەوەیە لێدانە کوشندەکە لـە نێـوان شمشـێرەوان و کوژراوەکەدا دابەش دەبێت.
وەك چۆن پشیلە بێچووەکانی خۆی دەخوات و، شۆڕشیش ڕۆڵەکانی خۆی لەناو دەبات، بەو شێوەیەیش ئەڤین ئەڤیندارانی خۆی لەناو دەبات. لە کاتێکدا لەناویان دەبات کـە لەسـەر خوانە ڕازاوەکەی دانیشـتوون. بانگهێشـت و داوەتـی نـەکردوون تـەنیا بـۆ ئـەوە نـەبێت بیانخوات.
بۆ چەندین ساڵ ئەڤینداران لەمەڕ هۆکارەکانی جیابوونەوە سـەریان سـوڕدەمێنێت. لـەخۆ دەپرسن: تۆ بڵێیت لـە سـاتی کامەرانییـە لەڕادەبەدەرەکەیانـدا کـێ سـێوی ئەڤینـداری ژەهراوی کردوون؟ کەس گومان لە ئەڤینداری ناکات، یان پێشبینی نیازە تاوانکارییەکانی ناکات. لەبەر ئەوەی ئەڤینداری دەستەڵاتێکە لە سەرووی گومانەوەیە، ئەوە نەبێت جـاڕی بەرانبـەر بـە ئەڤینـدارانی هەیـە، بۆیـە ئەڤینـداران لـە مەترسـیدا دەبـن، هەرکـە ئەڤیندارییەکەیان چڕتر بکەن.
کەواتە دەبوو، کەمتری خۆش بویستایە، بەڵام پێی باشە زۆران لەگەڵ ئەڤینداریدا بگرێـت و بە بەخشینەکانی بەسەریدا زاڵ بێـت. ئـەو لـە دەرەوەی توندڕۆییـدا پـێ نازانێـت کـە ئەڤینداری ئایینزایەکی هەبێت، لووتکەی بەسەرهاتەکەی دەگەیاندە سنووری ئەفسانەکان.

ئەو کات ئەڤینداری زۆری پێ پێدەکەنێت و، دەیکوژێت و خەڵتانی خەیاڵ پلاوییەکانی خۆی دەکات.

قلیانەکەی لەسەر تەبڵەکە هەڵگرت و لەسەرخۆ غەمبارانە پێی کرد.

ئەمە یەکێکە لەو جارە دەگمەنانەی کە ئومێدی ئەوەی دەخواست تێیدا لە پڕمەی گریان بدات، بەڵام پیاوێك کە ژان و ئازاری لەڕادەبەدەری هەبێت ناگریت. لەبەر جارِ زۆری بەرانبەر بە فرمیسکەکانی ڕاهاتبوو نەیانڕێژێت. بەو شێوەیە، بوو بە بوونەوەرێکی دەریایی، لە خوێ و پوول.

ئایە دەریا دەگریت لەبەر ئەوەی ماسییەکی لێ یاخی بووە؟ چۆن توانی هەڵێت لە کاتێکدا ماسییەکان ناتوانن لە دەرەوەی دەریا بگوزەرێنن؟

وێ ڕۆژێك پێی گوت (بڕوام بە پیاوێك نییە نەگریت).

تەنیا بزەیەکی هاتێ.

بۆی نەدرکاند کە بڕوای بە کەس نییە. دەستەڵاتی پارە، وەك دەستەڵاتی حوکمڕانی، ئاگەی ئاسوودەگی سۆزداری نازانێت. خاوەنەکەی پێویستی بەوەیە بکەوێتە سەر ساجی عەلی بۆ ئەوەی دڵی کەسانی دەوروبەری تاقی بکاتەوە. ڕۆژگار پشتی تێ بکات، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی خەڵکی لا ڕاست و دروست بێت. بۆیە ڕۆژگارێك ناناسێت کە ئایە بە ڕاستی خودی ئەمی لەبەر ئەمە خۆش ویستبێت.

ئەویش لەبەر ئەوەی ڕۆژگار پشتی تێ نەکردووە، بەڵکو لەوەتای لێك جودابوونەتەوە دەوڵەمەندتری کردووە، وەك ئەوەی لەبری زیانە سۆزدارییەکانی بە دەستکەوتی مادی قەرەبووی بکاتەوە.

ئەو گومان لە دەست بلاوی و چاوتێری وێ دەکات، بڕوای وایە کە چەندە شتی پێشکەش بکات ئەوە ئەوەندە فرت و فێڵی لێ دەکات. ئەدی ژیان مێینە نییە، لە هەموو ئەو شتانەی پێت دەبەخشێت شتی گرانبەهاترت لێ زەوت دەکات؟

شتە دژوارەکە ئەوەیە، ئەوە بزانیت ئایە بەلای تۆوە شتی گران کامەیە. پێشبینی ئەوەیش بکەیت شتەکان لەگەڵ تەمەن بەسەرچووندا بەهای خۆیان بگۆڕن.. چ بە دابەزین، یان بەرزبوونەوە.

ئەو ڕۆژەی (وێ)ی بینی لە دیالۆگێکی تەلەڤزیۆنیدا دەپەیڤی، پێشبینی ئـەوەی نـەدەکرد ئەو دوێتە پلەو پایەیەکی لە ژیانی ئەمدا ببێت، چونکە ئەم ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوی (وێ)ی بەرگوێ نەکەوتووە، (وێ)یش نەیدەزانی ئەم هەیە یان نا. بەڵام کاتێك پێش چەند ڕۆژێـك دەرکەوت، لەوە دڵنیا بوو کە (وێ) تەنیا ڕووی لەمە نەك کەسی دیکە، ئەو بە سەنگینی دەرکەوتنەی (وێ) تەنیا بۆ ڕاوەستان لە ڕووی ئەم بوو.

وەك چۆن لە پەردەی تەلەڤزیۆنەوە هاتـە ژیانیـەوە، بـەو شـێوەیش ژیـانی ئـەمی بـەجی هێشت. وەك بڵێیت هەموو شتێك لە نێوانیاندا بە شێوەیەکی سینەماییانە لە جیهـانێکی گریمانەییدا ڕوویان دابێت. تەنیا ژان بوو بە شـتێکی واقیعـی، گـەواهی ئـەوەی دەدا کـە ئەوەی ڕووی دا بە ڕاستی ڕووی دا.

خەفەتی ئەم ئەوەیە کە وێ گوێی لە دەنگی غەمبارییەکەی ئەم نییە ـ تەنیا دەریا گـوێی لە نکاندنی نەهەنگەکانە لە ئۆقیانووسەکاندا ـ بۆیە ئاگەی لـە قـەوارەی زیانـەکانی ئـەم نییە بە هۆی لەدەستدانی (وێ)وە. ئایە دەوڵەمەندێکی هەژارتر هەیـە لـەو کەسـەی کـە ئەڤینداری لەدەست دابێت؟

ڕۆژێکیان بە ڕێتمێکی گاڵتەوە ڕاستییەکی دیکـەی پـێ گـوت: (دەزانیـت.. کـەس لـەو ئافرەتە هەژارتر نییە کە یـادوەری نـەبێت). پێدەچـوو لـە مەبەسـتەکەی نەگەیشـتبێت، درێژەی دایە: (ئافرەتان، پێش ئەوەی بانق بێتە کایەوە، ئەو شتانەی بـە درێـژایی تەمـەن کۆیان دەکردەوە چ پارەو چ زێڕ بووایە، لەناو ئەو سەرینەیاندا دەشاردەوە لـەژێر سـەریان دەناو دەنوستن، بۆ ئەوەی بـۆ ڕۆژانـی پێویسـتی و بـەنێو ساڵداچـوون هـەڵیبگرن. بـەڵام دەوڵەمەندترین ئافرەت ئەو ئافرەتە نییە کە پارەو پوولەکـەی لـەژێر سـەر نـاوە، بـەڵکو ئەوەیە کە یادوەرییەکانی لەژێر سەر ناوە).

لەوە بچووکتر بوو لە کولەمەرگی ئافرەتێك بگات بێ یادوەری جوان ڕوو بە ڕووی تەمەنی کەنەفتی ببێتەوە.

چۆن ئافرەتێکی بیست و حەوت ساڵان، بیر لە سەردەمێکی ئایینـدە بکاتـەوە کـە تێیـدا هاودەمەکەی ڕابوردووی بێت..

گۆشەگیری بەم دەرەنجامانەی گەیاند. زۆر جار بۆ هێلانەکەی خۆی دەگەڕایەوە. یادوەرییەکانی ڕێك دەخست، وەك ئەوەی بڵێیت دۆسێیەکانی ڕێك بخاتەوە. ئەو ئەمڕۆ لەوێیە بۆ ئەوەی زیانەکانی بژمێرێت.

دووریی (وێ) هەژارو نەداری کردووە. بەڵام لەوە پەشیمان نییە لە ماوەی دوو ساڵدا پێی بەخشی لە سووڕانەوەی ساتە بڵندەکان و شێتایەتی ژوانە سەرسوڕمێنەکان. باڵی پێ گرتەوە بۆ ئەو شوێنەی ڕۆژێك پێی پێ نەدەگەیشت. تا دوایەمین ڕۆژی سەرینێکی لە پەڕی یادوەری بۆ بەجێ هێشت، هەرکە سەری لەسەر نابایە خەونەکانی بەرەو لای ئەو باڵیان دەگرتەوە. ئەوەند گەنجینەی یادوەری پێ بەخشی، نە شازادەکان لە ژیانی خۆیاندا بینیویانە، نە ئەو ملیۆنان ئافرەتانەی هاتوونەتە جیهانەوەو بەجێشی دەهێڵن بێ ئەوەی توانای پیاوی ئەڤیندار تاقی بکەنەوە، کە چی لەدەست دێت بیکات.

ئەو بەم شێوەیەیە لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا خۆشی ویستبێت، لە هەر کوێیەك گیرسابێتەوە، پیاو نەبوو پێ لە وارەکانی ئەو بنێت. با هەر کەسی دیکەی دەوێت پاش ئەو با خۆشی بوێت.

بە ڕاستی ئەوەی لێی پەشیمانە، ئەو شتانە نییە کە پێی بەخشیون، بەڵکو ئەوانەی بۆی درکاندوون. ڕووی نەداوە ئافرەتێك ناخی ئەمی داگیرکردبێت. تەم و مژاوی ئەم یەکێك لە خەسڵەتەکانیەتی، بێ دەنگیش یەکێکە لە چەکەکانی.

ڕەنگە کاتژمێر نۆی ئێوارە بوو کاتێك بۆ یەکەمین جار (وێ)ی بینی.

لە نووسینگەکەی خۆی بوو، ئەو ڕۆژە لە بەدواداچوونی نووچەی هەواڵەکان بووبووەوە، سەرقاڵی کۆکردنەوەی کاغەزەکانی بوو، خۆی ئامادە دەکرد بەیانی گەشت بکات، کاتێك گوێی لە دەنگی بوو لە بەرنامەیەکی دیالۆگدا کە ڕانەهاتبوو سەیری بکات.

بریسکی ڕستەکانی بەم دەگەیشت. پاشان شێوەی ئاخافتنە جیاوازەکەی هەڵوەستەی پێ کرد. ئاخافتنێکی سەیر، بۆ سەردەمەکانی فلامینگۆ دەگەڕایەوە، دەیخستیتە تۆڕی داوەکانی خۆیەوە.

ئاکام خۆی بینییەوە دانیشتووەو سەیری دەکات.

بەوپەڕی سەرنجەوە سەیری ئەو دوێتەی دەکرد، نەیدەزانی ئەوەی لێی ورد دەبووەوە، لە کورسی بینەر تێدەپەڕی و دەگەیشتە سەر تەختەی ئەڤینداری.
لەبەر ئەوەی ئەوەندە سەرنجی ڕاکێشابوو، گوێی لە هەر سێ جار لێدانی دڵی خۆی نەبوو کە دەکەونە پێش لادانی پەردە لە سەر شانۆی ئەڤینداری و ڕایدەگەیەنن کە ئەو دوێتە نەناسراوە هاتووەتە ناو ژیانی ئەمەوە.
ئەڤین خۆی ئاشکرا ناکات، بەڵام میوزیکەکەی پەردەی لە ڕوو لادەدات، شتێکە لە لێدانە سەرەتاییەکانی پێنجەمین سیمفۆنیای مۆزارت دەچێت.
(سانتیانا) کە گوتوویەتی (خواوەند جیهانی دروست کرد بۆ ئەوەی بیتهۆڤن نۆیەمین سیمفۆنیای خۆی دابڕێژێت) ڕەنگە مەبەستی ئەوە بووبێت کە خواوەند ئەم جیهانە سەرسوڕهێنەری دروست کردووە، بۆ ئەوەی بەرانبەر بە گەورەیی ئەو نەتوانین هیچ بکەین ئەوە نەبێت ببینە بوونەوەری میوزیکیانە، لە هاوئاوازیدا لەگەڵ گەردوون درووود بۆ مەزنایەتی خواوەند بخوێنین.
سەرسوڕمان تەنیا لەخۆچوونێکی میوزیکیانەیە.
ئەو دەرکەوتنەی لە یادە، دڵگیرییەکەی لە جوانییە بەراییەکەیدا بوو. لە کەس نەدەچوو لە سەردەمێکدا کە چی دیکە ئەستێرەگەل بە ئاسمانەوە پێکنەدەهاتن، لە نۆڕینگەکانی جوانکاریدا نەبێت.
ئەستێرە نەبوو. بوونەوەرێکی تیشکی بوو، پێویستی بە خۆ ڕازاندنەوە نەبوو تا ببێتە مێینە. تەنیا ئەوە بەس بوو بپەیڤێت.
ئافرەتێك لە نێوان بژاردەیەکدا داتدەنێت ببیتە باخچەوان، یان گوڵدز.. نازانیت ئایە وەك ڕووەکێکی دەگمەن پەروەردەو چاودێری بکەیت، یان جوانییەکەی زەوت بکەیت بەر لەوەی کەسێکی دیکە خۆی پێ بگەیەنێت؟
هەندێك جار، چوون گوڵێکی ئاوی دەپشکوێت، بەر لەوەی دەست ببەیت نهێنییەکەی لێ بکەیتەوە، بە نیوچە پێکەنینێك پەشۆکاوی خۆی دەشارێتەوە لە کاتێکدا وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە، پاشان دەچێتەوە قاووغی خۆی و خۆی دەنووقێنێتەوە، ئەو کات پیاوەکانی دەست بە نۆرە پاسەوانی خۆیان دەکەن، ئەویش دەبێتە ئافرەتێك لە هەموو

فریودەرییەکانیدا. ئافرەتێك لە مردن ناترسێت، بەڵام لە ژیان دەترسێت لەبەر ڕوناکییە ڕووناککەرەوەکانی.
ئەم دواتر دەزانێت کە (وێ) خۆی لەسەر سەرکەوتن ڕانەهێناوەو، خۆیشی بۆ ئامادە نەکردووە. تەنیا تۆڵە سەندنەوەی بەلاوە گرنگە.
پێشکەشکاری بەرنامەکە لێی دەپرسێت:
- هیچ کات دەرنەکەوتوویت تەنیا بە جلی ڕەشەوە نەبێت ... تا کەی جلی پرسە لەبەر دەکەیت؟
وەك یەکێك گومان لە خۆی دوور بخاتەوە بەرسڤ دەداتەوە:
- پرسە لەوەدا نییە دەیپۆشین بەڵکو لەوەدایە کە دەیبینین. لە تێڕوانینماندایە بۆ شتەکان. دەشێت چاوی دڵمان لە پرسەدا بێت و ... کەس بەوە نەزانێت.
- ئەو ڕۆژەی بڕیارت دا بۆ یەکەمین جار بچیتە سەر سەکۆیەك، پێشبینی سەرکەوتنێکی لەم جۆرەت دەکرد؟
- لەو بڕوایەدایت مرۆڤ بەرانبەر بە مەرگ بیر لە سەرکەوتن دەکاتەوە؟ هەموو ئەوەی دەیەوێت لەوەدا سەرکەوێت بە زیندوویی بمێنێتەوە. ئەوەی ویستم بەشداری لەو ئاهەنگەدا بکەم کە هەندێك دەنگبێژ لە یەکەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی باوکمدا سازیان کرد بە گوتنەوەی گۆرانییەکانی. بڕیارم دا ئەو گۆرانییە بڵێمەوە کە زۆری خۆش دەویست، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بە گۆرانی ململانێ لەگەڵ بکوژەکاندا بکەم.. ئەگەر بە فرمسێك بەرەنگاریم کردبان، ئەوە بەو شێوەیە دەبوو منیش بکوژن.
- ئەی نەترسایت ڕێگەی گۆرانی گوتن بەناو تەرمەکاندا ببڕیت؟
- هەڕەشەی خزم و کەس و کارەکان پەیژەی ترسەکانی گۆڕیم. ئافرەتێك لە بکوژەکان نەترسێت، لە کۆمەڵێك دەترسێت شەرەفپارێزەکان جڵەویان گرتووە. جۆرە تیرۆریزمێکی مەعنەوی هەیە لە تاوانگەلی تیرۆریستەکان بالاترە.
بێژەرەکە سەری لە وتەکانی سوڕماو بڵمە بڵمێکی کرد:
- ڕاستە.

ـ سەیرکە کاتێك بۆ یەکەمین جار لە سەر شانۆ ڕاوەستام، ترسم لە خزم و کەس و کارەکانم زۆرتربوو لە ترسم لە خودی تیرۆریستەکان. من دوێتی شارێکم لە بنـاری (ئۆراس)ەوەیـەو لەگەڵ شەرەفدا ئاگەی هیچ ئاسانکارییەك نازانێت.

ـ باشە گێمەکەت بردووەتەوە .. ما دامەکێ لەناو ئێمەماندایت.

ـ گێمەکە؟ گێمەکە لایەنێك زۆران لەگەڵ لایەنێکی دیکەدا دەگرێت.. نەك تەنیا خۆت لە گۆڕەپانێکدا بێت بۆ ئەوەی مستەکۆڵەت بەرکەوێت کە هـەموو لایـەك کێبەرکێیانـە بـۆ ئەوەی ئاراستەت بکەن.

ئافرەتێك لە گۆڕەپانی زۆرانبازیدا ڕاوەستابێت، بێ ئەوەی پیاوێك پشتیوانی لێ بکات و، بێ ئەوەی دەستکێشی زۆرانبازی لە دەست بکات، یان ئەو دەستەسڕەی لە گیرفانـدا بێـت کە لەکاتی خۆبەدەستەوەداندا بـەرز دەکرێتـەوە، ئـەوە بـەلای (وێ)وە ئەگـەری دۆڕانـدن لەئارادا نابێت، بۆیە بە ئازایەتی و بوێری خۆی ئارەزووی پیاوان بۆ شکستی پـێ هێنـانی دەورووژێنێت، هەر ئەمەیش بوو دایکم لێی دەترساو پاڵی پێوە نا لەسەر ئەوە مکوڕ بێت جەزایر بەرەو شام بەجێ بهێڵین لەبەر ئەوەی بەخۆی خەڵکی سووریایە.

ـ لەو بڕوایەدایت کە بەسەرهاتی خۆت هۆیەك بووبێت بۆ بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکانت؟

ـ ئاشکرایە کە سوودم لە سۆزی بینەران بینیوە، بـەڵام تـەنیا سـۆزی جـوان سـەرکەوتنی هونەرمەند دروست ناکـات .. کارەکـە پێویسـت بـە بـین درێـژی و مکوڕبـوون دەکـات. سەرکەوتن بەرەیەکی دیکەی جەنگەکەیە.

ـ ئەی ئەڤینداری؟

بە شەرمەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ ئەڤینداری لە چوارچێوەی شتە پێشەنگەکانمدا جێی نابێتەوە.

ـ وێڕای ئەوەیش هەموو گۆرانی ئەلبۆمەکەت گۆرانی سۆزدارین؟

بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ لە چاوەڕوانی یاردا، بۆ ئەڤینداری گۆرانی دەچڕم!

ـ کەواتە تۆ گێچەڵ بە ئەڤینداری دەکەیت بۆ ئەوەی بێت.

ـ بەڵکو پشت گوێی دەخەم بۆ ئەوەی بێت!

ـ ئەگەر بۆ ئەو ئەڵقەیەت بانگهێشت بکەم کە مانگی دادێت بە بۆنەی جەژنی ئەڤیندارانەوە سازی دەدەین بە دەنگی بانگهێشتنەکەمەوە دێیت؟

ـ ئاشکرایە، چۆن بانگهێشت کردن لەلایەن ئەڤینەوە ڕەت دەکەمەوە؟

ـ کەواتە، پاش مانگێك لە ئێستەوە بەیەك دەگەینەوە.

❊❊❊

چەند ساتێك پاش تەواوبوونی بەرنامەکە، واق وڕماو هەر لە شوێنەکەی خۆی دانیشتبوو. ئەم دوێتە بە چ زمانێك قسان دەکات؟ چۆن توانیویەتی ژان و قووڵایی پێکەوە کۆبکاتەوە، گۆشەگیر بێت و ئەم ڕادەیەیش بە خۆیەوەی بنازێت؟

وێڕای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەو دیدارە تەلەڤزیۆنییەدا هەموو وردەکارییەکانی لەناو یادگەی ئەمدا مابوونەوە. پەشیمان بووەوە کە ئەو دەمە نەیزانی ڕێکۆردی بکات، پێویستی بەوە بوو چەندین جاری دی گوێ لە دەنگی وێ بگرێت، وەك ئەوەی لەبەر نەخۆشییەکی درێژخایەن ئیسپرینێك وەربگرێت. ئێستە کە گوێی لێ دەگرێت بە نەخۆشییەکەی خۆی زانی. ئافرەتێکی وەك (وێ)ی پێویست بوو بۆ ئەوەی چاك ببێتەوەو، دەستبەرداری هەر هەموو ئەو ئامێرە دەستکردانەی بێت، کە بۆ ژیانێك پشتیان پێ دەبەستێت خۆشییەکانی لەدەست داوە.

چۆن بیری لەوە نەکردەوە ئەو بەرنامەیە ڕیکۆرد بکات، بۆ ئەوەی ئافرەتە پاڵەوانەکەی خۆڕسکی سەرەتایی خۆی بپارێزێت، بەر لەوەی دواتر لەسەر دەستی ئەم بگۆڕێت؟ چونکە لەوە دڵنیا بوو کە بۆ ئەم دەبێت.

سەیری دەکرد چەند کامەرانە کاتێك پێشکەشکاری بەرنامەکە ئەو چەپکە گوڵانەی پێ دەدا کە پێی گەیشتبوون و ، نووسینی سەر کارتی خاوەنەکانی بۆ دەخوێندنەوە.

چوون پەپوولەیەکی ناوەندی باخچەی پڕ لە گوڵ دڵخۆش بوو، پڕ بە خۆشییەکی پێگەیشتوو بەچێژ بوو، بۆنی داڕپرتەقاڵێکی لێ دەهات لە باخچەکانی ترسدا گوڵی گرتبێت. هیوای دەخواست گۆرانی بڵێت بۆ ئەوەی فرمێسکی ناخی ببینێت لەگەڵ گۆرانییەکەدا بڕژێتە دەرەوە، چونکە بە خۆوە نازینی فرمێسکەکانی جۆرە نزیکایەتیەکی لەگەڵ پەیداکرد.

لەناکاو ئارەزوویەکی زۆری کرد بیبینێت، بە دیداری بگات. هەستی کرد کە ئەو شتەی پێشکەش کرد کە نەیبوو تا بە هۆیەوە بژێت: تامەزرۆیی. تەلەڤزیۆنەکەی کوژاندەوەو دەستی بە پڕکردنی قلیانەکەی کرد چوون تۆڕێك بۆ ئەوەی پێوەی ببێت. دەیەوێت ئەو ئەستێرە هەڵاتووە بگرێت.

❊❊❊

بەیانی، هەرکە هەنگاوو ڕێوشوێنەکانی فڕۆکەخانەی تەواوکرد، ڕووی کردە فری مارکت و لە گۆشەی میوزیك بە دوای کاسێتێکی (وێ)دا گەڕا. بەڵام نەیزانی بە تەواوەتی بە دوای چیدا دەگەڕێت، چونکە ناوی نەدەزانی، ناشزانێت چۆن وەڵامی فرۆشیارە ئافرەتەکە بداتەوە کە پێشنیازی کرد یارمەتی بدات.

بێ سوود، بەسەر دەیان کاسێتەوە، بە دوای وێنەکەیدا دەگەڕا. زۆری سەر لەو هەموو گۆرانیبێژە ئافرەتانە سوڕما کە ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێی لێ نەبوونە، چونکە سەیری بەرنامە هونەرییەکان ناکات و، گوێ لە گۆرانییە نوێیەکانیش ناگرێت، گۆڤارەکانیش ناخوێنێتەوە تەنیا ڕۆژنامەگەری سیاسی، یان ئابووری نەبێت، وەك بڵێیت لە ئەستێرەیەکی دیکە بژێت.

تۆ بڵێیت کاسێتەکە لەبەر ئەوەی زۆر داوای لەسەر بووە تەواو بوو بێت؟ یان ئەوەندە بەناوبانگ نییە تا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێن بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو لە گەورەترین خاڵەکانی فرۆشتندا شوێنێکی بۆ دابین بکات؟

ئاکام هەرچۆنێك بوو بە پێی ڕاهاتن کۆکاسێتەکەی (شتراوس)ی کڕی کە ئاهەنگێکی نوێی لەسەر ڕێکۆرد کرابوو.

لەناو فڕۆکەکەدا کە بەرەو (پاریس)ی دەبرد، سەیری ڕۆژنامەکانی بەیانی و هەندێك لەو گۆڤارانەی دەکرد لە پلە یەکدا هەبوو کاتێك لەناکاو وێنەکەی (وێ)ی لە لاپەڕەیەکی هونەری گۆڤارێکدا بینی، لە تەنیشتیەوە وتارێك بەبۆنەی دوا ئەلبۆمەکەیەوە بڵاوکرابووەوە.

کەواتە ناوی (هالە الوافی)یە. لەژێر زمانەوە ناوەکەی گۆکرد، بۆ ئەوەی لە ڕێتمەکەی شارەزا بێت، پاشان ڕێی بە چاوی دا ماوەیەك لێی وردبێتەوە. شتێك هەیە دووپاتی

دەکاتەوە کە لەگەڵ ئەم ناوەدا بەسەرهاتێکی دەبێت، چونکە ئەم ڕێکەوتە لێك نزیکانەی، وەك ئاماژەیەك لە چارەنووسەوە پێی گەیشتووە. پاشان ..ئەو شەیدای شوورە سەختەکانی پیتەکانی ناوەکەی بووە.
ئەوەی زانی کە بۆ ڕیکلام کردن بۆ یەکەمین ئەلبۆمەکەی سەر لە بەیرووت دەدات، ئێستەیش لە شام نیشتەجێیە پاش ئەوەی بەر لە ساڵێك جەزایری بەجێ هێشت...
هەروەها لە مانگی دێسەمبەری پێش بیست و حەوت ساڵ بەر لە ئێستە لەدایك بووە.
جێی ئەفسووس بوو کە دەبوو یازدە مانگ چاوەڕوان بێت تا وێ بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونییەوە ئاهەنگ دەگێڕێت. لەوە دڵنیابوو کە ئەو ڕۆژە یاوەری دەبێت. لەبەر ئەوەی تەواو بڕوای بەو هەموو بیرۆکە شێتانە هەبوو کە وەك خەون بینین بە ئەندیشەیدا تێدەپەڕین. فەلسەفەکەی ئەوەبوو، ئەوەی کە بە ئەندێشەماندا تێدەپەڕێت شایەنی بەدیهاتنە. ئەوە بەسە کە بە ڕاستی بمانەوێت و، لەسەر ئەو خەونەمان بین درێژ بین.
داوای لە شوفێرەکەی کرد کە هاتبوو لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی دەکرد یەکسەر بیباتە نووسینگەکەی و، جانتاکەی لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا دانێت.
بە دەگمەن جانتا لەگەڵ خۆی دەبات، جگە لەو جانتا بچووکە نەبێت، کە ڕایدەکێشێت، چونکە لە هەر ماڵەو دۆلابێك جلوبەرگ و پێداویستی بۆ مانەوەی دوورو درێژ هەیە.
ئەم جارەیان چەند قاتێکی نوێی لەگەڵ خۆی برد. حەز دەکات گێچەڵ بە جوانی بکات، جوانترین قاتەکانی لەبەر بکات، تەنانەت ئەگەر بۆ پێشوازی کردن لە بوتڵێك مەیی نایابیش بێت کە بە خۆی بە تەنیا لە ماڵەوەیش نۆشی بکات. ئەو هەموو جارێك لەوپەڕی پۆشتەیی خۆیدایە، لەبەر ئەوەی ژوانی لەگەڵ مێینەیەکدا هەیە پێی دەڵێن ژیان. جا لە پێناوی ئەوەی دەستبەرداری ئەو مێینە نەبێت، بڕیاری دا بایەخ بە تەندروستی خۆی بدات.
بەر لە چەند ساڵێك، ڕۆژانە یەك پاکەتە جگەرەی دەکێشا، پاشان بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دا کاتێك دەستی بەوە کردبوو لە یەك پاکەتی تێدەپەڕاند. گوتی: (لەمڕۆ بە دواوە یەك جگەرە چییە بە دەستەوە ناگرم). هەرگیز توخنی جگەرە کێشان نەکەوتەوە. بە شێوەیەکی ئەفسووناوی لە خووپێدانی جگەرەکێشانە قوتاری بوو.

خواست یەکەمین خەسڵەتیەتی. دەتوانێت بڕیارێك دژ بە ئارەزووەکانی وەربگرێت و پابەندیشی ببێت وەك بڵێیت یاسایەکە بەرانبەر بەو دەرکرابێت، بواری سەرپێچی لێ کردنی نەبێت. لەبەر ئەوەی کەللە ڕەق و جیڕە. ئەو دوو خەسڵەتەی کە زۆری لەسەر کەوتنەوە، بەڵام هۆکاری زۆر لە دەستکەوتەکانی بوون، چونکە ئەو لە کارەکاندا وەك چۆن لە ژیاندا، مل بۆ دۆڕان کەچ ناکات.

هەر شتێکی ویستبێت بە دەستی هێناوە، بە مەرجێك بە گەورەیی پێی بگات. نایەوێت بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی کووچەو کۆڵانە تەنگەکانی فرت و فێڵ بگرێتە بەر. بەڵام زۆر ئاسانە لە جیهانی بزنسەکاندا بەردەوام دەستپاك و سەر ڕاست بیت. یان خەوت لێ بکەوێت کاتێك لەگەڵ ماسییەکانی قورشدا دەستەو یەخەی یەکدی دەبنەوە. ڕێ نادرێت بەوانەی لەگەڵ نەهەنگە گەورەکاندا مەلەوانی دەکەن سەرخەوێك بشکێنن.. ئەگینە خۆیان لەناو ورگیاندا دەبیننەوە. بۆیە ئەمە دووەمین جارە لە ماوەی دوو هەفتەدا سەر لە پاریس دەداتەوە، ئەویش بۆ بەدواداچوومی ئەو بۆندەی ماوەیەکە کاری تێدا دەکات.

***

بە دڵخۆشییەوە چوون پەپوولەیەك ستۆدیۆی بەجێ هێشت. لەسەر جێگەکەی تەنیشتییەوە سەبەتەیەك گوڵ دانرابوو، دوو چەپکی دیکەیش لە تەنیشت شوفێرەکەوە دانرابوون. لە ترسی ئەوەی گوڵەکان شتێکیان پێ نەیەت، بەدرێژایی ڕێگەکە دەستی بە سەبەتەکەوە گرتبوو.

بێ هوودە شوفێرەکە دڵنیای کردەوە کە گوڵەکان هیچیان پێ نایەت؟ ئەو نازانێت کە کەس گوڵی پێشکەش نەکردووە بەر لەوەی ببێتە (ئەستێرە)؟ وێ وەك ئەو کەسە وایە کە بە گەورەیی بۆی دەردەکەوێت کە بووکەشووشەیەکی نەبووەو، تەمەنی منداڵێشیان لێ دزیوە. هەرکە چەپکە گوڵێکیان پێشکەش بکردایە هەستی بەوە دەکرد کە تۆڵە لەو سەردەمە دەستێنێتەوە کە مێیایەتییان تێدا سەرکۆت کردبوو. وەك ئەم شەو، کە لەم ئۆتۆمبیلە گوڵینەدایە، هەست دەکات وەك بڵێیت بووکە، ئەگەرچی نەیدەزانی بە بووکی

بۆ کێی دەبەن. بەڵکو بە بـووك بـۆ سـەرکەوتنیان دەبـرد؟ بـەڵام سـەرکەوتن مێردێکـی حولحولییەو پشتی پێ نابەسترێت، دەشێت وازی لێ بهێنێت، تەواو وەك چـۆن بـۆی مـارە براوە، ئەویش لەبەر هۆیەك تەنیا بە خۆی دەیزانێت.

هەرکە گەیشتە ژوورەکەی، بە شادییەوە چەپکە گوڵەکانی بەسەر دەکـرەوە. پاشـان بـیری کەوتەوە کە نازانێت ئەو شادییەی لەگەڵ کێ بەشداری پێ بکات، ئەوەیش ئەوپەڕی تاك و تەنیایی دەگەیەنێت.

غەمباری دایگرت، چونکە کەس ئەم چەپکە گوڵانە نابینێت بەو شێوە جوانە ڕێك خراون. پاشان کامێرای نییەو، گوڵەکانیش سیس دادەگەڕێن. بیرکردنەوە گەیاندییە ئەو تەمەنـەی کە لەگەڵ خۆی دەیبات و، ئەو لاوەی کە دەیویست بیخوازێت و ئەم بەر لە دوو ساڵ وازی لێهێنا، بەوەیش کەس و کاری لێی تووڕە بوون، نەوەك لە چاوەڕوانی دەزگیرانێکی دیکەدا سیس داگەڕێت.

کەس نایەوێت گوڵێك بە لقەکەیەوە، یان لـەناو گوڵدانێکـدا سـیس داگـەڕێت. قـەیرەیی پرسێکی ڕێژەییە. دوێت دەتوانێت مێرد بکات و منداڵیشی ببێت و وێـڕای ئـەوەیش لـە ناخیدا هەر بە قەیرەیی بمێنێتەوە، گوڵێك بێت پەڕەکانی لە ماڵی مێردەکەیدا هەڵوەرێن.

(لـە چـی کەمـە؟ چـی نـەنگی و کـەم و کورتییـەکت تێـدا بینـی تـا دەزگیرانییەکـەی هەڵوەشێنیتەوە؟ لەو بڕوادایت کەسانێکی زۆر کێ بەرکێ دەکـەن بـۆ ئـەوەی ئـافرەتێکی مامۆستا بخوازن کە باوکی گۆرانیبێـژە؟ ئافرەتـە نـۆژدارو پارێزەرەکـان مێردیـان دەسـت ناکەوێت کەچی تۆ ئەو لاوەی سەر بە خێزانێکی گەورە لە دەستی خۆت دەدەیـت .. ئـەو بەستەزمانەت وا لێکرد نەیدەزانی ڕووی سکاڵای بۆ لای کێ ببات...).

پلکی تەنانەت کاری لە دایکیشی کردبوو، بەڵام ئەوەی سەری سـوڕهێنابوو ئـەوەبوو لـێ تێگەیشتنێکی لای باوکی بەدی نەکرد، کە وێ تاکە کیژی خۆشەویستی بوو.

ئایە تێی دەگات ئەگەر پێی بگوتایە کە ئەوی میوزیکزان، کە قادر ڕێتمێکی نادروسـتی هەیە. دەنگی خراپ نەبوو، ڕێتمی باش نەبوو، ئەوەیش مرۆڤ پتر بێـزار دەکـات؟ لەگـەڵ میوزیکی ناوەوەیدا یەکیان نەدەگرتەوە، ئەوەی (گوێیەك)ی بۆ گوێ لێ گرتنی هەبوو.

بێ سوود ویستی خۆی لەنێوان هەردوو ڕیتمەکەیانـدا بگونجێنێـت. دوو ئـامێر بـوون بـۆ ژەندنی سیمفۆنیایەکی هاوبەش نەدەشیان. کەواتە چـۆن هـەردوو گیـان، یـان جەسـتەیان پێکەوە دەگونجان؟ قادر دووزەلەیەك بوو نەدەکرا لەگەڵ گیتارەکـەی ئەمـدا بگونجێنرێـت. لەکاتی سەرقاڵبوونی بە ڕێکخستنی ڕیتمەکە، ئەو بە ڕێکخستنی خودی ناوەوەی سەرقاڵ بوو. بە هەموو ترس و دوودڵـی و شـەرمەکانییەوە خـەریکی گـرتنی هـەموو کونـەکانی دووزەلەکە بوو.

چۆن جەستە لاڵەکەی دەتوانێت مێیایەتییە لەڕادەبەدەرەکـەی بـدوێنێت؟ چـۆن ئـەمیش بتوانێت خۆی لەبەردەم پیاوێکـدا ڕووت بکاتـەوە، کـە نـەیوێراوە ڕۆژێـك دەنگـی خـۆی لەبەردەمدا ڕووت بکاتەوە؟

لە یەکنەچوونی نەریت و ڕەفتاریان، بۆی دەرکـەوت کـە ئـەڤین، بـەر لـەوەی کیمیابێـت، ڕیتمی دوو بوونەوەری یەکئاوازە، وەك جووتە باڵندەو پەپوولە کە پێکەوە بـاڵ دەگرنـەوەو پێکەوە دەنیشنەوە، بێ ئەوەی یەك ئاماژەیش بۆ یەکدی بکەن.

ئەڤینداری دوو کەسـن بـۆ هـەر هـەمان شـتگەل پێدەکـەنن، لـە هـەمان سـاتدا غـەم دایاندەگرێت، بە یەك چوکڵە شقارتە پێکەوە دادەگیرسێن و دەکوژێنەوە، بێ ئـەوەی هـیچ ڕێککاری و ڕێککەوتنێکیان لەنێواندا هەبێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو چوکڵە شقارتەی پێ بوو، تەڕبوو کەڵکی ئەوە نەدەهات پتیلەکەی پێ دابگیرسێێت!

❊❊❊

لەگەڵ دیمەنی گوڵەکاندا بە ئاگە هاتەوە کە لەکاتی شەودا پتر دەمیان کردبـووەوە. تـەنیا چەند دڵۆپە ئاوونگیان کەم بوو تـا جـوانتر دیـاربن، بـە منـداڵی ڕاهـاتبوو لـە بەیانییـە زووەکانی (مەروانە)دا گوڵەکان بەم شێوەیە ببینێت. دەزانێت هیچ ئومێدێك نییە ئاوونگ بەسەر گوڵی ناو گوڵدانەکاندا بباریت، یان بکەوێتە سەر سەرینی دوێتە تاك و تەنیاکان! تەنیا ئەو گوڵانەی بە ڕووتی لەبەردەم سایەقەی سـامالّدا دەنـوون و، سـەر دەخەنـە سـەر لقەکانیان، تەنیا ئەو گوڵانە ئاوونگیان بەسەردا دەبارێت؟ بەڵام تا کەی لقێـك دەتوانێـت

ببێته سەرینی گوڵێك و بە خونچەی دەم کراوەیی بیهێڵێتەوە؟ ستەمی لێ دەکات و ڕادەستی پیربوون و بەنێو ساڵداچوونی دەکات و گوێ بە وەرینی گەڵاکانی تەمەنی نادات.
گوڵەکان سیس بوونی ناشایستەی جوانییان بیرخستەوە، گوڵ لەوپەڕی کاتی دەم کردنەوەیدا لە سیس بوونەوە نزیکترە، هەروەها هەموو شتێك کە دەاتە لووتکە، لە لەناوچوون نزیکتر دەبێتەوە. کەواتە چ جیاوازییەك لە نێوان ئەوەدا هەیە گوڵێك بە قەد لقەکەیەوە، یان لە ناو گوڵدانێکدا سیس ببێتەوە؟
لە ڕاستیدا، پێوەندی تەلەفۆنی یەکێك لە دەستەخوشکەکانی لە جەزایرەوە بەئاگەی هێنایەوە، کە پیرۆزبایی ئەڵقەکەی دوێنێی لێکردو مژدەی ئەوەی دایە کە (هەموو خەڵك لە جەزایر بینییان)). هەروەها سڵاوی دوێتە هاوەڵێکی پێشووی فێرگەی پێ گەیاند:
ـ نەسیرە زۆرت سڵاو لێ دەکات.. داوای تەلەفۆنەکەی تۆی لێ کردم بیدەمێ؟ بەم بۆنەیەوە .. پێی ڕاگەیاندم کە مستەفا مامۆستایەکی ئافرەتی خواست تازە بۆ فێرگەکە گوێزرابووەوەو داوای کرد بۆ مامۆستایەتی بۆ باتنە بگوێزرێنەوە.
وەك لێدانێك لە پەنجەرەی یادوەری، ناوی هات. جۆرە غەمێك بە دڵیدا تێپەڕی. سۆزێکی بەیانیانی سەردەمێك کە ئێستە دەزانێت ناگەڕێتەوە. ڕەنگە یادوەری گەمارۆی جێگەکەی دابێت، ئەو کاتەی بە تەواوەتی لەخەو هەڵدەستێت، بیری دەچێتەوە بیر لەو پیاوە بکاتەوە کە ئێستە بووەتە موڵکی ئافرەتێکی دیکە!
ئافرەتێك ناوی ئەمی پێوەیە، کاتێك لە کاتەکانی ڕۆژ، یان شەو لەم دووگیان دەبێت. ئافرەتێك نایناسێت دوو منداڵ، یان سێ منداڵی لێ دەدزێت، بەڵام زۆرتر نابات. ئەو پێکەنینەی پێ نابەخشێت؟ هاوسەرگیری ڕووخۆشی و گیانی خۆشنوودی لێ دەسێنێتەوە .. سەرەخۆشیی ناپاکی ئا لەمەدایە.
مستەفا تەنیا کەس بوو کە دەکرا بەختەوەری بکردایە.
زۆری حەز لە ڕواڵەت و پۆشتەیی و بوێری هەڵوێستەکانی بوو، لەو قسە نەستەقییە گاڵتەجارییانەی کاتێك بە شێوازێکی جەزایریانەی داهێنەرانە بەپێی ڕووداوەکان ئەڤینداری لەگەڵ دەکرد، وەك ئەو ڕۆژەی پێی گوت (تیرۆریستەکانم، لە تیرۆریزمی دوێتان، پێ باشترە .. بە لایەنی کەمەوە ئەوان ستەمت لێ ناکەن. نیازی خۆیان ئاشکرا

دەکەن، هاوار دەکەن ( خواوەند گەورەترە)، بەر لەوەی بە ساتۆرو چەقۆکانیان هەڵمەتت بۆ بهێنن. کەچی دوێتەکان بەسەرتدا دەدەن بێ ئەوەی لەوەت ئاگەدار بکەنەوە چیت بەسەر دێت. کاتێك هاوارت لێ هەڵبسێت ئەو کات کار لە کار ترازاوەو، خوا بە خۆی بتبوورێت .. (لەناوچوویت). بۆ نموونە ئەگەر ئێستە هاوار بکەم و بڵێم تۆ سەرت بڕیوم و تاڵێك لەقژت بەرزدەکەیتەوە، یان دوگمەیەکی سەرەوەی سینگت بە والآیی بیر بچێت، کەس بە دەنگمەوە نایەت قوتارم بکات، چونکە کوشتن فریودانیکە بە توندوتیژی ناژمێررێت .. لەبەر ئەوەی تاوانیکی ڕانەگەیەنراوە مردنی قوربانییەکەی پێ باشە!).

جارێکیان لە سەردەمی کۆکوژییەکاندا، خەریك بوو زەندەقی ببات و بیکوژێت، کاتێك بەیانییەك بە پرسیار لێ کردنەوە بەرەو ڕووی هات:

ـ بە ڕێگەوە تووشی ئۆتۆمبیلێکی ئەمبیولانس نەهاتیت؟

بە ترس و تۆقینەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ نا .. ئەو شتەم نەبینی .. شتێك ڕووی داوە؟

بە ڕاستییەوە بەرسڤی دایەوە:

پێشبینی دەکەم شتگەلێك ڕووبدەن.. دەبێت ئۆتۆمبیلێکی ئەمبیولانست پێڕا بگات بۆ ئەوەی بریندارەکان لە ڕێگەو بانەکان کۆبکاتەوە، لەکاتێکدا تۆ بەم شێوەیە دەڕۆیت .. بەم بەربەیانەی خواوەند!

ئومێدی ئەوەبوو مستەفا ببێتە مێردی. ژیان لەگەڵ ئەودا وەك ئەو ئێسك سووك دەبوو، دڵیش هیچ چرچ و لۆچێکی تێنەدەکەوت. ڕەنگە ئەو شتە ڕووی بدایە ئەگەر لە مەروانە بمایەتەوە. بەڵام پاش تیرۆرکردنی باوکی ڕووداوەکان بەدوای یەکدا هاتن و، بە ڕووگەیەکدا ڕۆیشتن سنووری ئومێدەکانی ئەویان تێپەڕاند. چارەنووس کاتێکی تەواوی بۆ ئەڤینداری پێ نەبەخشی. لە شارەکەی خۆی، ئەڤینداری لە جۆرە گوناهێك دەچێت، مرۆڤ نازانێت بۆ کوێ بچێت بۆ ئەوەی ئەو ئەڤیندارییە بکات .. لەئۆتۆمبیلێکدا؟ یان لە هۆڵی مامۆستایاندا؟ یان لەسەر کورسییەك لە باخچەیەکی گشتیدا؟

ڕێگە بژاردە تەنیا لە جیاوازی گومان لێ کردنەکاندایە. دوایەمین جار کە ویستیان لەباخچەیەکدا دانیشن، تەنیا پێکەوە دانیشتنێك بوو کە ڕیسواییەك بوو خێرا وەك (هەواڵێکی بەپەلە) بڵاوبووەوە.

دەشیا کارەساتەکە گەورەتر بێت، دەشیا هێزەکانی ئاسایش هەڵیان بکوتایەتە سەر باخچەکان و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ هەر جووتە کەسێکدا بکردایە لە تەنیشتی یەکدییەوە دانیشتوون.

لە نۆرەیەك لە نۆرەکانی پاکژیدا، جارێکیان لە پایتەخت چل لاوو دوێتیان گرت زۆربەیان لەزانکۆ دەیانخوێندو، هەر هەموویان لە بەندیخانە توندکردن، لەکاتێکدا بە سەدان تیرۆریست، بەپێی یاسایەکی لێخۆشبوون، پایتەختیان بەجێ دەهێشت! سەردەمێك بوو باشتر بوو پیاوکوژ بیت نەك ئەڤیندار‌بیت.

ئەو تەنیا جارە پێکەوە لە باخچەیەکی گشتیدا دانیشتن، وێ تۆقی کاتێك سەرشێتێك بە تەنیشتیاندا تێپەڕی و لەگەڵ خۆیدا شەڕی دەکردو جنێوی بە هاتوچۆکەران دەداو بەو بەردانەی بە دەستییەوە بوون هەڕەشەی لێ دەکردن. ئەو دیاردەیە بەهۆی ئەوەوە تەشەنەی کردبوو کە هەندێك جڵەوی خۆیان لەدەست دابوو، بە هەزارانیش بە هۆی (دەیەی خوێنەوە) ئاوارە بووبوون ـ دە ساڵەی تیرۆریزم ـ ئەو کاتەی خەڵکی تووشی ستەم لێ کردن و کارەسات هاتن.

هێشتە بە قسەکەی ئەو کاتەی مستەفا پێکەنینی دێت کە دڵنیای کردەوەو گوتی:

ـ مەترسە، ئێمە لێرە لە پەرێزی شێتەکانداین .. ئەگەر پۆلیس بەسەریدا داین، منیش خۆم دەکەم بە شێت و لێت دەدەم ئەوانیش دەڕۆن و بەجێمان دەهێڵن .. ئەوان لووتی تێ ناژەنن مەگەر ماچت بکەم!

لەبەر ئەوەی قسەی ڕاستەقینەو گاڵتەی ئەوی لێك نەدەکردەوەو هوشداری دایەو وەڵامی دایەوە:

ـ نەکەیت بیکەیت .. خۆشێت نەبووگیت.

بە گاڵتەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ چوزانیت .. ڕەنگە ئاقڵ نەبم! ڕێژەی جەزایرییەکان ئەوانەی بە دەستی تێکچوونی دەروونی و ئەقڵییەوە دەناڵێنن، بەپێی دوایەمین ئامارەکان 10٪ە. ئێمە گەورەترین دەزگەی بەرهەمهێنانی شێتیمان هەیە. دەستکەوتەکانی ئێمە ئەوەیە کە ژمارەی شێتەکانمان پاش سەربەخۆیی لە شەهیدانی سەردەمی شۆڕش پترە.

ـ تۆ بڵێیت؟

ـ ئەرێ بە خوا.. ئەو ئامارە لە سەرچاوە پزیشکییەکانەوە وەرگیراوە. چی مرۆڤ شێت دەکات جگە لەو دزانەی کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکات.. هەر هەڵدەلووشن و تێر ناخۆن و، دەست دێنن و گیرفانت دەبڕن و پارووەکەت لە زار دەفڕێنن و شەرم نایانگرێت! ئەوە سەرکوت کردن و ستەم لێ کردن و سووکایەتییە خەڵکی بەرەو شێتایەتی بردووە. ئەگەر جەزایری شکۆمەندی لەدەست بدات شێتگیر دەبێت، چونکە لە ڕووی جینەوە بەو شێوەیە پرۆگرامی بۆ دانەڕێژراوە لەگەڵ سووکایەتی پێ کردندا ڕابێت، چۆنت دەوێت لە جیهانێکی لەم شێوە شێتگیردا من ژن بهێنم و منداڵم ببێت؟

ئەوە ئەو تەنیا جارە بوو ناوی ژن هێنانی هێنا. وێ بڕوای کرد کە لەبەر ئەو هۆیەیە ناچێتە داخوازیی.

جێگەکەی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی ڕێ نەدات هەورەکانی ڕابوردوو میزاجی تێکبدەن.

ئەو بەیانییەی بە کەوچکێك هەنگوینی فێنك دەست پێ کرد. دەبێت هیچ شتێك سەرقاڵی نەکات تەنیا دەنگی نەبێت. باوکی چەندین ساڵ هەر ئەو خەمەی بوو کە دەنگی خۆی پاراست، بەو ڕادەیەی ئاگەی لەبێ دەنگی ئەم بوو. بۆیە ویستی پیشەیەکی بۆ هەڵبژێرێت دەنگی بەرز نەبێتەوە تەنیا لەنێوان هەر چوار دیواری پۆلدا نەبێت.

هەر بەم دەنگە بوو بۆ چەندین کاتژمێر ڕێزمان و زمانی ڕاڤە دەکردو سروودی فێری فێرخوازان دەکردو، ئەوەی بۆ هەر فێرخوازێك دووبارەو چەند بارە دەکردەوە کە تێی نەدەگەیشت؟ ئەو دەنگەی وشەی تەباشیری دەگوتەوە، لە کۆتایی وانەکەدا لەسەر تەختە ڕەشەکەی دەسڕییەوە. ئەمڕۆ هەر هەموو هەناسەیەکی دەنگی تا هەتایە لەسەر سیدی تۆمار دەکرێت و تا هەتایە هەڵدەگیرێت.

یەکەمین شت کە فێریان کرد ئەوەبوو دەنگی خۆی لە سەرمابوون و پیس بوون و لە دووکەڵی جگەرە بپارێزێت. ئەی لەبارەی ژان و دڵئێشەکانەوە چ دەڵێیت کاتێك قورگت دەگرن، ئەو کات دەنگت دەگیرێت و هیچ نایەتە دەر؟

ئەو ڕۆژەی ئەلبۆمەکەی تۆمارکرد، پۆزشی بۆ ئەندازیاری دەنگ هێنایەوەو داوای لێ کرد سەرلەنوێ ئەو گۆرانییە تۆمار بکاتەوە. پاش دووەمین هەوڵ، ئامۆژگاری (وێ)ی کرد خۆی ڕادەسی هەستەکانی بکات وەك بڵێیت بۆ خۆی گۆرانی بچڕێت و، هیچ هەستێکی خۆی سەرکوت نەکات تەنانەت ئەگەر ئارەزووی گریانیش بێت، لەوەیشدا بە نموونە بەسەرهاتی (سێرگ گاسنبۆر)ی لە هەشتاکاندا هێنایەوە کاتێك بە هاوسەرەکەی (جین بیرکین)ی گوت: ( هاتووم ئاگەدارت بکەمەوە کە من بەجێت دەهێڵم) ئەویش لە پڕمەی گیریانی دا. ئەو کاتەی دەگریا نەیدەزانی کە دەنگی گریانەکەی تۆمار دەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو گۆرانییەیدا تێهەڵکێشی بکات کبە ناوونیشانی ئەوەوە بێت کە پێی گوتووە (هاتووم ئاگەدارت بکەمەوە کە من بەجێت دەهێڵم). لە ڕاستیدا ڕیکلامێکی ڕاستەقینە بوو بۆ بەجێ هێشتنی!

ئایە ئەوە پیاوەتییە بچین فرمێسکی کەسانی دیکە لە گۆرانییەکدا دیکیۆمێنت بکەین کە بەجێیان دەهێڵین؟ ئێمە فرمێسکی خۆمان هەیە نەك فرمێسکی ئەوانەی خۆشیان ویستووین.. هەرچی (وێ)یە تەنانەت فرمێسکەکانیشی هی خۆی نین. ئەوەی ڕێی لێ دەگرێت ترسی ئەوە نییە لەپرۆڤەی گریاندا سەرکەوتن بەدی نەهێنێت، بەڵکو ئەو خۆڕاگرییەیە لەبەرەو ڕووبوونەوەی فرمێسکدا.

باپیری هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێك لەڕۆژان لە پشتی مایکرۆفۆنەوە بیبینێت بگریت، تەنانەت ئەگەر غەمبارترین گۆرانیش بچڕێت. ڕێی دەدا گۆرانی بچڕێت، بەڵام ڕێی نادات بگریت، لە مەروانە، لە شەرماندا، خەڵکی ناگرین تەنیا بە گۆرانی چرین نەبێت. کە چاو هەڵدەهێنن گۆرانی دەبێژن، یەکەمین هاواریان سەرەتای غەمێکە بە درێژایی تەمەن بەردەوام دەبێت. غەم لە مکوڕی خۆیدا چاویان بەجێ دهێڵێت تا لە گەروویاندا ببێتە لاواندەوە. بۆیە خۆیان بۆ کارەساتە گەورەکان نەزر کردووە، چونکە سۆزە ئاساییەکان، لە زیانە بچووکەکان دەچن، گۆرانییان لەلا دروست ناکات. لە توندڕۆییدا

ئەوەی خەڵکی مەروانە بێت ئەوەت بۆ دەسەڵمێنێت کە گوێ بە غەمەکانی ژیان نـادات، لە ڕاستیدا ئەویش غەمە گەورەکەی دەکاتە گۆرانی، غەمی ئەوەی نییە چی دەچڕێت.. بە چاوی سووکەوە سەیری ئەوە دەکات کە نایچڕێت.

ورەی وەبەر هاتەوەو، هەمان ئەو گۆرانییەی چڕییەوە کە لەچلەی باوکیدا چـڕیبووی. ئـەو ڕۆژە نەیزانی کە چارەنووسی خۆی دەچڕێت، چونکە پێش وێ عیسا جەرموونی چڕیبووی و باوکی و باپیریشی و گۆرانیبێژانی ئۆراس هەموویان چڕیبوویان، کەواتە بـۆ نـەفرتی ئـەو گۆرانییە تەنیا بەسەر (وێ)دا ڕژا، کەچی هەموو ژیان لاسایی ئـەو گۆرانییـە دەکاتـەوەو دوو پیاوی لێ دەستێنێتەوە نەك یەك پیاو!

بەسەرهاتی ئەو گۆرانییـەی نـەدەزانی، ئەگـەر مێژوونووسـان وردەکارییـەکانیان تۆمـار نەکردایە. ڕەنگە لەبەر ئەوەی شێوە زاری (شاوی) دەزانی، بۆیە بـەبێ ئـەوەی تـەواو لـە وشەکانی بگات گۆرانییەکەی چڕی. بەڵام ژان ئەو هەواڵانەی پێ ڕاگەیاند کە نەیدەزانین.

ڕەنگە مەروانە پێویستی بە کارەساتێکی دڵتەزێنی گەورە بێت بـۆ ئـەوەی هـەلێکی پـێ ببەخشێت گۆرانییەك بۆ خواوەنەکانی غەم بکاتە دیاری شایەنی گەرووی ڕۆڵەکانی بێـت، هەروەها شایەنی دڵیان بێت کە ئارەزوو لەو بەسەرهاتانەی ئەڤینداری دەکەن کە بە مەرگ کۆتاییان دێت.. بۆیە ژیان بە دەنگی ئەو خۆزگەیەوە هات.

دەگێڕنەوە کە جوانیی ئافرتێکی جووتیار سنووری گوندەکەی تێپەڕاندبوو، بۆیە یەکێك لە باشئاغەکان هاتبووە خوازبێنی، بەڵام ڕەتی کردبووەوە لەبەر ئەوی ئامۆزاکەی خۆی خۆش دەویست. کاتێك باشئاغەکە زانیبووی مێردی پێ کردووە، زۆر تووڕە بووبوو، لەو تاوانەی خۆش نەبووبوو کە شوانێك لەو بەباشتر بزانێت. بۆیە پیلانێکی بـۆ مێردەکـەی نـابووەوەو کوشتی. دووگیان بوو، چاوەڕێی کـرد تـا منداڵەکـە ببێـت و، پرسـەکەی تـەواو بکـات، سەرلەنوێ چووە داخوازی کردنی. ئەویش ناوی مێردەکەی لە منداڵەکەی نـابوو، بەرسـڤی دایەوە: (ئەگەرچی عەیاشی یەکەمت لە چنگ دەرهێنام بەڵام من خۆم بۆ عەیاشـی دووەم تەرخان کردووە)، بۆیە ئەوەنـدەی دیکـە رق و کینـەی بەرانبـەری تەشـەنەی سـەند، دوو ڕێگەی لەبەردەمدا دانا، یان مێردی پێ بکات، یان کوڕەکەی دەکوژێت، بەرسڤی دایـەوە کە هەر چییەك بکات (وێ) ملکەچی ئەو نابێت.

ڕۆژێکیان، لە کێڵگە گەڕایەوە منداڵە ساواکەی نەبینی، پاش ئەوەی زۆر گەڕاو ماندوو بوو، بە هەڵەداوان ڕووی لە گۆڕستان کردو خۆڵێکی تەڕی لەسەر گۆڕێکی بچووك بینی، زانی ئەوە گۆڕی کوڕەکەیەتی، ئەو لەسەر گۆڕەکە دەستی بە گریان و فیغان کردو شێوەزاری شاوی جۆرە گۆرانییەکی دەگوت (ئای عەیاشی کوڕم). کاتێك خەڵکەکە گوێیان لێ بوو هاواری دەکرد (ئەی عەیاشی کوڕم) لێیان پرسی چی قەوماوە، نەیانتوانی بیبەنەوە، گۆڕە بچووکەکەی بەجێ نەهێشت و هەر گریا و گریا تا بە منداڵە ساواو مێردەکەیدا گەیشت. لە مەڕوانە، بە گۆرانی خۆیان بە قوربانی کۆچکردووان دەکەن تا پێیانڕا دەگەن. ئەویش لەبەر ئەوەی لە نەریتی ڕۆڵەکانیدا مامناوەند، یان میانڕۆیی نییە، ئەوان بێ بەزەییانە هەموو کارێك دەکەن.

ئەوەی پتر دەیگریەنێت کاتێك ئەو گۆرانییە تۆمار دەکات، ئەوەیە کە دەزانێت دایکی هەر گوێ لەم کاسێتە دەگرێت، ئەگەرچی لە شێوە زاری (شاویە)یش تێناگات و، ئەم جۆرە گۆرانی چڕینەی لەلا نامۆیە. هیچ جۆرە پرسەو سەرەخۆشییەکی نییە تەنیا لەم ناڵینەدا نەبێت، کە ژیان وای لێ خواستووە بە دەنگی مێردەکەی و پاشان بە دەنگی کیژەکەی گوێی لێ بگرێت و، وشەگەلی ئافرەتێکی دیکە بڵێتەوە، ئەویش خوشکێکە کە ئەویش هەمان کارەساتی تووش هاتووە، مەرگ کوڕو مێردەکەی لێ ستاندووەتەوە.

***

پاش کۆتایی هاتنی شیوخواردنێکی بزنسانەی دووورودرێژ گەڕایەوە ماڵەوە.

لە گەشت و کۆبوونەوەی بەردەوام تا ئێوارە شەکەت بوو. تا ڕادەیەك کارەکانی تەواو بوون، بەڵام پێویستی بەوە بوو ماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوە، تا هەندێك لە پاریس پشوو بدات.

لە (بەیرووت) بە برادەران و هاوڕێیان دەور دراوە، خزم و خوێش لێی دوور ناکەونەوە. سەرقاڵ و بێزارە. ماقوولێیەت باجێکی هەیە بەردەوام لە پێشی پێشەوەی داناوە.

کاتێك بیری خۆی بکاتەوە، دێتە ماڵەکەی لە پاریس، لە یاخیبوونە کۆمەڵایەتییەکەی پێ درێژ دەکات. تەنیا وەڵامی تەلەفۆنی سکرتێرەکەی دەداتەوە. پێویستی بە یەك مانگ دەبێت ، تا چەند ڕۆژێك بۆ خۆشییە بچووکەکانی بدزێت کە بەیرووت لێی دزیون.

لێرە ئەو پەرتووکانە دەخوێنێتەوە کە کاتی خوێندنەوەی نییە. گوێ لە فیفالدی دەگرێت، ڕۆژەکەی بە (چوار وەرز) دەست پێ دەکات و بە (کلیدرمان) کۆتایی پێ دەهێنێت. حەز دەکات ئێوارەی بە چەند پارچە ژەنینێکی پیانۆ کۆتایی پێ بهێنێت. بەتایبەتی سێ بڕگەی پوور ئەدلین Ballade pour Adeline. دەتوانێت بە درێژایی ئێوارە گوێی لێ بگرێت. بەڵام ئەم شەو ژوانی لەگەڵ ئەو کاسێتەیدا هەیە کە شوفێرەکەی لە ئامۆژگەی جیهانی عەرەبی دۆزیویەتییەوە. لەگەڵ سرووتی میوزیکی کلاسیکیدا خۆی بۆ گوێ لێ گرتنی ئامادە کردووە، ئەگەرچی دەزانێت کە ڕەنگە هەستی قایل بکات نەك زەوقی.

لەکاتی بیستنی ئەو میوزیکەی بەراییەدا لەسەرخۆو بە ئامادەگییەوە قلیانەکەی پڕ دەکرد.

دەنگی لە پلەیەکی نزیك بە سۆز دەستی پێ کرد، کاتێك وێ گۆرانی دەچڕی نەیدەزانی دڵی خۆشە، یان غەمبارە، چونکە ئەو گۆرانییە هیچ شتێکی لە ناخی ئەمدا نەهەژاند. گۆرانی چڕین لە فەرهەنگی زمانی عەرەبدا (سەبکێکی خۆشی و شادی، یان غەمبارییە تووشی مرۆڤ دەبێت). هەستەکانی لە دەرەوەی ئەو هەستانە بوون. بەڵام میوزیکەکەی لە گوێیدا وەك گۆرانییەکی ئیتالی زرنگایەوە، کە بێ ئەوەی لە واتاکانی بگات دەیلێتەوە، گرەوی ئەوەیشی دەکرد کە وێ وێڕای ئەوەیش مەبەستی تۆیە، یان ئاراستەی تۆی دەکات. ئایە ئەوە سەیر نییە کە لەسەر نزیکایەتییەك مکوڕە، کە لەگەڵ گۆرانیگەلێکدا کۆی دەکاتەوە ئەو حەزیان لێ ناکات و لە ڕاستیشدا لەگەڵ زەوقیدا ناگونجێن!

ئەم چی لە (وێ) دەوێت؟ ئەم دوێتەی کە لەوانی دیکە جوانتر نییە، کە گۆرانییەکایشی نایهەژێنێت. ڕەنگە باری خولیابوون بێت کە سەرقاڵی کردووە لەوەتای بینیویەتی. فشاری سۆز کە پێش ئەوە تووشی دەبێت بەر لەوەی ئافرەتێك ببێتە مولکی. سەرەگێژەی ئەڤینداری .. ئەو سەرەسووڕەیەی پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی درێژە بە حەز لێ کردنی ژیان بدات. بۆیە، بەیەك قوم هەڵیناقوڕێنێت. کارێکی وا دەکات ڕێگەی بەرەو لای وێ درێژتر ببێتەوە. یەك مانگ چاوەڕوان بوو تا جارێکی دیکە لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا بیبینێتەوە، مانگێك بۆ ئەوەی خواردنەکەی بۆ فڕێ بدات، کە ناشێت بۆ ماسییەکی وەك وێ تەنیا ئەوە نەبێت بیتفێنێتەوە.

***

کاتێك، لەگەڵ هەر سێ میوانەکەدا، لەو بەرنامەیەدا دەرکەوت، کە لە پێشوازی کردن لە ئەڤینداری بەشدارییان لەگەڵ کردبوو، بەو شێوەیە دەرکەوت وەك بڵێیت ئەڤینداری (وێ)ی هەڵبژاردبێت بۆ ئەوەی پێشوازی لێ بکات.

لە دوایەمین دەرکەوتنییەوە پێش مانگێك شتێکی لێ گۆڕاوە؟ ئێستە جوانتر دیارە. ڕەنگە جلە ڕەشەکەی کە لەگەڵ ملوانکەیەکی درێژدا بە دوو ڕیز مرواریییەوە لەبەری کردبوو، دەرکەوتنێکی پێ بەخشیبوو لە بودجەکەی سەری دەکرد.

لەسەر پلاتۆکە، کەشەکە ئاهەنگێڕانەی دەنواند: دڵی سوورو، سەرینی سوور، گوڵی سوور، قوتوو و دیاری بە قردێلەی سوور بەستراو. ئایە لە ڕەش جوانتر هەیە ڕەنگی سوور لە جەژنی ئەڤینداریدا لەخۆی مارە ببڕێت!

بیرۆکەی بەرنامەکە ئەوەبوو ئەو ناوانەی کۆکردبووەوە کە بۆ ئەڤینداری (ڤالنتاین) گۆرانییان چڕیوە، یان شیعریان بۆ نووسیوە، کە بە خۆی لە چوارچێوەی بابەتە بڕیار لەسەر دراوەکان لە دەقە ئەدەبی و شیعرییەکاندا بە فێرخوازەکانی خۆی گوتوونەتەوە، دەبوو بەو نازناوەوە نەك شتێکی دیکە بەشداری بکات.

وێ گوێی لە جەژنی ئەڤینداری (ڤالنتاین) نەبووە، لەو کاتەوە نەبێت کە نیشتەجێی شامە. لە مەروانە، ئەڤینداری لە وڵاتێکی دیکە نیشتەجێ بوو. بۆیە ڕانەهاتبوو جەژنی تێدا بگێڕێت، یان چاوەڕوانی دیارییەکانی بکات.

لە گۆرانیەکانی باوکیدا هەبوو نەك لە ماڵەکەیدا. بۆ بیانییان ڕێی پێ دراو بوو .. نەك بۆ ئەندامانی خێزانەکە.

لە ماڵەوە، جۆرە (خۆشەویستییەك) هەبوو واتە دوو پیت پتر لە خۆشەویستی.

وێڕای ئەوەیش، وێ بڕوا بەو دڵە سوورە لە ساتان دروستکراوو بە پەموو پڕکراوانە ناکات، کە دەڵێن ( تۆم خۆش دەوێت I love you)، بڕوایش بە وەفای ئەو ورچانە ناکات دەستیان لە گەردنی یەکدی کردووەو بە ئینگلیزی دەڵێن (دڵم گیرۆدەت بووە)، یان (شێتت بوومە). هەر هەموویان بەڵگەی ئەویندارییەکن کە لەبەر ئەو هەموو زۆر بڵێییە بووەتە شتێکی درۆکینانە، لەبەر زۆری و بۆریش هەستی پێ ناکرێت.

گەڕایەوەو بە خۆیدا چووەوە. بەڵام ئیرەیی بە ئەڤینداران نابات لەو شادومانییەی تێیدان، ئەەرچی درۆکینەیش بێت. کێشە چییە ئەگەر بە زمانێك زمانی ئەوانیش نەبێت گوتیان (خۆشم دەوێیت). مەترسی لە چیدایە زمانی هەستەکان یەك بگرن و، ئەڤینداران دوای ئاڵای سووری ئەڤینداری بکەون.

نایەوێت مەبەست لە بوونی لە بەرنامەکەدا ببێتە هۆی سەرکۆنەکردنی جیهانگیری هەستەکان، دەبێت لێرەدا خۆی وەك مامۆستای زمانی عەرەبی پیشان نەدات!

پێشکەشکاری بەرنامەکە بە شادیی ڕۆژنامەنووسێك پرسیارێکی دۆزیبێتەوە میوانەکەی بشێوێنێت پرسیاری لێ کرد:

ـ دەشێت ئەوەی لە ژیانیدا ئەڤینداری نەکردبێت گۆرانی بۆ ئەڤیندار بچڕێت؟

بەرسڤەکەی هێورانە بوو:

ـ تەنیا ئەو کەسەی ئەڤینداری نەکردووە شایەنی ئەوەیە گۆرانی بۆ بچڕێت .. هونەری مەزن وەك ئەڤینداریی گەورە وایە، خۆی لە بێ بەشبوونیدا دەبینێتەوە.

بەو شێوەیە خۆی نواند وەك بڵێیت بە شەرمەوە لە ئەڤینداری دەدوێت. وێ دەزانێت کە کەس و کارو فێرخوازەکانی و مستەفا و ژنەکەی و هەموو مەروانەو جەزایر لەم کاتەدا سەیری دەکەن، ئەگەر ئەو هەستەی نەکردایە ئەوە شتێکی دیکەی دەگوت. بەڵام لەوەی بە شەرمەوە گوتی ڕاستگۆ بوو. شەرم جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەو پۆشتەییەی کە نییە. جۆرە درەوشانەوەی تەمومژاوی کە ئێستە بە ڕوخساری ئافرەتانەوە نابینرێت.

وێ کە پڕ بە گەرووی ململانێ لەگەڵ تیرۆریزمەکاندا دەکات، کاتێك لەبارەی ئەزڤینداریییەوە دەپەیڤێت چینی دەنگی تا ڕادەی چرپە نزم دەبێتەوە، ئەو کاتیش بەچێژ دەبێت، ئەوانی دیکەیش کاتێك گوێی لێ دەگرن، ئەو ڕاستییەیان بۆ دەردەکەوێت کە بیریان چووبووەوە: ئافرەتێکی شەرمن دەتوانێت ورووژێنەر بێت.

شاعیرەکە قسەی دایە بەر قسەکەی و گوتی:

ـ هیچ ئەڤینداریییەك نییە تەنیا خۆی لە بێ بەشبوونیدا ببینێتەوە، بەڵکو بە دووبارە بوونەوەی بەیەك گەیشتن و لێ دوور کەوتنەوە، وەك لە هەناسەداندا. ئەو لە بزاوتی هەناسە وەرگرتن و هەناسەدان دەچێت، ئەڤینداری پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی سییەکانی

خۆی لێ بەتاڵ بکات و سەرلەنوێ پڕی بکاتەوە؟ وەك تابلۆیەکی (مەڕمەڕ) وایە بەسەر دوو ئەستوونەوە بێت هەر کاتێك زۆرتر لێکت نزیك کردنەوە ئەو کات هاوسەنگییەکەی تێك دەچێت، ئەگەر زۆرتریش لێکت دوورخستنەوە تابلۆکە دەکەوێتە خوارەوە.. ئەوەیش هونەری مەسافەیە!

ئاوازدانەرە گەورەکە بە ناڕەزاییەوە هەڵیکوتایە:

ـ خۆشەویستی نەدارییە ...نە هەناسە هەڵکێشان و نە هەناسەدانە. ئافرەتێکم بۆ بهێنە تۆی خۆش بوێت نەك گیرفانی خۆش بوێت.. چاوەڕێت بکات نەك بۆ ئەوەی بەهێزت بکات، لەم رۆژگارەی ئێمەدا ئەڤینداری پرۆسەیەکی داودانەوەی سۆزدارییە .. ئافرەتێك خۆیت بۆ دەڕازێنێتەوە.. خۆی با دەدات.. خۆی ساف و لووس دەکات.. بۆ ئەوەی بە داوەوەت بکات، تۆیش شێت دەبیت و دەتخوازیت بێ ئەوەی بیناسیت. ئەڤیندار نییە، بۆندی ئەڤینداری هەیە.. کاکبرا تۆو خوا ئافرەتێك دەناسیت مێرد بە پیاوێکی نەدار بکات لەبەر چی، لەبەر ئەوەی خۆشی دەوێت؟!

هەموویان سەریان سوڕما، میوزیکزانی ئەڤینداری لە ڕۆژی ئاهەنگێڕان بە بۆنەی جەژنی ئەڤیندارییەوە هێرش دەکاتە سەر ئەڤینداری و خۆی لێ بەری دەکات. دڵێکی زامدارو، پیاوێکی فریودراو بوو، ئامادە بووبوو بۆ ئەوەی چی هەیە لەگەڵ ئەڤینداریدا یەکلای بکاتەوە. ئەو سەر بە ئەندامە بزێوەکانی پارتی ئەڤیندارەکانە، هەرچۆنێکی بۆ بلوێت تەقە لە ئافرەتان دەکات. لەکاتی بەرگری کردنی لە ئەڤینداری، نازانێت چی گوللەی تفەنگەکەی هەیە لە لەشی ئەڤینداریدا بەتاڵ کردووەو .. کوشتوویەتی.

پێشکەشکاری بەرنامەکە ڕووی دەمی لێ کردو پرسیاری لێ کرد:

ـ لەو بڕوادایت کە هۆکارە نوێیەکانی تەکنەلۆژیا خزمەتی بە ئەڤینداری کردبێت؟

ـ ڕەنگە خزمەتی بە ئەڤیندارەکان کردبێت، بەڵام خزمەتی بە ئەڤینداری نەکردووە. ئەو ڕۆژگارە ڕەوشی ئەڤینداری باشتر بوو کاتێك کۆتر پۆستەچی بوو، پەیام و نامەکانی ئەڤیندارانی دەهێنا؟ مۆبایل چەندین سۆزو ئارەزووی تیرۆر کرد لەکاتێکدا ڕێگە دوورەکای نزیك دەکردەوە، خەڵکی ئەو تامەزرۆییەیان لەبیرکرد کە ئەڤینداران تێیدا چاوەڕوانی پۆستەچییان دەکردو، چ ڕووداوێکی گرنگە کە ئافرەت بە دەستی خۆی

بنووسێت (خۆشم دەوێیت). چ شادومانییەك و چ سەرکێشییەکە کە ئافرەتێك تا دواهەناسەی ژیانی نامەیەکی ئەویندای هەڵبگرێت. ئەمڕۆ، دەشێت (خۆشم دەوێیت) بە دەست پێدانانی دوگمەیەك بسڕێتەوە. وێ تەنیا یەك خولەك دەژێت .. زۆریشت لەسەر ناکەوێت تەنیا یەك فلس نەبێت!

ئارەزووی نییە لەو بارەوە بپەیڤێت کە دەشێت وشەی (خۆشم دەوێیت) هەندێك جار چەندت لەسەر بکەوێتەوە، کاتێك لەسەر کاغەز دەنووسرێت.

هەروەها ئەو فێرخوازەی پێش دوو ساڵ ڕۆژنامەو میدیاکانی جەزایر بەسەرهاتەکەیان بڵاوکردەوە. ئەو بەستەزمانە وشەی (خۆشم دەوێیت)ی لەسەر کاغەزێك نووسیبوو و لەسەر تەختەی هاوەڵەکەی دانابوو لە پۆلدا. هەرکە مامۆستا چاوی بە کاغەزەکە کەوتبوو، یەکسەر وانەکەی ڕاگرت و باری نائاسایی ڕاگەیاند تا بە دوای خاوەندی نامەکەدا بگەڕێت. بەرانبەر بەوەی هەر هەموویان نکۆڵییان لێ کرد کە ئەوان نووسیبێتیان، ڕۆڵی شەرلۆك هۆڵمزی گێڕاو لە چل کۆپیکراوی وشەی (خۆشم دەوێیت) ورد بووەوە کە داوای لە فێرخوازەکان کرد بینووسن و بۆ ژوورەکەی بهێنن تا بەراوردیان بکات.

پاش لێ وردبوونەوەکە تۆمەتبارەکەی دۆزییەوە، کە تووشی بارێکی ترس و تۆقین هات پاش ئەوەی لەبەردەم هاوەڵەکانیدا سەرزەنشتی کردو لێی دا، هەرچی بەڕێوەبەرەکە بوو ئەویش لای خۆی سزاکەی توندتر کردو کەس و کارەکەی بانگ کردو پێی ڕاگەیاندن کە کوڕەکەیان لەبەر ڕەوشت نزمی لە فێرگە دەرکراوە!

ئەو کاتە ئەو ڕووداوە مقۆمقۆیەکی لای برادەرەکانی نایەوە. هەر هەموویان پشتیوانی خۆیان بۆ (مامۆستاکە) دەربڕی لە بەڕێوەبردنی پرسی (تاوانەکە) کە فێرخوازێك کردبووی هێشتە تەمەنی نەگەیشتبووە تەمەنی پێگەیشتنی سۆزداری. ویستیان لە تەمەنی دوازە ساڵیدا بۆ فێرخوازەکانی دیکە بیکەن بە پەند تا بەرەڵایی لە بواری ئاکاردا تەشەنە نەکات.

تەنیا مستەفا هەمان ڕای وێی هەبوو.

بە خەفەتەوە گوتی:

ـ زۆر دژوارە ئەو لاوە، یان هاوەڵەکانی لەمەودوا ئـەم وشـەیە بنووسـن، یـان لـە ژیـانی خۆیاندا بە یەکێك بڵێن!
پاش چەند ڕۆژێك میدیاکان هەواڵەکانی کۆمەڵکوژییەکەی (بین تەڵحە)یان بڵاوکردەوە کە تێیدا تیرۆریستان 500 گوندنشینیان سەربڕیبوو، مستەفا بە خەفەتەوە گوتی:
ـ لە پۆلی ئەو مامۆستایەوە فەوجێك پیاوکوژ دەردەچن .. ئەو دەستەی کە سزا دەدرێـت لەبەر ئەوەی وشەی (خۆشم دەوێیت)ی نووسیوە دەستێکە بۆ تەقەکردن ئامادە دەکرێت.
دواتر، مستەفا بە جدییەتێکی درۆکینانەوە پێی گوت:
ـ من بیر لەوە دەکەمەوە کۆچ بۆ ئەمەریکا بکەم.
بە سەرسوڕماوییەوە لێی پرسی:
ـ ئەمەریکا .. بۆچی ئەمەریکا ؟
لەبەر ئەوەی لە دوایەمین ڕاپرسیدا، دەرکەوتووە کە پیاوی ئەمەریکی زۆرترین کەسـە کـە وشەی (خۆشم دەوێیت) بەکاردەبات. بزانە ڕۆژی بە تێکرای سێ جار بەکاری دەبات، وەك بڵێیت لەگەڵ هەر سێ ژەمەکەدا دەیخوات. دەمەوێت کۆچ بکەم بۆ ئەوەی بۆ تەنیا جارێك لەژیانمدا گوێم لێ بێت. لێرە ڕەنگە مرۆڤ بشمرێت و گوێی لێ نـەبێت، تەنانـەت لـە زاری دایکیشییەوە ئەگەرچی هەموو شتێکیش ئاماژە بەوە دەکەن کە دایکیشی خۆشی دەوێت. بەڵام کاتێك ئەو وشەیە گۆدەکات پێچەوانەکەی دەڵێت!
بە ڕێتمێکی گاڵتەجاڕییەوە گوتی:
ـ تۆ دەتوانیت لە کۆچ کردن پەشیمانم بکەیتەوە، تەنیا بەوە بڵێیت خۆشم دەوێیت!
ئەمیش بۆ ئەوەی گێچەڵ بە سـۆزی بکـات لـە قاقـای پێکـەنینی دا، بـەڵام بـە ڕاسـتی نەیگوت.
ئەگەر بیگوتایە ڕەنگە ئێستە لە سەربازگەکانی گرتنی سۆزداریدا بووایە. لـەبری ئـەوەی کۆزێك منداڵی ببێـت، لـەوێ دەبـوو خزمـەتی دایکـی ئـەمی دەکـردو منداڵەکانیشـی بەخێودەکردن!
تۆ بڵێیت بە ڕاستی خۆشی ویستبوو؟

وێ بە خۆیشی نازانێت. زۆربەی ئەوانە لەو بڕوایەدان کە بە بەسەرهاتی خۆشەویستیدا تێپەڕیون، لە ڕاستیشدا ئەوان لە خەیاڵ پلاوی ئەڤینداریدا دەژین.

پێشکەشکاری بەرنامەکە وتەی کۆتایی بۆ وێ بەجێ هێشت، پاش ئەوەی هزرەکانی لە بەشداری کردن لەو مشتومڕەی سەرقاڵ کرد کە لەنێوان لایەنگرانی جەژنی ئەڤینداران و نەیارانیدا توندتربوو. گوتی:

ـ ئەو ڕۆژگارەی ئەڤینداران لە ئەڤینداریدا دەمردن. ئەو کاتە ئەڤینداری جەژنی نەبوو. ئەمڕۆ بازرگانان جەژنێکیان داهێناوە بۆ ئەوەی خەیاڵ پلاوی سۆزداری ڕەوانەی ناو بازاڕ بکەن. بیر لەوە ناکەنەوە کە جەژنێك بۆ ئەڤینداری دادەهێنن زیانمەندی بیری ئەو کەسانە دەخەنەوە کە ئەڤیندار نین و بە شادی کەسانی دیکە دڵتەنگیان دەکەن. لەڕاستیدا نابەجێ ترین جەژنە!

پێشکەشکاری بەرنامەکە بە گاڵتەوە وەڵامی دایەوە بۆ ئەوەی پاڵی پێوە بنێت ددان بە شتێکدا بنێت:

ـ وەك بڵێیت لە قسەی ئافرەتێك دەچێت ئەمڕۆ جەژن ناگێڕێت.

بە هەمان گاڵتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ جەژنەکان دەخولێنەوە.. جەژنێك جەژنی تۆیەو جەژنێکیش جەژنی تۆ نییە. ئەوانەی ئەمڕۆ بە ئەڤینداربییەوە جەژن دەگێڕن، ڕەنگە کە جەژنی ئاییندە دێت لێك دابڕابن؟ ئەوانیش ئەمڕۆ بۆ تاك و تەنیایی خۆیان بە کوڵ دەگرین، ڕەنگە لە جەژنەکانی داهاتوودا منداڵانی بەنازی ئەڤینداری بن. لە هەردوو باریشدا دەبێت خۆمان بۆ ئەگەرەکەی دیکە ئامادە بکەین!

بەرنامەکە تەواوبوو، میوانەکان ڕاوەستابوون و درێژەیان بە مشتومڕەکەیان داو ئەو چەپکە گوڵانەیان بەدەستەوە بوو کە پێیان گەیشتبوون. قسەی ئەڤیندار کۆتایی نایەت. بەڵام وێ پەلەی بوو، دەیویست ستۆدیۆکە بەجێ بهێڵێت بۆ خۆدەربازکردن لەو پرسیارانەی برینەکانیان دەکولاندەوە، کاتێك پێشکەشکاری بەرنامەکە چەپکە گوڵێکی دایەو گوتی ئەوەی ناردوویەتی داوای کردووە لەکاتی پەخشی ڕاستەوخۆدا پێشکەشی نەکرێت. بەسەرسوڕمانەوە وەریگرت، ئەو چەپکە گوڵە سەرنجی ڕاکێشا چونکە بە شێوەیەکی سەیر

ڕێکخرابوو، کاتێك لە گۆشەی دیارییەکاندا چاوی پێ کەوت، شتێکی ڕوونە کە خاوەندەکەی ویستوویەتی شتێکی دەگمەن و سەرنجڕاکێشەر بێت ئەویش بە ڕەتکرنەوەیەکی ئاشکرای زاڵبوونی ڕەنگی سوور لە جەژنی ئەڤینداریدا. تەنیا لە گوڵی (تۆلیب) پێکهاتبوو لە ڕەنگێکی سەیر کە بە شەپۆلی تیشکی لە نێوان بەنەوشەیی و ڕەشدا دەبریسکایەوە. بە شێوەیەك ڕیزکرابوون وەك سەرباز قیت ڕاوەستابوون، لەسەر هەمان ڕادەی یەکەمین دەم دانەوەی شەرمنانە، بە سێ ڕیز یەك لە دوای یەك دانرابوون، بە قردێلەیەکی ساتانی سووری پانی نایاب بەسترابوونەوە.

بە پەلە ئەو کاغەزە بچووکەی کردەوە کە لەگەڵی بوو، تەنیا سێ وشە لەسەر کارتەکە نووسرابوو (تۆ ڕەشت لێ دێت). بەسەرسوڕماوی لە شوێنی خۆی وشك بوو. کەش و هەواکە جۆرە شتێکی تێدا بوو لە ڕاگەیاندنی ئەڤینداری دەچوو. وەك ئاگەدارییەك لەبارەی نزیکبوونەوەی باهۆزێکی ئەڤینداری. شتێك کە ناوی نییە وەك خاوەندی کارتەکە، بەڵام سەرەسوورەیەکی خۆشی تووش دەهێنێت پێشتر تاقی نەکرووەتەوە. نازانێت چی بەسەر هاتووە. میوزیکێك لە جۆری ڤاڵس سەما بە ڕوحی دەکات، لە شوێنێك لە ناخییەوە دەستی پێ کردووەو، دەیخولێنێتەوەو کارێکی وای پێ دەکات توانای بیرکردنەوەی لۆژیکیانەی نەمێنێت.

لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی وەك بڵێیت سەماکەری باڵیە دوو بابووجی لەساتانی لە پێ بوو، لەسەر پەنجەی خەونەکانی دەڕۆیشت کە پێیان لێ پەیدا بووبوو.

***

ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك هەمان ئەو پرسیارانەی لێ بکردایەتەوە، ئەوە شتێکی دیکەی پێچەوانەی ئەوانەی دەگوت کە پێش سێ کاتژمێر گوتوونی. سێ وشە لەسەر کارتێك کە ناوی کەسی پێوە نییە، قایل بوونە سۆزدارییەکانی خستە داوەوە.

ئەم ساتە، وێ خەیاڵ پلاوی ئەڤینداری لە نائەڤینداری پێ باشترە. شتێکی خراپ نییە بچێتە ڕیزی کۆمەڵەی ئەڤیندارە بێ ئاگەکانەوە کە ئەو خەیاڵ پلاوییە دەستی لێ وەشاندوون. دەیەوێت مژ بەو دەرمانەوە بنێت کە بە ڕاستی دیکوژێت، یان دەیژێنێتەوە.

له ئۆتێلەکە، چەپکە گوڵەکەی لەسەر مێزە خڕەکە دانا، بە شێوەیەك لە هەر کوێیەکەوە سەیر بکات بیبینێت. ویستی لەخێرا ڕۆشیتنی خەونەکانی و گرەوی دڵی لەسەر کارتێك سووك بکاتەوە، کە تەنیا سێ وشەی لەسەر نووسراوە (تۆ ڕەشت لێ دێت).

ئەوەی هەستی پێ دەکات پێوەندی بە سەبەتەی گوڵەکەوە نییە. وشەو ڕەنگەکان هەرچۆنێکی بن، ئامادەبوو پێی لە یەکەمین ئەڤینداری هەڵنووتێت کە بە تایبەتی ئەمڕۆ ژیان دەیخاتە سەر ڕێگەکەی. وەك بڵێیت کارەکە پەتایەکەو ناتوانێت خۆی لێ قوتار بکات.

بە سوپاسەوە لەو گوڵە ڕەنگ سەیرانە وردبووەوە. ئەگەر ئەو گوڵانە نەبووایەن ئەوە ڕەنگی سوور تیرۆری دەکرد، وەك چۆن ئەمڕۆ هێرشی کردە سەر ملیۆنان کەس لەوانەی ئەڤینداریيان لەژیاندا نییە.

دەڵێیت گوێت لە گێڕانەوەکانی شمشاڵ و ئاه و ناڵەی نامۆبوونی گرتووە، لە دەستی ژان و ئازاری لێکدابڕان دەکرووزێتەوە، (دەڵێت):

(من لەوەتای لە ڕووگەی دارستان بڕاوم ئەم گریەو زارییەم لێ نەبڕاوە،

بۆیە خەڵکی بە پیاوو ئافرەتەوە دەبینیت بۆ گریانی من دەگرین

هەر مرۆڤێك لە نیشتمانێکی دوور لە نیشتمانی خۆی نیشتەجێ بوو، هەر بە دوای ئەو ڕۆژەدا دەگەڕێت کە بە نیشتمانی خۆی شاد ببێتەوە

دەنگی شمشاڵ ئاگرە نەك با، کەس نەبووە ئەم ئاگرەی لە دڵدا کڵپەی نەسەندبێت).

مەولانا جەلالەدین ڕۆمی

حەزی لە سەرنج بە لای خۆدا ڕاکێشانی دڵڕفێنەرانەی بەراییەکان بوو، پڕیشکی یەکەمین نیگا، هەناسە هەڵکێشانی یەکەمین واق وڕمان.
حەزی دەکرد بکەوێتە داوی ئەڤینداریییەوە.
لە ڕاوکردنی ئافرەتاندا شارەزایی نەبوو، بەڵکو بە هەڵمژینی هەنگوینی ژیان، بەو تامەزرۆییە زۆرەوە کە پێش ئەڤینداری دێت.
پاش ئەوە پتر لە جارێك، سەیری ئەو دیدارەی کردەوە، کە لە نوسینگەکەی خۆیدا پاراستوویەتی. بەشکو کۆدی ئەو دوێتە بکاتەوە، یان نهێنی حەز لێ کردنی هەڵێنێت.
دڵی لە جوانییەکەی نەچووە، وێ ئەوەندە جوان نییە تا پیاوێکی چوون ئەو گیرۆدەی ببێت. ئەوەندەیش پۆشتە نییە کە بشێت لەگەڵ ئافرەتانی دەوروبەی زۆرانبازی پێ بکات. ڕەنگە سەرنجی ڕانەکێشابایە ئەگەر بەرێکەوت تووشی بە تووشییەوە بووبایە. بەڵام وشەکانی بەر گوێی کەوتن و خستیانە ناو داوی جوانیی ئەو مێیایەتییەوەی کە پێشتر لەو شێوەیەی نەبینیوە.
قلیانەکەی بەتاڵ کردو لەسەرخۆ سەرقاڵ بوو پڕی دەکردەوە، وەك چۆن ڕاهاتبوو کاتێك بیرو هزرەکان جڵەویان لێ دەستاند.
لە کاتی جگەرەکێشاندا بیر ناکاتەوە، بەڵکو لە کاتی ئامادەکردن و پڕکردنی قلیانەکەیدا. بەم شێوەیە خۆی بۆ پرۆژەو بۆندەکانی ئامادە دەکات. بەم شێوەیەیش جەنگەکانی بەڕێوە دەبات، بەر لەوەی بەشدارییان تێدا بکات، لەو بڕوایەیدا کە ئامادەبوون بۆ بردنەوە بە هۆکاری چێژەکانی سەرکەوتوو دادەنرێت.
چاوەڕێی ئافرەتێك بکەیت، لە دەرەوەی کات و لە دەرەوەی حسێب کردنەکاندا، چاوەڕێی بکەیت وەك بڵێیت جگە وێ ئەو زەمینە هیچ ئافرەتێکی دیکەی لێ نییە، ئای بۆ تێکۆشان .. ئای بۆ سەرکەوتنی مەزن کاتێك ئەو ژنە دەستەبەر دەکەیت.
سێ مانگە لەسەرخۆ بەرەو لای بەرەو پێشەوە دەچێت، وەك بڵێیت لەسەر تەختەی شەترەنج بێت. لە هەر شانۆیەك گۆرانی بچڕێت، یان لە هەر بەرنامەیەکەوە دەربکەوێت، چەپکە گوڵی پێ دەگات. وەك ڕاوچی هەموو شتێك لەبارەی نێچیرەکەیەوە دەزانێت، ئاگەی لە دەنگوباسەکانی هەبوو، کەچی وێ هیچ شتێکی لەبارەوە نازانێت.

ئەم پێوەندی بە سەراسیمەو چاوەڕوانی و دوودڵی (وێ)وە هەیە. حەز دەکات وەك نیشانەیەکی پرسیار بچێتە ژیانیەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ببێتە نیشانەی سەرسوڕمان.. پاشان نیشانەیەکی سەرنجڕاکێش! بەسەرهاتە مەزنەکانی ئەڤینداری بەم شێوەیە دەنووسرێن. ئەوەی بە پەلە بێت بە خێرایی تێدەپەڕێت و، ئەوەی بە خێرایی بە دەستی دەهێنین بە ئاسانی لە دەستی دەدەین. ئەو لە دانایيدا گەیشتووەتە تەمەنێك، وای لێهاتووە چێژی ڕێگەی لا لە چێژی گەیشتن بەلاوە باڵاترەو، چاوەڕوانی کردنی شتەکان زۆر بەهێزترە لە بەخۆوەنازینی هەبوونیان.

لەسەر دووەمین کارت بۆی نووسی (هەموو کاتێکم هەیە).

لەسەر سێیەمیش (پێشوازی لە گوڵی چاوەڕوانی بکە).

ڕەنگە وێ دەرکی بەوە کردبێت کە پێویستە زۆرتر چاوەڕوان بێت، بەر لەوەی بزانێت کێ ئەو چەپکە گوڵانەی بۆ دەنێرێت، کە هەر جارەو وشەگەلی جیاوازیان لەسەر نووسراوە.

ئەو وشانەی خەریکن شتێك بدرکێنن، کە کارێکی وا دەکەن جێی تامەزرۆیی بێت.

ئەڤینداری زیرەکی ئەو ماوەیەیە. زۆر نزیك نەکەویتەوە تامەزرۆیی هەڵوەشێنیتەوە، زۆریش دوور نەکەویتەوە لەبیر بچیتەوە. بەیەکجار چیلکەکەت لە ناو کوانووی ئەو کەسە دانەنێیت کە خۆشت دەوێت. بە هەڵگیرساوی بیهێڵەوە بە جووڵانەوەی چیلکەکە نەك زۆرتر، بێ ئەوەی ئەوی دیکە دەستت ببینێت، هەست و ڕێڕەوی چارەنووسی ئەو دەجووڵێنێتەوە. ئۆی .. چەند لە یاری گواستنەوەی ئاگر لە نێوان چیلکەکانداو، ڕزگارکردنی مەشخەڵەکە بەساتێك بەر لەوەی بکوژێتەوە، شارەزایە.

سێ نامە بۆ پێکردنی پتیلەکەی بەسن. لەگەڵ چەپکە گوڵی داهاتوودا نمرەی تەلەفۆنەکەی بۆ بەجێ دەهێڵێت، بەڵام ئاشکرایە ناوی خۆی بۆ ئاشکرا ناکات. تا بۆی بکرێت درێژە بە یاری تەمومژاوی دەدات بۆ ئەوەی تامەزرۆی زانینی زانیاری بێت، ئەوەی لەبارەی ئەمەوە نایزانێت. تەمومژاوی جلوبەرگسازێکە بە ئارەزووی خۆی کار دەکات، ناوی خۆی نانووسێت تەنیا لەسەر جلوبەرگی ناودارەکان نەبێت.

وشەکانی لە هەر کارتێکدا لە سێ وشە تێنەدەپەڕین. فسەکانی گرانبەهاترن لەوەی کارتی پێ پڕبکاتەوە، ئەو کارتانەی لە بۆنەکاندا ڕەوانە دەکرێن، وێ هێشتە ئەوە نازانێت، نەیش

ئەوەی کە زمان هەندێك لەو شتانەیە کە ئەوی گیرۆدەی داوی وێ کردووە. لەگەڵ ویدا پێشبینی چەندین گێمی زمانەوانی دەکات لە کەشکەشانی ئاسمانەوە. تەنیا ئەم چێژەیە کە لەگەڵ کەسانی دیکەدا لێی بێ بەرییە، هاوبەشێکی بۆ گێمێکی باسکیت بۆڵ دەوێت، تێیدا ڕستەکان باڵ بگرنەوەو ئەمیش بەپەلە وەریانبگرێتەوەو بەرسڤیان بداتەوە. ئافرەتانی دەوروبەری لە دەرەوەی نوێن هیچ گێمێکی دیکەیان لەگەڵ نییە.

بەپێ ماڵەوەی بەرەو دارستانی بۆلۆنیا بەجێ هێشت. ڕاهاتبوو ئێواران پیاسەیەکی زۆر بکات کاتێك بیری دەکردەوە، جارێك بەرەو بیرەوەرییەکان و .. جارێکی دیکە بەرەو ئایندە.

ئەو بەردەوام ئامادەی پرۆژەیە، یان تازە لە بیرەوەرییەك هاتووەتە دەرەوە. لە سەردەمێکی والای نێوان سەردەمی منداڵیەتی ئاسایی لە بەیرووت و سەرکەوتنە لەڕادە بەدەرەکانی لە پایتەختەکانی جیهاندا وەرزشی پیاسەی خێرا ئەنجام دەدات.

دەستکەوتە گەورەکەی لەوەدا نەبوو بەو دەستکەوتانە بگات، بەڵکو لەو ڕێگەیەی کە بۆ گەیشتن پێیان گرتبوویە بەر.

شەیدای چارەنووسە گەورەکان بوو. سەرگوزەشتەی ئەو پیاوانە سەرنجی ڕادەکێشا چارەنووسی حۆیان دروست کرد. پیشەکارێکی دەست ڕەنگینی خەونە ئەفسانەییەکان بوو. تەنیا ئەوە بەس بوو خەون ببینێت بۆ ئەوەی ژیان خەونەکانی پەسەند بکات. ڕەنگە لە چەند ساتێکی دەگمەندا بێ فیز بێتە بەرچاو، بەڵام خەونەکانی ئاگەی بێ فێزی نازانن. پیاسە دەکات و .. لەو کاتەیشدا خەون دەبینێت. لەسەر ڕێگەی لە درەختە لێك ئاڵاوەکان ورد دەبێتەوە بە هەموو جۆرەکانیانەوە، قازەکانیش لەسەر لێواری هێوری دەریاچەی بۆلۆنیا جوان جوان مەلە دەکەن.

زۆر جار حەزی دەکرد شاعیر، یان نووسەرێك بووایە تا سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بەم شوێنە دەربڕیبایە کە پتر لە دە ساڵە هاموشۆی دەکات. نازانێت ئایە بەهرەی نییە، یان بوێری بۆ ئەوەی ببێتە نووسەر، چونکە ئەو زانکۆی تەواو نەکردووە بەڵکو دەرچووی ژیانە. بۆیە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە شێوەیەکی جدی بیری لە بڕوانامە نەکردووەتەوە.

شتەکە ئەوەند بێزاری ناکات. گرێ کوێرەکەی کرایەوە لەوەتای بە دانایی و زیرەکی خۆی بەسەر گرووپی ڕاوێژکارو یاریدەدەرانەکاندا سەرکەوت ئەوانەی لە کۆمپانیاکانی کار دەکەن. زۆر جار ڕووی داوە کە بە پسپۆری خۆی نەك بە بڕوانامەی ئەوان کارەکانی لە ئیفلاس بوون ڕزگارکردووە.

بە ڕاستی ئەوەی ئیرەیی لە خەڵك پێ دەبات ڕۆشنبیرییە. بۆیە، بە تامەزرۆیی و ئارەزوومەندییەکی زۆرەوە شتگەلی لێ وەردەگرت، لەگەڵ تەمەندا بەرەو بەبەهاترین و قووڵترینیان دەچوو، پاش ئەوەی بە لایەوە گرنگ نەبوو سەرنجی کەس ڕابکێشێت .. بەڵکو بە خۆی بۆ خۆی چێژ وەربگرێت.

سێ هەفتە تێپەڕی، بەر لەوەی یەکەمین بۆنە نزیك بێتەوە. ئاهەنگێك بوو کە زانی وێ لەگەڵ گرووپێك دەنگبێژانی سووریا بەشداری تێدا دەکات. ئەم جارەی ئەوەندە چیلکە دەخاتە ناو کوانووەکەیەوە بەشی چەند ڕۆژێکی بکات، بەڵام تەنیا یەك دەنکە شقارتە بەکاردەبات.

لەسەر کارتەکە تەنیا ژمرەی تەلەفۆنەکەی نووسی و، لە ناو زەرفە بچووکەکەی دانا کە ڕاهاتبوو لەگەڵ چەپکە گوڵەکەدا بۆی دەنارد. داوای کرد چەپکە گوڵەکە لەگەڵ شوفێرێکدا ڕەوانەی شام بکرێت. دەبوو بە خۆی بچێتە لای گوڵ فرۆشەکە و، بەدواداچوونی هەموو وردەکارییەکانی بکات. ئەگەر لە پاریس بووایە ئەوە سکرتێرە فەرەنسییەکەی ڕادەسپارد ئەو کارە بکات، لە بەیرووت ناشێت و ناتوانیت نهێنی خۆت بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا بکەیت. ئەمە شارێکە هەر یەکەو تێیدا ئاژانسێکی نووچە بەڕێوەدەبات.

پاش سێ کاتژمێر چەپکە گوڵەکەی پێ دەگات، تەواو لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکەدا. ئەوانە کاتژمێرە پڕ گرژی و جوانییەکانی هەر پرسێکی ئەڤینداری. ئەوانەی پێش ڕاگەیاندنی دەست پێ کردنی ڕەوشی شێتایەتی ئەڤینداری. ئەم جارە ئاسۆی سەراسیمەی سۆزداری بە هەشت ژمارە بەرزکردەوە کە ناوی لەگەڵ نەبوو. چاوی لە کاتژمێرەکە دوور نەدەخستەوە. هەر لە کاتژمێر دەوە، ڕەنگە لە هەر چرکەیەکدا بێت زەنگی تەلەفۆنەکە لێ

بدات. ئەو کات وێ لەسەر تەلەفۆن دەبێت. چونکە لە ناخی هەر ئافرەتێکدا پشیلەیەك هەیە تووشی سەراسیمە هاتووە.
زۆرتر لە نووسینگەکەی مایەوە، تا تەلەفۆنەکەی لێ نەدات کاتێك لەماڵەوە لەگەڵ ژنەکەیدا بێت. پاشان نیوەشەو بڕیاری دا بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام مۆبایلەکەی بێ دەنگ کرد تا بزانێت تەلەفۆنی بۆ کردووە. بەر لەوەی بنوێت سەیری تەلەفۆنەکەی کرد، بێ هوودە بوو. پێشبینی کرد دڵی وێ شاگەشکە بێت کاتێك ژمارەی تەلەفۆنەکەی دەبینێت، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ دەکات. بەڵام وێ تەلەفۆنی بۆ نەکرد، هیچ بیانوویەکیشی نەبینییەوە کە تەلەفۆنی بۆ نەکردووە، چونکە لەوە دڵنیا بوو کە شوفێرەکە گەیشتووە.
هەستی کرد کە وێ بەسەریدا زاڵ بووە تەنانەت بەر لەوەی گێمەکەیش دەست پێ بکات. خەوەکەی پچڕ پچڕبوو، بێ ئەوەی دەنگی وێ ببیستێت نووست.

❋❋❋

ئەوە ژیانە بە دوای ئەو هەلانەدا دەگەڕێت واقت وڕبکات.
وەك بڵێیت ئەم پیاوە هاوسانی بێت، ئایە ئەو کابرایە جنۆکەیە ناوونیشانی هەموو ئەو شوێنانە دەزانێت ئەمی لێ بێت.. یان ڕەنگە شێت بێت؟ بەڵام زمانەکەی لەوە بالاّترە ئاماژە بەوە بکات.
هەستی بە هەستگەلی ورووژهێنەرو دژ بەیەك کرد، کاتێك ژمارەی تەلەفۆنەکەی بینی نووسرابوو، بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەکی لەگەڵ نووسیبێت.
ئێوارە دوو دڵی نواند پێوەندی پێوە بکات. جوان نییە دوێتێك شەو پێوەندی بە پیاوێکی نەناسراوەوە بکات. بەڵام پەلەی بوو بەیانی دابێت. دڵی لە ژمارەی تەلفۆنەکەیدا ئاماژەیەکی بە کۆدی ئەڤینداری دەبینێت پەلەیەتی ئەو کۆدە بکاتەوە. دڵی لێ دەدات. دڵی گەوجەو دەڵێت (هەستە تەلەفۆنی بۆ بکە)، ئەقڵیشی گێلێکی دیکەیەو دەڵێت و دەڵێتەوە (نەنگە .. چاوەڕێی سبەینێ بکە!).
بەرەنگاری شەونخوونی بووەوە، پاشان بەیانی، بەرەنگاری سەراسیمەیی و تامەزرۆیی خۆی بووەوە، چاوەڕێی کاتژمێر نۆی دەکرد. ئەو کاتەی کە بە گونجاوی دەزانی پێوەندی پێوە بکات.

ژمارەی تەلەفۆنەکە، تەلەفۆنێك بوو لە لوبنان، کەواتە کاتەکە جیاوازی نییە. تەلەفۆنی بۆ کرد بێ ئەوی بزانێت تا چ ڕادەیەك ژمارەی تەلەفۆنێك دەتوانێت یاری بە چارەنووسمان بکات.

دەنگی لەرزی وەك چۆن بۆ یەکەمین جار لەرزی پێش ئەوەی دەست بە گۆرانی چڕین بکات:

ـ ئەلۆ ..

دەنگی پیاوێك لەو سەرەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەم کاتەت باش.

بۆ چەند ساتێك بێ دەنگی سەرەتاکان باڵی بەسەر ڕەوشی نێوانیاندا کێشا. ئەو دەروازەی قسەی کردەوەو گوتی:

ـ شادومانم قسەت لەگەڵ دەکەم..

خۆی بینی درێژە بە قسەکانی دەدات:

ـ پەلەی ئەم ساتەیەم بوو.

بە ڕێتمێك وەڵامی دایەوە لە گاڵتە دوور نەبوو لە ئاماژەیەکدا بۆ کارتەکەی پێشووی:

ـ وام زانی کاتی زۆرت بە دەستەوەیە!

ـ ئەگەر کاتم هەبێت ئەوە ناگەیەنێت کە ئوقرەم بە بەرەوەیە..

بە هەمان گاڵتەوە درێژەی دایە:

ـ هەرچی منم ئەوە ژیان قاڵی کردووم .. بە ئوقرەتر نیم لە ئوقرەی شێر!

ئەوەی تێگەیاند. ختییە ئەو بڕوایەوە کە گێمەکە لەو بڵندایییەوە لەگەڵیدا دەست پێ دەکات. هەرچی وێ بوو لەو بڕوایەدا بوو کە بە گاڵتە پەشۆکاوی خۆی دەشارێتەوە. هیوای نەدەخواست ئەم شتە بڵێت.

بە بیرهاتنەوەوە درێژەی دایە:

ـ سوپاس بۆ گوڵەکان .. ئەو ئاوڕدانەوەیەت زۆری شاد کردم.

وەڵامی دایەوە:

ـ لەوەتای لە یەکەمین بەرنامەوە تۆم بینیوە ئـارەزوو دەکـەم سەرسـوڕمانی خۆمـت پـێ ڕابگەیەنم.

لێی پرسی:

ـ مەبەستت کام بەرنامەیە؟ پێدەچێت بینەرێکی باشی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بیت!

لە ڕەوشی دیکەدا بەرسڤێکی دیکەی دەبوو، بەڵام بیانوویەکی بۆ دۆزییەوە. وێ نازانێـت ئەم کابرایە کێیە، پاشان هەرچی لە تەلەڤزیۆنـەوە دەرکـەوتبێت ئـەو چـەپکە گـوڵی بـۆ ناردووە، ڕەنگە لەو بڕوایەدا بێت کە هیچ کارێکی نـەبێت تـەنیا ئـەوە نـەبێت لەبـەردەم تەلەڤزیۆندا دانیشێت.

وەڵامی دایەوە:

ـ مەبەستم ئەو دیدارەیە کە لە کۆتایی دیسەمبەردا لەگەڵیان سازکردبوویت.. قسـەکانتم پێ جوان بوون.

بەگاڵتەوە گوتی:

ـ وام زانی جلە ڕەشەکەمت پێ جوان بوو کاتێك بۆت نووسیبووم (تۆ ڕەشت لێ دێت).

ـ ڕەنگە دەبوو بڵێم تۆ بۆ ئەو دەشێیت .. خاتوون ڕەش کەسانی خۆی هەڵدەبژێرێت.

هیچی نەبوو بەرسڤی پـێ بداتـەوە. ڕۆژهەڵاتییـەکان بـەو شـێوەن، کـەس ناتوانێـت لـە هەڵبژاردنی وشەکانیاندا پێیانڕا بگات کاتێك لەگەڵ ئافرەت دەدوێن. نەدەشـیا پرسـیاری لێ بکات خەڵکی کوێیە. پرسیارەکەی بە شێوەیەکی دیکە کرد:

ـ لە بەیرووت دادەنیشیت؟

ـ بەڵێ.

ـ تۆ بەختەوەریت .. زۆرم بەیرووت خۆش دەوێت.

وەڵامی دایەوە:

ـ بەیرووتیش تۆی خۆش دەوێت.. میدیاکان پێشوازییەکی جوانیان بۆ تەرخان کردیت.

ـ بە ڕاستی .. من لە دەست پێ کردنی یەکەمین هەنگاومدا قەرزارباری ئەو شارەم.

گوتی:

ـ ڕەنگە ڕۆژگارێك قەرزارباری ئەو شارە بیت کاتێك بە دیداری من دەگەیت. وشەکانی جۆرە بێ دەنگییەکی لە نێوانیاندا بەجێ هێشت. هەستی کرد کە پێویستە یەکەمین تەلەفۆن درێژ نەکاتەوە.

گوتی و تەلەفۆنەکەی کۆتایی پێ هێنا:

ـ ژمرەکەی منت لایە .. شادومان دەبم گوێم لە دەنگت بێت.

لەناکاو ئەو قسانەی کردو هەلی نەدایە قسەی دیکە بکات. لەوپەڕی سەراسیمەییدا بەجێی هێشت.

گێمەکەی لە ڕستەی (شادومان دەبم گوێم لە دەنگت بێت) داخست.

ئەوەی هیوای پێ دەخواست پێی بڵێت بۆ خۆی هێشتەوە (ماندووت کردم بەر لەوەی گوێم لەناوت بێت.. ماندوویش دەبم چونکە نامەوێت جگە تۆ گوێ لە کەسی دیکە بگرم).

هەر لەسەر برسیەتی بۆ وێ مایەوە. کەچی هەر بە تینوویەتی بەجێی هێشت. لەم قۆناغەدا ئەڤینداری پێویست بەوە دەکات مشەخۆری لەسەر تینوویەتی وێ بکات کە دەیەوێت زانیاری زۆر لەبارەی ئەوەوە بزانێت، ئەگینە گڕی بڵێسەی نێوانیان دەکوژێتەوە، بۆیە قەیدی نییە چاوەڕوان بێت. شارەزایی پێی دەڵێت کە وێ لە ماوەی دوو ڕۆژی داهاتوودا پێوەندی پێوە دەکاتەوە. ئەو زانیویەتی کە ئافرەتان لەوە پتر ناتوانن ئوقرە بگرن..مەگەر وێ خۆی پتر لەم بە قورستر بگرێت، قسەکەی ڕاست دەرچوو چەند لە ڕەش ئوقرە درێژترە!

پاش تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی بداتەوە، خەریك بوو گومانی لە تیۆرییەکانی خۆی دەکرد. لە هەموو بارێکدا، ئەم تەلەفۆنی بۆ ناکات، بەتایبەت وێ بە تەلەفۆنی نۆرمال تەلەفۆنی بۆ کردبوو کە ڕەنگە تەلەفۆنی تایبەت بە خۆی نەبێت.

وێڕای سەرقاڵبوونی بەردەوامی، کەچی هەر بیری لەوە دەکردەوە وی تەلەفۆنی بۆ بکات. لە پێنجەمین ڕۆژدا ترسی ئەوی لێ نیشت بەسەرهاتەکەی لەدڵ ئەو دوێتەدا کۆتایی پێ بێت. ئەو دوێتە دوێتێکی کەللەڕەق و ڕکە، ڕەنگە هیچ پاساوێکی نەبێت بۆ ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکات، بۆیە، جوان نییە ئەم چی دیکە چەپکە گوڵی بۆ ڕەوانە بکات. لەوە

دەترسێت وێ ئەمی بە یەکێك تێگەیشتبێت کە سەرنجی بەلای وێدا ڕاکێشاوەو شایەنی پتر لە یەك تەلەفۆن نەبێت.

دەستی بە پلاندانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵوێستە نوێیە کرد کاتێك بەیانی شەشەمین ڕۆژ تەلەفۆنەکە زرەی لێوە هات:

ـ بەیانیت باش.

بە فێڵێکی پیاوانەی ڕۆچوو لە دەستەمۆکردنی ئافرەتاندا، ئەوپەڕی شادومانی خۆی دەرنەبڕی کە تەلەفۆنی بۆ کردووە، لێیشی نەپرسی بۆچی تا ئەمڕۆ دواکەوت و درەنگ پێوەندی پێوە کرد؟ دەشێت ئەم (کاتێکی زۆری بە دەستەوە بێت). ئەم جارەیان گوێ پێنەدانی لەگەڵ بەکارهێنا، ئەوە چەکێکە بەردەوام فیز زلی ئافرەت دەپێکێت، پرسیای گوماناوی ئاراستە دەکات. چەند وشەیەکی نەرم و نیانی لەگەڵ گۆڕییەوە، پرسیاری هەواڵ و دەنگوباسەکانی لێ پرسی، بەڵام ئەم ئەو کاتەی پێ نەبەخشی پرسیاری لێ بکات کە ناوی چییە. ئەو هەستەی پێ بەخشی کە ئەم لە کۆبوونەوەدایە. پاشانماڵئاوایی لێ کردو گوتی: (شادومان بووم کە گوێم لە دەنگت بوو). دەربڕینێکی گوماناوییە سەبارەت بە ئەڤینداری و سەبارەت بە ڕێزگرتن دەگوترێت.

پشووی پێدا هاتەوە کاتێك تەلەفۆنەکەی دانایەوە.

لەم تەلەفۆنەدا یەك هەنگاو بەرەو دواوە پاشەکشێی کرد، وەك بڵێیت سزای بدات بێ ئەوەی بزانێت بۆچی، لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو هەنگاوەیە کە بەسەرهاتەکەیان چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەبات.. ئەم وای لێ دەکات سەما بکات سەمای تانگۆ!

زۆر جار لەو بڕوایەدا بووە کە مێیایەتی ڕێتمە.

ئەم ئافرەتە لەگەڵ ڕوحی ئەم سەما دەکات. قسەکانی بەشێك لە فریودان و توندوتیژی و لووت بەرزین. وێ خاتوونی تانگۆیە. تەنانەت ئەو ڕەشەی لە بەریەتی بۆ ئەو سەمایە کراوە: سەمای تۆڵەسەندنەوە.

ئەم وردەکارییانە لە چنگی پیاوێك دەرباز نەدەبوون نیو سەدە لە ئەمەریکای لاتینی ئاوارە بووەو، هێشتە لە دڵی خۆیدا ناوی سەمایەك، یان پارچە میوزیکێك .. لە هەر ئافرەتێك دەنێت.

***

وێ، هەموو شۆڕەسوارەکانی چوار دەوری سواری ئەسپی دارینە بووبوون. ئەمەی بەم دواییە بۆ دەرکەوت. بەڵام دڵی دەڵێت ئەم پیاوە لەوان ناکات. ڕەنگە لەوان باشتر نەبێت، وێ هێشتە نازانێت. ئەوەی دەیزانێت ئەوەیە کە لەوان ناکات. لە کەس ناکات. گوڵی ڕەنگ سەیر سەیر هەڵدەبژێرێت، لەو گوڵانە ناکات پێشتر دیونی، لەگەڵ وشەگەلێکدا کەسی پێشتری ئەو نەیگوتوون.

تەمومژاوی ئەو، کورت بڕی ئەو، شێوازی داهێنەرانەی لە ڕاوەدوونانیدا، لە لێ نزیکبوونەوەیدا، لە هیچ پیاوێکی دیکەدا بەدی نەکردووە.

وێڕای ئەوەیش، وێ بۆ دڵنیایی خۆی لێ دوورەپەرێز دەگرێت. لەبەر ئەوەی تامەزرۆیە زوو پێی بگات، وردە وردە لێی نزیك دەبێتەوە، چونکە هەرچەندە هەنگاوی خێرا تری بەرەو لای پیاوێك نابێت گرەوەکەی دۆڕاندووە.

ویستی لە ژیاندا یەکێك لە شێوازە نوێیەکانی فێرکردن پەرەکتیزە بکات، کە فێرگە هاوچەرخەکانی دەروونناسی پێشنازیان کردووە، بۆیە لەسەرەتای دەست پێکردنی ساڵی خوێندندا نمرەی بەرز بە فێرخوازەکان دەبەخشێت، بۆ ئەوەی هانیان بدات ئەو نمرانە بپارێزن، لەبری ئەوەی ئەو نمرانەیان پێ بدات کە شایەنین، ئەو کات ئەوەندە ئارەزوویان نامێنێت خۆیان چاکتر بکەنەوە.

چ گەوجایەتییەکە بەرزترین نمرە بە پیاوێك ببەخشێت بەر لەوەی تاقی بکەیتەوە، بە گرەو کردن لەسەر ئەوەی کە بە جوانترکردنەوەی کەموکورتییەکانی گرەوی ئەوە دەبەیتەوە کە دەیکەیتە شۆڕەسواری سەردەمی خۆی.

سەرلەنوێ ئەو هەڵەیە ناکاتەوە. دەبێت ئەو پیاوە خۆی ماندوو و شەکەت بکات تا بتوانێت نمرەکانی ئەم وەربگرێت.

بە لۆژیکی مامۆستا بیری دەکردەوە، چارەنووسیش ئەوەندە پێکەنی وەنەبوو بە پشتڕا بکەوێت، کاتێك گوێی لێ دەگرت. وێ هێشتە نازانێت، کە ئەم پیاوە بۆ ئەوە هاتووە تا سەرلەنوێ بیخاتەوە بەر خوێندن!

***

پاش دوو تەلەفۆن، سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ناوە بچووکەکەی زانی، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی بە سەرکەوتنێکی گەورە زانی.

بەر لەو، تەلەفۆنەکەی ئامێر بوو، بە هاتنی بوو بە پیاو، ژمارەیەك بوو، بوو بە ناو. ناوی تەلەفۆنەکەی (تەلال)ە. ناوێکی نهێنی، تەنیا وێ دەیزانێت.

تەلال ناوی پیاوێکە نیشتەجێی ناو مایکەکەیەتی، بەڵام وشەکانی لەگەڵ بادا ژیانیان تەنیوەتەوە.

پیاوێك نایناسێت تەنیا کەمێك نەبێت .. ئەو ئەم زۆر دەناسێت. خستییە ناو بارێکی سەرەگێژەی ئەڤیندارانەوە کە ناتوانێت خۆی لێ قوتار بکات. لە ڕووپێوێکی ناوەندی نێوان دوو چەپك و دوو تەلەفۆندا، لە لێواری ئاگرکەوتنەوەکانی چاوەڕوانیدا نیشتەجێی کرد.

پێوەندی دوای پێوەندی، ئەو ئەمی دەبینی پتر گیرۆدەی دەبێت بەو ڕۆشنایانەی لەناو نهێنییەکانی تاریکیدا بۆی بەجێ دەهێشت، ئەوەتانێ وێ چاوەڕوانی دەنگیەتی، گلەیی لێ دەکات کە پێوەندی پێوە ناکات، پێشوازی لە گەڕانەوەی دەکات، لە هەڵچوون و داچووندا چاوی لە تەلەفۆنەکانی بڕیوە.

ئەم مافی ئەڤینداری بەسەر ئەوەوە هەیە، ئەویش مافی ئەڤینداری لەسەر ئەم هەیە لێی دڵنیا بێت و ئاگەداری بەرنامەی ڕۆژانەی ببێت، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان دەستپێشخەری بکەن و وشەیەکی ئەڤیندارانە بە یەکدی بڵێن.

جڵەوی خۆی بۆ شل کرد هەموو ڕۆژێك گوێی لە دەنگی بێت. لە نێوان فڕۆکەخانەکان و کۆبوونەوەکاندا، یان لە نێوان نووسینگەو ماڵەوە، کاتێك لەناو ئۆتۆمبیلدا دەبوو، پێوەندی پێوە دەکرد.

وەك گوڵە زەنبەقێکی ئاوی لەناکاو لەناو ئاوی ڕاوەستاوی ژیانیدا دەرکەوت. کاتێك پێشنیازی کرد یەکدی ببینن، ئەو بڕیاری دا بیخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ئیبلیسانەوە بەر لەوەی دڵی خۆی ڕادەست بکات.

ئەویش لەبەر ئەوەی بەردەوام گومانی لەو کەسە هەبوو دەهاتە ناو ژیانی پیشەیی، یان سۆزدارییەوە. بە هۆی دەوڵەمەندییەوە وریابوو، لەبەر ئەوەی بڕوای وابوو کە ئەوانەی

لەبەر گیرفان دەیانەویت، ژمارەیان زۆرتـرە لـە ژمـارەی بـرادەرو هاوەڵـەکانی، هـەروەها ئەفسوونی پرشنگداری پارەو پوول، زۆرتر بوو لە ئەفسوونی کەسایەتیی.
ڕەنگە هەلێك بێت، لە ئافرەتێکـدا کـە وێ ئـەم ناناسـێت، ئامـادەگی خـۆی خـاڵی لـە لووتبەرزی پلەو پایە تاقی بکاتەوە، چونکە بریسـك و هـوڕی دەوڵەمەنـدی کردوویەتییـە چەقی تیشکدانەوەیەك ڕووناکییەکەی خەڵکی بەرەو لای ڕادەکێشێت، بۆیـە بچـێتە هـەر شوێنێك بەو پارەو سامانەی هەیەتی جوان دەبێت .. نەك بە خۆی.
کاتێك وێ ئاگەداری کردەوە کە ئاهەنگێك لە پاریس سازدەکات، پێشنیازی بۆ کرد لەوێ یەکدی ببینن، بیانووی ئەوەی هێنایەوە کە لـە بـەیرووت بەناوبانگـەو، ئاسـان نییـە لـە شارێکی عەرەبی یەکدی ببینن. لافی ئەوەی لێ دا کە لەگەڵ گەشتەکەی ئەمدا ئەویش لە ئەوروپا دەبێت.
لەو پیشنیازەیدا بە تەنگەوەبوونی ناوبانگی ئەمی بەدی کرد، بۆیە لەو بـارەوە ستایشـی کرد. خەونی بەوەوە دەبینی کەی بە دیداری بگات، چونکە وێ سەردانی پاریسی نەکردووە یەك جار نەبێت ئەویش پـێش چـەند سـاڵێك لەگـەڵ بـاوك و براکەیـدا، ئـەو ڕۆژگـارەی مامەیەکی لەوێ نیشتەجێ بوو. ڕەنگە لەو سەردانەوەیدا لە پاریس خواوەند بەزەیی پێـدا هاتبێتەوە بۆ ئەوەی بەخۆی ڕوو بە ڕووی ئازاری یادی هـەردووکیان ببێتـەوە، بۆیـە دڵـی دایەوەو ئەو ئەڤینداریییەی بۆ نارد.
پێشتر بە دیداری پیاوێك نەگەیشتووە لە شارێکدا هەوای ئازادی هەڵبمـژێت، ڕۆژێـك لـە ڕۆژگاریش ئازاد نەبووە. ڕەنگە ئەمە هەلێك بێت بۆ شکاندنی کۆتەکانی و شارەزابوون لە جیهان. گەڕایەوەو خۆی ڕێك خستەوە: شـارەزابوون لـە جیهـان نـەك لـێ ئاشـکرابوونی، هەموو ئەوەی هیوای بۆ دەخوازێت دانیشتنێکی جوانە لەگەڵ ئەم پیاوەدا، کە ژیـانی بـە گوڵ ڕەنگ کردووە، ئەو وشەگەلەیش کە نازانێت هەموو جارێك لە کوێ بۆی دەچنێت.
ڕۆژێکی تەواوی لەگەڵ نەجلادا بەسەر برد بە کۆگەکاندا بە دوای جـل و بـەرگی پۆشـتەدا دەگەڕا، بۆ ئەوەی لەگەڵ مانەوەی لە پاریس و بۆ ئەو دیدارە بگونجێت. نەجلا لە ئاکامـدا بە بێزارییەوە گوتی:

ـ خەڵك دەچنە پاریس بۆ ئەوەی شت لەوێ بکڕن، کەچی تۆ شت دەکڕیت بەر لەوەی بچیتە پاریس.. خوشکم ماندووت کردم هیچ شتێکت بە دڵ نییە!

بە گاڵتەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ تۆ چوزانیت .. ڕەنگە ئەڤینداری لە پاریس هیچ کاتێکم بە دەستەوە نەهێڵێت!

وێ نایەوێت ئاگەداری بکاتەوە کە بڕە پارەیەکی کەم وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی ڕەوەندی جەزایری ئاهەنگەکە ڕێك دەخەن. لە ڕاستیدا، بێ ئەوەی ئاگەی لێ بێت، نایەوێت پارەیەکی زۆر، لەوە زۆرتر کە لە مانگێکدا وەریدەگرت کاتێك مامۆستا بوو، بە کراسێك بدات. هێشتە بڕی 170 دۆلار بەلای ئەوەوە بەربەستێکی دەروونییە دەبێت تێیپەڕێنێت. هیچ کارێکی نەبوو تەنیا ڕێکخستنی جانتاکانی خەون نەبێت، کاتێکیش خەونەکانی ئامادەبوون بۆ فڕین و، کاتی وردەکارییە بچووکەکان نزیك بووەوە، ئەو تەلەفۆنی بۆ وێ کردو پرسی:

ـ فڕۆکەکەت کەی دەگات؟

گوتی:

ـ کاتژمێر شەش بە کاتی پاریس.

ـ لە چ فڕۆکەخانەیەك؟

ـ فڕۆکەخانەی شارل دیگۆل.

ـ باشە .. لە لەندەنەوە نزیکەی هەموو کاتژمێرێك گەشتێك هەیە. لەندەن بەجێ دەهێڵم بە شێوەیەك بەر لە تۆ دەگەم و لەوێ لە دەروازەی هاتنە دەرەوەی نەفەرە هاتووەکانەوە چاوەڕێت دەکەم.

پاش کەمێك بێ دەنگی درێژەی دایە:

ـ هیوادارم لە ناو ئەو هەموو گەشتیارە زۆرانەدا بمناسیتەوە.

وەڵامی دایەوە:

ـ هەرچۆنێك بووە یەکدی بزرناکەین، تۆ دەمناسیت، وا نییە؟

بە گاڵتەوە گوتی:

ـ ئەگەر دڵت نەمناسێتەوە ئەوە هەرگیز نامبینیتەوە.. ئەم سەرگوزەشتەیش ئەو کات شایەنی ئەوە نییە بگوزەرێنرێت!

بە لۆژێکی بەرەنگاربوونەوەی سۆزداریانەی ستەمگەرانەی ئافرەتێک لەوەو پێش نەیبینیوەو، لە ئاکامیشدا هیچی لەبارەوە نازانێت، ئەو قسانەی بە تەنگەیدا دا.

وێ پێشبینی نەکرد ئەو تا چ ڕادەیەك ڕاست دەکات. بڕیاری دا بەرەنگاربوونەوەی خۆی پەرە پێ بدات.

بە پێکەنینەوە پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی کۆتایی پێ هێناو گوتی:

ـ با وا بێت .. لە فڕۆکەخانەی شارل دیگۆل بە یەکدی دەگەین!

نەیدەزانی چ داوێکی بۆ دانراوەتەوە. فریوی دا گوایە لە لەندەنەوە قسەی لەگەڵ دەکات. چۆن بزانێت و پێشبینی بکات کە بە نمرەی تەلەفۆنێکی فەرەنسی داوای دەکات، لە ڕاستیدا سەفەری نەکردووەو ... لە بەیرووتەوە قسەی لەگەڵ دەکات!

ئەو ئێستە وردەکارییەکانی گەشتەکەی دەزانێت بە شێوەیەك بە هەمان فڕۆکە سەفەر بکات و لەگەڵی لە هەمان (کۆمپارتمانت)ی پلە یەك سەفەر بکات. وێ پێشتر ئاگەداری کردبووەوە کە لە بەیرووتەوە سەفەر دەکات، چونکە لەو ڕۆژەی وێ سەفەر دەکات گەشتی فڕۆکە لە شام نییە، ئەگەر لە شوێنی پلە یەکەمیش سەفەری نەکردایە ئەوە لەو فڕۆکەیەدا شوێنی دەست نەدەکەوت، درێژەی دایەو گوتی:

ـ ڕێی تێ دەچێت؟ ڕۆژانە سێ فڕۆکە بۆ پاریس دەڕوات و هەمووشیان شوێنیان تێدا دەست ناکەوێت!

بەرسڤی دایەوە:

ـ ئاشکرایە. ئێستە ڕۆژگاری جەژنەکانە.

***

دژوارترین و سەیرترین یادوەری، ئەوانە بوون کە ئەو ڕۆژە ئەم گوزەراندنی کاتێك بۆ ماوەی چوار کاتژمێر لە دوورایی چەند هەنگاوێك لە(وێ)وە بەسەری برد .. کاتێك (وێ) بیری لەو پیاوە دەکردەوە کە خۆی ئامادە دەکرد بە دیداری بگات!

دوور کورسی لێوەی دوور بوو، بەڵام دوورتر بوو لەوەی ئەو ڕۆژە لە پەردەی تەلەڤزیۆنەوە بینی. لە پەردەی تەلەڤزیۆن جوانترە، بەڵام ئەوەند درێژ نییە وەك پێدەچوو، ئەمەیش یەکەمین جارە دەیبینێت پاڵتۆیەکی ڕەشی پۆشیوە. پاڵتۆیەکی پۆشتەی بێ بریق و باق، پشتوێنێکی لەلاوە پێوە بەستراوە، قژەکەی ڕازاندویەتییەوە کە بەسەر هەردوو شانیدا شۆڕبووەتەوە. پاڵتۆکەی دایە دەست (میزبان)ەکە، بۆ یەکەمین جار لە نزیکەوە جەستەی بەرچاو کەوت. ئەو ئێستە لەبەردەم دەست و لە بەرچاویەتی. دەکرا ڕاوەستێت و سەڵاوی لێ بکات، ئەو چەپکە قژەی لەسەر تەوێلی لابات و پێی بڵێت: (ئەم کاتەت باش هالە .. ئەوە منم). بەڵام حەزی کرد ڕۆڵی ئەو پیاوە ببینێت کە وێ نایبنێت و .. جگە لەو کەسی دیکە نابینێت.

لێی ورد بووەوە کاتێك ڕۆژنامەکانی دەخوێندەوە، وێ زۆر ناخوات شتێکی کەم نەبێت لەو خواردنانەی پێشکەشیان کردووە. وەك بڵێیت هەر بە شازادەیی لەدایك بووە. لەو ئافرەتە بەچێژتر نییە لە پلەی یەکەم دادەنیشێت و، بیزی نایەتەوە خۆی بە خواردنەوە خەریك بکات. زۆر جار خەڵکی دیکە بەوە ڕاهاتوون ئەوە بۆ کات بەسەر بردن و خۆدوورخستنەوە لە بیرکردنەوەی ئەگەری مردن بکەن کاتێك لەناو فڕۆکەدان، بۆیە کۆمپانیاکان کێبەرکێیانە دڵمان بۆ هەموو شتە خۆشەکان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەبیرمان بچێتەوە کە ئێمە بە ئاسمانەوە لە پەڕێك سووکترین. مەگەر شتە خۆشەکان کە لەکاتی گەیشتندا چاوەڕێمان دەکەن لەوە خۆشتر بن کە پێشکەشمان دەکرێن، ئەو کاتە لە هەموو شتێکدا زێدەڕۆیی ناکەین چاوەڕێی ساتی دابەزین دەکەین. تەواو وەك ئەوەی ئێستە (وێ)ی پێدا تێدەپەڕێت.

ئەوەیش گاڵتەکردنی شوێنە بە کات. وێ پاش چوار کاتژمێر پەلەیەتی بە پیاوێك بگات لە تەنیشتیەوە دانیشتووەو وێ نایبینێت!

پێکەنینی هات کاتێك نەیزانی چۆن مایکی میوزیك، یان شێوازی گۆڕینی پەردەی بەرانبەری بەکاربهێنێت، کە بە پەخشی ڕێڕەوی فڕۆکەکەو ئەو کاتەی بۆ گەیشتن ماوە دابەستراوە. شتێکی ڕوونە زۆر گەشتی نەکردووە.

ئەو دەیتوانی، بۆ زێدەڕۆیی لە بێ هوودەیی هەڵوێستەکە، بچێت یارمەتی بدات، بەڵام بڕیاری دا ئەوە نەکات تا فریوی شوێنەکە تێك نەدات.
ماوەیەکی کورت پێش گەیشتن، (ئەستێرە)کە ڕاوەستاو جزدانێك بچووکی لە جانتاکەی دەرکردو بەرەو گەرماوەکە ڕۆیشت. ڕۆیشت بۆ ئەوەی سەیرێکی ڕوخساری خۆی بکات، ئەم جار بە ڕوویەکی گەشاوەوە گەڕایەوە، سووراوو سپیاوەکەی نوێ کردبووەوەو قژی بەلادا بەردابووەوە.
بریسکەی بزەکانی بەسەر نەفەرەکاندا پەخش کردەوە، وەك ئەوەی (ئەستێرە)کان هەر بۆ خۆشی بەسەر خەڵکیدا دەبەخشنەوە. بزەکەی وەرنەگرت و هێشتی بەر ببێتەوە سەر زەوی. شادییەکەی پووکایەوە کاتێك بینی پەلەیەتی بۆ ئەوەی دابەزێت و چاوی بە پیاوێکی جگە لەو بکەوێت.
کاتێك فڕۆکەکە نیشتەوە هێشتی وێ پێشی بکەوێت و زووتر لە فڕۆکەکە دابەزێت. خۆی بینی چەند نەفەرێك لە نێوان ئەم و وێدایە. بەڵام زووتر پشکنینی تەواو کرد لەبەر ئەوەی پاسپۆرتەکەی پاسپۆرتێکی بیانییەو سەفەرەکەیشی بێ جانتایە تەنیا یەك جانتای دەستی پێیە، ئەمەیش وای کرد بەر لە وێ دەربچێتە دەرەوەو لەگەڵ ئاپوورەی پێشوازیکاراندا چاوەڕوانی بکات.
قەرەباڵغ و پاڵەپستۆو .. خەونگەل لەژێر پێدا تێکدەشکێن. شەپۆلی خەڵکانێکی هاتوو و ڕۆیشتوو، ئەو ڕۆیشتوو بوو بەر لەوەی بگات، وەك بڵێیت بۆ ئەوە هاتبێت تا بڕوات.
لە نزیکەوە ئاگەی لە سەرگەردانیی وێ بوو لەبەردەم ڕواڵەت و ڕوخساری پیاواندا. لە دوورەوە لێی وردبووەوە سەیری پیاوێکی دەکرد هیوای دەخواست خۆی بێت. پیاوەکە نیگای لەگەڵ ئاڵوگۆڕ کرد کاتێك بینی سەیری دەکات. بەڵام بەر لەوەی وێ بەرەو ڕووی بچێت، هەستی بەرەو ئاراستەیەکی هەڵەی برد .. بە هەمان پێوەری ستێتیکی.
کەواتە هیوای دەخواست لەو شێوەیە بێت، یان وای پێشبینی دەکرد.. عەرەبێکی چل ساڵە .. قۆز جانتایەکی سووك و ڕەشی لە پێست دروست کراوی ڕادەکێشا. یان وەك ئەوەکەی دیکە بەبێ جانتاو جلوبەرگ سەفەر دەکات، تەنیا یەك دەست چاکەت و پانتۆڵ

نەبێت لەناو کیسەیەکی نایلۆندا بە دەستییەوە دەگرێت.. بەو دەستەکەیشی جانتایەکی بزنسمانانە ڕادەکێشێت.

نیو هەنگاو لەمەوە دوور بوو ... بیٚ ئەوەی پێی بگات.

نەیویست لە ئاستی ڕوانینی ڕابوەستێت، بەڵکو یارمەتی بدات لە دوایەمین ساتدا لە تاقیکردنەوەکەدا سەربکەوێت.

یارییەکی ترسناکە ئەوەی بۆ تاقیکردنەوەی هەڵبژاردووە. وێ لێرەیە لە بەردەمیدا، ئایە گرنگ ئەوەیە دەست ببات و بیگرێت.. یان لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بێت؟

هەستەکەی دڵنیایی بوو، وێ نایناسێت. هەر لە بنەڕەتدا بە چاو سەیری ئەمی نەدەکرد تەنیا پیاوانی دیکە نەبێت. بڕیاری دا بەرانبەر بە یەکەمین هەڵە بکشێتەوە، چونکە ئەو ئاگەی دۆڕان نازانێت، قایلیش نابێت سەرشۆڕ بێت تەنانەت لەبەردەم خۆیشیدا بێت. لە ڕاستیدا دەیتوانی هەرکە لە فڕۆکەکە دابەزی کارێك بکات، چونکە کارەکە پێش گەیشتن یەکلا کرابووەوە. بەڵام ئەوەی ویستی بیزانێت، ئەوەبوو وێ هیوای دەخواست ئەم چۆن بێت. ویستی ماوەی ڕاستەقینەی نێوان ئەم و نێوان خەونەکانی بزانێت. لە نێوانی و نێوان ئەوەی پارەو پوول لێی ڕووت دەکەنەوە. کاتێك هەڵەکان بە پیاوانی دیکەی هاوسان دەکەن!

هەرکە بینی هۆڵی فڕۆکەخانەکە لە چاوەڕوانی گەشتی دادێدا خەریکە چۆڵ دەبێت، بینی نائومێدانە فڕۆکەخانەکە بەجیٚ دەهێڵێت. لەسنووری نێوان هەل و بزربوونی .. لێی بزربوو.

بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ شوفێرەکەی کرد. لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەیەوە بینی لەبەردەم وێستگەی تاکسییەکاندا چاوەڕوانە نۆرەی بێت و سواری تاکسی بێت. بۆ بارانی بەجیٚ هێشت. فێڵبازانە بزەیەکی هاتیٚ. ئەو ساتە بڕیاری دا بە ژوانێك تۆڵەی ئەو سەرشۆڕییە سۆزدارییە بکاتەوە، کە جگە لە خۆی کەسی دیکەی تێدا نەبینێت.

بەیانی کاتێك لەخەو هەستا، لە یادی نەکرد تەلەفۆن بۆ ئامۆژگەی جیهانی عەرەبی بکات و، خۆی بە پارێزەرێك پیٚ ناساندن و، پرسیاری ئەدرسەکەی لیٚ کردن.

دەیەویت هەردەم تووشی سەرسوڕمان بیت. بەڵام بۆ ئەوەی لەمەوپاش تێی بگەیەنێت گوایە لە دەستی داوە.

***

پێشبینی نەدەکرد دووچاری بۆسەیەکی سفت و سۆڵی لەم جۆرە بێت. چۆن بتوانێت لە فرۆکەخانەیەکدا بیناسێتەوە؟

ئایە شوێنێکی لەوە چۆڵتری نەدەدۆزییەوە؟

ئەوە یارییەکی ناپاکانەیە، مادامەکێ تەنیا بە خۆی یەکێك لە دوو لایەنەکەیە کە ئەو لایەنەکەی دیکە دەناسێت؟ پاشان ..ئەی نەدەبوو لە دواساتدا بنەماکانی یارییەکەی بگۆڕیبایەو ڕایبگەیاندایە کە بەسەریدا زاڵ بووە؟ ئەوە چ سەرکەوتنێکە ژوانێك لە دەست دەدات کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕێی دەکرد!

ئێستە پێویستە وێ پاش ئەو چاودێرییە دڵخۆشکەرانە، خۆی لەگەڵ ئەو نائامادەگییە پڕ ئێشەدا بگونجێنێت. وێ پێویستی پێ بوو لە پێناوی ئەو هەموو شادیانەدا کە لە دڵەوە ئومێدی بۆ دەخواستن و، ئەو خۆشییانەی کە پێشبینی دەکرد لە ئاکامدا چارەنووس بە دیاری پێشکەشی بکات. هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی شکستییەکانی ڕوح، لە شارێك بەر لە پێنج ساڵ شادومانانە سەری لێ داوەو ئێستە بە تەنیا بۆی دەگەڕێتەوە. سوپاسی خوای کرد کە مامی پاش خانەنشین بوونی پاریسی بەجێ هێشتوەو چووەتەوە لە جەزایر ژیان دەگوزەرێنێت، کە ئەو کاتە لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لە خۆی و باوك دایکی و عەلا کرد.

ئەگەر لە پاریس بووایە بە هەڕەشەکانی ئاهەنگەکەی لێ تێك دەدا، وەك لە جەزایر کردی، بەوەی تۆمەتبار دەکرد کە شکۆی خێزانەکەی پێشێل کردووە، لەبەر ئەوەی (پیاوێکی نەدۆزیوەتەوە جڵەوی بگرێت). وەك بڵێیت مردن (تالان و بڕۆ)ی ئازادی بێت، دڵی بە بردنەوەی خۆش بێت لە کاتێکدا خۆشەویست ترین کەسی لەدەست دا.

ئەگەر تۆزێك بەسۆزو تێگەیشتووتر بووایە، ڕەنگە لە جەزایر بمایەتەوە.. بەڵام، پێی ناخۆش بوو تەنانەت شەڕ دژ بە کەسوکارو خزمەکای هەڵگیرسێنێت.

له هەشتاکاندا، باوکی ڕووی کردە حەلەب  بۆ ئەوەی میوزیك بخوێنێت، پاش دوو ساڵ لەوێ گەڕایەوە وەك بلێیت لە فێرگەی ژیان دەرچووبێت. لەکاتێکدا مامی لە حەفتاکاندا بۆ کارکردن چووە پاریس، کاتێك بۆ جەزایر گەڕایەوە بۆ ئەوەی خانەنشین بێت، وەك بلێیت ئەو هەموو ساڵانەی لە ئەوروپا بەسەر بردووە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بیرکردنەوەی بەجێ نەهێشتبێت.

لەناکاو ڕدێنی بەردایەوە، قسەی گۆڕاو، جلوبەرگێکی لەبەر کرد لە جلوبەرکی ئەفغانییەکان دەچوو، وای لێهات نەدەگەڕایەوە ماڵەوە. بێ ئەوەی ڕایشیبگەیەنێت، ئاشکرابوو کە بەکارێکی بێزراوی نزیك بە حەرامی دەزانی کە براکەی گۆرانی کردبووە پیشەی خۆی. لە دوایەمین سەردانیاندا، لایان نەمایەوە شیوەکەیان لەگەڵ بخوات. بۆ ئەوە هاتبووەوە ئەو کاسێتانە لە باوکی وەربگرێت لە بۆنەیەکدا سروودی ئایینی تێدا گوتبووەوە، پاشان ڕۆیشت.

گۆرانیبێژەکان لەسەردەمی باپیریدا سروودبێژو، خاوەندی ڕێبازو تەکیەی ئایینی بوون، هەروەها شۆڕشگێڕو تێکۆشەر بوون، هەندێکیان ڕزگاربوون و هەندێکیان تێداچوون، وەك یەکێك لە کوڕەکانی شێخی تەکیەی موختارییە، کە نهێنییەکەی ئاشکرابوو. کەمانجەژەن بوو، بەڵگەنامەو دیکیۆمینتەکانی شۆڕشی ئاودیو دەکرد بەوەی بەناوەوەی کەمانجەکەوەی دەلکاند. ئەو بەسەرهاتەی لە باپیری بیستبوو کە وای کرد بە منداڵی شادومانانە بژێت، بێ ئەوەی بە ڕاستی کاری بۆ ئەو مەبەستە بکات، ڕێگەی پێ دابوو سەردانی ماڵیان بکات کە لە بنارەکانی چیاکانی ئۆراس بوو.

باپیری ساکار بوو، ئاستی دانایی لە ئاستی درۆینەکردنی بەرزتر بوو، خۆی لە بریق و باق و ڕواڵەتەکانی ژیان بەدوور دەگرت. ژیانێکی ئاشتیانەی لەگەڵ سروشتدا دەگوزەراند، ئامادەی شایی بووك و زاواکان دەبوو، چێژی لە میوانداریی‌یەکان وەردەگرت، لەگەڵ سروودبێژاندا سروودی دەچڕی و، لەگەڵ گۆرانیبێژەکاندا گۆرانی دەگوت لەو گۆرانییانەی کەلەپووری بەربەری شاوی کە ئەزبەری کردبوون. بەڵام پارەی لە کەس وەرنەدەگرت، تەنانەت لە کوڕەکانیشی. کە پێویستی پێ بووایە یەك تا دوو سەر لە مەڕو ماڵاتەکانی دەفرۆشت. هەرچی پێویست بووایە لەناو باخەکەیدا هەبوو. پێویستی بە زۆر شتیش

نەبوو. بە شێوازی خۆی ژیانێکی سۆفیگەرانەی گوزەراند، ڕۆژێك لە ڕۆژان نە قـات و نـە بۆینباغ و نە پێڵاوی نوێ و تەنانەت دەرمانیشی بەکارنەهێنا.
سپی سپی ژیانی تێپەڕاند، هەر لە کەڵپۆسە سپیەکەیەوە تـا دەگاتـە کفنـە سـپییەکەی. گوێی لێ بوو ڕۆژێکیان لە دانیشتنێکدا کە مشت و مڕی تێدا گەرم بووبـوو، بـە بـاوکی گــوت ( کاتێــك دەمریــت و یــەك ملیۆنــت لــە بانقــدا هــەبێت تــەنیا بــە خــۆت دەزانیت..ناوبانگیت ئەوەیە لە پاشت بەجێ دەمێنێت نەك گیرفانت).
باوکی گیرفانی نەبوو، هیچ شتێکی بۆ خۆی گل نەدەدایەوە، چ پێویستی پێ هەبوو؟ کەس لە ماڵەکەی نەدەنووست میوان نەبێت، بەپێی نەریتی میوانداری میوانەکەی سێ ڕۆژ لـە ماڵەوەدا گل دەدایەوە، لە سێیەمین ڕۆژدا سـوێندی دەخـوارد نابێـت بـە دەسـتی بـەتاڵ ماڵەکەی بەجێ بهێڵن، دەبێت ڕۆن و (فریك) و کەسکەسی لەگەڵ خۆیاندا ببن. جارێکیـان ژنەکەی نارەزایی نواند چونکە هەرچی ئازووقەیان هەبوو بە میوانەکانی بەخشی. وەڵامـی دایــەوە (ژنەکــە .. چــاوتێری هــەموو کەموکورتییــەکان دەشــارێتەوە.. ڕەنگــە کەموکورتییەکیان لێ بینیبێن ئێمە بە خۆمـان نـەمانبینیبێت.. بـا ڕەوشـی خۆمـان بـە بەخشەندەیی بپۆشین).
لە (کوڕانی سوڵتان) بوو لەوانەی کـە باسـیان دەکـرا دەیـانگوت (سـوڵتانن بـێ ئـەوەی موڵکیان هەبێت). لەبەر بەخشەندەییان، نگینیان لەسەر نەنرابوو، وازیان لە ناوبانگیـەتی فەرمانڕەوایی هێنابوو بۆ ئەوەی بە ناوبانگییەتی بەخشندەیی ناودەربکـەن، ئـەوان بـەوە سوڵتان بوون کە بەخشییان نەك بەوەی بەدەستیان هێنا. وێڕای پێویستی پێ بوونی خۆیان شتیان دەبەخشی تا ڕادەیەك بۆ ئەو کەسانە دەربکەوێت کە سەریان لـێ دەدان کـە ئـەوان لەوان دەوڵەمەندترن. بۆیە، کاتێك قوسەنتینە داگیر کرا، ئەحمەدی بای پەنا وەبـەر ئـەوان برد، بە خۆی (بای) بوو، لە میوانداری (بایەکان)دا بـوو، شۆڕەسـوارێك بـوو لـە پـارێزی خاکێکدا کە قەڵایەکی سروشتی بوو، هەر کەسێك پەنای بۆ ببردایە قایل نەدەبوو ڕادەستی دوژمنی بکاتەوە. ئەو خاکە داب و نەریت و ئاکاری خۆی هەیە، لە ویژدانی شـاوییەکاندا تواونەتەوەو وای لێ کردوون بەرگری لەو داب و نەریتانە بکەن.

ئەسرینەکانی باپیری لەبیر نەکرد کە داستانەکانی پاڵەوانیەتیی خۆیانی دەگێڕایەوە. ڕەنگە لەبەر ئەوە گریابێت، کە بەخشندەییەکەی ئەوەندە بە دەستەوە نەهێشتبێت تا ببەخشێتەوە. تەنانەت لە مردنیشدا چاوتێربوون، بەوپەڕی چاوتێرییەوە بە پیری شەهیدبوونەوە دەچوون، چونکە بڵیسەی ڕزگاری لە (ئۆراس)ەوە دەستی پێ کرد. شۆڕش لەدایك نەدەبوو لەو چیا (سەرکش و سەربڵندانە) نەبێت. جوگرافیای ئەوان مێژووی هێناوەتە کایەوە. بە درێژایی نۆ مانگ، پیاوەکانی ئۆراس بە تەنیا شۆڕشیان بەڕێوەبرد، بڵێسەیەك بوو لە ئامێزیان گرت پاشان بوو بە ئاگر، گوندو کێڵگەو باخ و کەس و کارو مەڕو ماڵات و هەموو سامانی سووتاندن. بە تەنیا ڕوو بە ڕووی سوپایەك بوونەوە نەیاندەزانی چەندە چەك و تەقەمەنی هەیە، ڕووبە ڕووی جەنگەیلێك بوونەوە لەوەپێش کارەساتەکانیان نەبینیبوو. فەرەنسا لەو بڕوایەدا بوو ئەگەر لەناویان ببات و سەرکوتیان بکات، ئەوە تا هەتایە دەتوانێت شۆڕش لەناو ببات. ئەو کاتە سەرانی شۆڕش دەسپێشخەرییان کرد بۆ ئەوەی گەمارۆی سەر ئۆراس بشکێنن یاخیبوونیان بۆ شوێنەکانی دیکە گواستەوە، پاش ئەوەی بینییان شتێکی دادپەروەرانە نییە ڕۆڵەکانی ئۆراس بە تاك و تەنیا دووچاری هێرشەکانی سوپای فەرەنسا ببنەوە.

بە چەند ڕۆژێك پێش حەڤدەمین ساڵیادی جەژنی لەدایکبوونی (ئەحمەد)ی باپیری کۆچی دوایی کرد. زوو باڵق بوو. مردنی باپیری یەکەمین پێوەندی بوو لەگەڵ کارەساتی لەدەستدان و لەدەست چووندا. وەك ئۆراس وابوو کە بەردەوام بەفری سپی داپۆشیوە، بە باڵا بەرزی و بە سەروێنە سپییەکەی سەرییەوە لە ئاسمانەوە نزك بوو، نەیدەزانی لەژێر سەروێنەکەوە پیر دەبوو و بەساڵدا دەچوو، تەنانەت هەردوو لا سمێڵی کە بەرەو سەرەوەی لوول دابوون سپی نەچووبوونەوە.

وێ زۆر جار بە منداڵی لە سەیرانەکانیدا یاوەری دەکرد، لەگەڵی بە چیاکەدا سەردەکەوت، دەستی دەگرت، یان داوێنی کەڵپۆسەکەی دەگرت، تا دەگەیشتنە بەرزترین خاڵ کە هەردوو پێی دەیانتوانی پێی بگەن و ڕاهاتبوون بە چیادا هەڵزنێن، ئەو کات لەژێر دار کاژێکدا دادەنیشت، کاتێك پشووی دەدا، شمشاڵەکەی دەردەهێنا کە بە پشتەوەی کەڵپۆسەکەیەوە هەڵواسیبوو، ئەم جار دەستی بە گۆرانی چڕین دەکرد، بە دەنگێکی

بەسۆز گۆرانی دەچڕی وەك بڵێیت لاواندنەوە بێت، هەرکە دەنگی لە دۆڵەکەوە بگەیشتایەتە چیاکانی دیکە دەگەیشتە لووتکەی تەجەلی لە خۆشیاندا، ئەو کاتەیش هەستی بە شادی دەکرد کە دەنگدانەوەی گۆرانییەکەی بەر گوێ دەکەوتەوە، وەك بڵێیت یەکێك لەو چیاکەی بەرانبەرەوە وەڵامی دەداتەوە.

بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ وێ لەو بڕوایەدا بوو کە بانگی کەسێك دەکات و ئەو کەسەیش لە دوورەوە وەڵامی دەداتەوە لەبەر ئەوی ناتوانێت بە هۆی دۆڵەکەی لەنێواندایە بە خۆی ئامادە بێت. هەر گۆرانییەك بە بانگەوازێك دەستی پێ دەکرد درێژەی دەکێشا... درێژەی دەکێشا وەك بڵێیت گریان و فیغان بێت (یاااا یاااای)..

ڕەنگە خولیابوونەکانی (مەروانە) لە (قامیش)ەکەوە هاتبێت کە جگە لەو ئامێرە هیچ ئامێرێکی دیکەی نەدەناسی. ئاکام هەر نەتەوەیەك و میزاجی ئامێری میوزیکی خۆی هەیە. پێم بڵێ چی دەژەنیت پێت دەڵێم تۆ کێیت، مێژووی خۆتت بۆ باس دەکەم و چارەنووس و نێوچەوانی نەتەوەکەیشت بۆ دەخوێنمەوە. قەرەجەکان گیتارە هەستەژێنەکەیان، ئەفریقاییەکان دەنگی دەهۆڵەکانیان، فەرەنسییەکان خۆشنوودی ئۆکۆردیۆنەکەیان، نەمساوییەکان شاعیریەتی کەمانجەکەیان، ئەوروپاییەکان ئۆرستوکراتیەتی پیانۆکەیان و، ئەندەلوسییەکانیش سەڵتەنەتی عوودەکەیان..

دواتر، زانی کە گۆرانی پیاوەکانی مەروانە درێژەی ئاه وناڵەکانی شمشاڵ بوو، چونکە (قامیش) ئامێرێکی نهێنی درکێنەو لە گریەو ناڵە ناکەوێت، وەك منداڵێك لە دایکی بزربووبێت، بەسەرهاتەکەی بۆ هەر کەسێك دەگێڕێتەوە کە گوێی لێ دەگرێت ئەویش دەهێنێتە گریان، بۆیە شمشاڵ هاوڕێی هەموو ئەو کەسانەیە لێك دابڕاون، لەبەر ئەوەی لە جێگەی خۆی دوور کەوتووەتەوەو، لە خاکی خۆی هەڵکەنراوە، پاش ئەوەی لە لێواری ڕووبارێك دەژیا، دارێکی سەزو بوو بە قامیشێکی گەڵادارەوە. بەجێ هێڵرا تا وشك بووەوە بۆیە ڕوخساری زەرد هەڵگەڕاو، بوو بە دارێکی ڕەق و تەق. ئەو کات درایە بەر ئاگر بۆ ئەوەی دڵی ڕەق بێت، چەند کونێکیشیان تێ کرد بۆ ئەوەی بایان پێدا بگوزەرێت بۆ ئەوەی فووی تێ بکەن و خەفەت و پەژارەو ئازارەکانی خۆیانی پێ بڕەوێننەوە.. کەچی ئاه و ناڵەی لە ئاه و ناڵەی فووتێکەرەکەی پترە.

تۆ بڵێت باپیرەی کێی لە دەست دابێت، تا یاوەری شمشاڵ بکات؟
دەچووە سەر لووتکەی چیاکە بۆ ئەوەی خۆی بدوێنێت، لەبارەی ئەو ئازارەوە کە تەنیا خۆی دەیزانێت. یان ڕەنگە هەر کاتێك بیتوانایە دەگەڕایەوە، بۆ ئەوەی دەنگی خۆی تاقی بکاتەوە، چونکە ئەو بە هۆی گەرووییەوە دەزانێت چەند ساڵی تەمەنی ماوە، چونکە بە لای ئەوەوە، هەر پیاوێك دەنگی لە دەست بدات پیاوەتی خۆی لە دەست دەدات.
بۆ ئەمی گێڕابووەوە کە لە سەردەمی جەنگی ئازادیدا، دەچووە سەر بەرزترین لووتکە، بۆ ئەوەی نۆرەی خۆی لە پاسەوانیەتی کردنی گوندەکە بگێڕێت، کاتێك لە دوورەوە کاروانی (بلاندی) و زرێپۆشە فەرەنسییەکانی دەبینی بەرەو ڕوویان دەهاتن، خەڵکەکەی ئاگەدار دەکردەوە، لە چیاکەی دیکەوە یەکێکی دیکە دەنگەکەی وەردەگرت، پاشان یەکێکی دیکە، بەو شێوەیە پیاوەکان بە نۆرە بانگەوازەکەیان بە چیاکاندا پەخش دەکردەوەو هەواڵەکەیان بە هەموو دانیشتوان دەگەیاند.
چیاکان سەکۆی ڕادەربڕین و تەلەفۆن و سەکۆی گۆرانی چڕین و دیواری گریەو بنمیچیان بوون، بۆیە فەرەنسا شەڕی دژ بە چیاکان ڕاگەیاندو بۆمبی ناپاڵمی بەسەر درەختەکاندا داباراند.. بۆ ئەوەی هەر ئەگەرێکی بە پێوە مانەوەی بسووتێنێت.
بیری نایەتەو ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێی لە باپیری بووبێت گۆرانییەکی شادی چڕیبێت. وێڕای ئەوەیش، بە ڕاستی ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیبینیوە غەمگین و خەفەتبار بێت. کاتێك گەورە بوو بۆی دەرکەوت کە پیاوانی (مەروانە) بە غەم و خەفەت خۆیان دەڕازێننەوە، کێبڕکێیانە تا بزانن کامیان پتر پێشوازی لە پەژارەو خەفەت دەکات، چونکە پەژارە غەمبارییەکە خۆی لە گۆرانی چڕیندا شاردووەتەوە. لەبەر ئەوەی سروشت وای لیَ کردوون هەم دڵڕەق و هەم سۆزداریش بن، نەریتی توندوتیژیش دەگمەنترین بەسەرهاتی بەدینەهاتووی ئەڤینداری پێشکەش کردوون. کەواتە چۆن نابنە دەستڕۆیشتووی ئەفسانەو گۆرانی چڕین؟
لەو سەردەمە خۆشەدا، هیچ ڕووی نەدا یەکێك بێت و فتوایەك دەربکات و بڵێت گۆرانی چڕینی ئافرەت حەرامە، چۆن ئەوە دەبێت لە کاتێکدا ناوی (مەروانە) بە خۆی ناوێکی

مێینەیە، وا دەزانیت گۆرانییەکە، بچووك و نەبینراو، وەك نۆتەیەکی میوزیك، لەسەر نەخشەکانی جەزایر نییە، بەڵکو لەسەر نەخشەی (سۆلفیج)ە.
هەموو بەیانییەك شوانەکانی، کاتێك لەگەڵ مەڕو ماڵاتەکانیاندا بە چیاکانیدا هەڵدەزنێن، بەسەر پێپلکەی میوزیکیدا سەردەکەون. دەنگی گەرووی لێ هەڵدەبڕن، با بەستەو حەیرانەکانیان بە دۆڵەگاندا دەگەیەنێتە چیاکانی دیکە. بۆیە هەر لە مێژە پیاوەکانی ناوچەکە شانازی بە گەروویانەوە دەکەن، نەك بەو سامانانەی هەیانە.. چونکە تەنیا لە (مەروانە) پیاوەکان ئەو پاڕانەوە سەیرە بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هیچ ئادەمیزادێك بۆ خواوەندی بەرز نەکردووەتەوە (خوایە لە ڕۆزیم کەم بکەیتەوە.. لە دەنگم زیاد بکەیت!). لەبەر ئاسانی داوایەکە خواوەند بە دەنگییانەوە هات.
مەروانە ئای بۆ لووت بەرزیی، شارۆچکەیەکە وا دەزانێت ولاتێکە، لەو بڕوادایە ناوچەکانی ئەوەندە فرەوانە بە شێوەیەك دەنگەکانی ئەم پێیان نەگات!
لەبەر ئەوەی بە درێژایی ساڵان لەگەڵ باپیرەیدا دەچووە ئەو چیایە، ڕاهاتبوو جیهان لەبەر پێی خۆیدا وەك قالیچەیەك ببینێت. تێڕوانینێکی لووت بەرزانە نەبوو، بەڵام کاتێك لەبەرزترین شوێنی سروشت ڕادەوەستا، فێری ئەوە بوو ڕازی نەبێت کەسی دیکە لەسەرەوەی وێ سەیری بکات.
بەم شێوەیە چیای ئۆراس چارەنووسی خۆی کۆنترۆڵ دەکرد.

***

بە شەکەتی خەوی لێ کەوت. بە هیوا بوو پاریس بە باوەش بۆ گرتنەوە لە ئامێزی بگرێت. کەچی بە کەشێکی باراناوی و بە چەپکە گوڵێك پێشوازی لێ کرد، دەیگوت: (ئاواتەخواز بووم گرەوەکە نەدۆڕێنیت).
ئەی ئەم جارەیان چۆن شوێنی نیشتەجێی پێ زانی، ئەو کەسە کێیە لە هەڵچوون و داچووندا کۆنترۆڵی سۆزداری ئەم دەکات؟ چەپکە گوڵ دوای چەپکە گوڵ، وردە وردە ڕکی لەم گوڵە لووت بەرزە ڕەنگ نامۆیانە دەبووەوە. وێ بە خۆی کیژی مێرگەکانە، لە تەنیشت گوڵە کێویلەکانەوە ڕواوە، خزمایەتی لەگەڵ گوڵی لۆتس و، گوڵی (سیکلامان)ی چیاییدا هەیە، بۆچی بەم گوڵی ڕەنگ نامۆیانە ڕاوەدووی دەنێت؟ ئەگەر بە تەلەفۆن قسەی

لەگەڵ نەکردایەت، ئەوە بە شێتی لە قەڵەم دەدا. بەڵام پێدەچێت، بەپێی فرت و فێڵ و مانۆڕەکانی، ئەوەندەیش لە بڕیارەکانیدا توندو مکوڕ بێت. بەو هەموو تەم و مژاوی دڵڕفێنەرو تۆقێنەرەیەوە پیاوێکی پیاوانەیە. کاتێك بنەماکانی یارییەکەی پەسەند کرد، پێشبینی ئەوی نەدەکرد کە لە یەکەمین هەڵەدا دووچاری ئەوە بوو کە لەدەستی بدات. تۆ بڵێیت بە ڕاستی لە دەستی دابێت لەبەر ئەوەی وێ ئەوی نەناسییەوە؟

هەستی بە غەمباری لەدەستدانی شتێك کرد کە هەر لە بنەڕەتدا نەیبووە. بەڵام هەموو ئەو شتەی هەیبوو خەونەکەی بوو.

دایکی داوای لە دایکی کرد دڵنیای بکاتەوە، ئەگینە ئەویش نەدەنووست و، لەشەوێکدا هەموو سیناریۆکانی مەینەتییەکانی دادەڕشت. وێ بەو شێوەیە، پێشبینی هیچ شتێکی باشی لە ژیان نەدەکرد. هەندێك جار هەست بەوە دەکات کە بە خۆی بووەتە دایکی (دایك)ی خۆی. ئازارو ئەشکەنجە ئەو ژنەی فەوتاندووە، کە پێشتر ئەوەند بەهێزبوو تا ڕادەی بڕیاردان لەسەر ئەوەی بەر لە سی ساڵ حەلەب بەجێ بهێڵێت و لەگەڵ مێردەکەیدا لە ولاتێك نیشتەجێ بن هیچی لەبارەوە نازانێت و، لەگەڵ ئەو ڕەوشانەدا ڕابێت کە لەژیانی ناچێت کاتێك لە سووریا بوو.

نەجلا بە شادییەوە وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە:

ـ خۆشەویستم چۆنیت .. خوا یار بێت بە سەلامەتی گەیشتیت؟

ـ سوپاس بۆ خوا.. ئێوە چۆنن؟

ـ باشین.

ـ ئەی ئەو برایەی لەمەڕ گوڵەکە ... چۆن دەرچوو؟ خوایار بێت باشە؟

بە کورتی وەڵامی دایەوە:

ـ ئا باشە..

ئەگەر بڵێت وێ نەیبینیوە، ئەوە دەبوو نیو کاتژمێر قسەی بۆ بکات بۆ ئەوی ڕووداوەکەی بۆ بگێڕێتەوە؟ لە کاتێکدا بە تەلەفۆنی ئۆتێلەکە قسەی دەکرد و نرخی تەلەفۆنیش دوو قاتە. دواتر بە دوورو درێژی قسەی بۆ دەکات.

ـ دەتوانیت دایکمم پێ بدەیت؟

ـ پووریّ نویّژ دەکات..
ـ باشە دلّنیای بکەوە من بە سەلامەتی گەیشتم. سبەینیّ قسەی لەگەلّ دەکەم... خۆشەویستم بای.
دایکی دەیویست نەجلا بۆ عەلا بهیّنیّت. دەلّیّت هەردووکیان بۆ یەکدی دروست کراون، تەنانەت ناوەکەیشیان لە یەکدییەوە نزیکن، نامە خودا هەردووکیان چەند جوانن. ئەدی کچی پووری نییە؟ پاشان دەیویست بە ئاکارو ڕەوشتەکەی نەجلا فریو بدات: (سەیری ئەم کوڕە بکە چەند باش و چەند تیّگەیشتووە). بەلاّم نەفرەتیی عەلا بە تەواوەتی لە قۆزی و ڕەوشت بەرزییدا بوو.
لە ڕاستیدا، دایکی پلانی بۆ ئەوە دادەڕشت پالّی پیّوە بنیّت جەزایر بەجیّ بهیّلّیّت و، لە ولاّتیّك ڕزگاری ببیّت خەریکە شیّتایەتی بەسەریدا زالّ دەبیّت و، ترس و لەرز خۆی بەسەردا دەسەپیّنیّت.
هەرگیز هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد کە بڕیاری دا لە قوسەنتینە نیشتەجیّ بیّت و خویّندنی پزیشکی تەواوبکات.
پاساوەکە ئەوەبوو کە گەورەترین زانکۆیە لە ڕۆژهەلاّتی جەزایر، بیانووەکەی ئەوەبوو کە بە هزری (ژیان)ەوە بەرەو مەکۆی فاندامینتالیزم *Fundamentalism* دەچیّت.
هەستی دایکایەتی ڕاست دەرچوو. زانکۆی قوسەنتینە ڕاڕەویّکی ناچاری هەر هەموو فیتنەکان و تاقیگەیەکی والاّی بەردەم هەموو توندڕۆییەکان بوو. ویّڕای ئەوەیش، عەلا لە ماوەی چوار سالّدا ویستی ماوەیەکی هوشداری لە نیّوان خۆی و هاوەلّەکانیدا دابنیّت؟ بەلاّم نەك لە نیّوانی و نیّوان کیژە هاوەلّەکانیدا، ئەوانەی کە پەنایان بۆ دەبرد لەبەر ئەوەی نیشانەی دلّنیایی دەنواندو، ئەو لە هەلّسوکەوت و ڕەفتاریدا جۆرە جیاوازییەکی نیشان دەدا. ئەوەیش سەرچاوەی سەرئیّشەی دیکە بوون، چونکە بەڕیشەکان پیّیان خۆش نەبوو ئەوەندە خۆی لە کیژەکانی زانکۆ نزیك کردبووەوە، ویّڕای ڕادەی ئەو ڕیّزەی لە پیّوەندییەکانی لەگەلّیاندا لە ئارادابوو، هاوکات پیّیان ناخۆش بوو بە ئاشکرا بیروڕاکانی خۆی بەرانبەریان دەخستە ڕوو.

پاشان لە سەردەمی سەرۆك (بووزیاف)دا، دەستەلاّتداران هەلّیانكوتایە سەر زانكـۆ و بـە دەیان ئیسلامییان گرت و ڕەوانەی بیابانیان كردن پاش ئـەوەی لـە بەندیخانـەی شـارەكان جێیان نەبووەوە. ئەو كات عەلا پاش مكوڕبوونی دایكی، بڕیاری دا هەركە ئەزموونەكانی كۆتایی سالّی تەواو بكات زانكۆ بەجێ بهێلّێت و، پاشتر بچێتە جەزایری پایتەخت و لەوی خوێندن تەواوبكات.

دوو مانگ مابوو ئەزموونەكان دەست پێ بكـرێن، بـەلاّم چـارەنووس لـەو خێراتـر بـوو، هەفتەیـەك تێنەپـەڕی پیـاوانی ئاسـاییش هاتنــە زانكـۆو لەگـەلّ دوو كەســی دیكـەدا قۆلّبەستیان كردو بردنیان.

لەو ڕۆژەوە ژیانی بە ڕێڕەوی مەرگەساتێكی گریكیدا تێپەڕی، تێیدا خواوەندەكان بە نـۆرە زۆرانیان لەگەلّ مرۆڤێكدا كە گرت تاوانێكی كردبوو كە ئەوەبوو ژیانی خـۆش دەویسـت، كیژێكی خۆش ویستبوو، نەیزانیبوو كە یەكێك لە بەڕیشەكانیش خۆشی دەوێت. جا لەبەر ئەوەی ئەو بەڕیشە نەیتوانیبوو ئەو كیژە فریو بدات، بە درۆوە كوڕەی بە دەستەوە دابوو تا لە كاتی گرتنیدا ڕەوشەكەیان بۆ یەكلا ببێتەوە. بەندیخانـەكانی بیابـان بـە دەیـان هـەزار گیراوی گومان لێكراویان تێ ئاخێنرابوو، زۆر بـێ تاوانیـان تێـدا بـوو، چـونكە دەولّـەت ئەوەندەی كات نییە لە دۆسیەو پرسەكانیان بكۆلّێتەوە، یـان دادگـەییان بكـات، چـونكە بەوانەوە سەرقالّ بوو كە دارستان و چیاكانیان داگیركردبوو و جیهادیان دژ بە خەلّكی و بە نیشتمان ڕاگەیاندبوو.

عەلا خۆی بینی زۆری بەزەیی بە گیراوەكاندا دەهاتەوە، پاش ئەو ستەم و ئەشكەنجانەی بە چاوی خۆی بینی و ئەو زولّمەی تێیدا ژیا كاتێك بـێ هـوودە دەكۆشـا بـێ تـاوانی خـۆی بسەلمێنێت. پاش پێنج مانگ ئـازاد كـرا و تـەنیا چـەند هەفتەیـەك لـەناو خێزانەكەیـدا مایەوە، لە هەر گەڕەكەو تۆڕێكی ناونووسی هەبوو، وەك تۆڕی پزیشك و تەكنیكار ڕفاندن و هەموو ئەو پیشانەی تیرۆریستەكان پێویستییان پێیە. قایلیان كرد كە خۆی بگەیەنێتـە چیا، بۆ ئەوەی لەوێ پسپۆری خۆی لە تیماركردنی (برایـان) بخاتـە كـارو برینـدارەكانیان تیمار بكات.

لەو بڕیارەیدا ڕاوێژی بە کەس نەکرد، نـەیش کەسـی ئاگـەدار کـردەوە. خـۆی لـە تکـاو پاڕانەوەو فرمێسکەکانی دایکی و تووڕەیی باوکی بوارد کـە قایـل نـەبوو لایـەنگیری لـە پارتی (پیاوکوژەکان) بکات. بە تەلەفۆنێکی کورت ئەوەی پێ ڕاگەیاندن؟

وتی ئەو لەوێیە تەنیا بۆ ئەوەی خەڵکی تیمار بکات.

شتێکی لە گیڤارای تێدا بوو، ئەوەی بەزەیی نۆژداری بۆ تیمارکردنی گەلان بەکارهێنا لـە برینەکانی دڕندەکانی ئادەمیزاد، هەر ناوێکیان لێ نرابێت، بێ ئەوەی جیاوازی لـە نێـوان ستەمگەری ڕاستەقینەو ئەو ستەمگەرەدا بکات کە بە شمشێری دادپەروەری خۆی چەکدار کردووە.

عەلا بۆ پاڵەوانی ڕۆمانێك دەشێت پاڵەوانەکە ژیانێك بگوزەرێنێت بە خۆی نەیویستبێت، بە پێچەوانەی ئەوەی ئومێدی پێ بوو ڕووداوگەلی تووش هات.

لە هەمان کاتدا ڕکی لە خاوەن جلە سەربازییەکان و بەڕدێنـەکان دەبـووەوە، تەمـەنی بـە ڕفێنراوی لە نێوان هەردوو لایاندا بە نۆرە بەسەربرد. خۆی بە هەڵە لەناو هەموو یـەکلایی کردنەوەیەکدا بینییەوە، هەندێك جار پێویستی بە ڕدێنەکەیەتی تـا ئایینـداری خـۆی بـۆ ئەوانە بسەلمێنێت، هاوکات پێویستی بەوە دەبێت کە بیتاشێت بۆ ئەوەی بێ تاوانی خـۆی بۆ ئەوانی دیکە دووپات بکاتەوە، وەك چۆن قوربانی پێویستی بـە خوێنەکـەی هەیـە بـۆ ئەوەی بکوژەکان بڕوای پێ بکەن.

ئاکام وای لێ هات دژ بە هەردوو لایـان ڕاوەسـتێت. درەنـگ زانـی کـە یارییەکـە لـەوە گەورەترە کە دەبینرێـت. جلـەو بەدەسـتەکان دێـوی بەڕدێنـەکانیان گـەورەتر دەکـردەوە، بچووکەکانیان تیرۆر دەکرد، گەورە زۆر توندڕۆکانیان دەپاراست. پێویسـتیان بـە ڕۆبێکـی سوور بوو، بۆ گەلی بلند بکەنەوە کاتێك چوون گای تۆڕ بـە تـووڕەیی دەڕژانـە گۆڕەپـانی (کۆریدا)وە، هێرشیان دەکردە سەر ڕۆبەکـەو لـەیادیان دەچـووەوە کـە ڕەنگـە دوژمنێـك دوژمنێکی دیکە ڤەشێرێت. چونکە ئەو ڕۆبەکەی دەبینی و ماتادۆرەکـەی نـەدەبینی کـە ڕۆبەکەی بە دەستەوەیەو، بە دەستە ڕاستیشی ئەو تیرانەی پێیە ئاراستەی سەرو گوێلاکی گاکەی دەکردو بە دەستی چەپیش ئەو دەستکەوتانەی هـەڵگرتبوو کـە دەسـتی بەسـەردا گرتبوون.

کەواتە لە دوو ڕێگەی نێوان بکوژانێك بە ناوی ئایینــەوە سازشــت لەســەر دەکــەن و بــەو بیانووەشەوە ئازادیت لێ زەوت دەکەن و لە نێوان ئەوانی دیکــە لــە نیشــتمانپەروەریەتیدا سازشت لەسەر دەکەن و بە دەنگتەوە دێن و دەتپارێزن، بەڵام بەرانبەر بەوەی گەنجینەکەت تالان دەکەن، دەبێت تۆ چارەیەك بۆ خۆت بدۆزیتەوە.

ویستی براکەی لە بیری خۆی بباتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بنوێت، چونکە سبەینێ ئیشــێکی زۆری هەیە. بەڵام عەلا لە هەموو شتێکدا خۆی پێ نیشان دەدا، بەلایەوە کۆستەکەی ئەم لە کۆستەکەی باوکی بەئازارترە. دوو ساڵ دەبێت نەیتوانیوە تەنیا ڕۆژێــك ئــەو بیرۆکەیــە پەسەند بکات کە لێیان دوور کەوتووەتەوە، کەواتە چۆن لە پاریس لەیادی دەچــێتەوە کــە پێکەوە سەریان لێ داوە.

هەردوو چاوی لەسەر دیمەنی چەپکە گوڵە (تۆلیب)ەکە نوقاند.

شتێك پێی دەڵێت ئــەو پیــاوە داوای دەکــات، ئەگینــە ئەوەنــدە بــە پەرۆشــەوە بــە دوای ناوونیشانەکەیدا نەدەگەڕا. ئەوە تــەنیا هزرۆکەیــەك بــوو کــە شــادی دەخســتە نــاو دڵ و دەروونییەوە.

***

لە ڕووی سۆزدارییەوە لەسەد ڕووبای داوەو قاپی تەڕنەبووە، دەزانێت چۆن وەك ســێوەکەی نیوتن ئافرەت دەخاتە ناو ئامێزی خۆیەوە. بەڵام دەیەوێت لەسەر لــق و پــۆی چــاوەڕوانی پێبگات. شتگەلی سەیر سەیری بەسەردا دادەبارێنێت، لە هەر کوێیەك بێت گوڵەکانی پێ دەگات، بەڵام لەمڕۆ بە دواوە دەنگی پێ ناگات.

دەشیت ڕێگەی بەرەو لای وێ ئاسان بێت، بەڵام ڕێگەی ئــەم بــەرەو لای وێ بــە شــانازی بەخۆوەکردنیدا تێدەپەڕێت و، وێ لە مەزنەندە کردنی زیانەکاندا بەهەڵەدا چــووبوو، ئــەو کاتەی یاسای یاری کردنەکەی ئەمی پەسەند کرد.

وێ سووکایەتی بەو شتەی ئەم کرد کە بە گەورە دەزانرا، ئەو شتەی شێواند کە جوان بوو، پێوەندی بە پیاوەتیشییەوە تێك دا. ئایە هیچ جلێکی دیکەی هەیــە بیپۆشــێت جگــە لــە سامانەکەی نەبێت؟ کاتێك سامانەکەی لەبەر خۆی دادەکەنێت، ئــەو کــات ڕێبــوارێکیش دەتوانێت بەسەریدا سەربکەوێت و دڵی ئافرەتێك بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، لەبەر ئەوەی لەو

قــۆزتر و گەنجترە.کەواتــە ئــەو تەمەنــە چ ســوودێکی هەیــە ئەگــەر بــە دروســتکردنی ئەفسایەکەوە بەسەری ببات لە خــەڵکی جیــا بکاتــەوەو کــار بــۆ بەرزکردنــەوەی زەوق و ناوبانگیەتی بکات؟ ئایە ئەو هەموو ئافرەتانەی ڕاوەدوویان دەنێت درۆی لەگــەڵ دەکــەن؟ ئەڤینداری لەگەڵ گیرفانیدا دەکەن، نەك لەگەڵ دڵیدا، کاتێك لەسەر نوێنەکــەی ئەمیشــن خەون بە پیاوێکی دیکەوە دەبینن!

تەنانەت ئەم دوێنە کە لەو ئافرەتانە جوانتر نییە کە بە دیداریان گەیشــتووە، لــە مــاوەی چوار کاتژمێردا کە بە تەنیشتییەوە بوو هیچ گوێی بەم نەداو، هیچ شتێکی ئــەم ســەرنجی ڕانەکێشا کاتێك لە فرۆکەخانەکە قیت لە بەردەمیدا ڕاوەستابوو، وێڕای ئەوەی چاوی ئــەم سەرنجی هەندێك لە ئافرەتــانی ڕاکێشــابوو، هەنــدێکی دیکــەیان پۆشــتەیەکەیان بــەلاوە سەرنجڕاکێش بوو، یان کاریزمای دەرکەوتنی. ڕەنگە وێ هێشتە نــەزانێت چ خەســڵەتێکی ئەم سەرنجی ڕاکێشاوە!

چووە نووســینگەکەی. ڕۆژەکــەی خــۆی بــە کــارکردن بەســەر بــرد بــۆ ئــەوەی خــۆی بــە لەبیرچوونەیەوە سەرقاڵ بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا خــەریك بــوو بــیری دەکــردەوە: ئایــە بــۆ ئاهەنگەکەی دوو سبەینێی گوڵی بۆ ڕەوانە بکات ... یان نا؟ بڕیاری دا نەریتەکەی خــۆی تێك نەدات. بەڵێ هەمان چەپکە گوڵی بۆ ڕەوانە دەکات، بــەلام بــێ هــیچ کارتێــك، بــۆ ئەوەی پتر یاری بە دەمارەکانی بکات؟ پێشبینی دەکات لــەناو هۆڵەکــەدا بێــت و لــەناو ئاپوورەی خەڵکەکەدا بە دوایدا دەگــەڕێت .. وێ نازانێــت کــە کەســی لــە چەشــنی ئــەو تێکەڵاوی ئاپوورەی خەڵك نابێت.. چونکە بە خۆی ئاپوورەی خەڵکە.

سکرتێرە فەرەنسییەکەی لە ڕۆژی ئاهەنگ و ناوونیشانی هۆڵەکە ئاگــەدار کــردەوە، بــە پێچەوانەی ئەوەی لێی ڕاهاتووەو بۆ ئەوەی پاســاو بــۆ ڕێنوێنیــەکانی خــۆی بهێنێتــەوە، گوتی:

ـ من بانگهێشتی ئاهەنگێك کراوم و ناتوانم ئامادەی ببم. ئێوارە چەپکێك گــوڵ بــۆ ئــەم ناوونیشانە ڕەوانە بکەو کۆمپانیایەك ڕابسپێرە وێنەی ئاهەنگەکە بگرێت.

ئەوەتە وەك نێچیروان دەجووڵێتەوە، هەموو زانیارییەك لەسەر قوربانییەکەی کۆدەکاتەوە. چی دەبێت ئەگەر بە خۆی قوربانی بێت لە ئەڤینداریییەکی تــەواو چــەوری .. بــە ئــێش و

ئازار؟ ئەوەی بە لایەوە مەبەست بێت ئەو ساتەیە کە چەپکە گوڵەکەی پـێ دەگـات و بـە چاو لەناو بینەراندا بە دوایدا دەگەڕێت و، پێشبینی ئـەوە دەکـات کـە وێ بەسـەریدا زاڵ بوو بێت و، ناچاری کردبێت یاسای یارییەکە پێشێل بکات.

تێڕوانینی ئافرەتان دڵی خۆش دەکات، لە گـۆڕانی هەڵویسـتیان و، گێلایـەتی ڕەفتاریـان بەرانبەر بە نیشانەو ئاماژە ساختەکانی ئەزینداریدا!

***

موچڕکەی ترسێکی خۆش لەشی تەنییەوە کاتێك بەرەو ئاهەنگەکە دەڕۆیشـت، نـەك ئـەو ترسە تۆقێنەرەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەستی پێ کردبوو.

ئەمـە یەکـەمین جـارە لـە پـاریس گـۆرانی بچـڕێت. بینـەرانێکی زۆری جـەزایری و فەرەنسییەکانی هەوادارانی جەزایر چاوەڕوانی دەکـەن، ئـەوەبوو میـدیاکان بایـەخیان بـە ئاهەنگەکـەی دا لـە چوارچـێوەی بەدواداچـوونی ڕۆژانـەی ئـەو بابەتـەی نـاوی (کۆمەڵکوژییەکانی جەزایر)یان لێ ناوە.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەسەرهاتەکەیان قۆستەوە، ئەوەتە بووەتە هیمایـەك بـۆ تێکۆشـانی ئافرەتان دژ بە توندڕۆکان و ئەو (پاساریپەی کە بـە دەنگـی تـوانی سـیخەکانی نـەریتی عەرەبان بشکێنێت و بەرەو ڕووی ئەو کەسانە ڕاوەستا کە پەڕی هەردوو باڵیان کردبوو).

ئەوەبوو بەس بوو ئەو مەرگەساتە بکرێتە مەرگەساتی مێینەو، بیبەرو بـەهاراتی ئـایین و تیرۆریزم و نەریتی عەرەبی بەسەردا بکرێت، تا یەکـەمین هـەنگاوی بـەرەو ناوبانگایـەتی بهاوێت!

جەمالی ئامۆزای تەلەفۆنی بۆ کردو پێشنیازی بۆ کرد بێتە هۆتێلەکە بۆ ئـەوەی یـاوەری بکات و بیگەیەنێتە ئاهەنگەکە. ئەو هیچ لـە بـاوکی ناچـێت. گـەنجێکی سـەردەمیانەی پۆشتە و بەرچاو ڕوون، هەندێك لە خەسڵەتەکانی عەلای تێدا دەبینرێت.

جەمال لە پێوەندیدا لەگەڵ وێ، لە نێوان دوێتمامەکـەی کـە لـەو ڕۆژگـارەوە دەیناسـێت سەردانی ماڵی کردن و لە نێوان ئەو ئەستێرەیەدا سەری لێ شێواوە، کە بە پێڵاوی پـاش بەرزەوە لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا لە تەنیشتیەوە دانیشـتووەو قـژی بەسـەر هـەردوو شـانیدا پەرش و بڵاو بووەتەوەو کراسێکی درێژی ڕەشی پۆشیوە.

بۆ ئەوەی دڵنیای بکات کە گیانە جەزایرییـە گاڵتەجاڕییەکـەی لـە دەسـت نـەداوە، بـە گاڵتەوە گوتی:

ـ ئەگەر لە جەزایر بوومایەو ڕۆیشتبام ئاهەنگێك بگێڕم ئەوە نەمدەهێشت لەگەڵم بێیت.. من چیت پێ بکەم لە کاتێکدا هاتوویت و کۆستۆمێکت پۆشیوەو جڵت لـە قـژت داوە.. یەکێکم دەوێت قایشی زۆرانگری بەستبێت.. یان چل زۆرانبازم دەوێت یاوەریم بکەن!

لە مەبەستەکەی تێنەگەیشت. پێشبینی کرد گاڵتە بـە ڕواڵـەتی دەکـات. لەبـەردەم بـێ دەنگییدا درێژەی دایەو بۆی ڕوون کردەوە:

ـ ئەوەت نەخوێندووەتەوە کـە بـە هـۆی هەڕەشـەی گرووپێکـی (فاندامینتالیزم)ەکانـەوە سەرپەرشتیارانی ئاهەنگەکانی هۆڵی (ئەتڵەس) لە پایتـەخت ناچـار بـوون چـل زۆرانگـر بهێنن لەوانەی قایشی ڕەشیان بەدەست هێناوە بۆ ئەوەی ژیانی (ئایەت منگلات) و ئـەو بینەرانە بپارێزن کە ئامادەی ئاهەنگەکەی بوون، نەوەك لەلایەن ئەوانـەوە دەسـتدرێژییان بکرێتە سەر کە لە دەرەوە هۆڵەکەیان گەمارۆ دابوو؟ تـۆ سـەیر بکـە لـە هـەموو وڵاتـان گۆرانیبێژەکان بە یاوەری تیمێك لە وێنەگران و ستایلیستان دەچنە ئاهـەنگ. کەچـی لای ئێمە گۆرانیبێژ لەگەڵ تیمیکی زۆرانگردا دەچنە نـاو هۆڵەکـەوە. لەگـەڵ ئەوەیشـدا، تـۆ ژیانی خۆت مسۆگەر ناکەیت .. ئەگەر سەریان بوێیت ئەوە دەیهێنن تەنانەت ئەگـەر بـە یاوەری خودی (برۆس لی) پاڵەوانی (کاراتێ)یش ئامادە بیت!

جەماڵ بە گاڵتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ من بۆ ئەو کارە ناشێم ..من تاقـەتی (کاراتـێ)م نییـە .. یـەکێکی دیکـە لـە وڵاتـدا بدۆزەوە لەگەڵت بێت!

ـ دەزانیت .. بە خوا من ئیرەیی بەوانە دەبەم لە پاریس لە ناو میترۆدا میوزیك دەژەنـن. هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆی گۆرانی دەچڕێت. ڕەنگە یەکێك تێپەڕێت و یۆرۆیـەك بخاتـە ناو شەپقەکەیەوە، ڕەنگە هیچیشی تێ نەخات. بەڵام خۆ گوللەیەك بـە تـەپڵی سـەرییەوە نانێت!

بە پێکەنینەوە درێژەی دایە:

ـ سوپاس بۆ خوا..ڕەوشمان لە ئۆرکسترای نیشتمانی عیراق باشترە.. میدیاکان ناوی (بوێرترین ئۆرکسترا لە جیهان)یان لێ ناوە. ئاهەنگی نهێنی سازدەدات کە سەرپەرشیارەکان ڕیکلامی بۆ ناکەن، بەڵکو پێیان باشە تا بکرێت ژمارەیەکی زۆر کەم پێی بزانێت! تۆ بزانە.. مووشەکەکانی ئەمەریکا هۆڵی ئاهەنگێڕانی ئەو ئۆرکسترایەی خاپوور کردو، هەندێك لە ئەندامەکانیشی ڕفێنران و، هەندێکی دیکەیان لەبەر هۆکاری ئاییِنزایی کوژران و، نیوەی ئەندامەکانی هەڵاتنە دەرەوەی نیشتمان و .. هێشتە ئەوانەی زیندوون بەربەستەکانی ڕفاندن و مەرگ تێدەپەڕێنن و بە جلە ڕەشەکانیانەوە دەگەنە شانۆو ئامێرەکانیان پێیە بۆ ئەوەی لەناو تەق و تۆقی تەقینەوەکاندا پارچە سمفۆنیایەکی باخ و فیفالْدی بژەنن.. وەك بڵێیت هەموو شتێك ئاسایی بێت. دیمەنێکی سریالیزمیانەیە، تیمەکەو بینەرەکانیش تۆقیون، بەڵام لە ترساندا پەنا بەر موزیك دەبەن. بە خوا خەم هەیە خەمت لەبیر دەباتەوە!

پێویستی بەوە بوو پاڵەوانیەتی کەسانی دیکە باس بکات بۆ ئەوەی بە هۆی ئەوانەوە بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بێت. لە ڕاستیدا یەکەمین جارە لە فەرەنسا گۆرانی دەچڕێت و، لەژێر تیشکی میدیای لە تەمەنی دەنگی گەورەتر ڕادەوەستێت، چونکە وێ خۆی بۆ چارەنووسێکی لەم جۆرە ئامادە نەکردبوو. ئەم هەموو هەراو هوریایەی یاوەری بوو سەری لێ شێواندووە، لەبەر ئەوەی هەر یەکەو بە پێی ڕاوبۆچوونی خۆی داوایان لێ دەکرد ئاستی ڕوو بە ڕووبوونەوەکەی بەرزتر بکاتەوە. هەندێکیان پێیان گوت: (لەوەتای لە پەنجاکاندا، عیسا جەرموونی لە هۆڵی بەناوبانگی (ئۆڵمپیا) گۆرانی چڕی، ئەمە یەکەمین جارە شاوییەکان نەبەردی خۆیان لە پاریس چەنگ دەخەنەوە). بەرسڤی دانەوە کە وێ لە دەرەوەی جەزایر تەنیا (جەزایری)یە.

گاڵتەی لەگەڵ جەماڵ دەکرد بۆ ئەوەی گرژبوونەکەی کەوی بکات کە تا دەهات پەرەی دەستاند. بەڵام ستایلێکی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکانی دۆزییەوە بە پێشکەش کردنی وتارۆکەیەك هەلی ئاگەداربوون لە ڕەوشەکەو کۆنترۆڵ کردنی بینەرانی لە یەکەمین ساتەوە پێ ببەخشێت. لەبەر ئەوەی بە خۆی مامۆستایەو ڕووی قسەکردنی لە کەسانی بەرانبەری

لە سەر سەکۆیەکەوە بە خاڵی بەهێزی وێ دەژمێررێت. هەرچی لەسەر شانۆ ڕاوەستان و دەست بە گۆرانی چڕینە، ئەوە هێشتە کارێکە سەری لێ دەشێوێنێت.

هەرکە دەرکەوت و هاتە بەردەم بینەران، شەپۆلێك چەپڵەو هوتافی نیشتمانی بەرز بووەوە، هەندێك کەسیش ئاڵای جەزایریان بەرز دەکردەوە. کەشەکە تا دەهات گڕی گرتبوو. هەستی کرد ئەوانەی ئامادەبووبوون بۆ گوێ گرتن لە گۆرانی نەهاتبوون، بەڵکو بۆ ئەوە هاتبوون تیرۆریزم ڕەت بکەنەوە. وێ لێرە لەبەردەم لایەنگرانی خۆیدایە.

بەسەرپێیی چەند وشەیەکی پێشکەش کرد هەندێك لە بیرۆکەکانی لە مێشکی خۆیدا ئامادەکردبوو. وشەکانی سەرنجڕاکێشەر بوون لە شێوازی سەرپێییانەکەیدا، لە ڕێتمی بەهێزیشدا کاریگەر بوون. بێ دەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. قسەی دەکرد کاتێك لەو چیایەی خۆیەوە لەبەرانبەریان دەرکەوت.

گوتی:

ـ ڕۆژێکیان .. (سوها بەشارە)ی پاڵەوانی بەرەنگارییان بردە گۆڕەپانی لەسێدارەدان.. فریویان دا گوایە لەسێدارەی دەدەن، هەردوو دەست و هەردوو پێیان بەستەوەو دەمانچەیان بە تەوێڵییەوە ناو پرسیاریان لێ کرد دوا ئومێدت لە ژیاندا چییە. وەڵامی دایەوە: (دەمەوێت گۆرانی بچڕم) ئیدی دەنگی هەڵهێناو (مەوال)ێکی لە (عەتابە)ی چیایی گوت:

(هیهات یا بو الزلف عینی یا مولی

محلا الهوی والهنا والعیشه بحریه)

تیروپڕیان لێ داو بۆ بەندیخانەیان گەڕاندەوە. کەچی ـ سوها بەشارە) درێژەی بە گۆرانی چڕین دا.

بە درێژایی چەند ساڵێك دیلەکانی خێوەتگەکان گوێیان لە گۆرانییەکانی بوو، دەنگە دوور لاوازەکەی، کە لەودیوی سیخەکانی بەندیخانەکەیەوە بەر گوێیان دەکەوت، هێزو وورەی پێ دەبەخشین. ئەوەی گۆرانی بچڕێت بەسەر ترسی خۆیدا زاڵ دەبێت و .. مرۆڤێکی ئازادە!

بەڵێ، ئەوەی کە جگە لە (پەت)ی دەنگی خۆی نەبێت هیچ شتێکی دیکەی نییە بەو پەتە گەردنی بکوژەکەی بجەڕێنێت، ئەوەی بەسە گۆرانی بچڕێت، هیچ هێزێك ناتوانێت دژ بەو کەسە ڕاوەستێت کە بڕیاری داوە بە گۆرانی چڕین ڕوو بە ڕووی مەرگ ببێتەوە.

کاتێك تیرۆریستەکان (حوسنی) لاویان تیرۆر کردو گولی دەنگیان هەڵپچڕووکاند، پێشبینی ئەوەیان نەکرد کە براکەی دەچێتە سەر شانۆ، تا بە چڕینی گۆرانییەکانی لەبەردەم تەرمەکەیدا تۆڵەی خوێنی براکەی بکاتەوە، سەری لێ شێواندن کە بە دەستی بەتاڵ ڕووبەڕوویان بووەوە، تەنیا گەرووی نەبێت.

بەڵێ دەتوانین بە گۆرانی تۆڵەی مردووەکانمان بکەینەوە. چونکە ئەوانەی کوشتنیان ویستیان بە کوشتنی خۆشی و شادی جەزایر بکوژن. ئەدی (شادی) دووەمین ناوی جەزایر نییە؟ با بزانن کە ئەوان ناتوانن بمانترسێنن و ناتوانن دەنگمان کپ بکەن.. ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی لە پێناوی جەزایردا گۆرانی بچڕین، چونکە تەنیا شادومانەکان دەتوانن نیشتمان ئاوەدان بکەنەوە.

سروودی نیشتمانی بەرز بووەوەو هۆڵەکە هەستایە سەر پێ و دەستی بە سروود گوتن کرد:

**(قسما بالنازلات الماحقات　　　والجبال الشامخات الشاهقات**

**نحن ثرنا فحياة أو ممات　　　وعقدنا العزم أن تحيا الجزائر**

**فأشهدوا فأشهدوا)**

سوێند بە کارەساتە کوشندەکان　　　بە چیا سەرکەشە سەربڵندەکان

ئێمە ڕاپەڕیوین، یان دەژین، یان دەمرین　　　بڕیارمان داوە جەزایر بژێت

کەواتە ئێوە گەواهی بدەن، گەواهی بدەن

هەرکە سروودەکە کۆتایی هات یەکسەر هەڵهەڵەو پێداگوتن بەرزبووەوەو، ئافرەتێك چووە سەر سەکۆکە بۆ ئەوەی ماچی بکات و ئالای جەزایر لەسەر هەردوو شانی دانێت.

بچێتە هەر کوێیەك مەرگ میدالی خۆی بە سینگیدا دەکات. وێ کیژی کوژراوەکەو خوشکی کوژراوەکەیە. خزمایەتی لەگەڵ سەد هەزار جەزایریدا هەیە لێرە نەماون. تیرۆریستەکان کوشتوونیان و، فەقیهەکان ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە ئایە ناوی (کوژراو)؟ یان (قوربانی)؟ یان (شەهید)یان لێ بنێن؟ چون شکۆی شەهیدبوون دەستەبەر دەکەن، لە کاتێکدت بە دەستی گاوران نەکوژراون، بەڵکو بە دەستی ئەوانەی خۆیان بە دەستی خواوەند دەژمێرن و هەر کێیان لە بەندەکانی خواوەند بوێت، بە دەستی ئەو دەیکوژن؟

ئەو ئاهەنگە جوانترین ئاهەنگ بوو ڕاپیوارد لەوەتای ئەو کارەساتەی بەسەر هات. گۆرانی زۆرتری تێدا چڕی لەوەی بڕیاری لەسەر درابوو. پاشان چەند چەپکە گوڵێکی هێنایەوە، تا شەو بە تەنیا بگریت.

ئەدی لە کۆتاییدا گۆرانی چڕین فرمێسکی شادی نییە؟

لە ئۆتێلەکە، لە چەپکە گوڵە ساکارەکان ورد بووەوە کە پێشکەشی کرابوون. ساکار بوون بەڵام ڕاستگۆیانەتر بوون، ڕەوەندە ساکارەکان پێشکەشیان کردبوو کە بەبێ ڕازاندنەوەو جوان کردنەوە شتەکان دەدرکێنن. لەسەر یەکێکیان نووسرابوو ( جەزایر خۆشی دەوێیت).

گریا. بە ڕاستی (جەزایر خۆشی دەوێت)؟

چەندەی پێویست بەو دوو وشەیە بوو! بەڵام، لەبەر ئەوەی نیشتمان ئەوەندەی بەڕوودا هەڵشاخابوو، ئازاردانەکانی نایگریەنن، بەڵکو خۆشویستنەکەی دەیگریەنێت؟ پاشان ئەو سەرکەوتنەی چ سوودێکی هەیە کە بە تەنیا خۆی دەیگوزەرێنێت، مادامەکی جەزایر کە خۆشی دەوێت پیاوێکی بۆ نەهێشتەوە شادومانییەکەی لەگەڵ دابەش بکات.

تەنانەت ئەو پیاوەیش، بە بێ دەنگی ئازاری دا، وەك چەپکە گوڵە (تۆلیب)ەکە کە بۆی ناردبوو بێ ئەوەی هیچ وشەیەکی بۆ لەسەر بنووسێت. چەپکە گوڵێکی بێ دەنگ وەك خاوەندەکەی، کە تەلەفۆنەکەی داخستووەو هیچ هۆکارێکی بۆ نەهێشتووەتەوە تا شتێکی پێ بڵێت.

ئایە لە بێ دەنگی سۆزداری توندوتیژتر هەیە؟

تیرۆریزمێکی دیکەیش هەبوو چاوەڕوانی ئەم بوو، بە بەزەیی و گیانی مرۆییانە ڕووی خۆی داپۆشیبوو و دەمامکی دابوو. هەرچی ڕۆژنامەو گۆڤاری بیانی هەبوو لەوانەی دیداریان لەگەڵ سازدابوو بە قوربانیی نەریتی ئاییني ناوزەدیان دەکرد، نەك تیرۆریستەکان. دەستی بە گۆرانی چڕین کرد بۆ ئەوەی ئەو کۆت و بەندانە بشکێنێت کە پیاوی عەرەب ئافرەتیان پێ دەبەستێتەوە، نەك بەرەو ڕووی پیاوکوژەکان ببێتەوە. پاشان چی دەگەیەنێت کە سوپا بۆ خۆی بێ تاوانەکان بکوژێت.. پاشان خۆی بنوێت کە ڕزگاریان دەکات بۆیە خەڵکی نەخۆشی چاوە قووڵەیان لە کۆلێرا پێ باشترە؟!

کاتێك بەو شێوەیە وەڵامی دانەوە کە ئەوان نەیاندەویست بیبیسن، میدیاکان پشتیان تێ کردو، بانگهێشت کردنی بۆ ئەڵقەیەکی تەلەڤزیۆنی هەڵوەشێنرایەوە کە بڕیار بوو بەشداری تێدا بکات.
با وابێت! بوێری ئەوەیە شتێك بڵێیت بە دڵی ئەوانی دیکە نەبێت. وێ لێرە نییە بۆ ئەوەی بە هۆی دەنگییەوە نیشتمان ڕیسوا بکات. بۆچی پێویستە ناوێك بۆ بکوژەکە دابنێت؟
سەرەتا لایەنگری لە ڕاستی دەکرد، کە خۆی بە تەواوەتی نییەتی و دەزانێت هەموو شتێك لە نیشتمانێکدا کەردەنی بوو کە بەسەر گۆڕەکانییەوە بۆندی گەورەکان مۆردەکرێت و، لەژێر پێڵاوی ئەوانەی جڵەوی چارەنووسیان لە دەستە خەڵکی ساکاری بچووك دەپلیشێنەوە؟ بەڵام لەو ژیانەی بە پێوەوە بەسەری برد، ڕۆژێك لە ڕۆژان کارامەیی دانیشتنی لەسەر پرونسیپەکان بەدەست نەهێنا، بۆیە ناوبانگییەك دەستەبەر ناکات لە ڕۆژئاوا دەرگەی خۆی ناکاتەوە تەنیا بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە باش دەزانن ڕۆڵی قوربانی بگێڕن، نەریتەکانی خۆیان بکەنە قوربانی. بۆیە ئەو تیشکی ڕووناکە نرخی خۆی هەیەو ئەم ئامادە نەبوو پێشکەشی بکات.
لە جەزایر، دەرکی بەوە کرد کە لە جەنگەکاندا یەك ڕاستی و یەك تیرۆریزم لە ئارادا نییە. میدیای فەرمی کە لەسەرەتاوە ستایشی یاخیبوونەکەیان کردو وەك نموونەیەکی جەزایری خۆڕاگرو بوێر ڕیکلامیان بۆ دەکرد، لەڕاستیدا لە ڕێگەی (وێ)وە دەیانویست حسێبی خۆیان لەگەڵ توندڕۆکاندا یەکلا بکەنەوە، کە ئەوەندەی نەبرد بوو بە یەکلایی کردنەوەی حسێبیان لەگەڵ (وێ)دا.
کێشەکانی ئەو کاتە دەستیان پێ کرد کاتێك لێدوانی بۆ میدیای ئازاد دەدا، کە جۆرە جەزایرێك بۆ دڵ و، جۆرە جەزایرێك بۆ گیرفان و، تیرۆریی ئاشکراو تیرۆری دەمامکدار لە ئارادایەو، دزە گەورەکان پیاوکوژیان بۆ نیشتمان هێناوەتە ئاراوە، چونکە ئەوانەی چەکیان کردە شان داوای دیموکراسییان نەدەکرد، بەڵکو داوای دیموکراسی دزین و مافی تالان و بڕۆیان دەکرد، مادامەکی هیچ دزێکیان ڕاپێچی بەندیخانە نەدەکرد.

ئەو کات، قەلە ڕەشکەکان و بەڵێندەرانی خـوێن بـە دەوری دەنگـە خـوێن بەربووەکەیـدا دەخولانەوەو هانیان دەدا ڕێتمەکەی بەرزتر بکاتـەوەو، ناوەکانیـان پـێ دەداو... چـوکڵە شقارتەشیان دەدایە دەست.

دەیانویست چیلکەی سووتەمەنییەکە بێت، بـەڵام (ژان دارك) لـەکاتی شـەڕەکەدا ئـاوڕی دایەوە هیچ پیاوێکی نەبینی. خۆی وەك (چراهەڵگر لە شەوی گورگەکاندا) بە تاك و تەنیا بینی ڕوو بە ڕووی ئەو دڕندانەیە خۆیان ئامادە کـردووە، لـە پێنـاوی دەسـتکەوتەکانیدا، هەڵکوتنە سەر هەر کەسێك. هەموویان دەرکیان بە ناوەرۆکی پەیامەکە کرد (بـێ دەنـگ بە.. ئەگینە لەناوت دەبەین).

هەر دەستەڵاتەو دڕندەکانی خۆی دروست دەکات و، سـەگە قەڵـەوەکانی خـۆی پـەروەردە دەکات کە لەبری ئەو ڕاوەدووی نێچیرەکە دەکەون و .. بە تیرۆرکردنی هەق پاسـەوانی لـە ڕاستی دەکەن.

بە یانیانێك بەڕێوەبەر گازی کرد تا پێـی ڕابگەیـەنێت کـە لەسـەر کارەکـەی دەرکـراوە. یەکەمین بیانوو ئەوەیە کە خەڵکەکە نایانەوێت گۆرانیبێژێك منداڵەکانیان فێـرە خوێنـدن بکات. زۆر گومان لە ڕاستگۆیی ئەو بیانووە دەکات. چونکە گۆرانیبێژی ئاهەنگ و شایی و زەماوەندەکان نەبوو. تەنیا دوو جار گۆرانی چڕیبوو: جارێکیان لە یادوەری کۆچی دوایی باوکیدا، جارێکی دیکەیش لـە بەرنامەیـەکی تەلەڤزیۆنیـدا. پاشـان خەڵکەکـە خۆشـیان دەویست، چونکە سەردانی ماڵەکانی دەکردن، یان تەلەفۆنی بۆ دەکـردن بـۆ ئـەوەی لـەو فێرخوازانە دڵنیا بێت کە ئامادەی فێرگە نەبوونە. چونکە لەو ڕۆژگارەدا گـرنگ ئـەوەبوو سەری خۆت بپارێزیت نەك وانەکـەت، لـەوەتای تیرۆریسـتەکان ڕاهـاتبوون هـەموو ئـەو کەسانە بکوژن کە جانتای فێرگەیان پێیە، چ مامۆستا، یان فێرخواز بێت.

دایکی لەو بڕوایەدا بوو کە بڕیاری دەرکردنەکەی یەکەمین ئاگـەدار کردنەوەیـەو، کـرداری زۆر خراپتری بەدوادا دێت. جا لەبەر ئەوەی نەیدەویست گۆڕێکی دیکە لـە جـەزایر بـەجێ بهێڵێت، دەستی کیژەکەی گرت و جەزایری بەرەو سووریا بەجێ هێشت.

(له هەر کوێیەك بمرم، بە دەم مردنەوە گۆرانی دەڵێم.).

**ڤلادیمێر مایاکۆڤسکی**

قلیانەکەی پێ کردو دەستی بەسەیرکردنی ئاهەنگەکە کرد.
سەری سوڕما کاتێك بینی وشەیەکی سەرپێیی پێشکەش کرد، ڕەنگە تیرۆریستەکان هەڕەشەیان لێ کردبێت گۆرانی بچڕێت. دەبوو فەتوایەکیان دەرکردبایە قسەکردنیان لێ قەدەغە کردبایە، کە قسە دەکات ترسناك ترە!
ئەو قسەکردنەکەی پێ باشترە. ئەگەر گۆرانی بچڕیبایە کاتێك بۆ یەکەمین جار بینی لە تەلەڤزیۆنەوە قسەی دەکرد ڕەنگە کەناڵەکەی بگۆڕیبایە، ئەوەی دڵی خۆش کرد ئەو گورج و گۆڵی و بە گوڕییەیە، ڕەنگە ئەوەیش نهێنی ئەوە بێت بۆ هەر کوێ بچێت خەڵکی خۆشیان دەوێت، وەك بڵێیت کیژی گڕکانەکان بێت، کاتێك لەسەر سەکۆ ڕادەوەستێت یەکسەر هەڵدەچێت.
چەندی ئارەزوو لێیە ئەم گوڵە ئاگرینە لێ بکاتەوە بێ ئەوەی دەستی بسووتێت. تەنیا بۆ خودی ئەم بێت، ئەم (مەجدەلی)یە کە لە گۆرانی چڕینەکە بووەوە، ئاپوورەی بینەران هرووژمیان بۆ برد بۆ ئەوەی خۆیانی پێ پیرۆز (تەبەڕوك) بکەن.
نائومێد بوو کاتێك بینی چەپکە گوڵەکەی ئەمیان بۆ درێژ کرد، چونکە وێنەگرەکە وێنەگرتنەکەی ڕاگرت کاتێك بینەران چوار دەوریان داو جۆرە پشێوی و شڵەژانێك لە هۆڵەکەدا ڕووی دا.
ڤیدیۆکەی تەمراندو دەستی بەبیرکردنەوە لەو شتانە کرد کە لە (وێ)یدا دۆزیونەتەوە .. بۆیە برینەکانی دڵی پێ ئاشکرابوون.
ئەمە ئافرەتێکە (ئامرازە ئافرەتانەکان)ی لە خەسڵەتە پیاوانەکانیدا دەردەکەون.
بۆێرو بە شکۆیە، هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی هەیە کە ئەم بە خۆی ئەو گوڕو تینەی لە دەست داوە، لەبەر دەربەدەربوون و بزربوونی بۆ ماوەی چارەگە سەدەیەك لە بەرازیل. لەوێ، لە خاکی کەرنەڤاڵ و دەمامکی ئەفریقیدا، ڕوخساری ڕەسەنی دەم و چاوی خۆی لەدەست داوە. هەر کەسێك نیشتەجێی بەرازیل بووبێت بوونەوەرەکانی دارستانەکانی ئەمازۆن و ڕوحی ئەو ئافرەتانە دەچنە گیانیانەوە کە هێشتە سەمای (سامبا) دەکەن و چاوەڕوانی ڕاوچییەکانن تۆڕێك بهێننەوە ماسییەکانی تێدا هەڵبەزو دابەز دەکەن و، باڵی ڕەنگاوڕەنگی لێ پەیدا دەبێت، چوون پەپوولەی زەبەلاحی ناوچە گەرمەکان لە کێڵگەکانی

(سارکاو)، دەبێتە بونەوەرێکی سووك ڕێ ناکات بـەڵکو بـاڵ دەگرێتـەوە.. بۆیـە لـە نـاو مێشکی ئەودا (بەرازیلی) لە سەماکردن ناکەوێت.

ئیرەیی پێ برد لەبەر ئەوەی خاوەندی کێشەیەو، ئەمیش لە مێژە هیچ کێشەیەکی نەماوە. لە لوبنان هیچ کێشەیەك نییە ڕۆنەچێتە گیرفانی یەکێکەوە. کەواتە با مرۆڤ بـۆ گیرفـانی خۆی کاربکـات.. لـەبری ئـەوەی بمرێـت دزانـی پـرس و کێشـەکان و، دەوڵەمەنـدەکانی تێکۆشـان زەنگـین بکـات، ئەوانـەی لـەناو کۆشـکەکاندا نیشـتەجێن و بـە فرۆکـە تایبەتییەکانیان دێن و دەچن. شکۆدارانی سـەردەمی جـوان، جـەنگ ڕایمـاڵین، وەك چـۆن باوکیشی ڕامالّی و، دەریایش ئـەو شـتانەی فـڕێ دایـەوە، کـە ڕاهـاتبوو فڕێیـان بداتـە کەنارەکان کاتێك جەنگ ڕادەوەستا.

ئەو سەردەمە، لە حەفتاکانی سەدەی پێشوودا، لە ڕۆژگاری شەڕی نـاوخۆیی، ئامـادەبوو تەنانەت لە پێناوی پۆستەرێکی قەد دیواریشدا خۆی بە کوشت بدات کە وێنەی سـەرۆکی پارتەکەی، یان سەرۆکی تایەفەکەی لەسەر بوو. ئێستە کە هەرزەی سیاسی تێپەڕانـدووە، ساکاری ئەو هەڤاڵەی خۆی بۆ دەرکەوت کە لە (شەڕی وێنەکان)دا بۆ بەرگری لـە شـکۆی وێنەی پرۆژەی دزێك کوژرا، کە ساکارێکی دیکە دەیویست ئەو وێنە لە دیوارەکە بکاتەوە تا وێنەی سەرۆکێکی دیکەی میلیشیای لەجێ دابنێت. بۆیە هـەردووکیان مـردن و پـاش ئەوان هەردوو دزەکە ژیان.

ئایە مردنی لەوە گێلانەتر هەیە؟

بەڵێ، گەوجایەتییەکی گەورەتریش هەیە، وەك ئەوەی بە گوللەی وێـڵ بمریـت لـە خۆشـی گەڕانەوەی ئەم، یان هەڵبژاردنەوەی ئەوی دیکەدا، بێ ئەوەی ئەم، یان ئەو داخ و پـەژارەو خەمی خۆیان بۆ مردنت دەرببڕن، لەبەر ئەوەی تۆ لەکاتی ئاهەنگی (چل دزەکە) بە بۆنەی لەسەر تەخت دانیشتنی (عەلی بابا)وە بە هەڵە لەوێ بوویت.

هەروەها بێ هوودەیی دوایەمین شـەهید لـە دوایـەمین شـەڕ، کاتێـك هـەردوو لا لەسـەر تەرمەکەت باوەش بە ملی یەکدیدا دەکەن و.. پێکەوە سەفەری وڵاتێکی دیکە دەکەن بـۆ ئەوەی پاداشتی ئاشتبوونەوەکە وەربگرن .. تا ماوەیەك.

کاتێك ئەم ڕاستییانەی بۆ دەرکەوت، لەو شەمەندەفەرە شێتە دابەزی و، سواری فڕۆکە بوو و هەڵات و ڕۆیشتە بەرازیل، لە پـارتی (تێکۆشـان) جـودا بـووەوەو چـووە ڕیـزی پـارتی ژیانەوە. لایەنگری لە هیچ لایەنێك دیکە ناکات لە ژیان نەبێت.

بێ هیچ پارەو پوولێك گەیشتە ئەو ولاتە، ڕۆژێك بە نەداری تێیدا نـەژیا. لـەوێ خـەڵك، وەك بڵێیت کۆیلە بن، کار دەکەن و، لەکار دەگەڕێنەوە بـۆ ئـەوەی پاشمـاوەی ڕۆژەکـەیان چوون میر بگوزەرێنن. خۆشـی و شـادییەکانیان پێوەنـدییان بـە گیرفانیانـەوە نییـە، لـە مێشکیاندایە. هەرکەسەو یەك دۆلاری هەبێت پێی دڵخۆشە وەك بڵێیت ملیادێر بێت. لای ئەوان دۆلار نابێتە سامان ئەگەر نەیکەنە ژیان. کەچی کەسانی دیکە ژیان کۆدەکەنـەوەو، دەیکەنە بانکەنۆت و خاوەنەکەی بە دەوامێکی سەرومڕ دەبێتە پاسەوانی.

لەوانەوە فێری ئەوە بوو ژیان وەك ئاهەنگێکی گـەورە بگوزەرێنێـت، وەك بڵێیـت ژوانـی لەگەڵ گرتبێت و دوایەمین دۆلاری ناو گیرفانی خەرج دەکات، بۆ ئەوەی شـادومانی هـیچ کەسێکی دیکەی لێ زیاتر نەبێت کە هیچی لە گیرفاندا نییە تەنیا دۆلارێك نەبێت.

تەنانەت ئەو کیژە پێوەندی بەمەوە هەیە، چونکە دەزانێـت چ جـۆرە ئالۆشـییەکی ژیـانی لەژێر ئەو ڕەشپۆشییەیدا شاردووەتەوە.

فریوی ڕەش توانای پۆشینی پێچەوانەی ئەوەیە کە شاردوویەتییەوە!

***

نەیتوانی میواندارییەکەی ماڵی مامی ڕەت بکاتەوە. ئەوەی بـۆ ئەوەکـەی دیکـە بـەجێ هێشت، تا هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە میزاجی تێك نەدات.

چی گوڵ لە ژوورەکەیدا هەبوو هەمووی بۆ بردن، بـۆ ئـەوەی ژیـانێکی درێـژتر بـە ژیـان ببەخشێت. چونکە پێی ناخۆش بـوو ئـەو گوڵانـەی دەمیـان کراوەتـەوە فـڕێ بداتـە نـاو سەبەتەی زبڵەکەوە.

بێ هوودانە لەو ماڵە هەڵات، نایەوێت شەبەنگی عەلاو بـاوکی خـۆی .. لـە سـالۆنەکەو دەوری مێزی نانخواردنەکە ببینێت. بە تایبەتی نایەوێت بەرسڤی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە برینـەکان دەکوڵێننـەوە. بـەڵام پرسـیارەکانی ئامۆزاکـانی لەگـەڵ خواردنـەوەی فنجانـە چاییەکەدا دەستیان پێ کرد.

ـ بۆچی لە فەرەنسا نیشتەجێ نابیت تا ڕەوشەکە هێور دەبێتەوە؟

ـ من لەگەڵ دایکمدا لە شام شادومانم.

ـ سوودی لێ وەربگرە .. داوای نیشتەجێ بوون بکەن مادەمەکی ڕەوشەکە گونجاوە، ڕەنگە دواتر پێویستت پێ هەبێت. مافی پەنابەریت پێ دەبەخشن.. نیوەی جەزایر گواستوویانەتەوە پاریس، زۆربەیان بە دۆسییەی ساختەوە.. هەیانە دەڵێت دەستەڵات هەڕەشەی لێ دەکات و یەکێکی دیکە دەڵێت تیرۆریزم ڕاوەدووی دەنێت. تۆیش هەردووکیان ڕاوەدووت دەنێن..

وێڕای ئەوەیش ئەو پرسیارە ورووژێنرا کە دەبوو بورووژێنرێت.

ـ کیژم بمبوورە ..عەلا خوای لێ خۆش بێت چۆن مردو کەس ئاگەداری نەکردینەوە چی ڕووی دا؟

دایکی جەمال وەڵامی ئازاربەخشی دەوێت شایستەی لاوێك بێت لە تەمەنی کوڕەکەیدا بێت کە زوو خەونەکانی لەبار چوون. وردەکارییەکانی دەوێت کە خزمەکان پێویستیان پێیانە، ئەوانەی تەرمی کۆچکردووەکەی خۆیان نەبینیوەو، پێویستیان بە بەڵگەو وردەکارییەکانە تا بیرۆکەی مردنی پەسەند بکەن.

چەند فرمێسکێکی قووت دا کە نایەوێت لەبەردەم کەسدا هەڵیان بدات.

بەردەوام بەو شێوەیە، هەرکە لە بارەی عەلا بدوێت، بەو شێوەیە قسان دەکات وەك بڵێیت هێشتە عەلا بە خۆی لێرەیە. پاشان دواتر، لەو ساتەی کە پێشبینی ناکات، بە هۆیەکەوە کە بە ڕواڵەت پێوەندی بەوەوە نییە، یەکسەر لە پڕمەی گریان دەدات. ئێستە وێ، بە ڕیتمێکی ئاسایی، بەسەرهاتی لاوێکی قۆز دەگێڕێتەوە بەر لە دوو ساڵ ڕووی داوە، وەك ئەوانەی مەرگ ئارەزوویان دەکات .. برا تاقانەکەی بوو.

ـ کاتێك لەزیندانەکانی بیابان گەڕایەوە، پێخۆشحاڵ بووین لەبەر ئەوەی، پاش پێنج مانگ کە هیچ شتێکمان لەبارەیەوە نەدەزانی، بۆیان دەرکەوت کە بێ تاوانەو ئاکام ئازایان کرد. بەڵام هێشتە دوو مانگ بەسەر گەڕانەوەی و هاتنەوەیدا تێنەپەڕیبوو، یەکێك هات و قایلی کرد کە هەموو ئەو کارەساتانەی تووشی هاتن بە هۆی ئەوەوەیە کە لە ئایین دوور کەوتووەتەوە، چونکە نە ڕۆژوو و نە نوێژەکانی لای خواوەند بە دادیدا ناگەن،

ئەگەر پشتیوانی لە تێکۆشەران نەکات، لەبەر ئەوەی دوو ساڵ سەربازی بۆ نیشتمان کردووەو، یەك مانگی لە تەمەنی بۆخزمەتکردنی ئایین بەسەر نەبردووە. فریویان دا بۆ ئەوەی پێوەندی بە چیاوە بکات، تا ئەو قەرداریی‌ەی بداتەوەو بریندارەکانیان تیمار بکات، تەنانەت ئەگەر بۆ چەند هەفتەیەکیش بێت. عەلا ڕۆیشت بێ ئەوەی لە بڕیارەکەی خۆی ئاگەدارمان بکاتەوە. نەیدەزانی لە دۆزەخ دەرچوون وەك چوونە ناو دۆزەخ ئاسان نییە.

جەمال بەسەرسوڕماوییەوە هاواری کرد:

ـ بە ئارەزووی خۆی پێوەندی بە تیرۆریستەکانەوە کرد؟!

ـ سوودیان لە نائومێدبوونی وەرگرت و لەو ستەم و زوڵمانەی لە گرتووخانەکان بینیبوونی، بۆ ئەوەی لە تەلی سۆزی بدەن. دەتوانن بەشێوازی خۆیان قایلت بکەن.

ـ ئەی دواتر؟

ـ پاشان.. دوو ساڵ پتری لە هاتوچۆی نێوان حەشارگەکان لە چیاکاندا بەسەر برد، بریندارەکانی تیمار دەکردو منداڵی بە ئافرەتە لاقەکراوەکان دەهێنا کە تیرۆریستەکان دەست بەسەریان کردبوون، بە بیانووی ئەوەی ژن و کچی فەرمانبەر، یان کارمەندانی دەوڵەتی ستەمگەرن، بەڵام ئەوەیش دادی نەدا. کاتێك داوای لێ کردن بگەڕێتەوە، گومانین لێ پەیدا کرد، گومانیان لەوە دەکرد سوپا بۆ سیخوڕی کردن بە سەریانەوە ڕەوانەی لای ئەوانی کردبێت، لەبەر ئەوەی سەری لە کاروباری ئایینی دەرنەدەچوو. ئەو کاتە یەکێکیان بیرۆکەیەکی ئیبلیسانەی بە مێشکدا تێپەڕی، بۆیان بسەلمێنێت کە بڕوای بە تێکۆشان هێناوە بەوەی بگەڕێتەوەو باوکی بکوژێت، ئەو کات ژیانی خۆی مسۆگەر دەکات، بە لەناوبردنی ئەوەی کە دەنگی خۆی کردووەتە (شمشاڵی ئیبلیس).

قسەکانی بڕی بۆ ئەوەی بوێری خۆی بە دەست بهێنێتەوە.

هاوکات هەموویان پێکەوە پرسیاریان کرد:

ـ ئەی چی ڕووی دا؟!

ـ بەرانبەر بە بەسامیی ئەو ڕێگەهەڵبژاردنە، داواکەی ئەوەبوو لەبری ژیانی باوکی سازشیان لەگەڵ بکات و لەگەڵیان بمێنێتەوە. پێی گوتن بۆ ئەوە نەهاتووە کەس بکوژێت بەڵکو بۆ ئەوەی تیمار بکات و، هەرچەندیان بوێت لە خزمەتیاندا دەمێنێتەوە بە

مەرجێك ئازاری باوكی نەدەن. نەیدەزانی كە بۆند لەگەڵ پیاوكوژاندا مۆر ناكرێت، پێشبینی ئەوەیشی نەكرد كە لەكاتێكدا ئەو لە ناویاندایە یەكێك دەنێرن بۆ ئەوەی باوكی بكوژێت. پاش چەند مانگێك بەوەی زانی كاتێك لەگەڵ ئەو كەسانەدا كە پەشیمان بووبوونەوە لە چوارچێوەی لێبوردن و ئاشتەوایی نیشتمانیدا لەچیا هاتنە خوارەوە. ئەو شۆكەی تووشی هات جڵەوی لە دەست دا، بە نیوە شێت گەڕایەوە لەبەر ئەو هەموو ستەمانەی بینیبووی. لە خودی خۆی و لەئێمەیش نامۆ بووبوو، لەبەر چاوی هاوڕێكانی پێشوویشیدا بوو بوو بە تیرۆریست و، لای تیرۆریستەكانیش، كە هێشتە ئەشكەتەكانی خۆیان لە چیاكان بەجێ نەهێشتبوو، بوو بوو بە گومان لێ كراو، لەو بڕوایەشدا بوون كە لاوازترین ئەڵقەیەو ئەو كەسەیە كە سوپا لە حەشارگەكانیان ئاگەدار دەكاتەوە؟ بەو شێوەیە پاش ئەوەی ماوەی دوو مانگ لە نێوانماندا مایەوە، یەكێكیان نارد لەناوی ببات. لەناكاو بێ دەنگ بوو، چونكە نەیدەزانی چی وشەیەك هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی مردنەكەی پێ باس بكات:

(لەناوبردن) .. (كوشتن) .. (تیرۆركردن).. (هەڵكوتانە سەر)ی؟.. لەبەر مەرگی عەلا لەوەتای دەستدرێژییان كردە سەر شكۆمەندی و، ئارەزووی حەز كردنی لە ژیانیان تیرۆركرد و، خۆشی هەستەكانیان لە سێدارە دا، هەموو وشەكانی مەرگ پێكەوە بەس نین بۆ باس كردنی بێ هوودەیی كۆچ كرنی هەمیشەیی.

ئەوەتا بەو وردەكارییانە تێری كردن .. كەواتە با بگرین!!

قسەكان تەواو بوون، نەك گێڕانەوەكە، چونكە وردەكارییەكانی لای خۆی پاراست.

***

عەلا لەگەڵ پەشیمان بووەكاندا كە خۆیان ڕادەستی دەستەڵاتدارەكان كردبوو بەرانبەر بەو گەرەنتیانەی پێشكەشیان كرابوو، لەچیاكان هاتە خوارەوە. لە پیاو كوشتن پەشیمان نەبووبووەوە، تەنیا خەیاڵ پڵاوییەكانی خۆی تیرۆر كرد. خەونی بەوەوە دەبینی بۆ ماڵەكەی خۆی بگەڕێتەوە، وەك چۆن هەندێك خەون بە وڵاتی دوورەوە دەبینن بەڵێنیان پێ دراوە لێی نیشتەجێ بن. كاتێك گەڕایەوە بۆی دەركەوت كە نەگەڕاوەتەوە لای خۆی، ئاشتی ناخەوەی هەژا، تووشی پرسەیەكی ناخەوە بوو، چووە ناو واقیعی نا واقیعەوەو

بەرەو شیزۆفرینیا ڕۆیشت. لەبەر ئەو هەموو خەفەتەی لەماوەی ئەو دووساڵەی تەمەنیدا خواردبووی، چی دیکە نە تەمەن و نە ناوی نەمابووەوە..بۆ چەند ڕۆژێك پێی سەیر بوو کاتێك یەکێك بانگی دەکرد. ماوەیەك ڕادەوەستا بەر لەوەی بەرسڤ بداتەوە، تا بڕوا دەکات بانگی ئەو دەکەن..چونکە چی دیکە (باوکی ئیسحەق) نییە بەڵکو عەلایە.
یەکەمین شۆك کە تووشی هات، ئەوەبوو کە زانی پاش ئەو باوکی تیرۆر کراوە. پرسیاری کرد: (چۆن کوشتیان؟) کاتێك زانی تەنیا دوو گوللەیان بە مێشکییەوە ناوە، دڵگرانی ئەوەبوو کە ئازاری نەچەشتووە. لەو شوێنەوە هاتبووەوە، چەندین جۆرە ئازارو ئەشکەنجەدان و ڕادەربڕینی بینیبوو کە مرۆڤ ناتوانێت بڕوا بکات.. بەبەزەیی ترینیان، ئەوەیە کە گیراوەکە بە خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەڵبکەنێت، ناچاریش بکرێت تێیدا ڕابکێشێت، پاشان بە خۆڵ داپۆشرێت و، ببینرێت بپژمێت و تف بکات. ئیدی لە ماوەیەکی کورتدا بێ دەنگی باڵ بەسەر ئەو شوێنەدا دەکێشێت، پاشان بەپێ خۆڵەکانی سەر گۆڕەکە دەپەستن و بەجێی دەهێڵن. هەندێك لەوانەی بە دیل گیراون، لەبەر تاوانێك کە نازانن چییە، زوو خۆیان کوشت تا ئازارو ئەشکەنجە نەبینن. یەکیکی بینی خۆی بە خواردنی لم و زیخی تێکەڵ بە زەوی دەوری ئەو درەختە خنکاند کە پێوەی بەسترابووەوە، چونکە بە بەرچاوی ئەوەوە خەریك بوون پێستی بەدیل گیراوێکی دیکەیان کەوڵ دەکردو بۆ چەند ڕۆژێك بەجێیان دەهێشت گیانی دەدا تا خوێن لە لەشیدا نەما، ئەگەرچی تەنانەت خوشکەکەشی بە دەستەوە دابوو.. کە مێردەکەی پۆلیس بوو!
چەندین جار خۆی ڕاگرت بۆ ئەوەی نەبوورێتەوە، یان نەکەوێت نەوەك هەرگیز هەڵنەسێتەوە. چونکە لاوازو بێ هێز لەناو پیاوکوژەکاندا جێی نابێتەوە. بەڵام ئێستە، کە قوتاری بووە، توانای تەواو داتەپیوە، لەگەڵ خوشك و دایکیدا دەژیت و خواست و بیرکردنەوەی ئیفلیج بوونەو، لەناو نەریتە لێك جودتاوازەکاندا سەرگەردانە. دایکی بەردەوام بە سینگی خۆیەوەی دەنووسێنێت و دەگریەت. لەوەتای ڕۆیشت دەستی بە گریان کرد، ئێستەیش دەگریت لەبەر ئەوەی هاتووەتەوە. ئەویش هەرکە تاك و تەنیا بێت دەست بە گریان دەکات، دوو ساڵ بەرەنگاری فرمێسکەکانی خۆی بووەوە، بەڵام ئێستە مافی گریانی بەدەست هێناوەتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی زۆر ئەزیەت داوە، لەخۆی نابوورێت و،

نازانێت چی بکات بۆ  ئەوەی دڵی دایکی خۆش بکات. ئایە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات؟ کاربکات؟ ژن بهێنێت؟ ئایە بڕوات، یان بمێنێتەوە؟ ئەگەر بشـڕوات ئـەوە چـۆن بـەجێیان بهێڵێت و سەری خۆی هەڵبگرێت؟ ئەگەر هەمووشیان بچـن لـە شـام نیشـتەجێ بـن وەك دایکی دەیەوێت، ئەوە پارە لەکوێ بهێنن؟

ئەگەر میرێك لە میرانی مەرگ بووایە، ڕەنگە دەروازەی ڕۆزیی بـە ڕوودا بکرابایەتـەوەو، بە ڕادەی پلەو پایەی شمشێرەکەی یارمەتی پێشکەش بکرایەو، لە بری پاشگەزبوونەوە لـە فەتواکانی سەرەتای بە دەرکردنی فـەتوای نـوێ خـەڵات و پاداشـت بکرایـە کـە تێیانـدا بەردەوام بوونی تێکۆشانی ئەوانەی حەرام بکردایە کە هێشتە لەچیاکانن. بەڵام میر نییەو، نە جڵەوی گرووپە پیاوکوژەکان و نە بەتالیۆنە شەڕکەرەکانیشی بە دەسـت نییـە، هێشـتە بڕوا ناکات کە قوتاری بووە. پاشان برا (میر)ەکانی هەقیان بەسەرەوە نییە، ئەوان ئێسـتە سەرقاڵی بازرگانی خۆیانن، پاش ئەوەی بازرگانییان بەوو بە کەسانی دیکەوە کرد.

عەمار پاش ئەو پێوەندی بە چیاوە کرد، بەر لەویش دابەزی. لەوێ میر بوو..لەوێی بـینی میر بوو. چێژی لە مافی ژیان وەردەگرت پاش ئەوەی ئەو مافەی لەوانی دیکە سەندبووەوە. ئێستە بازرگانییەکی بە هەرمێنی هەیە، کە تا ڕادەیەك جێی سەرسـوڕمان بێـت. ئەگـەر لێی بپرسیت چۆنی بەدەست هێناوە، ئەوە وەڵامت دەداتەوە بە شێوەیەك لێی تێ بگـەیت کە ئەو شایەنی قازانج کردنەو، تۆیش تەنیا شایەنی ئەوەی زیانت پـێ بکـەوێت، چـونکە خوات لەگەڵ نییە، ئەو خوای لەگەڵە. خوا چاودێری دەکـات، بۆیـە خـوا بازرگانییەکـەی پیرۆز کردووەو، قازانجەکانی حەڵاڵن، بۆیە دەبێت تۆ ئـەو دەرەنجامـە هـەڵهێنجێنیت کـە نەفرت لێ کراویت و، لە بەزەیی خوا دەرهاوێژراویت، وێڕای ئەوەی بڕوات بە خوا هەیـەو، چاکە دەکەیت و لە  خوایش دەترسیت و هیچ کەسێکت بە ناهەق نەکوشتووە.

هەموو ئەمەت بە زمانی عەرەبی ڕەوان پێ دەڵێت، کە (خاوەن بەرەکەتەکان) بەو زمانـە نەبێت، نادوێن، چونکە زمانی خەڵکی بەهەشتە. تۆیش نازانیت چۆن وەڵامی بدەیتەوە لە کاتێکدا لەناو دۆزەخی خۆتدایت و، دۆزەخی مەرگت بەجێ هێشت، تا ببینیـت دۆزەخـی ژیان چاوەڕێت دەکات.

سەبارەت بە عەلا، ئەوە لەو ڕۆژەوە خۆشەویستی لەدەست دا، لە بەهەشتی زەمین وەدەر نرا. ڕەنگە جارکێشان بێت و، ئەو ئەڤینداریيە توندڕۆيەی کە ئارەزووی ئەوە دەکات يارەکەی هەر بۆ خۆی بێت، تا ڕادەی ئەوەی لە کۆتاييدا لەدەستی بدات.
هودا بەر لەو خوێندنی تەواو کردبوو، لەبەر ئەوەی بواری ڕۆژنامەوانی هەڵبژاردبوو. بيرۆکەی ڕۆيشتنی بۆ ئەوەی لە جەزاير بژيت بەلاوە پەسەند نەبوو. (وێ)يش ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەو هەلە بێت کە دووبارە نابێتەوە، کە وەك بێژەری دەنگوباس لە تەلەڤزيۆن کار بکات، هەرکە بەرەو پايتەخت بەڕێ کەوت، ئەميش لای خۆيەوە ڕووی کردە چياکان. ڕەنگە ويستبێتی تۆڵەی لێ بکاتەوە، بەڵام بەو هۆيەوە خۆی تووش هات، کاتێك لە ئاکامی ئازاری لێ دوورکەوتنەوەی خۆی تووش کرد.
لەوێ ئاگەی لە هەواڵەکانی وێ نەما. ئێستە لە دوورەوە دەيەوێت بزانێت لە پاش ئەو دوو ساڵەوە تا ئێستە چی بەسەر هاتووە، نايەوێت (وێ) ئەم بەم ديمەنی پەرپووتەوە ببينێت، پێويستی بە ماوەيەکە تا ڕەنگ و ڕوو و تەندروستی چاك دەبێتەوە.
پێوەندی بە برای کچەکەوە کرد، چونکە هاوڕێ و هاوپۆلی پێشووی بووە لە زانکۆ، پێی خۆش بوو کاتێك گوێی لە دەنگی (نەدير) بوو وەڵامی تەلەفۆنەکەی دايەوە. لەوەتای گەڕاوەتەوە بڕوا ناکات، يەکێك وەڵامی ئەو ژمارەی تەلەفۆنەی بداتەوە کە لايەتی. چوزانێت پاش ئەو، ئەو خەڵکە چييان بەسەر هاتووە!
لەسەر ئەوە ڕێککەوتن يەکدی ببينن. تا بۆی کرا خۆی تيف تيفەو جوان کردەوە، وەك بڵێيت خۆی بو هودا جوان بکاتەوە، چونکە پێشبينی دەکات هەواڵەکانی ئەمی پێ بگەيەنێت، بەڵام بينی خۆی لەو پۆشتەترە.
ئەوسا بەدير لە پۆشتەو قۆزيدا کەسی پێڕا نەدەگەيشت. وەك بڵێيت بەڵێنی دابێت هيچ خەفەت نەخوات. ئەمە يەکەمين شتی بوو سەرنجی ڕاکێشا. هەردووکيان پێکەوە لە ڕيزی پارتی ژياندا بوون. نەدير دوا گۆرانييە بيانييەکانی ئەزبەرەو، ئاگەی لە دوايەمين تەکنەلۆژييەکانە. خۆی لە هەندێك شتی ناپێويست بێ بەش دەکات، تا دوايەمين ئامێری ئيليکترۆنی بکڕێت.. يەکەمين ئامێری کۆمپيوتەر کە دێتە ولاتەوە. لەبەر ئەوەی لە

بواری ئای تیدایه خوێندوویەتی بەردەوام لەبەردەم کۆمپیووتەردایە. ئەو دەرچووی ژیـانی گریمانەییە!

ویستیان گیانی گاڵتەجارِیانەی پێشویان زیندوو بکەنەوە.

نەدیر گوتی:

ـ ئەی خۆ ئەوە زیندوویت؟

عەلا بە هەمان گاڵتەجارِییەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ تۆیش هێشتە لە (la planète)ەکـەی خۆمانـدایت؟ وام زانـی لـە ئەسـتێرەیەکی دیکـە دەژیت!

ـ کاکە من لەناو ئاوەرِۆکاندام .. هەرچی تۆیت لە چیاکان بوویت، لەسەرەوە ئۆکسجینتان هەیە.. لێرە تەنانەت هەواشیان لیَ وشك کردینەوە. رِەنگە بە (دۆفیز) بیفرۆشن.. هەموو شتێك بە دراوی گرانبەها دەفرۆشرێت، تەنیا ئێمە نەبێت کە هەرزان بووین!

ـ ئەم رِۆژگارە چی دەکەیت؟

نەدیر پێکەنی. کەس پرسیاری لیَ نەکردووە ئەم رِۆژگارە چی دەکات. چـونکە ئەگـەر لـە ژیاندا بە زیندوویی بمێنیتەوە ئەوە خۆی لە خۆیدا کارە. خەڵکی دەپرسن ئایە فلاَن هێشتە زیندووە، نەك چی دەکات!

بە تەوسەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ ئەو، ئەو کارە ناکات تەنیا بۆ ئەو نەبێت. چوون رِۆمانەکەی مالك حەداد (سفرەکان بـە دەوری خۆیاندا دەخولێنەوە) تۆ شێتت بوویت، چی بردیتییە چیا؟

عەلا بەرسڤی دایەوە بۆ ئەوەی پاساو بۆ گەوجایەتییەکەی خۆی بهێنێتەوە:

ـ نازانم چیم بەسەر هات رِقم لەژیانی خۆم دەبووەوە!

ـ براله ئەگەر رِقت لە ژیانی خـۆت دەبێتـەوە لـە دەریـا بپـەرِەوە، نـەك بچـیتە چـیا .. بەلایەنی کەمەوە ئەگەری ئەوەت هەیە بچیتە ناو بەهەشـت و .. لـە فەرەنسـا، یـان لـە ئیسپانیا بژیت و بە درێژایی رِۆژ (لابایلا) بخۆیت.

عەلا بە گاڵتە پیَ کردنێکی رِەشبینانەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ بە خوا نەهەنگ دەتخوات بەر لەوەی (لابایلا) بخۆیت!

ـ با نەهەنگ بمخوات نەك كرم بمخوات..

نەدیر بە داخی گەنجێکەوە دەدوێت دوو ساڵە زانکۆی تەواو کردووەو کارێکی نەدۆزیوەتەوە. ئاشکرایە کە قسەگەلێك دەکات بڕوای تەواوی پێیان نییە. تووشی جۆرە سەرشۆڕییەك هاتووە. لە توندڕۆیی لە کامەرانییەوە بەرەو توندڕۆیی لە نائومێدی برد.

عەلا وردە وردە لەو بابەتە نزیك بووەوە کە پێوەندی پێوە هەبوو، لێی پرسی:

ـ من گوتم ئێستە کە من لێرە نەبووم تۆ ژنت هێناوە..

نەدیر بە گاڵتە پێ کردنەوە گوتی:

ـ ژن بهێنم؟ خۆ شێت نەبوومە! خوایە سەرم سوڕ ماوە .. بۆ هەر کوێیەك بچین کچەکان هەڵدێن.. پتر لەسێ ملیۆن قەیرە کچ لە جەزایر هەن!

ئەوە یەکەمین جار بوو گوێی لێ بوو بەم شێوەیە بدوێت. ڕەنگە یەکێکیان فریوی دابێت، یان وازی لێ هێنابێت. چی لەگەڵ لاوێکدا بکات هیچ ئاییندەیەکی نەبێت؟

ئاکام پرسیارە گرنگەکەی کرد:

ـ ئەی هودا چی بەسەرهات؟

ـ هودا دەڵێیت یەکێك نزایەکی خراپی لێ کردبێت! تو خوا دیوتە یەکێك بچێت لە تەلەفزیۆن کار بکات لە کاتێکدا تیرۆریستەکان هەموو ڕۆژێك ڕۆژنامەنووسێك دەکوژن؟! براله حەز دەکات ناوی لە ناواندا بێت..(شەیدای بووە) .. وازی لێ بێنە با لەبەر تیشکی ناوبانگیەتیدا بمرێت!

دەیویست پرسیاری ئەوەی لێ بکات (ئایە ژنی هێناوە، یان حەزی لە کەسێکە؟) بەڵام بۆی دەرکەوت کە هێشتە مێردی نەکردووە. هەرچی دووەمین پرسیار بوو ئەوە کەس ناتوانێت وەڵامی بداتەوە تەنیا هودا بە خۆی نەبێت. چەند حەز دەکات بزانێت ئایە خۆشی دەوێت؟ ئایە ئەمی لەبیر ماوە؟ ئایە بیری دەکات؟ بە پرسیارێك لە بارەی پرۆژەکانییەوە بڕییەوە:

ـ نیازی چیت هەیە؟

ـ دەمەوێت هەڵێم.. هیچ ڕێگەیەکم نییە تەنیا بە دەریادا نەبێت. ئەوانەی بەم دوایانە چوونەتە ئیسپانیا هیچ کەموکورتییەکیان نییە.

بواری ئەوە نییە سەر بنێیتە سەری. ئەو لە دەریا ناترسێت. پتر لەو نیشتمانە بڕوای پێ هەیە کە لە دوای خۆی بەجێی دەهێڵێت. سواری دەریا دەبێت و بە تۆڕێکی بەتاڵی خەونەکانەوە دەگەڕێتەوە!

عەلا لەو دیدارە بە شادومانی گەڕایەوە، چونکە بە لایەنی کەمەوە یەك هاوڕێی ماوە. چونکە لەکاتی ئەم جۆرە تەنگانانەدا هاوڕێ دەردەکەوێت.

لەوەتای گەڕاوەتەوە هەموو هاوڕێکانی ئەوسای لەدەست داوە. هەندێك جار پاساویان بۆ دەهێنێتەوە، چونکە ئەم بە لای ئەوانەوە بە تیرۆریست دادەنرێت، بۆیە شایەنی ئەو هاوڕێیەتییە نییە. بۆچی نەیانکوشت، چونکە پێویستیان پێ هەبوو. نۆژداریان نەبوو بریندارەکانیان تیمار بکات. کاتی خۆی نۆژدارێکیان ڕفاندو هێنایانە حەشارگەکەیان.. بەڵام پاشان لە سێدارەیان دا کاتێك ویستی لە چنگیان هەڵێت. تا ئێستە بڕوا ناکات ڕێگەیان پێ دا لەگەڵ کۆمەڵی پاشگەزبووەکان چیا بەجێ بهێڵێت. تا دوا ساتیش پێشبینی ئەوەی دەکرد یەکێکیان گوللەیەکی پێوە بنێت، ڕەنگە ئاسایشی لە شوێنی حەشارگەکەیان ئاگەدار کردبێتەوە.. پیاوێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسێکی نەکوشتبێت پێویستە بکوژرێت!

ئەو ژوانە ئومێدی وەبەر هێنایەوە هودا بە دەست بهێنێتەوە. پێشبینی ناکات ئەمی لەبیر چووبێتەوە. بەلایەنی کەمەوە بۆ ڕێزنان لەو شەش مانگەی لەبری ئەڤینداریەکەیان لەبەندیخانە بەسەری برد. دەرکی بەوە نەدەکرد ئەگەر وێ ئاگەداری نەکردایەتەوە پاش ئەوەی ئازاد کرا، پاش دەستگیرکردنی لە هەڵمەتێکی پۆلیسدا بۆ سەر توندڕۆکان لە زانکۆی قوسەنتینە. چونکە یەکێکیان هاتبوو و تانەی لێ دابوو و گوتبووی: (ناهێڵم خۆشی لەگەڵ ببینیت). دواتر تێگەیشت کە بە درۆ خەبەری لێ داوە تا ئەویش دەستگیر بکرێت. لاوەکە خۆشی دەویست و نەیدەویست کاتێك ئەم لە گرتووخانە بوو، بۆ کەسی دیکەی بەجێ بهێڵێت!

هێشتە لە دڵی خۆیدا شانازی بەوەوە دەکات کە بە هۆی گومانێکی ئەڤینداریانەی ڕانەگەیەنراوەوە لە بەندیخانەیان توند کردووە! ئایە لێیان دەداو ئەشکەنجەیان دەدا ئەگەر بیانزانیبایە تەنیا ئەڤیندارێکی قوربانیی دەستی داودانانەوەی گەنجێکی بێ ویژدانە،

ڕدێنەکەی ڕێی ئەوەی لێ نەگرت داو بۆ مرۆڤێکی بێ تاوان دابنێتەوە؟ بەڵام زێدەڕۆییان کرد، ئەوێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سۆزی بەلای توندڕۆکاندا نەجووڵاوە، لەبەر ئەوەی لە لایەن سوپاوە زۆر ئازارو ئەشکەنجە دەدران، کەچی کاتێك بەندیخانەی بەجێ هێشت چووە پێستی ئەوانەوە.

ئێستە کە هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت، پێویستی بە نۆژەنکردنەوەی ڕوحیەتی پاش ئەو وێرانییەی تووشی هاتبوو نییە.

تەنانەت پێویست دەکات چاو بەم وشانەیشدا بخشێنێتەوە: (نیشتمان)، (شەهید)، (کوژراو)، (شۆڕش)، (ڕاستی)، (تیرۆریزم)، (ئایینداری)، (جیهاد)، (شۆڕش)، (پیلان)، (خوانەناسەکان): زمان شەکەتی کرد. هەوایەکی پاکژی دەوێت زمانی تێدا نەبێت؟ نە ڕەوان و نە ڕەوانایەتی و نەیش سازشکاری.

وشەگەلی ئاسایی، بە سەرو بۆرو ژێر کۆتاییان نەیەت.. بەڵکو بە (کۆنسنانت). بێ دەنگی دەوێت.

بێ هوودانە هالەو دایکی ئەو هەوڵیان دا ژێرزمانی بکێشنەوەو بزانن لە ماوەی دوو ساڵی بزربوونیدا چۆنی ژیان گوزەراندووە. بەردەوام خۆی دەدزییەوەو قسەی نەدەکرد. دیار نەبوو تەنیا لە کاتی بڵاوکراوەی هەواڵەکانی ئێوارەدا نەبێت.

هەردووکیان دەزانن کە تەنیا چاوەڕوانی ئەوە دەکات هودا دەرکەوێت. کاتێك وێ هەواڵەکان پێشکەش نەکات، یەکسەر ئەوێ جێ دەهێڵێت و بۆ ژوورەکەی دەگەڕێتەوە.

لێی ورد دەبێتەوە .. سەرنجی دەدات..لەکاتی پێشکەش کردنی هەواڵەکاندا نووچەکانی وێ دەخوێنێتەوە. هەر جارەو دەگاتە ئاکامێکی پێچەوانە، جارێکیان دەبینێت کە وێ شادومانە کەواتە یەکێکی خۆش دەوێت. جارێکی دیکە لەبەر چاوی بێزارو ڕووخاو دەنوێنێت و، نازانێت بۆچی هەر مکوڕە لەبەردەم کامێرادا ڕاوەستێت.. تا هەموو ڕۆژێك هەواڵی تیرۆرکرنی ڕۆژنامەنووسێك ڕابگەیەنێت. ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانەی تیرۆر کراون لە حەفتای تێپەڕاندووە، هێشتە هەموو ڕۆژێك پرسەی یەکێکیان ڕادەگەیەنێت.. چی ڕوودەدات ئەگەر بە خۆی ژمارەی دواتر بێت؟

ئەم بیرۆکەیە زۆرتری دەتۆقاند. ئەوەی لێی دەترسێت ئەوەیە ڕووداوێکی بەسەر بێت و هەرگیز نەیبینێتەوە. ڕێی تێ دەچێت مەرگ ڕاپێچی بکات؟ خۆڵ هەردوو چاوە جوانەکانی داپۆشێت، لەگەڵ جەستەیدا کە هیچ ڕۆژێك دەستی پێ نەکەوتووە.. لەگەڵ هەردوو لێویدا کە لە هەموو جەستەی ئەو دوو لێوەی ماچ کردووە؟

بڕیار دەدات وەك هەموو جارێك سبەینێ تەلەفۆنی بکات.

پاشان دوا وشە بۆ شکۆمەندی خۆی بەجێ دەهێڵێت. چونکە وێ دەزانێت کە ئەم گەڕاوەتەوەو، وێ دەتوانێت تەلەفۆنی بۆ بکات، ئەگەر بیەوێت. بەڵام ماوەی دوو مانگە ئەو دەستپێشخەرییەی نەکردووە.

مۆتەکەی مردن ڕاوەدووی دەنا. بیری لە هەموو ئەگەرەکان دەکردەوە کە دەشێن بە هۆیانەوە تیرۆری بکەن، کاتێك دەچێتە تەلەڤزیۆن، یان ئێواران لێی دەگەڕێتەوە. خەون دەبینێت کە کەوتووەتە سەر جەستەی و دەگریەت و  لە خوا دەپاڕێتەوە لێی نەسێنێتەوە. چونکە لەم جیهانەدا جگە لە وێ هیچ شتی دیکەی ناوێت.

ئێوارەیەکیان، کاتێك لەسەرپەردەی تەلەڤزیۆن دەیبینێت، بیری لەوە کردەوە هەرکە هەواڵەکانی لە تەلەڤزیۆن تەواو کرد تەلەفۆنی بۆ بکات. دەیەوێت لەناکاو قسەی لەگەڵ بکات!

کێشەکە لەوەدا بوو کە تەلەفۆنی ماڵەوە لە هۆڵەکە بوو، نەیدەویست بە بەرچاوی هالەو دایکییەوە قسەی لەگەڵ بکات. بڕیاری دا بچێتە دەرەوەو لە کوشکێکی تەلەفۆنی نزیك ماڵەکەیانەوە داوای بکات. بە بیانووی کڕینی پاکەتە جگەرە ڕۆیشتە دەرەوە.

لەناوکوشکی تەلەفۆنەکەدا ژمارەی تەلەفۆنی تەلەڤزیۆنەکەی دەرهێنا کە ماوەی چەند ڕۆژێکە ئامادەی کردووە، لەوەتای بیری لەوە دەکردەوە پێوەندی پێوە بکات. ژمارەی بگۆڕەکە بۆ چەند خولەکێك هەر زرنگەی دەهات بێ ئەوی کەس هەڵیبگرێت. پاشان دەنگێکی پیاوانە وەڵامی دایەوە. خۆی بینی بە پەشۆکاوی پێی دەڵێت:

ـ دەمەوێت لەگەڵ خاتوو هودادا قسە بکەم . تکایە دەشێت پێی بڵێیت عەلا تەلەفۆنی بۆ دەکات..

لەو سەرەوە پیاوەکە وشیارانە خۆی نواندو .. بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر دەتەوێت سبەینێ تەلەفۆنی بۆ بکە!
ئەویش هەر پێداگیری دەکرد:
دەمەوێت ئێستە سەبارەت بە شتێکی گرنگ قسەی لەگەڵ بکەم.. خۆزگە بە ناوی منەوە ئاگەدارت دەکردەوە.
پیاوەکە وەڵامی دایەوە:
ـ بەڵام هێشتە لەسەر پلاتۆکەیە، دەبێت چەند خولەکێك، یان پتر چاوەڕوان بیت.
بە پاڕانەوەوە بەرسڤی دایەوە:
ـ چاوەڕوان دەبم.. بەڵام تۆو خوا براله لە یادم نەکەیت.
پیاوەکە گوتی:
ـ ناوی خۆتم پێ بڵێ.
ـ عەلا .. علا وافی .. من لە شەقامەوە قسەت لەگەڵ دەکەم. تۆو خوا با زۆر چاوەڕان نەبم.
پتر لە دە خولەك تێپەڕی. پیاوەکە گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئاگەداری بکاتەوە کە هودا لەو کاتەدا پەخشەکەی خۆی تەواو کردو بە پەلە ڕۆیشت و ئەو نەیتوانای پێیڕا بگات.
بەڵام هێڵکە کرابووەوەو کەسیش وەڵامی نەدەدایەوە، تەنیا دەنگی چەند گوللەیەك نەبێت مایکرۆفۆنی کوشکەکەی تەنییەوە.
سبەینێ، لە کاتی چاوەڕوانی ئەو فڕۆکەیەدا بۆ بەیرووتی دەگێڕایەوە، کاتی زۆرتری بە دەستەوە بوو بۆ ئەوەی تەواوی هەموو ئەو وردەکارییانەی بیر بکەوێتەوەو سەرلەنوێ غەم و پەژارە سەری تێ بکات، چونکە لە ساڵی 2001دا هێشتە خەڵکی لە جەزایر مۆبایلیان بۆ دەستەبەر نەبووبوو، ئەگینە بەو شەوە عەلا نەدەچووە دەرەوەو لە کوشکی تەلەفۆنەوە داوای هودای نەدەکرد. چۆن دەیزانی کە پێوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی مردنەوە دەکات؟
فرمێسکەکانی چۆڕاوگەیان بەست. ئەوەی لە شەوبێدارییەکەی شەوی ڕابوردوو گلی دابوونەووە. ڕەنگە هەورەکانی بە دوای بیانوویەکدا بگەڕابان بۆ ئەوەی داباریێن. ڕەنگە ئەو سەرکەوتنە بێت کە بەرەو نائومێدی دەبات، یان ڕەنگە لەدەستدان بێت، لە دەستدانی

هەموو پیاوەکانی، بەو پیاوەیشەوە کە شادییەکی درۆکینەی پێ بەخشی و، لەخودی ئەم فڕۆکەخانەیە بزربوو کە بەڵێنی پێ دابوو لە ڕۆژی گەیشتنتیدا پێش هەفتەیەك، بیبینێت. وێ تا دوایەمین  سات پێشبینی دەکرد تەلەفۆنی بۆ بکات. ئێستە بڕوای بە دڵی دەکات کە ئاگەداری دەکاتەوە کە هەرگیزاو هەرگیز نایبینێت و، چارەنووسیشی ئەوەیە کە هیچ ڕۆژێك لەژیانیدا شادومان نەبێت.

بەردەوام شادومانییەکەی، چوون باڵی پەپوولە، زوو زوو تێکدەچوو. هەرکە ویستبای ڕەنگەکانی چنگ بخاتەوە، شادومانییەکەی لەناو پەنجەکانیدا دەبووە گەرد.

# دووەمین جووڵە

(لە چی ئەستێرەگەلێکەوە هاتووین تا ئاکام بە دیداری یەکدی بگەین)
نیتشة ئەو ساتەی بۆ یەکەمین جار (لوو)ی تێدا بینی.

چەند هەفتەیەك بەسەر گەڕانەوەی لە پاریس تێپەڕیبوو، کاتێك بانگهێشتنێکی پێگەیشت ئاهەنگێك لە قاهیرە ساز بدات. دەستی بە وتووێژ لەگەڵ دایکی کرد بۆ ئەوەی ڕێی بدات سەر لە میسر بدات. وەك بڵێیت لەمەڕ کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین وتووێژی لەگەڵ بکات. لە قاهیرە خزم و کەس و کاری نییە وەك ئەوەی لە پاریس هەیەتی و، دایکی نازانێت لە چ ناوەندێك دەبێت؟

لە ڕاستیدا، وێ نایەوێت کیژەکەی گۆرانی بچڕێت. لە هەموو بوارێکدا لێی نیگەرانە. ئەگەر بیتوانیایە ئەوە نەیدەهێشت ماڵ بەجێ بهێڵێت. بە ئاسکێکی دادەنا خۆیان لێ مەڵاس دابوو سەری ببڕن بۆ ئەوەی دەست بەسەر (میسك)ـەکەیدا بگرن.

هەرچی (وێ)یە لەو بڕوادایە کە ئاسکێك لە ماڵدا ئاسك نییە بەڵکو مریشکە. ئاسك بۆ ئەوەی خولقاون تا بە بیابانەکاندا گومبەتانێ بکەن، نەك خۆیان بشارنەوە، چونکە لە مەرگ ترسان .. مەرگێکە ڕەنگە بە درێژایی ژیان درێژە بکێشێت.

ماوەی چەند مانگێکە میوزیك دەخوێنێت، ئێستە هەست دەکات دەتوانێت بەرەو ڕووی دژوارترین بینەران ڕاوەستێت: بینەرانی میسری. چ سەرکێشییەکە قایل بیت ئاهەنگێك لە قاهیرە پێشکەش بکەیت.

پێشنیازی کرد دایکی یاوەری بێت، تا دڵنیا بێت و، کەمێك ڕەوشی خۆی بگۆڕێت، وەك پێشبینی کرد، ئەو پێشنیازەی ڕەت کردەوەو، بە بێزارییەوە گوتی:

ـ من حەز ناکەم گەشتی میسر بکەیت و تێکەڵاوی ڕەوشی هونەری ئەوێ بیت.. پارەی ئاهەنگەکانیشم ناوێیت.. ئەوە بە باشتر دەزانم بەسەر بەرزی نان و پەنیرەکەی خۆم بخۆم!

وەك هەموو جارێك دەستی بە بەرگری لەخۆکردن کرد:

ـ دایە سەربڵندیمان پارێزراوە .. من زۆرم لەم ئاهەنگانە دەستگیر نابێت.. تەنانەت ئەم ئاهەنگەیش ئاهەنگێکی خێرخوازانەیە تا بڕێك پارە کۆبکەینەوە بەشێکی پزیشکی بۆ منداڵانی تووشبووی نەخۆشی شێرپەنجە دروست بکەین..

بەم وشانە توانی سۆزی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و سەفەر بکات و پشتیوانی لێ کردنی دایکی مسۆگەر بکات. بە تایبەتی کە نەجلا پێشنیازی کرد یاوەری بکات، چونکە

گەشتەکە کورتەو، ئەویش پێشتر قاهیرەی نەبینیوە، ئەویش جوانترین پێشنیاز بوو، لەبەر ئەو ڕووداوە لەناکاوانەی چاوەڕوانی دەکردن.

تەنیا چەند کاتژمێرێك مابوو ئاهەنگەکە دەست پێ بکات، کاتێك پێی ڕاگەیەنرا کە یەکێك پێش چەند ڕۆژێك هەموو بلیتەکانی ئاهەنگەکەی کڕیوە.

سەرەتا بڕوای نەکرد.

ڕاستە ئەوە ئاهەنگێکی خێرخوازانەیە، بەڵام دەیتوانی ژمارەیەکی دیاریکراو لەو بلیتانە بکڕێت و بڕە پارەکەی دیکەیش باربوو بکات، بۆ ڕێزگرتن لەوانەی دەیانەوێت ئامادەی ئاهەنگەکە بن. ئەوە چی دەگەیەنێت یەکێك بلیتی تەواوی هۆڵێك بکڕێت، تەنیا ئەو بڕوایەی نەبێت کە هاوسانە بە هەموو ئامادەبووان، لەبەر ئەوەی پارەی لەوان زۆرتر هەیە.. باشە بە چ هەقێك خەڵکی لە ئامادەبوونی ئەو ئاهەنگە بێبەش دەکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی نازانێت چی بە پارەکەی بکات و، بە دوای هۆکارێکدا دەگەڕێت وەك خێرخوازێك ڕیکلامێکی لە ڕۆژنامەیەکدا بۆ دەستەبەر بکات.

بیری لە گۆرانی نەچڕین کردەوە بۆ ئەوەی پەندێکی بێ فیزی بەو پیاوە دابدات. بەڵام بەڵێندەری ئاهەنگەکە پاش مشت و مڕێکی لۆژیکیانە پێی گوت لەو حاڵەتەدا پێویستە ئەو زیانانە ببژێرێت کە تووشی دەبێت.

بۆ یەکەمین جار هەستی کرد ئەوەی لە گیرفانیدایە ئاستی سەربڵندیی داناپۆشێت.

ـ باشە ئەو پیاوە کێیە؟

یەکێك ئامادە بوو و بڕی پارەکەی بە ناوی یەکێك لە کۆمپانیاکەوە دا، ڕەنگە یەکێك لە پیاوەکانی بێت.. بواری پرسیارکردنی پێ نەدام.

بە تەوسەوە وتی:

ـ ڕەنگە سەرۆك هۆزێك بێت و پێویستی بە تەواوی هۆڵەکە بێت.

ـ ئەگەر میر بێت ئەوە نە خۆی و نە هۆزەکەی ئامادە نابن!

ـ ڕێی تێ دەچێت .. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر ئامادەیش نەبێت؟!

ـ ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەمەندەکان ناویان ئامادە بێت. ئاکام، ئەوە ئاهەنگێکی خێرخوازانەیە، گرنگ ئەوەیە ئێمە هەموو بلیتەکانمان فرۆشت.

بەلای ئەوەوە گۆرانی چڕین جۆرە سەربڵندییەك بوو، ئەو هەستەیشی لێ دوور نەدەکەتەوە کە ئەو پیاوە بە دەوڵەمەندییەکەی چاوتێری ئەم ڕیسوا دەکات.
ئەگەرچی پارەی پێویستە، بەڵام دەستی لە داهاتی ئەو ئاهەنگە هەڵگرت. ئەویش بلیتەکانی هۆڵێکی بەو پارە زیادانەی کڕی، ئێستەیش بەرچاو تێرترو مرۆییانەتر دێتە پێش چاو!
دوو کاتژمێری پێش ئاهەنگەکە هەستی بە نیگەرانییەکی زۆر دەکرد، چاوەڕوانی پەردەلادان لەوەڵامێك دەکرد کە هەڵهێنانی سەری لە هەموو لایەك شێواندبوو: ئەو پیاوە کێیە؟
هەرکە ئاهەنگەکە نزیکتر دەبووەوە وێ تووڕەتر دەبوو، بێ ئەوەی هۆڵەکە ئەو جۆرە جووڵەیەی تێدا بێت کە بەشێوەیەکی ئاسایی پێش ئاهەنەکان لە ئارادا دەبێت.
ئەی ئەگەر ئامادە نەبوو چی ڕوودەدات؟
میزاجی خەریك بوو تێکدەچوو. بۆ ئەوەی ڕووداوی لەناکاوی ڕوو نەدات، بڕیاری دا بە ئەندامانی گرووپی میوزیکەکە ڕابگەیەنێت کە ئەوان چاوەڕوانی تەنیا یەك کەس دەکەن..
یەکێك لەمیوزیکژەنەکان پرسی:
ـ ئەگەر بەڕێزی نەیەت چی بکەین؟
ئەوی دیکە بەرسڤی دایەوە:
ـ چیمان بەسەرەوە داوە.. بێت، یان نەیەت ئێمە کاری خۆمان  دەکەین.
ـ واتە دەیەوێت میوزیك بۆ هۆڵێك بژەنین کەسی تێدا نەبێت!
ـ چی تێدایە.. ئەوە ئوم کەلسووم کە گۆرانی بۆ کورسییەکان گوت.. سێ کاتژمێر گۆرانی لە شاییەکدا چڕی نە زاواو نە بووك و نە میوان ئامادەی نەبوون..
ـ مامە ئەی چۆن بەرگەی گرت؟ خۆ شێت نەبووبوو؟
ـ باوکی شێت بووبوو.. حەوت کاتژمێر بە سواری گوێدرێژ لە لادێوە هاتبوون بۆ ئەوەی ئوم کەلسووم لەو شاییەدا گۆرانی بچڕێت.. کاتێك گەیشتنە جێ، بینییان چەرداغ و چیغەکان ئامادە و گوڵۆپەکان داگیرساون و کورسی ڕیزکراون، بەڵام هیچ کەسێکی لێ نەبوو.. تەنانەت زاوایشی لێ نەبوو! ڕەوشەکە زۆر نالەبار بوو، کەسیش نەیدەویست لە

ماڵەکەی خۆی بێتە دەرەوە. گوێیان لە کێ بگرتایە؟ ساڵح عەبدول حەی، یان عەبدول لەتیف ئەلبەننا؟ بۆیە شاییەکەیان دواخستبوو. بەڵام نەیاندەتوانی چۆن چۆنی ڕایبگەیەنن، چونکە ئەو کاتە وەك ئێستە تەلەفۆن نەبوو.

میوزیکژەنەکە پاشماوەی بەسەرهاتەکەی بە وردەکارییەکانییەوە گێڕایەوە وەك بڵێیت بە خۆی لەوێ بووبێت.

دووەم کە بڕوای پێ نەدەکرد، پرسی:

ـ ئەو بەسەرهاتەت لە کوێ زانی؟

ـ ئوم کولسووم بە خۆی لە یادداشتەکانیدا نووسیویەتی .. گاڵتەی دەکرد کاتێك ئەو بەسەرهاتەی دەگێڕایەوە. دەیگوت: ئەو ڕۆژە زۆر شاد بووم. چونکە ئەوە یەکەمین جار بوو لە لادێ بەبێ بانگهێشت کراوان گۆرانی بچڕم بێ ئەوەی کورسییەکان بەسەر یەکدیدا بشکێنن، لە بری سێ کاتژمێر شەڕو نیو کاتژمێر گۆرانی چڕین، سێ کاتژمێر گۆرانیم چڕی بێ ئەوەی کەس گۆرانییەکەم پێ بپچڕێت!

بە سەرسوڕمانی کەسێکەوە گوێی بۆ دیالۆگی میوزیکژەنەکان ڕادەدێرا کە ڕاهاتبێت لە هەر کارەساتێکدا هەلێکی قۆستبێتەوە بۆ ئەوەی نوکتەیەك بێت. ئەوان پێدەکەنین و نوکتەیان دەگێڕایەوە، تەنیا وێ پەرۆش بوو. هەستی بۆ لای ئەوە دەچوو کە کەس ئامادە نابێت، ڕەنگە پێویست بکات گۆرانی بۆ کورسییەکان بچڕێت!

هەستەکەی ڕاست دەرنەچوو.

کاتژمێر نۆی تەواو بوو کاتێك یەکێك هات و پێی ڕاگەیاند کە دەتوانێت ئاهەنگەکەی دەست پێ بکات. ڕێزگرتنی کاتی دیاریکراوی لا بە سەرخۆشی کردن لە شکۆمەندی خۆی زانی. کەواتە پیاوەکە تەواو لە کاتی خۆیدا هات، ئەمەیش لە قاهیرە کارێکی جوان و دەگمەنە.

گرووپی میوزیکژەنەکە دەستیان بە میوزیکژەندن کرد وەك پێشەکییەك بۆ ئەوەی وێ بێتە سەر شانۆ، پاشان وێ وەك (قوو)یەکی ڕەش لەناو جلێکی ڕەشی مۆزلیندا دەرکەوت، دەتگوت (ماریا کالاس)ەو جلی ئۆپرالی پۆشیوە. هیچ نەیڕازاندووەتەوە تەنیا گەردنی ڕووت و قژێکی ڕەش نەبێت کە بەرەو سەرەوەی بڵند کردبووەوە. ئەوەیش جوانییەکە لە

ئەوپەڕی ساکاری سەختیدا. ئەم دەرکەوتنەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی سەرنجی قاهیرەی پێ ڕابکێشێت، بەڵام لەسەر شانۆکە جووڵەی بڕا کاتێك لە دیمەنە سەیرەکەی ڕوانی.

هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنیدا، لە دەروازە سەرەکییەکەوە پیاوێکی پۆشتە هاتە ناو هۆڵەکەوە، شکۆمەندییەکی ئاشکرای پێوە دیاربوو، پاسەوانەکانی لەگەڵ بوو. پێشبینی کرد ئەوانیش لە تەنیشتییەوە دانیشن، بەڵام پاشان ئەو ئاکامەی بۆ دەرکەوت، کاتێك پاڵتۆکەی لەگەڵ بانکەنۆتێکدا دایە دەستی یەکێکیان، کە ئەوانە فەرمانبەری شانۆکەن و تەنیا بۆ ئەوە هاتوون پێشوازی لێ بکەن.

پیاوەکە لە لای ڕاستی شانۆکەوە دانیشت، لە ناوەندی چوارەمین ڕیز. بە جووڵەیەك بەسەر سڵاوی لێ کردو دیاربوو ئامادەیە گوێی لێ بگرێت.

نەیزانی ئایە پێویست دەکات سڵاوی لێ بکات پێش ئەوەی دەست بە گۆرانی چڕین بکات و، ئایە ڕووی قسەی بکاتە (بینەرانی خۆشەیست) یان (ئاغای خۆشەویست) کە بە چاوتێری خۆی هەموو کورسییە بەتاڵەکانی پڕ کردبوو!

ئایە لەبەر چاوتێری سوپاسی بکات؟ یان قسەیەکی ناخۆشی پێ بڵێت و پاڵی پێوە بنێت هۆڵەکە بەجێ بهێڵێت، ئەو کات ئەو دەبێتە ئەو لایەنەی ڕێککەوتنەکەی پێشێل کردبێت؟ ئەو وتەیەی بیر کەوتەوە کە جارێکیان خوێندبوویەوە (دەتوانیت بە سامانەکەت ملیۆنان مەتر زەوی بکڕیت، بەڵام لە ئاکامدا جەستەت تەنیا لەناو یەك مەترو نیوی ئەو هەموو زەوییە پان و بەرینەدا جێی دەبێتەوە). هیوای دەخواست پێی بگوتایە کە بە پارەکەی ئەو هەموو کورسییانەی کڕیوە، بەڵام ناتوانێت لەسەر پتر لە یەك کورسی دانیشێت. لەمەیشدا دەبێت ڕێزی ئەو کورسییە چۆڵانە بگیرێت.

هەر لە سەرەتاوە، بڕیاری دا سڵاوی لێ نەکات بەر لەوەی دەست بە گۆرانی چڕین بکات. مادامەکی ئەویش سڵاوی لێ نەکرد و لە سەکۆکەیش نزیك نەبووەوە تا سڵاوی لێ بکات، بەلایەنی کەمەوە بەوەی نوێنەری هەموو هۆڵەکەیەو جێگری هەموو ئەوانەیە کە نەهاتوون.

تەنیا بۆ یەك کاتژمێرو نیو گۆرانی دەچڕێت. تەواو بەرانبەر بەو بڕە پارەیە گۆرانی بۆ دەچڕێت کە داویەتی. پرسیاریشی لێ ناکات حەز دەکات گوێ لە چ گۆرانییەك بگرێت،

ئایە ئەو پرسیاری لێ کرد ئایە حەز دەکات گۆرانی بۆ هۆڵێکی پڕ لە ئامادەبووان ..، یان چۆڵ بچڕێت!

ویستی هەستی خۆی کۆنترۆڵ بکات. هەر بە هێوری بمێنێتەوە. گۆرانی بۆ کورسییە بەتاڵەکان بچڕێت، وەك بڵێیت پڕ بن، بەڵام لە کۆتایی هەر گۆرانییەکدا، چەپڵە لێدانی پیاوە قەڵەوەکە هەموو خەیاڵ پلاوییەکانی لەناو دەبرد.

چەپڵە لێدان چوون دەنگدانە، تەنیا بۆ یەك کەس دەبێت، ناتوانیت پتر لە یەك دەنگ بدەیت، یان پتر لە دوو دەست چەپڵە لێ بدەیت چەندەیش تێبکۆشیت. وەك ئەو ڕۆژەی باوکی چوو بۆ پایتەخت بۆ ئەوەی ئامادەی ئاهەنگەکەی سەید مەکاوی بێت. بۆیە لە شەرماندا پاش هەر هەموو گۆرانییەك چەپڵەی لێ دەدا، بۆ ئەوەی بۆ ئەو گۆرانییە نابینایە بسەلمێنێت کە ئامادەبووان لەوە زۆرترن لە هۆڵەکەدان، بەڵام نابینا بە گوێی دەبینێت، پێویسی بە چاو نییە تەنیا بۆ گریان نەبێت. بۆیە کەس لەو دیوی چاویلکەکەیەوە، غەمبارییەکەی نەبینی.

با وابێت، گۆرانی بۆ ئەم نەناسراوە دەڵێت کە لە نێوان بڕوابەخۆبوونی ئەوو پەشۆکاوی وێ و لە نێوان تاریکی ئەوو ڕووناکی وێدا دانیشتووە، چونکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەنگی (وێ)ی کڕیوە .. نەك دەزوولەکانی دەنگی.

لەکاتی گۆرانی چڕینیدا، ڕانەوەستا تا خۆی بدوێنێت چونکە هەڵویستەکە سەیرە، نەبیستووە گۆرانیبێژێکی ئافرەت گۆرانی بۆ هۆڵێکی پڕ لە یەك پیاو چڕیبێت. وەك کەلسووم گۆرانی بۆ هۆڵێکی بەتاڵ چڕیوە تەنیا کورسی لێ بووە، ئەوەیش ئاسان ترە. مادامەکی باوکی نەك کەسی دیکە ئەو بڕیارەی داوە. ڕۆیشت و سەری لە خاوەن شاییەکە دا بۆ ئەوەی ئەو پەنجا قورشەی پێ بداتەوە کە لێی وەرگرتبوو. بەڵام پیاوەکە بەزەیی پێیاندا هاتەوەو وەرینەگرتەوە (کاکە قەیدی نییە بە زەکاتی دانێ). ئەوەی گوت و تێی تەقاندو ڕۆیشت.

بەڵام باوکی سەربەرز بوو بەخششی کەسی نەدەویست. بە پەشۆکاوی کیژێك بە گوێی باوکی بکات، پرسی:

ـ چی بکەم؟

ـ دەبێت گۆرانی بچڕیت!
ـ بۆ کێ گۆرانی بچڕم؟ هیچ کەسێك نییە تا گۆرانی بۆ بچڕم!
ـ گرنگ نییە. دەبێت ویژدانی خۆمان ئاسوودە بکەین!
هیچ چارەیەکی نەما. ئەو بەستە زمانە دەستی بە گۆرانی چڕین بۆ هۆڵێکی چۆڵ و هۆڵ کرد. جیاوازی نێوان وێ و نێوان ئوم کەلسووم، ئەو تەنیا کەسەیە، کە ماوەی چەند ڕیزێك، لەگەڵ چەندین پرسیارو، نیشانەی پرسیارگلێك بە ژمارەی کورسییە بەتاڵەکان، لە (وێ)ی جودا دەکاتەوە.
بۆچی هاتووەتە چوارەمین ڕیزەوە؟ بۆچی وازی لە سێ ڕیز هێناوە، مادام غەمی ئەوەی هەیە یەکەم بێت؟
زۆر جار گۆرانیبێژ، یان وتاربێژ، لە شوێنی دەرکەوتنییەوە لە ناو هۆڵەکە، پێویستی بەوەیە ڕوو لە یەك ڕوخسار بکات، مەرج نییە بیناسێت، بەلاّم دڵی پێ دەکرێتەوە. ڕوخسارێك هەموو ئامادەبووان لە خۆیدا کۆبکاتەوە، لەسەر لاپەڕەکانی کاریگەری ئەوەی دەیڵێت بخوێنێتەوە. بەلاّم چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕوخساری پیاوێك دەکرێت هۆڵەکە هەڵدەوەشێنێتەوەو، بە ئامادەگی شکۆمەندانەی بێ دەنگی بێ هیچ کاردانەوەیەك، هیچ ئەگەرێکی بەردەوامبوونی پێوەندی ناهێڵێتەوە.
ئەی چی دەڵێیت ئەگەر ئارەزوومەند، یان پیاوکوژ بوو؟ وێ بەردەوام بیر لە خراپترین ئەگەر دەکاتەوە. جارێکیان شتێکی خوێندبووەوە کە لە ئیسپانیا لەکاتی ئاهەنگێکدا یەکێك لە شوێنەکەی خۆی هەستابوو، تەقەی لە گۆرانیبێژەکە کردبوو کە گۆرانییەکی ویژدانی دەچڕی و یەکسەر دەیکوژێت. گۆرانییەکە لە یادگەیدا بە بەسەرهاتێکی سەرنەکەوتووانەی ئەڤینداریییەوە پەیوەست بوو!
پاشان ئەی لە میسر ڕووی نەدا کە بزنسمانەکان، لە هەڵچوونێکی سەرشێتانەدا یارەکانی خۆیان کوشت کە هونەرمەندی گۆرانیبێژ بوون؟
ئەوەی بڕوای پێیەتی کە دەیەوێت بە تیشکی خۆی ڕووداوەکە دروست بکات. بەلاّم تیشکی وێ لەو بەهێزترە، وێ لەسەر بڵندترین خاڵ گۆرانی دەچڕێت، وەك چۆن پەیکەرێك

لەسەر پایەکەی ڕاوەستابێت و، وەك چۆن لەسەر سەکۆی بەرانبەر بە فێرخوازەکانی ڕادەوەستا، لێرەیش مامۆستا و گەورەی پۆلە.

بیری کەوتەوە، بەڵام لەویَ ڕوخسارەکانی بەرانبەری یەك بە یەك دەناسی. ناوی هەر یەکەی دەزانین و دەیزانی لە کویَ دادەنیشن، ویَ بوو کە کورسییەکەی بۆ دەستنیشان کردووەو، دەتوانێت وەدەری بنێت، ئەگەر بیەوێت.

کەواتە کامیان بەهێزترن؟ ویَ لە پایەی بەرزییەوە، یان ئەو لە کۆڕە بەرینەکەیدا؟

لە ماوەی دوو کاتژمێردا زۆر بیرۆکە بە مێشکیدا تێپەڕین. جارێك بۆ ئەویندارەکەی و جارێك بۆ بکوژەکەی گۆرانی دەچڕی و، جارێکیش بۆ ئەو پیاوەی کە بە چاوێکی سووکەوە سەیری دەکرد، جارێکیش بۆ پیاوێك کە نەیتوانی ڕیَ لە خۆی بگرێت سەرنجی ڕانەکێشێت. بەو ماوەیەی لە نێوان خۆی و (ویَ)دا داینا، تا فریوی بدات کە ئەم زۆرترەو، ماوەی دەنگ هەڵهێنانی ڕەها بە دەنگی ببەخشێت. جا لەبەر ئەوەی ویَ نەیتوانی بە تەواوی ڕوخساری لێك جودابکاتەوە، بۆیە پەلەی بوو ئاهەنگەکە کۆتایی پیَ بهێنێت، بەڵکو بێت و خۆی پیَ بناسێنێت.

جوانترین گۆرانی خۆی بۆ کۆتایی تەرخان کرد، پاش ئەوەی گۆرانی لە دووی گۆرانی میزاجی باشتربوو، بە خۆیشی وردە وردە دەستی بە جوانیی هەڵوێستەکەو شاعیریەتی گۆرانی چڕینەکە تێکەڵ کرد، بە یاوەری گرووپێکی تەواو، لە هۆڵێکی چۆل و هۆڵدا، تەنیا یەك پیاوی لێیە.

بەرانبەر بە ڕاوەستانی لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا، ئەم نووشتایەوە، نووشتانەوەیەکی تەواو، لە پشتەوەیشی گرووپەکە ڕاوەستان و سلاویان بۆ کرد. لە هەستە شێت و دەگمەنەکانیدا، دیمەنێکی سەیرو دڵڕفێن بوو. پتر لە جارێك خەریك بوو دڵی ڕاوەستێت، لە چاوەڕوانی ئەو ساتەی لێی نزیك دەبێتەوە.

تۆ بڵێیت چی پیَ بڵێت؟ ئەمیش چۆن وەڵامی بداتەوە؟ سوپاسی بکات؟ لەسەر چی سوپاسی بکات؟ یان پرسیاری لیَ بکات بۆ چی؟ یان کێیە؟ نا تەنیا سوپاسی دەکات. سبەینیَ بە هۆی ڕۆژنامەکانەوە دەزانێت کێیە. با وازی لیَ بهێنێت لەو بڕوایەدا بێت کە بەلای ئەمەوە ناوی گرنگ نییە. ئەوەش ئەوەندەی دیکە ڕقی هەڵدەسێنێت، وەك بڵێیت

بێزی نەیەتەوە سنووری دەستڕۆیشتنی بزانێت، ئایە سووکایەتی پێ کـردن لـەوە گـەورەتر هەیە!

لەو کاتەدا فەرمانبەرێکی شانۆکە هات، چەپکە گوڵە تۆلیبەکـەی پێشـکەش کـرد. ئـەو ڕووداوە لەناکاوە ئەوندە سەرقاڵی نەکرد. چونکە چـەند مانگێکـە لـە هـەر ئاهەنگێکـدا پێشکەشی بکات، هەمان چەپکە گوڵی پێشکەش دەکرێت.

هیچ سەری قاڵ نەکردبوو ئەو پیاوە نـەبێت کـە لـە دوورایـی چـەند هەنگاوێکـەوە لـەوە ڕاوەستاوە، بەڵام دڵی چەکەرەی کرد کاتێك کچێك هاتە سەر سەکۆکە تا چەپکە گـوڵێکی سووری پێشکەش بکات، لە شێوەی ڕێکخستن و قەبارە گەورەییەوە مەزەندەی کرد کە ئەو ناردوویەتی. هەستێکی خۆش جەستەی تەنییەوە..چەپکە گوڵە تۆلیبەکـەی بـۆ سـەرۆکی تیمەکە درێژ کرد کە لـە پشـتەوەی ڕاوەسـتابوو، بـە دەسـتی چـەپی باوەشـی بـە گوڵـە سوورەکاندا کرد بۆ سوپاسگوزاری نواندن بۆ خاوەنەکەی.

بەڵام پیاوەکە تەنیا بە ئاماژە دان بە دەستی بەرسڤی دایەوەو سڵاوی سوپاس و ماڵئاوایی پێکەوە لێ کردو، بە واق وڕماوی بەجێی هێشت، کاتێك بینی هۆڵەکە بەجێ دەهێڵێـت و فەرمانبەرەکان چوار دەوریان دابوو چاویان لەوە بوو پاداشتیان پێ ببەخشێت.

ئەمە چ پیاوێکە، خۆی بە چی دەزانێت؟!

چۆن توانی پاڵی پێوە بنێت دوو کاتژمێر گۆرانی بۆ بچڕێت پاشـان پشـتی تـێ دەکـات و هۆڵەکە بەجێ دەهیڵێت؟ تەوقەی لەگەڵ نـەکرد. دەسـتی بـەر دەسـتی نەکـەوت. تـەنیا وشەیەکی سوپاسگوزاری بە گوێیدا نەدا. لە دوورەوە دەستی بـەرز کـردەوەو سـڵاوی لـێ کردو ڕۆیشت. هەلێکی پێ نەبەخشی وشەیەك بڵێت.. یان نەڵێت. پرسیارێك بکات، یـان نەکات. ئەمە ئەوپەڕی سووکایەتی پێ کردنە. تەنانەت گوڵە سوورەکانی، وەك خۆی کەڕو لاڵ بوون، هیچ بلیتێکی سوپاسگوزارییان لەگەڵ نەبوو. ئایە ئەو لەوە گەورەترە ناوی خۆی لەسەر بلیتێك بنووسێت؟ یان ئەمی بەلاوە ئەوەند بچووکە شایەنی چەند وشەیەك نـەبێت بە دەستی خۆی نووسیبێتی.

بە دەروونێکی تێکشکاوەوە ڕووی کردە ژوورۆچکەکەی. بەپەلە کراسـی شـەوبێدارییەکەی گۆڕی. کەس نەبوو پیرۆزبایی لێ بکات، یان سوپاسی بکات. هەموو کارمەندانی شانۆکە

سەرقاڵی بەرێ کردنی ئاغاکە بوون.تەنیا نەجلا هەستی بـە غـەمباری وێ کـرد، کاتێـك یارمەتی دا شتەکانی کۆبکاتەوە، پێی گوت:
ـ زۆر نایاب بوویت..
کاتێك گوێی لە هیچ وەڵامێك نەبوو، درێژەی دایە:
ـ دەزانم کارەکە ئاسان نەبوو، بەڵام تاقیکردنەوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشەر بوو.. گۆرانی بۆ یەك کەس بچڕیت!
وەڵامی دایەوە:
ـ یەك کەس نەبوو .. ئەوەی یەك هۆڵ بە تەواوەتی بە کرێ بگرێت بـۆ ئـەوەی تـەنیا بـە خۆی گوێ لە ئاهەنگێك بگرێت، خۆی بە خواوەند مەزەنـدە دەکـات. بۆیـە ئـەوە جـۆرە کوفرکردنێك بوو من قایل بووم گۆرانی بۆ ئەو بچڕم.
ـ شتەکان زل مەکەرەوە، خۆشەویستەکەم تۆ زۆر زێدڕۆیی دەکەیت ئەوەندە شکۆی خـۆت بەرز دەنوێنیت.
ـ ئەمە لەوە باشترە خۆم لەدەست بدەم. ئەی ڕەفتاری ئـەم پیـاوە نابینیـت چـەند لـووت بەرزییەکی ئاشکرای پێوە دیارە؟ تەنانەت ئەو گوڵانەی بۆی ناردم، وەك باوە بلیتی لەگەڵ نییە.
ـ دەتویست لەبەردەم پێتدا کڕنووشت بۆ ببات؟ گوڵی سوور پێویسـت بـە بلیـت ناکـات. شتێکی ڕوونە کە حەزت لێ دەکات، ئەوە بەسە ئەو هەموو پارەیەی داوە بـۆ ئـەوەی بـە تەنیا خۆی گوێت لێ بگرێت، ئەمە ڕێز لێنانێکە من پێ بزانم هیچ گۆرانیبێژێکی ئافرەتی عەرەب بە خۆوەی نەبینیوە.
ـ ئەمە بە ڕێزلێنان ناو دەبەیت؟!
دەیانویست بڕۆن کاتێك سەرۆك تیمەکەیان بینی. چەپکە تۆلیبەکـەی بـە دەسـتەوە بـوو، گوتی:
ـ چاوەڕێی بەرێزت دەکەم تا ئەو چەپکە گوڵەت پێ بدەمەوە لای منت بـەجێ هێشـتبوو. بەم بۆنەیەوە ڕات سەبارەت بە ئاهەنگەکە چی بوو؟
چەپکە گوڵەکەی لێ وەرگرت و گوتی:

ـ کام ئاهەنگ؟ ئاهەنگ پێویستی بە دوو لایەن هەیە. هیچ جووڵەیەك لەناو هۆڵەکەدا نەبوو تا پێی بڵێین ئاهەنگ.

سەبەتە گوڵە سوورەکەی بۆ درێژکرد، تا هیچ شتێکی لەلا نەمێنێت لەوانەی پێوەندییان بەو پیاوەوە هەبێت و گوتی:

ـ ئەم گوڵانە بۆ هاوسەرەکەت ببە، دڵی پێ خۆش دەبێت.

پیاوەکە بە شادییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ خاتوون زۆرت سوپاس دەکەم.

سواری ئۆتۆمبیل بوو، بەرەو ئۆتێلەکە بەڕێ کەوت. چەپکە تۆلیبەکەی دایە دەست نەجلا، خۆیشی سەخڵەتی و تاڵییەکانی هەڵگرت.

هەرکە گەیشتە گۆشەکەی خۆی جلەکانی گۆڕی و، دانیشت و پشتی بە پشتی نوێنەکەوە دا. پەلەی بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی دانیشێت و ئەو هەژانە دەروونیانە بیری خۆی بهێنێتەوە کە لە شەوبێدارییەکەدا تووشی هاتن، تا بزانێت چی بەسەر هات. ئەگەر بە خۆی تاك و تەنیا بووایە ئەوە ئێستە دەستی بە گریان دەکرد، بەڵام نەجلا، کە ڕایماڵیوە، دوایەمین شادی لێ تێك داوە کە ئەویش: غەمبارییەکەیەتی.

نەجلا داوای لە خزمەتگوزاری ژوورەکان کرد گوڵدانێك ئامادە بکات پاشان لێی پرسی:

ـ شتێکت بۆ شیوی ئێوارە بۆ بانگ بکەم؟

وەڵامی دایەوە:

ـ ژەمی سووکایەتی پێ کردنەکە ئەوەندە چەور بوو تا ڕادەیەك دڵم هیچ نابات.

ـ ئای چەندە کەللە ڕەق و لووت بەرزیت، دەزانیت تۆ پتر پێویستت بە چییە:

سەرلەنوێ لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ڕابهێنرێیتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم جیهانەدا ڕابێیت، چونکە خۆشەویستم جیهان ناکۆشێت تا خۆیت لەگەڵ ڕابهێنێت! من شتێك بۆ خۆم بانگ دەکەم. برسیمە .. دەتوانیت ئەم شەو شیوێکی خۆشم پێشکەش بکەیت ئەدی وا نییە؟ .. مادامەکی تۆ لە نێوانماندا بەناوبانگ و زەنگینیت!

ـ من بەردەوام زەنگینم. چیت دەوێت داوا بکە!

ـ ئەرێ، زانیوتە ئەم پیاوە لەبری ئاهەنگەکە چ بڕە پارەیەکی داوە؟

ـ نامەوێت بزانم!

نەجلا سەرقاڵ بوو گوڵەكان لەناو گوڵدانەكە دانێت كاتێـك بلیتێكـی بچـووكی دۆزییـەوە پێوەی لكێنرابوو. خوێندییەوەو پاشان هاواری كرد:

ـ باشت كرد ئەم شەو شیو ناخۆیت، چونكە تۆ بۆ سبەینێ ئێوارێ بانگهێشت كراویت لـە چێشتخانەیەك لە ناو پاپۆڕێكی ناو ڕووباری نیل شیو بخۆیت.

ڕاست بووەوە. بلیتەكەی لە دەست سەند.

(ئایە بانگهێشت كردنەكەم سبەینێ بۆ شیوخواردن پەسەند دەكەیت؟

ئەم جارە بە تەواوەتی دەمناسیت.

كاتژمێر هەشتی ئێوارە لەسەر پشتی پاپۆڕی پاشا چاوەڕێت دەكەم).

سەرلەنوێ بلیتەكەی خوێندەوەو باوەڕی نەدەكرد. ڕێی تێدەچـێت كـە گەڕابێتـەوە؟ چـوار مـانگ تێپەڕیوە كە لە پاریس گەڕاوەتەوەو، گەیشـتووەتە ئـەو بڕوایـەی كـە چـی دیكـە نایبینێتەوە. بەڵام پیاو بەو شێوەیەیە.. لە پڕ دەردەكـەون لـە كاتێكـدا تـۆ چـاوەڕوانیان نەبیت و، دەشگەڕێنەوە كاتێك لەوە دڵنیا دەبن كە ئێمە چی دیكە هیچ پێوەندییەكمان بە گەڕانەوەیانەوە نییە. پێی خۆش بوو كە توانی بیبەزێنێت و ناچاری كرد ئەو یاسای یارییە گەوجانەی بگۆڕێت. لە گەڕانەوەیدا تۆڵەسەندنەوەیەكی بەدی كرد بەرانبەر بەو ڕیسواییەی تووشی ئەمی كرد. با وابێت .. با پیاوێك لەبری پیاوێكی دیكە بدات!

شادییەكەی لە نەجلا شاردەوە، گوتی:

ـ وەك بڵێیت یەك شێت بەس نەبێت، ئەوە ئەو پیاوەیە كە بـە چـەپكە تۆلیبەكـە ڕەدووم كەوتووە. چەند مـانگێكە بلیتێكی بە چـەپكەگوڵەكانەوە نـەناردووە. دەزانیـت.. كاتێـك یەكەمین چەپكە گوڵی بۆ ناردم لەسەر بلیتەكەی نووسیبوو (تۆ ڕەشت لێ دێت).

ـ تێگەیشتم بۆچی تا ئێستە جلە ڕەشەكانت دانەكەندووە!

ـ نا، بە هۆی ئەوەوە نەبووە. ڕەش بووەتە هاودەملەوەتای مەرگ هادەمم نییە. من سەر بەو جلەم، هەست دەكەم كە دەمپارێزێت و لە گۆرانی چرەكانی دیكـەم جـودا دەكاتـەوە. پاشان من بەخۆم هەر لە قۆناغـەكانی خوێندنەوە حەزم لە جلی ڕەشە، لەبیرتە؟

ـ ئەی لە كەیەوە وازت لە مامۆستایەتی هێناوە.

ـ ئەوە پیشەیەکە وەك نەفرەت لێت دوور ناکەوێتەوە، تەنانەت کاتێك لە تەباشیرو تەختە ڕەش و ڕاست کردنەوەی ئەزموونەکان ڕزگار دەبیت، بەو نەریتانە ڕەدووت دەکەون کە ماوەی پێنج ساڵ دەتویست لە ناخی فێرخوازەکاندا بیانچێنیت، وەك چۆن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەبیابان بوون، ئەو درەختانە دەچێنرێن. شتێکت بیر دەخاتەوە کە ڕۆژێك تۆ پێشەنگی ئەو مندالانە بوویت. شەبەنگی مامۆستات لێ دوور ناکەوێتەوە. تیشك و ڕووناکییەکەی لە ئەستێرەی بەناوبانگیەتی بەهێزترە، چونکە دەستکرد نییە. لەبەر ئەوەی تیشکی ناخەوەیە.

نەجلا بە تەوسەوە قسەی لەسەر کرد لە کاتێکدا خەریك بوو نانی دەخوارد:

ـ ئەی خاتوونی تیشکی ناخەوە مژدەت پێ دەدەم، بەو تیشکەت تووشی ژانەسەر بیت. چوزانم، ڕەنگە ئەمە چارەنووست بێت مادامەکێ ناوی (هالە)یان لێ ناویت.. پاشان من برسیمە، حەز دەکەیت بەشداریم لەگەڵ بکەیت، یان بلیتەکە دەخۆیت؟!

پێکەنی و چوو بەشداری لەگەڵ کرد:

ـ بلیتەکە ناخۆم، بەڵام هیواخوازم ئەگەر توانیبام کاتم هەڵلووشایە.. زۆر ئارەزوو دەکەم بزانم ئەم پیاوە کێیە.. یان ڕەنگە ئەم جارەشیان تاقیم بکاتەوەو ڕەنگە لە چێشتخانەکەیش بەجێم بهێڵێت؟

ـ نازانم شێتەکانت لەکوێ دەدۆزیتەوە!

ـ کاتێك ئەو بلیتانە دەخوێنیتەوە کە لەگەڵ گوڵەکاندا دەیاننێرێت سوێند دەخۆیت کە شاعیرە.

ـ ڕەنگە کۆگەی گوڵفرۆشی هەبێت و لەکاتی بێ ئیشیدا شاعیر بێت.

ـ بەسە کەم گاڵتە بکە. ئەوەی بە ڕاستی سەری لێ تێك داوم چۆن ڕۆژی سازدانی ئاهەنگەکانم و دەرچوونم لە تەلەڤزیۆنەوە دەزانێت و چۆن دەتوانێت لە هەر کوێیەك بم گوڵم ڕەوانە بکات..

ـ ئەی نەزان، کارەکە پێویست بە فاڵ گرتنەوە ناکات. دەتوانیت بە هۆی ئینتەرنێتەوە هەموو شتێك لەمەڕ ناوداران بزانیت: ئاهەنگەکانیان، گەشت کردنیان، هەرچی گوڵە ئەوە

چەندین کۆمپانیای جیهانی هەن بەڵێن دەدەن هەمان ڕۆژ چەپکە گوڵەکەت بۆ هەر شوێنێکی جیهان بۆ ڕەوانە بکەن.
ـ تۆ ڕاست دەکەیت. ئەگەر ئەمڕۆ لە قاهرە بووایە ئەوە بانگهێشتی شیوخواردنی دەکردم. بۆچی تا سبەینێ چاوەڕێ دەکات؟
ـ پێ دەچێت پیاوێکی دەوڵەمەند بێت لە هەرکوێی جیهان بیت گوڵت بۆ دەنێرێت!
ـ ڕەنگە دەوڵەمەندیش نەبێت. ڕۆمانسییەت پێوەندی بە توانای داراییەوە نییە. ڕەنگە هەندێك خەرجی تایبەتی خۆی کەم کردبێتەوە بۆ ئەوەی ئەو چەپکە گوڵانەم بۆ ڕەوانە بکات.. یان سبەینێ بۆ شیوخواردن بانگهێشتی ڕیستۆرانتێکی گەورەم بکات.
ـ ئەی لەو گەوجایەتییە .. تێناگەم چەند لەسەر ئەوە سووریت کە دەوڵەمەند نییە!
ـ چونکە دەوڵەمەندەکان بەردەوام پەلەیانە. ئەوان بین درێژ نین. چییان بوێت پێویستە زوو بەدەستی بهێنن. بۆ ئەوان چاوەڕوانی سووکایەتی پێ کردن دەگەیەنێت. ئەوان گیرۆدەی دەستی شێتایەتی مەزنایەتی بوونە، وەك ئەمەی تەواوی هۆڵێکی بەکرێ گرت و تەنیا لەسەر یەك کورسی دانیشت. سبەینێ دەبینیت گرنگترین هەواڵ لە میدیاکانی میسردا دروست دەکات!
ـ با وا بێت، ئەوەیش ناوبانگی تۆ پتر دەکات.
ـ بەڵکو کارێکی وا دەکات ئافرەتە گۆرانیبێژەکانی دیکە پتر ئیرەییم پێ ببەن. بڕوا بکە من لە فرت و فێڵ و پڕوپاگەندەکانیان دەترسم. هیچم ناوێت خۆپارێزی نەبێت.
ـ خۆشەویستم، پڕوپاگەندە پەرە بە تیشك دەدات.
ـ بەڵکو تیشك پەرە بە پڕوپاگەندە دەدات!

***

بێ ئەوەی خۆی برازێنێتەوە، خۆی بۆ ژوانەکە ئامادە کرد.
لە هەر شتێك شتی کەمتری بەکارهێنا. بە ساکاری وەك پەپوولەی جۆگەکان ڕۆیشت بۆ لای .. وەك پەپوولەیش دواکەوت. پێشبینی نەکرد تێپەڕاندنی شەقامەکانی قاهیرە لەو کاتەی ئێوارەدا، لە تەمەنی چاوەڕوانی کردنی ئەو ژوانە درێژتر دەبێت.

لە نێوان یەکەم چەپك و دوایەمین چەپکە گوڵیدا، نیوەی ڕێگەی بەرەو ئەڤینداری بڕی. بەڵام ڕێگەی نێوان ئۆتێلەکەی و ڕیستۆرانتەکە، کە بەسەر ئاوەوەیە، کە تێیدا چاوەڕوانیەتی، درێژتر بوو. کاتێکیش گەیشتە جێ، تەنیا ئەو کات زانی کە ئەو پیاوەی یاری تەمومژاوی دەزانێت، وەك ڕاهاتووە بەرەو لای تاریکی خۆی فریوی داو ڕایکێشا.

وەك ئەوەی سواری شەمەندەفەرێك ببێت بێ ئەوەی بپرسێت بۆ کوێ دەچێت، کاتی پرسیارکردن درەنگ بوو. لەوەتای پێی هاویشتە ناو دەرگەی ڕیستۆرانتەکەوە، چووە ناو فارگۆنەکەوە. بە نیگایەکی شەرمنۆکانە سەیری شوێنەکەی کرد کە لەوە شەرم ناکات پلە بەرزی خۆی ڕاگەیەنێت. سەیرێکی مێزەکانی کردەوە کە بە شێوەیەك دابەش کرابوون گەرم و گوڕی کڕیاران و پایە بەرزی شوێنەکەی دەپاراست. ڕیستۆرانتەکەی بە گۆشە زۆرەکانییەوە، وەك بزرگەیەك بۆ ئافرەتێکی وەك وێ لە یەکەمین پەشۆکاوییدا هاتە پێش چاو، ناوی ئەو پیاوە نازانێت و شێوەیشی ناناسێت، کە هاتووە بە دیداری بگات. بیری کردەوە ڕەنگە هێشتە ئامادە نەبووبێت، یان هاتووەو سەرلەنوێ دەیەوێت تاقی بکاتەوە.

بڕیاری دا یاساکانی یارییەکە هەڵگێڕێتەوە. لەسەر کورسییەکی بەردەم مێزێکی بەتاڵ دادەنیشێت، با ئەو بێت بۆ لای مادامەکێ دەیناسێت. چونکە ڕێی تێ ناچێت ئافرەتێکی بەناوبانگی وەك وێ، بەو شێوەیە لەناو هۆڵی ڕیستۆرانەکەدا بەپێوە ڕاوەستێت.

ڕووی کردە مێزێك پێشبینی کرد کە ئەو هەڵیدەبژێرێت، لە گۆشەیەکی جوانەوە بوو ئەو ڕووناکییانە ڕووناکیان دەکردەوە کە بەسەر ئاوی ڕووباری نیلەوە دەدرەشانەوە.

شوێن لایەنی سێیەمە لە هەر یەکەمین ژوانێکدا بێت، بۆیە دەبێت لە هەڵبژاردنی مێزەکەدا هەڵە نەکات. ئەمە ئەگەر بێت و ئەو مێزێکی هەڵنەبژاردبێت ئەم نەزانێت کامەیە.

بە دوای گارسۆنەکەوە بوو، کاتێك خۆی لەبەردەم ئەو ڕوخسارانەدا بینییەوە، کە لە ماوەی دوو کاتژمێردا لە ناو یادگەیدا سەیڤ بووبوون. ئەوە (خۆیەتی)، ئەو پیاوەی دوێنێ گۆرانی بۆ چڕی.. لێرە چی دەکات؟ تۆ بڵێیت ڕێکەوت بێت، یان ئەوە کە ئەم ژوانەی بۆ دەستنیشان کردووە؟

مۆبایلەکەی داخست کە قسەی پێ دەکرد و ڕاوەستا سڵاوی لێ بکات. تێنەگەیشت کە ئایە چاوەڕوانی ئەم دەکات، یان بە ڕێکەوت لێرە ئەمی بینی.

دەستی بۆ درێژ کرد پیاوەکەیش داچەمایەوەو ماچی دەستی کرد. چاوەکانی بڕوایان نەکرد.

پێشوازی لێ کردو گوتی:

ـ زۆر پێخۆشحاڵم ئەم ڕۆیش بە دیدارت بگەم..

بەر لەوەی وەڵام بداتەوە، یان هەناسەیەك بدات، گارسۆنەکە کورسییەکی بۆ ڕاکێشا. دانیشت و بیری لە پیاوەکەی دیکە دەکردەوە. چی ڕوو دەدات ئەگەر بێت، یان ئێستە لەسەر مێزێکی دیکە بێت و ئەم ببینێت لەگەڵ یەکێکی دیکەدا دانیشتووە؟ هەر پەرێشان بوو جار نە جارە بە دزییەوە سەیری جم و جووڵی ناو ڕیستۆرانتەکەی دەکرد.

گوتی:

ـ بڕوام نەدەکرد ئەم شوێنە ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆمان بکاتەوە!

گومانی زۆرتر بوو کە بە ڕێکەوت لێرە بە دیداری گەیشتووە. چەند هەستێکی پێچەوانەی یەکدی بە مێشکیدا تێپەڕی. لەوە ترسا ئەوەکەی دیکە بێت و ئەو کات نەزانێت لەگەڵ کامیان دانیشێت.

تێبینی پەشۆکاوییەکەی و ئاوڕدانەوەی جار نا جارەی کردو گوتی:

ـ ئایە شتێك قەڵس و بێزاری کردوویت؟

بۆ ئەوەی خۆی لە چاوەڕوانی قوتار بکات بەرسڤی دایەوە:

ـ نا.. نا هەرگیز نا.

ئەمە یەکەمین وشە بوو لە زاری تەرەکی.

ئێستە کاتی تەواوی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لێی ورد ببێتەوە.

پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵی بە بزەی سەر لێوو، بە خەمۆکییەکی باڵاوە کە هیچ هۆکارو پاساوێکی بۆ نەدەدۆزییەوەو، بە قژێکەوە کە بە هۆی بۆیە کردنەوە سپیەتی لێ نزیك نەبووبووەوە. دواتر دەزانێت ئەگەر پیاو قژی بۆیە بکات ئەوە هەبێت و نەبێت شتێك دەشارێتەوە. پیاوێکە لە ڕوانین و نیازدا ئاکار بەرزە. بە شێوەیەکی ئوروستوکراتیانەی

سۆزدارییەوە دەستی ماچ دەکات، وەك ئەوەی ناوبەندییەك لـە نێـوان خـۆی و لـە نێـوان کەسانی دیکەی پیاواندا بە گشتی دادەنێت.
نەریتەکانی لە گێلایەتی ماچێکی سەر گۆنا، یان دوو ڕوویـیـەکی تەوقـەکردن بـە دەسـت بالاترە!
بەو داچەمانەوەی، شکۆی پیاوەتی زۆر بڵنـدکردەوەو، بـە مـاچ کردنـی دەسـتی کردییـە شازادەیەك، بۆیە پەشیمان بووەوە بۆچی بـەو جلـە ڕەشـەوە هـات، دەشـیا لـەوە گـرانتر بپۆشێت. هەروەها بۆ ئەو بۆنەیە هیچ دەستکارییەکی قژی نـەکردو، وازی لـیٚ هێنـا وەك هەموو جارێك قەرەج ئاسایانە شۆڕببێتەوە.
بەڵام گرنگ نییە کە سیحربازە نیازچاکەکە لـە یەکـەمین دیـداردا شـەرمەزاری کردبێـت چونکە ویٚ ئەم شەو نایەوێت ببێتە (سندرێلا). تیشکی گیانەوەرێکی هـەبوو حـەزی لـیٚ بکرێت، ئەوەیش بەسیەتی.
ئافرەتێکی بیانی قژ زەرد جلێکی شەوبێداری پشت ڕووتی پۆشیبوو، بەپیانۆ چەند پارچـە میوزیکێکی جۆراوجۆری دەژەنی.. ڕێیان دا (چۆپان) هەندێك ڤالس تێکەڵ بە قسەکانیان بکات.
پیاوەکە گوتی:
ـ سوپاسی ئاهەنگەکەی دوێنیٚ شەوت دەگەم، خۆشحاڵ بووم بە تـەنیا گـویٚ بـۆ دەنگـت ڕادێرم.
بە مەکرەوە بەرسڤی دایەوە:
ـ پێشبینی ئەوەم کرد پتر ئەو کارە خێرخوازانە خۆشحاڵی کردبێت کە ئەنجامت دا!
وەڵامی دایەوە:
ـ شتێکی خراپ نییە کاری خێر بکەینە پاساو بۆ ئەوەی خۆمانی پیٚ دڵخۆش بکەین.
دەیویست پرسیاری ئەوەی لیٚ بکات ئایە سەرپەرشتی کاری خێرخوازی دەکات، یان کـارە خێرخوازییەکان سەرپەرشتی دەستکەوتەکانی دەکەن؟
بەڵام ئەو پرسیارە بۆ یەکەمین شیوخواردن ناشێت.
ـ ئەی ئەو گۆرانییانەت بەدڵ بوون کە چڕیمن؟

ـ حەزم دەکرد تەنیا گۆرانی بۆ خۆم بچڕیت.
خواوەندێکی گریکی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە. لەبەردەمیدا لەسەر کورسییەك دانیشتووە. ئایە خواەندەکان لەسەر یەك کورسی دادەنیشن؟ ئەی چ جۆرە خواردنێك بۆ شیوخواردن بانگ دەکەن کاتێك بێ فیزی دەنوێنن و لەگەڵ ئادەمیزاددا پێکەوە نان دەخۆن؟
ئاساییە داوای مەیەکی باش و شیوێکی سووکی گرانبایی دەکات، واتە گرانتر خواردن لەوەی لە لیستی خواردندا پێشکەش دەکرێت. بەڵام وێ وەك ڕاهاتووە، وەك بڵێیت هەر تەنیا بێت، نایەوێت لافی درۆکینە لێ بدات و خۆی وا پیشان بدات لە خواردندا ئوروستوکراتیانەیەو، نەیش هەلی زەنگینییەکەی بقۆزێتەوە تا هەرچی دەوێت داوای بکات. دەتوانێت سبەینێ لەگەڵ نەجلادا بگەڕێتەوەو چی بوێت بە پارەی خۆی داوای بکات.
ئەوەی بە ڕاستی دەیەوێت، ئەوەیە بزانێت ئەم پیاوە کێیەو بۆچی ئەوەکەی دیکە نەهات؟ دەشێت هاتبێت و لەگەڵ یەکێکی دیکەدا بینیبێتی و ڕۆیشتبێت وەك ئەوەی لە فڕۆکەخانەکە ڕووی دا؟ ئەی چی دەبێت ئەگەر وێ چاوەڕوانی نەکات، لەبەر ئەوەی ئێستە بەرانبەری دانیشتووەو، پێکە مەیەکەی دەنۆشێت؟
سەبارەت بە پۆزش هێنانەوەی لەمەڕ بەشداری نەکردنی لەو ڕابواردنەیدا گوتی:
ـ چۆن دەگەیتە ئەو پلە بەرزەی سۆزدارییە کاتێك گۆرانی دەچڕیت.. ئەگەر لەژیانتدا مەیت تاقی نەکردبێتەوە؟
وەڵامی دایەوە:
ـ لەو شوێنەوەی هاتووم خەڵکی بە خەم و خەفەت سەرخۆش دەبن.
ـ مەبەستم لە سۆزداری چێژوەرگرتنە؟
هەردوو گۆنای سوور هەڵگەڕان. ئەو وشەیە لە فەرهەنگی ژیانیدا نەبووە.
وەڵامی دایەوە:
ـ بەلای منەوە، سۆزداری غەمگینییەکی ڕووداپۆشراوە لە گۆرانی چڕیندا.
پەرداخەکەی داناو لێی پرسی:

ـ ئەم زمانەت لەکوێ هێناوە؟

ـ لە پرسیارەکانی تۆوە.

پێکەنی.

ـ کەواتە پرسیاری زۆرم بۆ هەڵگرتوویت!!

ـ بەرانبەر بە یەك پرسیار.

ـ بیڵێ..

ئەگەر حەز دەکەیت گوێ لە گۆرانییەکانم بگریت و ئەو پارەیەت دا تا بە تەنیا گوێ لە دەنگم بگرێت وەك خۆت دەڵێیت، بۆچی لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا نەهاتیت سڵاوم لێ بکەیت و سوپاسم بکەیت ما دامەکی وەك پێدەچێت زەوقت هەیە؟

ـ جوانتر ئەوەبوو کە بۆ یەکەمین جار بەتاك و تەنیا بتبینم. جۆرە پەلکە زێڕینەیەك هەیە دەرناکەوێت تەنیا لە یەکەمین دیداردا نەبێت. وەك بریسکە هەورێك ئاسمانان ڕووناك دەکاتەوە. ویستم بە تیشکم بمناسیتەوە نەك بە فریودانی ڕەنگەکان.. بەڵام ئەو جارەیش دڵت نەیناسیمەوە!

ئەوە گوتی (ئەو جارەیش)؟

لەبەر ئەو هەواڵە گوتوپڕییە دڵی داخورپا. ئەوە خۆیەتی.. یان ڕەنگە هەردووکیان بێت!

کەواتە ئەو بوو چەپکە تۆلیبەکەی بۆ نارد بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بانگهێشتی ئەم شیوخواردنەی بکات. هەر ئەو بوو بۆ یەکەمین ژوان نەهات، یان ئەو داوەی پێش چەند مانگێك لە فڕۆکەخانەکە بۆ (وێ)ی دانابووەوەو پێوەی بوو!

یەك ساتیش چییە لە کاتی گۆرانی چڕینەکەیدا بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەم بێت ئەو هۆڵەی گرتبێت. ئایە تا ئەم ڕادەیە دەوڵەمەندو ئەڤیندارو بێ کارە تا کۆشش و دارایی خۆی لە داو دانانەوەدا خەرج بکات؟ ئایە جیهان ئافرەتی لێ بڕاوە بۆ ئەوەی تەنیا ئەم ببێتە خولیای؟ ئەی بۆچی بەم هەموو هەراو هوریاوە گەڕایەوە، لەکاتێکدا بەو کشانەوە یەکلاکەرانەوە تێی تەقاند؟

لەبەر ئەو هەواڵە لەناکاوییە دڵی توند لێی دەدا. بۆ چەند چرکەیەك بێ دەنگ بوو، کاغەزەکانی خۆی ڕێك دەخستەوە و تەلەفۆنەکانی ئەو سەردەمەی سەرەتای

بیردەهێنایەوە. لەم پیاوە ورد دەبووەوە کە بە درێژایی چەند مانگێکە دڵخۆش و دڵگرانیشی کردووە.. تاقی کردەوەو وازیشی لێ هێنا. نازی پێ داو سووکایەتیشی پێ کرد.. وەك چۆنی ویست و لە کوێی ویست.. هێنای و خۆیشی هات بۆ لای. کەواتە ئەوەتە.

بێ سوود ڕوخساری بۆ دەنگ و پیشەی بۆ زمان و سنووری بۆ گیرفانی دانا. بەردەوام ساختەکاری لە نیشانەکاندا بۆکرد؟ ڕەنگە ئێستە کاتی پرسیار هاتبێت.

ـ دەتوانم پرسیار بکەم چی لە ژیاندا دەکەیت؟

بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر ڕێگەیەك هەبووایە هەڵمبژاردبایە ئەوە تەنیا گوڵ فرۆشیم هەڵدەبژارد، ئەگەر قازانجم لەدەست بچێت ئەوە بۆن و بەرامەم لەدەست ناچێت.

ـ ئومێدێکی جوانە.

ـ ئەوە ئومێدێکە لەگەڵ عومەری کوڕی خەتابدا لێی هاوبەشم. ئەو گوتوویەتی.

ـ پێدەچێت خوێنەرێکی باش بیت.

ـ تەواو نا، بەڵام هەموو ئەوەی خۆشم دەوێت ئەزبەری دەکەم کاتێك کارەکە پێوەندی بە ڕۆشنبیری ژیانەوە هەبێت.. مەبەستم شتە خۆشەکانیەتی.

ـ دەزانیت، دوێنێ بە پوورزاکەم گوت کە من زۆر لەوە دڵنیام کە ئەم پیاوە کۆگەی گوڵفرۆشی هەیە، ئەویش بە گاڵتەوە بەرسڤی دایەوە.. لەکاتی دەست بەتاڵیشدا شاعیرە!

ـ ڕاستی بکەرەوە .. من شاعیرم بە دەوامی تەواوەوەو جار نا جارەیش بزنسمانم..

ـ بە ڕاستی شیعریش دەنووسیت؟

ـ بینووسم؟! نا ئەوە ئارەزووی بێ پارەو پوولەکانە، من تێیدا دەژیم، دەتوانیت لە هەموو ڕۆژێك کە تێیدا دەژیت چامەیەك دروست بکەیت ـ پاش ماوەیەك بێ دەنگی درێژەی دایە

ـ بۆ نموونە لەگەڵ تۆدا چەند دیوانە شیعرێکم هەیە ڕۆژێك دێت پێت پیشان دەدەم.

بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

ـ لەگەڵ من؟

وەك یەکێك دڵنیای بکاتەوە پێی گوت:

ـ پرۆژەی جوان چامەی جوانە.. بۆ نموونە وەك ئەم ئێوارە خوانە. حەوت مانگ بێن درێـژی لەمەڕ خەون بینین و پلانڕێژی لە پێناوی گەیشتن بە ساتێکی وەك ئـەم سـاتە. ئـەدی کـە لێرەین ئەمە بە خۆی دەقێکی شیعری نییە؟!

پێکێکی هەڵدا وەك بڵێیت ئەو ساتە هەڵبدات.

وێ گوتی:

ـ شێتایەتییە. دەبوو کارەکان ئاسانتر بوونایە.

ـ ئاسانتر جوانتر نییە (ئەگەر ڕێگە ئاسان نەبوو بەربەست دابهێنە).

ـ هەرچی منم ئەوە تەنیا بەربەستم دیوەو دەبوو ڕێگە دابهێنم!

ـ دەزانیت.. هـەموو پێشـەنگەکان لـە ژیانـدا خۆیـان ڕێگـەیان بـۆ خۆیـان داهێنـاوە.. سەرکەوتن لە شەڕە چارەنووسسـازەکاندا جوانترمـان دەکـات. سـەرکەوتووەکان بـەردەوام جوانن. ئەدی تێبینی ئەوەت نەکردووە؟ تەنانەت دەنگیشت تا ئەم ڕادەیە جوان نـەدەبوو، ئەگەر لە تاقیکردنەوەی بەرەنگاربوونەوەدا سەرنەکەوتایە.

بێ دەنگ مایەوە.

ئاشکرایە ئەوەی کە لەبارەیەوە دەیزانێت لە دیدارە تەلەڤزیۆنییەکانیەوە بەدەست هێناوە. بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئەو لە ئەم باشتر سەبارەت بەم دەدوێـت و لـە پرسـیارگەلی قوتـار دەکات، بەڵکو پرسیاری گرنگتر ئەوەیە: (بۆچی وێ).

پرسیارێکی دیکەیش دەمێنێتەوە:

ـ بۆچی تەنیا گوڵە تۆلیبەکان.. بەتایبەتی ئەو ڕەنگە بەنەوشەییە؟

ــ ڕەنگـە گـوڵی سـوورت بـە لاوە پـێ باشـتر بووایـە، وەك ئـەو چـەپکەی دوێـنێ بـە شادومانییەوە لە ئامێزت گرت و ئەوەکەی دیکەت دایە دەستی سەرۆکی گرووپەکە!

جۆرە تەوسێکی زیرەکانە بە ڕێتمی دەنگییەوە، کە جۆرە تاڵییەکی تێـدا بـوو. سـوورایی پەشۆکاوی کەوتە سەر هەر دوو کولمی و بە داوای لێبوردنەوە گوتی:

ـ ئەوەم لە پێناوی تۆدا کرد. وام زانی تۆ ئەو چەپکەت ناردووە!

بە تەوسەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ مەبەستت ئەوەیە ئەو پیاوە ناردوویەتی کە هۆڵێکی تەواوی بە کرێ گرتووە بۆ ئەوەی بەرانبەرت دانیشێت. ئەوی دیکەیش ئەوەکەی دیکە ناردوویەتی کە چەند مانگێکە بە چەپکە تۆلیب ڕاوەدووت دەنێت.

هیچی بۆ نەهێشتەوە، لە گۆشەی ڕاستیدا حەشاری دا، بۆیە وەڵامی دایەوە:

ـ لەو ساتەدا، ئەو پیاوەم لا مەبەست بوو کە بەرانبەرم دانیشتبوو چونکە ئاغای ئاهەنگەکە بوو.

ـ تۆ ددانی پێدا دەنێیت، کە لایەنگیریت لە زەبری پارەو سامان کردو سووکایەتیت بە هەستەکان کرد..

پاش ساتێکی کورت کە بیری تێدا پەرت بووەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ تۆ نەبوویت ئەو چەپکە گوڵە سوورەت بۆ ڕەوانە کردم تا تاقیم بکەیتەوە؟

بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە:

ـ نا، من نیم. ئەوە سەبەتەیەکە لە من ناکات!

جانتایەکی لە پیست دروستکراوی نایابی کردەوە کە پێداویستییەکانی قلیانەکەی تێدا دانابوو، قلیانەکەی پڕ لە تووتن کرد. جۆرە بێ دەنگییەکی تێکەڵاو بەو میوزیکەی کە ئافرەتە قژ زەردەکە دەیژەنی نێوانی تەنییەوە، گارسۆنەکە ئامادە بوو لێی پرسین شتێکی شیرینیان ناوێت. ئەو تەنیا قاوەی ویست و گارسۆنەکە گالیسکەی شیرینیمەنییەکەی هێنا بۆ ئەوەی شتێك هەڵبژێرێت. پارچەیەك (کاتۆ)ی بە شیکۆلاتەی هەڵبژارد.

بە گاڵتەوەو بۆ ئەوەی ڕەوشەکە خۆش بکات، گوتی:

ـ تەنانەت لە شیرینیشدا جلە ڕەشەکەت داناکەنیت؟

بە پێکەنینەوە بەرسقی دایەوە:

ـ دەتوانم خۆم لە هەمو شتێك بپارێزم تەنیا شۆکۆلاتە نەبێت. تیرۆریستەکانم شکست پێ هێنا، کەچی شۆکۆلاتە شکستی پێ هێنام!

ـ کەواتە ڕەنگە هەواڵی سەیرانگەیەکی نوێی خووگرانی شۆکۆلاتەت بەلاوە مەبەست بێت، کە هەموو خزمەتگوزارییەکانی لەسەر بنەمای شۆکۆلاتە، خواردنەوە، ژەمی سەرەکی،

شیرینەمەنی، تەنانەت کـوڕی پشـت شـێلان و، بـانیۆی گـەرماوی لـە شـۆکۆلاتەی شـل دامەزراوە.

ـ سەرت لیٚ داوە؟

ـ نا.. ئافرەتێکی دۆستم بۆی باس کردم کە چەند ڕۆژێکی تێدا بەسـەر بـردووە. ئـەویش شێتی شۆکۆلاتە بووە.

شتەکەی بە لاوە کوتوپڕبوو .. یان قەڵسی کرد بۆیە گوتی:

ـ ئاشکرایە ئاکام وای لێهات ڕقی لە شۆکۆلاتە ببێتەوە!

ـ مەبەست ئەمەیە. بتەوێت لە شتێك چاك ببیتەوە زۆرتر بەکاری بهێنە.

ـ ئەی تۆ حەزت لە شۆکۆلاتە نییە؟

ـ ئاشکرایە، بەڵام من زۆرم حەز لە چێژوەرگرتنە!

ئەو ساتە چی بوو کـردی بـە شـیرینتر لـە پارچـەیەك شـۆکۆلاتە کـە لـەناو زاری (ویٚ)دا بتوێتەوە؟ ئەو (حەزی لە چێژوەرگرتنە)و (ئاغای خوان)و (سولٚتانی ئـارەزوو) و (پاشـا)ی هۆڵێکی تەواوە، لە خۆی بەو لاوە، هیچ گوێگرێکی تێـدا نییـە. ئایـە بـە هێـزو توانـای کەسایەتیی دڵی ئەمی بەلای خۆیدا ڕاکێشا؟ یان بە هەموو ئەو شتانەی ئـەنجامی دان تـا بەو ساتە بگات؟ یان بە هۆی شەبەنگی ئافرەتـە (دۆسـت)ەکەیەوە، کـە بـەبیٚ مەبەسـت ئاماژەی پیٚ کرد؟ پێشبینی نەکرد کە پیاوێکی تا ئەو ڕادەیە شەیدای دەشێت ئافرەتێکی دیکەی لە ژیاندا هەبێت.

ویٚ نازانێـت کـە لـە چوارچـێوەی خواردنـەکانی شـیوەکەدا، بـۆ زار شـیرین کـردن .. جاڕکێشانیشی بۆ بەجیٚ هێشتووە!

هەستی کرد کە خلیسکانێی سەر ئەڤینداری دەسـت پـیٚ کـردووە. ئـای لـە مـاوەی دوو کاتـژمێردا لـەناو چـەند هەسـتی بڵنـدو هەڵـدێری لـەناکاودای لەگـەڵ گوزەرانـد. بـەو کاریزمایەی چەند سەرنجی ڕاکێشا، کە هاوکات سەنگینییەکی سووك و پتەو بە وشەکانی دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی پێدەچێت کۆششێکی زۆری لە پێنـاوی گـەڕان بـە دوای ئەمـدا کردبێت. شت ناڵێت تەنیا لە بارەی خۆیەوە نەبێت. ئەمەیش وای لیٚ کـرد بکەوێتـە ژێـر کاریگەری ئەوەوە ئەو ڕۆژگارەی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکرد.. تەنانـەت بـە لـۆژیکی

تاقیکردنەوەی پێوەندی نێوانیان لە فرۆکەخانەیەکدا قایلی کرد، (وێ)یش یاسای یارییەکەی پەسەند کرد، بۆیە گرەوەکەی دۆڕاند!

کاتێك کارتی بانقەکەی دەرهێنا پارەکە بدات، کارتێکی دیکەی دەرهێنا تەنیا ناوی سیانی لەسەر نووسرابوو. لە پشتەوەی ژمارەی تەلەفۆنەکەی نووسی و بۆی درێژ کردو گوتی: (هەر کاتێك ویستت تەلەفۆنم بۆ بکە). ژمارەیەکی تەلەفۆنی فەرەنسی بوو کە ئەم نەیدەزانی.

(خواوەندەکان) پێویستیان بە هیچ پێناسەیەك نییە بۆ ئەوەی بخرێتە سەر ناویان. پیشەو پلەو پایەکانی ئەوساو ئێستەت بۆ باس ناکەن، هەروەها ناوی کۆمپانیاو ناوونیشانەکانیان باس ناکەن. ئەوە ڕەفتاری خەڵکی ساکارو ئەو کەسانەیە تازە دەوڵەمەند بوونە.

دواتر ئەمەی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

وەك ئەوەی بلیتی لۆتۆی بۆ دەرچووبێت، هەستی کرد کە ژمارە ئەفسووناوییەکەو، ئەو ناوەی لایە کە چەند مانگێك گێژی کردبوو. بەنکەنۆتێکی بە فەرمانبەرەکە دا. داوای لێ کرد ئۆتۆمبیلێکی بۆ بانگ بکات، پێشەکی کرێی شوفێرەکە دەدات، پێکەوە چاوەڕێ بوزن ئۆتۆمبیلەکە بگات، کاتێك ئۆتۆمبیلەکە بەڕێ کەوت و بردی، ئەو کات لە پشتەوەی شوفێرەکەی سوار بوو و تێی تەقاند.

ڕوون و ئاشکرا بوو ئەو پیاوەی لە هۆڵەکەدا لەسەر تەنیا کورسییەك دانیشتبوو، بڕیاری داوە هیچ کورسییەك لەناو دڵیدا بە بەتاڵی نەهێڵێتەوە.

❊❊❊

دەبوو ئەو ژوانە چارەنووسسازییە لەگەڵی هەر ڕوو بدات.

ئەڤیندارییەکەیان ڕۆڵەیەکی ڕەوایانەی چارەنووسێکی مەست بە تەوسی شتە دژ بە یەکەکان بوو. (بە هەموو دڵتەوە مەڕۆ) ئەقڵی ئەمەی پێ گوت. بەڵام بە هەموو دڵییەوە ڕۆیشت و .. بەبێ ئەقڵ گەڕایەوە.

نەجلا کە چاوەڕوانی دەکرد تا بێتەوەو بچێت بنوێت، دەیوسیت قسەی لێ دەربێنێت، گوتی:

ـ قۆز بوو؟

ـ بەڵکو کات بەوەوە قۆز بوو.

نەجلا هیچ شتێك لەم زمانە تێنەگەیشت کە (هالە) لەگەڵی قسەی پێ دەکرد. سەرلەنوێ پرسیاری کردەوە:

ـ باشە جگە لەوە، ئایە جوان بوو؟

ـ زۆر کاریزماتی بوو، ئەوەیش باش دەزانێت. ئەمەیش ئەوەندەی دیکە سەرنجی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا.

ـ واتە قۆز بوو!

ـ ئەی دەوڵەمەندا چ پێویستیان بە قۆزییە. بەردەوام لەوە جوانترن کە پێی دەردەکەون. ئەوان بە ڕادەی ئەوەی هەیانە جوانن.

لە ڕاستیدا دەوڵەمەندییەکەی بە لاوە مەبەست نەبوو، بەڵکو بە نەبوونی ئوقرەو بێن درێژی لەگەڵیدا.

لەوەتای لە قاهیرە گەڕاوەتەوە بە پەرۆشەوەیە ببینێت. تووشی سەرەگێژەی ئەڤینداری بووە، وەك بڵێیت باهۆزێکی ئەڤینداری چوون پەڕێك بەرەو لای ئەو پیاوەی هەڵدەگرێت، تەنانەت پێش ئەوەی کاتی ئەوەی پێ ببەخشێت بەناو ڕاستییدا ڕۆبچێتە خوارەوە.

ئەویش پێویستی بەوەیە سەرلەنوێ بەدیداری ئەم بگات. بەڵام پەلەی نییە. ئێستە چێژوەرگرتنەکەی دەست پێ دەکات. ئەو هێشتە هیچ شتێکی پێ نەگوتووە. ڕەنگە ئەم جارەیان بگەڕێتەوەو هیچی پێ نەڵێت تەنیا نیوەی شتەکان نەبێت. لە زۆرزانی، یان لووت بەرزییەوە بێت نیوەی ڕاستی لای خۆی دەهێڵێتەوە.

لووتبەرزی ئەوەیە شتەکان بە نیو وشە بڵێیت، دووبارەی نەکەیتەوە. پێداگیری نەکەیت. ئەوی دیکە هەرگیز بە ڕووتی نەتبینێت. تەمومژاوی خۆت بپارێزت وەك چۆن نهێنی خۆت دەپارێزیت.

ئەو بۆ نموونە پێی دەڵێت، کە ئەو ڕۆژەی لە فرۆکەخانە بینی لە ڕوخساری هەموو پیاوەکان ورد دەبووەوە تەنیا ئەو نەبێت، بڕیاری دا تۆڵەی ئەو سەرشۆڕییە سۆزدارییەی لێ بکاتەوە، ئەویش بە ژوانێك کە جگە ئەو کەسی دیکە نەبینێت. ئەو ڕۆژە، بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات هۆڵێك بە تەواوەتی بەکرێ بگرێت، تێیدا تەنیا بۆ ئەو

گۆرانی بچڕێت. لەناوەڕاستی ئاپوورەکەوە خۆی پێ پیشان نەدات، بەڵکو بەخۆی ئاپوورەکە بێت!
وێ هەرگیز نازانێت کە ئەو بە خۆی بۆ نەخۆشخانەکەی پێشنیاز کردووە ئەم ئاهەنگە خێرخوازییە سازبکات، پاشان بە ناوی یەکێك لە کۆمپانیاکانییەوە بلیتی هەموو کورسییەکانی کڕی بێ ئەوەی ئەو بلیتانە بۆ فرۆشتن تەرخان بکرێن. لە ڕستیدا، وێ لە میسر بینەرانی نییە، هیچ لایەنێکیش نەبوو بۆ سازدانی ئاهەنگێکی خێرخوازانەی بانگهێشت بکات!
پاش چەند ڕۆژێك کاتێك تەلەفۆنی بۆ کرد، ئەو کاتە ئەو بە خۆیشی قاهیرەی بەجێ هێشتبوو، بۆیە ئەم جارە ئاسان نییە ناوونیشانێك بۆ ژووانەکەیان بدۆزرێتەوە.
ئەو ڕانەهاتووە ناوی خۆی بزڕێنێت، بەوە نەناسراوە لە بەیرووت هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئافرەتاندا هەبووبێت، لەبەر ئەوەی لەو بڕوایەدا بوو کە پێویستە وەك پیاوێکی (تەواو) ناوبانگییەتی خۆی بپارێزێت. سەرکێشییە بچووکەکان.. بۆ بچووکەکانی ئێل! بۆیە بەوە ڕاهاتووە ناونیشانی نهێنییەکانی لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە بگۆڕێت. نهێنی یارمەتیمان دەدا بژین. ئەوەی نهێنی نییە چەند زیانی پێ دەکەوێت!
بە پێچەوانەی ئەوەوە، وێ هیچ نهێنییەکی لەژیانیدا نەبوو تا بیپارێزێت، یان دەستکەوتێك بۆ ئەوەی لێی نیگەران بێت. ئەوەی لێی نیگەرانە ئەوەیە کە ئەو لەمەودوا لە نێوان وێ و (مێینەکان)ی ئالۆشی و، (ڕاوچییان)ی ساماندا جیاوازی نەکات و تێکەڵیان بکات. ڕەنگە خراپ لێی تێگەیشتبێت کاتێك لەسەر شانۆ بینی ئەو چەپکە گوڵە سوورەی لە ئامێز گرت و دەستی لە چەپکە گوڵەکەی ئەو هەڵگرت.
پاش ئەوەی تامەزرۆیی شکستی پێ هێنا پێوەندی پێوە کرد:
ـ هەفتەی داهاتوو لەسەر بانگهێشتی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی هونەری دێمە بەیرووت بۆ ئەوەی ئەلبۆمە نوێیەکەم بڵاو بکەمەوە.
وەك پێدەچێت بێ مەبەست ئەوەی گوتبێت. خواردنێکی فڕێ دایە بەردەمی لەو بڕوایەدا بوو یەکسەر بیقۆزێتەوە.

بەڵام ئەو ماسی نەبوو. بین درێژی و ئوقرەو ئەزموونی نێچیرەوانی هەبوو. لەو سەری هێڵەوە گوتی:

ـ جوانە، سەرکەوتنی تۆ شادم دەکات.. ئەی دایکت چۆنە؟

ـ سوپاس، زۆر باشە.

پاشان کە پرسیارەکەی بە لاوە سەیر بوو، گوتی:

ـ ئەی چۆن زانیت؟

پێکەنی:

ـ هەموو ئەو شتانە دەزانم کە بە لامەوە گرنگن و جێی بایەخمن.

ـ بە ڕاستی چۆنت زانی؟

ـ لە بەرنامەیەکدا گوێم لێ بوو لەبارەی دایکتەوە قسەت دەکرد. گوتت تۆ بە یاوەری دایکت جەزایرتان بەجێ هێشت، پاش ئەو ڕووداوانەی تووشی خێزانەکەتان هات.

ـ تۆ یادگەیەکی بەهێزت هەیە!

ـ بەڵکو یادگەیەکی بژاردە. تەنانەت ئەو جلانەم لە یادە لە فڕۆکەخانەی شارل دیگۆل پۆشیبووتن.. لەگەڵ مارکەی ئەو چاویلکەدا کە لە چاوت کردبوو.. هەروەها ڕەنگی ئەو جانتایەی لەدووی خۆتت ڕادەکێشا.

پەشۆکا، بیری کردەوە کە هەرگیز لەو ڕووداوەی خۆش نابێت. ئەویش بیری کەوتەوە کە ئەوەی بە ڕاستی باسی دەکات ڕوخساری ئەو پیاوانەیە کە وێ ڕووی تێکردن. هەرچی ئەوەیە کە لێی خۆش نابێت، ئەوەیە کە ڕوخساری ئەمی بیرناکەوێتەوە، ئەگەرچی لەناو فڕۆکەکەدا چوار کاتژمێر لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، کاتێکیش بۆ خوانی ئێوارەکە بانگهێشتی کردبوو وەك بڵێیت یەکەمین جار بێت دەیبینێت. ئایە کەسێکی وەك ئەم تا ئەو ڕادەیە پیاوێکی ئاساییە؟!

بەڵام ئەمەی پێ ناڵێت. ئەوە لە ئاکاری جەنتڵمان بەدەرە ئافرەتێك بترنجێنێتە گۆشەیەکەوە جوانیەتی مێیایەتی خۆی لەدەست بدات. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ناشیرین دبێت کاتێك بیخاتە هەڵوێستێکی ناشایستەوەو، ئەو کاتیش لە سنووری پیاوەتی دەچێتە دەرەوە!

وەك بڵێیت پەلەی بێت زوو خواحافیزی لیّ کرد.
ـ لە بەیرووتەوە تەلەفۆنم بۆ بکە.. بەشکو بتوانم ژوانێك بۆ هەردووکمان ڕێك بخەم.
(بەشکو)؟! ئایە بە پێنج پیتی گوماناوی تامەزرۆی ویّ بۆ ئەو کورت دەکاتەوە؟ چۆن ئەم ڕەسەنایەتییە بە دوای هەر هەموو ئەو شێتایەتییەدا دێت کە ئەنجامی داون.. جارێك تا لە فرۆکەخانە بیبینێت، جارێکی دیکە بۆ ئەوەی بە تەنیا لە ئاهەنگێکدا گوێی بۆ ڕادێرێت، جارێکیش بۆ ئەوەی لەگەڵیدا لە ئێوارە خوانێکدا بەشداری بکات.
ژیانی ویّ گۆمێکی مەنگ بوو تا ئەو هات و بەردێکی تیّ هاویشت و، هەموو بزنەکانی پرسیارگەلی لە دوای خۆی بەجیّ هێشت. ناتوانێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات، کە لەو ئێوارە خوانەوە، تەنیا چاوەڕێی تەلەفۆنی ئەو دەکات.
ویّ ڕۆژێك لە ڕۆژان لە نەوەی ئافرەتانی چاوەڕوانی نەبووە، بەڵام بیّ ئەوەی ئاگەی لەخۆی بێت و بزانێت، ئێستە لە هەموو شتێکدا کە دیکات چاوەڕوانی ئەو دەکات. ویّ پێویستی بە ژوانی کارکردن نییە تا سەر لەبەیرووت بدات. دەکرا پێش ئەو ژوانە سەر لە بەیرووت بدات ئەگەر گەرم و گوڕییەکی لەودا بەدی کردبایە، چونکە ڕێگەی نێوان شام و بەیرووت تەنیا سیّ کاتژمێر دەخایەنێت. دەشتوانێت هەرچۆنێك بووە دایکی قایل بکات، چونکە پاساوی زۆر هەن.. نەجلایش (فریشتەی پاسەوان) پشتیوانی لە پرۆژەکانی دەکات و، بڕوانامەی بیّ تاوانی پیّ دەبەخشێت. بەڵام خۆی ڕادەگرێت و لە کاتی دیاریکراودا سەفەر دەکات، وەك بڵێیت ئومێدی ئەوە نەبێت بە دیداری ئەو بگات.
سوپاسی خوای کرد کە دایکی لە دوایەمین ساتدا بیرۆکەی یاوەری کردنی هەڵوەشاندەوە. سەرمای کانوون پاڵی پێوە نا مانەوە لە شام بە باشتر بزانێت.
ـ لەم ڕۆژگارەدا ڕێگەی شام بەیرووت مەترسی هەیە، چەندین کاتژمێر بەفر دایدەخات. خۆشەویستەکەم پێش ئەوەی سەفەر بکەیت، لە ڕەوشی ئاووهەوا دڵنیا بە.
نەجلایش نایەت. ئەویش سەرقاڵی دەزگیرانەکەیەتی کە لە دوبەی گەڕاوەتەوە تا ڕۆژانی جەژن لێرە بەسەر ببات. کەواتە کەسی لەگەڵ نابێت تەنیا خەونەکانی .. یان خەیاڵ پلاوەکانی نەبێت. ویّ بەرەو لای ئەڤینداری دەچێت بیّ ئەوەی دڵنیا بێت دڵی هیچی بەسەر نایەت.

چاوەڕوان بوو تا کاتی میوانداری کردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکە دەبێت، بەشکو بزانێت لە بەیرووتە. نایەوێت کارێکی وا بکات ئەو هەست بکات کە ئەم پەلەیەتی بیبینێت. بەڵام نە دەنگی تەلەفۆنەکەی هەبوو، نەیش چەپکە گوڵەکانی پێ گەیشت. ڕەنگە کاتی ئەوە نەبێت چەپکە گوڵێکی دیکەی ئەڤینداریانە ڕەوانە بکات.

غەمی لەدەستدانی شتێك دایگرت کە ئەو بە هەبوونی ئەمی نەدەزانی، یان دروست تر بەهای ئەمی نەدەزانی. ڕەنگە ویستبێتی تۆڵەی ئەو چەپکە گوڵەی لێ بکاتەوە کە ڕادەستی سەرۆکی گرووپەکەی کردو چەپکەکەی دیکەی لەئامێز گرت. بڕوا ناکات لەمەودوا گوڵی بۆ بنێرێت.

نائومێدی دایگرت. وەك غەمباری پیانویەك لە گۆشەیەکەوە فڕێ درابێت و لەسەر میوزیکێك داخرابێت کەس نەیژەنێت. ئەو شەوەی بە تاك و تەنیا لە ژوورێکی ئۆتێلە زۆر باشەکە کۆتایی هات، بیری لەو برە پارانە دەکردەوە، کە مرۆڤ گەوجانە دەیاندات و، دەرك بە بەهای شتەکان ناکات کاتێك ژیان بە هەموو شتە جوانەکانییەوە ڕووی تێ دەکات!

***

ئازاری چاوەڕوانی؟ ئەی چی سەبارەت بە ئازاری ئەوە دەڵێیت کە چاوەڕوانی هیچ شتێك نەکات؟

ئەم پێویستی بەوە بوو کە ژوانێکی لەگەڵ ئەڤینداری هەبێت بۆ ئەوەی بژێت، بۆ ئەوەی ئارەزووی ژیان گوزەراندنی بمێنێت. گەنجیەتی بمێنێت. کاتی نێوان دوو ژوان لە ژوان گرنگترە. ئەڤینداریش لە خودی یارەکە گرنگترە. بۆیە ئەو لەبەر ئەم هەموو هۆکارانە خۆی بۆ ئەڤینداری وێ ئامادە کردووە. یان بە دروستی بۆ وێ ئامادەیە.

سەرلەبەیانی سێیەمین ڕۆژی بوو لە بەیرووت، تەلەفۆنی بۆ کرد. وێ ئەوەی لێ شاردەوە کە چاوەڕێی دەنگی ئەوی دەکرد. بەڵام نەیتوانی شادومانی خۆی بشارێتەوە.

ـ دەترسام بەیرووت بەجێ بهێڵم و دەنگت نەبیسم.

ـ نەدەکرا تەلەفۆنت بۆ نەکەم..هیچ نییە ئەم ڕۆژانە کەمێك سەرم قاڵە.

ئاگەدارییەکی پیێ ڕاگەیاند کە شتێکی لە وێ گرنگتر لە ژیانیدا هەیە، ئەو شتە هەر چییەك بێت ئەوە وێ غەم دەخوات. چونکە لە ژیانی ئافرەتدا ئەڤینداری لە پێش هەموو شتێکەوە دێت.. لە ژیانی پیاویشدا شتی گرنگتر دێت.

ـ ئەو بەرنامەیەی میوانداری کردیت سەرکەوتوو بوو؟

ئاگەدارییەکی دیکەیشی ئاراستە کرد کە بەرنامەکەی نەبینیوە، ئەوێك کە ڕاهاتبوو لە هەموو دەرکەوتنێکیدا لە پەردەی تەلەڤزیۆنەوە گولێ بۆ ڕەوانە دەکرد. لە ڕاستیدا ڕێکۆردەکەی لە نووسینگەکەی لەسەر کاتی تۆمارکردن دانابووەوە بۆ ئەوەی ئەو ئەلقەیە تۆمار بکات، تا ئێوارە لە ماڵەوە سەیری نەکات و ژنەکەی پێ بزانێت و، سەری لە ئارەزووە نوێیەکانی سوڕ بمێنێت.

بۆ سبەینێ، لەگەڵ قلیان کێشاندا، لە نووسینگەکەی بینیی، بیری کردەوە کە دەبێت ئەم شێوازی جل و بەرگ پۆشینەکەی پێ بگۆڕێت.

بەستەزمانە چەندە تێکۆشاوە بە شێوەیەکی جوان دەرکەوێت، کە ئێستە غەمبارە لەبەر ئەوەی ئەم پێی ر||اگەیاند کە نەیبینیوە!

وەك بڵێیت مژدەیەکی پێ دەدات، وەڵام دەداتەوە:

ـ زۆر سەرکەوتووانە بوو. لە میدیاکاندا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو.

ئەویش دەڵێت:

ـ من لە پێناوی تۆدا شادومانم..

مەبەستی ئەوەیە: بۆ خۆی شادومانە. چونکە لە پەشۆکاندن و تێکدان و شێواندنی خۆشییەکەیدا سەرکەوت. بۆیە وێ لە شکستییەکانیدا پێویستی بەم دەبێت. وێ چوون پیتەکانی نەرێ بەچێژو خۆشە. کە ماوەی چەند مانگێکە ڕاهاتووە پێی بڵێت (نا) و (نە).

وەك بڵێیت ئێستە گوێی لێیەتی دەپرسێت (ئایە دەتبینم؟).

بەڵام شتێکی دیکە دەڵێت:

ـ حەز دەکەیت ئەلبۆمە نوێیەکەمت بۆ بنێرم؟

وەڵامەکەی پێ سەیر دەبێت:

ـ حەزم لەوەیە کە ناوێریت بیڵێیت!

ویستی هەندێك لە چەكە بەرگرییەكانی خۆی بەدەست بهێنێتەوە:
ـ بڕوا ناكەم لە ئازایەتیدا بگەیتە ئاستی من.
ـ بوێری لەگەڵ ئازایەتیدا جیاوازە.
ـ ئەی حەز دەكەیت چی بڵێم؟
ـ تەواو وەك ئەوەی دەتەوێت بیڵێیت!
پێشتر ڕووی نەداوە پیاوێك لەم گۆشە تەسكەی ڕاستیدا تەنگی پێ هەڵچنێت.
درێژەی دایە:
ـ بوێری ئەوە نییە بەرەو ڕووی تیرۆریستان بووەستیت، بەڵكو بۆ سەركوت كردنی خودی خۆت، كپكردنی جەستەی خۆت، مینرێژكردنی هەموو شتە جوانەكان بە پیتی نەرێ و ڕەتكردنەوە، بەرەنگاری ئارەزووی خۆت ببیتەوە. ژیان لەوە جوانترە شەڕی لە دژ ڕابگەیەنیت.. شەڕ لەگەڵ دوژمنەكانیدا بكە!
بەو شێوەیەی ویستی لەگەڵ خۆی هێنای. (وێ)یش ئەو قسەیەی كرد كە بە ڕاستی ئەم هیواخواز بوو بیكات:
ـ كەی دەتبینم؟
ـ ئاشكرایە ئەمڕۆ.. مادامەكی سبەینێ سەفەر دەكەیت!
ـ لە كوێ؟
ـ لە ئۆتێلەكە سەرت لێ دەدەم.
ـ لە ئۆتێل؟!
ـ لەبەر هیچ نا، لەبەر ئەوەی باشترین شوێنی پەناگەیە لە شارێكدا كە هیچ نهێنییەكی تێدا نییە. ژمارەی ژوورەكەت چەندە؟
ـ 423.
ژمارەكەی گۆكرد بڕوای بە خێرایی ڕووداوەكان نەكرد. وەك بڵێیت جڵەوی شتەكانی لەدەست دابێت و، ئافرەتێكی دیكەبێت ئەو سێ ژمارەیەی گۆكردبێت، كە لەگەڵ كۆتایی هاتنی پێوەندییە تەلەفۆنییەكەدا دەبێتە چوار پیت: (ن ە ن گ). ئەوەی تا

ئێستە ژیانی کۆنترۆڵ کردبوو. ئاشکرایە کـە ئـەوەی دەیکـات (نـەنگ)ە. تەلەفۆنەکـەی داخست و خۆی دەخواردەوە بۆچی ئەو کارەی کرد.

لە دەرەوە زستان بوو، بارانێك دەباری ڕەهێڵەی دەکرد. بارانێك شێتایەتی گرتبووی. بەڵام شێتتر لە خودی سروشت. یەکەمین جارە پێ بە جـەرگی خۆیـدا دەنێـت و لـە ژوورەکـەی خۆیدا پێشوازی لە پیاوێك دەکات.

ئەمە چ پیاوێکە؟ ئاغایەکی ڕەهایە ئەو کاتە دێت کە چاوەڕێی ناکەین، ئەو شتە دەڵێـت کە پێشبینی ناکەین، هەر کاتێك بۆی بلوێـت خـۆی دەهاوێتـە ژیانییـەوە، هـەر کاتـەی بیەوێت دەنگی دەکرێت، کەی پێی باش بوو ژوانی بۆ دەستنیشان دەکات!

نیوە شـەڕەنگیزەکەی نیـوە هێورەکـەی سـەرکۆنە دەکـردو، پیاوەتییەکـەی سەرزەنشـتی مێیایەتییە گوێڕایەڵەکەی دەکرد. ئەی یەکێکیان پێی نەگوت کە پێیدا هەڵـدا (جـوانترین شت لە ئافرەتی پڕ لە مێیایەتی.. پشکێکی نێرایەتییە)؟ کێشەکەی وێ ئەوەیە کە خووی پیاوانەی گرتووە، زۆر جاریش دڵڕەقی بەرانبەر بە خـۆی نوانـدووە وەك بڵێیـت کەسـێکی دیکە بێت. ئێستەیش، نازانێت چۆن بگەڕێتەوەو ببێتەوە بە مێینەو، چۆنیش خۆی بۆ ئەم هەڵکوتانە سەرە سۆزدارییە ئامادە بکات.

لە ژوورەکە ورد بووەوە، بەو جوانیشیەوە بچووکترە لەوەی شایەنی پیاوێك بێـت هـۆڵێکی تەواو بەکرێ دەگرێت، تا لەسەر یەك کورسی دانیشێت!

بۆ پێشوازی لێ کردنی تەنیا دوو قەنەفەو یەك تەبڵەی لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا هەیە، لە شێوەی سالۆن. هەستی کرد کە تەبڵەکـە بەتاڵـەو سـەبەتەی میوەکـانیش پێویسـتی بـە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە هەیە، لە جیاتی سەبەتەکە گوڵدانێکی لەسەر تەبڵەکە دانـا، بـۆ ئەوەی ژوورەکە جوانتر بنوێنێت.

باشە ئێستە.. چی لەبەر بکات؟ دەی چی بـۆ پێشـوازی لەبـەر دەکـات؟ بـە پەلـە خـۆی داکەندو دوو سێ کراسی لەبەر کرد، وەك بڵێیت هاوکات لە پێشبڕکێ و کێبەرکێدا بێت.

پاشان خۆی گەیاندە گەرماوەکەو ڕواڵەتی خۆی ڕێکخستەوە، کاتێـك بـیری کەوتـەوە کـە ڕەنگە بێتە ناو گەرماوەکەو چاوی بە پێداویستیەکانی خۆجوان کردنـەوی بکـەوێت. لێـو سوورکەرە مارکە هەرزانەکان و، قوتووە پۆدرەکە کە خەریکە تەواو دەبێت و هێشتە هـەر

فرێی نەداوە. کرێم و قەڵەمی کل، بەمانە نەداری دەردەکەوێت و ڕیسوا دەبێت، لەگەڵ ئەو نەریت و خوویانەی لە ڕۆژگاری پێویست پێ بووندا فێریان بووە. هەموو ئەو شتانەی کۆکردەوەو لەناو بۆفیەی ژێر دەستشۆرەکە شاردنییەوەو هەناسەیەکی خۆشنوودی هەڵکێشا.

کە سەیری کاتژمێرەکەی کرد نەفرەتی لێ کرد، پاشان سەرزەنشتی خۆی کرد کە ئەوەند خۆی شپرزە کردووەو قایل بوو لە ژوورەکەی خۆی پێشوازی لێ بکات. پێشبینی نەدەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم جۆرە هەنگاوە بهاوێت. ڕەنگە شێت بووبێت. ئەو کابرایە کێیە تا ئەم هەموو شتەی بەسەر بهێنێت؟ ئەی چۆن ڕێی پێ داوە تا ئەم ڕادەیە ژیانی تێك بدات؟!

لەناکاودا تەلەفۆنەکەی زرەی لێوە هات و دەنگی بەر گوێی کەوت:

ـ دەرگەکە بکەرەوە. من لێرەم!

کە بەرەو لای دەرگەکە دەچوو ترپەی دڵی خێرا خێرا لێی دەدا. بە ڕێگەوە نیگایەکی خێرای ئاوێنەکەی دایەوە. ڕۆیشت دەرگە لە ئەڤینداری بکاتەوە. چ ڕووداوێکی دیمەنانەیە ئەو پیاوە بێت. بێتە ژوورەوە. دەرگەکە لە دووی خۆی داخات.

بەڵام ماچی ناکات و تەوقەی لەگەڵ ناکات. وەك یەکەمین جار داناچەمێتەوە تا دەستی ماچ بکات و تەنانەت چاو ناخاتە ناو چاوی. لە دەرگەی ژوورەکە تێدەپەڕێت لەکاتێکدا سەیری مۆبایلەکەی دەکات بۆ ئەوەی ئەو ژمارەیە بسڕێتەوە کە ئێستە داوای کرد.. ژمارەی تەلەفۆنەکەی (وێ).

چەندین خەون لە ناخیدا هەپروون بە هەپروون دەبوون، ئەگەر (وێ) بیزانیبایە کە ئەو خۆی لێ بێبەری دەکات، کاتێك دێت بۆ لای، لە ترسی ئەوەی نەوەك یەکێك چاوی بە ژمارەی تەلەفۆنەکەی (وێ) بکەوێت لەسەر مۆبایلەکەی تۆمار بووبێت!

تەلەفۆنەکەی خستەوە گیرفانی و ژمارەکەی (وێ)ی لێ سڕیبووەوە. ئەو کاتە گوتی: (ئەم کاتەت باش)و، بە تیلەی چاو سەیرێکی کرد. بەرەو قەنەفەکە ڕۆیشت، وەك ئەوەی هاتبێت تۆزیك پشوو بدات. هەردوو پێی درێژ کرد بێ ئەوەی ڕواڵەتی تێکبچێت.. ئاکام سەیرێکی کرد.

***

پێویستی بەوە بوو جار نا جارە شێتایەتی بیگرێت، ئەگەر بە درۆیشەوە بێت، بۆ ئەوەی وەك دزێك كە هیچ ڕۆژێك بە بەڵگەوە نەگیرێت، دەستەڵاتی زیرەكی پیاوانەی خۆی بەسەر ژیاندا بسەپێنێت. شتێك كە لە یاری دەچێت لەگەڵ مێینە ڕاستەقینەكەی خۆیدا ئەنجامی دەدات كە: (ژیان)ە.

لە پێناوی ئەو ساتە سرنجڕاكێش و گرانبەهایانەدا. پێویستی بە سەركێشی هەیە. چونكە هیچ پێوەندییەكی ئافرەتانە شایەنی ئەوە نییە لە پێناوی دەستكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی خۆی لە دەست بدات. ئەمەیش جارێكە لە جارە دەگمەنەكان كە لە بەیرووت بە دیداری ئافرەتێك بگات. ئاساییە شێتایەتی ناوونیشان و ئەدرەسی شارانی دیكەی هەیە. ئەو خۆپارێزی لە هەموو ئەگەرەكان كردووەو، لەوەیشدا ئەو میوانە فریای كەوتووە كە لە پاریسەوە هاتووە، ئەمیش بانگهێشتی كردووە بە یاوەری بەڕێوەبەری كارەكانی بۆ شیوی ئێوارە بێنە هەمان ئۆتێل.

پێویستی بە پاساوێك هەبوو بۆ ئەوەی بێتە ناو ئۆتێلەكەوەو، لە هۆڵی بزنسمانەكان دانیشێت كە لە دوایەمین نهۆمە. پاشان بە ئاسانی دەتوانێت داوای لێبوردن بكات و، بە پاساوی پێوەندییەكی تەلەفۆنی لەناكاوەوە ماوەیەك خۆی بزربكات.

بەو ئارەزووە گومانا وییەوە پرسیاری لێ كرد:

- چۆنیت؟

وێ میزاجی زۆر ڕوون بوو وەك خانوویەك بە شووشە دەور درابێت، هیچ نهێنییەكی تێدا نەبێت. بۆیە بە ئاسانی دەیتوانی سەیری بكات، یان ئەو پرسیارانەی بخوێنێتەوە كە بۆ خۆیی هێشتوونەتەوە.

وێ كە هێشتە هەر ڕاوەستابوو، بەرسڤی دایەوە:

- باشم.. سوپاس.

لێی ورد بووەوە. ئەو دانیشتبوو، (وێ)یش ڕاوەستابوو. لە گۆشەیەكی نوێی ڕوانینەوە ناسییەوە.

لەو پیاوە نەدەچوو كە پێشبینی دەكرد (وێ)ی خۆش بوێت. بەڵام (وێ) ئەوی خۆش دەوێت. بە پۆشتەییە لە ڕادەبەدەرەكەی. بە وردەكارییە باش هەڵبژێرراوەكانی وەك

وشەکانی. بە بزە تەم و مژاوییەکەی. بە پلار تیّ گرتنە فیڵاوییەکانی. وەك چۆن کاتێك وەڵامی ترس و تۆقینی دەداتەوە کە بۆچی پێشوازی لیّ کرد:

ــ ئەڤینداری دزییەکی ڕەوایە .. نەك پێوەندییەکی ڕەوا.. دەبێت بەم شێوەیە بیگوزەرێنیت ـ پاش کەمیك بیّ دەنگی درێژەی دەداتیّ ـ دانیشە .. بۆچی ڕاوەستاویت؟ ئێمە لە ئۆتێلێکی پێشەنگداین کەس دەرگەکە ناکاتەوە.. یان ئەگەر پێت باشە تابلۆیەك بە دەرگەکەوە هەڵواسە (تکایە بێزارمان مەکەن)!

ڕۆیشت ئامۆژگارییەکەی ئەو جێبەجیّ بکات بیّ ئەوەی تەواو دڵی ئاسوودە بێت. چی ڕوو دەدات ئەگەر ئێستە مەترسییەکە لە ناوەوە بێت، نەك لە دەرەوەی ژوورەکە!

چوزانێت چی لە مێشکی ئەم پیاوەدا دەخولێتەوە؟

ڕۆیشت لەسەر دووەمین قەنەفەی بەرانبەری دانیشت.

پاش ئەوەی نەختێك گوڵدانەکەی جووڵاند کە لەنێوانیاندا بوو و نەیدەهێشت باش یەکدی ببینن، گوتی:

ـ ئەوەی گوڵ ئاو دەدات بە خۆی گوڵەکان لیّ ناکاتەوەو، ئەوەیش گوڵ لێدەکاتەوە لە گوڵدانێکدا لە ماڵەکەی خۆی دایانانێت!

نەکۆشا لەو قسانەی تێبگات کە کردنی. قسەکەی قۆستەوەو گوتی:

ـ ئەم چەپکە گوڵەم بە دیاری پێگەیشتووە.

بە ئەنقەست نەیویست بڵێت کی بۆی ناردووە نەوەك دەروونی بورووژێنێت، یان سەرنجی ڕابکێشێت. بەڵام گوتی:

ـ ئەوەی گوڵ پێشکەش بکات خەسڵەتێکی خۆی دەخاتە ڕوو.

زانی گاڵتە بە زەوقی ئەو کەسە دەکات ئەو گوڵانەی هەڵبژاردووە..

ویّ:

ـ هەر کەسەو زەوقێکی هەیە.. من بە خۆم، نازانم بۆچی تۆ تەنیا حەزت لە گوڵی (تۆلیب)و، ئەو ڕەنگە بەنەوشەییە سەیرەیە.

ـ لەبەر ئەوەی گوڵێکە کەس نهێنییەکەی دەستەبەر نەکردووە. ڕەنگەکەی شی ناکرێتەوە، لە ڕەشەوە نزیکە لە بەرپەرچدانەوەی ڕەنگە تیشکییەکان. ئەویش وەك تۆ گوڵێکە

بالاپۆشی شەرمی لانەداوە، هەندێك گوڵی بێ شەرم هەن گێچەڵ بەو کەسانە دەکـەن کـە لێیان دەکاتەوە .. ڕەنگ و بۆن و بەرامەی خۆیـان ڕادەگەیـەنن و بڵاودەکەنـەوە، ئەوانـە بەردەوام ڕێبوار دەدۆزنەوە بیانکڕێت.. وەك ئەوەی لە ئاهەنگەکەدا پێشکەشیان کردیت!

وەك ئەوەی خۆی لە چەپکەکە بەری بکات، گوتی:

ـ ئەرێ، زانیومە کە ئەوە ئاوڕدانەوەیەك بووە لەلایەن کارگێڕی شانۆکەوە، بۆ ئـەوەی لـە کۆتایی ئاهەنگەکە جۆرە خۆشییەك بێتە کایەوە، ناشێت هەموو لایەك لەگەڵ زەوقی تۆدا بن.. هەر کەسەو گوڵی خۆی هەیە، ڕەنگە تۆ لەوە ڕاهاتبیت هـەر ئـەم گوڵـە پێشـکەش بکەیت، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە ئەوە گوڵی تۆ بێت..

قسەکەی پێ بڕی:

ـ بەڵکو گوڵی تۆیە. بەر لەمڕۆ بە دیاری پێشکەشی هیچ کەسێکم نـەکردووە. جارێکیـان لە کۆگەیەکی گوڵفرۆشیدا بەرچاوم کەوت و لەبەر ئەوەی ڕەنگەکـەی سـەیر بـوو سـەرنجی ڕاکێشام. بە خۆم جۆرێکی دیکەم دەکردە دیاری.

ئایە دەبوو شاگەشکە بیگرێت لەبەر ئەوەی پێشتر (گوڵەکـە)ی (وێ)ی بـەدیاری بەکـەس پێشکەش نەکردووە؟ یان غەم دایبگرێت لەبەر ئەوەی گوڵی پێشکەش بە کەسانی دیکەی جگە لەم کردووە؟ ئایە بۆ هەر ئافرەتێك لەژیانیدا گوڵی تایبەت بە خۆیان هەیە؟

ئەم باخچەوانە کە ئافرەتەکان بەسەر جـۆرو ڕەگـەزی ڕووەکانـدا دابـەش دەکـات، ئـەمی مامۆستا پێویستی بەوەیە ئەلف و بێی گوڵەکان فێرببێـت. بـۆ ئـەوەی تێبگـات کـە بـە درێژایی ئەو مانگانە دەیویست چی پێ بڵێت.

بە گاڵتەوە گوتی:

ـ ڕەنگە پێویست بکات زمانی گوڵ فێربم پێش ئەوەی مشت و مڕت لەگەڵ بکەم.

بۆ ئەوەی قسەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ مەبەست زمان نییە، بەڵکو مەبەست ڕێکپۆشییە، نەك ڕێکپۆشییەکی زۆرتر لە گوڵێـك زۆر ناڵێت. ئێمە گوڵ پێشکەش ناکەین بۆ ئەوەی لەبری ئێمە قسان بکـات.. بـەڵکو بـۆ ئەوەی ئەو گومانە بپارێزێت کە دەمانەوێت بیڵێین.

ـ ئاکام دەتویست چی بڵێیت؟

ـ ئاکام؟ بەڵام هێشتە دەستمان پێ نەکردووە.. ئەو کاتەی دەگەینە ئاکام، هیچ شتێك نامێنێتەوە تا بیڵێین؟

واتای ئەوەیە هیچ شتێك نەماوە بە دیاری پێشکەشی بکەین. ئەمە بوو کە تێی گەیشت. ئەمە چ پیاوێکە؟ جوان نەبوو، بەڵکو پتر. لە بواری جوانیدا ڕۆشنبیر بوو. یان ڕەنگە جوان بێت وەك چۆن ئەڤینداران جوانن، وەك چۆن مامۆستایان جوانن لای فێرخوازەکانیان. وێ ئێستە مەکۆی تیشکی ئەوی بۆ دەردەکەوێت. وەك بڵێیت لە شوێنی فێرخوازەکانی دانیشتووەو گوێی بۆ شل کردووە وانەیەك لەبارەی بابەتێکەوە دەڵێتەوە کەس فێری نەکردووە: بابەتی ژیان.

هەستایە سەر پێ پەشۆکاوی خۆی بە پرسیارێك پەردەپۆش کرد:

ـ حەز دەکەیت شتێك بخۆیتەوە؟

بەڵام ئەویش هەستایە سەر پێ و بە داوای لێبوردنەوە گوتی:

ـ کەسانێك لەسەر خوانی ئێوارە چاوەڕێم دەکەن. هەندێك کاتم قۆستەوە بۆ ئەوەی سڵاوت لێ بکەم و هیچی دی.

بە سەرسوڕماوییەوە ڕاوەستا کاتێك بینی بەرەو دەرگەکە ڕۆیشت. لە پشتییەوە لەسەرخۆ ڕێی دەکرد وەك ئەوەی بیەوێت ماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوەو بڕوای نەکرد کە تەمەنی شادییەکەی تەواو بووبێت. دەنگی کپ بوو. نەیزانی کامیان پتر دڵیان هەژاند: هاتنی، یان ڕۆیشتنی. لە پشتی دەرگە داخراوەکەوە ڕاوەستا بەبێ دەنگی بەڕێی دەکرد. وەك گوڵێکی تۆلیب با شەرمەزاری کردبێت، سەری کەمێك داچەمایەوە. ئەویش چاودێری شکستەکانی ڕوحی دەکرد. بیری کەوتەوە کە لە میتۆلۆژیادا ئەو گوڵانە کیژۆڵە بوونەو سۆز کوشتوونی، بۆیە بووەنەت گوڵ. ئەم ئافرەتە لەڕەچەڵەکی جیوەیە، پێویستی بەوەیە بە ماچێك پشتیوانی لێ بکات.

ڕێی بە هەردوو لێوی دا ئەو شتانە هەڵلووشن کە ماوەیەکی دوورو درێژە بە هیوایان بوو. ماچێك بە چێژی تووتڕك. تێکەڵ بە چەند هەستێکی دڕندەیی بوو پاش چەند مانگێك ئارەزوو کردن. بە یەك ماچ دارو چیلکەی هەموو چاوەڕوانی گڕ تێبەردا. ساڵێکی ڕەبەق

تێپەڕی، بە دووری و نزیکی، بە هەڵچوون و داچوونییەوە، بۆ ئەوی بەم جۆرە ئاگرە بگات. کاتی لێکردنەوەو پچڕاندنی ئەم گوڵە ئاگرینە هاتووە.

هیچ وشەیەکی نەختستە سەر ئەو ماچە. دەرگەکەی کردەوەو چووە دەرەوە، پاش ئەوەی هەردوو باڵی (وێ)ی ڕادەستی ئاگر کرد.

لە ئاوێنەی ئەنساسێرەکەدا، سەیری ڕواڵەتی خۆی کرد، کاتێك لە دیمەنی خۆی دڵنیا بوو، بزەیەکی بۆ کرد. بە خۆی دەزانێت لەو سووتماکە پەپوولەیەك لەدایك دەبێت پاش ئێستە پێویستی بەوە دەبێت باڵ بگرێتەوە؟

ئاغای هاتنی دڵڕفێن و زوو چوون.. ڕۆیشت، بەڵام وێ هەر ڕاوەستابوو، پشتی بە دیواری چێژەوە دابوو، نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە.

لە ئەفسانەی (کیژە جوانە نووستووەکە)دا ماچێکی میری ئەو وڵاتە ئەو کیژە جوانە بێدار دەکاتەوە کە سەردەمێکی زۆرە نووستووە. ئەو ماچە سیحری ساحیرێکی شەڕەنگێز بەتاڵ دەکاتەوە کە سزای نووستنی هەتا هەتایی بەسەردا سەپاندبوو.

لە ئەفسانەی (وێ)دا، سیحر دەیگرێت لەوەتای ئەو پیاوە ڕێبوارە هەردوو لێوی خستە سەر لێوی وێ. دوو لێو چارەنووسی (وێ)یان دەست بەسەر کردو، لەژێر کاریگەری سڕبوونی ئەڤینداریدا لە بوورانەوەی چێژدا بەجێیان هێشت، وەك بڵێیت لە خەوی شیریندا بێت.

هەر پشتی بە دیوارەکەوە دابوو، نەیدەتوانی بیر بکاتەوە، یان بجووڵێتەوە، نەیدەویست لەو سیحرەی بێدار ببێتەوە.

ئەو ماچێکی پێشکەش نەکرد.. هەردوو لێوی پێ بەخشی، چونکە پێشتر دوو لێوی نەبوو!

(كاتێك ئافرەت شەرم دەكات، بۆنێكی جوان بڵاودەكاتەوە، بەر لووتی هەموو پیاوێك دەكەوێت).

هێزو پێگەیشتوویی پیاوێکی هەبوو، زیرەکانە خۆی دەوڵەمەند کردبوو. بەڵام لە بزنسمان نەدەچوو. لە ڕاستیدا ژیانی کردووەتە پیشە. هیچ کارێکی نییە تەنیا ژیان گوزەراندن نەبێت. دەتوانێت ماسی قورش بانگهێشتی خوانەکەی خۆی بکات، بێ ئەوەی لە ئارەزووی خوێن هەڵمژینیاندا بەشدارییان لەگەڵ بکات.

ئەو دۆلفینە ئاشتیخوازە لە ناو نەهەنگەکانی سامان و داراییدا بوو. شەڕەنگێزی و ئازاری خۆی بۆ ئەو ئافرەتە هەڵگرتووە کە بە خۆی مەبەستیەتی. لەبەر ئەوەی زۆر لەسەر ئەوە سوورە دەستی بەسەردا بگرێت، ئەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەناو خوێنیدا دەگەوزێنێتەوەو لەبەر ستەمی لە دەستدانی لەناو شەپۆلە تیژەکانی ژیاندا بەجێی دێڵێت خوێنی لەبەر بچێت.

بە خۆیشی نازانێت بۆچی وای بەسەر هەموو ئافرەتێك هێنا خۆشی ویست، یان وێ وایزانی ئەم خۆشی دەوێت. بە دەستی ناتوانایی سۆزدارییەوە دەیناڵاند کە نەیدەهێشت بە ڕاستی دڵی ڕادەستی ئافرەتێك بکات. ڕەنگە برینەکانی لە خیانەت کردنی یەکەمین ئافرەت لە ژیانیدا چاك نەبووبنەوە، ئەو ئافرەتەی وازی لەم هێنا بۆ ئەوەی مێرد بە یەکێکی دیکە بکات. بە درێژایی ژیانی گومان لە ڕاستگۆیی ئافرەتان دەکات و، وازیان لێ دەهێنێت نەوەك وازی لێ بهێنن. وەك شەهرەیار تۆڵەی تاوانێکیان لێ دەکاتەوە هیچ ئاگەیان لێ نەبووە.

ئەم کیژە کە پێش تۆزێك ماچی کردو ڕۆیشت شیوی ئێوارە بخوات..ئەگەرچی زۆری ئارەزوو لێیەو، لەو بڕوادایە لە کیژانی دیکە ناکات، بەو برسیەتییەوە وازی لێ دێنێت تا پێدەگات. جار ناجار ئاگرەکە کز دەکات و جار ناجاریش گڕی لێ هەڵدەستێنێت و، چاوەڕێ دەکات تا کاتی میوانداریەکەی دێت.

کاتێك شارەزای هونەری چێشت لێنان دەبیت، ئەو کات دەزانیت چۆن خوانی ژیانی خۆت ئامادە بکەیت و چۆن ئارەزووەکانت لێ بنێیت. چێژوەرگرتنت لە کاتی ئامادەکاری بۆ چێژ لێ وەرگرتن دەست پێ دەکات، لە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی خواردنەکانت و، ڕاخستنی خوانی چاوەڕوانیت.

پیشەی شتە خۆشەکانی سەر خوانی نانخواردنە، ئەگینە نەیدەتوانی ئەو زنجیرە ڕیستۆرانتە ناودارانەی لە سەرانسەری جیهاندا هەبێت.

ئەوەی ئێستە زۆرتر بە لاوەی گرنگ بێت، ئەو زەوییەیە کە پێش چەند مانگێك کڕیویەتی. سبەینێ لەگەڵ ئەندازیارەکەدا دەچێت بۆ ئەوەی لەو پرۆژە بکۆڵنەوە، کە ڕیستۆرانتێکی نایابی تێدا دروست بکەن بەسەر ئاوەوە بێت. ناتوانێت بچێتە بازاڕی کەنداو، تەنیا بە پرۆژەیەك نەبێت کە پێش ئەم کەس نەیکردبێت، نازانێت لە چ تەمەنێك و کەی ئەو خەونەی لەدایك بووە. ڕیستۆرانتێك قاچەکانی لەناو دەریادا بن و دیوارەکانی (ئەکواریۆم) بن ماسیگەل لە تابلۆگەلی ڕەنگاو ڕەنگی جواندا تێیدا مەلەوانی بکەن. هەرچی زەوییەکەیەتی ئەوە لە خەیاڵی خۆیدا دایناوە تەپۆڵکە لمی نزم بێت، پارچە سەدەفی جۆراوجۆری لەسەر پەرت و بڵاوکرابێتەوە، شووشەیەکی مەیلەو شینی بە ڕادەی نیو مەتر بەرزی بەسەرەوە بێت، هەر کەسێك بەسەریدا بڕوات، هەست بکات کە بەسەر دەریادا دەڕوات. مێزەکان بە دیزانی هاوچەرخانە دەبن، لە ڕەنگی دەریایی پلە پلە، کەم دەبن لێك دوور دادەنرێن. خۆشگوزەرانی و پایەبەرزیەتی ئەوە دەخوازێت!

بەلای ئەوەوە پرۆژەکان چوون خەون بە ڕەنگ و وردەکارییەکانیانەوە لەدایك دەبن، هەموو ئەوە کە پێویستیشی پێیە ئەندازیارێکە لە شێتایەتیدا هاوشێوەی ئەو بێت. هەندێك جاریش پتر لە ئەندازیارێك بۆ ئەوەی بە نۆرە خەونەکانی بەرجەستە بکەن. وەك ئەو خانووەی لە (کان) کڕیویەتی و پێداگیری لەسەر ئەوە کرد لەناو باخچەکەیدا تەپۆڵکەیەکی تاوێرینی تێدا دروست بکرێت تاڤگەیەکی دەستکردی لێوە بێتە خوارەوە، بە ژێر پردێکی دارینیدا تێپەڕێت. زۆر خولیای ئاوهەڵپژێنی ڕۆمانی و ئەندەلوسییە، چ قەد دیواری، یان بازنەیی بن. پێویستی بە جوانی و چێژی دیمەنەکەیان و خوڕەی ئاوەکەیانە، وەك سەمفۆنیایەکی گەردوونی، بۆ ئەوەی لە جیهانێکی پڕ لە هەراو زەنادا دڵنیایی خۆی دەستەبەر بکاتەوە.

کاتێك خەونەکانی شەرمەزاریان کرد لەو بڕوایەیدا کە هەموو ئەوانەی مرۆڤ خەونیان پێوە دەبینێت دەشێت جێبەجێ بکرێن. چونکە خەونەکانت بگەنە هەر شوێنێك، ئەوە پێیەکانت دەگەنە ئەو شوێنە.

هەموو ئەوەی لە ژیانیدا بەدی هێناون، پێشتر وەك خەون گوزەراندوونی. ئەو ڕۆژەی بەر لە سی ساڵ سەفەری بەرازیلی کرد، دەیزانی کە بە دەوڵەمەندی دەگەڕێتەوە لوبنان،

دەوڵەمەندتر لەو خزمانەی کە داوایان لێ کرد لە ناویاندا بمێنێتەوە، تا شەڕی ناوخۆ کپ دەبێتەوە. ئەوەی خەمی بۆ دەخوارد ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی زانکۆیدا وازی لە خوێندن هێنا. ڕۆژێك لە ڕۆژان نابێتە مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاری و، نەیش مامۆستای فەلسەفە..ئەو دوو بابەتەی کە زۆرتر حەزی لێ دەکردن، ڕەنگە ئەویش بە هۆی ئەو ژیانەوە بووبێت کە گوزەراندوویەتی، کە تێیدا جگە لە کتێب هیچ خێزانێکی نەبووە.

پاشان بەیرووت لە حەفتاکاندا خولیای ڕۆشنبیری و تیوریزم بووبوو. هەمووان هەر یەکەو بە شێوازی خۆی فەیلەسووف بوون، هەر پیشەیەکیان هەبووبێت، ئامادەبوون ببنە نووسەر، یان ڕۆژنامەنووس، یان شاعیر.. بە ڕادەی ئارەزووی ئەمڕۆی لە دەرچوواندنی ئەو هەموو پسپۆڕانەی بواری کاربەڕێوەبردن و کارمەندانی بانق و شارەزایانی کۆمپیووتەرو نەشتەرگەرانی جوانکاری.

جیهان گۆڕاوە تا ئەو ڕادەیەی ئەمڕۆ کەسێك نادۆزیتەوە لافی لووت بەرزی لێ بدات کە کوڕەکەی دەخوێنێت بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستای ئەدەب، یان جوگرافیا، یان مێژوو، یان فەلسەفە. چەندین کاری فەرمانبەری هەن لەبەردەم هەڕەشەی پاکتاوکردنی پیشەییدان و ڕەنگە ڕۆژێك بێت لەناو بچن، چونکە خەونەکانیان گیرفانیان نییە.

ئایە کۆچی دەکرد ئەگەر خەونەکەی بەدی هێنابایەو ببوایە بە مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاری؟ ئەی چ دەوڵەمەندییەك لە هاوەڵە گریکییەکانی لێ دەستەبەر دەکات دەوڵەمەندی هزری نەبێت، کە زۆری خەفەت خوارد ئەو ڕۆژەی ڕیستۆرانتێکی پلە نزمی لوبنانی لە ڕیۆ دی جانیرۆ پێ گۆڕینەوە؟

دواتر دەرکی بەوە کرد کە (ئەوەی بە لای تۆوە بە زیان دادەنرێت، ڕەنگە ئەو شتە بێت کە پاشتر دەبێتە بەرپرسیاری تەواوکردنی مەزنترین دەستکەوتەکانی ژیانت). بەخت یارمەتی داو ئەو پرۆژەیەی لە وڵاتێك دەست پێ کرد کە پتر لە پێنج ملیۆن بەرازیلی بە نژاد لوبنانی لێ دەژین.

لەو ڕیستۆرانتەدا ئەو خەونەی لەدایك بوو ڕیستۆرانتێکی خواردنی لوبنانی خێرا بکاتەوە. ببێتە پرۆژەی زنجیرە ڕیستۆرانتێکی هاوچەرخانە، لەسەر شێوازی ئەمەریکی، لە دەوروبەری گەڕەکە زانکۆییەکان بن. ژەمەکانیان تێدا بە ڕیکلام وێنەیان گیرابێت و

نرخەکانیان بە پێی شێوەکانیان دەستنیشان کرابێت. هەر هەمووی لە ڕیستۆرانتە لوبنانییەکە بێت، تەنانەت پارچە شیرینیمەنییەکان و، خۆشاوی جلەپ تێکەڵ بە سنۆبەر.

کاتێك پاش پێنج ساڵ سێیەمین ڕیستۆرانتی لەو گەڕەکە زانکۆیە کردەوە، لە سەردانێکیدا ئەو کیژە لوبنانییە جوانە سەرنجڕاکێشەی بینی هاتوچۆی ڕیستۆرانتەکەی دەکات. لە کۆلێژی ماف دەیخوێند و لە ڕاستیشدا خەونی بە شانۆوە دەبینی. کیژێکی پۆشتەو سەنگین بوو لە وڵاتی سامبا.. ئەوەیش شتێکی دەگمەنە.

پاش یەکەمین دیدار کە پێکەوەی کۆ کردنەوە، دەیزانی ئەو کچە وێڕای ئەوەی سەر بە خێزانێکی گەورەیە، دەبێتە هی ئەم و ناوی ئەم بە ناوی (وێ)وە دەنووسێت. بە هۆی ئەو شارەزاییەی لە بواری تۆڕە توندوتۆڵەکەیدا بەدەستی هێناوە، پێی گوت: (خۆشەویستییەکەمان یەکەمین پرسە کە دەبێت بە دەستی بهێنیت و تێیدا سەربکەویت.. هەلی بەرگری لەخۆکردنت پێ دەبەخشم بۆ ئەوەی ببیتە ئافرەتی ژیانم).

وەك بڵێیت ڕستەیەکی ئەفسووناوی گۆکردبێت. کیژەکە چوون سێوێك کاتی لێکردنەوەی نزیك بووبێتەوە کەوتە ناو دەستییەوە. بە ڕاستی دەبوو بە سووربوونەوە زۆر بەرگری لە پرۆژەی ژیانی بکات، چونکە وێ ئەم پیاوەی دەوێت. شتێکی هەیە سەرنجی ڕاکێشاوە، بە لایەوەیش گرنگ نییە ناودار نەبێت و سەر بە خێزانێکی گەورەیش نەبێت..نەیش خاوەنی (پیشە بەڕێزەکان) بێت کە باوکی پێداگیریی لەسەر دەکات. خێزانەکەی نە لە پارێزەرو نە لە نۆژدارو نە لە سیاسەتوانان بێ بەش نییە، خراپیش نییە خزمێکیان بۆ زیادبێت لە پیشەیەکی ئازاددا کاربکات و، ئەو بڕوانامانەی نەبێت کە نووسینگەو نۆڕینگەکانیان پێ دەڕازێننەوە.

باوکی بە هەموو توانای فریودەرانەی خۆی، پاشان بە هەڕەشە، دژی ئەم هاوسەرگیرییە ڕاوەستا، ئەویش لەو بڕوایەوە کە کیژێکی تەمەن بیستساڵانە شایستەی ئەوە نییە ئاییندەی خۆی هەڵبژێرێت.. جا لەبەر ئەوەی تەنیا کچە لە نێوان دوو برادا، ناشیەوێت بە درێژایی ژیانی دووچاری ئازارو ئەشکەنجە ببێتەوە، لەبەر ئەو هەڵەیەی وێ بە لاویەتی کردوویەتی. پاشان ناچار بوو مل بۆ ئارەزووی وێ کەچ بکات کاتێك بۆی دەرکەوت ئەو لاوەی زۆر زیرەك و هیواو ئاواتی زۆری هەیەو ئاکاری بەرزە، ئەوەی زۆرتریش دڵنیای

دەکرد، چونکە زۆرتر لەوە دەترسا لە وڵاتێکدا کە هەموو جۆرە ڕەگەزو نەتەوەیەکی تێدایە ڕۆژێك لە ڕۆژان کیژەکەی بگەڕێتەوەو پیاوێکی ئاوارەی مێژوو، یان جوگرافیا لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە.

هیچ ڕۆژێك ئەوەی لەبیر نەچووەوە کە وێ ئەمی هەڵبژارد بەر لەوەی ناوو ناوبانگیەتی پەیدا بکات. نەیش وێ لاویەتی خۆی و دوو کیژی لە جوانی خۆیدا پێ بەخشی. بە تەنگی ئەوەوە بوو هیچ ڕۆژێك ئازاری نەدات و نەیش قسەی ئەوتۆی لێ ببیسێت ئازاری پێ بگەیەنێت. بڕیاری دا ناوێك بۆ خۆی دروست بکات وێ لای کەس و کارەکانی لافی پێ لێ بدات. بەرەنگاربوونەوەکەی بردەوە، کاتێك پاش چوار ساڵ دوای هاوسەرگیری کردن لەگەڵیدا، سامانێکی زۆری بەسەردا داباری هەرگیز پێشبینی نەدەکرد.

لە دەروازەی خەونەکان پەڕییەوە، وەك بڵێیت لە خەوندا ڕێ بکات. پێویستی بەوە نەبوو لەناو کووپی قاوەدا سەیری بەختی خۆی بکات. قاوە بووبووە بەخت و دەروازەی سامانەکەی، لەوەتای خۆش بەختیی کارێکی وای کرد بایەخ بە بازرگانی قاوە بدات و، نرخی قاوە لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەرزبوونەوەیەکی مێژوویی بە خۆوە ببینێت، بەشێوەیەك لە ماوەی دوو ساڵدا، لەسەر ئەمپراتۆریەتێکی بازرگانی دانیشێت، وای لێهات زنجیرەیەك ڕیستۆرانت و بازرگانی قاوەو ئەو تەلارو زەوی و زارانە بگرێتەوە، کە سامانەکەی تێدا وەبەردەهێنا. ئەو کات بڕیاری دا خۆی لە بازاڕی خۆشگوزەرانیدا تاقی بکاتەوەو، دەست بە بەدیهێنانی ئەو پرۆژەیە بکات کە بەردەوام خەونی پێوە دەبینی: وەبەرهێنان لە جیهانێکی سەیرو دەگمەن و گەورە، کەس نایزانێت تەنیا ئەو کەسە نەبێت کە خەونەکانی ئاگەی خۆبەکەم زانین نازانن. لە ئێستە بە دواوە جگە لە جیاکاری هیچ شتێکی دیکەی بەلاوە پەسەند نابێت. خواپێداوی ئەوەیە لە هیچ شتێکدا لە ڕەش و ڕووتی وڵات نەکەیت، تەنانەت ئەگەر کارەکە پێوەندی بە ناردنی چەپکە گوڵیشەوە هەبوو!

❊❊❊

دەشیا بۆ ئافرەتێك شێت بووبایە، وێڕای ئەوەیش سەری خۆی بە سەر ئاوەوە بپاراستایە. پیاوێکی (وشکئاوی) خۆی ڕاهێنابوو بەرەنگاری ئارەزووەکان ببێتەوە. (شتێکی جوانە

پیاو خۆی بەرانبەر بە ئارەزووەکان ڕابگرێت، ئەمە لە ورەی بەرز دەکاتەوە (ئەمەی بە خۆی دەگوت!).

هەرچی (وێ)بوو، ئەویندارى نەکردبوو، بیریشی نایەت پیاوێك پێش ئەو ماچی کردبێت. بۆیە لەو چێژەدا نغرۆ بوو، بۆ چەند ڕۆژێکیش هەر لەژێر ئاودا هەناسەی دەدا!

گەڕایەوە شام بێ ئەوەی ژووری 423 بەجێ بهێڵێت. ئەوە داگیرکردنێکی ڕانەگەیەنراوە، لە لایەن پیاوێکەوە کە وردە وردە داگیری دەکرد، ئێستەیش وێ گیانەوەرێکی داگیرکراوە، مێیایەتی وێ وڕینە بەوەوە دەکات، ئارەزوی هیچ ناکات ئەوە نەبێت سەرلەنوێ بیبینێت و گوێی لێ بێت.

لەناکاو تەلەفۆنیش بوو بە جۆرێك لە جۆرەکای کۆیلایەتی و سووکایەتی پێ کردن. کاتێك کەس لەو سەرەوە وەڵام ناداتەوە، وەك بڵێیت تۆ کەس نەبیت، یان لەبەر ئەوەی ئەو بە شتی لە تۆ گرنگترەوە سەرقاڵە.

دوو جار بە مۆبایلەکەی پێوەندی پێوە کرد. تەلەفۆنەکە هەر زەنگی لێ دەدا، کاتێك وەڵامی نەدایەوە، بڕیاری دا چی دیکە تەلەفۆنی بۆ نەکاتەوە. بەڵام لە کاتی لێ دابڕانیدا لێی قەوارەی سووکایەتی پێ کردنەکەی دەپێوا، وەك بڵێیت ئامێرێکی ژماردنی لە ناخدا بێت.

پاش هەشت ڕۆژ. دروستتر پاش حەوت ڕۆژ و تاقێك. وردتر پاش 192 کاتژمێر، لەو کاتژمێری نۆی ئێوارەوە، کە لە ئۆتێلەکەدا سەری لێ دا، بەیانیانێك وەك مانگی جەژن ژمارەی تەلەفۆنەکەی لەسەر تەلەفۆنەکەی وێ دەرکەوت. خۆی لەبەردەم زەنگ لێدانەکەیدا ڕاگرت، هەڕەشەی کرد کە دەستی خۆی دەبڕێت کە بێ هێزی بنوێنێت و وەڵامی بداتەوە. بڕیاری دا شادومانی لەوەدا بێت کە شادبوونەکەی ئەو بە بیستی دەنگی ئەم تێك بدات. فەرمانی بە دڵی دا خۆی بە بەرزتر بزانێت، تۆڵەی شکۆمەندی هەردوو لێوی بکاتەوە.

چۆن بەو تامەزرۆییەوە ماچی کرد، پاشان ڕۆیشت بە لای کاری خۆیەوە وەك بڵێیت نە بای دیبێت و نە بۆران، وەك بڵێیت وێ ئەو شتەی بەو بەخشیبێت کە ڕاهاتووە بەپێی دەوڵەمەندی بە هی خۆی بزانێت؟ جارێکیان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر دەنگی (وێ)ی کڕی،

بەڵام ئیستە، بەو هەموو سامانەوە کە هەیەتی، یەك وشەی لێ ناکرێت. وێ توانای توندوتیژییەکی سۆزداریانەی هەیە کە ئەو هەرگیز پێشتر لە ئافرەتێکی نەیبینیبێت و، پێشبینی نەکردبێت.

نەك گریان، بەڵکو لووت بەرزی، لەم جۆرە هەڵوێستەی پێویستە، (وێ)یش بە تایبەتی لەم بوارەدا پێویستی بە ئامۆژگاری نییە. ئەگەرچی لە ئەویندا ریدا لە سەرەتادایە، بەڵام لە بەرەنگاربوونەوەدا کۆنە!

ئەو پێشبینی ئەمەی لێ نەدەکرد. خۆی بۆ جەنگێکی لەم جۆرەو، نەیش بۆ شکستی خواردنێکی پاش سەرکەوتن، ئامادە نەکردبوو. لەو بڕوایەدا بوو کە کاری خۆی لەگەڵ ئەم کیژەدا یەکلا کردووەتەوەو، هەموو گێمەکانی بەیەك ماچ بردووەتەوە. ئەو نازانێت بۆچی لەو هەموو سامانەی ئەو یاخی بووەو، ڕێز لەو سەرکێشییەی ناگرێت کە لەژوورەکەی خۆی سەری لێ داوەو، هەندێك کاتی قۆستووەتەوە بۆ ئەوەی جار نا جار تەلەفۆنی لەگەڵ بکات.

لە کاتێکدا وێ چی دیکە بیرۆکەی ئەوەی لا پەسەند نییە ئەم پیاوە بە ئارەزووی خۆی یاری پێ بکات و، بە خۆشەویستن و بایەخ پێدان نازی بەسەردا بکات، تەنیا ئەو کاتەی کە کاتی ڕێی پێ دەدات.

لەوەتای بڕیاری داوە وەڵامی تەلەفۆنەکانی نەداتەوە، گەڕایەوە دۆخی جاران، ڕاستتر، ئێش و ئازارەکانی سووك بوونەوە، لەو ساتەوە کە داوای کردو ئەمیش دەستی درێژ نەکرد بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، لەو کاتەوە ژمێرەرەکە بۆ بەرژەوەندی وێ کاردەکات و چی دیکە ڕۆژان و کاتژمێران ناژمێرێت و بیر لەوە دەکاتەوە چی بکات بۆ ئەوەی چی دیکە بیری بەوەوە سەرقاڵ نەبێت. وێ ئێش و ژانی پرسیارەکانی بۆ ئەو بەجێ هێشت.

ڕۆژێکیان شتێکی خوێندبووەوە کە ئەگەر کار بکەیت دڵت ئاسوودە دەبێت، شادومانیش ئەوەیە کە ئەوەند سەرقاڵ بێت تا ڕادەیەك بیر لەوە نەکەیتەوە کە بەدبەختیت، بۆیە قۆڵی لێ هەڵماڵی و دەستی بە ئیش کردن کرد.

بڕیاری دا ناوی خۆی لە (کۆنسیرڤاتۆر) تۆماربکات بۆ ئەوەی بنەماکانی گۆرانی چڕین فێر ببێت، ئارەزوویەکی دیکەی نهێنیشی هەبوو، عوود ژەندن فێربێت، بۆ ئەوەی ئەو عوودە

بژەنێت کە باوکی بۆی بەجێ هێشتووە، کە تەنیا شتە ڕزگاری بکات کاتێك جەزایری بەجێ هێشت. بەبێ باوکی عوودەکە بووبووە برای.. کەواتە بۆ کێی بەجێ بهێڵێت؟ بۆ مامی کە بە ئامێرێکی ئیبلیسانەی دەزانێت کە ڕەنگە بیشکێنێت بۆ ئەوەی خێری بگاتێ؟ ئەو عوودەی بە گرانبەهاترین شت دەزانی کە باوکی بۆی بەجێ هێشتووە، کە هیچ ڕۆژێك سامان و پارەو پوولی نەبووە. وەك هەموو ئەڤینداارانی ژیان، (قەدەری) بوو، وەك هەموو ئەوانەی خۆشی دەخەنە دڵی خەڵکەوە، هیچ پارەو پوولێکی لە پاش خۆی بەجێ نەهێشت، تەمەنی خۆی بە گۆرانی چڕین بەسەر بردو بیری چووەوە خۆی دەوڵەمەند بکات. بۆ یەکەمین جار ئەو عوودەی لەو شوێنە دەرهێنا کە شاردبوویەوە، تا بەردەوام بە بەرچاوی دایکییەوە نەبێت و، تا بێت غەمی زیاتر بێت. بردی بۆ فیراس کە برادەرێکیەتی عوود دەژەنێت، کە دەتوانێت لای پیشەکارێکی دانێت تا ئەو شوێنانەی چاك بکاتەوە کە گوللەکە زیانی پێ گەیاندوون.

فیراس دڵنیای کردەوە کە دەشێت عوودەکە چاك بکرێتەوە پاش ئەوەی بە جوانی لێی وردبووەوە، لای سەیر بوو کە پاش سی ساڵ بە برینداری بۆ وڵاتەکەی خۆی گەڕاوەتەوە، بۆ ئەوەی لە برینی ئەو گوللە چاك ببێتەوە لەکاتی ئاوارەبوونیدا سنگی کون کردبوو. خستییە ناو بەرگەکەی خۆی و لێی پرسی:

ـ ئەوە چۆن ڕووی دا؟

کێ جگە لە میوزیکژەن دەتوانێت ئەو سەرگوزەشتەیە بگێڕێتەوە.

بەسەرهاتی باوکی کە ئێوارەیەك مرد، لە شاییەك دەگەڕایەوە گۆرانی تێدا چڕیبوو. گرووپێکی مەرگ سنوورێکی بۆ دەنگی داناو کۆتایی پێ هێنا. دوایەمین میوزیك کە گوێی لێ بوو میوزیکی گوللە بوو. لەگەڵ یەکێك لە میوزیکژەنەکاندا خەریك بوون سواری ئۆتۆمبیلەکە بن. هەردووکیان بەسەر ئامێرە میوزیکییەکەیاندا بەربوونەوە.

کاتێك تەرمەکەیان لەگەڵ عوودەکەدا هێنایەوە، سوپاسی خوام کرد کە عوودەکەیان لەبیرنەچووبوو، یان یەکێك نەیدزیبوو. وێڕای ئەو کارەساتەو ئەو هەموو خەڵکەی ڕوویان کردە ماڵیان، بیری لەوە کردەوە عوودەکە بشارێتەوە. ڕەنگە یەکێکیان بێتەوەو

بیشکێنێت، یان دیسانەوە گوللەڕێژی بکات، چونکە ڕەنگە یەك گوللە بەش نەکات و پێویستە یەك دەمانچەی تەواو لەو ئامێرە ئیبلیسیاندا بەتاڵ بکرێت.
عوودەکە لەگەڵ خاوەنەکەیدا نیوە بە نیوە گوللەکەیان بەرکەوتبوو، وەك چۆن ئەسپ لەشەڕدا لەگەڵ خاوەنەکەیدا گوللەی بەر دەکەوێت. وەك چۆن ئەسپێکی بریندار دەگەڕێتەوەو تەرمی خاوەنەکەی بەکۆڵەوەیە، عوودەکەیش گەڕایەوە ماڵەوە، مەرگی ئەو کەسەی ڕاگەیاند کە بەدرێژایی سی ساڵ یاوەری بوو، هەر لەڕۆژگاری حەلەبەوە، ئەو ڕۆژگارەی باوکی بۆ خوێندنی میوزیك ڕووی کردە سووریا، یەکەمین عوود بوو کە بە مانگانە کڕی لەبەر ئەوەی گەورەو بەنرخ بوو.
ڕەنگە باوکی خۆی بەر عوودەکە دابێت، یان عوودەکە کۆشابێت خۆی بکاتە قوربانی و سنگی بداتە بەر گوللەکان، بەڵام بە سنگە دارینەکەی نەیتوانی جگە لە یەك گوللە پتر لەبری ئەو گل بداتەوەو، دوو گوللە بەر سەری کەوتن و بەربووەوەو بەسەر عوودەکەدا کەوت.
باوکی دوژمندار نەبوو.کەس هەڕەشەی لێ نەکردبوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ کەس دەمەقاڵێی نەکردبوو. بەڵام مەرگ لەدەوروبەری دەمەقاڵەی بوو. ئایە لەبەر ئەوە تیرۆر کرا چونکە پێش چەند ڕۆژێك لە شایی کوڕی فەرمانبەرێکدا گۆرانی چڕیبوو؟ یان لەلایەن گرووپێکەوە بەرنامە بۆ مردنی داڕێژرابوو کە لە ڕەفتارو وردەکاری هات و چۆو کاتی گەڕانەوەی ئاگەدارن.
دەکرا مردنەکە لەبەر هەر هۆیەك بێت، دەشێت پیاوکوژەکە هەر ڕوخسارێکی هەبێت. چونکە هەموو گومان لە هەموو دەکەن. هەموو خوێنێکیش حەڵاڵ کراوە، تەنانەت خوێنی خزم و کەسوکارو دراوسێکانیش، مادامەکی بکوژ لەو بڕوادایە کە بە دەستی خواوەند خەڵك دەکوژێت نەك بە دەستی خۆی.
دایکی گومانی لە دراوسێکەیان دەکرد، گەنجێکی تەمەن لە کۆتایی سییەکاندایەو بێ کارە، یان ڕەنگە بە تایبەتی بۆ خۆی کاربکات، کابرایەکی ئازاد بە دەوامێکی تەواوەوە، پاڵ بە دیوارەکەی بەرانبەرەوە دەدات. ئەویش وەك هەندێك، کە بە هەر هۆیەکەوە بووە، بە کوشتنی کەسانی دیکە، کات دەکوژن. وردە وردە ڕەفتارەکانی گۆڕا، ئەو بێ دەنگییە

گومان لێکراوەی ئاماژەیەکە دەبێت مرۆڤ لێی وریا بێت. گەنجێك کە تازە ژنی خواستووە، بە درێژایی ڕۆژگار لەناو شەقام چی دەکات؟ ڕاستە لای کەسوکارەکەی نیشتەجێیە، بەلاّم ..ئایە نە شەوو نە ڕۆژی نییە؟ پاشان ژنەکەی لەگەڵ دایکیدا نەهاتبووە پرسەکەوە. دایکی پاساوی ئەوی دەهێنایەوە کە بە هۆی سك پڕییەکەیەوە نەیتوانی بێتە پرسەکەوە. ڕەنگە دایکی لە ڕوانگەی ئەوەوە ئامادەبووبێت کە هەستی بە خەفەتێکی ڕاستگۆیانەی زۆر کردبێت و، پێشبینی ئەوەیش ناکات کە بکوژەکە کوڕەکەی وێ بێت، بەلاّم دەستەلاّتی خۆی بەرانبەر بە ژنەکەی بەکارهێنا کە ڕووپۆش بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی نەچێت سەرەخۆشی لە مردنی گۆرانیبێژێك بکات پڕوپاگەندە بۆ (کالاّی ئیبلیس) دەکات. پاشان چۆن بوو ئەم لاوە کوڕەکەی ڕادەگرت بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە شەقامدا قسەی لەگەڵ بکات، بەر لەوەی عەلا بچێتە ڕیزی تیرۆریستەکانەوە، بە ئەرکی خۆی نەدەزانی سەلاّوی لێ بکات کاتێك بە شەقامەکەدا بە تەنیشتییەوە تێدەپەڕی، کە وێ لە تەمەنی دایکیدایە، بەڵکو خۆی لێ دەدزییەوە وەك بڵێیت دارێکی گلاّو بێت؟

بکوژەکە لای دایکی ناوێکی هەبوو، بەلاّم تەنیا دڵی بەڵگەکانی لایە، چونکە دڵی، لەبەر هەستێکی تەمومژاوی، ناتوانێت عەممار ببینێت. پاشان لەناکاوێکدا عەممار پاش چەند ڕۆژێك دوای کوژرانی باوکی بزربوو، دایکیشی نەیوێرا لەو بارەوە پرسیار لەدایکی بکات. بۆ کوێ چووەو بزربووە؟ ئایە ڕفێنراوە؟ کوژراوە؟ یان چەکدارەو لە ڕیزی سوپای تاوانکارەکاندایە؟ کەس ناپرسێت بۆچی لاوەکان لەپڕ بزردەبن. تەنیا کاتێك دەمرن خەڵك بەوە دەزانن.

پاش ساڵێك، عەممار لە چیا بە پلەی (ئەمیر) گەڕایەوە، تاوانەکانی بۆ پلەی (میری کەتیبە)ی بەرزکردبووەوە. لەگەڵ تۆبەکارەکاندا گەڕایەوە، بە هۆی یاسای لێبوردنی گشتی، دەستی لە هەموو تاوانەکانی پاکژ کرابووەوە. بەلاّم کێ دڵی دایکی پاکژ دەکاتەوە کە خوێنی لێ دەچۆڕێت؟ چ یاسایەك بێوەژن بوون و کۆسەکەی لە بیر دەباتەوە؟ ئەی چی دەڵێیت ئەگەر عەممار دەستی لە کوژرانی عەلاشدا هەبێت، وەك چۆن دەستی لەوەدا هەبوو کە چووە ڕیزی تیرۆریستەکانەوە؟ ئەگەر دەستی بکوژەکان نەبێت، ئەوە چاوساغیانە.

ڕەنگە ئەوەی بۆ (فیراس)ی گێڕایەوە، کە ناخی خۆی بۆ هەڵڕشت، برادەرێکی بۆ پەیدا کرد لە ناوەندێکدا کە برادەری تێدا نەبوو. تەلەفۆنی بۆ دەکردو جار ناجاریش بە دیداری دەگەیشت، لەوەتای سۆزداری خۆی بۆ کارەساتەکەی وێ دەربڕی. چەند خەسڵەتێکی پیاوانەی هەیە وێ شەیدایان دەبێت، هەروەها خەڵکی حەلەبە، کە شاری خالۆکانیەتی، شادومانە کە لەگەڵیدایە لە کەناری ئەو هەستە جوانانەی کە هیچ ناوێکیان نییە، لەوانەیش ئەو عەلای بیردەخاتەوە.

فیراس پێشنیازی کرد کە هەڵیسەنگێنێت و بزانێت تا چ ڕادەیەك ئامادەیی میوزیك ژەندنی هەیەو، سەرەتا چاودێری بکات، پاشان بۆ لای برادەرێکی خۆی دەنێرێت کە لەو بڕوادایە بۆ ئەرکێکی لەم جۆرە لەم باشتربێت. بۆی دەرکەوت کە فیراس حەز دەکات زۆرتر ببینێت.

گوتی:

ـ ئەگەر بتەوێت دەتوانم یارمەتیت بدەم، بەڵام ئەوە پێویست دەکات هەفتەی دوو جار یەکدی ببینین، تۆ پێویستت بە سووربوون و بیندرێژی هەیە، چونکە میوزیکژەندن ئەوەند ئاسان نییە ئەگەر بە منداڵی دەستی پێ نەکرێت، بەڵام ئەگەر بە ڕاستیت بێت، ئەوە سەردەکەویت، لەبەر ئەوەی پێوەندیی سۆزداریت بەم عوودەوە وای لێ دەکات بە دەستتەوە ببێتە ئامێرێکی ئەفسووناوی.. ئەمە ئامێرێکە لە تۆ دەچێت.

بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

ـ لە من دەچێت؟ چۆن؟

وەڵامی دایەوە:

ـ دەگێڕنەوە کە لە عوودیان پرسی ئایە ئامێری لەو جوانترو کاریگەرتر لەسەر دڵ هەیە، ئەویش بە لەخۆبایی بوونەوە وەڵامی دایەوەو سەری بەرەو پشت چەماندەوەو گوتی: (نا).

لەو ڕۆژەوە بە لەخۆبایی بوونەوە سەری بەرەو پشت چەماوەتەوە.

پێکەنی . پێداهەڵدان و خۆشویستنە شاراوەکەی خۆش ویست.

به شــادومانییەوە بــەجێی هێشــت. بــەر لــەو دیــدارە، لــە عوودێــك دەچــوو ژێیــەكانی نەبەسترابن، كێشەكانی ڕێك نەخرابن. وەك بڵێیت فیراس ورەی بەر هێنایەوەو یارمەتی دا سەری هەر بە بەرزی بڵندتربێت.

***

ئەوەند سەری قاڵ بوو ئاگەی لەوە نەمابوو كــە تەلــەفۆنی بــۆ ناكــات. دوو جــار ویســتی پێوەندی پێوە بكات، بەڵام وێ وەڵامی نەدایەوە. وای زانی تەلەفۆنەەی لەسەر بێ دەنگــی داناوە، پێشبینی كرد كە جارێكی دیكە وێ تەلەفۆنی بۆ بكاتەوە، بەڵام وێ تەلەفۆنی بــۆ نەكرد، كاتێك بێ دەنگیی وێ نزیكەی مانگێكی خایاند، دەستی بە گومان كردن كرد. تۆ بڵێیت بە ئەنقەست وای كردبێت ماوەی چاوەڕوانی درێژتر بكاتەوە؟ ڕێی تێدەچێت بوێرێت شتێكی لەو جۆرە بكات؟ ئەوێك كە لە هەموو لایەكەوە تەلەفۆنی بۆ دەكرێت؟

ئاشكرایە، كە وەڵام نەدانەوە یەكێكە لە خەسڵەتەكانی ئەو، هەروەها خۆبزركردن بۆ چەند ڕۆژێك و، پاشان گەڕانەوە بەبێ پێشكەش كردنی پاساو، یان لێبوردنێك، یارییەكــە بــاش دەیزانێت. بەڵكو بووەتە خوویەك و بە پێی ســەرقاڵییەكانی وەك میزاجێــك خــووی پێــوە گرتووە. ئەو پێویستی بە ماوەیەك حەز لێ كردن هەیە، پێویستی بە پاشەكشە هەیــە لــە لە پێناوی ئەو ئارەزووەی تەنگی پێ هەڵچنیوە لە هەڵچوون و داچــوون و بەیەكگەیشــتن و لێكدابڕاندا. بەڵام كێ بەردەوام لە هاتن و چــووندا دەستپێشــخەر بــوو، ڕوویشــی نــەداوە ئافرەتێك ئەمی ڕەوانەی لای تەلەفۆنێك كردبێت كەس بەكاری نەهێنێت؟

ویستی وردەكارییەكانی دوایەمین دیداری نێوانیان بیری خۆی بخاتەوە، بــۆ ئــەوەی بەشــكو هۆكارێك بۆ گلەییەكانی بدزێتەوە. تۆ بڵێیت پەشیمانییەكی درەنگ وەخت بێت بەرانبــەر بەو ماچەی. دەزانێت كە دوو لێوی تاوانكاری هەیە، دەتوانن بە یەك ماچ ئافرەتێك تیرۆر بكەن، بەڵام هەروەها تیرۆریان دەكرد ئەگەر ماچیشی نەكردبایە!

ڕەنگە نەخۆش بێت.

بیری لەم ئەگەرە كردەوە. لە ڕاستیدا بایەخی بە پاساوێكی شــكۆمەندانە دەدا بــۆ ئــەوەی پێوەنــدی پێــوە بكــات، پــتر لــەوەی بایــەخ بــە تەندروســتیی وێ بــدات. ئــەوەیش سەراسیمەبوونە.

مایکرۆفۆنەکەی هەڵگرت و ژمارەکەی (وێ)ی لێدا. بڕوای نەکرد چەند بە خێرا وەڵامی دایەوە. بەڵام دوای دوو وشە بۆی دەرکەوت لەگەڵ دەنگێکی دیکەدا قسە دەکات:

ـ هەلەو .. بەڵێ ..ئەم کاتەت باش.

ئەمە نە شێوەی قسەکردنی ئەو، نە دەنگی ئەو نییەو ئەویش خۆی بۆ ڕووداوێکی کوت و پڕی لەو شێوە ئامادە نەکردووە.

ـ تکایە دەتوانم لەگەڵ هالە قسە بکەم؟

ـ هالە سەفەری کردووە، پێی بڵێم کێ تەلەفۆنی بۆ کرد؟

پرسیارەکە کوت و پڕی هەواڵی لە ماڵ نەبوونەکەی بیر بردەوە. بەڵام بەردەوام لە ڕووداوی لەم جۆرەدا فێڵی گونجاو دەدۆزێتەوە.

ـ من ڕۆژنامەنوسم لە تەلەڤزیۆنی SBC کاردەکەم ویستم سەبارەت بە دیدارێکی تەلەڤزیۆنی قسەی لەگەڵ بکەم..

ناوی کیژێکی بیانی پێ دا بۆ ئەوەی خۆی لە پرسیارو وەڵام قوتار بکات، نەیزانی ئەو ڕێگەچارەیە سوودی پێ دەگەیەنێت.

ـ وێ ئەوە سێ ڕۆژە لە فەرەنسایە. دەتوانیت دیسان تەلەفۆنی بۆ بکەیتەوە.

ـ ببوورە، پێویستم بەوەیە بە زووترین کات ڕەزامەندی لەسەر ئەو دیدارەی لێ وەربگرم. نازانیت کەی دەگەڕێتەوە؟

ـ تا نزیکەی دە ڕۆژ ناگەڕێتەوە، لەگەڵ پلکی ڕۆیشتووە لە پاریس نەشتەرگەری ئەنجام دەدات.

بە سەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە:

ـ پاریس؟

وەڵامی دایەوە:

کەس نەیدەتوانی لەگەڵ پلکی بڕوات. تەنیا وێ ڤیزەی فەرەنسای هەبوو.

ـ ئەی ناکرێت پێوەندی پێوە بکرێت؟

ـ تەنیا ژمارەی تەلەفۆنی ئۆتێلەکەیم هەیە.

ـ قەیدی نییە، تکایە ژمارەکەم بدەیە. خۆم تەلەفۆنی بۆ دەکەم تا کات بە فیڕۆ نەچێت.

مایکرۆفۆنەکەی داخست و لەبەر خۆیەوە پێکەنی، لەکاتێکدا ڕۆژژمێرەکەی خستەوە گیرفانی و ژمارەی تەلەفۆن و ژمارەی ژوورەکەی تێدا تۆمار کرابوو.
کەس لە ئافرەتان ساویلکەتر نییە. ئافرەتێکی گێل بەر لەوەی لەسەر کورسی کارەبایی بۆ ددان پێدانان دابنیێت، لە خۆیەوە ئەوەندەت زانیاری پێ دەبەخشێت زۆرتر لەوەی پێشبینی بکەیت. یەکێکی دیکەیش لەو بڕوادایە، کە لەو شوێنەیە، لەوە دوورترە ئەم دەستی پێ بگات. لە ڕاستیدا، پێشبینی نەدەکرد کە ئەو بچووکە سەیرە توانای لێ دوور کەوتنەی هەبێت، بیری لەوەیش نەدەکردەوە بتوانێت بکەوێتە ناو داوی ئەو ڕێگەیەوە کە دەکەوێتە نێوانیانەوە.
ئەو ڕێگەیە؟ سبەینێ تێکی دەشکێنێت.
پەیتا پەیتا قلیانەکەی پڕ دەکردو بزەی دەهاتێ. زۆران گرتنی لەگەڵ ئەو کیژەدا پێ خۆشە. با وابێت، یاری بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ درێژە پێ دەدات.
ئێوارەی ڕۆژی دواتر، تەلەفۆنی ژوورەکەی لە ئۆتێڵ لێی دا. شەکەت و برسی بوو. مێزە بچووکەکەی بەجێ هێشت کە ئەو خواردنەی لەسەر دەخوارد لەگەڵ خۆی بۆ شیوی ئێوارەی هێنابوو، مایکرۆفۆنەکەی هەڵگرت لەکاتێکدا هێشتە قەپی لەو خواردنە دەگرت کە بە دەستیەوە بوو. پەلەی نەبوو چونکە چاوەڕێ نەبوو کەس تەلەفۆنی بۆ بکات. پێش تاوێك پلکی نەخۆشخانەی بەجێ هێشتووەو تا دێت تەندروستی باشتر دەبێت. لە ڕێگەیش ڕاوەستا تا لە کوشکێکی تەلەفۆنەوە قسە لەگەڵ دایکی بکات وەك چۆن ڕاهاتووە هەموو ڕۆژێك تەلەفۆنی بۆ دەکات. شتێکی ئاشکرا بوو کە پێشبینی نەدەکرد لەو کاتەدا لە تەلەفۆنی ئۆتێلەکەوە ..گوێی لەو دەنگە بێت!
ـ چۆنیت؟
لەبەر ڕووداوەکە ئەوەندە کوت و پڕ بوو خەریك بوو تیکەکەی قوڕگی بیخنکێنێت. بۆ چەند چرکەیەك دەنگی نووسا و، لە ئەژمەتی شۆکەکەدا لە پایینی نوێنەکەوە ڕۆنیشت، بڕوای نەدەکرد کە پاش یەك مانگ دابڕان جارێکی دیکە گوێی لە دەنگی بێت.
ـ بەبێ من کاتێکی خۆش لە پاریس بەسەر دەبەیت؟

هیچ وەڵامێکی بۆ دەستەبەر نەبوو. بەو ئارەزووی بەرەنگاربوونەوەیەی تێیدا مابوو وەڵامی دایەوە:
ـ شتێکی ئاشکرایە..
ـ هیواخوازم.
ـ هەرچی منم بڕوام بە هیواخوازییەکانت نییە. پێشتریش هەمان ئەم هیواخوازییەت لەگەڵ چەپکێك تۆلیبدا بۆ ناردم، کاتێك یەکەمین جار سەرم لە پاریس دا، بۆ ئەوەی مانەوەکەم لێ تێك بدەیت.
بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە:
ـ مەبەستت ئەو ڕۆژەیە یەکەمین ژوانت لەگەڵم بەجێ نەگەیاند.
ـ ئەگەر ئارزووت لێ بێت.. بەڵام پێم ناڵێیت چۆن ژمارەی تەلەفۆنەکەمت دەست کەوت؟
ـ بەردەوام چیم ویستبێت دەستم کەوتووە.
ـ ڕاستە.. تەنیا لەخۆبایی بوونت کەمە.
ـ بەڵکو ڕوو دەدات بێ فێزبم.
مەبەستت بێ فیزی وەك باڵاترین پلەی لەخۆبایی بوون.
پێکەنی:
ـ نەشێت لەبەر بێ فێزیم لێم دابڕابیت؟
ـ لەبەر چەندین هۆی دیکەیش.
ـ هیوادارم لە تۆوە بیانزانم کاتێك بەیەك دەگەین.
ـ بەیەك بگەین؟ بە ڕاستی تۆ گاڵتە دەکەیت.. ئێمە بە دوای هەمان ئەو شتەدا ناگەڕێین!
ـ کێ چوزانێت؟
ـ تۆ پیاوێکیت ئەرکێکی زۆرت لەسەرە، بەردەوام سەرت قاڵە، کاتت نییە ئەڤینداری بکەیت. ئێوارەی بێزاری تەلەفۆنم بۆ دەکەیت و، دەخوازیت چەندەم تەمەن ماوە چاوەڕێت بکەم!
ـ ئەم جارەیان پتر لە ڕۆژێك چاوەڕێم ناکەیت. سبەینی دێمە پاریس و لەگەڵ خۆم دەتبەمە ڕیستۆرانتێکی جوان.

بیرۆکەی هاتنی تۆقاندی، چونکە وێ هەرگیز خۆی بۆ ئەوە ئامادە نەکردووە، جلی ئەوتۆی لەگەڵ خۆی نەهێناوە شایەنی دیدار لەگەڵ ئەودا بێت، نەیش دەیەوێت ئەو ئۆتێلە هەژارانە ببینێت کە لێی نیشتەجێیە. پاشان تەنیا ڕۆژێك بەشی ناکات بۆ ئەوەی خۆی بۆ ڕووداوێکی لەو جۆرە ئامادە بکات. دەبێت بچێت سالۆنی قژ چاك کردن و، نینۆکەکانی بۆیە بکات و (جلی پەرستیار) فڕێ بدات کە بۆ ماوەی هەفتەیەك لەبەری کردبوو. ئەم جار بچێت ئەو شتانە بکڕێت کە شایەنی دیدارەکەی ئەو بن.

بڕیاری دا خۆی لەو تێکەوتنە قوتار بکات بە درێژەدانی هەنگاوەکان بە پێچەوانەی ئەوەی دڵی ئارەزووی دەکات:

ـ پێم وایە هاتنت لەم ڕۆژانەدا گونجاو نییە، هەرچۆنێکیش بێت من ناتوانم بتبینم. من شەوان زوو دەنووم چونکە هەموو ڕۆژێك ڕۆژگارێکی دوورو درێژ چاوەڕێم دەکات.

بە گاڵتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئافرەتێك شەوی نەبێت .. چۆن ڕۆژی دەبێت؟!

ـ کێ پێی گوتوویت کە ڕۆژم هەیە؟

ـ کەواتە با شەوت هەبێت .. خۆشەویستەکەم تۆ لە (پاریس)یت.

ـ من لەناو نوێنم کەی لە پاریسم. ئەوەندە شەکەتم هیچ ئارەزوویەکم نییە تەنیا نووستن نەبێت.. وەك هاتبم بۆ ئەوەی نوێن و قەرەوێڵە بگۆڕم نەك شار!

ـ مەڵێ کە تۆ یەکسەر دەنوویت.. ئێستە لای تۆ کاتژمێر چەندە؟

ـ هەشت و نیوە .. ئێمە یەك کاتژمێر پێش بەیرووتین. هەندێك مایەوە وەك بیەوێت لە کاتژمێرەکەی ورد بێتەوە پاشان گوتی:

ـ کاتژمێرەکەی منیش هەشت و نیوە.. شتێکی سەیرە.

بە سەرسوڕمانەو وەڵامی دایەوە:

ـ تۆ بڵێیت کات گۆڕابێت؟ چوزانم، لەوتای هاتووم پێوەندیم لەگەڵ کاتدا پچڕاوە وەك بڵێیت یەك سەدەیە لێرەم.

قسەی لەگەڵ دەکرد کاتێك لە دەرگەی ژوورەکەی درا. نەیدەویست کەس ئەم ساتی شادومانییەی لێ بپچڕێنێت. ترسا تەلەفۆنەکەی کۆتایی پێ بهێنێت و، بۆ چەندین

هەفتەی دیکە لێی بزر ببێت. هیچ شتێکی لەبەردەمدا نەمایەوە ئەوە نەبێت داوای لێبوردنی لێ بکات تا تەلەفۆنەکە دانەخات. بە گاڵتەوە گوتی:

ـ هیچ خزمەتگوزارییەکم داوا نەکردووە.. تۆ بڵێیت بۆ نموونە گوڵت بۆ ڕەوانە کردبم؟

بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ نا.. ئەم جارەیان نا!

ـ دایمەخە، تەنیا یەك خولەکم بدەیە دەرگەکە بکەمەوە.

وەڵامی دایەوە:

ـ گرنگ نییە .. چاوەڕێ دەکەم.

هێڵەکەی نەپچڕی. بەڵام هەناسەی پێ پچڕی.. خەریك بوو ببوورێتەوە کاتێك بەرانبەر بە خۆی بینی. مۆبایلەکەی داخست و خستییەوە گیرفانی. پاشان سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردو لە کاتێکدا لێی ورد دەبووەوە گوتی:

ـ ڕووی نەداوە ئەوەندە قسەت ڕاست بێت.. هەشت و سی و یەك خولەکە!

وێ لە کاتژمێرەکەی ورد نەبووەوە. هەموو شتێکی وێ پژمی.. هەموو شتێکی ئەو بەزەی هاتێ بیری چووەوە سەیری بکات، بە دەستی، یان لێوی، یان بە نیگاکانی، سڵاوی لێ بکات. هیچی نەدەبینی تەنیا ئەوەی پشتەوەی نەبێت کە ئەویش ژوورە هەژارانەکەی بوو. خوایە چۆن بەم دیمەنەوە دەرگەی بۆ کردەوە. خۆزگە لێوەکانی تۆزێك سوور دەکرد. کەمێك ماسارای لە بژانگەکانی دەدا. ئەگەر بە لایەنی کەمەوە تۆزێك قژی شانە دەکرد.. یان کراسێکی جوانی ناو ماڵی دەپۆشی شایەنی پێشوازی لێ کردنی پیاوێك بووایە.

پیاو! نەفرەت لەو پیاوەی کە هەیە.. چی هێنای تەنانەت تا ناو ژوورەکەی؟

ژوورەکەی! خوایە.. ئەوەتە ئێستە سەیری هەموو شتێك دەکات، هەموو شتێك لە پشتییەوە هەژارانەو ناشیرینن، لەو پشێوییەو پاشماوەی ئەو شیوە هەژارانەی ئێوارەی سەر مێزەکە دەڕوانێت.

ئایە ڕێی بدات بێتە ژوورەوە؟ لای دەرگەکەی بهێڵێتەوە؟ دەریبکات؟ ئایە لێی بپرسێت بە چ مافێك؟ بە چ دەنگێك شتێك لەمانە بڵێت، لە کاتێکدا لەوەتای لەبەردەمیدا وشك بوو، دەنگی کپ بووە.

کوا ئەو ماسکانەی کە دەڵێن لەناو فڕۆکەکاندا ئۆتۆماتیکیانە بەر دبنەوە کاتێك ئۆکسجین کەم دەبێتەوە؟ بۆچی ئێستە یەکێکیان بەر نابێتەوەو بە دادیدا بگات بەر لەوەی بە خۆی لەبەردەم دەرگەکەدا ببوورێتەوە!

بەڵام ئەو بوو کە فریای کەوت و گوتی:

ـ لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا چاوەڕێت دەکەم.. جلەکانت بگۆڕەو دابەزە.

لەو شوێنەوە، لە نیوچە نیگایەکدا، سەیرێکی سەرانسەری ژوورەکەی کرد. مایکرۆفۆنەکەی لەسەر نوێنەکە بینی وەك چۆن بەجێی هێشتبوو بەو شێوەیە دانەخرابوو. چاوەڕوانی ئەسانسێرەکەی دەکرد، بە بزەیەکەوە گوتی:

ـ لەبیرت نەچێت بەر لەوەی بێیتە دەرەوە تەلەفۆنەکە داخەیت!

لەپشتەوەی بزە فیێلاوییەکەیەوە دەرگەی ژوورەکەی داخست و، بۆ چەند ساتێك شەرمەزارانەو سەرسامانە واقی وڕما، وەك بڵێیت بە ڕووتی بینیبێتی و تێی تەقاندبێت و ڕۆیشتبێت.

ئەو بۆ ئەوە نەهاتبوو ڕووت و ڕەجاڵی تواناکانی ببینێت. ـ لە ئەدرسی ئۆتێلەکەو ژمارەی ئەستێرەکانییەوە هەموو شتێکی زانی ـ بەڵکو هاتبوو پێی پیشان بدات بەو توانایانەی هەیەتی دەتوانێت چی لە پێناودا بکات.

ئایە بە ڕاستی ئەمەی لە پێناوی (وێ)دا کرد؟

ئاشکرایە لە هەموو ئەو شتانەی ئەنجامیان دەدات ململانێی لەگەڵ دەکات. لە خۆی نەپرسی ئایە ئەوەی لە پێناوی خۆشەویستی (وێ)، یان بەرەنگاربوونەوەی (وێ)دا کردووە. وێ ئەو ماوەیەی پێ باش بوو کە ئەو بەردەوام لە نێوان خۆی و شەرمی (وێ)دا دایدەنێت، ئەویش لە شەرمان، یان لە شکۆمەندییەوە. ئەو بۆ ئەوە نەهاتبوو هەڵبکوتێتە سەری، بەڵکو بۆ ئەوەی لەپڕ بڵێت لێرەم و بڕوات. لە بەردەرگەی لەناکاوی تێنەپەڕی. ویستی لە گۆشەی ڕاستیی خۆیدا گەمارۆی بدات.. نەك پتر.

ئەمە پیاوێکە لە هەموو ئەو شتانەی بە ئافرەتێکی دەکات شایەنی بڕوانامەی داهێنانە! لە کوێوە دەست پێ بکات؟ بەرەو چ لایەك هەڵێت بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات؟ ئەو هیچ ڕێگەچارەیەکی بۆ نەهێشتەوە.. ئەو چاوەڕێ دەکات.

هەموو شتەکانی ناو جانتاکەی لەسەر نوێنەکە بەتاڵ کرد. لە چەند خولەکێکدا چی هەبوو پۆشی و دایکەندنەوە. چەند سووراو و سپیاوێکی دەرهێنا بۆ ئـەوەی تـەڕو تەرچـکی بـۆ ڕوخساری بگێڕێتەوە کە لەکاتی بزربیی ئەودا لە دەستی دابوو.

خەریك بوو دەچووە دەرەوە کاتێك زەنگی تەلەفۆنی ئۆتێلەکە لێی دا. پێشبینی کرد داوای لێ دەکات پەلە بکات.

نەجلا بوو تەلەفۆنی بۆ کرد.

ـ یەکێك تەلەفۆنی بۆ کردیت و ژمـارەی  تەلەفۆنەکـەی فەرەنسـای دەویسـتیت. گـوتی ڕۆژنامەنووسەو لە CBS کاردەکات، لەبیرم چوو ناوەکەی لێ بپرسم.. بۆ کـارێکی بەپەلـە تەلەفۆنت بۆ دەکات.

کاتی نەبوو گوێ بۆ زانیاری زۆرتر شل بکات. دەشێت ئەو بێت؟ لە ئەسانسێرەکەدا ئەوەی بە بیردا هات. ئاشکرایە ئەوە. پیاوی گەردەلولی سۆزداری.. ئایـە ژمـارەی تەلەفۆنەکـەم ڕێگەی لێ دەتەنێتەوە؟

وەك لە بەسەرهاتە ئەفسووناوییەکاندا. لە دەرەوە گالیسـکەیەکی دوامۆدیـل چـاوەڕوانی (سندرێلا)ی دەکرد. ئەسپ ڕاینەدەکێشا. بەڵکو میری ئەڤیندار بە خۆی لێی دەخوڕی. وێ لە ئەفسانەیەکی هاوچەرخدا بەسەر دەبات. بە شادییەوە سندرێلا بەناو وریـایی پاریسـی ساکاردا بەرەو (کەنارەکەی دیکە)ی خەونەکان دەپەڕییەوە.

نەیدەزانی ئەڤینداری دوو کەناری هەیە. تا بەناو واقیعی خۆیـدا بـەرەو (کـەناری چـەپ) پەڕییەوە. دواتر دەزانێت کە (Ia rive gauche) ناوی گوڵاوێکی (ئێڤ سان لۆران)ە.

لێی نەپرسی دەیەوێت لە کوێ شیوی ئێوارە بخوات لە شارێکدا هیچ ئەدرسگەلێك نازانێت شایەنی ئەو  بن. لە کاتی چاوەڕوانی کردن لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا مێزێکی لە ڕیستۆرانتێك بۆ گرت لەوە ڕاهاتبوو لە بۆنە گرنگ، یان جوانەکاندا هـام و شـۆی بکـات. حـەزی لـەم ئۆتێلەیە کە دەڕوانێتە باخچەی (تویلێری) بە گەورەیی و گرنگی سـەدەی نۆدەیـەم و، بـە ئاوێنەو وێنەکانی بنمیچ و نیگارە زێڕینـەکانی و، بـە گارسـۆنەکەی کـە بـە جلـە ڕەشـە کلکدارەکەیەوە لە سەرۆك کۆمارێکی کۆماری فەرەنسـا .. یـان سـەرۆك ئۆرکسـترایەکی سیمفۆنی دەچێت.

(جیسکار دیستان) پاڵتۆکەی لە دەست ستاند. گارسۆنێکی دیکە تا لای مێزەکە یاوەری کردن. هاوکات هەردوو کورسییەکەیان پێکەوە ڕاکێشا، یەکێکیان جێ مۆمە زیوینەکەی داگیرساند.

پیاوەکە پرسیاری لێ کرد شوێنەکەی بە دڵە.

خۆی لە مەکری پرسیارەکە دزییەوە.

لەو شەوبێدارییەدا ئەوەندە خۆشیی ئەڤینداریيانە چووە دڵییەوە لە هەر هەموو ئافرەتانی جیهان پتر بێت، بەڵام (وێ) بۆ ڕزگارکردنی شکۆی سۆزداری خۆی لەکاتێکدا گارسۆنەکە بە دەستەسڕێکی سپی شووشە ئاوە کانزاییەکەی گرتبووە دەستەوەو ئاوی دەکردە ناو پەرداخی هەردووکیانەوە، گوتی:

ـ خۆشەویستی ڕژانە ناو ئەوی دیکەیە، منیش نازانم چۆن بڕژێمە ناو پەرداخێکی تا ئەم ڕادەیە گرانبەهاوە، بەڵام بە ڕاستی شوێنەکە زۆر جوانە. ڕۆمانسییەکەت سەرنجم ڕادەکێشێت!

پێکەنینەکەی خۆی کردو گوتی:

ـ لەو بڕوادایت من ڕۆمانسی بم؟

ـ ئەدی ڕۆمانسییەت نەنگی و شوورەییە؟

ـــ لە جیهانی سێیەم کە لێوەی هاتووین ڕۆمانسییەت واتای ئەڤینداری لەگەڵ دواکەوتوویيدا دەگەیەنێت.. واتە ڕاکردن لە ژیانەوە بەرەو خەیاڵ پلاوی. خۆشەویستم من ژیانم خۆش دەوێت، هەرچی ڕۆماسییەکانە ئەوە خەیاڵ پلاوییان خۆش دەوێت.

گەیشتە ئەو بڕوایەی کە وێ ئافرەتێکی ساکارە، لە ڕیزی پارتی دواکەوتووە خەوبینەکاندایە، ئەوانەی دڵسۆزی ئاواتە خەیاڵ پلاوییەکانیانن، لەکاتێکدا پێدەچێت ئەم پیاوە خاینی هەموو شتێك بێت تەنیا ژیان نەبێت. وێڕای ئەوەی لە شۆکی وەڵامەکەی دەترسا، کەچی لێی پرسی:

ـ ئایە تۆ بەوەفایت؟

پرسیارەکەی پێ سەیر بوو. بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ دەزانم .. ئافرەتان دڵە داخراوە توند کلۆم دراوەکانی ئەو پیاوانەیان خۆش دەوێت، کە وەفایان بۆ ئافرەتانی دیکە هەیە. پیاوی وەفادار، پیاوێکی جێی ناکۆکییە، زۆر جار بۆ لادانی ئەو ئافرەتەی ئەم دڵسۆزی خۆی بەرانبەر ڕاگەیاندووەو، ئافرەتانیش پێیان وایە ئەو ئافرەتە سووکایەتی کردنە بە مێیاتییان، ئەو پیاوە هەرکە خۆی بە دەستەوە بدات دەستەڵاتی لە دەست دەدات. من بەختەوەرت دەکەم و ڕایدەگەیەنم کە وەفادارم!

بە شادییەوە لێی پرسی:

ـ بەڕاستیتە؟

ـ من یەکێکم لە کەڵە پیاوانی وەفاداری.. هەرچیم خۆش بوێت دڵسۆزی دەبم.

ـ مەبەستت هەرچییە، یان هەر کەسێکە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ ئەمە نازانیت تەنیا بە هەستی مێیینەت نەبێت!

ئەمە چ ڕاهێنانێکە؟ وێ ویستی تەنگی پێ هەڵچنێت.

گوتی:

ـ هەستم دەڵێت تۆ خاینیت.

بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ جارێکی دیکە هەستت هەڵەی کرد. خیانەت ئەوەیە بەبێ ئارەزوو بچیتە لای ئافرەتێك. واتە خیانەت لە جەستەی خۆت بکەیت، بیرم نایەت شتێکی لەو جۆرەم کردبێت.

ئەوە قسەیەکە لە تێگەیشتنی وێ گەورەترە. هەموو ئەوەی دەیویست ئەوە بوو بزانێت ئایە خۆشی دەوێت یان نا. هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەت لەبەردەمدا نییە پرسیارێك لە پیاوێك بکەیت بە زمانێکی دیکە بپەیڤێت.

لێی پرسی:

ـ تا کەی لە پاریس دەمێنیتەوە؟

ـ پاش سێ ڕۆژی دیکە ڤیزاکەم تەواو دەبێت. لە خۆشبەختیمە پلکم چاك بووەتەوە.

پاشان بۆ ئەوەی پاساو بۆ ئەوە بهێنێتەوە کە (وێ)ی لەسەر بینی، درێژەی دایە:

ـ من لەو ئۆتێلە دابەزیوم تا لەو نەخۆشخانەوە نزیك بم كە پلكم نەشتەرگەرییەكەی تێدا كرد.

گوتی:

ـ دەبا پێت بڵێم، لەم ئۆتێلە ژوورێكم بۆ سێ ڕۆژ بۆ گرتوویت دەتوانێت متوەكەیش درێژ بكەیتەوە.. پێشبینیم كرد زۆرتر بمێنیتەوە.

هەڵچوو بۆ ئەوەی بەرگری لە شكۆی خۆی بكات:

ـ كێ پێی گوتیت من ئەوە پەسەند دەكەم؟

ـ دابەزینت لێرە جوانترە. ئەو شوێنەم هەڵبژارد كە شایەنی پلەو پایەی تۆیە.

بیری كردەوە كە ئەدرەسێكی هەڵبژاردووە شایەنی پلەو پایەی خۆیەتی، كە ڕێ بە ئەڤینداری كیژێك نادات لەو ئەدرەسە نیشتەجێ بێت.

چووەوە پێستی شەڕەنگێزییەكەی و گوتی:

ـ بەڵام من هیچ شتێكم لێ داوا نەكردوویت.

ـ ئەڤینداری شت دەبەخشێت بەر لەوەی داوای لێ بكرێت.

لووت بەرزی پاڵی پێوە دەنا پتر ئارەزووی بكات، چونكە ئەم ئەو شێرە مێینە نوستووەی ناخەوەی خۆش دەوێت. لە كاتێكدا وێ لەو بڕوایەدا بوو كە پارە بەسەردا ڕژاندنی بێ پاساوی ئەو سووكایەتی كردنە بە نەریت و بەهای ئەو مەردایەتییەی (وێ)ی لەسەر پەروەردە بووە. هەركە بیری بهێنێتەوە كە وێ بەرانبەر بە دەستەڵاتی سامان و پارەكەی ئەو هیچی لە دەست نایەت، ئەوە مێیایەتی لێ ناسێنێتەوە، بەڵكو پیاوەتی لێ وەردەگرێتەوە.

بە كەللە ڕەقییەوە گوتی:

ـ جگە لە ئۆتێلەكەی خۆم لە هیچ ئۆتێلێكی دیكە دانابەزم.. لە نەخۆشخانەكەوە نزیكە.

بە شێوەیەك وەڵامی دایەوە كە بزانێت ئەم شكستی پێ دەهێنێت:

ـ بەڵام لێرە لە منەوە نزیكیت.

ئەوەی لە ڕستەكەیدا دركاندبوو كە دڕ بە خۆڕاگرییەكەی دەدات.

درێژەی دایە:

ـ دەتوانیت تاکسی بگریت، یان سواری میترۆ ببیت بۆ ئەوەی سەر لەپلکت بدەیت.
لۆژیکەکەی وردە وردە جڵەوی شەڕەنگیزییەکەی پێ شل دەکرد. ئایە گلەیی لێ بکات لەبەر ئەوەی دەیەوێت وێ لێوەی نزیك بێت؟
وێڕای ئەوەیش ڕەتی کردەوە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە بدات. گوتی:
ـ ئارەزوو ناکەم شتەکانم کۆبکەمەوەو جانتاکەم پتر لە جارێك ڕێك بخەمەوە. هەمووی سێ ڕۆژە.
ـ تامەزرۆیی بەڕۆژەکان بەراورد ناکرێت. پێشبینیم کرد بە خولەك بیژمێریت. هەرچۆنێك بووە، من ئۆتێلەکەم بۆ گرتوویت.. چۆنت دەوێت بڕیاری لەسەر بدە!
تێی گەیاند. سەری لێ شێواند. پێدەچوو وێ لەو تامەزرۆتر بێت.
پرسیاری لێ کرد:
ـ کاتێك پێش کەمێك کشامەوە . دەمویست لەوە دڵنیا بم ئایە ژوورێکی بەتاڵ هەیە ئەم ئێوارە. دەزانیت، ئەم ئۆتێلە لە جوانیدا یەکێکە لە دێرینترین ئۆتێلەکانی پاریس. یەکێك لە ئۆرستوکراتەکان لە سەدەی نۆزدەم داوای کرد دوایەمین شەوی خۆی تێدا بەسەر ببات، بەر لەوەی بەرەبەیان جێی بهێڵێت و بچێت لە دارستانی بۆلۆنیا زۆران لەگەڵ ڕکەبەرەکەیدا بگرێت، کە ڕەنگە دوایەمین شەوی ژیانی بێت.
ـ ئایە لەوێ ژوورت بۆ گرتووم چونکە بە نیازیت زۆرانم لەگەڵ بگریت؟
پێکەنی:
ـ پێویستم بە بەرزکردنەوەی شمشێر نییە تا بتبەزێنم. تەنیا قەڵغانم هەیە..
دەیزانی کە وێ، لە یەکەمین ساتەوە کە پێشنیازەکەی پەسەند دەکات، لەو ساتەوە بەزاندوویەتی. وێ نەیدەزانی کە ئەوینەکەی بەردەوام نابێت تەنیا لە دەستەڵاتی پارە تەخشان و پەخشان کردنەکەیدا نەبێت. لە ڕاستیدا هەستی بە دڵنیایی نەدەکرد لەگەڵ ئافرەتێکدا دەستەڵاتی ئەمی ڕەت دەکردەوە. هەرچی وێ بوو لەو بڕوایەدا بوو کە ئەڤینداری ئەستێرە بە ئۆتێلەکان دەبەخشێت. ئەوەی بەس بوو پێ بنێتە ناو ئەو ئۆتێلە ساکارەی وێوە تا بە دوایدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی بۆ پلەی ئۆتێلە پێنج ئەستێرەکانی بەرز بکاتەوە.

ئاکام وێ خۆی ڕاستی پێشنیازەکەی ئەو کرد، ئەوە چەند مانگێکە دوور لەو دەگوزەرێنێت، بەرانبەر بە (چەند خولەك)ێك لە تەنیشتیەوە دەژێت، تاوانیشە ئەگەر ئەو خولەکانە بەفیڕۆ بدات کە تەنیا شتێکە ژیان پێی دەبەخشێت.

لە سەرقاڵی بیرۆکەکانیدا تاوانی (بانکەنۆتەکە)ی لەبیر چووەوە، کە دوای پارەدانەکە بە کارتی بانقی بەجێی هێشتبوو، بانکەنۆتێك بوو تەواو بە نیوەی مووچەی مانگانەی مامۆستایەتی کردنەکەی وێ یەکسان بوو. بۆ ئەوەی شێت نەبێت، یان لە داخاندا نەمرێت، بڕیاری دا واز لەوە بهێنێت داهاتەکەی خۆی بۆ خەرجییەکانی ئەو بکاتە پێوەر.

ئەو گوتی:

لەگەڵت دێمە ئۆتێلەکەت بۆ ئەوەی شتەکانت کۆبکەیتەوە. پاشان تاکسییەك بگرەو بگەڕێوە ئێرە.

لە نیازەکانی دڵنیا بوو و سەرنجیشی ڕاکێشا.

ـ ئەی تۆ لە کوێ دەمێنیتەوە؟

ـ لە پاریس خانوویەکم هەیە.

بە گاڵتەوە گوتی:

ـ لە یادم چوو کە تۆ ڕۆژنامەنووسیت و لێرە لە کەناڵی CBS کاردەکەیت.

پێکەنی. زانی کە وێ بە فرت و فێڵەکەی ئەوی زانیوە.

درێژەی دایە:

ـ ئەرێ پێم ناڵێیت لەو دیدارەدا چی پرسیارێکت لێ دەکردم؟

بە تەنیشتییەوە بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکە دەڕۆیشت، بەرسڤی دایەوە:

ـ یەکەم ئایە تۆ وەفاداریت؟

ـ ئەی دواتر؟

ـ بەڵام وەڵامی پرسیاری یەکەمت نەدایەوە.

ـ بەباشی دەزانم بەر لە وەڵامدانەوە پرسیارەکان ببینم. بەم شێوەیەیان فێرکردووم!

ـ با وابێت..دووەم، ئایە دەبیتە موڵکی من؟

ـ ئەی دواتر؟

گەیشتنە لای ئۆتۆمبیلەکە. گوتی:

ـ تەنیا ئەو دوو پرسیارە بەسە. ئەو پرسیارەکانی دیکە لە کاتێکدا لێت دەکەم پێشبینی ناکەیت!

وێ بە گاڵتەوە گوتی:

ـ منیش ئەو مافەم هەیە لەو کاتەدا وەڵامت بدەمەوە کە هەرگیزاو هەرگیز پێشبینی ناکەیت!

بە هەردوو بازووی کە درێژی کردبوونەوە ویستی دەرگەی ئۆتۆمبیلەکەی بۆ بکاتەوە، باوەشی بە ناو قەدیدا کرد. لە نێوان ئۆتۆمبیلەکەو سینگی خۆیدا تەنگی پێ هەڵچنی و گوتی:

ـ ئەرێ، دەشێت بە ماچ وەڵامی هەندێك پرسیار بدرێتەوە.

بەر لەوەی دەرك بە هەڵویستەکە بکات، ئەو ئەمی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاو دەستی بە ماچ کردنی کرد. نازانێت لە یەك ماچدا چەند جار گوتی (بەڵێ) و (ئەرێ) و (وایە).

خۆی ڕادەستی هەردوو باسك و سڕبوونی چێژ کرد. هەستی کرد بە ماچ مەست بووە، بە هەموو ئەو بەڵێنانەی هەردوو لێوی پێی بەخشین، بە گازلێ گرتن و ماچ کردنەوە. لەگەڵ ئەودا، هیچ شتێك نەبوو پێی بگوترێت ڕیسوایی، بە بەرچاوی ئاسمان و، ڕووباری (سین)و، تاوەری (ئیڤڵ)ەوە، بوو بە ئافرەتێك بە ماچێکی تەمەن بیست و حەوت ساڵەی چاوەڕوانییەوە.

ئەو شەوە پاریس بەخشندە بوو. بە ڕووناکییەکانی کۆتایی ساڵ دەدرەوشایەوەو، پرووشەی بارانێك دوو ئەڤینداری لە ڕەشنووسی ڕاگرتنی سۆزدار دەپاراست. بە هەستگەلی گوماناوی بەجێی هێشت، وەك بڵێیت بەو ماچە پەردەی کچێنی لەدەست دابێت.

***

بەدبەختە ئەو کەسەی ماچی هەردوو لێوی نەکردبێت!

کاتێك پاش شیوخواردنەکە بەرەو ئۆتێلەکە یاوەری دەکرد، ئارەزووی دەکرد ئەو نهێنییەی بۆ بدرکێنێت کە بەزەیی بەو پیاوانەدا دێتەوە کە چاویان بەم جیهانە هەڵهێناوەو بەجێیشی دەهێڵن، بێ ئەوەی ماچێکی لەو جۆرەیان تاقی کردبێتەوە. بەڵام نەیدەویست

هەستەکانی خۆی بۆ کەس ڕیسوا بکات، یان نهێنی لاوازی خۆی بۆ ئافرەتێك بـدرکێنێت. ئەو بەردەوام خۆپارێزی لە ئەڤینداری دەکات، چونکە دەزانێت ئەوەی کەمی خۆش بوێـت بەهێزو بە تواناترە. بیری نایەتەوە گوتبێتی (خۆشم دەوێیت) تـەنیا بـە ژنەکـەی نـەبێت، ئـەویش بـەر لـە بیسـت و پێـنج سـاڵ ، بـەڵام وێـڕای ئـەوەیش ئافرەتـان لێـی دوور نەکەوتوونەتەوە، چـونکە لـە هـەموو ئـەو کارانـەی دەیانکـات ئـەو وشـەیە دەڵێتـەوە، لەکاتێکدا کەسانی دیکە هیچ شتێك ناکەن تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەو وشەیە دەڵێنەوە.

تۆ بڵێیت بە ڕاستی خۆشی بوێت؟

ئەو بە خۆیشی نازانێت. وێ درەختێکە خۆی داوەتە بەر سێبەرەکەی و، نایەوێت لە بـەرو بووەمەکانی ئاگەداری بکاتەوە نەوەك کەسی دیکە بیانرنێتەوە.

دەیەوێت ڕووخۆشی و منداڵیەتی و زیرەکی و مێیایـەتی و بـێ گـەردی و سەرسـوڕمانی بەرایی بەرانبەر بە هەموو ئەوانەی بۆ یەکـەمین جـار لەگـەڵ ئەمـدا دەیانبینێـت، هـەر هەمووی تەنیا بۆ خۆی بێت.

بوێرییەکەی خۆش دەوێت کاتێك بەرگری لەو شتانە دەکات کە بـڕوای پێیانـەو، هاوکـات شکستی هێنانی خۆش دەوێت کاتێك ئەم بڕیارەکانی زەوت دەکـات. بـێ گـەردی خـۆش دەوێت و، هەر لە ئێستەوە دەیەوێت تێکی بدات. ئەو تـەنیا ئـەو کاتـە دوادەخـات کـە دەبێتە مولْکی خۆی. ئەوەی پێوەندی بە ئافرەتانەوە هەبێت هیچ ڕۆژێك پەلـەی نـەبووە.

ئەو لە خوا پێ داوە نوێیەکان نییە، بەردەوام خوانەکەی لەو شتانە پڕبووە کـە حـەزی لـێ کردوون. بۆیە دڕندانە نەدەکەوتە وێزەی ژیـان، بـەڵکو چـێژی لـێ وەردەگـرت و شـتێکی لەسەر مێزی ژوانی ئایندە بەجێ دەهێشت.

بەیانی تەلەفۆنی بۆ ئۆتێلە نوێیەکەی بۆ کـرد، ژوورەکـەی بـەجێ هێشـتبوو. نامەیـەکی دەنگی لەسەر ڕیکۆردەرەکە بۆ بەجێ نەهێشتبوو. ئاشکرایە ئەو کارەی نـەدەکرد. تـەنیا مەبەستی ئەوە بوو لەوە دڵنیا بێت ئایە هاتووەتە ئۆتێلە نوێیەکە.

نیوەڕۆ کاتێك لە کوشکێکی تەلەفۆنەوە پێوەندی پێوە کرد، بەڵێنی پێ دا ئێـوارە سـەری لێ بدات تا لەگەڵ خۆی بیبات و لە دەرەوە شیوی ئێوارە بخۆن.

ـ ژوورەکەت بەدڵە؟

بە گاڵتەوە گوتی:
ـ مەبەستت گۆشەکەیە.. ئەی چی بە گۆشەیەکی تەواو بکەم؟
بۆ ئەو بانگهێشتەی پێکەنی کە حەز دەکات بیبینێت.
گوتی:
ـ کەواتە من لای خۆمەوە بەرەو لای تۆ باڵ دەگرمەوە. کاتژمێر هەشت لە داڵانەکە ئامادە بە دێم تا پێکەوە بچین شیوی ئێوارە بخۆین.
بەر لەوەی هیچ شتێکی دیکەی بخاتە سەر، زەنگی تەلەفۆنێکی دیکە لە نووسینگەکەی لێی دا، بۆیە بە پەلە بەرێی کرد.
ـ ئێوارە دەتبینم.
ئەو دوو وشە بەس بوون بۆ ئەوەی ناخەوەی دڵی بهەژێنن. وێ لەگەڵ ئەودا بەردەوام لەناو پشتوێنەیەکی بوومەلەرزەدایە.
داوای لێبوردنی لە پلکی کرد بە بیانووی ئەوەی بەر لە گەڕانەوەی سەرقاڵی شت کڕینە. نیوەکەی دیکەی ڕاستی، ئەوەبوو کە پێویستی بەوەیە شت بۆ ژوانەکەی ئەم ئێوارەی لەگەڵ ئەودا بکڕێت. ئارەزوو دەکات سەرنجی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت.
بڕیاری دا لەگەڵ خۆیدا دەست بڵاو بێت، لەگەڵ خەڵکیش ڕەزیل. ئەوەی بۆ شتەکانی خۆی خەرج دەکات لەو پارەیە دەگێڕێتەوە کە بۆ دیاری کڕین بۆ کەس و کاری لە سووریا تەرخانی کردبوو. ئەمەیشی پێ ناخۆش بوو. بەڵام چار چییە، دەبێت بچێتە سالۆنی قژبڕین و جوانکاری و، کراسێکی نوێ بکڕێت، بەتایبەتی پاڵتۆیەکی پوختە.
دوێنێ چەندەی شەرم کرد، کاتێك ئە گارسۆنەی لە جیسکار دێستان دەچوو بەر لەوەی دانیشێت پاڵتۆکەی لێ ستاندو لە تەنیشت پاڵتۆ گرانبەها هەڵواسراوەکانەوە هەڵیواسی. حەزی دەکرد لەسەر کورسییەکەی تەنیشتیەوە دایبنێت. بەڵام شتەکە ڕیسواییەکی گەورەتری بە دواوە دەبوو.. ڕیسوایی نەزانینی ئەتەکێت!
ئەوەی بە ڕاستی بەلای (وێ)وە گرنگە ئەوەیە ئەو حاڵەتەی دوێنێی ئەمی لەسەر بینی لەبیر بباتەوە.

***

بەر لە هەشت بە چەند خولەکێك، دابەزییە دالآنی ئۆتێلەکە. کاتژمێرەکە لـە مەچـەکیدا نەبوو، بەڵکو لەناو دڵیدا بوو. لەوەتای تەلەفۆنی بۆ کردووە کاتی لەلا تاو دەدات، پتر لـە جارێك سەیری خۆی کرد، قژی داهێنا، پاشان چەندین جار شێوەی بەسـتن و لوولدانەکـەی گۆڕی. دوایەمین جار، بڕیاری دا کۆی بکاتەوەو لەیەك لاوە شۆڕی بکاتەوە.
جوان بـوو، وەك چـۆن سـندرێلا شـایەنی ئەوەیـە جـوان بێـت. چـاوی پیاوەکـە ئەمـەی دەخوێندەوە کە لەگەڵی سـواری ئەسانسـێرەکە بـوو، لەگـەڵ چـاوی ئەوانـەی لـە دالآنـی ئۆتێلەکە تووشی هاتن. دانیشت و چاوەڕێی هاتنی ئەوی دەکرد، لەو سالۆنە بنمیچ و چـل چرا ئۆروستوکراتیانەدا، کە کەس نایناسێت، خۆیشی بە خۆی ناناسێتەوە!
لە ئافرەتەکان ورد بووەوە بە تەواوی پۆشتەییەوە تێدەپەڕین، لە پیاوە تەنیاکان و لەوانەی دیکەیش ورد بووەوە کە ئافرەتیان لەگەڵ بوو. خۆی بە بیستنی ئەو میـوزیکـەوە سـەرقاڵ کرد کە کیژێك بە پیانۆ دەیژەند. لەبەر نیگای پیاوەکان کە هەر سـەرنجیان دەدایـە، ڕووی کردە توالێت. سەرکەتەوەو تۆزێك چووەوە ناو ژوورەکەی بەشـکو لـەوێوە بـانگی بکـات، پاشان هاتە خوارەوە بە هیوای ئەوەی بەشکو گەیشتبێت.
نیو کاتژمێر لەبەردەم چاوو چاوەڕوانیدا مایەوە کاتێك یەکێك لە فەرمانبەرەکان تێپەڕی و تابلۆیەکی بەرز کردبووەوە ناوی (وێ)ی لەسەر نووسرابوو. تەلەفۆنی بۆ کرا.
لەو سەرەوە، بە دەنگێکی نزمتر لە ئاسایی وتی:
ـ ببوورە .. لەیادم نەبوو کە ئێوارە میوانمان دێت. لەو شوێنە شیوی ئێوارە بخۆ کە دوێنێ شیوی ئێوارەمـان لـێ خوارد..یـان داوا بکـە شـیوت بـۆ بهێننـە ژوورەکـەت. سـبەینێ تەلەفۆنت بۆ دەکەم. شەو باش.
ئاشکرابوو کە ئەوە تەلەفۆنێکی دزراوبوو. تەنانەت یەك تروسکەی بۆ بەجێ نەهێشت، تا نیشانەی پرسیارێك، یان سەرسوڕمانێك دانێت.
ئەو وشانەی بیست شادی لە چاوانیدا کوژایەوەو گەشانەوەی سیس داگەڕا.
سـندرێلا گەڕایـەوە ژوورەکـەی جـوانی خـۆی دابکـەنێت و سـووراوو سـپیاوی خـەیاڵ پڵاوییەکانی بشواتەوە.

بەردەوام ئەڤینداری بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی ئەڤینداران دەخولێتەوە، حەز دەکات لەپڕ بەسەریاندا بدات، جارێك لەناکاو بەسەریاندا بدات، جارێکیش خەفەتباریان بکات و دڵیان بئێشێنێت. هیچ شتێکی لەوە پێ خۆشتر نییە یاری بە ڕۆژژمێرەکانیان بکات و ئەو ژوانانە تێك بدات کە تێیاندا تۆماریان دەکەن. کەواتە هەڵگرتنی ڕۆژژمێر چ سوودێکی هەیە.. ئەگەر بەخۆی بیسڕێتەوەو بە خۆیشی بینووسێت.

دوێنێ وەك ئەمڕۆ، ئەڤینداری گاڵتەی پێ کرد. دوێنێ هات بۆ لای کاتێك جل و بەرگێکی لەبەر بوو شایەنی پێشوازی لێ کردنی ئەو نەبوو، بۆیە سەری لێ شێواند، ئەمڕۆیش هێنای و وازی لێ هێنا لەکاتێکدا خۆی جوان ڕازاندبووەوە، پاش ئەوەی ڕۆژێکی ڕەبەقی بەسەر برد خۆی بۆ ئامادە دەکرد.

ئەڤینداری؟ نا، وێ مەبەستی ئەو پیاوەیە. هەرچی ئەڤینداریيە ئەوە ئێستە دەکۆشێت پۆزش بهێنێتەوە کە ڕەشکەرەوەی بەکارهێناوە، نازی بکێشێت تا ئەشکەنجەی ئەڤیندارەکەی لەبیر بباتەوە، کە یەکەمین جارە بە شێوازی (کۆ) قسە دەکات. بە لۆژێکی ئەو مێردەی کە ژیانێکی دیکەو، خانوویەکی دیکەی هەیە، لەگەڵ ژنێکی دیکەدا، تێیدا پێشوازی لە میوانانی دیکە دەکات.

هەرچی (وێ)یە، ئەوە ئەم ئێوارە میوانی یارەکەی نییە، بەڵکو ئەڤیندارێکی بەجێهێڵراوی ئەو ئەڤینەیە، کە شیوی ئێوارەی لەناو قاپی بۆرسەلینی بە بەهاترین سرفتی زیوین داپۆشراو پێشکەش دەکات، وەك بڵێیت ژەمی خەمی لێ ڤەشێرێت.

ئەڤینداری لە ناو پەرداخی کریستالیدا ئوقرەگرتنی دەرخوارد دەدات، بە دانانی گوڵێك لەسەر خوانی ئامادەنەبوون سەرەخۆشی لێ دەکات و کلینیکسەکانیش بۆ گریان لەبیردەکات.

ئەوە ئەڤینێکی زۆر گرانە، گوێ بە گریان نادات. هەموو دەستەسڕەکانی لە کووتاڵی گرانبەها دروست کراون.

ئەڤین ئەو هەموو کەفە پڕ لە گوڵاوە لە بانیۆی گەرماوەکەی دەکات، چەرچەفەکانی نووستنەکەی دەگۆڕێت، پارچەیەك شۆکۆلاتە لەسەر نوێنەکەی دادەنێت، شان بە شانی ئومێدو هیوای ئۆتێلەکە کە شەوێکی خۆش بەسەر ببات.

کە لەسەر قەنەفەی خەفەت دانیشتووە، پرسیاری لیٚ دەکات:
ـ خاتوونەکەم چیم لەدەست دیٚت تا بۆ تۆی پیٚشکەش بکەم؟
ـ هیچ، شەو باش ئەی ئەڤین!
ڕووناکییەکان دەکوژێنێتەوە.. بەلاّم نانویٚت. گلەییەکی زۆر دەکات. لـە خـۆی نابووریٚـت ئەگەر بیٚت و هەلیٚکی پیٚ بەخشیبیٚت گالٚتەی پیٚ بکات. ئەو پیاوە چـۆن پەلکیٚشـی ئـەم ڕیسوایی و سووکایەتی پیٚ کردنە لەڕادەبەدەرەی کرد!؟
بەیانی .. بە بیستنی دەنگی ئەو بە ئاگە هاتەوە. پیٚی گوت ئەوەتە بەرەو نووسینگەکەی دەچیٚت و، حەز دەکات ڕۆژەکەی بە بیستنی دەنگی ویٚ دەست پیٚ بکات.
لیٚی پرسی ئایە لە هەر ولاّتیٚك نووسینگەیەکی هەیـە. کاتیٚـك بـە پیٚکـەنینیٚك بەرسـڤی دایەوە، لیٚی پرسی ئایە لە هەر بەندەریٚك ئافرەتیٚك چاوەڕوانە بانگهیٚشتی ئیٚـوارە خـوانی بکات. گوتی هیچ هاوبەشییەکی لەگەلٚ دەریاوانەکاندا نییە تەنیا ئەوە نەبیٚت کە دەریـای خۆش دەویٚت و، مەلەوانیش نازانیٚت. ویٚ گوتی:
ـ هەرچی منم ئەوە چاوەڕوانی نازانم و .. نیازم نییە میٚرد بە دەریاوانیٚـك بکـەم .. بۆیـە ئەم بەیانییە ئۆتیٚلەکە بەجیٚ دەهیٚلٚم!
بە گالٚتەوە وەلاّمی دایەوە:
ـ مەبە جەزایری .. ئەریٚ هەمووتان بەو شیٚوەیە تووڕەن؟
وەلاّمی دایەوە:
ـ ئافرەتی ئامادە دەدۆزیتەوە لە دالاّنی ئۆتیٚلیٚك چاوەڕیٚت دەکەن. من پیٚش تـۆ چـاوەڕیٚی کەسم نەکردووە تەنیا پیاوکوژەکان نەبیٚت. لە ویٚستگەی پاسەکان، لە ناو حەوشەی فیٚرگە، لەبەردەم مالٚدا، تەنانەت لە ناو پۆلیشدا. چـاوەڕیٚی مـەرگم دەکـرد، بـەلاّم سـەربەرزانە. دویٚنیٚ ئەو بەخۆ گەورە زانینەم لە دەست دا کاتیٚك یەك کاتژمیٚری ڕەبەق لەبەردەم پیاوانی زۆر خواپیٚداودا چـاوەڕیٚم کردیـت، نـازانن چ ڕیٚگەدیـەکم بڕیـوە، تـا گەیشـتوومەتە ئـەم جیٚگەیە. تەنیا وەك میٚینەیەك چاوەڕیٚم دەکردیت.. لەچـاوەڕوانی کردنـی مەرگـدا پیـاو بووم.

بێ دەنگی نواند. ڕانەهاتبوو گوێی لەم جۆرە قسەیە بێت. تووڕەییەکەی سەرسامی کردبوو، بەو ئافرەتە سەرسام بوو کە نووست پشیلە بوو، کاتێك بێدار بووەوە، پڵنگ بوو. وێ لە جۆرە ئافرەتگەلێکە ئەم نەیبینیوە.

یەکسەر وەڵامی دایەوە. کە بیری لێ نەکردبووەوە. بۆ یەکەمین جار قسەی کرد بێ ئەوەی وشەکانی هەڵبژێرێت. بۆ یەکەمین جار بە ناوی خۆیەوە بانگی کرد.

ـ هالە .. چەند جوانیت بە تووڕەیی! لووت بەرزییەکەم خۆش دەوێیت، لەبەر ئەوەیش تۆ مەزنیت ئەوە لێم خۆش دەبیت. تکات لێ دەکەم ئۆتێلەکە بەجێ مەهێڵە. ئەمڕۆ زوو دێم و، لەگەڵت پیاسەیەکی جوان بە دارستانی بۆلۆنیادا دەکەین. من لەوێ وەرزشی پیاسە دەکەم؟ جلی دەڵپ لەبەر دەکەم و پێڵاوێکی وەرزشی لەپێ دەکەم و زۆر ڕێ دەکەین و، کارێکی ئەوتۆ دەکەم هەموو درەختەکان پۆزشت بۆ بهێننەوە؟

توانی هێوری بکاتەوە، گوتی:

ـ مادامەکی درەختەکان مێن .. بەڵام لە پیاوێك نابوورێم هەڵەم بەرانبەر بکات!

تەلەفۆنەکەی داخست و لەبەردەم پرۆژەی نوێ و خەرجی نوێدا بەجێی هێشت. دەبێت ئێستە بڕواتە دەرەوەو بە دوای جلی وەرزشی و پێڵاوێکی وەرزشی لە جۆرە مارکەیەکی بەناوبانگدا بگەڕێت بۆ پیاسەکردن!

دەی .. چەندە گرانە ئافرەت ئاشق بێت!

کاتژمێر شەشی تەواو ئاغای ئامادەگی لەناکاو ئامادەبوو، ئۆتۆمبیلەکە بەرەو دارستانی بۆلۆنیای بردن.

وێڕای سەرما، هەموو شتێك، چوون چامەیەکی زستان، جوان بوو. وەك بڵێیت هەموو بوونەوەرەکان خۆیان لە ئاشقەکان نزیك دەکەنەوە. یان خۆیان لە خودی ئەو نزیك دەکەنەوە... تۆ بڵێیت خۆ لێ نزیك کردنەوەی وێی کڕیبێت؟ درەختەکان کە ناوو ڕەچەڵەك و وەری سەوزبوونیان دەزانێت و دەزانێت لە چ وڵاتێکی فرەوانی خواوەندەوە هێناویانن.

ئەوێك کە هیچ شتێکی پێشکەش نەدەکرد تەنیا چەند خولەکێك نەبێت بە تەلەفۆن، پێدەچێت کاتی زۆرتری بە درەختەکان دابێت، بۆ ئەوەی کاتی ئەوەی هەبێت هەموو تابلۆیەکی (ئاسنین) بخوێنێتەوە بە هەر درەختێکەوە داکوترابێت.

کاتێك لەگەڵیدا بە کەناری دەریاچەکەدا پیاسەی دەکرد کە هەندێك مراوی بەسەریدا خلیسکانێ دەکەن، یەك یەك ناوی درەختەکان دەڵێت، وەك بڵێیت بەو مێینانەی دەناسێنێت پێش وێ چوونەتە دڵییەوە.

بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ کێبەرکێکە گران نابێت ئەگەر ئەم درەختانە ئافرەتی تۆ بن!

بە هەمان گاڵتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ وێڕای ئەوەیش تەواو لەپیاوێك دڵنیا مەبە لە دەستی مرۆڤ ڕادەکات و پەنا بەر درەخت دەبات!

ـ مەبەستم ئەوە بوو پیاوان زۆر جار کاتێك ئافرەتێك دەچێتە ژیانیانەوە ناوی ئەو ئافرەتانە هەڵدەدەن پێش وێ لەسەر نوێنەکەیان نووستوون، شتێکی سەیریش دەبینم ئەگەر لە ڕابوردووتدا ئافرەتگەلی لە درەخت هەبووبن.

ـ ئەوە پیاوەتی نییە لە بەردەم ئافرەتدا دوو پرس باس بکرێن: پارەو (سەرکێشی پیاو). تەنیا دەوڵەمەندە نوێکان لاف و گەزاف بە سامانەکانیانەوە لێ دەدەن.. ئەوانەیش لە یاوەری کردنی ئافرەتان بێ بەشن شانازی بە پێوەندییەکانیانەوە دەکەن.

ـ کەواتە تۆ لە ئافرەتان تێر بوویت؟

بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ڕەنگە لە درەختان تێربووبووم!

ـ بە ڕاستی!

ـ ئاشکرایە.. بەلایەنی کەمەوە بەوەی لە بواری دروستکردنی کاغەزدا کاردەکەم.

ـ چی بەم بازرگانییەی گەیاندوویت؟

ـ ئەوەم بەسە لە بەرازیل نیشتەجێ بووم کە هەردوو سیی جیهانی لێیە. فرەوانترین دارستان لەوێیە. هەروەها کارگەی دارو کاغەزیش.

ـ واتە تۆ نازی درەختگەلی ئەوێ هەڵدەگریت و، لە شوێنی دیکەیش تیرۆری دەکەیت!

ـ من نیم کە تیرۆری دەکەم. من کاغەز پێشکەش دەکەم بۆ ئەوەی خەڵك ئۆدیسەو داستانی گلگامش و (ڤۆلتێر) و (موتەنەبی) و جبران بخوێننەوە. تەنیا تاوانکارەکان

پێویستیان بە تەخت کردنی دارستانێکی سەر ڕووی زەوییە بۆ ئەوەی کتێبێك بڵاوبکەنەوە کەس نایخوێنێتەوە.. هەروەها بۆ چاپ کردنی ڕۆژنامــە لــە نایــابترین کاغــەز نیــوەی بــۆ پیرۆزبایی و پرسەو بزنسی خۆشی و مردن تەرخان کراوە.. هەروەها گۆڤاری نایاب ئەوەنـد قورسن ناتوانیت هەڵیان بگریت، بۆ بڵاوکردنــەوەی هــەواڵی (میرانــی وێنــەکان) تــەرخان کراون.. ئەوانەی، کە وێڕای ئەوە، لافی ئەوە لێ دەدەن، گوایە بەرگری لە ژینگە دەکەن.
بەگاڵتەوە گوتی:
ـ کەواتە تۆ دێیتە ئێرە بۆ ئەوەی پۆزش بۆ دارستانەکان بهێنیتەوە.
وەڵامەکەی ڕاشکاوانە بوو:
ـ هیچ کاتێك ڕووی نەداوە پۆزشم هێنابێتەوە!
سووربوونی پێوە دیاربوو. ئەگەر بە ڕاستی نەبووایە، بیری بۆ ئەوە دەچوو بەگاڵتەی بێت. تەنیا دواتر، تاقی دەکاتەوە تا چ ڕادەیەك لەو قسەیەیدا ڕاستگۆ بوو. ئێستە وێ زۆر لــەو قسانەی ناکۆڵێتەوە. دڵخۆشی پێی بیرکردنەوەی ئیفلیج دەکات. ڕووی نەداوە وەك ئــەمڕۆ ڕاستگۆیانەو خۆییانە بێت، وێیش ئەوەند لێــوەی نزیــك نــەبوو وەك ئــەوەی لێــرە لێــوەی نزیکە.
وەك بڵێیــت سروشــت هاوســانی لــە نێوانــدا کــردبن، لــە دەرەوەی ئۆتێــل و ڕیســتۆرانتە نایابەکان. ئەویش وەك وێ جلی وەرزشی لەبەرە، هاوسان لەگــەڵ ئــەودا لــە دارســتانێکی ئەفسووناویدا هەوای پاکژ هەڵدەمژێت، کە ئەو دارستانە بەپێی یاسای فەرەنســا مــوڵکی هەموو کەسێکە پیاسەی تێدا بکات.
بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:
ـ دەزانیت .. لەوەتای تیرۆریستان لە جەزایر دارستانەکانیان بۆ خۆشاردنەوە هەڵبژاردووە، بەلای منەوە دارستان بووەتە وشەیەکی هاوتای تــۆقین. ئەگــەر ســەفەرم نەکردایــە ئــەوە هەموو ڕۆژێك سەرم لەم دارستانە دەدا. چەند جوان و دڵڕفێنە! ئەمە یەکــەمین جــارە لــە ماوەی چەندین ساڵدا، بە دڵنیایی و شادییەوە بــە نــاو دارســتاندا پیاســە بکــەم. چــەندم پێویست بەمە بوو!
وەڵامی دایەوە:

ـ سەرقاڵی ئەوەم شوقەیەکی نزیك ئێرە بکڕم. لەئاییندەدا، ئەگەر سەرت لە پاریس دا و بتەوێت ئەوە دەتوانێت تێیدا بمێنیتەوە.

بە شادومانییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بە ڕاستی گەڕەکێکی جوانە.. بیرۆکەیەکی باشە بچێت لەوێ نیشتەجێ ببیت.

ـ ئەو گەڕەکەیش جوانە کە لێی نیشتەجێم. ئەمەی ئێرە شوقەیەك دەبێت بۆ میوانانی کومپانیاکە کاتێك سەر لە پاریس دەدەن.

ـ پێشبینی دەکەمماڵەوەت زۆر جوان بێت. مادامەکی لە ماڵانی ئەم ناوچەی بە باشتر دەزانیت.

لە دەنگی تێکەڵ بە غەمبارییەکەیەوەی سەندەوەو وەڵامی دایەوە:

ـ ماڵ بەو کەسانەوە جوانە کە لەگەڵماندا تێیدا دەژین.

بۆی دەرکەوت کە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا شادومان نییە کە لەگەڵی دەژیت، لە بەدبەختی گریمانەکراوی ئەو فریوی شادومانی خۆی دروست دەکرد.

گوتی:

ـ چەندم حەز لێیە سەردانی پاریس بکەم .. ئەگەر ئەو سەرقاڵییەم نەبووایە لە شام.

ـ وەك چی؟

ـ مانگی داهاتوو دوو ئاهەنگم هەیە، دەبێت هەرکە گەڕامەوە خۆمیان بۆ ئامادە بکەم. هەندێك گۆرانی نوێن و پێویست بە چەند پرۆڤەیەك دەکەن. بە تایبەتی یەکەمین جارە لە کەنداو گۆرانی بڵێم..

ـ ئەی سەرت لە ڤییەننا داوە؟

ـ ڤییەننا؟ نا.

ـ جارێکیان پێکەوە دەتبەمە ئەوێ. میوزیك لە سەرچاوەکەیەوە فێربە. نەك لەو هاوار کردنەوەوە کە ئەمڕۆ ناوی گۆرانییان لێ ناوە. چۆن ئەو کەسانەی (سۆلفاج)ی گەردوون ناناسن گۆرانی دەڵێن! چۆن ئەوانەی فێری بێ دەنگی نەبوونە دەنگ هەڵدەبڕن!

ـ گۆرانی دەڵێیت؟

ـ نا.من گوێ دەگرم. بۆیە خۆم بە باشتر لە گۆرانیبێژەکان دەزانم. گوێگرێکی باش لە گۆرانیبێژێکی خراپ باشترە!

ـ ڕاست دەکەیت.

ـ گۆرانی لە گوێ گرتن لە سروەی بوونەوەرەکانەوە فێربە، وەك ئێستە .. گوێ لە بێ دەنگی خۆت بگرە کاتێك بە ناو ئەم دارستانەدا پیاسە دەکەیت.. بەو بێ دەنگییەی دەزانین کەی کات لە میوزیکدا دروستە، یان هەڵەیە.. وەك چۆن لە ژیاندا دەزانین.

ـ چۆن ئەمە دەزانیت؟

پێکەنی.

ـ چی بزانم؟ کەی کات دروستە؟

ـ مەبەستم ئەوەیە چۆن فێری ئەمە بوویت؟

ـ هەندێکی لە کتێب و هەندێکی لە بیرکردنەوەو ڕامان، ناشێت دوور لەژیان بڕۆیت، ئەگەر ڕیتمی خۆت ڕێك نەخەیت. ڕیتم ڕێت نادات لە ڕێ لادەیت، یان هەناسەبڕکێت پێ بکەوێت، یان بەرەو هەموو لایەك ڕابکەیت. ئەو کەسانەی دەیانبینیت لە ژیاندا سەریان لێ شێواوە. کاتی تەواویان نەبووە تا ڕیتمی خۆیان ڕێك بخەن بەر لەوەی هەنگاو هەڵێنن. واتە کەمێك نەگەڕاونەتەوە لای بێ دەنگیی قووڵی خۆیان، بۆ ئەوەی بەر لە هەنگاو هەڵهێنانە گەورەکەیان هەنگاوەکانیان ڕێك بخەن.

ـ ئەمەت خوێندووەتەوە؟

ـ بەڵکو فێری بوومە.. ئەوەی خوێندوومەتەوە ئەوەیە کە لەو بڕوایەدا بوون کە میوزیك دەنگە؟ تا بتهۆڤن هات و سرووشی لە میوزیکی بێ دەنگییەوە وەرگرت. دەزانیت کە میوزیکی ڕۆژئاوایی شوێنی بێ دەنگی تێدا نییە.

وەك بڵێیت دۆزینەوەیەکی بۆ ئاشکرا بووبێت، گوتی:

ـ ڕەنگە خوێندنەوەی قورئان چاکەی چۆنیەتی بێ دەنگی فێربوونی لە سروود بێژیدا بۆ عەرەب هەبووبێت. کاریگەری بێ دەنگی لە نێوان ئایەتەکاندا هەمان کاریگەری هەمان ئایەتی لەسەر دەروون هەیە. ئەویش درێژ و کورت دەبێتەوە بەپێی ئەوەی خوێنەر

دەیەوێت واتاگەلی پێ دەربڕێت. بۆیە بەبێ دەنگی دانانرێت بەڵکو بە (تەرتیل)یش دادەنرێت.

درێژەی دایە:

ـ نازانم، من دەڵێم ئەمە بۆچوونە، بیر لەو بێ دەنگییە دوورو درێژە دەکەمەوە کە ئوم کەلسووم، بۆ نموونە، لە نێوان ڕستەیەکی گۆرانی چڕین و ڕستەیەکی دیکەدا بەجێی دەهێڵێت. گۆرانیبێژانی هاونەوەی وێ وەك گۆرانیبێژانی هاونەوەی بابمە، هاوکات گۆرانیبێژو قورئانخوێن بوون، بۆیە بێ دەنگیی نێوان دوو بڕگەیان کردە بەرزترین پلەی بەرجەستەی ڕوحی.

لەناکاو لە پیاسەکردن ڕاوەستاو گوتی:

ـ لەوەوپێش چێژم لە قسەکردن وەرنەگرتووە وەك ئێستە لەگەڵ تۆ ئەو چێژە وەردەگرم، دەزانیت.. پێویستم بە زیرەکی تۆیە بۆ ئەوەی ئارەزووت بکەم.

تێبینی کرد کە نەیویست بڵێت تا خۆشم بوێت.

بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بڕوا ناکەم تا ڕادەی ئەوەی ئارەزووم بکەیت زیرەك بم، من تەنیا لە بیرکردنەوەدا هاوسانت دەبم. کەم جار یەکێکم تووش هاتووە بە قووڵی قسەی لەگەڵ بکەم. ئاکام زیرەکی مەشق کردنە، منیش تەمەنی خۆم لە مەشق کردن لەسەرکوت کردنی زیرەکیمدا گوزەراندووە، بۆ ئەوەی مەینەتیم زۆرتر بێت!

لەپیاسەکردن ڕاوەستاو دەستی بەسەر قژەکەیدا هێنا و گوتی:

ـ لەمڕۆ بە دواوە ناخۆشی نابینیت.. هەرکە توانیم بە دیداری یەکدی دەگەین، منیش پێویستم بەوەیە قسەت لەگەڵ بکەم.

هیواخواز بوو بڵێت پێویستم پێتە. ویستی بەرەو لای ئەو وشەیەی ڕابکێشێت.

گوتی:

ـ حەز دەکەم کارت پێم بکەوێت.. ئەڤینداری کار پێ ویستنە.

لەکاتێکدا باوەشی پێداکردو بە سینگی خۆوەی نووساند، قسەکەی ڕاست کردەوەو گوتی:

ـ ئەڤینداری داگیرکردنە!

هەردوو لێوی بەبەرچاوی خێڵێکی درەختگەلەوە هەڵیانکوتایە سەر. وەك بڵێیت ماچەکەی وانەیەکی پرەکتیکییانەی ئەو قسانەیە کە کردنی.
وێ لەو بڕوایەدا بوو کە ماچەکەی زۆر درێژ بووەوە تا ڕادەیەك لە شەرمان و لە جارکێشاندا گەڵای درەختەکان سوور هەڵگەڕان، کاتێکیش لە ماچ کردنەکە بووەوە، هەر چوار وەرزەکە بە بەهارو باوبۆرانەکانییەوە لە چەند خولەکێکدا تێپەڕیبوون.
هیچ شتێکی نەگوت. بەردەوام هەردوو لێوی دەنگی دەدزن.
ئەویش لە نێواندا ئەو چێژەی نەشکاند کە پێیڕا ناگەین ئەو کاتە نەبێت کە بەبێ دەنگی بە ناخی ئەوی دیکەدا ڕۆدەچین.
گەیاندییە ئۆتێل و تەنیا یەك هەست دەیجووڵاند. پێویستی بە چەند لێو هەبوو، تا بتوانێت لە تەنیا یەك ئافرەتدا هەموو مێیایەتی گەردوون ماچ بکات!

***

جزانترین ساتی ئەڤینداری ئەو کاتەی بەر لە ددان پێدانانیەتی. چۆن کارێکی وا دەکەیت ئەو یەکەمین شپرەزەییە درێژە بکێشێت. ئەو دۆخی خولانەوەیەی کە ترپەی دڵ و تەمەنت پتر لە جارێك لە یەك ساتدا دەگۆڕێن.. کاتێك لەوە نزیك دەبیتەوە یەك وشە بدرکێنیت.
چەندین جار ویستی گۆی بکات، بەڵام ئەمیش چوون ئەو نەیگوت. ئەو گوتی (بەبێ دەنگی دەزانین کەی کات هەڵەیە، یان دروستە لە میوزیکدا)، لە دەرەوەی میوزیکیش چۆن کاتی تەواو گونجاو دەزانین، بۆ ئەوەی وشەیەك بڵێین، پاش ئەوە وشەکان بەو شێوەیە نامێننەوە کە پێشتر چۆن بوون. فیکتۆر هیگۆ دەڵێت (پاش یەکەمین ددان پێدانان، چی دیکە وشەی خۆشم دەوێیت هیچ ناگەیەنێت). بۆیە گەورە ئەڤینداران، بەرگرییان لە شکۆی وشە (نۆبەرەکان) کرد کە بۆ ئەوە دروست کرابوون تا یەك جار بگوترێن. بۆیە بۆ ئەوان وشەی (خۆشم دەوێیت) ڕووداوێکی زمانەوانی گرنگە.
ئای لە بەرپرسیاریەتی! لەبەر ئەو سامەی، وێ شادومان بوو کە ئەو وشەیەی بۆ ئەو گۆنەکردووە، ئەویش بۆ ئەمی گۆنەکردووە. بەڵام دڵی گوێی لەوە بوو کە ئەو بێ دەنگی لێ نواند. وەك بێزاری بەردەوامی لە ژیانی هاوسەرگیری.

هەستی گوناه کردن دایتەنییەوە، نایەوێت پیاوێك لـە ئـافرەتێکی دیکـە داگیربکـات و، نەیش پێکەوە بەشداری لەگەڵ بکات. نازانێت لەم ئەڤیندارییەدا لە چ پلەیـەکی نەریتـدا خۆی دەبینێتەوە. پرسیارەکان ژیانیان لێ هەراسان کـردووە، شـادومانییان لـێ هەراسـان کردووە، وێ لە ڕەفتارەکانی ڕازی نییە، هەست دەکات شتێکی ژیانی خەریکە دەشێوێت. وێڕای ئەوەیش، کاتێك گەڕایەوە شام، بۆ سەرلەنوێ بینینەوەی نەجلا بە شادییەوە هاواری کرد:

ـ چیت کردووە تا بەم شێوەیە گەشاویتەوە؟

پێدەکەنێت.. سوێند دەخوات.. دووپاتی دەکاتەوە.

ـ بە خوا هیچم نەکردووە.

ـ جگە لە پەرستیاری، لە ماوەی دە ڕۆژدا چیت کرد؟

ـ مەبەستت لە ماوەی سێ ڕۆژدا.. ئەڤینداری بەردوەام درەنگ دێت!

وێ پێویستی بەوەیە ئەوەی بەسەری هاتووە بۆ یەکێك بگێڕێتەوە.

بەڵام نازانین چۆن ئەو خەونە بگێڕینەوە کاتێك لە خـەو هەڵدەسـتین. هـیچ شـتێکی لـەوە ناکات لە ژیاندا دەیگوزەرێنین. لەوەتای لە پاریس گەڕاوەتەوە، لە ناوچـەیەکی سـنووریی بزێودا ژیان دەگوزەرێنێت، بە هاتن و چوون لە نێوان خەون و واقیعـدا. لـە نێـوان ئـەوەی لەگەڵ ئەو گوزەراندی و لە نێوان ئەوەی پاش ئەو دەیگوزەرێنێت، خەریکە گومان دەکـات کە ئەوە ڕووی دابێت. ئەگەر لەو ئۆتێلە نایابە، ئەو وردەکارییە بچووکانەی لەگـەڵ خـۆی نەهێنابایە کە لە گەرماوەکانی ئۆتێلەکانـدا دادەنـرێن، لـە سـابوونی بۆنـداری مارکـەی گەورەو پێداویستی خۆشوشتن و بابوجێکی سپیی بەنرخ. وێ نرخەکەی لا مەبەست نییە، بەڵام بەدیهێنانی خەونەکەی لا مەبەستە. وەك چۆن لـە بەسـەرهاتەکەی سـندرێلادا لـەو ئۆتێلە ئەو بابووجـەی بـۆ ماوەتـەوە نایـەوێت لـە پێـی بکـات: دەترسـێت بپتورکێـت. مادامەکی لەناو زەرفە کاغەزینە بریقەدارەکەیدایە، ئەوە دەتوانێت هەر کاتێك بیەوێت لە خەونەکانیدا لەپێی بکات.

خۆی له ئارەزوومەندییەکی بەئازار تێوه دەگلاند. وێ هێشته نازانێت پاش ئەوه چەند بابووجی دیکەی ئەو ئۆتێله نایابانه کۆدەکاتەوه لەوانەی کە لەگەڵ ئەودا سەریان لێ دەدات و، ڕۆژێك له ڕۆژانیش بەپێی خاوس و نائومێد خەونەکانی بەجێ دەهێڵێت!

نەجلا هاواری کرد:

ـ نا! کەواته ئەو، ئەو پیاوه بوو که تەلەفۆنی بۆ کردم؟ چەند شتێکی جوانه که ئەڤیندار خۆی بکاته کەسێکی دیکه تا بۆ یارەکەی بیکاته شتێکی لەناکاو!

ـ شتێکی لەناکاو نەبوو، بەڵکو کۆست بوو! بوورامەوه کاتێك لەبەردەم دەرگەی ژوورەکەمدا بینیم، لەو ئۆتێله هەژارانه، خۆزگه تەلەفۆنەکەت پێ دەدام.

ـ من چوزانم .. پاشان خۆ ئەو دەزانێت که تۆ دەوڵەمەند نیت.

ـ ئێستەیش دەزانێت به خۆی چەند بەهێزه، ئەوەیش دەستەڵات و هێزی پارەو پووله. کاتێك یەکێك له ئۆتێلێکی دوو ئەستێرەت دەردەهێنێت و به ناچاری له ئۆتێلێکی سەرووی ئەستێرەکانت نیشتەجی دەکات.

ـ ئەم ڕەخنەیەی لێ دەگریت؟ ئەڤیندارێکی بێ چارەی وەك ئەوانەت دەوێت له جەزایر بەجێت هێشتوون. بێ چارەیی ئەوان له ڕوومەتی تۆدا ڕەنگی دەدایەوه.. ئێستە بنواڕه چەند جوانیت. چاوتێری مادی گرنگ نییه بەڕادەی چاوتێری سۆزداری، خۆشویستنی ئەم پیاوه جوانترت دەکات!

ـ له پاریس تەنیا سێ جار بەدیداری گەیشتم، ئیدی چۆن جوانم دەکات!

ـ ئاشکرایه.. ئەڤینداری هەیه جوانمان دەکاتەوەو هی دیکەیش سیسمان دەکاتەوه. هەندێك پیاو هەن به دەستی خۆیان نییه شەپۆلی نیگەتیڤانه پەخش دەکەنەوه، خەمۆکی و خەفەت و گرێ کوێرەکانی خۆیان لەگەڵ خۆدەهێنن و دەبێت تۆیش به ئەڤین له قوڕاوی خۆیان دەریانیهێنیت، ئەوانەیش هیچ ئومێدێکیان لێ بەدی ناکەیت، دەستی فریادڕەسییان بۆ درێژ دەکەیتەوه به هیوای ئەوەی پیاوێك دەستەبەر بکەیت، کەچی پیاوەکه خۆی به داوێنتەوه توند دەکات تا ئەو ڕادەیەی تۆیش لەگەڵ خۆی لەناو چلپاوەکەی خۆیدا نغرۆ دەکات.

وەك بڵێیت نەجلا شت لەبارەی ئەم پیاوەوە دەزانێت، کە تەنیا بە تەلەفۆن دوو ڕستە قسەی لەگەڵدا کردووە، پتر لەوەی وێ شتی لەبارەوە بزانێت. ئەو لە هیچ کەس لەو پیاوانە ناکات کە تووشیان هاتووە. ئەم پیتوە تاڤگەیەکی ژیانە، ڕووبارێکە و ڕاتدەماڵێت و پاڵت پێوە دەنێت لە پێشبڕکێ لەگەڵ خۆتدا هاوشانی بڕۆیت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو شوێنەی کە پێشبینیت نەدەکرد پێی بگەیت. تۆ لەگەڵ ئەودا لە بەرەنگاربوونەوەیەکی بەردەوامدایت بۆ ئەوەی پێیڕا بگەیت.. یان لێی تێپەڕیت.

لە نەجلا ورد دەبووەوەو گوتی:

ـ ڕەنگە قسەکەی تۆ ڕاست بێت.

ـ ئاشکرایە قسەکەی من ڕاستە. سەرنەکەوتن تەواو وەك سەرکەوتن تەشەنە دەکات، شادومانیش چوون خەمۆکی تەشەنە دەکات، تەنانەت جوانیش تەشەنە دەکات. پیاوێکی جوان و پۆشتە پەتاکەی خۆیت بۆ دەگوێزێتەوەو ناچارت دەکات تۆیش هاوشانی پۆشتەیی ئەو بیت بۆ ئەوەی لەدەستی نەدەیت و، ڕواڵەتی خۆت پشت گوێ نەخەیت تا بەو شێوەیە دەرنەکەویت کە شایەنی ئەو نیت. بۆیە پێویستە بەر لەوەی پیاوێکت خۆش بوێت، دەرك بەو کەموکوڕییانە بکەیت کە لەمەودوا وەك پەتا تووشیان دەبیت.

هاواری کرد:

ـ دەی پۆشتەییم بیر مەخەرەوە. چ ڕیسواییەك بوو کاتێك بانگهێشتی ئێوارە خوانێکی کردم و منیش شتێکی ئەوتۆم نەبوو شایەنی ئەو بۆنەیە بێت.

ـ چۆن سەفەر دەکەیت بێ ئەوەی خۆت بۆ ئەو جۆرە بۆنەیە ئامادە نەکەیت؟

ـ دەزانیت لە چ بارودۆخێکدا سەفەرم کرد. چوزانم ئەو دێت.. وەك بڵێیت بوخوردم بۆ سووتاندبێت، نازانم ئەم پیاوە وەك جنۆکە لە کوێوە بۆم دێتە دەرەوە.

ـ کەواتە دەبێت لەمەودوا لەوپەڕی پۆشتەییدا بیت وەك بڵێیت بە دیداری دەگەیت لە هەر کوێیەك بیت و، پێویستە جل و بەرگی ئەوتۆت هەبێت شایەنی یاوەری کردنی پیاوێکی لەو پلەو پایەیەدا بیت.

ـ دەزانیت.. ڕۆژێکیان گوتەیەکم خوێندەوە پاڵی پێوە نام کاری خۆم سەبارەت بە جلوبەرگ یەکلا بکەمەوە.

ـ چی.. بڵێ بزانم چیت پێیە!
ـ (هەوڵ مەدە وا بکەیت جلەکانت گرانترین شت بن لەبەرتدا تا ڕۆژێك خۆت نەبینیتەوە هەرزانتر بیت لەوەی لەبەرتدایە).
ـ جوانە.. ئاشکرایە ئەو کاتە ئەمەت خوێندووەتەوە کە مامۆستا بوویت. بەڵام خۆشەویستم ئێستە ئەستێرەیت، ئەگەر خۆت جوان نەکەیتەوەو پارە خەرج نەکەیت وەك ئەستێرەکان پارە بۆ جلوبەرگەکانیان خەرج دەکەن، ئەو کات، وێڕای گرانیت، خۆت دەبینیتەوە لەوان هەرزانترو لە دەنگیشت هەرزانتر دەبیت. لۆژیکی بازاڕ بەو شێوەیە دەڵێت، پاشان تۆ خوا، کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم جلە ڕەشە فڕێ بدەیت؟
ـ دەزانیت چەند ناودار بە درێژایی ژیانیان جلی ڕەشیان لەبەر کردووەو تا هاتووە جیاوازی کردوون؟ (باکۆ ڕابان)، (ئیدێت بیاف)، (جۆلێت گریکۆ).
قسەکەی پێ بڕی:
ـ بەڵام تۆ ئەوان نیت، تۆ لە فەرەنسایش نیت .. تۆ لە کات و شوێنی هەڵەدایت. ئێستە سەردەم سەردەمی خۆشییە.
بەو شێوەیەی بیەوێت کۆتایی بە دیالۆگەکە بهێنێت گوتی:
ـ خۆشەویستم لەگەڵ من هەوڵ مەدە من فڕێی نادەم.
ئاشکرایە کە فڕێی نادات. ئەو بە خۆی کاتێك بەو جلە وەرزشییە ئاسمانییەوە بینی بۆ ئەو سەیرانەی ناو دارستانەکە کڕیبووی، وەك بڵێیت ڕەنگە نوێیەکەی سەرنجی ڕانەکێشابێت، گوتی:
ـ هەر کاتێك بیری منت کرد جلی ڕەش بپۆشە.
وەك یەکێك پۆزش بۆ پیاوێك بهێنێتەوە شەیدای درەختەکان بووبێت گوتی:
ـ من دارتووم لە بنەڕەتەوە جلم نییە تەنیا ڕەش نەبێت.
لەو کاتەوە، چاوەڕوانە سەرلەنوێ بیبینێتەوە، ئێستە تەنیا یەك درەخت نییە، بەڵکو دارستانێك ئافرەتە. درەختی گێلاسە گوڵی کردووە، درەختی دڕك و پەڵکە، درەختی بادەم و درەختی سەروو، درەختی پرستوو، درەختی چنارە.

پاش ئەو چی دیکە دۆستایەتی کەس ناکات تەنیا دارستان نەبێت بۆ ئەوەی خزمایەتی لەگەڵ سەجەرەی خێزانی ئەودا پەیدا بکات. هەروەها تا سیخوڕایەتی لەسەر ئافرەتەکانی بکات!

لەوەوە فێربوو بە هۆی پێوەری میوزیکی بێ دەنگییەوە دیالۆگ لەگەڵ گەردووندا بکات. ئەمێك کە وەك ڕووەکێکی کێویلە لەنێوان درزی تاوێرەکاندا ڕوابێت. تەنیا ئێستە شارەزای ئەوە بووە گوێ بۆ ئەوە ڕادێرێت کە وای دەزانی دەنگی نییە: سروەی بوونەوەرەکان، لەو جیهانە نهێنییەی لە تەنیشتییەوە دەژین.

کاتێك ئەو سەیرانەی تەواو دەکات، دەگەڕێتەوە تا بەناو دڕك و داڵ و زەلی ژیاندا پیاسە بکات، وەك پەپوولەیەك لەناو دڕندەکانیدا. دوو ساڵ تێپەڕیوە کە لە ڕۆژهەڵات دەژیت و دۆستایەتی لەگەڵ کەس نەکردووە لەناوەندی هونەری، تەنیا ڤیراس نەبێت.

درەخاێك بچێنە چاکەت دەداتەوە، لەبەرو بوومەکەی دەخۆیت ، ڕۆژانەیش حەوت لەتر ئۆکسجینت پێ دەبەخشێت، یان بە لایەنی کەمەوە سێبەرت بۆ دەکات و ژیانت بە سەوزاییەکەی جوانتر دەکاتەوەو، لق و پۆپە بەسێبەرەکەی بانگی پاسارییەکان دەکات، تا لە باخچەکەدا جریوەیان بێت. مرۆڤێك دەهێنیت و لە ناو خاکی خۆتدا دەیچێنیت .. هەرکە گەورە دەبێت یەکسەر لە ڕیشەوە هەڵتدەکەنێت، پەل دەهاوێت و پەلەقاژێ دەکات و ئاوەکەت دەدزێت بۆ ئەوەی خێراتر لە تۆ گەورە ببێت، بەیانیانێك لەخەو بێدار دەبیتەوەو دەبیینیت شوێنی تۆی داگیرکردووە، بە سەبەتەی میوەکانی تۆ میوانداری نەیارانی کردوویت و بانگی گورگەکانی کردووە تا لووتت تێ بژەنن و لە پشتە ملە باست بکەن. کەواتە چۆن مرۆڤ ناچێتە ڕیزی پارتی درەختەکانەوە؟

کاتێك لەلای نەجلا سکاڵای لەو ئافرەتە گۆرانیبێژە کرد کە بە دۆستی تێدەگەیشت و، بەوپەڕی شادومانییەوە ئەو گۆرانییەی بۆ دەچڕی کە یەکێك لە ئاوازدانەرەکان پێشکەشی کردبوو تا ببێتە (گرنگترین کاری وەرز)، کەچی ئەو گۆرانیبێژە ئافرەتە پێوەندی بە ئاوازدانەرەکەوە کردبوو پێشنیازی کردبوو پاداشتێکی زۆرتری پێ بدات لەوەی ئەم پێی دەدات، بۆیە ئاوازدانەرەکە بەوی فرۆشتبوو بێ ئەوەی تەنانەت پۆزش بهێنێتەوە، یان ئەمی لێ ئاگەدار بکاتەوە.

نەجلا گوتی:

ـــ ئەمـــە ســـەردەمی دۆســـتایەتیی ســـەرپێیە. ناشـــێت دۆســـتایەتییەکی درێژخایـــەن پێکبهێنیت، یان گرەو لەسەر کەس بکەیت.

هاواری کرد:

ـ بەڵام ئەمە شوورەییە .. چۆن شەرمی لێ نەکردم ..

ـ ئەی ئاوازدانەرەکە شەرمی کرد؟ ئەوە ناوەندێکی بێ شەرمەو ئینتیمای بۆ هیچ نییە بۆ گیرفانی خۆی نەبێت. تۆ ئامادەبوویت بکوژرێیت تـا گۆرانییـەك لـە ماتـەمینی باوکـدا بچڕیت، ئەوان بەسەر تەرمی یەکێکدا بازدەدەن بۆ ئـەوەی گۆرانییـەك دەسـتەبەر بکـەن. دەبێت کارەکە پەسەند بکەیت، یان پیشەکەی خۆت بگۆڕیت!

پیشەکەی بگۆڕێت؟! ئەوسا دەنگی خۆی لەناو جانتای فێرگەدا دەشاردەوە، دەرینـەدەهێنا تەنیا لە ناو پۆل نەبێت، پاشان کاتێك زەنگی لێ دەدا، دەیخستەوە ناو جانتاکـە. هەرچـی ئێستەیە ئەوە ناتوانێت ئەو کارە بکات. چۆن دەکرێت گڕکانێك هەڵچووبێت پرووشـەکانی خۆی هەڵلووشێتەوە!

بیری کەوتەوە کە ماوەیەکە پێوەندی بە فیراسەوە نەکردووە. کاتێـك بـێ وەرەو خەفـەتبار بێت بیری دەکەوێتەوەو ئارەزووی دەچێتەوە سەر فێربوونی میوزیك ژەندن. بەڵام دڵی لـەم ڕۆژگارەدا ئاوازێکی دیکە دەژەنێت. هەموو ئەوەی دەیەوێت، ئەوەیە عوودەکەی بۆ چـاك بکرێتەوە.

کاتێك بۆی هێنایەوە، پێی گوت:

ـ بە ڕێکەوت دوێنـێ هاوڕێیـەکی میوزیکـژەنم سـەری لـێ دام، دڵـی لـێ چـوو کاتێـك بەسەرهاتەکەی بیست. هەندێك میوزیکی پێ ژەند، پاشان ئاگەداری کردمەوە تـۆ ئەگـەر تەنیا لەسەر کەنتۆرەکـەی دانێیـت، ئـەوە ئـەم عـوودە لـە ماڵەوەتـدا جگـە لـە پارچـە تەختەدارێك بەو لاوە هیچی دیکە نابێت. چونکە عوود گـەرماو شـێ کـاری تێدەکـەن و چوون مرۆڤ هەندێك لە دەنگی خۆی لەدەست دەدات. دەبێت بەردەوام دەستی پێدا بهێنیت و ناوە ناوە بیدەیتە یەکێك بۆ ئەوەی بەلانسەکەی ڕێك بخاتەوەو، ژێیەکانی توند بکاتەوەو، بیژەنێت بۆ ئەوەی ژیانی درێژتر بکاتەوە، ئەگینە لە دەستی دەدەیت.

له ڕاستیدا ئاواتێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە لێی وەربگرێت بۆ ئەوەی لە ئاهەنگێکدا میوزیکی پێ بژەنێت، ئەو یەکێکە لە میوزیکژەنە باشەکانمان. دەتوانیت پشتی پێ ببەستیت.

قایلی کرد کە ڕایەکەی دروستە، ئەگەرچی هەستی دەکرد کە لەهەر هەموو ئەوەدا دیویست وێ هاموشۆی بکات و بەسەری بکاتەوە.

ئاکام عوودەکەی لەلا بەجێ هێشت. کەسی دیکە شایەنی هەڵگرتنی ئەمانەتێکی لەو جۆرە نییە. دەتوانێت دواتر هەر کاتێك بیەوێت وەریبگرێتەوە. کاتی ئەوەی نییە دەنگی خۆی و دڵی خۆی و دایکی بپارێزێت، کەواتە چۆن دەتوانێت سەرباری ئەوانەیش ئەو عوودە بپارێزێت و لە تەندروستیی دڵنیا بێت.

بۆ ئەوەی پاساو بۆ بڕیارەکەی بهێنێتەوە، گوتی:

ـ لەبەر بەهاکەی لە ڕووی سۆزدارییەوە عوودەکەم لا مەبەستە، ئەگەر ڕاستیشت دەوێت من بە خۆم حەزم لە شمشاڵە. چونکە لەویژدانمەوە نزیکە. بەڵام هەستی میوزیکم لە لا گۆڕاوە، ئێستە ئارەزووی کەمانجەو پیانۆ دەکەم.

وەڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر لەسەر شمشاڵ پەروەردە بووبیت، ئەوە لە هەر کوێیەك بیت هەر بانگت دەکات، تۆیش خۆتی پێ دەگەیەنیت، وەك چۆن لەو ئەفسانەدا باڵندەو گیانلەبەرەکان خۆیان بە ئۆرفیۆس گەیاند، کاتێك شمشاڵی دەژەنی.

بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

ـ سەرت لە شمشاڵیش دەردەچێت؟

بە خۆزلزانینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ من خەڵکی حەلەبم .. بەر لە چەند سەدەیەك بە ڕێزلێنراوی شمشاڵمان بۆ هات، ئەو ڕۆژەی جەلالەدین ڕۆمی لە حەلەب نیشتەجێ بوو، چونکە یەکەمین ئامێری میوزیکە لای سۆفیگەرەکان. دەروێشەکان لەگەڵ خۆیاندا هەڵیدەگرن کاتێك بە دەوری خۆیاندا دەخولێنەوە. هەرچی لای (مەولەوییە) ئەو ڕێبازەی کە خێزانەکەم پێڕەوی دەکات، تەنیا دەف یاوەری سەماکارەکانە.

بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

ـ خودایە.. چۆن هەموو ئەمانە دەزانیت؟

بە سینگ دەرپەڕاندنەوە گوتی:

ـ هیچ حەلەبییەك نییە یەكێك لە ڕێبازەكان پیڕەو نەكات.

هەستی بە شادییەكی زۆر كرد وەك بڵێیت نهێنییەكی جوانی دۆزیبێتەوە. ڕەنگە ئەمەیش پاڵی بە باوكییەوە نابێت هاتبێتە حەلەب. هەستی كرد لە ڕووی ڕوحەوە ئەم گەنجە بەلای خۆیدا ڕایدەكێشێت، كە ڕواڵەتی هاوچەرخانەی ئاماژە بەوە ناكەن، كە ویژدانی بە ئاسمانی سۆفیگەرێتییەوە بەرز نافڕێت.

پرسیاری لێكرد چۆن دەتوانێت دایكی لەگەڵ خۆی بهێنێت تا ئامادەی یەكێك لەو سرووتانە بن، ئاشكرایە ئەوە زۆری شاد دەكات.

گوتی:

ـ دەتوانیت لە مانگی ڕەمەزاندا ئامادەی ئەو ئاهەنگانە بیت كە گرووپە سۆفیگەرییەكان لە مانگی ڕەمەزاندا لە هۆڵەكان، یان هەندێك جار لە كۆشك و ماڵە كۆنەكاندا سازی دەكەن. خۆشحاڵم دەكەیت ئەگەر لە یەكەمین بۆنەدا بانگهێشتتان بكەم. دەبینیت كە هیچ شتێك ناگاتە ئەو شەوبێدارییەی لە میوانداری دەروێشەكاندا بەسەری دەبەیت.

**( ئەوانەی خۆشم دەویستن نەمان و ڕۆیشتن، خۆیشم چوون شمشێر بە تەنیا مامەوە ).**

عةمرو كورِى مةعةد يةكروب

هاتنی پووری لە جەزایرەوە بۆ سەردانیان بە بەخششێك دانا لە ئاسمانەوە بەسەر سەریاندا داباریبێت. بەشکو کەمێك دایکی سەرقاڵ بکات و خەم و خەفەتەکانی لەبیر بباتەوە. لە ڕاستیدا، لە سەردەمی ئەمیر عەبدولقادرەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان چییە جەزایرییەکان سووریایان چۆڵ نەکردووە، بەردەوام دڵی خۆی بۆ والا کردوون و بەبێ ڤیزە هاتوونەتە سووریا. بەم شێوەیە پێویستە دایکیماڵەکەی خۆی والا بکات بۆ پێشوازی لێ کردنی خزم و کەس و کارو دۆستان.

پوورەکەی هات و ئەو شتانەی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە دایکی داوای کردبوو لەگەڵ خۆی بیانهێنێت. ئەو شتانەی کە زۆری خۆش دەوێن، لەو شتانەی کە نەیتوانی لەگەڵ خۆی بیانهێنێت ئەو کاتەی جەزایریان بەجێ هێشت. ئەو شتانەی لە ڕووی سۆزەوە بەنرخ و بە بەهان، هەرچی ئەو شتەکانی دیکەیە ئەوە بە لای ئەمەوە گرنگ نین. ماڵەکەی وەك خۆی بۆ شووبراکەی بەجێ هێشت. هەندێك زیانی گەورە هەن کە دوای ئەوانە هیچ زیانێکی دیکە نییە شایەنی ئەوە بێت خەفەتیان بۆ بخورێت.

دایکی بڕیارەکەی خۆی داو گوتی: (ماڵ بەپیاوانیەوە نەك بە دیوارەکانییەوە، ئەوانەی شادییان بۆ ماڵەکە دێنا بەجێیان هێشتووە، دوای ئەوان چ سوودێکی هەیە). مامی بە ویژدان بوو پێداگیری کردو بەو پارەیەی لە فەرەنسا کۆی کردبووەوە، پارەی نرخی ماڵەکەی دا. بەو شێوەیە توانییان شوقەیەك لە شام بکڕن.

دایکیشی لە ساڵی 1982دا هەمان کارەساتی تووش هات کاتێك منداڵ بوو لەگەڵ دایك و براکانیدا شاری حەمایان بەجێ هێشت، تا لای خاڵۆکانی لە حەلەب نیشتەجێ بێت، نەیانتوانی لە ماڵێکدا بژین باوکیانی تێدا سەربڕابوو، ئەوانیش لەژێر قەرەوێڵەکاندا خۆیان شاردبووەوە. گوێیان لێ بوو لە بکوژەکانی دەپاڕایەوە، پاشان گوێیان لە دواهەناسەی مردنی بوو، گوێیان لە دەنگی جەستەی بوو، کاتێك بەر بووەوەو کەوتە سەر عەردەکە، پاش ماوەیەك کاتێك لە حەشارگەکەیان هاتنە دەرەوە، ئەو ناوە خەڵتانی خوێن بووبوو، سەری بە ئاستەم بە لەشییەوە مابوو، ڕدێنی خەڵتانی خوێن بووبوو. ڕدێنەکەی جێی گومان لێ کردنی بوو، ئەو کاتە سوپا هەڵیکوتایە سەر حەما بۆ ئەوەی لە ئیسلامییەکانی پاك بکاتەوە، بەڵام لەسەر زەوی تەختی کرد.

ئەوەی لە هەموو شتێك بەئازارتر بوو، پیاوێك لەپلەو پایەی ئەودا بە نهـێنی نێـژرا، وەك چۆن چەتەو ڕێگرەکان بە پەلـە دەنێـژرێن، ژمارەیـەك لـە نـاو ژمارەکانـدا. کـەس دوای تەرمەکـەی نەکـەوت، کـەس سەرخۆشـی لـە کەسـوکاری نـەکرد. حـەمای خوانـاس و لەخواترس، لە چەند ڕۆژێکدا سی هەزار کوژراوی ناشت، هەندێکیان سپاردەکەی خۆیان لە تاریکە شەودا ناشت. خـەڵکێکی زۆر مـردن، بۆیـە فرمێسـکی زۆر بـۆ کۆچـکردووەکان نەڕێژرا. تەنیا مردووەکان لە بەڕێ کردنی تەرمی یەکدیدا بەشدارییان دەکرد.

وێ هیچ شتێکی لەبیر نەکردووە. ئاگربەستی لەگەڵ یادگەدا مـۆرکردووە، هیچـی دیکـە. بەڵام لە نێوان هەڵچوون و داچووندا، یادوەرییەکان چوون شـەپۆل دەگەڕانـەوە. ئەوانـەیش شەپۆلە بەتەوژمەکانی ژیان بوو، جارێکی دیکە فڕێی دەداتە هەمان کەنار، کـە بـەر لـە سی ساڵ بەجێی هێشتبوو، کاتێك مێردی بەو جەزایرییە کرد بۆ ئەوەی لەبەر بۆنی مەرگ هەڵێتە دوورترین شوێن، کەچی مەرگ جارێکی دیکـە ناچـاری کـرد بـەرەو ئـەو شـوێنە هەڵێتەوە کە لێوەی هاتبوو، تۆ بڵێیت لەناو جانتاکانیدا هەڵیگرتبێت، تا چارەنووسـێکی سەیری لەم چەشنەی هەبێت؟

هەمان مەرگ بە سیناریۆیەکی دیکە چاوەڕوانی بوو. ئـەم جارەیـان سـوپا نییـە کـە بـێ تاوانان بە گومان لێ کردنی موسڵمان بوون دەکوژێت. بەڵکو تیرۆریسـتەکان خـەڵکی بـە بیانووی ئەوە دەکوژن کە وەك پێویست موسڵمان نین!

ئافرەتێکی شەکەت بوو، کۆستەکان دانایی قوربانییان پـێ بەخشـیبوو. بـەردەوام دەمـی دەجووڵایەوەو ناوی خـوای دەهێنـا. لـە لاوازی و بـێ هـوودەیی بـوونی مـرۆڤ ڕادەمـا. چارەنووس هەلی پێ نەبەخشی بە شێوەیەکی ئاسایی پێ بگـات. دەبـوو یەکسـەر گـەورە ببێت. وەك بڵێیت جۆرە هەقێکی چارەنووسسازانە هەیەو پێویستە بیداتـەوە، ئێسـتەیش دەبینێت چارەنووسی خۆی لە کچەکەیدا دووبارە دەبێتەوە.

وەك یەکێك بەبێ بەنج نەشتەرگەری بۆ ئەندامێك لە ئەندامەکانی بکەن، دەبوو بە تەواوی ئاگەبوونەوە لەگەڵ کۆستەکانیدا بگوزەرێنێت. هەموو جارێك دەرگەی لەسەر بکەنەوە، بۆ ئـەوەی بێنـە ژوورەوە جارێـك بـە تـەرمی مێردەکەیـەوە، جـارێکی دیکـە بـە تـەرمی

کوڕەکەیەوە، وێڕای ئەوەیش ژیان لەگەڵ بکوژەکانیاندا بگوزەرێنێت. کۆستی گەورە ئـەوە نییە باوکت بنێژیت بەڵکو کوڕەکەت بنێژیت.

پوورەکەی هەواڵی خۆشی پێ بوو.

ـ خوشکم هند ... سوپاس بۆ خوا...سەقامگیری بۆ گێڕاینەوە.. خۆزگە کەمێك ئـوقرەت دەگرت.

ـ نەمتوانی لەگەڵ ئەوانەدا بژیم کوڕەکەم و مێردەکەیان کوشتم.. ئەگەر لەوێ بمابامـەوە، یان دەمردم، یان یەکێکم دەکوشت.

ـ خەڵك هەموویان ئوقرەیان گرتووە.. ئەوەیش نییەتی بـۆ کـوێ بچـێت و چـی بکـات.. هەواڵەی خوایان دەکەین (ئەی ئەوەی کەسێکت کوشتووە بۆ کوێ هەڵدێیت)!

بۆ ئەوەی ڕەوشەکە جوانتر بکات خۆی تێهەڵقورتاندو ڕووی قسەی کردە پوورەکەی:

ـ دایکم حەز دەکات وەك حاجی (زەهرە) بکات لە قوسـەنتینە ..شـەو تیرۆریسـتانی لـە تەمەنی کوڕەکەی هاتن و کوڕەکەیان بـردو بەبەرچـاوییەوە کوشـتیان و ئـەویش دەگریـاو لێیان دەپاڕایەوە. کاتێـك ناسـیانیەوە ڕۆیشـت ڕەشاشـێکی mat49ی هێنـاو خـۆی فێـرە تەقەکردن کردو هەمووی کوشتن.. کاری نـەبوو تـەنیا ڕاوەدوونـانی تیرۆریسـتان نـەبێت. نەیویست دان بە یاسای بەزەییدا بنێت، گوتی (بە دەستی خۆم هەقی خۆم دەسـتێنمەوە.. ئەوەی بەزەیی پێمدا نەهاتەوە بەزەییم پێیدا نایەتەوە..).

دایکی بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

ـ ئەم بەسەرهاتەم نەبیستووە.. کەی ڕووی داوە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ کاتێك لە جەزاییر بووین .. میدیاکان ناوی (جەمیلە بـوحیردی دووەم)یـان لـێ نـابوو. شتێکە بڕوای پێ ناکرێت.. ئافرەتێکی تەمەن شەست ساڵی پەنجا تیرۆریست بکوژێت!

بە گاڵتەوە درێژەی دایە کاتێك دایکی بینی سەری لە بەسەرهاتەکە سوڕماوە:

ـ ئەو کاتە ترسام بۆت بگێڕمەوەو تۆیش بچیت ڕەشاشێك بهێنیت و نیوەی خێزانەکـەمان بکوژرێن و.. نیوەکەی دیکەیان ببنە پیاوکوژ.

پێکەنی. پێویستە هەندێك جار گاڵتەیش لەگەڵ مەرگ بکەیت، ئەگینە بەر لە ڕۆژی خۆت لەناوت دەبات.

پوورەکەی لەژێر لەچکەکەیەوە وەڵامی دایەوە:

ـ کیژم ئێمە بڕوامان بە خوایە.. تۆڵەسەندنەوە خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی خوا بە خۆی (تۆڵەسێنە)و هەقت بۆ دەکاتەوە. ئەگەر هەر یەکەو بە دەستی خۆی تۆڵەی خۆی بکاتەوە هەرگیز تەواو نابێت، ئەوانەی مردن ناگەڕێنەوە، بەڵام نیشتمان لە دەست دەردەچێت. هەق لەوەدایە تەندروستی بوتەفلیقە باش بێت.. کارێکی کرد کەسی دیکە ناتوانن بیکەن. هیچ شتێك لە جیهاندا ئەوەندەی سەقامگیری گرنگ و بەهادار نییە..لە ماوەی دە ساڵدا کەمان بەسەر هات!

بەڵام دایکی ئامادە نییە لە بکوژان ببوورێت، وێ تا ئێستە لەو کەسانە نەبووراوە پێش سی ساڵ لە حەما باوکیان کوشت، چۆن لەو کەسانە دەبوورێت بەر لە دوو ساڵ مێردەکەی و کوڕەکەیان کوشت. ئەو بڕە پارەیەشی ڕەت کردەوە کە دەوڵەت لەبری خوێندا بۆ کەسوکاری قوربانیانی تەرخان کردبوو. چۆن پارەی خوێن لەبری ئەو تاوانانە وەردەگرێت، کە بە پێی یاسای لێبوردن و دۆستایەتی نیشتمانی ڕوویان نەداوەو، لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرەکانیان ناکرێت، تاوانەکان چەندەیش دڕندانە بن.

هەموو ئێش و ژانەکانی لێرەوە سەریان هەڵدابوو.

چونکە ئاسایشی نیشتمان بەدی نایەت تەنیا لەسەر حسێبی دادوەری نەبێت. ئاشتی سڤیلی بڵاوبووەوەو، سەلامەتی تاکە کەسی و خودیش نەما. قوربانییەکان خەسڵەتی قوربانییان نییە، مادامەکی تاوانبار خەسڵەتی تاوانباری نییە.

کەواتە هەر هەموو ئەوەی لە ماوەی دە ساڵدا ڕوویان داوە، وەك بڵێیت ڕوویان نەدابێت. ناتوانیت بپرسیت چۆن ئەو دوو سەد هەزار کەسە کوژران و بە دەستی کێ کوژران؟ ڕەنگە لە کارەساتێکی سروشتیدا مردبن!

دەبێت هەزاران ئافرەتی ئەتکراویش بەخۆیان سزای لەدایکبوونی ئەو منداڵە زۆڵانە بکێشن کە بوویانە. دواتریش هەر زۆڵەو بە دوای باوکێکدا بگەڕێ، چونکە یاسا لە ئەتککەرەکە خۆش بووە!

پێویستە کەسوکاری شوێن بزربووانیش چی دیکە بە خۆپیشاندان خەڵکی بێـزار نەکـەن و، لە نیشتمانێك خۆش بن کە ئەویش لای خۆیەوە هۆشی لای خۆی نەماوە!

دەبێت کوڕەکەی سەرۆك محەمەد بوزیـافیش چـی دیکـە عـەودالّی ڕاسـتی نـەبێت و، لـە دەوڵەت نەپرسیت کێ باوکی کوشتووە، چونکە تاوانەکانی دەوڵەتیش بەر یاسای لێبـوردن دەکەون!

پتر لە شێتایەتی تاوانکردن، ئێستە نیشتمان داوای شێتایەتی لێبوردنت لێ دەکات. پاش ئەرکی بیرهێنانەوەیش، ئێستە پێویست دەکات ئەوە لەبیر بکەین، چونکە بکوژەکەی ئـەم جـارە جەزاییرییـە، فەرەنسـی نییـە. لـە نـۆرەی شـێتایەتی خـۆی لـە تـۆ بڕوادارتـرو نیشتمانپەروانەتر گەڕایەوە. ئەو تیرۆریستانەی ئالآکانی نیشـتمانیان دەسـووتاند هەرکـە بگەیشتبایەنە گوندێك، ئێستە بەرزی دەکەنەوە کە لـە چـیا دێنـە خـوارەوە. ئەوانـەیش توندوتیژییەکانیان، تەنانەت گەیشتە هەڵدانەوەی ئێسك و پرووسکی شەهیدانی شـۆڕش و سووتاندیان، لەبـەر ئـەوەی بـە تێکۆشـان و بـەرخودانیان بەشـدارییان لـە لـەدایکبوونی دەوڵەتێکی (عەلمانی)دا کردووە، ئێستە کێبەرکێییانە بـۆ  ئـەوەی لایـەنگری خۆیـان بـۆ دەوڵەت بسەلمێنن تا بەخششەکانی دەستەبەر بکەن.

سەردانی پوورەکەی زۆر لە ئازارو ئێشەکانی ورووژاندەوە، چـونکە وێ تـا ئێسـتە لەسـەر یەك ڕاوبۆچوون نەگیرساوەتەوە، ئایە گرنگ ڕزگارکردنی نیشتمانە، یان جێبـەجێ کردنـی دادپەروەری؟ ئایە دەبێت وێ وەك هاوولآتی، یان مرۆڤ بیربکاتەوە؟

ئەوەی ئێستە بەلایەوە گرنگە ئەوەیە دایکی دڵخـۆش دیـارە، لەگـەڵ پـووری دەمەتـەقێ دەکات و بە ڕۆژ لەگەڵی دەچێتە بازاڕەکان، ئەمەیش ڕێی پێ دەدات بەبێ هەست کردن بە گوناه سەفەر بکات. چونکە حەز ناکات دایکی بە تەنیا بەجێ بهێڵێـت و، پێویسـتە بـە دەنگی چەند بانگهێشتێکەوە بچێت بۆ ئاهەنگ سازدان لە چەند ولآتێك. وەك بڵێیت هەر هەموویان لەیەك کاتدا ناوبانگی ئەمیان بەرگوێ کەوتبێت.

# سێیەمین جووڵە

**(خۆشەویستی ئەوەیە مرۆڤ دەستبەجێ ئەوەی دەست نەکەوێت**
**کە ئارەزووی دەکات ).**

ئەلفیرد کابوس

سەرەتا سەرکەوتنەکانی خۆشحاڵیان دەکرد. دەیخستە ناو تەرازووی شکۆو پایەبەرزی خۆیەوە. پێی ڕازی نەدەبوو ئەگەر ئافرەتێکی سەرنەکەوتوو، یان ئاسایی بووایە. پاشان ئەو وردەکارییانەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە، لەمەڕ دیاردەی هالە وافی و چوونە ناو دڵی خەڵکییەوە بۆ هەر کوێیەك چووبایە، هەندێك سەخڵەتی کردبوو.

دەستی بەوە کردبوو ئۆکسیدی کاربۆنی جاڕکێشانی هەڵدەمژی، بەڵام ڕەتی دەکردەوە دان بەوەدا بنێت کە جاڕی لەبارەوە دەکێشێت. نازانێت ئایە لەو بەناوبانگییەی دەترسێت کە بێگەردیی لەکەدار دەکات، یان لەو تیشکەی کە پیاوان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. ئایە هیوای ئەو سەرکەوتنەی بۆ دەخوازێت کە شانازی پێوە دەکات، یان بە باشتری دەزانێت درەنگتر بەو سەرکەوتنەی بگات بۆ ئەوەی لە دەستی ئەم دەرنەچێت.

تەلەفۆنی بۆ کرد بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت کە لەژێر کۆنترۆڵیدایە. گوتی:

ـ ئەو شوقەیەم لە پاریس کڕی و ناومالەیشم تێخست، هەر کاتێك بتەوێت، دەتوانیت ئامادە ببیت ئەگەر هێشتە حەزت لە دارستانە.

بە خۆشحالییەوە وەڵامی دایەوە تا بەرەو لای ددان پێدانانێکی ڕاکێشێت:

ـ ئەوەت لەپێناوی مندا کرد؟

بە گاڵتەوە گوتی:

ـ نا.. ئاشکرایە لە پێناوی درەختەکاندا!

مەبەستی : لە پێناوی ئەو بەرو بوومانەی کاتی ڕنین و لێکردنەوەیان هاتووە.

بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ناتوانیت کارێکی وا بکەیت جاڕ بەرانبەر درەختەکان بکێشم.

درەختەکان نا، بەڵکو زیرۆکان نەیاری بوون، ئەوەیش شادییەکەی لێ تێك دەدا.

کاتێك ناو جانتا دەستییەکەی بۆ کارتێکی تەلەفۆن دەگەڕا چەند یەکەیەکی تێدا مابێت بۆ ئەوەی مژدەی هەواڵی وەرگرتنی ڤیزەی بۆ فەرەنسا پێ بدات. نەجلا کاتێك بینی ئەو کارتانەی لایەتی تاقییان دەکاتەوە، لەوانەی بە هۆیانەوە بە نرخێکی کەمتر تەلەفۆن بۆ دەرەوە بکەیت، بە گاڵتەوە گوتی:

ـ ئەوەندە کارتی تەلەفۆن لە ناو جانتا دەستییەکەتدایە، بە ڕادەی ئەو کارتانەی بانق کە لە گیرفانی ئەودایە. ئەو ئەڤینداری بە پارەوپوول دەپێوێت و تۆیش بە یەکە.. دەبێت لۆژیکی زیرۆکان پەسەند بکەیت، کە لێکتان دوور دەخاتەوە ئەگینە تووشی دەردەسەری دەبیت!

زۆر شادومانتر بوو لەوەی ئەو ڕۆژگارە بیر لە دەردەسەری بکاتەوە. هەموو ئەوەی لە نەجلای دەوێت، ئەوەیە لەگەڵی بڕوات جلی نوێ بکڕێت. ئەم جارەیان وێ توانای سەرنج ڕاکێشانی ئەوی هەیە.

بەڵام ڕاستییەکی دیکەی لە نەجلا شاردەوە. ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە وێ دەیەوێت هەنگاوێك بهاوێت شەرم دەکات کەس پێی بزانێت. چۆن پێشنیازەکەی پەسەند کرد لەماڵەکەی ئەودا نیشتەجی بێت؟

ئەم پیاوە چ توانایەکی هەیە ئەو شتە پەسەند بکات کە تەمەنی خۆی لە ڕەتکردنەوەیدا گوزەراندووە. سەری لێ شێوابوو چۆن ئەو کێشەیەی خۆی چارەسەر بکات: ئەگەر ژوورێك لە ئۆتێلێکی ساکاردا بگرێت ئەوە پێی دەزانێت. ئەگەر ژوورێك لە ئۆتێلێك بگرێت بەپێی توانای گیرفانی بێت. ئەوە گیرفانی بەتاڵ دەبێت و تێچوونی ئۆتێلەکە خۆشییەکەی تێك دەدات. ئەگەر لای ئەویش دانیشێت ئەو کات بە کیژێکی ئاسانی تێدەگات.

بەرانبەر بە دوو دڵی نواندن لە پەسەندکردنی پێشنیازەکەی، تێی گەیاند کە شوقەکە تەنیا بە دەستی (وێ)وە دەبێت و، تەنیا یەك دانە لە کلیلی شوقەکەی لا دەبێت و.. بە خۆی ئەو شوقەیەی بۆ ئەوە کڕیوە بۆ ئەوەی شادی بکات و، پێی خۆشە کە وێ یەکەمین کەس نەبێت لەو شوقەیە نیشتەجێ بێت.

تەنیا ئەم ڕستەیە بەزاندی. ڕەنگە پلان بۆ ئەوە دابنێت پێوەندییەکی شەرعیانەی لەگەڵ ببەستێت.

بەر لە سەفەرکردن تەلەفۆنی بۆ کردو پرسیاری لێ کرد:

ـ لەگەڵ خۆم چیت بۆ بهێنم؟

وەڵامی دایەوەو بزەیەکی بۆ خۆی کەوتە سەر لێو:

ـ تەنیا وەرە .. لێرە هەموو شتێکم هەیە.

به گاڵتەوە بەرسڤی دایەوە:
ـ هەر بڵێ کە پێویستت بە شتێك هەیە تا بۆت بهێنم. لـە کەسـێك دڵنیـا نـابم هـەموو شتێکی هەبێت!
پێی ڕانەگەیاند کە وێ پێویستی بەوەیە ئەو پێویستی بە وێ بێت. لەبـەر ئـەوەی لەسـەر ڕایەکەی خۆی مایەوە، لەگەڵ خۆی ئەو بۆڵە خورمایەی بۆ برد کە پـووری لـە جـەزایرەوە هێنابووی، لەگەڵ کتێبێکی نایابدا بە فەرەنسی لەبارەی سەیرترین درەختگەل لە جیهانـدا و ئەو ئەفسانانەی لەبارەیانەوە هەڵبەستراون. هەرچۆنێك بووە نەدەبوو بـە دەسـتی بـەتاڵ بچێتە ماڵەکەیەوە.
بە هەستگەلی ناکۆکەوە سەفەری کرد کە لەوەوپێش ئەو هەستەی لا نەورووژابوو. پێشـتر ڕووی نەدابوو جانتای بۆ ئارەزوویەك پێچابێتەوەو، بلیتێکی بۆ شـادومانی کڕیبێـت. بـۆ یەکەمین جار ئەڤینداری فڕۆکەخانـەو ناوونیشـانی هەیـەو .. لەگـەڵ ماڵێکـدا پیـاوێکی تێدایە چاوەڕێی دەکات.
لەبری ئەوەی خۆشی بکات تووشی تۆقینی شادی بوو.
لە فڕۆکەخانە ناوونیشانی چارەنووسی خۆی بۆ شوفێرەکە گۆکرد. دایکی بیر کەوتەوە، تـۆ بڵێیت هەستگەلی شێتی لەم جۆرەی هەست پێ کردبێت، تا حەلەب بەجێ بهێڵێت و خۆی بگەیەنێتە پیاوێکی نەناس لە شارۆچکەیەکی دوور دەست لە جەزایر!
لە بەردەم دەرگەی تەلارە کۆنە مۆدێلە بەشکۆکەدا، کـۆدی دەرگەکـەی لـێ دا کـە پێـی دابوو. چوار ژمرەو دەرگە شووشەیینەکە کرایەوە.
هێشتە پێی نەنابووە ناو هۆڵە گەورەکەوە، یەکسەر دەرگەوانەکە بە دەنگییـەوە هـات تـا یارمەتی بدات. ڕەنگە لەسەر پەردە تەلەڤزیۆنییەکەی خۆیـەوە بینیبـێتی لـەناو سـالۆنی هۆڵەکەدا ڕێی بزرکردبێت. لێی پرسی:
ـ خاتوونەکەم .. دەتوانم یارمەتیت بدەم؟
بە پەشۆکاوی وەڵامی دایەوە وەك بڵێیت دەیناسێتەوە:
ـ شوقەی بەڕێز تەلال هاشمم دەوێت.
حەماسەت گرتی و جانتاکەی تا دەرگەی ئەسانسێرەکە بۆ هەڵگرت.

چاوەڕێی ئەسانسێرەکەی کردو گوتی:

ـ نهۆمی نۆیەم بەلای دەستە ڕاستەوە.

دەرگەی شوقەکە کرابووەوە. بینی لەبەر دەرگەکە چاوەڕێی دەکرد. پێشوازی لێ کردو هەردوو گۆنای ماچ کردو جانتاکەی ڕاکێشایە ژوورەوە. شتی زۆرتر لە پێویستی لەناو جانتا قورسەکەی نەئاخنیبوو، کە چوون دڵی پڕ لەو شتانەیە هەرە زۆریان پێویست نین. لەم نیشانانەی دواکەوتنەی ئەو هۆکارانەی بەدی دەکرد کە دڵنیایان دەکرد.

جانتاکەی بردە ژوورێکی بنەوە. بە ڕووخۆشییەوە گەڕایەوە سالۆنەکە، وەك بڵێیت لەو نیوەڕۆ پاریسییەدا تیشکێك هاتبێتە ناو ژوورەکەیەوە. لێی پرسی گەشتەکەی لە بەیرووتەوە بۆ پاریس چۆن بوو. پرسیاری لەمەڕ گەشتە دژوارەکەی دڵی لێ نەکرد کە لە فڕۆکەخانەوە بۆماڵەکەی ئەو بڕی.

کەواتە ئەوە ئەوە. ئاکام، شادو ڕووخۆش کە پێشتر ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو شێوەی نەبینیوە. بەڵام وێڕای ئەوەی پێشوازی لێ کرد، بە خۆی بڕوای نەدەکرد کە ئەوە (وێ)یەو لە ماڵەکەی ئەودایە. لە بیری چوو لەئامێزی بگرێت، لێی ڕادەما، ئەویش لە شوقەکە ڕادەما، لە ڕووی پۆشتەیی قەنەفەو شتە کەمەکانی ناویەوە، کە بە زەوقێکی سەردەمانەی بەرزەوە هەڵبژێررابوون. هەموو شتێك دیواودەر دیاربوو لە شووشەی ئەستووری زۆر باش دروست کرابوو، تەبلەکان هەروەها ڕەفەکان کە لەسەر ئەستوونی شووشەیی ڕاوەستابوون بنەوەیان لەزێڕ دروست کرابوو. تەنانەت کورسییەکانیش ڕەنگیان ئیڤۆری بوو ئەوەندە نەخش و نیگاریان پێوە نەبوو. ئەوە هونەری ڕووپێوو بۆشاییە. شتێکی ئەوتۆ نابینرێت سپەیسی بینین قورس بکات. مافوورەکەیش لە تابلۆیەکی ئاورێشمین دەکات بە ڕەنگی کاڵ لەسەر عەردەکە ڕاخراوە.

هیچ شتێك لەو ماڵە ناکات لە دوای خۆی لە شام بەجێی هێشتووە، نەیش ئەوەی دیکە کە لە جەزایر تێیدا دەژیا، بە سالۆنە زێڕین و چوارچێوەی زێڕینی تابلۆ و تەبلە زێڕینەکانییەوە. دەوڵەمەندیی ڕاستەقینە پێویست بە ڕیکلام و ئاشکراکردنی زێڕ ناکات. گوێ بە سەرسوڕمانی کەس نادات. بۆیە تەنیا دەوڵەمەندەکان بە یەك نیگا بەهای ئەو شتانە دەزانن کە فریودەر نین.

ـ وەرە دیمەنەکەت پێ پیشان بدەم.
بە دوایدا چووە بالکۆنەکە. ئەو پەردەی پەنجەرەکەی لادا. دیمەنەکە بەسەر شەقامێکیدا دەڕوانی هەندێك ئۆتۆمبیلی پێدا تێدەپەڕی، لەو لایشیەوە دارستانێك هەبوو دەریاچەیەکی لەناوەڕاستدا بوو.
ـ دەزانیت .. زۆر بەختەوەر بووم، کەم جار شوقەی لەم جۆرە دەفرۆشرێت. لەم بەرزاییەوە دیمەنێکی جوان دەبینم. ئەوانەی لەم گەڕەکە پێشکەوتووانەدا دەژین زۆر کەم خانووەکانیان دەفرۆشن. نەوە پاش نەوە بۆیان دەمێنێتەوە. زیرەکی تۆ لەوەدایە پارەیەکی ئەوتۆیان پێ بدەیت لە بەهای سۆزداریانەی خانووەکەیان زۆر زۆرتر بێت.
لێی نەپرسی بە چەندی کڕیوە. نەیش سەبارەت بە بەسەرگوزەشتەی خاوەنەکانی، تەنیا سەرگوزەشتەی خۆی لا مەبەستە، لە خانوویەکدا هیوای دەخواست کە دیواری ژیان و بنمیچی خەونەکانی بووایە.
وێ کاتێك دیمەنەکەی بینی بە فەرەنسی ورتەیەکی کرد:
ـ! Mon Dieu comme c□est beau (خوایە چەند جوانە!)
ئەویش گوتی:
ـ شادومانم کە بە دڵت بێت. تۆ یەکەمین کەسیت کە سەری لێ دەدەیت. تەنانەت هاوسەرەکەم نازانێت ئەم شوقەیەم هەیە.
ددان پێدا نانەکەی پێ سەیر بوو. هەستی بە چێژێك کرد وەك بڵێیت خەون دەبینێت. وەك ئەوەی ئەو پێی بڵێت وێ بەلایەوە لە هاوسەرەکەی گرنگترە.
درێژەی دایەو شوێنێکی دیکەی پێ پیشان دا:
ـ شوقەکە دەروازەیەکی تایبەت بە گارسۆن و کارەکەرەکان هەیە.
هەموو شتێك خەیاڵی بە لای ئەوەدا دەبرد کە وێ بووەتە کەیبانووی ئەم ماڵە، کە ئەو وەك ڕێبەری گەشتیاری لە سەردانیدا یاوەری دەکات.
بەردەوام بوو:
ـ ماڵەکە چوار ژووری نووستنی تێدایەو هەر یەکەیش گەرماوی خۆی هەیە.

بەڵام تەنیا یەکەمین ژووری بەم پیشان دا کە جانتاکەی لێ دانا. زانی کە ئەوە ژووری (وێ)یە.

بە چاوی ڕێزەوە سەیری ڕاوەستانی لەبەردەم ئەو دەرگەیەدا کرد بۆیە (وێ)یش بەر ئەو دەرگەیەی تێنەپەڕاند.

گەڕایەوەو بە ڕێڕەوەکەدا تێپەڕی. لەکاتێکدا مووبەقەکەی پێ پیشان داو ساردکەرەوەکەی کردەوە، لێی پرسی:

ـ ڕەنگە برسیت بێت. ئارەزووت لێیە شتێك بخۆیتەوە؟ شتگەلی سووکم هەن.

ساردکەرەوەکە دوو دەرگەی هەبوو هەموو شتێکی تێدا جوان دانرابوو و خۆش بوون وەك چۆن لە ڕیکلامێکی تەلەڤزیۆنیدا دەیبینیت.

بەڵام هێشتە لە هەموو ئەو ڕووداوانەوە تێنەگەیشتبوو بەسەری دەهاتن، نەیش بیرۆکەی بوونی وێ لەناو ماڵ و مووبەقەکەی ئەودا، کە لە تەنیشتی ئەوەوە ڕاوەستاوە.

ئەو بە ڕاستی ئەو شتەی دەوێت ئەو ماوە نەفرەتییە هەڵوەشێنێتەوە چەند مانگێکە کەوتووەتە نێوانیانەوە.

بەرسڤی دایەوە:

ـ سوپاس، ئێستە نا.. برسیم نییە ئەگەر نا چاوەڕێم بکەیت بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخۆیت.

ساردکەرەوەکەی داخست و گوتی:

ـ بەڵکو چاوەڕێت دەکەم تا بژێمەوە..

بێ دەنگییەکی ناکاو باڵی بەسەردا کێشان. ئارەزوو بە تەوژم و هرووژمی خۆیەوە ئیفلیجی کردن، وەك بڵێیت بە ڕستەیەك ماچی کردبێت. هەر یەکەیان لە شوێنی خۆی قیت ڕاوەستا. یەك مەتر لە یەکدییەوە دوور بوون. لەم ماوەیەی نێوانیاندا، خاوبوونەوەی ماچێك دەستی پێ کرد کە هێشتە دەستی پێ نەکردبوو. بەرەو لای ڕۆیشت و هەردوو لێوی مژی.. پاشان دۆزەخی هەردوو لێوی خۆی بۆ بەجێ هێشت و ڕۆیشت.

کە لە سالۆنەکەدا بوو پێی گوت:

ـ چەند دیدارێکم لە نووسینگە هەیە. لە سەفەرەوە هاتوویت، کەمێك پشوو بدە، ئێوارە دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی بتبەم پێکەوە شیوی ئێوارە بخۆین. کاتێك بەرەو لای دەرگەکە

دەڕۆیشت درێژەی دایەو گوتی: دەزانیت من چێشت لێنەرێکی لێهاتووم. ئێوارەیەك لە ماڵەوە شیوی ئێوارەت بۆ ئامادە دەکەم.
بیرۆکەکە دڵخۆشی کرد. بەڵام دواتر خەفەتباری کرد. ئێوارە کاتێك پێکەوە لە ڕیستۆرانتەکە بوون پێی گوت: (کاتێك ئافرەتێکم خۆش دەوێت بە خۆم چێشتی بۆ لێ دەنێم).
ئەشتیهای گیرا، ڕەنگە دەنگیشی. لێی نەپرسی (ئایە ئەوە زۆر جار ڕووی داوەو دووبارە بووەتەوە؟).
هەروەها نەیوێرا پرسیاری لێ بکات، کاتێك ئێوارە پاش شیوخواردن تا لای شوقەکە یاوەری کرد، تا لە هەموو شتێك دڵنیا بێت و ماچی بکات و .. بەرەو ماڵەکەی دیکەی بەجێی بهێڵێت: تۆ بڵێیت وێ بەلای ئەوەوە کێ بێت؟

***

یاری تەمومژاوی باش دەزانی. لە ڕاستیدا، کارەکە لەسەر ئەوە وەستا کە یاری بێت، لەوەتای دانایی و بەدخوویی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا دەستەبەر کرد. ڕێککاری نهێنی سەرکەوتنیەتی. لەوەتای بڕیاری داوە هەر شتەو کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات. هەر یەکەو هەقی خۆی پێ بدات. ئەوە ڕووی نەداوە دوو ئافرەت پێکەوە لە یەك شاردا کۆبکاتەوە. پێویستی بەوەیە ژنەکەی پاریس بەجێ بهێڵێت تا ببێتە موڵکی ئافرەتێکی دیکە. نەك لەبەر ئەوەی لێی دەترسێت، بەڵکو لە ترسی ئەوەی پیاوەتیی لەگەڵ (وێ)دا خیانەتی لێ بکات، یان مەردایەتیی خیانەتی لێ بکات کاتێك بە تەنیا خۆی لە نێوان دوو ئافرەتدا دەبینێتەوە. چی دیکە ناتوانێت لە هەموو دیدارێکدا بە تەواوەتی خۆی ببەخشێت، بە تەواوەتیش بەدەستی بهێنێتەوە، کاتێك جلەکانی لەبەرەو توند دەرگەکە لە دووی خۆی پێوە دەدات. ئەو ڕۆژگارە شێتە کۆتایی هات، کە دەیتوانی لە هەمان کاتدا چەند ژیانێك پێکەوەو، پتر لە ڕۆژێك لە یەك ڕۆژدا بگوزەرێنێت و، کاری هەر ئافرەتەو بە جیا ڕەچاو بکات و بەڕێ بکات.
بەختەوەری ئەو ئێستە ئەوەیە هاوسەنگی لە نێوان دوو ژیانی هاوتەریبدا پێکبهێنێت، کە دەبێت یەکدی نەبینن و، ئەم پێویستی بە هەردووکیانە پێکەوە بۆ ئەوەی بژێت. هەروەها

هەڵبژاردنی چێژە خۆشەکان، وەك بوتڵە بادەیەکی نایاب بۆ ساڵێکی نائاسایی. بەم شێوەی دەبینێت، ئەو کیژۆڵەیەی کە چەند مانگێکە دایناوە بۆ ئەوەی کۆن بێت.
هەموو ئافرەتەکانی دەوروبەری بۆ شت بەخشین ئامادە بوون، یان بە شێوەیەکی دیکە وەك خۆیان لافی لێ دەدەن بەخششەکەی ئەم وەربگرن. ئەویش تەنیا ئافرەتێکی دەویست، ببێتە ئەو کەسەی کە ئەم بەخششی پێ ببەخشێت. جۆرە کولەمەرگییەکی ترسناك لەئارادایە، گەورە دەبێت هەرکە پتر هوشمەند بین کە هیچ کەس نییە شایەنی ئەوە بێت سۆزی خۆمانی پێ ببەخشین و کەسیش نییە شایەنی ئەوە بێت شێتایەتی خۆمانی پێشکەش بکەین.
بەردەوام بە دوای ئافرەتێکدا دەگەڕا دەهری بکات. لە پێناوی (وێ)دا کاری زۆر دژوار بکات. لە بەردەمیدا فێڵە ئەفسووناوییەکانی ئەنجام بدات، لە سندووقێکی شووشەییندا داینێت و، بە یەکگەیشتن و لێ دوور کەوتنەوە بیکاتە دوو کەرتەوە، پاشان بە ماچ هەموو ئەوەی لێ پەرت و بڵاوبووەتەوە، کۆبکاتەوە، وەك جادووبازە گەورەکان، بە یەك جووڵە کاتژمێرەکەی مەچەکی وێ دەشارێتەوەو، دەیرفێنێت بۆ ئەوەی کۆتایی هەفتەی لە ڤییەننا، یان ڤینیسیا لەگەڵ بەسەر ببات. لە پێناوی (وێ)دا چەندین دیدار هەڵدەوەشێنێتەوەو، پەیڤ بۆ دیدارێك دادەهێنێت چەندین ڕێکەوت لەخۆبگرێت. لەناکاو ڕەوە کۆترێك و تەنافێك دەستەسری ڕەنگاو ڕەنگ لە شەبقە ئەفسووناوییەکەیەوە دەردەهێنێت، وێ دەست بە سەرێکییەوە دەگرێت و بەرەو لای ئەو بەرزدەبێتەوە، چونکە لە هەر هەنگاوێکدا کە لەگەڵ ئافرەتێکدا دەیهاوێت، جگە لە بارودۆخی بڵندو بروسکی ئەڤیندارانە هیچ شتێکی دیکەی بەلاوە پەسەند نەبوو.
سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر لەخەو هەستا نیازی هەبوو ئەڤینداری سەرسام و واق وڕماو بکات. ڕەنگە هەستی بەوە کردبێت ویژدانی سەرزەنشتی کردبێت کاتێك دوێنێ لەو ماڵەی بەجێ هێشت تا بە تەنیایی یەکەمین شەوی تێدا بەسەر ببات. بڕیاری دا گوڵمەزێکی ئەفسووناوی لە شەبقەکەی دەربهێنێت. وەك چۆن لە نمایشێکی ئەفسووناوی، ئەوپەڕی وردی لە ڕێکخستنی کات، یەکەمین مەرجی مسۆگەرکردنی سەرسوڕمان کردنە.
بەپێی ڕێنماییەکانی، لە کاتژمێر دەی تەواودا، زەنگی ماڵەکە زرنگەی لێوە هات. نەیدەزانی ئایە بیکاتەوە یان نا. لە کونی دەرگەکەوە ڕوانی. دەرگەوانەکەی لەگەڵ

کەسێکدا بینی سەبەتەیەك گوڵی بە دەستەوەیە. بە پەلە ڕۆبی ناومالەی لەبەر کرد، پاشان دەرگەکەی کردەوە.
دەرگەوانەکە سلاوی لێ کردو گوتی، یەکێك لە ئەرکەکانی ئەو ئەوەیە یاوەری هەر کەسێك بکات شتێك بۆ یەکێك لە دانیشتووانی تەلارەکە بهێنێت. سوپاسی کردو چەپکە گوڵەکەی لێ وەرگرت. پاش ئەوەی هەردووکیان ڕۆیشتن بیری کەوتەوە کە هیچ شتێکی بەو کەسە نەدا گوڵەکەی هێنا شایەنی ئەو ڕواڵەتە پۆشتەیەی بێت، کە لە ڕواڵەتی ئەو فەرمانبەرانە دەچێت لەبەردەم ئۆتێلە پلە بەرزەکاندا ڕادەوەستن و، جلی دوگمە زێڕینیان لەبەرەو شەبقەی جیاکاریان لەسەر ناوە.
چەندە دەبێت ئەو چەپکە گوڵە (تۆلیب)ەی پێ نەگەیشتووە؟ ڕەنگە لە ئاهەنگەکەی قاهیرەوە بووبێت، کە بەر لە چەند مانگێك سازی دا.
پێشبینی کرد ئەم بەیانییە تەلەفۆنی بۆ بکات. بەلام ڕەنگە ئەوەی لەسەر بلیتەکەی نووسیوە جوانتر بێت.
گوڵەکانی لەسەر تەبڵەکە داناو بە دوای بلیتەکەدا دەگەڕا. هیچ شتێکی نەبینی تەنیا پاکەتێکی بچووك نەبێت بە قردێلە پێچرابووەوە. ڕەنگە کاتژمێر بێت. چ پێویستی بە کاتژمێرە! تۆ بڵێیت پۆزشی لێ بخوازێت بۆ ئەو کاتژمێرانەی لە چاوەڕوانی ئەودا بەسەریان دەبات؟ یان بەو کاتژمێرە وێ بکاتە موڵکی خۆی؟ خەریك بوو بێزار دەبوو تەنانەت بەر لەوەی پاکەتەکە بکاتەوە. چەند ئاسانە بەلای دەوڵەمەندەکانەوە دیارییەکی گرانبەها بنێرن!
سەرقاڵی کردنەوەی قردێلەکە بوو، کاتێك دەنگی میوزیکێك لەناو پاکەتەکەوە بڵندبووەوە. ڕاچڵەکی. پاشان شڵەژاوییەکەی تێپەڕاندو، خێرا دەستی بە دڕاندنی کاغەزی دیارییەکە کرد. مۆبایلێکی لەناو پاکەتەکە دەرهێناو، دەستی بە یەکەمین دوگمەدا نا کە بەرچاوی کەوت.
مۆبایلەکەی بە گوێوە نا. دەنگی ئەوی بەرگوێ کەوت:
ـ تامەزرۆی بینینتم..
ماوەیەکی پێ بەخشی واق وڕمانییەکەی بڕەوێتەوە.

پاشان گوتی:

ـ پێویستم پێیە گوێم لە دەنگت بێت لە هەر کوێیەك بیت. (دەبوو لەوە بگات: دەمەوێت بەردەوام بزانم تۆ لە کوێ دەبیت) لەم مۆبایلەدا هێڵێکی فەرەنسیم بۆ دابین کردوویت. دەتوانیت لە هەر کوێیەکی جیهان بیت بەکاری بهێنیت. پێویستت بە هەر چییەك بوو تەنیا یەك زەنگ ،یان ئێس ئێم ئێسێك بەسە. هەرکە توانیم پێوەندیت پێوە دەکەم.

لەبەر ئەوەی گوێی لە وەڵامی وێ نەبوو، لێی پرسی:

ـ بیرت کردم؟

بە دەنگێك بەرسڤی دایەوە ڕووداوە کوت و پڕییەکە ڕێتمەکەی گۆڕیبوو:

ـ نەفرەتت لێ بێت... خەریك بوو بمکوژیت!

بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەمڕۆ نا .. دانۆبی شین سەرنجی ڕاکێشایت؟

نەیزانی چۆن بەرسڤی بداتەوە. تۆ بڵێیت شتێك لەناو پاکەتەکەدا بێت هێشتە نەیدیبێت؟

درێژەی دایە:

ئەوە ئەو پارچە میوزیکەیە کە زۆری حەز لێ دەکەم .. دەمەوێت هەرکە مۆبایلەکە لێ بدات لەگەڵ ڕوحتدا بکەومە سەماکردن.

ماڵئاوایی لێ کردو شادومانانە گەڕایەوە بۆ ناو سەرقاڵییەکانی. یەکەم جار شادومان لە پێناوی ئەودا. لە هەموو ئەو شتانەی ئەنجامیان دەدات، ئەو یەکەمین کەسە حەز دەکات واق وڕماوی بکات. ئەو یەکەمین ئەفسوونگەرو واق وڕهێنەرە لە ڕۆڵە ئەفسووناوییەکانیدا.

خەڵکی ئاسایی لەگەڵ گوڵدا بلیت ڕەوانە دەکەن. هەرچی ئەوە لەگەڵ چەپکە گوڵەکەدا دەنگی خۆی بۆ ناردووە.

ئایە پێش وێ ڕووی داوە ئافرەتێك لەناو چەپکە گوڵەوە دەنگی ئەو کەسەی بۆ دەرکەوتبێت کە خۆشی دەوێت؟ گومان لەوە دەکات کەسی دیکە جگە لەو بیری لەوە کردبێتەوە مۆبایلێکی وەگەڕ خراو لەناو پاکەتێکی داخراودا دانێت. تەنیا (کەسانی

ئاسایی) بەهایەکی زیاتر لە پێشکەشکردنی دیارییەکی داخراوو مۆرکراودا دەبینن، وەك چۆن لە کارگە دەرچووە.
لەوە هەژارتر نییە ئەندێشەی نەبێت!
پاشان، ئەو مۆبایلێکی دەوێت پیاوێکی دیکە پێش ئەو قسەی لێوە نەکردبێت. مۆبایلێك پێشتر بەکارنەهێنرابێت. بە تەنگی ئەوەوەیە ئەو شتانەی لە وێوە نزیکن دەستەمۆ نەکرابن.
هەر مۆبایلەکەی بە دەستەوە گرتبوو، بڕوای بەو ڕووداوە نەدەکرد کە تووشی هات. دیارییەکەی نەبوو کە خۆشی خستە دڵییەوە، بەڵکو ئەو ساتەی کە میوزیکەکەی تێدا لە سەبەتەی گوڵەکەوە بڵندبووەوە. لەگەڵ بەرگوێ کەوتنی دەنگی ئەو کاتەی پاکەتەکەی تێدا هەڵپچڕی. چۆن توانیبووی بەرنامە بۆ ئەو هەموو شتە داڕێژێت تا واق وڕماوی بکات.
چۆن نا .. ئەدی ئەو ئاغای ڕێکوپێك کردنی کات و ڕێتم نییە. ئەو زێڕینگەری خولەك و ئەو کەسەیە ئەڵماز بە میلی کاتژمێرەکان دەبەخشێت.
لە ناو پاکەتەکەدا بە دوای شتێکی دیکەدا دەگەڕا کە ڕەنگە بۆی شاردبێتەوە. وای بینی کە لە سیحربازێك دەچێت و ڕەنگە پتر لە یەك شتی لەناکاو لە ناو شەپقەکەیەوە بهێنێتە دەر، بەڵام هیچ شتێکی نەدۆزییەوە جگە لە گرێبەستی پاراستنی ئامێرەکە نەبێت، لەگەڵ کاغەزێکی دیکەدا ژمارەی سیم کارتە نوێیەکەی لەسەر نووسرابوو. دەستی دایە کاغەزەکەو بە تەلەفۆنی ماڵەوە تەلەفۆنی بۆ کرد.
میوزیکی دانۆبی شین بەرز بووەوە. هێشتی تەلەفۆنەکە زرنگەی بێت و لە گەڵ ڤاڵسەکەدا دەستی بە خۆبادان کرد. پەنجەرەکەی کردەوە. هەستی کرد میوزیکەکە وەك پەپوولە بە دارستانەکەی بۆلۆنیادا باڵی پێ دەگرێتەوە، وەك بڵێیت قازو باڵندەو هەورە گەڕۆکەکان، لەگەڵیدا لەسەر شانۆی فرەوانی گەردوون سەما دەکەن و درەختەکانیش ئیرەیی پێ دەبەن و بە گوێی یەکدییەوە دەچرپێنن ( تۆ بڵێیت بەم شێتەی گۆڕیبینەوە؟).

****

کاتێك ئێوارە ئامادە بوو لێی پرسی:
ـ تۆ بڵێیت ئەمە کامەرانی بێت؟
باوەشی پێدا کردو وەڵامی دایەوە:
ـ تەنیا مەشق کردن و ڕاهێنانە لەسەر کامەرانی.
ـ شتی لەوە مەزنتریش هەیە؟
ـ دەبینیت..
وێڕای ئەوەیش ئەوەی لە یاد نەچوو بە هیچ شێوەیەك ڕی نادات پارەی کارتی مۆبایلەکەی بدات، گوتی:
ـ پێم خۆشە ئاکام ژمارە تەلەفۆنێکم هەیە بە جیهانمەوە دەبەستێت لە هەر کوێیەك بم. ئامێرەکەو سیم کارتەکە لای خۆم گل دەدەمەوە. بەڵام کەس پارەی کارتەکانم نادات. هەندێك پارەی خۆیان لە چێشتخانەکان خەرج دەکەن، هەندێکی دیکەیش بە جل و بەرگی دەدەن، هەندێکی دیکەیش ئۆتۆمبێلی پێ دەکڕن، بەڵام منم، ئەوە دڵ پێش هەموو شتێکە. پارە بۆ سۆزەکانم خەرج دەکەم. نیوەی داهاتم وشەی پێ دەکڕم. دەزانیت من هەموو ئەو کارتانەی مۆبایلم هەڵگرتوون بە هۆیانەوە قسەم لەگەڵ کردوویت.
ـ ئەگەر دەتەوێت هەڵیان بگرە، بەڵام من مافی خۆم لە ناو تێنووسی فاتوورەی دڵتدا هەڵدەگرم مادامەکی دڵت لامە.
درێژەی دایەو مشت و مڕەکەی کۆتایی پێ هێنا:
ـ ئەم ئێوارە لەماڵەوە دەمێنینەوە. حەز دەکەیت چیت بۆ لێ بنێم؟
هیچ بوارێك نەبوو لەسەر هیچ شتێك مشت و مڕی لەگەڵ بکات. شتەکە کۆتایی پێ هات. ئەو چی دیکە باسی پارەدان ناکات. بەڵام وێ ئەوەی پێ ناخۆشە. مۆبایل (پیاوی ژیانیەتی) وەك نەجلا وا دەڵێت. بۆیە قایل نابێت کەسی دیکە پارە لەسەر نیوەکەی دیکەی ژیانی خەرج بکات!
پێداویستییەکانی ئامادەکردنی شیوی ئێوارە لە مووبەقەکە دانرابوون بەپێی لیستی کڕینەکە کە شوفێرەکە هێنابووی. بە پێی پێوەری کوالییەتێکی دیاریکراو هەڵبژێرابوون، تا ڕادەیەك وایان دەنواند بۆ جوانی بن نەك بۆ خواردن. ئەویش (signé)ە کە یەکێکە لە

بالاترین سەوزەفرۆشی لە پاریس. لێی پرسی ئایە دەزانێت چێشت لێ بنێت، وەلامی دایەوە:

ـ برسیەتی دەست ڕەنگینترین چێشت لێ نەرە... ئەوەت بەسە بچیتە ناو مووبەقەکە لە کاتێکدا برسیت بێت.

ماچی کردو بۆی ڕاست کردەوە:

بەڵکو خۆشەویستی دەست ڕەنگینترە.. ئەوە بەسە بچینە ناو مووبەقەوە بۆ ئەوەی شیوێك ئامادە بکەین لەگەڵ ئەو کەسەدا پێکەوە بیخۆین کە خۆشمان دەوێت.

سەرنجی دایە کاتێك مەنجەڵێکی گونجاوی بۆ هەر چێشتێك هەڵبژارد. چەقۆی جۆراوجۆر بەپێی بەکارهێنان، کاتی پێویست بۆ هەنجاندنی پیازەکە وەردەگرێت. خولەکی تەواو بۆ سوورکردنەوەی پارچە گۆشتەکان دەزانێت..ئەو کاتەی ئاگرەکە لەژێر مەنجەڵەکە زیاد دەکات، یان کز دەکات. کەی قەپاغەکە لەسەر مەنجەڵی برنجەکە دادەنێت کاتێك دەکولێت و .. تا کەمتر پلە ئاگری لەژێردا کز دەکات. چۆن سەوزەکان هەڵەوگێڕ دەکات بێ ئەوەی زیان بە شیوەیان بگەیەنێت.

بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

ـ نەمدەزانی ئەوەندە لە نهێنییەکانی چێشت لێنان شارەزایت!

وەلامی دایەوە:

ـ من چێژی دەکەم و چێشت لێنەر نیم ..هیوام دەخواست بۆ یەکێك لە چێشتخانەکانم بانگهێشتم بکردبایت بۆ ئەوەی ئەو چێشتە خۆشانە بچێژیت.. بەداخەوە ناتوانین هەردووکمان پێکەوە لەوێ بین، بەلام شتێکی جوانە خەڵکانی دیکە سەر لە چێشتخانەکانم بدەن لەکاتێکدا من سەرقاڵی ئامادەکردنی شیوم بۆ ئەو کەسەی خۆشم دەوێت.

یەکەمین جار ئەو وشەیەی لە زارییەوە بیست، لە ددان پێدانانێکی ناڕاستەوخۆدا. چونکە ئەو هیچ ڕۆژێك بە (خۆشەویستەکەم) بانگی نەکردووەو ڕۆژێك لە ڕۆژانیش پێی نەگوتووە (خۆشم دەوێیت). دوور لە ناو دڵی خۆیدا شاردبوویەوە، دواتر بە تەنیا پێویستی پێ دەبێت گوێی لێ بێت.

بانگی ناو هۆڵەکەی کرد لەچاوەڕوانی ئەوەی شیوەکە ئامادە بێت.

تەلەڤزیۆنەکەی کوژاندەوە پاش ئەوەی گوێی لە سەبتایتلەکانی نووچەی کاتژمێر هەشت گرت. گوتی:

ـ ڕیسوایی کردنی خۆشەویستی دەگەیەنێت لەگەڵ تۆ بم و گوێ لە هەواڵەکان بگرم.

ڕۆیشت لە ناو کتێبخانە میوزیکییەکەی پارچە میوزیکێك هەڵبژێرێت لەگەڵ ئەو ساتەدا بگونجێت.

لە کاتێکدا پارچە میوزیکێکی (کلیدرمان)ی دەخستە ئامێرەکەوە گوتی:

ـ کەمێك ئوقرە بگرە.. شیوەکە خۆش دەبێت.

لەوە دڵنیا بوو. بە درێژایی چەند مانگ لەگەڵی شارەزای بووبوو، پێگەیشتنی دوورو درێژ لەسەر ئاگری ئوقرە گرتن. ئەی ئەو کاتەی ئاگرەکەی ژێر مەنجەڵەکەی کز دەکرد پێی نەگوت:

(چێشت لێنانی بە پەلە چێژی خواردنەکە ناهێڵێت .. وەك هەموو چێژو خۆشییەکانی ژیان).

ئەمە پیاوێکە (مەنجەڵی فشارگاز ـ پریژەر کووکەر) لە چێشتخانەکەیدا نییە. ژیان گوزەراندن لەگەڵیدا لەسەر ئاگرێکی هێور و کزو لەسەرخۆ پێدەگات.

***

پێشبینی کرد پاش شیوی ئێوارە بەرەوماڵەکەی خۆی بێتەوە. بەڵام کاتێك شەوبێدارییەکەیان درێژەی کێشا، لەوە دڵنیابوو کە ژنەکەی سەفەری کردووەو، ئەم شەو ئازادە.

بیرۆکەکە خۆشییەکی پێ بەخشی و هاوکات شڵەژاندی.

ساڵێك تێپەڕیوە لەوەتای یەکدییان ناسیوە، تەنیا ئەم شەو لە ناو نوێنێکدا لە ئامێزی دەگرێت.

لە تەنیشتییەوە درێژ بووەوەو گوتی:

ـ تۆ یەکەمین کەسیت لەسەر ئەم نوێنە دەنوویت.

پێشبینی کرد شتێکی بە دیاری پێشکەش بکات دڵی خۆش بکات. وێ وەڵامی دایەوە بە شێوەیەك واقی وڕما:

ـ تۆیش یەکەمین پیاویت لەسەر جێگەیەك لەگەڵی بنووم!

بەو نوێنە کەس لەسەر نەنووستووانە کە تازەی کڕیون منەتی بەسەردا دەکرد، ئاگەی لەوە نەبوو کە وێ، تەنیا بەوەی لە تەنیشتییەوە دەنوێت، ئابڕووی کچێنی خۆی دەبات کە باوکی و براکەی و خێڵێك پیاو پاسەوانییان دەکرد.

ئەوێك کە لە هەڵبژارنی جۆری چەقۆکانیدا بە هەڵەدا ناچێت، لە هەڵبژاردنی ڕستەکەیدا بە هەڵەدا چوو.

بۆ چەند ساتێك بەرانبەر بە ددان پێدانانەکەی واقی وڕما. نەیویست بەرەو لای ڕوونکردنەوەی زۆرتری ڕاکێشێت. پرسیارکردن بۆ چاوتێرییەکەی دەبێتە ڕیسوایی و سووکایەتی.

لەناکاو لە بەرچاوی وێ بوو بە شتێکی نامۆو خۆش لە تەم و مژاوی بوون و شڵەژاویی یەکەمیدا. وەك بڵێیت هیچ شتێکی لەبارەوە نەزانیبێت، وەك کتێبێکی بوخچە داخراو بە سەر نهێنی خۆیدا، کاغەزەکانی بە چەقۆ لە یەکدی جیانەکرابنەوە. کتێبێك لەو کتێبە کۆنانە کە مرۆڤ پێشبینی ناکات تووشی ببێت بە تووشیەوە.

لەم ڕۆژگارەدا کتێبەکانت بە دەست دەگەن لاپەڕەکانیان لێك جودا کراونەتەوە، یەکسەر ئامادەن بۆ ئەوەی بیانخوێنیتەوە. بۆیە ئێستە لە کتێبخانەکاندا ئەو جۆرە چەقۆیە نەماوە کە لاپەڕەکانی کتێبەکانیان پێ لێك جودا دەکردەوە!

کاتێك لە مووبەقەکە سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بەو هەموو چەقۆیە قەوارە جۆراو جۆرە دەربڕی، وەڵامی دایەوە (چێشت لێنەری باش بەو چەقۆیانە دەناسرێتەوە کە باش هەڵیبژاردوون).

ئێستە وەڵامەکەی لە گاڵتە دەچوو، تەنیا بە خۆی بزەیەکی بۆ هاتێ. چێشت لێنەری باش هەرگیز پەنجەی خۆی بریندار ناکات. شارەزایی پەیدا کردووە چون ئەو شتانە دەگرێت کە دەیانهەنجێنێت. هیچ شتێك لەژێر دەستی ناخزێت.

چ سوودێکی هەیە ئەگەر چێشت لێنەرێکی باش بیت و نەتوانێت کچێك لەناو نوێنەکـەدا توند لە ئامێز بگریت!

باوەشی پێدا کرد. ئەم بەسیەتی لە ئامێزی بگرێت.

ـ ئارەزوو دەکەم بۆنت پێوە بکەم .. حەزم لە بۆنی مێیایەتیتە..

هیچ شتێکی لەوە پتری نەگوت. نایەوێت ئابڕووی وشەکان بڕووشێنێت، لەوە پـتر کـە لـە باوەشی بکـات هیچـی دیکـەی نەدەویسـت تـا ڕادەیـەك لـەناو هەرزەییـدا بتوێتـەوەو، مێیاتییەکەی کۆنترۆڵ بکات کە خۆی لە کراسێکی نووسـتن ئاڵانـدووە هێشـتە فریـودانی نەکردووەتە پیشە.

خۆشەویستی گەورە لەناو ئابڕووی تەم و مژاویدا سەرهەڵدەدات. بـەردەوام لـەو بڕوایـەدا بوو. کەس بە ڕووتی ناتبینێت. هەموو شتێکت تێدا وێنـا بکـات. وێ ئامـادە نییـە بـە یەکجار هەموو پرەنسیپەکانی لە پێناوی ئەودا ڕووت بکاتـەوە. بـەڵام ئـەو ئەمـەی لـێ دەوێت، وێ ناشزانێت بـە تـەواوەتی چ شـتێکی لـەو دەوێـت. لێـی دەترسـێت و، حـەزو ئارەزووی لەوەیە لەمدایەو وێ دەترسێنێت. وێ لەگەڵێدایە نەك بۆ ئـەوەی بەشـداری ئـەو شتەی بکات کە هەیەتی، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو پەردە لەسەر ئەو شتە لابدات کە هەیبووەو پێی نەزانیوە.

نەیدەزانی دوو لێوی هەیە ئەو کاتە نەبێت کە ماچی کرد. نەیش هەناسە دەدات ئەو کاتە نەبێت کە لەماچی هەناسەیدا بەشداربوو. نەیش قژی هەیە ئەو کاتە نـەبێت کـە دەسـتی بەناو تاڵەکانی قژیدا هێنا. نەیش جەستەی هەیە .. نەیش بۆن و نـەیش هەسـت .. ئـەو کاتە نەبێت لە باوەش پێدا کردنیدا مێیایەتی خۆی پێشکەش کرد.

لە ڕاستیدا، وێ نازانێت کە وێ بوو پیاویەتی خۆیی پێ پێشکەش کرد.

نەیتوانی بنوێت. هەر لەم پیاوە نووستووەی تەنیشتی دەڕوانی بە نووستوویی لـە ئـامێزی گرتووە. تەنیا بەرەبەیان، چوون کتێبێکـی بەسـەر نهـێنی خـۆدا داخـراو، تـوانی لەسـەر سینگی بنوێت. لە ئامێزگرتنەکەی جۆرە سۆزێکی باوکایەتی هەبوو سەرەخۆشـی لـە بـێ باوکییە نهێنییەکەی .. و پیاویەتییە ئاشتیخوازانەکەی دەکرد کـە خـەو دەسـتەڵاتی لـێ وەرگرتووەتەوە.

***

هاوکات، ئامادەگی بەسۆزو .. توندی سۆزداری هەبوو. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ دەیزانـی چـۆن بەرەو پێشەوە دەچێت و دەیکاتە موڵکی خۆی.

تەنیا گەمارۆدانی ئەم نۆما سەرکێشە بە گوریسی چاوتێری، خۆی لە خۆیدا سـەرکەوتنە. بەڵام نۆماکە هێشتە شتی دیکەی لە گوریسەکە نەبینیوە تەنیا (تـۆقی کـۆتر) نـەبێت و، سەری لە ئاکارو دەست پـاکیی سـوڕ دەمـا. بـەردەوام لـەو شـوێنە ڕادەوەسـتا، کـە وێ دەیویست ڕاوەستێت.

دەستی بە سەر هەر شـوێنێکیدا تێپەڕیبایـە مێیایـەتی وێ گـوڵ و خونچـەی شـکۆفەی دەکرد، بەڵام وێ نەیدەهێشت بیانپچڕێتەوە. ئەوەی بە ئاسانی ببەخشرێت بە ئاسـانی لـە دەست دەچێت.

درێژەی بەو قەدەغە لێ کردنەی دەدا. (چی دەڵێیت ئەگەر تەنیا ئارەزووی لەو شتەی ئـەم بێت کە ڕەتی دەکاتەوە پێی ببەخشێت؟).

ئەو درێژەی بە تاقیکردنەوەکانی دەدا. (چی دەڵێیت ئەگەر ئەمی خۆش نـەوێتب، بـەڵکو ئەو خۆشەویستییەی ئەمی خۆش بوێت کە وێی خۆش دەوێت؟)

درێژەی بە لێکۆڵینەوەی نەخشەی ئەو ڕێگەیە دا بەرەو قـەڵاکانی وێ دەچـێت. وەك چـۆن لەبەردەم تەختەیەکی شترەنجدا. ئوقرەگرو لەسەرخۆ بـوو. قـەڵا مێیینـەکان بـە زۆر و لـە یەکەمین توانابوون و بە تاریکە شەو وەرناگیرێن. ئەوە کاری ڕێگرەکانە نەك شۆڕەسواران. ئالۆشەکانی لەشی بەیانیان بە کاتی کێڵگەکان بێدار دەبوونەوە، لەو کاتەدا کە بەروبوومی درەختەکان پێدەگەن و بانگی دەستان دەکەن بیانرننەوە. بـەڵام وێ دەیزانـی تەنانـەت لـە خەویشدا، وێ ئەو مافەی نییە شتگەلێکی پێ ببەخشێت کە هی ئەو نین.

نایەوێت گوڵاڵە سوورەکان لەسەر نوێنەکەی ئەو بپژێن، چونکە نـرخ و بـەهای ئـەو شـتە نازانێت کە وێ پێی بەخشیوە.

هەموو جارێك خەم و پەژارەی گوڵە کێوییـەك دایـدەگرێت ئۆبـاڵی گونـاهی خـوێنی لـە ئەستۆیە، لەگەڵ ئەو هەستی پەشـیمان بوونـەوەیش پـاش هـەموو چـێژێك هەسـتی پـێ

دەكرێت. هەرچی ئەوە .. ئەوە وەك یاریزانێكی پیشەگەری شەترەنج، گێمەكەی بە والاّیی بۆ كاتێكی دیكەو بۆ شارانی دیكە بەجێ هێشتووە. ڕاوەدووی نانێت. ئــەوەیش نموونــەیی ترین شێوازە بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ئــارەزووی خــۆی (واتــە ئــارەزووی وێ) لاقــەی بكات. (جەنتڵمان گورگێكی بە ئوقرەیە)!

بەیانی كاتێك بەرەو نووسینگەكەی بەڕێ كەوت و ماچێكی گۆنای كرد، گوتی:

ـ كاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی پێكەوە بچــین نــانی نیــوەڕۆ بخــۆین.. دواتریش دەچین بۆ بازاڕكردن.

وەلاّمی دایەوە:

ـ بەلاّم جلوبەرگی زۆرم لەگەڵ خۆم ئامادە كردووە!

ـ ئەوەی هێناوتە لە یادی خۆتی ببەرەوە.. نابێت ئەوە لەبەر بكەیت كە هــەموو كەســێك لەبەری دەكات.

كاتی بەیانی كاتێكی گونجاو نەبوو بۆ دەمەقاڵێ، بە تایبەتی ئەو، كاتێــك چــاوەڕوان بــوو وێ لە خەو هەســتێت قــاوەڵتی بــەیانی بــۆ ئامــادە كردبــوو، لــە چاوەڕوانیشــدا هیچــی نەخواردبوو تەنیا قاوەیەكی خواردبووەوە.

سوود لە كات وەردەگرێت تا جانتاكەی ڕێك بخات و خۆی بۆ سەفەركردنی سبەینێ ئامادە بكات. لەسەر مێزی نان خواردنی نیوەڕۆ بە جۆرە پەژارەیەكەوە پێی گوت:

ـ پێم ناخۆشە بەبێ تۆ سەفەر بكەم. یەك ئاواتم هەیە.. ئەویش ئەوەیــە ڕۆژێــك لــە ڕۆژان پێكەوە لەناو فڕۆكەیەكدا سەفەر بكەین.

بە گاڵتەجاڕییەكەوە كە لە فرت و فێڵەوە دوور نەبوو بزەیەكی هاتێ و گوتی:

ـ ئاواتەكەی هاتە دی.

بە شادییەوە لێی پرسی:

ـ بە ڕاستیتە .. لەگەڵم سەفەر دەكەیت؟

ـ مەبەستم ئەوە بوو پێشتر پێكەوە سەفەرمان كردووە..

بە ڕێتمێكی بڕوابەخۆبوونەوە:

ـ هەرگیز ئەوە ڕووی نەداوە!

وەڵامی دایەوە:

- بە بەڵگەی ئەوەی ئەو ڕۆژە تۆ نەتزانی پرۆگرامی سکرین (شاش)ـەکە بگۆڕیت، یان دوگمەکانی کورسییەکە بەکاربهێنیت.

بە سەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە:

- ئەوە کەی ڕووی دا؟

بە بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە:

- ئەمە نهێنییە بچووکەکانی منن!

نهێنییە بچووکەکان و برینە گەورەکەی ئەو.

تەنانەت لەوپەڕی خۆشترین ساتەکانی لەگەڵیدا، گومانی لەوە نەدەکرد وێ سۆزی بەرانبەر بەو نەجووڵێت. ئەویێك نا کە وێ خۆشی بویت، بەڵکو ئەمێك کە وێی خۆش دەویت. وێ سیحرەکەی خۆش دەوێت، نەك خودی جادووبازەکە. بەڵام ئارەزووی ئەو پیاوانە دەکات لەکاتی گەڕان بە دوای ئەمدا ڕووی تێ کردن.

ڕووی نەداوە هیچ ئافرەتێکی پێش وێ ئەو هەستی بەکەم زانینەی پێ بەخشیبێت. بوونی سڕییەوە کاتێك لە فڕۆکەخانە لە بەردەمیدا بوو، بۆ ماوەی چوار کاتژمێریش لەناو فڕۆکەیەکدا تەنیا یەك کورسی لێوەی دوور بوو.

لەسەر مێزی نان خواردنەکە بە داوای لێبوردنەوە پێی گوت:

- ئاواتم دەخواست لەگەڵت پێکەوە بۆ چەندین شوێن بڕۆیشتباین.. بەڵام لە پاریس ناسراوم. دەکۆشم لە شارەکانی دیکە بەیەك بگەین.

وەڵای دایەوە:

- گوێ بە گەشتیاری نادەم .. تەواو لە ڕەوشی تۆ گەیشتووم. سوپاست دەکەم بۆ ئەو کاتەی بۆت تەرخان کردم.

وەڵامی دایەوە:

- بەڵکو سوپاس بۆ ئەو شتەی تۆ بە منت بەخشی.

پاش کەمێك بێ دەنگی درێژەی دایە:

ـ سوپاس بۆ ئەوەیش پێت نەبەخشیم. دەزانم لە وڵاتانی دیکە گوڵەکان سەردەبڕێن، بۆ ئەوەی بە شکۆمەندی خوێنە ڕژاوەکەیان خاکێك ئاو بدرێت کە پیاوانی خێڵ شکۆمەندییەکەیان نەپاراست. هەموو ئەوەی ئاواتمە تۆ شادومان بیت و لە هیچ شتێك پەشیمان نەبیتەوە.

بە شەرمەوە گوتی:

ـ ڕووی نەداوە لە ژیانمدا لە هیچ شتێك پەشیمان بووبمێتەوە. (پەشیمانی بوونەوە دووەمین هەڵەیە لە ژیانماندا بیکەین).

ـ کەواتە بۆچی غەمبار دەنوێنیت؟

ـ ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئافرەتێکی عەرەب بم، غەمبار دەبێت لەو کاتەی کە پێویستە خۆشی بکات، لەبەر ئەوەی ڕانەهاتووە خۆشی بکات و شادومان بێت.

نەیویست ژەمی خواردنەکەی نیوەڕۆ ببێتە ژەمێکی غەم و خەفەت، بە گاڵتەجاڕییەوە پێی گوت:

ـ هەرکە ئافرەتێك پیاوێکی خۆش بوێت هیوای ئەوە دەخوازێت کچ بێت. بەڵام کاتێك کچ بێت غەمگین دەبێت لەبەر ئەوەی جەستەی موڵکی خۆی نییە!

بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

ـ چوزانیت؟

بە مەکرەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەو ئافرەتانەی ناسیومن.. هەرهەموویان پەشیمان بوونەوە!

بە بێزاربوونی جاڕکێشانەوە پلاری تێ گرت و گوتی:

ـ نەفرەتت لێ بێت!

بە گاڵتە پێ کردنەوە وەڵامی دایەوە:

ـ نەفرەتم لێ مەکە.. ئەوە بوو من یەکەم کەس بووم!!

بە گێچەڵ پێ کردنەوە پێی گوت:

ـ لە سنگ دەرپەڕاندنی پیاوێك تێناگەم ڕێگەی بۆ کەسی دیکە کردبێتەوە. شانازی ئەوەیە کەسی دیکە دوای تۆ نەیەت!

وێ وەڵامەکەی ئەو لەبیر ناکات. ئەو ڕۆژەی ماوەیەکی پێ چوو تا قلیانەکەی داگیرساندو مژێکی لێ وەرگرت و گوتی:

ـ کەس بە دوای مندا نایەت!

لەبەر چاوی ئەم، هاوکات، خۆش و ترسناك بوو. چوون ستەمگەران دەچێتە ناو ژیانی ئافرەتێکەوە، هەموو مێژوویەکی پێشتر دەسڕێتەوە، لەوە دڵنیایە کە کەسی دیکە بە دوای ئەودا نایەت!

بڵمە بڵمێکی لێوە هات:

ـ بە ڕاستی؟! .. چۆن؟

بە دوو وشە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەمە نهێنی منە!

پەردەی لەسەر ئەو نهێنییەی لادا پاش ئەوەی کە درەنگ بوو: لە هەموو ئەو شتانەی دەیکات دەزانێت کەسی دیکە لەو جۆرە کارە ناکات. لە هەر هەموو بەسەرهاتێکی دڵداریدا ئەو زۆران لەگەڵ ئەوەی پێشوو، یان ئەوەی دواتردا ناگرێت. وەك ئەو زۆران لەگەڵ ئەویندارانداا ناگرێت. زۆران لەگەڵ خودی ئەویندا دەگرێت!

چۆن ئافرەتێك پیاوێکی لەو شێوە دڵگیرو وێرانکار تا ئەم ڕادەیەی لەبیر دەچێت، لە نەرمی و توندی و، تەم و مژاوی و ڕوونی و، سۆزو تیژی و ڕاستەقینەیی و دەمامکە بێ شومارەکانیدا؟

هەر ئافرەتەو دانەیەکی دەگمەنی لە کتێبی ئەوینی ئەوی لایە. وێ هەم خوێنەرو هەم پاڵەوانی ناو ئەو کتێبەیەو، کەسیش ڕۆژێك لە ڕۆژان بڕوا بەو بەسەرهاتانەی ناکات کە دەیانگێڕێتەوە. هیچ کەس.

## (سەما لەگەڵ زەبەلاحێكدا ناكەین بۆ ئەوەی پێ بە پێماندا نە نێت)

كلۆد لۆلۆش

له دابەزینێکی ناچاریانەدا، لەو هەورە لۆکەیینە سپییە، کە پێنج ڕۆژ لێی نیشتەجێ بوو، گەڕایەوە شام.
خەونەکانی بەجێ هێشت، بە بێ پەرەشووت، تا لە کەوتنە خوارەوەو بەسەر عەرددا کەوتن بیپارێزێت.
دەبێت بە شادومانی خۆی ڕیسوا نەکات، هەروەها خۆی ڕیسوا نەکات کە بەردەوام برسیی ئەویەتی. تێربوون سەرەتای برسیەتییە، وێ پێویستی بەوە وەك پێویستی مێینەیەك تازە نهێنییەکانی جەستەی خۆی دۆزیبێتەوە.
بە باشی زانی زۆرترین کات لە بەیرووت بێت تا لەوەوە نزیك بێت. هەستەکانی دەڵێن بۆی دەلوێت لەوێ سەری لێ بدات، لەبەر ئەوەی وێ ناتوانێت پاساوی ئەوە بهێنێتەوە سەر لە پاریس بدات. بۆیە ئەو ڕێگەچارەی هەڵبژارد لە شوقەیەکی ناودارترین گەڕەکی بەیرووتدا نیشتەجێ بێت.
تەوەرگەلی نایاب لە (زیخە سپی ـ الرملة البیضاء) کە بەسەر دەریادا دەڕوانن. دانیشتووانی ئەو گەڕەکە بیانین و پێویستیان بەوە نییە بەردەوام لە ماڵەوە بن، یان کاتی ئەوەیان هەبێت باسی ئەم و ئەو بکەن.
نەجلا هاواری کرد:
ـ شیت بووگیت! پارەی کڕینی شوقەیەك لە شام بە کرێی شوقەیەك لە بەیرووت دەدەیت.
ـ ڕەنگە سەرم لێ بدات .. نامەوێت بەو شێوەیە بمبینێت کە لە گەڕەکێکی هەژارنشین نیشتەجێم.. تۆ ماڵ و دنیای تایبەتی ئەو پیاوەت نەبینیوە.
ـ ئەوە بەسە بەو شێوەیەت ببینم کە شێت بووگیت.. پاشان ئەم جۆرە شوقەیە ناوماڵەیەکی زۆری دەوێت.
ـ بەڵکو ناوماڵەیەکی کەمی دەوێت.. فەخامەت پێویست بە کەڵەکەکردنی شت لەسەر یەك ناکات.
ـ من تۆم ناسیبێت بۆ خۆت ڕەزیلیت. ئایە لەوەوە ڕەفتاری بەفیڕۆدان فێربووگیت؟
ـ من بۆ خۆمی خەرج ناکەم، بۆ سەربڵندی خۆم خەرج دەکەم. دەمەوێت بزانێت کە منیش زەوقم هاوسانی زەوقی ئەوە. لێی قەبووڵ ناکەم بە چاوی سووك سەیرم بکات.

ـ ئەو پارە لەکوێ دەهێنیت؟
ـ لە ئاهەنگەکان. لە چەند لایەکەوە داوایان لێ کردووم. ئەوەتە هاوینیش خەریکە دێت.. هاوین وەرزی فیستیڤاڵەکانە.

***

لای ئەو باسی شوقەکەی نەکرد، دەیەوێت لەکاتێکی ناکاودا ئاگەداری بکات.
هاوکات دایکیشی لێ ئاگەدار نەکردەوە، تا پێویست نەکات پاساوی نابەجێ بهێنێتەوە.
هەواڵی ئاهەنگەکانی داهاتووی خۆیی پێ ڕاگەیاند، کاردانەوەی ئەوی بەرانبەر بە بیستنی ئەو هەواڵە پێ سەیر بوو.
بە زمانی پیاوی بزنسمان لێی پرسی:
ـ لەو هەموو ئاهەنگە چەندت دەست دەکەوێت؟
کاتێك گوێی لە وەڵامەکە بوو، گوتی:
ـ لەو فیستیڤاڵانەدا گۆرانی مەڵێ. تۆ لەو ڕووداو و لەو بینەرانە گەورە تریت.
نەیوێرا پێی بڵێت کە وێ پێویستی بەم بڕە پارەو بەم ناوبانگیەتییە هەیە.
گوتی:
ـ بەڵام گۆرانیبێژانی بە ناوبانگی ئافرەت گۆرانییان تێدا دەڵێنەوە.
ـ بەناوبانگیەتی بەڵگەی مەزنیەتی خاوەنەکانیان ناسەلمێنێت.. بۆ نموونە فەیرووز گۆرانییان تێدا دەڵێتەوە؟
بە شڵەژاوییەوە وەڵامی دایەوە:
ـ بەڵام من فەیرووز نیم!
ـ ئێمە هاوسانی ئەوانەین خۆمانیان پێ بەراورد دەکەین و دەپێوین. ئەگەر دەتەوێت گەورە بیت، خۆت مەپێوە تەنیا بە گەروەکان نەبێت.
هەستی کرد کە دەیەوێت (وێ)یش کۆپییەکی مێینەی ئەو بێت و، وێ ئەو لە دەست دەدات ئەگەر بچووکتر ببێتەوە، یان شکستی بهێنێت. دەبێت یەکێك لەم دوو ڕێگەیە هەڵبژێرێت: ئایە دەیەوێت بۆندێکی نان لەگەڵ هونەردا مۆر بکات، یان بۆندێکی نەبەردی لەگەڵ ئەویندا مۆربکات؟ بەڵام پابەندبوونێکی مۆرکردووە کە دوو ئاهەنگ سازبدات و

هەڵوەشاندنەوەی پابەندبوونەکە سزایەکی لێ دەکەوێتەوە کە وێ ناتوانێت دەستەبەری بکات. وێڕای ئەوەی ناتوانێت پارەی کرێی شوقەکەیش دابین بکات. لە ڕاستیدا هیچ ڕێگەچارەیەکی لەبەردەمدا نەبوو.
بە چەند ڕۆژێك بەر لە ئاهەنگەکەی تەلەفۆنی بۆ کرد بە هیوای ئەوەی لێی تێ بگات، ئاگەداری کردەوە کە بەرانبەر سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکە پابەندە. ئەویش گوێی لێ گرت بێ ئەوەی یەك وشەی لەزار بترەکێت. کاتێك تەلەفۆنەکەی تەواو کرد نەیزانی بێ دەنگییەکەی دوو مانگ دەخایەنێت.
چوون پچڕانی لەناکاوی کارەبا، لەناکاو دەنگی بزربوو، پاش ئەو ڕووناکییەی کە ئاوی چاوی دەستاند. تامەزرۆیی تەلەفۆن کردنەکانی پچڕا. دوو جار تەلەفۆنی بۆ کرد، بەڵام هەرکە نمرەکەی وێ لەسەر سکرینی مۆبایلەکەی دەردەکەوت، بە ئەنقەست وەڵامی نەدەدایەوە، بۆ ئەوەی لەناو گێژاوی پرسیار کردندا بەجێی بهێڵێت، هەستی بە پەشیمانی دەکرد بەرانبەر بەو هەڵەیەی کردوویەتی و نازانێت چییە.
ئەو شت شی ناکاتەوەو گلەییش ناکات. ئەو سزا دەدات، بۆیە پێویستە وێ پەنا بەر لێزانانی کاروباری سۆزداری ببات بۆ ئەوەی بۆی شی بکەنەوە بۆچی تووڕەیی خواوەندەکانی بەسەردا باریوە.
نەجلا دەڵێت ئەمە (مانۆری سۆزدارییە). هەر کاتێك هەست بەوە بکات کە لەبەردەم هەڕەشەی ئەوەدایە لە دەستی بدات ئەگەر ئەو وازی لێ بهێنێت. بۆیە بیری لای کارەکەی نەماو سەرقاڵی ئەوە بوو کارێکی وا بکات لە دەستی نەچێت و بە دەستی بهێنێتەوە. فێڵێکە بە هۆیەوە ئەوە مسۆگەر دەکات بە دەستی بهێنێتەوە ئەویش بەوەی ڕێی لێ بگرێت و نەهێڵێت کاربکات... چونکە هەست بەوە دەکات ئەگەر ناوبانگ دەربکات لە دەستی بچێت. ئەوەیش هەوڵێکە بۆ دەست بەسەرداگرتنی گیانێك لێی یاخی دەبێت چونکە ئازادە!
لە هەموو ئەوانەی نەجلا دەیانڵێت، تێناگات تەنیا ئەوە نەبێت کە وێ ئەوی خۆش دەوێت و .. دەیەوێت تەنیا بۆ خۆی بێت. وێ شکستی بە بیرۆکەی ئەو دەهێنێت کە جارێ بەرانبەر دەکێشێت و شکستی بە بە تەنگەوەبوونی ئەو دەهێنێت ، کە دەیەوێت دەستی

بەسەردابگرێت، حەز دەکات پۆزشی بۆ بهێنێتەوە ئەگەرچی چەندەیش ئازاری پێ گەیاندووە و وێڕای ئەو ئاهەنگەی بە گریانەوە ڕۆیشت پێشکەشی بکات، کە ڕەنگە لەوە سەرکەوتووتر بوایە ئەگەر تەنیا یەك وشەی پێ بگوتبایە.
خۆراگرتنی وێ هەرەس دەهێنێت. تەلەفۆنی بۆ دەکات. دەگریت.. ئەوینیش پێدەکەنێت. بەردەوام هەڵە بەرانبەر بە وێ دەکات پاشان منەتی لێبوردنی بەسەردا دەکات، لەسەر گوناهێك کە هەرگیز نازانێت چییە، بەڵام داوای لێ دەکات لەبری ئەو گوناهە لێی ببوورێت.
ئافرەتان بەو شێوەیەن ئەگەر یەکێکیان خۆش بوێت!

***

دایکی کە لە خەفەتی عیراقدا خەفەتەکانی خۆی لەبیرچووبووەوە، هەموو کاتەکانی خۆی لەبەردەم کەناڵە ئاسمانییەکانی دەنگوباسدا بەسەر دەبرد بۆ ئەوەی ئاگەی لە زنجیرەی داگیرکاری ئەمەریکاو .. ڕووخانی بەغدا بێت.
ڕۆژێکیان بە پەلە بانگی کرد، بۆ ئەوەی شتێك لە تەلەڤزیۆنەوە ببینێت. پێشبینی کرد هەواڵێك بێت. بەڵام هەواڵەکە ئەوەبوو .. کە (هودا) نووچەی هەواڵەکانی لە کەناڵی (جەزیرە)وە پێشکەش دەکرد.
سەبارەت بە بەندیخانەی (ئەبو غرێب) و ڕیسوایی ئەشکەنجەدانی دیلە عیراقییەکان لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە قسەی دەکرد. تەنیا ڕستەکانی سەرەتای بیست. شتە کوتوپڕەکە بەرەو دووری برد. ویژدانی نەیدەتوانی جیاوازی لە نێوان (هودا) و (عەلا)دا بکات. بۆ ئەوە لەدایك بووە تا ئەم کیژەی خۆش بوێت و .. بڕوات (بمرێت).
لە هەموو ئەو ئاواتانەی دوایان کەوتبوو، لەو هەموو سەرکێشییانەی ئەنجامی دابوون، لە هەموو ئەو بڕوایانەی بڕوای پێ هێنابوون، وێ تەنیا بڕوای ئەوە بوو، بۆیە لە ڕووداوێکی ئەویندا ریدا مرد، مردنی کەسانی جیهادکار، مایکرۆفۆنی تەلەفۆنەکەی بە دەستەوە بوو، کە چەکی ئەویندارانە.. کە ڕەنگە ژیان و مردنیانی تێدا بێت!

ئـەو ڕۆژەی هـودا هـات سەرەخۆشـییان لـێ بکـات. تـەواو هەرەسـی هێنـابوو، ڕەنـگ بڕووسکاو، سیس داگەڕاو، چاو بە گریانەوە، بوونەوەرێك لە فرمێسك بـوو. ئەوەنـد لاواز بوو تا ڕادەیەك تیرۆریستەکان پێویستیان بەوە نەبوو بیکوژن. زۆر ڕوون و ئاشـکرابوو کـە لە خەفەتاندا دەمرێت.

ڕەنگە پیاوەکـە ڕاسـتگۆ بووبێـت، کاتێـك ئـەو ئێـوارە بـە عـەلای ڕاگەیانـد، کـە وێ ستۆدیۆکەی بەجێ هێشتووەو، ئەو ناتوانێت پێیڕا بگات، بۆیە بواری ئەوەی نابێت قسـەی لەگەڵ بکات.

بەڵام جۆرە گریمانەیەك هەیە کە وێ نەیویستبێت قسە لەگەڵ عەلادا بکات، لەبەر ئـەوەی بە بۆچوونی وێ ڕیزی بکوژانی هەڵبژاردووەو، چی دیکـە بـواری ئـەوە نـەماوە یەکـدییان خۆش بوێت. تەنیا وێ دەزانێت چـی ڕووی دا. گریـانی ئـەو ڕۆژەی وێ، ئاماژەیـەك بـوو بەوەی کە هەستێکی زۆر بە ئازاری ویژدانی دەکات.

ئەوەتە ئەمڕۆ، وەك گوڵێکی ئاوی، تەڕو تەرچك، پرشنگدار، جوان و، بە شەرمەوە ڕازاوە، دەمی کردووەتەوە، بەڵام لەو پیاوە شەرم ناکات کە تا ڕادەی مردن ئەمی خـۆش ویسـت، چونکە ئەو لێرە نییە تا بیبینێت.

ئاشکرایە داناییەك لەوەدا هەیە زوو چاوی مردوو دەنوقێنرێت، هەرکـە دڵیـان لـە لێـدان کەوت، چونکە دەبێت ڕووداوەکانی پاش مردنیان نەبینن، چونکە پتر لە جارێك دەمرنەوە. بەڵام دایکی وێ بە چاوی عەلا شتەکانی دەبینی. ئەدی چـۆن دڵـە کۆسـت کەوتووەکـەی دەست بە گریان نەکاتەوە.

ـ ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم .. ئای تەنیا تۆ لاویەتیت لەدەست چوو!

بە پێچەوانەی دایکییەوە، وێ گلەیی لێ ناکات. هودا زیـانێکی زۆری لـێ کـەوت پـێش ئەوەی بەو شوێن و پایەیەی بگات، کاتێکیش گەیشتە ئەو شوێنە، بینی ئەوانـەی لـەژێر سایەی ئاڵای (جیهاد)دا ڕۆڵەکانی جەزایرییەکانیان ڕەوانەی مەرگ دەکرد گـوێ بـە هـیچ نادەن. کوڕەکانی خۆیان ڕزگارکردو، ئێستە وەك میوانی بەڕێز لە هـەمان وڵاتـدا بەسـەر دەبەن، لەگەڵ هـەموو ئەوانـەی لـە وڵاتـانی دیکـەی عەرەبـەوە هـاتن و هـەمان بـڕواو بۆچوونیان هەیە.

وێ ئەو مافەی هەیە خۆی ڕزگار بکات، باز بداتە دەرەوی کەشتییەکەو، تا کەنارەکەی دیکە سەوڵ لێ بدات، ئەو کات دەریا وەك هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانە بەرەو کەنداو، یان ئەوروپای فڕێ دەدات. کەس خۆی ناخاتە ناو دەریاوە، بێ ئەوەی ڕووگەیەکی ئاشکرای نەبێت، ئەگەر خەفەت و پەژارە پاڵی پێوە نەنابێت خۆی بخاتە ناو دەریاوە.
(لەوەدا مەترسی نییە کەشتییەکە لەناو ئاوەکەدا بێت، گرنگ ئەوەیە ڕێ نەدەیت ئاوەکە ونی بکات و نغرۆ ببێت). بەڵام ئاوەکە دزەی کردە ناو کەشتییەکەوە، ئاوەکە زۆرتر بوو، هەوایش کەمتر، ئەوەیش بە هەناسە تەنگی نەمرێت، بە نغرۆبوون دەمرێت.
خۆ هەر کەسێك بە ڕێگەی دەریادا گەشت بکات ڕزگار نابێت، لەبەر کارەسات و کۆستەکانیان خەڵکی ئارەزووە تاوانکارییەکانی دەریایان لەبیر چووەتەوەو، بڕوایان بەوەیە کە هاوڕێیانەو، بەرەو کەناری ئەوبەر دەستیان دەگرێت، بۆیە خۆیان تێ فڕێ دا، بەڵام دەریا دەستی نییە بۆ ئەوەی بۆ ئەوانەی درێژ بکاتەوە بە سواری بەلەمی مەرگ هاتوون، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوە نەزانراوە کە دەریا دۆستایەتی موفلیسەکانی کردبێت.
ئەو بەلەمە کاغەزینانەی بارە قورسەکانیان ئادەمیزادە، دەریا یارییان پێ دەکات، هەڵیاندەلووشێت و پێدەکەنێت، پاشان سەرنشینەکانیان ئێق دەکاتەوە (هەڵدەڕێژێت). تەرمەکانیان بۆ ئەو کەنارانە دەگێڕێتەوە کە لێوەی هاتوون. یان نیوچە زیندوو فڕێیان دەداتە کەنارەکەی دیکە.
دوایەمین جار کە بە دیداری هودا گەیشت پێش دوو ساڵ بوو. ئەو کات تەنیا پێنج مانگ بەسەر تیرۆرکردنی عەلادا تێپەڕیبوو، کاتێك هەواڵی مەرگی (نەدیر) وەك برووسکە بڵاوبووەوە، چونکە زۆر جار لە سەردەمی عەلادا هاتوچۆی ماڵی دەکردن. هەواڵەکە بە ناو خەڵکیدا بڵاوبووەوە بە هۆی ناوبانگی خوشکەکەیەوە (بەستەزمانە.. ئەو کچە جوانەی هەواڵەکان دەخوێنێتەوە.. براکەی لەگەڵ (پاسپۆرت سووتێنەرە)کاندا مرد دەریایان بە ڕوودا هەڵچوو...کەسیان لێ قوتار نەبوو تەنیا دوو کەس نەبێت..).
مردن ئەوەندە زۆر بووە، هەر وەرزەو جۆرو، مۆدەو، شێوەی نوێ لە خۆدەگرێت. بەم شێوەیە، پێش (مردن بە هۆی سووتانەوە)، مۆدەی (مردن بە هۆی خنکان و نغرۆبوونەوە) گەیشتە جەزایر، پاش ئەوەی لە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبدا بڵاوبووەوە. نائومێدی،

لە پارچە کووتاڵی خەونی شیرین، کفنی هاوچەرخانە بۆ شوێنکەوتووانی خۆی دەدورێت. بۆچی چاوەڕوانی ئەو جیهانەکەی دیکە بکەن بۆ ئەوەی بچنە ئەو بەهەشتەی تیرۆریستەکان مژدەیان پێ دەدەن، مادامەکی بە چەند کاتژمێرێك بە سواری بەلەم پێی دەگەن؟

چەندین گرووپی خۆکوژی لە نەوەکانی تارق کوڕی زیاد پێکهاتن، ئەو تارقەی کە کەشتییەکانی سووتاند، تا هیچ شتێك لەبەردەم سەربازەکانیدا نەهێڵێتەوە تەنیا ئەگەری گەیشتن بە سەرکەوتوویی، یان مردن نەبێت. ئەمانیش چوون ئەوان، بەروانکەی خۆڕزگارکردنیان لەگەڵ خۆیان نەبرد، نەیش بەلەمی پلاستیکیان بە قەد ئەم تەنیشت و ئەو تەنیشتی کەشتییەکانیانەوە هەڵنەواسی. ئەوەیان لەبیرچوو کە دەریا خۆڕسکانە فێری ستەم لێ کردن بووە.

بۆ ئەوەی شایەنی ئەو ناوە بن (پاسپۆرت سووتێنەرەکان) هەر ئەگەرێکی گەڕانەوەیان هەڵوەشاندەوە، کاتێك پاسپۆرت و هەموو دیکیۆمینتەکانیان سووتاند. تا هیچ چارەیەك لەبەردەم پاسەوانەکانی کەناردا لەو بەرەکەوە نەهێڵنەوە لە بەهەشتیان وەدەر نێن، ئەگەر بە زیندوویی گەیشتنە جێ. ئەو کات پۆلیسی کۆچباری ناتوانن مەتەڵی نژادیان هەڵبهێنن و، بزانن لە کوێوە هاتوون و ئەوانەی لە دەروازە بەرینەکانی دەریاوە هاتوون بۆ کوێ ڕابگوێزن.

ئەگەر خنکایشن ئەو کات دەریا سەیری ناسنامەکانیان ناکات، شەپۆلەکان ناوونیشانێك بۆ گۆڕەکانیان هەڵدەبژێرێت.

ئەوانەی هیچ شتێکی ئەوتۆیان نەبوو بۆ بەجێ هێشتنی دڵگران بن، تەنیا کەسوکارەکانیان نەبێت، چۆن شەپۆلەکان دوایەمین پەیامیان هەڵناگرێت، لەکاتێکدا بەدەستی بەتاڵەوە ململانێ لەگەڵ دوایەمین شەپۆلدا دەکەن کە بەرەو شوێنێکیان ڕادەکێشێت چی دیکە ناگەڕێنەوە. نامەکانیان بوونەتە گۆرانی (دایەی دڵسۆز لەناو شەپۆلەکاندا قووت دەخۆینەوە.. ناتوانم بگەڕێمەوە..دەریا نغرۆم دەکات.. ناتوانم هەڵێم و خۆم قوتار بکەم). (نەدیر)یش (دەریا نغرۆی کرد). بردی بۆ ئەو شوێنەی کە (ناتوانێت خۆی قوتار بکات). تەنانەت تەرمەکەیشی ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە، پێویست بە ورد سەیرکردن و هەنگاو

وەرگرتن و پرسیارو وەڵامی ئەو کەسانەیە لە هاوەڵانی گەشتەکەی لەوانەی بە زیندوویی ماونەتەوە تا بیناسنەوە، ئەمە ئەگەر تەرمەکەی دۆزرایەوە لەگەڵ ئەو دەیان تەرمانەدا کە بەسەر ڕووی ئاوەکەوەن و نەبوونەتە خۆراکی نەهەنگەکان، ئەو کات هەنگاو وەرگرتن و خەرج کردنی پارەیەکی زۆر بە وەرگرتنەوەی تەرمەکەی دەست پێ دەکات. هەرچی ئەوانەن کە بە زیندوویی دەگەڕێنەوە، ئەوە لە بەندیخانەدا درێژە بە (مۆتەکە)ی خۆیان دەدەن. چونکە دەوڵەت کە نازی تیرۆریست هەڵدەگرێت لەبەر ئەوەی پاش ڕێ بزری گەڕاوەتەوە، سزای ئەو کەسە دەدات خۆی بۆ خۆکوشتن ئامادەکردووە، چونکە بە تەنیا دەوڵەت ئەو مافەی هەیە بە (قیست) بیکوژێت.

ئەوەی کارەساتی خانەوادەکەی گرانتر کرد ئەوە بوو لە مانگی ڕەمەزاندا مرد. چونکە (پاسپۆرت سووتێنەرەکان) بەباشتری دەزانن لە ڕەمەزاندا سواری دەریا بن، تا بە ئارەزووی خۆیان بەڕێ بکەون کاتێك پاسەوانانی کەنارەکان سەقاڵی ڕۆژوو شکاندن و، ئاگەیان لە کەشتی و بەلەمەکانیان نییە لەکاتی بانگدانی ڕۆژئاوابووندا بەڕێ دەکەون.

دوایەمین جار لەگەڵ کەسوکارەکەیدا کۆبووەوە لە دەوری مێزی پارشێو بوو. ڕووناکایی دەنگی زۆر کز بوو، وەك منارەیەکی دەریایی لە شەوێکی باراناویدا. ئاگەیان لەوە نەبوو کە بەجێیان دەهێڵێت و ماڵئاواییان لێ دەکات. بۆ سبەینێ پێی ڕاگەیاندن کە بانگهێشتی خوانی ڕۆژوو شکاندن کراوە. ماچی کردن و داوای کرد چاوەڕێی نەکەن. بە دوای دایکیدا چووە ژوورەکەیەوە، خۆی بۆ نوێژی (عەسر) ئامادە دەکرد، لە ئامێزی گرت و گوتی (دایە نزای چاکەم بۆ بکەن). ئەویش گوتی (کوڕم بەردەوام نزات بۆ دەکەین.. هیچ شتێك هەیە نیگەرانی کردبیت؟). وەڵامی دایەوەو بۆ ئەوەی گومانەکانی دایکی بڕەوێنێتەوە گوتی (ئەمڕۆ کەسانێك دەبینین خوا یار بێت کارێك دەدۆزینەوە). دایکی گوتی ( کۆڕم برۆ خوا هەموو دەروازەیەکت بۆ بکاتەوەو بەسەر نەیاراندا سەرتبخات).

خواوەند دەروازەکانی دەریای بۆ کردەوە .. بەڵام بەسەر شەپۆلەکانیدا سەرنەخست!

ڕەنگە بە زاری بەڕۆژووەوە سواری دەریا بووبێت و، دوایەمین ژەمی خۆش خواردبێتی پارشێو بووبێت، چونکە لەناو کەشتی و بەلەمدا شوێنی ئەوتۆ نییە مرۆ نان لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت. قاچاخچییەکانی مەرگ نایانەوێت باری کەشتییەکانیان بە خۆراك و ئازووقە

قورستر بکەن، لە بری باری خۆراك ... بە باشتری دەزانن 2000 یۆرۆ لە نەفەرو سەرنشێکی دیکە وەربگرن.

وەك هەر هەموو ئەوانەی سواری دەریابوون و خۆیان بە داوێنی پێی مەرگەوە بەست، بە ئومێدی ئەوەی بژین، (نەدیر)یش نامەیەکی پۆزش و لێبوردنی بۆ کەسوکارو خۆشەویستانی بەجێ هێشت تێیدا داوای لێبوردنی لێ کردن، ئەگەر بێت و نەگاتە جێ.

بەر لە گەشتەکەی کۆمپیووتەرەکەی فرۆشت بۆ ئەوەی بڕە پارەیەك کۆبکاتەوە کرێی گەشتەکەی پێ دابین بکات. یەکەمین جاریشی بوو دەست بەرداری کۆمپووتەرەکەی ببێت و لافی ئەوەی لێ دا کە فرۆشتوویەتی تا دانەیەکی دیکەی نوێ بکڕێت.

هەرچۆنێك بووە، نەیدەتوانی کۆمپیووتەرەکەی لەگەڵ خۆی ببات.. پاسپۆرت سووتێنەرەکان هیچ هەگبەو جانتایەکیان نییە تەنیا جەستەیان نەبێت. تەنانەت هیچ شتێکیش لە گیرفانیاندا نییە، چونکە (کفن) گیرفانی نییە.

(بەدیر) کە بۆ چەندین ساڵ ژیانی بەسەر بردو، لەو دیوی سکرینەکەیەوە، کولّی لەوانە دەگرت لەو دیوی کەنارەکەی دیکەوە دەژیان، بەرەو ئەو شارانە سواری دەریا بوو کە تەنیا لە ناو مێشکی ئەو کەسانەدا هەن خەونیان پێوە دەبینن. لەو شارانەدا تەنیا مەرگ ڕووداوی ڕاستەقینەیە.

***

دەبوو بە ژەمی دیاریکراو بیخواردایە، بەڵام زۆر خۆری کرد، چونکە ئێمە بە دەستی خۆمان کۆیلایەتی بۆ خۆمان دروست دەکەین و ئارەزوومان لێ بێت ئەفسوونگەری بە هەر کەسێك دەبەخشین.

چۆن بوو جوانی ئەم مێینە کاری تێ کرد؟ تۆ بڵێیت لەبەر ئەوە بووبێت کە وێ پیاوەتیی خۆیی پێ بەخشییەوە؟ یان بە هیوای ئەوەیە وێ مرۆیی خۆیی پێ ببەخشێت؟ ئەگەرچی ئەو بەستەزمانییەی بێزاری دەکات و، کەللە ڕەقیشی شەکەتی دەکات. جۆرە فریودانێك هەیە ئەگەر ئافرەت بەمەکرو بیانووی زۆر بێت. ئەوە دڵنیای دەکات کە پەلپی لێ بگرێت، چۆن لە ئافرەتێك دڵنیا دەبێت کە پێویستی بەم نەبێت؟

دوایەمین ناکۆکی نێوانیان بەر لە مانگێك لە پاریس ڕووی دا. لە تەنیشتی چەند سوپەر مارکتێکی نایابی خشڵ و زێڕەوە پیاسەیان دەکرد، کاتێك بەڕێوەبەری یەکێك لەو کۆگەیانە هاتە دەرەوەو بە گەرمی سەڵاوی لێ کرد، ئەو کاتەی بینیی لەوبەری شۆستەکەوە دەپەڕێتەوە ئەمبەر. بە باشی زانی بەو بۆنەیەوە دیارییەکی پێشکەش بکات. گوتی:

ـ بە نیازبووم کاتژمێرێکت بە دیاری پێشکەش بکەم.. ئەوە هەڵێکەو هەڵکەوتووە. وەرە بە خۆت هەڵیببژێرە.

بەڕێوەبەری کۆگەکە بۆ ژوورەوە پێشی کەوت، پاسەوانەکەیش بە خۆی و بە شەبقەو قاتە تایبەتییەکەیەوە ڕاوەستابوو دەستی بە دەرگەکەوە بوو، بەڵام وێ بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە کە پێی سەیر بوو:

ـ ئەو کاتژمێرەی مەچەکم ناگۆڕم!

ـ بەڵام من حەزی لێ ناکەم.

ـ کەواتە مەچەکێکی دیکە بۆ کاتژمێرەکەت بکڕە!

خەریك بوو جڵەوی خۆی بەربدات لەکاتێکدا پیاوەکە چاوەڕوان بوو هەردووکیان بچنە ژوورەوە.. کەچی وێ ڕۆیشت و بەجێی هێشت لە لای دەرگەکە ڕاوەستابوو نەیدەزانی چی بکات.

پاش ئەوە بە تووڕەییەوە پێی گوت:

ـ چۆن بەم جۆرە لە بەردەم پیاوەکەدا ڕیسوام دەکەیت؟

ـ بەڵکو تۆ ڕیسوات کردم ..ئەمە ئەو کۆگەیەیە کە پێشتر بەر لە من لەگەڵ چەندین ئافرەتی دیکەدا سەرت لێ داوە. پێشوازی لێ نەدەکردیت ئەگەر تۆ لە کڕیارەکانی نەبێت.

خۆی بینی بەرگری لە خۆی دەکرد:

ـ ڕاهاتووم کاتژمێر و دیارییەکان بۆ ژنەکەم لەم کۆگەیە بکڕم.

ـ بۆ ئەم کۆگەیەت نەدەهێنام ئەگەر ژنەکەت لە کڕیارەکانی بووایە.

دەستەپاچە بوو. بە بێزارییەوە گوتی:

ـ هەڵەم کرد کاتێك بیرم لەوە کردەوە کە دیارییەکت پێشکەش بکەم!

قسەکانی ئەو بەلای (وێ)وە هیچ بایەخێکیان نەبوو. بە پرسیارکردنەوە سەرقاڵ بوو: ئایە کاتژمێرێکی کڕیوە بە چەندین ئەڵمازی کات ڕازێنرابێتەوە لەپێناوی چەند ساتێکی کورتدا؟ ئایە کاتێکی بەنرخی دەستەبەرکردووە لەو بڕوایەدا بێت کە نرخ و بەهای سۆزە هەمیشەییەکان بیت .. کەچی کاتێکی بەسەرچووە لەگەڵ ئافرەتێکدا کاتژمێرێکی بە دیاری پێ بەخشی کاتێك نەیتوانی کاتەکەی خۆیی پێ پێشکەش بکات؟

وێ نازانێت .. ئایە لە پێناوی شکۆمەندی خۆیدا بوو، یان بە هۆی جارکێشانیەوە بوو بەو شێوەیە بە توندی ڕەفتاری لەگەڵ کرد تا ڕادەیەك بەلایەوە سەیربوو. بەڵام دواتر گەڕایەوەو لێی بووری. لە دڵی خۆیدا ئەو چەپکە گوڵە دادی دا کە پێش دوو ڕۆژ بۆی ناردو ئامێرێکی مۆبایلی تێدا بوو، چۆن ئەو دەتوانێت لە ڕووی دەستکەوت و زیان بەرکەوتنەوە لە لۆژیکی وێ بگات!

ئێوارە لەسەر مێزی شیوخواردن پێی گوت:

ـ داوای لێبوردن دەکەم .. نامەوێت دووبارەی ئەو ئافرەتانە بم کە پێش من ناسیوتن. هیوادارم ئەو شتە لەگەڵ من نەکەیت کە پێشتر لەگەڵ ئافرەتی دیکەدا کردووتە.

قلیانەکەی داگیرساند و پاش کەمێك بێ دەنگی گوتی:

ـ یەك شت هەیە نەمکردووە تەنیا لەگەڵ تۆ نەبێت، لێم مەپرسە چییە .. هەرگیز لە منەوە نایبیسیت و نایزانیت!

ئایە ئەوە لێدوانێکی ئەوپەڕی ڕاستگۆیانە، یان ئەوپەڕی دڕدۆنگی بوو؟

وەك ئەوەی داوات لێ بکات ئەو تەنیا مروارییە سروشتییە لەناو ملوانکەیەکی مرواری دەستکرددا بدۆزیتەوە. ئەمە چی یارییەکە لەگەڵ مرواری فرۆشێکی لێزاندا دەیکات. بە تەواوەتی ساختەکاریت لەگەڵ ناکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەی دەیکات ئاماژەیەکت پێ دەدات گوایە مرارییە دەگمەنە تاکانەکەی لەلایە!

ئەو کات، نەجلا دەڵێت، کە سامانەکەیت ڕیسوا کردو (ژیانیشت لەبەر چاو خست)، ئافرەتێکی زۆرزانترو کەم ڕاستگۆتر دێت، پرسیار ناکات.. لێی ورد نابێتەوە .. بیر ناکاتەوە.. غەم ناخوات.. هەر هەموو ئەو شتانە دەقۆزێتەوە کە تۆ گوێت پێ نەدان، پێوەندی بە جیاوازی نێوان مرواریيە دەستکردەکان و ئەو مرواریيە سروشتییە

ڕاستەقینەوە نابێت. تەنیا ئەوین سەرچاوەی پرسیارە بە ئازارەکانە.. کەمتر خۆشت بوێت.. خوشکێ بە ئەقڵ خۆشت بوێت!

وەڵامی دایەوە:

ـ کات بەسەر چووە.. جگە شێتایەتی هیچ شتێکم لێ ناوێت بە دیاری پێشکەشم بکات!

( سامان شادومانی لەگەڵ خۆی ناهێنێت بەڵام ڕێمان پێ دەدات بە کامەرانی ژیانی کولەمەرگیمان بەسەر ببەین ).

ئەو بەیانییە تەلەفۆنەکەی زۆر لێـی دا. خـۆی دەشوشـت و لـە وەڵامدانـەوە دواکـەوت. پێشبینی نەکرد ئەو بێت ئەو تەلەفۆنەی بۆ دەکات، کاتێك میوزیکی دانۆبی شین بـە نـاو هەموو ماڵەکەدا بڵندبووەوە. بە خێرایی لە گەرماوەکـە هاتـە دەرەوە لـە ترسـی ئـەوەی نەوەك دایکی وەڵامی تەلەفۆنەکە بداتەوە.

بەیانی باشی لێ نەکرد، نەیگوت ئەم کاتەت باش. گوتی:

ـ ئەم فاڵسەم پێ دەبەخشیت؟

دەنگی کپ بوو لە کاتێکدا گوێی لە دەنگێك بوو بۆ ماوەی دوو مـانگ بـوو بـە شـەوو ڕۆژەوە گوێی لێ نەبووبوو. لە ژێر کاریگەری برووسکەی ناکاویدا وەڵامی دایەوە:

ـ کام فاڵس؟

بە ڕیتمێکی ئاسایی وەڵامی دایەوە:

ـ ئەم ئێوارە بۆ شیوخواردن لە ڤییەننا چاوەڕێت دەکەم .. مژدەیەکی سەرسـوڕهێنەرم بـۆ ئامادە کردوویت ـ پێش ئەوەی کۆتایی بە پێوەندییە تەلەفۆنییەکە بهێنێت درێژەی دایە ـ لەگەڵ خۆت جل بۆ شەو بێدارییەکە بهێنە لەگەڵ ئەو جلە ڕەشـەی لـە قـاهیرە لەبـەرت کردبوو.

هەر گوێی لە دەنگی بوو دڵی کەوتە لێدان، تەنانەت لێدانەکانی دڵـی بەسـەر وشـەکانیدا زاڵ بوون. بە قژە تەڕەکەیەوە لەسەر قەنەفەکە ڕۆنیشت بـیری لـەو قسـانە دەکـردەوە کـە بیستنی. پاشان کاتێك هیچ شتێك لە قسەکانی نەگەیشت وێ تەلەفۆنی بۆ کردەوە.

ـ ئەرێ تۆ گاڵتە دەکەیت!

ـ هەرگیز.

ـ هیچ بۆنەیەکی دیاریکراو هەیە؟

ـ بەردەوام بۆنە هەیە.

ـ دەتوانم بیزانم؟

ـ ئەی سوودی چییە؟

ـ بەڵام من ئامادە نیم. نابێت یەك دوو ڕۆژ چاوەڕێ بکەیت؟

ـ ئەوەی لە ئەویندایدا یەك خولەك بە فیڕۆ بدات دەتوانێت زۆرتریش بەفیڕۆ بدات.. چۆن دەتوانیت دوو ڕۆژ چاوەڕوان بیت!
نازانێت بە چ لۆژیکێك وەڵامی بداتەوە .. ئەدی هەر ئەو نەبوو دوو مانگ پێوەندی لەگەڵ پچڕاند؟!
هەرچۆنێك بووە وێ ئامادە نییە ئەم گەشتە بكات.
ـ من پێویستم بە لایەنی کەمەوە بە دوو ڕۆژ هەیە. چەند کارێکی بەپەلەم هەیە..
ـ هەموو ئەوەی پێویستت پێ هەیە بلیتێکی هێڵی فڕۆکەوانی نەمسا ببڕیت. ئێستە کات لە بەیرووت نۆو نیوە. فڕۆکەیەك هەیە لە سێ و چل خولەك دەفڕێت و لە شەش و نیو دەگاتە ڤییەننا. شوفێری ئۆتێلەکە لە فڕۆکەخانەکە چاوەڕێت دەکات.
بەسەرسوڕمانەوە گوێی لێ دەگرت، بەر لەوەی بێتەوە سەر خۆی درێژەی دایە:
ـ لە ئێستە بە دواوە وەڵامی تەلەفۆنەکە نادەمەوە .. لە سالۆنی ئۆتێلەکە چاوەڕێت دەکەم.
هەموو ڕێگەیەکی پاساو هێنانەوەی لەبەردەمدا داخست. ئەوە ئەوپەڕی شێتایەتی دەنوێنێت. ئەی بە ڕاستی دەکرا ڕەتی بکاتەوە؟ وێ بە خۆیشی لەشێتایەتیدا هاوشانی ئەوە. ئەمە پیاوێکە لەناو خودی باهۆزدا دەژێت.. ئەویندای لەگەڵ ئەودا سەرەگێژەیەکی بەردەوامە.
چەند ساتێك لەو شوێنەی خۆی دانیشت بیری لە هەر ئەو ئاژاوانە دەکردەوە کە ئەم گەشتە بە دوای خۆیدا دەیانهێنێت. بەڕاستی شێتگیر بووە.. چۆن دەتوانێت ئەو کاتە هەڵوەشێنێتەوە لەگەڵ ستۆدیۆدا دیاری کردووە. ئەو کارە پێویست بە پێداچوونەوە بە بەرنامەی تاك بە تاکی هەر هەموو ئەندامانی تیمەکە دەکات.
سەرلەنوێ سەیری کاتژمێرەکەی کردەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا. خودایە! کات خێرا تێدەپەڕێت. ئەوەی پێویستی پێیەتی درۆیەکە بتوانێت دایکی پێ قایل بکات بە پاساوێك بۆ ئەو گەشتە لەناکاوەی، پاشان خێرا خۆی بگەیەنێتە لای ئارایشگەو قژی ڕێك بخات. هەرچی بلیت بڕینە ئەوە نەجلا خەمی دەخوات، هەروەها پابەندبوونەکانی دیکەیشی هەڵدەوەشێنێتەوە.

وەك بەنداوێك كۆڵەگەكانی ڕووخابن. پاش هەموو دابڕانێك بە ئـارەزووتر و سـوورترو بـە تەوژمتر دەگەڕایەوە، تامەزرۆیی دیداری بەرەو لای ئەوی ڕادەمـالّی و .. گـەردەلوول لـە شێتایەتییەكەوە بۆ شێتایەتییەكی دیكەی هەڵدەگرت.

نەجلا كاتێك بینی بە هەموو لایەكدا ڕادەكـات و جلـەكانی لـە جانتاكـە دەپەسـتێنێت، گوتی:

ـ ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەم پیاوە دەتوانێت كەی بیەوێت بۆ لای خۆیت ڕاكێشێت..

ـ بەڵكو هەر كاتێك بتوانێت..

ـ لە كاتێكدا تۆ ئەو مافەت نییە بڵێیت ( ناتوانم).

ـ ئەوینداری پێویستی بەوەیە باز بەسەر ئەوشتەدا بدات كە دەستەبەر دەبێـت بـۆ ئـەوەی ببێتە ئەوین..

ـ خۆشەویستم.. با وابێت، ئەوەی ئێست هەیە بلیتێكی پلە یەكەم بە گرانترین نرخ، لەبەر ئەوەی بە چوار كاتژمێر پێش فڕینی فڕۆكەكە دەیكڕیت.

ـ گرنگ نییە، چەكێكی بەو بڕە پارەیەت پێ دەدەم.

ـ دەزانیت، زۆرتر لەوە دەترسم ئەم پیاوە پێوەندیت لەگەڵ پارەدا بشێوێنێت. پاشان ڕۆژێك بۆت دەربكەوێت كە تۆ بە پێوەری ئەو پارەت خەرج دەكرد نەك بـە پێـی توانـای خـۆت. ئەی دەزانێت خاوەن شوقەكە تەلەفۆنی كرد داوای كرێی سێ مانگی دانەهاتووی دەكرد!

هاواری كرد:

ـ وەك بڵێیت بە ئەنقەست دەتەوێت بێزارم بكەیت.

ـ دەمەوێت بیرت بخەمە .. ئەوینداری مرۆڤ تووشی بیرچوونەوە دەكات..

كات زۆر درەنگتر بوو لەوەی بچێتە ئارایشگە. ئاكام ناچار بوو پەنا بەر نـەجلا ببـات لـە ماڵەوە قژی بۆ ڕێك بخات. دوایەمین هەل بوو بۆ نەجلا بۆ ئەوەی دوایەمین ڕێنوێنی خـۆی پێشكەش بكات كاتێك سشوارەكەی بە قژیدا هێناو لەوەیشدا سوودی لەوە وەرگـرت كـە ئێستە لەسەر كورسی لەژێر دەستی وێدایە:

ـ پێیەكانت توند لەسەر عەرد گیر بكە، ئەمە پێوەندییەكە هیچ هیواو ئاواتێكی لێ بەدی ناكرێت.. سبەینێ گەشتەكە تەواو دەبێت و، مەستییەكە دەڕەوێتەوەو بـە دەسـتی بـەتاڵ

دەگەڕێیتەوە جگە تراوێلکە هیچت دەستگیر نابێت.. ئەوەت لەبیر نەچێت ئەو پیاوە ژنی هەیەو هەرچەندەیش تۆی خۆش بوێت، بۆ تۆ واز لە ژنەکەی ناهێنێت.. کاتی خۆت بە خۆشی ڕاببوێرە، بەڵام ئاگەت لە خۆت بێت خۆتی ڕادەست نەکەیت.

بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ڕێنوێنی دیکەت نییە؟

ـ بەڵێ. لەوەی ئاگەدار مەکەوە لە کاتی لێك دابڕانەکەی نێوانتاندا ڕووی دا، یان بگریت. پیاو ئافرەتێکی خۆش ناوێت و خۆی پێوە نابەستێتەوە بیگریەنێت، بەڵکو خۆی بەوەوە دەبەستێتەوە پیاوەکە بگریەنێت، ئەگەر جیاوازی نێوان ئەو دووانەت زانی، تەنیا لەم حاڵەتەدا هەموو گێمەکان دەبەیتەوە.

ـ بەڵام خۆ من بۆ جەنگ ناڕۆم!

هەر هەموو دیدارێك لەگەڵ پیاوێکدا خۆی لە خۆیدا جەنگێکی ڕانەگەیەنراوەو .. هەموو دڵدارێکیش دەشێت لەهەر ساتێکدا بووبێت ببێتە پرۆژەیەکی دوژمنداری!

هێشتە نەجلا لە تاقیکردنەوەکەی خۆی چاك نەبووەتەوە. وێ پیاوان بەو کەسە بەراورد دەکات کە (ئەم) ماڵەکەی بۆ ڕازاندەوەو فریوی داو بە خۆی ڕۆیشتە میرنشینەکان و لەوێ ئافرەتێکی دیکەی خواست، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت لەبری ئەوەی ئەم ئەو بگریەنێت.. چوو لەبەردەمیدا دەستی بە گریان کردو سکاڵای لەو ستەمە دەکرد ئەو لێی دەکرد.

کاتێك خەریك بوو کاغەزەکان و پاسپۆرتەکەی کۆدەکردنەوەو بەر لەوەی بەرەو فڕۆکەخانە بەڕێ بکەوێت بە گاڵتەو پێی گوت:

ـ پێویستە لە یەکێك لە گۆڤارەکانی ئافرەتاندا سەرپەرشتی گۆشەیەکی ئامۆژگاری سۆزداری بکەیت.

ـ ئەی لە ئامۆژگاری کردنی تۆدا سەرکەتووم تا ئامۆژگاری کەسی دیکە بکەم؟ من کاتی خۆم بە فیڕۆ دەدەم، ئەم پیاوە ئەقڵی لە دەست ستاندوویت ـ بە ڕێتمێکی خۆبەدەستەوەدەرانە درێژەی دایە ـ باشە خوشکم بە لایەنی کەمەوە هەرچی ڕووی دا بۆم بگێڕەوە.. ئەی مۆبایلت لا نییە. خۆزگەم بە خۆت .. سبەینێ ئەگەر سیم کارت هەرزان دەبێت یەکێك دەکڕم.. من تەلەفۆن پیاوی ژیانمە!

***

له فرۆکەخانەی ڤییەننا لەسەر سۆلفێجی خەونەکان دابەزی. وەك بلێیت بە دوو پێلاوی سەماکەرێکی بالێ لەسەر ڕێتمی نۆتەی پیانۆ گومبوتانێ بکات.

چەند جارێك دڵی داخورپاو بەسەر پەیژە میوزیکەکەدا سەرکەوت (بەرزبووەوە)، تا ڕادەیەك لەوە زەندەقی چوو پێی لە کارمەرانییەکەی خۆی هەڵنووتێت.

لە هەموو ڕیزەکاندا یەکەم بوو.

لەلای دەروازەی چوونە دەرەوەوە، یەکێك تابلۆیەکی بە دەستەوە بوو ناوی (وێ)ی لەسەر نووسرابوو. دەبێت ئەوە شوفێری ئۆتێلەکە بێت.

جانتاکەی لێ وەرگرت، کاتێك وێ بە دوای کەوتبوو، یەکێك لێی نزیك بووەوەو بە فەرەنسی بە گەرمی سلاوی لێ کرد:

ـ ببوورە.. من یەکێك لە هەوادارانی تۆم. لەوە دڵنیا نەبووم کە تۆیت، ئەو کاتە نەبێت کە ناوەکەم لەسەر تابلۆکە خوێندیتەوە.(ناوەکەتم لەسەر تابلۆکە خوێندەوە). بۆ ئەوە هاتوویت لێرە ئاهەنگ سازبدەیت؟

بە پەلەو بە داوای لێبوردنەوە وەڵامی دایەوە:

ـ نا .. من بە سەردانی تایبەتی لێرەم.

بە داخ و پەژارەوە گوتی:

ـ شادومان دەبووم ئەگەر سەرلەنوێ گوێم لە دەنگت بووبایە. بەر لە دوو مانگ ئامادەی ئاهەنگەکەت بووم لە دوبەی .. زۆر خنجیلانە بوو.

ـ ئەمە کارتەکەمە. بەختەوەر دەبم بۆ خواردنی نیوەڕۆ، یان ئێوارە بانگهێشتت بکەم هەر کاتێك بۆت لووا.

کارتەکەی لێ وەرگرت بێ ئەوەی لە ناوەکەی ورد ببێتەوە. سەرلەنوێ سوپاسی کرد و خۆی گەیاندە شوفێرەکە. پاش بیست خولەك ئۆتۆمبیلەکە لەبەردەم تەلارێکدا ڕاوەستا لە شێوەی کۆشکێکی دێرینی سەردەمی خۆشبەختیدا بوو، باخچە چوار دەوری تەنیبووەوە. پێشبینی نەکرد کە ئەوە ئۆتێلە. ئەوەند بەسام بوو تا ڕادەیەك وای لێ کرد بە هەموو جوولەیەکی خۆیدا بچێتەوە، کاتێك لە دەرگە زێڕینەکە زۆر شکۆردارەکە چووە ژوورەوە.

هەرکە چووە ژوورەوە نەچووە ژوورەوە یەکسەر ئەوی بینی لە سالۆنی ئۆتێلەکە دانیشتووە تەلەفۆن دەکات.

ڕاوەستاو چاوەڕوان بوو تا تەلەفۆنەکەی تەواوبکات، تا ڕادەیەکی سەرنجڕاکێش پۆشتەو قۆز بوو.

بە شڵەژانی دابڕان و لێ دوور کەوتنەوەو تامەزرۆیی و بەرەنگاربوونەوەوە لێی ڕوانی. چەند هەستێکی دژ بە یەك و تێکچڕژاوی درەنگ کات بە مێشکیدا تێپەڕین، وەك کاردانەوەی هەژانێك لەکاتی لێك تۆرانەکەیاندا گوزەراندبێتی.

ئەو بەرەو ڕووی هات و پێشوازی لێ کرد. باوەشی پێدا نەکرد. چەندی هێزی تێدا بوو بە چاو لێی وردبووەوە.

بەوپەڕی جوانییەوە وەك (داو)ێك لەبەردەمیدا قوت بووەوە. ئەم مێینە کە هەرکە بنمیچی بەرەنگاربوونەوە بەرزتر بکاتەوە، لە پێشبینی کردنەکانی ئەو پتر باز دەدات و بەرزتر دەبێتەوە، تا بۆی بسەلمێنێت کە مێینەی بەرەنگاربوونەوە زۆر بڵندەکانە.

نەیزانی. تەوقەی لەگەڵ بکات؟ لە ئامێزی بگرێت؟ یان نەفرەتی لێ بکات؟!

پەنای بەر پێکەنینێك بردو گوتی:

ـ ئەوەتە هاتم بۆ لات .. منیش لە شێتایەتیدا شان لە شانی تۆ دەدەم!

بە سازش کردنەوە وەڵامی دایەوە:

ـ با بڵێین شێتایەتییەکەی من پەتایەو بڵاو دەبێتەوەو خەڵکی دیکە تووش دەکات!

دەستی بۆ لای زاری بەرزکردەوەو ماچێکی لێ ڕواندو گوتی:

ـ سوپاس بۆ هاتنەکەت، ئەمە ساتێکی ئەفسانانەیە!

نەك هەر ساتەکە، بەڵکو هەموو شتێك لە شکۆو بەهاداریدا ئەفسانانە بوو. دوو لابالّی لە ئۆتێلەکە گرتبوو، دەرگەیەکیان لە نێواندا بوو. هەر لابالّەو شوقەیەك بوو لە چەند سالۆن و ، نوێنێکی پاشایانەی فرەوان و بانیۆیەکی خۆشوشتنی بازنەیی و، چەندین پەردە پێکهاتبوو، کە لە بەرزایی پێنج مەتر، یان بەرزتر شۆڕبووبوونەوە. دواتر دەزانێت کە ئەمە کۆشك بووەوەو کراوەتە ئۆتێل.

بەڵام وێ بڕیاری دا سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە هیچ شتێك دەنەبڕێت. تەنیا نەدارو هەژارەکان سەریان سوڕدەمێنێت. بەو شێوەیە دەجوولێتەوە، وەك بڵێیت خانمە ئیمپراتۆر (سیسی) بێت!

بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ باوەشی پێدا کردو، ماچی کرد، پاشان گوتی:

ـ بەختەوەرم کە هاتوویت. دەبێت دوا نەکەوین.. پێویستە خۆمان بۆ شیوی خواردنی ئێوارە ئامادە بکەین. ئەو کراسە ڕەشەکەی شەوبێدارییەکەت .. لەگەڵ خۆت هێناوە؟

وێ پێکەنی:

ـ ئایە دەبوو لەبیرم بچێت!

ـ کەواتە لەبەری بکە.. شەوبێداریەکانی ئێرە پێویست بە کراسی درێژ دەکەن. پاشان تۆ ڕەشت لێ دێت!

چاولێ داگرتنی بزەکەی بۆ بەجێ هێشت و بەرەو لاباڵەکەی خۆی ڕۆیشت تا خۆی بگۆڕێت. کاتێك گەڕایەوە کەمێك لێی ورد بووەوەو بە ئامادەبوونی سەرسام بوو.

قژەکەی بەرەو سەرەوە بڵند کردبووەوە.. ماچێکی گەردنی کرد، وەك بڵێیت بە شاڵێکی ماچ بیپێچێتەوە، یان وەك یەکێك گەردنی پەپوولەیەك ماچ بکات و ئاگەی لە باڵەکانی بێت. ڕەوانیی پیاوەتیی لە وردی هەڵبژاردنی شوێنی ماچەکانیدا خۆی دەنواند کە بە شارەزایی زێڕینگەرێك، مێیایەتی (وێ)ی پێ دەڕازاندەوە.

جارێکیان ئامۆژگارییەکی ئافرەتانەی (شانێل)ی خوێندەوە (بۆن لەوشوێنە بدە کە حەز دەکەیت پیاو ماچت بکات). لەوە جوانتریش ئەو قسەیەیە: پیاو ئەو شوێنە ماچ بکات کە ئافرەت حەزی لێیە بۆنی لێ بدات، بە دوای خۆیدا کیمیای چەند ماچی بۆندارو بۆن و بەرامەو ئازار و مەکرو عەنبەری بەجێ هێشت. کە هیچ ئافرەتێك ناتوانێت خۆی لێیان قوتاربکات.

لە کاتێکدا لاباڵەکەی بەجێ هێشت باوەشی بە ناوقەدیدا کردو گوتی:

ـ چەندەم بیر دەکردیت ..

وێ لە ئاوێنەی ئەسانسێرەکەدا بینی هەردووکیان چەند پێکەوە جوانن.

ئەو هی (وێ)یە. بە ڕاستی هەردووکیان ژن و مێردن .. دڵـی بـەم ئاکامـە گەیشـت. لـە تەنیشتییەوە بە هـەنگاوی پادشـایانەو بـە سـەرێکی بڵنـد وەك بڵێیـت شـەمعەدانێکی هەڵگرتووە، لە سالۆنێکەوە ڕۆیشتە سالۆنێکی دیکە.

جارێکیان لەسکرینی تەلەڤزیۆنەوە چەند ئافرەتێکی نمایشکاری جلوبـەرگی بـینی خۆیـان لەسەر ڕێ کردن ڕادەهێنا. یەکێکیان ڕێبەرە زەردو ئەستوورەکەی تەلەفۆنی لەسەر سـەری دانابوو بۆیە سەری هەر بە بڵندی دەمایەوە.

سەربەرزی شتێکی دیکەیە، لەسەری مرۆڤدا هەیە .. نەك لەسەر سەری.

لەو شوێنەوە لێی هاتووە، خەڵکی بەو شێوەیە لەدایك دەبن، کاتێك لە تەنیشت چـیاکانی (ئۆراس)ەوە لەدایك دەبیت، پێویستت بەوەیە زراڤت بەرز بکەیتەوە بـۆ ئـەوەی چـیاکانی ئۆراس بە هاوڕێت پەسەند بفەرموون.

بیری کردەوە کە پێویستە ساکاری خۆی لەبیر بکات و بە بەژنێکی ڕاسـت و بـڕوا بـەخۆوە بڕوات. ئەگینە شوێنەکە ڕیسوای دەکات و بچـووکترین شـتی تێـدا زۆر لـە وێ گـەورەتر دەبێت. وێ پێویستی بە شکۆمەندی خۆی هەیە تا دژ بەم شـکۆمەندایەتییە بـەرگری لـە خودی خۆی بکات، نەك شتی زۆرتر.

لەبەردەم دەرگەیەکی گەورەدا ڕاوەستا بە نەقشی زێڕین ڕازابووەوە. هەردووکیان چوونە ناو هۆڵێکی دێرینەوە، ئاوێنەو چوارچێوەی زێڕین دیوارەکانی داپۆشـیبوون، بنمیچـەکەی بـە وێنەی ڕۆنی ڕازێنرابووەوە، چەندین چلچرای گەورەی لێوە شۆڕ بووبوونەوە.

لەگەڵ چوونە ژوورەوەی هەردووکیاندا، بۆ پێشوازی لێ کردنیان، تیمێکی میوزیکی شەش کەسی دەستیان بە ژەندنی پارچە میوزیکێکی دڵگیر کرد، لە کاتێکـدا دوو گارسـۆن بـە تەواوی ڕێکپۆشییانەوە بەرەو لای مێزێکی هێلکەیی پێشیان کەوتن، کە دیکـۆرێکی لـە تەنیشتەوە بوو لە دیکۆری شایی دەچوو، چەرچەفێکی لە ئۆرگانزا پێدا درابوو، بە چەندین کەوانەی لە پەلکە گوڵ ڕازێنرابـووەوە.. لـە ناوەڕاسـتی مێزەکـەدا گـوڵی دیکـە پاڵێـان دابووەوەو شەمعەدانێك و چەند شیرینەمەنییەك لەناو جامی زیویندا دانرابـوون. هەسـتی بەوە کرد وەك بڵێیت بۆ ئاهەنگی بووکێنی خۆی بانگهێشت کرابێت.

بەرانبەر بە یەك لەمبەرو ئەوبەری مێزەکەوە دانیشتن. دەوڵەمەندی پێویست بە مەسافەیەك دەکات. وێ دوای ئەو دابڕانە شەیدای ئەوە بوو لێی نزیك ببێتەوە. پێویستی بەوەیە دەستی بەر دەستی بکەوێت .. بیورووژێنێت.. بەڵام تەنیا ساکارەکان لێك نزیك دەبنەوەو پێکەوە دەنووسێن.

لە دڵی خۆیدا دەیگوت چۆن دەتوانن لەو دوورابیەوە قسە لەگەڵ یەکدی بکەن. پاشان گەیشتە ئەو ئاکامەی کە دەوڵەمەندەکان زۆر قسان ناکەن.. قسەکانیان تەنیا بۆ خاترو خوتریبە. زۆرر بلێیی ڕەفتاری کەسانی ئاسایی .. یان ئەویندارانە.

لەبەر ئەمە ئەویندارى وادەکات ئەم مێزە نایابانە بەسەر دانیشتووانی دەوروبەریاندا هەڵبگێڕێتەوەو ئەویندارانی خۆی بۆ ئەو شوێنە ببات ژیانی تێدا زۆر ساکارترە؟

ئیدواردی هەشتەم ئەو کارەی کرد کاتێك نیگینی ئەو ئیمپراتۆریەتەی فڕێ دا، کە هەتاوی لێ ئاوا نەدەبوو و، مێزەکەی بەجێ هێشت، تا بە یارە تەلاق دراوەکەیدا بگات. پاش ئەویش دیانا بە هەمان شێوە جوولایەوە، کاتێك ئەو مێزە پادشایانەی بەسەر خاوەنەکانیدا هەڵگێڕایەوەو ڕۆیشت دوایەمین ژەمی ئەوینداریبەکەی بخوات.

بە نیوچە لێبوردنێکەوە، بۆی ڕوون کردەوە، کە لێرە لە ڕاستیدا هۆڵەکان بۆ شیوخواردنی تاك تاك ئامادە نەکراون و، ئەو بچووکترین هۆڵی ئۆتێلەکەی هەڵبژاردووە.

ئەو مێزە شێوە هێلکەییە جێی شەش کەسی لە دەور دەبووەوە.

بە گاڵتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ قەیدی چییە .. مادامەکی شوێنە بەتاڵەکانی سەر ئەم مێزە لە کورسییە بەتاڵەکانی ئەو ئاهەنگەی قاهیرە کەمترە. تۆ لەگەڵ کات و ئوقرەگیریدا .. بەرەو باشی دەچیت، ڕەنگە پاش چەند ساڵێك پاش ئێستە شوێنێك بدۆزیتەوە تەنیا جێی دوو کەسی تێدا ببێتەوە.

بە قسەکانی پێکەنی. گاڵتەجاڕییەکەی خۆش دەوێت، ئەوەیش بەڵگەی هەرزەیی و دەروون دروستییە. چەندی حەز نەدەکرد لەگەڵ ئافرەتانێکدا دانیشێت خۆیان بە شت بزانن، تا ڕادەیەك تووشی خەمۆکی ببیت.

وای تێبینی کرد لەناو ئەو کەشخەییەدا لە کەشە ئاساییەکانیدا، هیچ شتێکی بە لاوە سەیر نییە، وەك ئەوەی بڵێیت بۆ ماڵەکەی خۆی بانگهێشتی شیوخواردنی کردبێت. کەچی وێ لە سەرسوڕمانی بەردەوامدا بوو بەرانبەر بەو جیهانەی کە نەیبینیبوو تەنیا لە فیلیمدا نەبێت. دواتر، وێ بە سەرسوڕمانی نهێنییەوە، لەگەڵیدا چەندین جیهانی دۆزییەوە کە پێشتر نەیبینیون، لەوە گەیشت کە نەدار بە سەرسوڕمانەکەیەوە دەوڵەمەندە، هەرچی دەوڵەمەندە ئەوە نەدارە لەبەر ئەوەی لەوە ڕاهاتووە شتگەلێك بکات ئەوانی دی سەرسوڕمان بکات.

ئاکام شادومان بوو بەوەی لەو لایەکەی دیکەی خەونەکانەوە بوو. شاعیرییەت پێویستی بە مەسافەیەك هەیە.. هەروەها ئارەزوویش.

ئاشکرایە کە ئەو لە وردەکارییەکانی ئەم شیوخواردنە ئاگەدارەو، ئەو پارچە میوزیکانەی هەڵبژاردووە کە دەژەنرێن و کەی دەژەنرێن و، ڕازاندنەوەی مێزەکەو، ئەو خواردنانەی لەسەر دادەنرێن و ئەو شوێنەی هەر یەکەیان لێی دادەنیشن.

ڕەنگە ئەو قسانەیشی ئامادە کردبێت لەسەر مێزێك بیانڵێت لە مێزی بووك و زاوا دەچێت. بەڵام لە کاتێکدا وێ بەو شکۆوە ئامادەبووبوو، لەو دوورەوە دانیشتبوو، ئەم لێی ڕوانی، گوتی:

ـ حەز دەکەم هەردوو شانت بەم شێوەیە ڕووت بن.. بەردەوام (ماریا کلاس)م بیردەخەنەوە بە جلە ڕەشەکەیەوە، کاتێك بە (ئۆناسیس)ی گوت (ئەی ئاغای گریکی لە من باڵاپۆشێك بۆ هەردوو شانت دروست بکە!).

بەرسڤی دایەوە:

ـ ئەم قسەیەم بەرگوێ نەکەوتووە .. بەڵام دەزانم وێڕای ئەوەیش وازی لێ هێنا. دەبوو پێی بڵێت (تۆ بۆ هەردوو شانی من ببەرە باڵاپۆش) لای ئێمە پیاو باڵاپۆش و بوڕنسی ئافرەتە.

وەك بڵێیت ئەم گوێی لە شتێك بووبێت وێ نەیگوتبێت، بە گاڵتەوە پێی گوت و بۆی ڕاست کردەوە:

ـ ئەی کیژە بەربەرییەکە، لە گوناهی ئەو گریکییە خۆش بە.. بەڵێنت پێ دەدەم ئاغا فینیقییەکەت ئاواتەکەت بەدی بهێنێت!

ئای چ ئاغایەکی فینیقییە!
زۆر شادومان بوو. ئەو شتەی بەرگوێ کەوتن و وەرگرت کە ئەو گوێی نەکرد. بۆ ئێرەی هێناوە تا پێی ڕابگەیەنێت کە بە بالاپۆشەکەی دایدەپۆشێت و تا هەتایە لەژێر ئەو بالاپۆشەیدا دەیشارێتەوە. وەك پیاوانی خێڵەکەی کاتێك یەکێکیان لەگەڵ ئافرەتێکدا سەما دەکات چمکی بوڕنسەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێی داپۆشێت، تا پێی بڵێت کە وێ لە ژێر باڵی ئەودایەو وێ کەنیزەو دۆستی ئەوە.
قسەی لە بارەی قسەکانییەوە نەکرد. ئەوەندە شادومان بوو تا ڕادەیەك ئەوەی بەس بوو لێی ورد ببێتەوەو بیر لەو هەموو فرمێسکانە بکاتەوە، کە بە هۆی ئەوەوە لە ماوەی مانگێکدا ڕشتبوونی. پرسیاری لێ ناکات بۆ چی ئەو هەموو دڵڕەقییەی نواندو، بۆچی ئەمڕۆ بەو هەموو دڵخۆشییەوە پارەی لەسەر سەرف دەکات؟ بەردەام لە هاتنیدا تۆڕ بووە، لە ڕۆیشتنیشیدا توندو دڵڕەق، لە هەڵچوون و داچووندا ستەمی دەریای هەیە.
وێ برسی بوو، بەڵام ئەو خواردنانەی ئەو پێشتر بۆ شیوی ئێوارە داوای کردبوون هیچ شتێکی تێدا نییە بیناسێت. خواردنەکان نایاب بوون تا ڕادەیەك نەتدەزانی چی بخۆیت، چونکە گەورە چیشت لێنەران چی دی چێشت لێنەر نەماون، بەڵکو بوونەتە کیمیاگەر، چەندین ژەمە خواردنی نوێ بۆ پیاوە گەورەکان تاقی دەکەنەوە، چێژو پێکهاتەی سەیر سەیریان تێکەڵ دەکەن، بۆ جیاکردنەوەی ئەو چێژانەی سروشت دروستی کردوون.
پاشان شکۆمەندی پێویست بەوە دەکات خواردن، لەناو دەفری بۆرسەلینی گەورەو گرانبەهادا، بە بڕی کەم کەم پێشکەش بکرێت. قاپ و قاچاخ و دەفری پڕ لە خواردن، کەم زەوقی بەرانبەر بە کەسانێك دەگەیەنێت ئاگەی برسیەتی نازانن و تاقییان نەکردووەتەوە، یان ڕەنگە لە ماڵەوە نان بخۆن، پاشان دەچنە لۆقنتە. وەك بڵێیت هەندێك دەچنە لۆقنتە گرانبهاکان بۆ ئەوەی سەیری ڕازاوەیی مێزەکان بکەن، لێرە قاپ و قاچاخ و دەفرەکان لە خواردنەکانی ناویان گرانترن، بۆ سەردەمی دێرینی ئۆرستوکراتی دەگەڕێنەوە، هیچ شتێك لەو (خواردنانە)یان تێدا نییە کە لێیان ڕاهاتووەو، هێشتە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هەموو ماڵێکی جەزایری، لە ناو (دەفر)ێکی لە بنەدارێکی مەزن دروستکراودا پێشکەش دەکرێن، بە قووڵایی بیست سەنتیمەر هەڵکۆڵراوە، بە شێوەیەك ئەو (کەسکەسی)یەی تێی

دەکرێت و پێشکەش دەکرێت و بە پارچە گۆشت و سەوزە ڕازاوەتەوە، هەموو دەستەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو بەشی هەر هەموو ئەوانە بکات ئامادە دەبن.
دواتر، دەزانێت کە ئەوەی لەبەردەم قاپێکی گەورەدا دانیشێت، تۆزێك چێشتی تێ ڕۆ کرابێت، ئامادە نییە شتە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ هیچ کەسێکدا دابەش بکات، تەنانەت لەگەڵ نزیکترین کەسیدا. سوودی نییە بەو پێناسەیەی تاقی بکاتەوە کە دەڵێت (خۆشەویستی ئەوەیە دوو کەس بتوانن یەك فلچەددان بەکاربهێنن)!
بزەیەکی بۆ بیرۆکە سەیرەکانی خۆی هاتێ. ئەوەبوو سەرقاڵی دیدارو هەڤپەیڤینێك بوو لەگەڵ خۆیدا، مادامەکێ ناتوانێت ئەوەی دەیویست بیڵێت بە گوێوەی بچرپێنێت.
هەموو شتێکی دەوروبەری، چوون خەون، جوان بوو. وای دەزانی لەناو فیلیمێکی سینەماییدا دەژێت و هاوکاتیش فیلیمەکە دەبینێت. ئاشکرایە کە خەون دەبینێت. لە پێناوی (وێ)دا پارچە میوزیکەکانی شۆپان و شتراوس دەژەنرێن، ئەو پیاوەیش لە بەردەمیدا دانیشتووە کە خۆشی دەوێت و مەیەکی گرانبەها دەنۆشێت و ئەم نابینێت شتی زۆر بخوات و لێی دەپرسێت:
ـ داوا بکەم شتێکت بۆ بهێنن؟
بە میزاجێك وەڵامی دایەوە کە ئاواتێکی ڕاستەقینەی شاردبێتەوە:
ـ وام زانی بۆ ئەوەت بۆ ئێرە هێناوم تا داخوازیم بکەیت!
پارچە میوزیکەکە تەواو بووبوو. بەرەو لای ڕۆیشت و دەستی بۆ درێژ کرد:
ـ دەستتم بدەیە.. دەمەوێت ئەم سەمایەم بە دیاری پێشکەش بکەیت.
گارسۆنەکە ڕایکرد کورسییەکەی لەژێر ڕاکێشا.
ئەو وەڵامی پرسیارەکەی (وێ)ی نەدایەوە، بەڵکو بەو شێوازەی پرسیارگەلی نوێی بۆ بەجێ هێشت. ئایە دەستی تەنیا بۆ ئەو ماوە دەوێت کە ئەو سەمایەی لەگەڵدا بکات؟ یان بە درێژایی هەموو تەمەن لەگەڵی بێت؟ نە گوتی (نا) و نەیش گوتی (بەڵێ)، وێ نەیدەزانی ئەو بە ڕستەیەك وەڵام دەداتەوە تا وشەیەك بشارێتەوە.
بە پەشۆکاوییەوە وەڵامی دایەوە:
ـ بەڵام سەما باش نازانم!

کەچی ئەو لەکاتێکدا باوەشی بەناو قەدیدا کردو بەرەو هۆڵەکەی برد، گوتی:
ـ دەمەوێت لەگەڵ دڵتدا سەما بکەم نەك پێیەکانت.
ئاشکرایە کە بەرنامەی بۆ هەموو شتێك دارشتبوو. هەر ئەوەندەی لەناو هۆڵەکەدا ڕاوەستان یەکسەر یەکەمین نۆتەکانی پارچە میوزیکی دانۆبی شین بەرزبووەوە.
دەستێکی خستە خوارەوەی پشتی، وەك بڵێیت پەپوولەیەکی لە باوەش گرتبێت، بەو دەستەکەیشی دەستی گرت و بەرزی کردەوە تا لە فالسێکدا بیخولێنێتەوە تا دێت خێراتر دەبێت، وەك خێرایی خەونەکانی وێ، کە بەوەوەی دەبینین.
دوو ئەویندار بوون لە ناو هۆڵێکدا سەمایان دەکرد هەنگاوەکانیان بە پێی ژمارەی ئاوێنەکانی هۆڵەکە چەند بارە دەبوونەوەو، ئەویندارى ئەوەندەی دیکە چێژی پێ دەبەخشین. چۆن دەشێت ئەم ساتە نایابانە دەست بەسەر بکرێن و بگیرێن؟ وێ نایاوێت شوێنەکە ببێتە مولکی بەڵکو ساتەکەی دەوێت، دەوێت ئەم سەرەسوورە ئەوینداربیە، سەرەسوورەیەکی هەمیشەیی بێت. دەستی کە یەکەمین جارە دەستی ئەوی گرتووە، دەەیەوێت بیهێڵێتەوە بۆ ئەوەی تا هەتایە لە خولگەو سەرەسوورەی ناو چەقی گەردەلوول و باهۆزی چێژدا بیخولێنێتەوە.
ئەمە پیاوێکە چێژوەرگرتنی لە یەك هۆڵدا جێی نابێتەوە، لە گۆڕەپانی ژیاندا سەما دەکات. سەما دەکات هەروەها بە خودی هەمان گڕگرتن دەژیت، بە جووڵەی ڕێکوپێك و پوختەو هاورێتم. هەسی ڕێتم و هونەری ماوەی نێوان دوو بوونەوەرو توانای ئەوەی هەیە هەرکەسێك لەگەڵی سەما بکات دوو باڵی بە دیاری پێشکەش بکات.
دەستی ماچ کرد. بۆ سوپاسی میوزیکژەنەکان و کۆتایی پێ هێنانی شەوبێدارییەکە چەپڵەی لێ دا. ڕووی کردە مێزەکە، قلیانەکەی بردو ، بەخشیشێکی بەجێ هێشت و.. باوەشی بە ناوقەدیدا کردو ئەویی بەجێ هێشت.
کەشەکە ئەوەند شادیبەخش بوو تا ڕادەیەك تووشی سڕبوونی کرد. وێ وەك سەماکەرێکی بالێ، کە پاش تەواوبوونی نمایشەکە، لەسەر پەنجەکانی ڕاوەستابێت، نەیدەتوانی لەسەر هەردوو پێ ڕاوەستێت. هەردوو پێی نەبوو.

سەرلەنوێ نەیدەتوانی لەسەر عەرد بڕوات. چی بە باڵەکانی بکات؟ لە کێ لەبارەی ئەم باهۆزەوە پرسیار بکات کە وێی هەڵگرتووە، هیچ پیاوێك هیچ ئافرەتێکی دەوروبەری بەو ڕادەیە خۆش نەویستووە.. ئافرەتێکیش نییە خەونێکی ئەفسووناوی بینیبێت لەو شێوەیەی (وێ)ی تێدا دەژێت.

لەگەڵێدا تا لای لاباڵەکەی یاوەری کردو دەرگەکەیەی پێ پیشان دا ئاگەی لێ نەبوو کە ئەو دەرگەیە هەیە:

ـ ئەم دەرگەیە بە لای لاباڵەکەی مندا دەکرێتەوە، هەرکاتێك ئارەزووت لێبوو بە تاك و تەنیا بمێنیتەوە، بە ئارەزووی خۆت دایخە. سەرت لێ نادەم ئەگەر نەبینم ئەو دەرگەیە کراوەتەوە.

لە کاتێکدا ئەم دەستپێشخەرییە دلێرانەی بە لاوە سەیر بوو، وەڵامی دایەوە:

ـ من میوانی تۆم و هیچ دەرگەیەکت بە ڕوودا داناخەم.

ـ جا لەبەر ئەوەی تۆ میوانی منیت، بە تەنگی ئەوەوە دەبم نەبیتە بارمتەی ژێر دەستم.. لەو باوەڕەدام پاش ئەو گەشت کردن و هاتنەت شەکەت و ماندوویت .. بە جێت دەهێڵم بڕۆیت و بنوویت.

لەبەردەم بێ دەنگییدا، لە کاتێکدا یەك هەنگاو لێوەی دوور بوو، سەیری کرد قژی دەکردەوە، درێژەی دایەو گوتی:

ـ چەندە جوانیت ئەگەر بزانیت!

زاری لە بێ دەنگیی (وێ)دا دەیگوت (بمبە) بە دەنگی بانگەوازەکەیەوە چوو.

بە هەردوو لێوی ماچی نەکرد .. هەموو لەشی لێو بوو.

پاشان، وەك چۆن دەریای ئۆقیانووسەکان بە شەو دەکشێتەوە.. کشایەوە، بڕیاری دەرگەکەی بۆ وێ بەجێ هێشت.

ئای چ پیاوێکە!

ئەو شەوە نەنووست، تەنیا بەرەبەیانێکی درەنگ نەبێت و، سەری لەژێر سەرینەکە بوو. پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە دەرگەیەك ناهێڵێت بنوێت و، نەیش ئەو شکۆمەندی و کەشخەییە ئازاری دەدات و تا ئەم ڕادەیە گیانی لێ وەردەگرێتەوە. بۆ هەر لایك گینگلی

بدایە دیواری زێڕین و سەری نوێنەکە لە زەبەلاحی و بنمیچ و چڵ چراو پەردەکان چوار دەوریان دابوو.. تەنانەت ئەو پیاوەی لە لاباڵەکەی تەنیشتەوە نووستووە نازانێت ئەم چی ئەو دەبێت. تۆ بڵێیت لەو دیوی ئەو دەرگەوە بیر لەم بکاتەوە؟ مادامەکی دەرگەکەیش بە هەردوو لادا دەکرێتەوە، بۆچی تەنیا مافی دەستپێشخەری کردنەوەی بەم بەحشی؟

لەو دیوی دەرگەکەوە، شۆڕەسوارێکی سەردەمی هاوچەرخ نووستبوو، حەزی دەکرد نازی نێچیرەکەی هەڵبگرێت، چونکە لە هەر هەموو ئەو شتانەیدا دەیکات سەرەتا نازی خۆی هەڵدەگرێت و، لە هەر هەموو یاسایەکدا کە دایدەڕێژێت، لە بڕگەی یەکەمدا دەبێت، بە خۆی تەنیا ئاغا بێت. ئەو ئاغای دەرگەکەیە، چ دایبخات، یان کرابێتەوە، ئەوە بە خۆی دروستی کردووەو یاسای بۆ داڕێژاوە. تەنانەت لە دلێری دەست بڵاوی و چاوتێری و، شکۆی پیاوەتیدا، بە خۆی هێزو توانای مەسافەی هەیە.

***

بەیانی لێی پرسی حەز دەکات چ شوێنێکی ڤییەننا ببینێت.

وەڵامی دایەوە:

- هیچ بیرۆکەیەکم سەبارەت بەم شارە نییە.. بەڵام بەر لە چەند ساڵێك فیلیمی (ئەمپراتۆرە سیسی)م بینی. ئاواتم ئەوەیە سەر لەو شوێنە بدەم کە لێی ژیاوە..و.. وێنەکانی فیلیمەکەیان تێدا گرتووە.

گوتی:

- پێشبینیم دەکرد بە سەردانی شوێنە میوزیکییەکان دەست پێ بکەیت، کە یەکەمین تایبەتمەندیەتیی ڤییەننایە. لێرە میوزیك لە شتە ناپێویستییەکان نییە، بەڵکو جۆرێك لە جۆرەکانی ژیانە، لە هەموو شتێکدا دەیبینیت. هەر چۆنێك بێت داوا لە شوفێرەکە دەکەم بتبات سەر لە کۆشکی (شۆنبرۆن) بدەیت.. بمبوورە ناتوانم لەگەڵت بێم، ئەم بەیانییە چەند کاتێکی کارکردنم هەیە.

نائومێدی خۆی لێ شاردەوە. پێشبینی دەکرد لە پێناوی (وێ)دا هاتبێتە ڤییەننا. نەجلا ڕاستی دەکرد، ئەو لە چ شوێنێك چ کاتێك بیەوێت، بەپێی بەرنامەو ژوان و کاتی کارەکانی دەیهێنێت و دەیبات و دەبێت وێ کارەکانی خۆی بکاتە قوربانی.

هیچی نەگوت. ڕەنگە سبەینێ لەگەڵی بڕوات. پاشان ئاشـکرایە بـە چـاوێکی سـووکەوە سەیری پرۆژەی سەردانەکەی ئەم دەکات.

ماڵئاوایی لێ کردو بەرەو لای دەرگەکە ڕۆیشت چاوەڕێی شوفێرەکە بکات. کاتێك هەمان ئەو پیاوەی بینی کە لە فڕۆکەخانە سڵاوی لێ کرد، خەریك بوو لەگەڵ پیـاوێکی دیکـەدا دەهاتە ناو ئۆتێلەکەوە. ڕووی لەم کردو بە گەرمی سڵاوی لێ کرد.

گوتی:

ـ شادومانم جارێکی دیکە بە ڕێکەوت دەتبینم .. من (کەمال ساری)م ، لـە فڕۆکەخانـە بینیتم.. لە بیرتە؟ چاوەڕوانی تەلەفۆنێکت بووم.. ترسام نەتبینمـەوەو پێوەنـدیت لەگـەڵم بپچڕێت.

دوێنێ لەگەڵ برادەرەکەمدا باسی تۆمان کرد، بیرمان لـە پرۆژەیـەك کـردەوە کـە ڕەنگـە پێوەندی بە تۆوە بێت، باش بوو لێرە تووشمان بە تووشتەوە بوو و بینیمانیت.

شێوەی زاری قسەکردنەکەی سەرنجی ڕاکێشا چونکە جەزایری بوو، ئەوەبوو لە فڕۆکەخانـە بە فەرەنسی قسەی لەگەڵ کرد. بە هاوڕێکەی ناساند.

ـ عیزەدین ..

پیاوەکە دەستی درێژ کردو بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ کرد. بە فەرەنسی گوتی:

ـ زۆرم لە بارەوە بیستوویت .. شادومانم کە بە دیدارت گەیشتم ـ بە شێوە زاری جەزایری درێژەی بە قسەکانی دا کە ئەم حـەزی لـێ دەکـات ـ تەمـەن درێـژ بیـت ئـەی ئافرەتـە مەردەکەمان!

پێشبینی هەموو شتێکی کردبوو، ئەوە نەبێت لەو ئۆتێلە تووشی بە تووشی جەزایرییـەوە بێت!

نوکتەی ئەو جەزایرییەی بیرکەوتەوە کە لـەکاتی ڕۆیشـتن بەسـەر بـەفردا لـە جەمسـەری باکوور خلیسکابوو، کەچی یەکێك لە تەنیشتییەوە هـاواری کردبـوو (یـا سـتار ـ خوایـە فریای کەوە!)، پیاوەکەیش بە بیسـتنی شـێوە زاری جـەزایری ڕاچـەڵەکی بـوو و هـاواری کردبوو ( من لە چنگی ئێوە هەڵاتووم.. چۆن تا ئێرەیش دوام کەوتوون.. حەز دەکەم ملـم بشکێنم تۆ هەقت بەسەرمەوە چییە!).

نازانێت لە یەك ساتدا چەندین هزرو هەست و نەست بە ئەندێشەیدا تێپەڕین. چەند هەستگەلێکی تێکەڵاو، کە لە توانای دڵ بەدەرە لێکیان جیا بکاتەوە. تێکەڵییەك لە شانازی و سۆزو مەراق و ترس لەوەی کە بزانرێت لەو ئۆتێلە میوانی پیاوێکە.. هاوکات نیگەرانی لەوەی ئەوەکەی دیکە لە دوورەوە چاودێری بکات کە لەگەڵ کەسانێکی نەناسراودا قسە دەکات.

لە زاری کەمالەوە زانی کە ئەو یەکێکە لە ئەندامانی شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی جەزایر بە سەردان لێرەن. بەلایەوە گرنگ نەبوو لە کوێ دابەزیون؟

هەناسەی وەبەر هاتەوە کاتێك زانی کە بۆ ئەوە سەردانی ئەم ئۆتێلە دەکەن چونکە دیدارێکی تایبەتی خۆیان هەیەو هیچی دی. پیاوەکە گوتی:

ـ بەم بۆنەیەوە دەزانیت ژنەکەم زۆری خۆش دەوێیت. دەشێت قسەی لەگەڵ بکەیت؟ زۆری پێ خۆش دەبێت.

ئامادە بوو هەموو شتێك بکات تا بێ گوناهی خۆی بسەلمێنێت. ژمارەیەکی لێدا و مۆبایلەکەی دایە دەستییەوە.

چەند قسەیەکی چاك و چۆنی لەگەڵ ژنەکەدا گۆڕییەوە. بەر لەوەی بەڕێی بکەن پیاوەکەی دیکە بلیتەکەی خۆی دایە. ئەم جار گوتی:

ـ ئەمانە ژمرەی تەلەفۆنەکانمن.. لە نەتەوە یەکگرتووەکان کاردەکەم. لێرە لە هەر کوێیەك بێت دەتوانێت بە ئاسانی پێوەندیم پێوە بکەیت. پاشان کە بۆ بەڕێ کردن تەوقەی لەگەڵ کرد، گوتی:

ـ ژمرەی تەلەفۆنەکەی خۆتم ناوێت، دڵنیام کە بەیەك دەگەینەوە!

هیچ شتێکی نەبوو تا بیلێت. بە وەڵامێکی ساکارانە گوتی (خوا یار بێت)!

بەڵام کاتێگ خەریك بوو سواری ئۆتۆمبیلەکە دەبوو دڵی بە چرپەوە گوتی (خوایە بمانپارێزیت)!

لە کاتی نان خواردنی نیوەڕۆدا گەڕایەوەو بینی لە لۆقنتەی ئۆتێلەکە چاوەڕێی دەکات. کۆشا کاتی نان خوارنەکە درێژتر نەکاتەوە تا چاوی بە هەردوو جەزایرییەکە، یان ئەندامانی دیکەی شاندەکە نەکەوێت.

له پێشوازییدا ڕاوەستابوو و لێی پرسی:
ـ کۆشکەکەی (شۆنبرۆن)ت چۆن بینی؟
له کاتێکدا خەریك بوو دادەنیشت وەڵامی دایەوە:
ـ سەرسوڕهێنەرو .. بە شکۆیە تا ڕادەیەك خۆتت لەیاد دەباتەوە..
گوتی:
ـ بەو قسەیەت وتەکەی (ئەبو حەیان تەوحیدی)م بیر دێتەوە کاتێك باسی میوزیکی جوان دەکات و دەڵێت (لە خۆتت دەدزێت و بۆ خۆیشت دەگێڕێتەوە).
وەڵامی دایەوە:
ـ لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کە کۆشکێکی وەك ئەو کۆشکە زۆر بە شکۆیە، بە (گۆڕاو ـ مسخ)ێکی شێوێنراوت بۆ خۆت دەگێڕێتەوە.
دەستی لە نان خواردنەکە کێشایەوەو بە گاڵتەوە گوتی:
ـ لە دوو کاتژمێردا گەیشتیتە ئەم پلەو پایە فەلسەفییە!
ئەم گاڵتە پێ کردنەی پێ ناخۆش بوو. وەڵامی دایەوە:
ـ لە دوو کاتژمێردا بەو دەرەنجامە گەیشتم، کە لە تەمەنێکدا فێر بووبووم. من کچی چیاکانم و، دەزانم شکۆبەرزی دەمانشێوێنێت، چونکە لە خودی خۆمان نامۆمان دەکات، بۆیە ئیمپراتۆرە (سیسی) بەدبەختانە ژیانی گوزەراند، وەك باڵندەیەك لە نیشتمانی خۆی دابڕابێت، تەنیا دۆستایەتی یەك دارخورمای کرد..ئەی ناوی (دارخورماکەی سیسی)ت بەرگوێ نەکەوتووە)؟
ـ نا..
ـ پێویستە بیبینیت مادامەکی حەزت لەو درەختانەیە کە سەرگوزەشتەیان هەیە. زیارەتگەران بە دەیان کەس لە بەردەمیدا بەڕیز ڕاوەستابوون، بە بیرو ئەندێشە وێنەی ئەو خانمە ئیپراتۆرە زۆر جوانەیان دەبینی بەو قژە درێژەیەوە بە قەد هەردوو لاقییەوە شۆڕ بووبووەوە، بۆ چەندین کاتژمێر لەژێر ئەو درەختەدا دادەنیشت لەبەر ئەوەی منداڵیی خۆی لە نیشتمانێکی دیکە بیر دەخستەوە. پاش مردنی (سیسی) کە هەر بە لاویەتی کوژرا، دارخورماکە بۆ ناو خانوویەکی کشتوکاڵیی شووشەیین لە ناو کۆشکەکە گوێزرایەوەو، بۆ

وەفاداری ئەو خانمە ئیمپراتۆرەیش چاودێری کرا. لەو ڕۆژەوە خەڵکی بە چوار دەوری ئەو دارخورمایەدا دەخولێنەوە، کە (سیسی) لە دەستی ساختەیی ژیانی شکۆبەرزی چواردەوری پەنای بۆ دەبرد.

گوتی:

ـ لەم ژیانەدا هەر کەسەو دارخورمای خۆی هەیە پەنای بۆ دەبات ..

پاشان بیری کەوتەوە کە کەسانێك هەن بە دەوری دارخورماکەی ئەودا دەسوورێنەوە.

گوتی:

ـ ئەم بەیانییە بینیمیت لەگەڵ دوو پیاودا دەئاخڤتیت؟

بێ بیرکردنەوە وەڵامی دایەوە:

ـ دوو هەوادارم بوون.. یەکێکیانم لە فڕۆکەخانە بینی ئەو ڕۆژەی هاتم.

وشەی (فڕۆکەخانە) بۆ بیرەوەرییە دوورەکەی خۆی لەگەڵ (وێ)دا گێڕایەوە. ئەو ڕۆژەی نەیناسییەوەو .. ڕووی لە چەند پیاوێك کرد زۆر لەو دووانە جیاواز نەبوون.

ـ ژمرەی تەلەفۆنەکەت پێ دان؟

بە سەرسوڕمان لە پرسیارەکەی، وەڵامی دایەوە:

ـ نا ..

ـ بینیمیت خەریك بوویت شتێکت دەنووسی ..

ـ وتەیەکی پێشکەشم بۆ ژنی یەکێکیان نووسی، چونکە داوای لێ کردم.

ئەو بابەتەی قۆستەوە تا بە بەستەزمانییەکی درۆکینانەوە پرسیاری لێ بکات:

ـ ئەرێ، دەتبینم کەم ئەو مۆبایلە بەکار دەهێنیت کە بە دیاری پێشکەشم کردیت.. یەکەکانی هەر وەك خۆیانن و نەگۆڕاون.

وەڵامی دایەوە:

ئەو کاتە بەکاری دەهێنم کە لە فەرەنسا بم. لە دەرەوە تەلەفۆنی ناوخۆیی، یان کارتی تەلەفۆن بەکاردەهێنم، چونکە لە دەرەوەی فەرەنسا نرخەکەی دوو چەندە گرانترە لەسەر ئەم هێڵە.

وەڵامی دایەوە:

ـ پێم گوتیت خۆت بەم وردەکارییانەوە سەرقاڵ مەکە.
ـ حەز لەو بەفیڕۆدانە ناکەم .. با خۆیشم پارەکەم نەدابێت.
گومانی لە قسەکانی پەیدا کرد. تۆ بڵێیت بۆ ئەوە مۆبایلەکەی ئەم بەکارناهێنێت تا ئەم ئاگەی لە تەواوی تێچووی تەلەفۆن کردنەکانی نەبێت و، بزانێت تەلەفۆن بۆ کێ دەکات کاتێك ئەو لێرە نەبێت.
وێ بیری لە شتێکی دیکە دەکردەوە. بیری کەوتەوە کە پێویستە پێوەندی بە بەیرووتەوە بکات، تا بزانێت پرسی لەمەڕ ستۆدیۆکە بە کوێ گەیشتووە. گوتی:
ـ دەزانیت .. دەبوو ئەمڕۆ لە بەیرووت بوایەم تا ئەلبۆمە نوێیەکەم تۆمار بکەم.
وێ پیشبینی کرد کە ئێستە داوای لێبوردنی لێ دەکات بەڵام گوتی:
ـ هەر هەموو ئەمەیش بەرەو دوورت نابەن.
بە بەرگری لە خۆکردنەوە وەڵامی دایەوە:
ـ بەڵام پێش دەکەوم ..
ـ وەك هەموان بەرەو خراپی پێش دەکەویت. ڕێ نادەم لە ئێستە تا ساڵێکی دیکە ئاهەنگێك سازبدەیت. نەیش یەك ئاهەنگ پتر لە ساڵێکدا. هەموو زیانە مادییەکانت قەرەبوو دەکەمەوە. دەمەوێت خۆت بۆ خوێندنی میوزیك لە پەیمانگەیەکی ناوداردا تەرخان بکەیت لەبری ئەوەی کاتی خۆت لە سازدانی ئاهەنگانێکدا بەفیڕۆ بدەیت هیچ ناوبانگییەك ناخەنە سەر کاروانی هونەریت.
سەری لەو قسە توندانەی سوڕما. پێویستی بە نەجلایە تا بۆی شی بکاتەوە ئایە جاڕ لە ناوەکەی، یان لە سەرکەوتنەکەی دەکێشێت؟ ئایە بە ڕاستی لەوە دەترسێت لە دەستی بچێت، یان لە خۆی دەترسێت لە دەستی بدات؟
وێ تەنیا پەنا بەر دڵی خۆی دەبات و دەیکاتە سەرپشك، کە بەردەوام هەڵوێستەکانی پەسەند دەکات. لەو جاڕکێشانەی لەمەڕ پاشەڕۆژی توندوتیژی باوکایەتی بەدی دەکات کە لە دەستی داوە، لەگەڵ بەڵگەی ڕاستەقینەی ئەوەی کە ئەمی خۆش دەوێت. بەڵام نەجلا بۆچوونێکی دیکەی هەیە.

ئەوەی سەری لێ دەرناکات، ئەوەیە کە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان ستایشـی دەنگـی نـەکردووەو، سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە هونەرەکەی دەرنەبڕیوە. بەڵکو لـە هـەموو ئـەو شـتانەی دەیانڵێت، یان لێیان بێ دەنگ دەبێت پاڵ بەمەوە دەنێت گومان لە خۆی پەیدا بکات. تۆ بڵێیت ڕێ لە ئەستێرەکە بگرێت تا بەسەر مێینەکەدا زاڵ بێت وەك نەجلا دڵێت؟

# چوارەمین جووڵە

**( هیچ جارێك بە تەواوەتی تێرم لێ نەخواردووە، وێ لە ژیان دەچوو )**

مارسیَل برؤست

وەك چۆن ئاواتی خواست بیکات، سبەینێ بڕیاری دا لە لابالەکە شیوی ئێوارە بخۆن.
شەوێکی هاوینەی خەوناوی بوو. فەرمانی دا مێزەکە لە بالکۆنەکە دابنرێت کە بەسەر دیمەنێکی دلڕفێن و ئەو باخچانەدا دەڕوانێت، بە شێوازی ئەندازەیی جوان دروست کراون، لە دیزاین و جۆری گوڵەکانیاندا زێدەڕۆیی زۆر کراوە، ئاوپژێنیان تێدایە دەنگی خوڕەی ئاوەکانیان بەر گوێیان دەکەوێت.
کراسێکی شەوبێداری لەبەر کرد بۆ جوانی دانیشتنەکەو، پۆشتەیی جلەکانی ئەو دەست دەدات، کە ئاماژەی بەوە دەکرد وەك بڵێیت هەردووکیان ئامادەی ئاهەنگێك دەبن.
پشووی پێدا هاتەوە کاتێك ئەو دیمەنە والایەی بەسەر فرەوانیی ئاسماندا بینی، ئاکام لە چەپۆك و زەبری شکۆبەرزی لە ڕادەبەدەر قوتاری بوو، لەگەڵ ئەو هەست بە بێزاری کردنەی لە ناخیدا سەری هەڵدا کە نەیدەزانی بە هۆی چییەوەیە. بیری کردەوە سروشت هەرچەندە واق ورهێنەرو ئەفسانەییە، پاڵت پێوە نانێت هەست بە کەم و کوڕی بکەیت و، دەوونیشت تووشی شێواندن ناکات. تۆ بچووك نابیتەوە کاتێك سەیری تاڤگە بڵندەکانی (نیاگارا) دەکەیت، وێڕای گەورەییان، لەبەر ئەوەی لە بناغەدا بوونەوەرێکی (ئاو)یت، تۆ بە خۆت کوڕی ئەو تاڤگەیەیت. تووشی گرێی کەم و کورتی نابیت کاتێك لە پایینی (هیمالایا)دا بیت، ئەگەرچی بڵندترین لووتکەی چیایە لە جیهاندا، چونکە تۆ کوڕی ئەو چیایانەیت، لەبەر ئەوەی تۆ لە خاك دروست کراویت.
پاشان .. دەوڵەمەند دەبیت و کۆشکێك بۆ خۆت دروست دەکەیت، ئەوەندەی کاتدرائییەیەك گەورە بێت سەری بە ئاسماندا بتەقێتەوە، کەچی هەرکە بەرانبەری ڕاوەستیت ئەوەندەی دیکە بچووك دەبیتەوە. ئەوەیش فریودەریی قەوارەکانە، مزگەوت و کاتدرائییەکان بۆ ئەوە دروست کراون تا مرۆڤ بچووکتر بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر پێوەری خواوەند دروست کراون نەك لەسەر پێوەری تۆ، چونکە ئەوانەماڵی ئەون.
بەڵام مرۆڤ هەر تاوەرەکان دروست دەکات و لەو بڕوادایە چەندە بچووك ببێتەوە، بە بەرزی ئەو تاوەرانە مەزنایەتی و گەورەیی خۆی پتر دەبێت و ئەوانەیش دەدرێنە پاڵ ئەو، نەك خاك. لە ڕازاندنەوەی دیوارەکانی کۆشکەکانیشی بە زێڕ زێدەڕۆیی دەکات، کەچی ناخی خۆی ژەنگاوی دەبێت، لە کاتێکدا هەموو شتێکی دەوروبەری دەبریسکێنەوە. ئەم لووت

بەرزییەی لە کویوە هێناوە، لە کاتێکدا ئەو بەردانەی کە تاوەرەکانی پێ بەرزدەکاتەوە خواەند دروستی کردوون؟ با کەمێك فیزی زل نەبێت، مادامەکی ناتوانێت گولێکی کێویلەی بچووك دروست بکات، کە لەبەردەم کۆشکەکەی شین دەبێت. دەبێت قەوارەی خۆی بە پەرجووی ئەو گوڵە بپێوێت.

لەبارەی ئەو شتانەوە کە بە مێشکیدا تێپەڕین، هیچ شتێکی پێ نەگوت، ڕەنگە لەو بڕوایەدا بێت، وەك بەیانی، کە وێ (دەفەلسەفێنێت). لەکاتێکدا وێ لەبارەی ئەو شتەوە دەدوێت کە باشی دەناسێت: سروشت.

بە هەڵبژاردنی بوتڵێك بادەوە سەرقاڵ بوو ساڵەکەی لەگەڵ میزاجی ئەو شەوبێدارییەیدا بگونجێت. پیاوێك کە جۆرە دەست وەشاندێکی(مێو)ی پێوە دیارە، بە پۆشتەییەوە (چێژوەرگرتن)ی خۆی هەڵدەدات. چێژخوازە، بوتڵە بادەیەك لە زاری نزیك ناکاتەوە پێش ئەوەی لە سەرگوزەشتەی ورد نەبێتەوە. کاتێك پەرداخە بادەکەی بە دەستەوەیە، پێدەچێت ئامادەبێت شاعیرانە پڕ بداتە ژیان.

لە ڕاستیدا ئەو بە دەستی خەمۆکیی ئەو کەسەوە گیری خواردووە کە شادومانی بۆ بەدی نایەت. هەرکە لەو بڕوادا بێت کە بە شادومانی گەیشتووە، گوێی لەترپەی پێیەتی بۆ ئەو شوێنەی دەگێڕێتەوە لێوەی هاتووە. تەنانەت بوونی ئەم کچە کە زۆر جار بە ئاواتی ئەوەوە بوو، بۆ شوێنی غەمبارییەکەی بباتەوە، کە لە بەر نهێنییەك، بێدار دەبێتەوە کاتێك ئەوەندە لەوەوە نزیکە لە خۆشیاندا هەڵگەڕێتەوە.

پێی گوت و ئاماژەی بە گارسۆنەکە کرد (مەی) نەکاتە ناو پەرداخەکەی (وێ).

ـ تۆ نازانیت چی لە دەست دەدەیت!

تەنیا بزەیەکی هاتێ.

ڕەنگە شەوێکی گونجاو بێت، بۆ ئەوەی لەم شەوەدا کاتێکی لەگەڵ ڕابوێرێت، کە کاتی هاتووە. ئەم جارە ئەو شتەی لێ دەستێنێت، کە ماوەیەکی زۆر درێژە پاراستوویەتی و لای خۆیی هەڵگرتووەو، ڕەنگە بە کەسێکی دیکەی ببەخشێت. ئەم جۆرە هەستەی بە مێشکدا تێپەڕی لەوەتای بینی بە بەرچاوی ئەمەوە لەگەڵ ئەو دوو پیاوەدا دەئاخڤێت. شادومان و گەرم و گوڕانە دەبینرا. ئەوەبوو تیوەگلاو پێکەنینێکی پێ بەخشین، کە لە

ماوەی دوو ساڵدا بەمی نەبەخشیوە. بەپێی نەریتی ئەم، دەشێت ئەو پێکەنینە ببێتە کارێکی خیانەت کردن، ئەو پێکەنینە توانەوەی دوو بوونەوەرە لە ساتێکی خۆشیدا. بەڵام قەیدی نییە، با ڕابوێرێت و چێژ لە کاتی خۆی وەربگرێت، ئەم هەموو خەمەی پێ ناوێت چونکە ئەو هیچ ڕۆژێك پێشبینی وەفادری و دڵسۆزی لە ئافرەتان نەکردووە.

لێی پرسی:

ـ کەی بلیتی گەڕانەوەت بۆ شام بڕیوە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ پاش چوار ڕۆژی دیکە دەگەڕێمەوە.

گوتی:

ـ نەفرەت لەم کۆبوونەوانە. کات زۆر بە خێرایی تێپەڕی. دەکۆشم کاتێکی درێژ پێکەوە بگوزەرێنین.

وێ گوتی:

تێناگەم بۆچی بەردەوام سەرت قاڵە..

یەکەم پێك وەڵامی دایەوە:

ـ دەبێت ماندوو ببم تا ئەوانی دیکە پاش من پتر هەست بە شادومانی بکەن.

ـ تکایە .. مەمتۆقێنە.. چەند ڕۆژێکی جوانمان لە پێشە.

ـ خۆشەویستم، یەکەم جار نیگەرانەکان دەڕۆن. ژیان بەو شێوەیە.

ـ تۆ بە خۆت ئەوەت هەڵبژاردووە ئەم پێوەندییە خێراییەت لەگەڵ ژیاندا هەبێت.

دووەمین پێك بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە:

ـ دەمەوێت سامانەکەی خۆم لە فریودانی ژیاندا خەرج بکەم .. مادامەکی پارەکەم لای پیاوانێك کۆتایی دێت لە فریودانی ژنەکانمدا کارێکی داهێنەرانە دەنوێنن!

ـ ژنەکانت؟

ـ مەبەستم ژنەکەم و کچەکەمە! ژنەکەم هێشتە جوانە. پاش من مێرد دەکاتەوە .. هەروەها هەردوو کچەکەم .. پیاوەکان کێ بەرکێ دەکەن بۆ ئەوەی (بلیتەکانی خۆت و بەختت)، دەستەبەر بکەن کە بردوویانەتەوە!

ـ بۆچی تۆ تا ئەم ڕادەیە لەوە دڵنیایت کە ڕوودەدات؟
سێیەمین پێك وەڵامی دایەوە:
ـ چونکە بڕوام بە ئافرەتان نییە، نە دایکم چاوەڕێی بـاوکی کـردم .. نـەیش ئـەو کچـەی خۆشم ویست چاوەڕێی کردم، ئەو ڕۆژەی سەفەرم بۆ بەرازیل کرد.
ـ تۆ چ لە ڕەوشی ژیانی ئەوان دەزانیت. پاشان.. ئەگەر ئـەو کچـە چـاوەڕڕێی کردبایـت، ئەوە لە بەیرووت دەمایتەوەو ئەم هەموو دەستکەوتانەت بەدی نەدەهێنا. ژیـان شـتێکت پێ نابەخشێت، ئەگەر بەرانبەر بەو شتە شتێکی دیکەت لێ نەسێنێتەوە.
چوارەمین پێك پێکەنی و بە تەوسێکی تاڵەوە وەڵامی دایەوە:
ـ مەبەستت ئەوەیە سامانی پێ داوم؟ ئەی سوودی سامان چییە ئەگەر لەوە گرانبەهاترت لەدەستبدات؟ خودی دەوڵەمەندی کاتێك لە سنووری خۆی تێپەڕێت بۆ خاوەنەکەی دەبێتە جێی مەترسی.
نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتـەوە. وێ مەترسـییەکی لـەو جـۆرەی تـاقی نەکردووەتـەوە. ئەگەرچی لەگەڵ کۆکتێلێك مەترسیدا ژیاوە.(مەترسی دەوڵەمەندبوون) بـەلای کچـێکەوە نوکتە بوو کە ژیانی خۆی لە سەردەمی تیرۆریستەکاندا خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی ئـەو داهاتە کەمەی بپارێزێت بە هۆی کاری مامۆستایەتییەوە دەستی دەکەوت.
لەبەر ئەمەیە دەوڵەمەندەکان پەنا بەر کەسانی دیکە دەبەن، بـۆ ئـەوەی لـەو تەخشـان و پەخشان کردنەی پارەدا یارمەتییان بدەن، لە ترسی ئەوەی نەوەك سـامانەکەیان لـەناویان ببات ئەگەر بێت و بە تاك و تەنیا لەگەڵیاندا بمێنێتەوە؟
ساکارانە شتێکی ڕاستگۆیانەی پێ گوت:
ـ دەزانیت .. زۆر جار حەز دەکەم هیچ پارەیەکت نەمێنێت تا هەموو ئەوانەی دەوروبەرت لێت دوور بکەونەوەو ..کەست نەمێنێت تەنیا خۆت نەبیت.
وەڵامی دایەوە، وەك شتێك بۆ (وێ) دەرکەوت کە ددان پێدانانێکی ئەویندارانە بێت:
ـ ئەی من لە تۆ بەو لاوە کەسی دیکەم هەیە؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا. چەندین سفر لە نێوانیاندا هەیە پاڵی پێوە دەنێن بڕوای پێ نەکات. ئەویش لە لای خۆیەوە بڕوا بە وێ ناکات، تەنیا ئەو ڕۆژە نەبێت کە لە پێناوی ئەمدا واز لە هەموو شتێك دەهێنێت و .. دەبێتە نەدارێکی لای ئەو.
وێ پرسیاری لێ کردو پێدەچوو لایەنی خەیاڵ پلاوییەکانی ئەو بگرێت:
ـ بە ڕاستی کەسی دیکەت نییە من نەبێت؟
پێنجەمین پێك وەلامی دایەوە:
ـ سەگێکیشم هەیە خۆشم دەوێت. ئافرەتێك پێشکەشی کردم کە خۆشی دەویستم، بڕوا بکەم نەیدەزانی چیم پێشکەش بکات، لەو بڕوایەیدا کە من هەموو شتێکم هەیە، بۆیە سەگێکی بە دیاری پێشکەش کردم. گوتی ئەوە دیارییەو کەس لە ماڵدا ناتوانێت دەستبەرداری ببێت. فێڵێکی سەرکەوتووانە بوو، مادامەکی سەگەکە چوار ساڵ دەبێت لەگەڵماندا لە ماڵەوە دەژێت.
وێ سەرلەنوێ هەستی بە جارکێشان کرد:
ـ ئەی تۆ زۆرت خوو بە سەگەکەوە گرتووە، یان بە خاوەنەکەیەوە؟
بە ڕێتمێکی ڕاستەقینە وەلامی دایەوە:
ـ ئاشکرایە بە سەگەکەوە! دیاری ماڵئاوایی کردن بوو. خاوەنەکەی ئافرەتێکی بیانی بوو، بایەخی بە دوایەمین ئاوڕدانەوە دەدا، کە کۆتایی بە پێوەندییەك دەهێنێت. ئەم ڕەفتارە لای ئافرەتانی عەرەب بەدی ناکەیت. تۆ نازانیت بە ڕاستی کێت خۆش دەوێت تەنیا لەکاتی جیابوونەوەدا نەبێت.
ـ ئەی ئەم سەگە لەگەڵت لە پاریس دەژێت؟
ـ بەر لە چوار ساڵ بردمە بەیرووت و .. هێشتە لەوێیە.
ـ پێدەچێت زۆرت خوو پێوە گرتبێت ..
ـ ئەی چۆن ..(سەگێکی هاوڕێ، نەك هاوڕێیەکی سەگ).
درێژەی بە شەشەمین پێك دا:
ـ گرەو لەسەر وەفاداری کەس نەکەیت تەنیا سەگ نەبێت. ئەو وەفادارییە بێ دەنگ و ئەو دڵسۆزییەم خۆش دەوێت کە بێ بەرانبەرە. تۆ قسە لەگەڵ سەگەکەدا ناکەیت، بۆیە هیچ

درۆیەك، هیچ دوو ڕوویەك، هیچ لێك نەگەیشتنێك، هیچ بەڵێن و پەیمان و هیچ سەر پێ شۆڕکردنێك لە نێوانتاندا نییە. مرۆڤ بەرانبەر بە سەگەکەی (ئاغا)یە تەنیا ئەگەر دەربەدەرو بێ دەرەتانیش بێت. سەگەکە لە دەربەدەرییەکەی بە شەقامەکاندا هاوڕێی دەبێت، تا ماوە دڵسۆزی دەبێت، چ ئەگەر ئاغاکەی جوان، یان ناشیرین بێت، گەنج، یان بەساڵداچوو بێت، دەوڵەمەند، یان نەدار بێت، ئایە ئەم تایبەتمەندییانە لە نزیکترین کەسی خۆتدا مسۆگەر دەکەیت؟

وەڵامی نەدایەوە. پرسیارەکە ئاراستەی وێ نەکرابوو. ئاشکرایە ئەو بە خۆی وەڵامەکەی دەزانێت.

وێ بینی وەك پێ بچێت خەریکە لەسەرخۆ دوایەمین پێك تێ دەکات. لە کاتێکدا پێکەکەی بە جووڵەیەکی بازنەیی جووڵاندەوە بەر لەوەی قومێکی لێ بدات، درێژەی دایە:

ـ سەگەکەم لە بەیرووت ژیانێکی باش دەژێت و نازی هەڵدەگیرێت، منم ژیانێکی سەگانە دەگوزەرێنم، لە هاتن و چوونی نێوان کیشوەرەکان و کۆبوونەوەکاندا هەناسەبڕکێمە. تێبینیت کردووە ئەو سەگە دەربەدەرەی کە خاوەنی نییە، دوات دەکەوێت و هەر بە دواتەوە دەبێت تا دەیگریتە خۆت؟ هەرچی ئەو سەگەیە کە لەگەڵ خاوەنەکەیدا دەچێتە سەیران، ئەوە لە بەردەمییەوە ڕادەکات تا خاوەنەکەی نەتوانێت پێیڕا بگات. ئەوانەی لە پێشەوەیان دەبینیت بەردەوام بە دوای شتەکانەوە هەناسە بڕکێیانە، ئەوانە ئاغا نین بەڵکو سەگن. ئاغاکان بە دوای شتێکدا هەناسە بڕکێ ناکەن، بەڵکو شتەکان بە خۆیان بە هەناسەبڕکێ دێن بۆ لایان. بەڵام سەگ کە بە شادییەوە لەبەردەم خاوەنەکەیەوە بڕوات، لەو بڕوادایە بە خۆی ئاغایە، ئاگەی لەوە نییە کە یەکێك پەتێك چاوەڕێی بکات بۆ ماڵی خاوەنەکەی بیگێڕێتەوە، ئەوە هەر بە سەگی دەمێنێتەوە!

بەرانبەر بە بێ دەنگی و سەرسوڕمانی لە قسەکانی، بە پەلارەوە گوتی:

ـ خۆت بە تێگەیشتنی ئەو قسانەوە ماندوو مەکە کە گوتم.. عەرەب هیچ شتێك لەبارەی سەگەوە تێناگەن، لەبەر ئەوەیە چەندین گەل دەبینی هەر هەموویان بە دوای ستەمگەرەکانیان کەوتوون و هەسکە هەسکیانەو دەست لە باوکایەتییان پان دەکەنەوە!

لەکاتێکدا چی لە بنەوەی بوتڵەکەدا مابووەوە دەیکردە پێکەکەیەوەو بە بەتاڵی گێڕایەوە شوێنەکەی خۆی و، درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ خۆزگە بە لایەنی کەمەوە لە (مەی) تێدەگەیشتیت .. ئەمە سونەتێکی نائاساییە بە دەگمەن هەڵدەکەوێت!

بە گاڵتەوە گوتی:

ـ بەڵام تێدەگەم کە گرانە مادامەکی نائاساییە.

وەڵامی دایەوە:

ـ ئەمڕۆ خەڵکی نرخی شتەکان دەزانن بەڵام بەهایان نازانن.. شادییەکی وەك ئەمە بە چەند هەڵدەسەنگێنیت؟

بۆ ئەوەی خۆی لە داوی پرسیارەکە قوتار بکات، وەڵامی دایەوە:

ـ ساتە جوانەکانی خۆشەویستی نانرخێنرێن.

ـ بەڵام شتێکی جوانە بەهاکەی بدەیت، تەنانەت ئەگەر ئەوەی بەرانبەریش نەزانێت چەندی داوە. نرخ بەشێکە لە میزاجت. لەچێژو خۆشیت.

ئەو نەیدەزانی کە نرخ بەشێك لە کولەمەرگی وێ بوو، هەروەها هۆیەکی شێواندنی میزاجی بوو. لە ژیانی ڕابوردوویدا چەندین مانگ کاری کرد، بەرانبەر بەو بوتڵەی کە لە پێشوازی (وێ)دا کردییەوەو ئێستە بە بەتاڵی لە بەردەمیدا دانراوە.

ئەو گوتی:

ـ مادامەکی لەسەر ئەوە سووریت بەشداریم لەگەڵ نەکەیت چێژ لە مەی وەربگریت، ئەوە دەبێت یاری شەترەنجت فێر بکەم.. بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەوەی لە چێژی گێمێك، یان دوو گێمدا بەشداریم لەگەڵ بکەین کاتێك هەردووکمان دوو بە دوو پێکەوە دەبین.

دەستپێشخەرییەکەی پێ سەیر بوو، بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بڕوا ناکەم سەرکەوتوو دەبم .. چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەو یارییە نزیك نەبوومەتەوە!

بە گاڵتەوە درێژەی دایە:

ـ دڵنیا بە، یاری شترەنج حەرام نییە.. تەنیا لە بێ مێشکەکان حەرام کراوە.

وەك یەکێك پۆزش بهێنێتەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ کەواتە ئەو یارییە هی من نییە. وەك من بزانم یاری پیاوانە..
ـ یاری شاو زیرەکەکانە، قەیدی چییە تاقی بکەیتەوە، ئەگەر حەزی لێ بکەیت خووی پێوە دەگریت و وازی لێ ناهێنیت. چاوەڕوانی گێم لە خودی گێمەکە گرنگترە. دەزانیت.. لە هەر ماڵێکدا یارییەکم هەیە.. هەندێکیان بەسەرگێمکدا والآن کە بەر لە چەند مانگێك لەگەڵ یەکێکیاندا دەستم پێ کردووە، چاوەڕێیە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بەیەك بگەینەوە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین. چەندین گێم هەن چەندین ساڵ درێژە دەکێشن.. پاشان یاریزانەکان ڕۆژێك هەر بە یەك دەگەنەوە، تۆزی سەر شەترەنجەکە لادەبەن و لەو شوێنەوە دەست بە گێمەکەیان دەکەنەوە کە لێی ڕاەستابوون. لەشەترەنجدا سێیەمین یاریزان لەسەر مێزەکە (کات)ـە. حەز لە تەختەیەکی شەترەنج دەکەم چاوەڕێم بکات، ئەوە پرۆژەی ژوانێکە لەگەڵ ژیاندا.. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە من دەژێم تا ئەو گێمە تەواو دەکەم!
قومێکی لە پێکەکەی داو درێژەی دایە:
ـ کەسانێك هەن شایستەی نە چاو ن دڵ و نە گوێیانن. تۆو خوا .. ئەوانە لەسەر گۆی ئەم زەوییە چی دەکەن ئەگەر تەنانەت هەستەکانیان وەبەرناهێنن و وەگەڕ ناخەن؟ چۆن لە تێکرای ژیاندا لەگەڵ ئەوانەدا هاوسان دەبم؟ پیاوێکی وەك من دەبێت 500 ساڵ بژێت تا درێژە بە گوێ گرتن لە (شتراوس) و (ڕافێل) و (فیڤالدی) بگرێت و .. لەگەڵ ئافرەتێکی جواندا لەبەردەم ئەم دیمەنە جوانەدا دانیشێت و .. قەپاغی بوتڵێك مەیی نایاب بۆ پێکی ئەم مێینە فریودەرە هەڵپچڕێنێت کە پێی دەگوترێت ژیان!
هیچ هۆیەکی بۆ ئەو غەمبارییەی نەدۆزییەوە. ڕەنگە بۆندێك، یان قۆنتەراتێکی لە دەست چوبێت و زیانی لێ کەوتبێت.
گوتی:
ـ دەبینم هەموو هۆیەکانی شادومانیت هەیە. هیچ هۆکارێك بۆ ئەو بێزارییەت نابینمەوە.
بۆتڵە بەتاڵەکەی مەییەکە پێکەنی و .. پیاوە سەرخۆشەکەیش گوتی:
ـ بەختەوەری لەوەدا نییە چیت هەیە.. بەڵام کولەمەرگی لەوەدایە کە نیتە. زۆر جار ئەوەی هەتە ناتوانێت بەختەوەرت بکات، لە کاتێکدا ئەوەی نیتە، ئەوە ئەو شتەیە کە کولەمەرگیت بۆ دروست دەکات.

ـ ئەوەیش ناخی مرۆڤە بڕوای بە قەناعەت بوون نییە .. بە ڕاستی نابینم چی کەم و کوڕییەکت هەیە تا بەختەوەر بێت..
بە شێوەیەك سەری لێ سوڕما وەڵامی دایەوە:
ـ ئەو کەم و کورییەم هەیە کە ناکڕێت و .. تۆ هەتە.
بە سەرسوڕمانەوە، بە ڕێتمێکی گاڵتەجاڕانەوە وەڵامی دایەوە:
ـ من چیم هەیە؟!
مەزەندە دەکرا بڵێت لاویەتی .. بەهرە .. تەندروستی.
بەڵام بوتڵە بەتاڵەکە گوتی:
ـ بوێری.
ـ بوێری؟!
ـ ئاشکرایە. ئێمە هەرچەندە دەوڵەمەندتر بین، ئەوەندە ترسنۆکتر دەبین، ئەویش لە ترسی دەستکەوتەکانمان.. ئیرەییت پێ دەبەم بۆ ئەو زیانانەی لێت کەوتوون لەبەر ئەوەی تووشی من نایە ..
دەبوو وێ پێبکەنێت. پیاوێك ئیرەیی بە دەستکەوتەکانی دەبرد، کەچی ئەم ئیرەیی بە زیانەکانی دەبات.
وەك شتێکی بیر کەوتبێتەوە درێژەی دایە:
ـ هەروەها لە دڵنیاییەکەت .. تۆ بڕوا بە هەمووان دەکەیت.. من بڕوام بە کەس نییە. دەزانیت کولەمەرگی مرۆڤ لەوەدایە کە بڕوای بە کەس نەبێت، لەبەر ئەوەی کەس بۆ خودی خۆی خۆشی ناوێت.
وێ نەیزانی بە چی وەڵامی بداتەوە. وەك یەکێك پۆزش بهێنێتەوە گوتی:
ـ خۆزگە دەمتوانی ئەو شتەت پێ ببەخشم کە دەتەویت.
بنەوەی بوتڵەکە وەڵامی دایەوە:
ـ ئەوەی من دەمەوێت..کوڕێکە .. کوڕێکە ناوی من هەڵبگرێت، سامانەکەمی بۆ بمێنێتەوە، سەربەرزیم بپارێزێت .. بەڵام ئەم ئاواتەم بەدی نایەت. ژنەکەم ناتوانێت منداڵێکی دیکەی ببێت. منیش لەژیاندا هەر ئەم بەشەم بۆ ماوەتەوە. تەڵاقی نادەم، پەنا

بەر پاساوی ئاییینی نابەم بۆ ئەوەی ژنێکی دیکـەی بەسـەر بهێـنم. وێ دایکـی هـەردوو کچەکەمەو خۆشم دەوێت.

غەم و پەژارەی ئەو کەسە دایگـرت کـە بیسـتبێتی سـزای خـەونی دژواریـان بەسـەردا سەپاندبێت. بە ڕێتمێکی ورە دابەزیو لێی پرسی:

ـ ئەی من؟

ـ تۆ دایکی ئەو کوڕەمیت کە لە دایك نابێت ..

ڕاستی لە بنەوەی بوتڵەکەدا بوو .. کاتژمێر سێی بەرەبەیان بوو کاتێك (مەی) بێ دەنـگ بوو چی دیکەی قسـەی ڕێپێـدراوی نـەکرد، درکاندنـەکانی ئـەوی لـە بنـەوەی پەرداخـە بەتاڵەکاندا کۆکردەوەو خوانەکەی بەجێ هێشت. ئەویش بە دوایدا چووە ژوورەوە. مەسـت و شەکەت بووبوو، دەستی بە ماچ کردنی کرد، بەڵام دڵی وێ بە هەوری قسـەکانی و، بـە شادومانییەکی زۆری بە غەم مینڕێژکراو تەنرابوو.

گوتی:

ـ شەو باش.

ئەویش دەستی گرت کاتێك دەیویست لە دەرگەکەوە بچێتە ناو لاباڵەکەی خۆیەوە. گوتی:

ـ شەو درەنگە .. ڕێم دەدەیت لای تۆ میوان بم و درێژە بە شەوبێدارییەکە بدەین؟

بەرانبەر بە بێ دەنگیی وێ، درێژەی دایە:

ـ با بڵێین من وەڵامی سەردانەکەی تۆ دەدەمەوە!

بەر لەو چووە ژوورەوەو دەرگەکەی لە دوای خۆی بە والآیی بەجێ هێشت.

خـاوەن دەرگەکـە، دەرگەکـەی تێپەڕانـد. وێ هـیچ ڕۆژێـك دەرگەکـەی دانەخسـتووەو نەیشیکردووەتەوە. هەر بە والآیی بەجێی هێشتووە. ئەگەر دایخستبایە ئەوە دڵـی گلـەیی لێ دەکرد، ئەگەر بە والآیی بەجێی هێشتبایە ویژدانی سەرزەنشتی دەکرد.

ئەوەی بۆ با بەجێ هێشت پێوەی بدات، یان لەسەر پشت بیکاتەوە.

با؟ واتە دەستی چارەنووس، کە دەستی کردنەوەو کلیل دانی دەرگـەکانی هەیـە. هەرچـی (وێ)یە ئەوە خۆی بە کردنەوەی پەنجەرەکانی خەونەکانەوە خەریك دەکات.

ئەوە ئەو جەستە بەچێژەیە. زۆر جار بەرەنگاری فریوی پیاوەتی ئەو بووەتەوە، لـە سـەرنج ڕاکێشانی پێگەیشتوویداو، لە نێوان گێرمەو کێشەی هەست و داب و نەریتەکاندا، لەبـەر دەروازەی ئارەزووی ئالۆشاویدا ڕاوەستاوە. چەند ئارەزوویەك هەن بۆ ئەوە دروست نەکراون بگوزەرێن، مادامەکی ئێمە نایانگوزەرێنین و نایانژێین، ئـەوان لـە ئێمـەدا دەژیـن. بۆیـە لەوەتای ئـەم پیـاوە پێـی هاویشـتووەتە نـاو ژیانـەوە، لـەو کاتـەوە خەونـەکانی ئـەمی داگیرکردووە.

ئێستە ئەو دەەیەوێت لەسەر نوێنێك داگـیری بکـات. وەك گرکانێـك تـازە هەڵچـووبێت، ماچەکانی چوون شلەی گڕکان بەسەر مێیایەتیدا دەڕژان. بەردەوام بـە کـادانێکی دادەنـا بڵێسەی ئاگرەکەی ئەمی لیٚ نزیك بووبێتەوە.

دەیەوێت ئەم کیژە خەون بەستەزمانە گڕتێبەر بـدات. ڕەنگـە مەسـت بێـت و نـەتوانێت بەیەك قوم هەڵیبدات. دەیەوێت دەست بە سەر هەموو شتە خۆشەکانیدا بگرێـت. هیـوای دەخواست چەند شەوێك لەناو نوێنەکەیدا لەبیری بکـات، وەك کەسـێك شـەوی جـەژن لـە کۆگەی فرۆشتنی دیارییەکاندا لە بیر بکرێت.

تا دەهات بـەری لـە ئارەزووەکـانی دەگـرت و ڕێـی نـەدەدا لاقـەی بکـات، بـەڵام ئـەو وتووێژکارێکی بێ درێژە، لەگەڵ هەر ڕووپێوێکیدا بە تەنیا وتووێـژ دەکـات تـا خـۆی بـە دەستەو دەدات. زۆری ئوقرە گرت، ئەگەر ئەم شەو نەیڕنێت (ئـەم میـوە گەیشـتووە لـیٚ نەکاتەوە)، ئەوە کەسی دیکە بەرو بوومەکەی دەڕنێت، ڕەنگە پیاوێکی دیکە کە پاش ئەم دێت پتیلەکەی داگیرساندووە. بەڵام، جگە ئەم کێی دیکە دەتوانێت فـوو لـە ئـاگری نـاو پشکۆی کیژان بکات، بێ ئەوەی سستی بنوێنێت و بڵێسەکە بکوژێتەوە، یان پەلە بکـات و ئاگرێك هەڵگیرسێنێت کوڵ و کۆی هەموو شتێك دامرکێنێتەوە؟

بەڵام بوتڵە بەتاڵەکە ئوقرەی ڕاوچی و شارەزایی و دانایی لە ڕێککاری سـاتی هەڵکوتانـە سەرەکەی پیٚ لە دەست دا.

ئەی جەواهیری نەیگوتووە:

(ينقض عجلان فيفلتُ صيده     ويصيبه لو أحسن الإبطاء)

(واته به پەلە دەست دەکاتەوەو نێچیرەکەی لـە دەسـت دەچـێت، بـەڵام ئەگـەر بزانێـت و لەسەرخۆ بێت، ئەوە دەیپێکێت).

ئەویش لەسەخۆیی و سستی بە باش زانـی. بۆیـە ئـەوە جەسـتەیەتی لـەناکاو یادگـەی خێڵایەتی خۆی بە دەست دەهێنێتەوەو، پیاوانی خێڵەکەیشی دەست بە نـۆرەی پاسـەوانی خۆیان دەکەنەوە، کە لەو بڕوادایە ڕۆیشتوون و ئەوییان بەجێ هێشتووە.

وێ ئـەوی دەوێـت بـەڵام نـەك تـا ڕادەی ئـەوەی جڵـەوی خـۆی لـە دەسـت بـدات. لـەو شەوبێدارییەدا ئەو شتانەی کە بەس بن بۆ ئەوەی کە وێ ڕۆژێك لە ڕۆژان نابێتـە مـوڵکی ئەو. کەواتە بە چی مافێك لەناو کێڵگەو بێستانە قەدەغەکراوەکانـدا خـل و دەوریـەتی و دەخولێتەوە.

ئەوەی گوڵ بچنێتەوە گومانی لێ ناکرێت، تـەنیا بـەخۆی لـە گونـاهی خـۆی بەرپرسـیار دەبێت، کێ بڕوا بە بێ گوناهی گوڵێك دەکات، کە گوناهەکەی بۆنەکەی خۆی بێت؟

ورتە ورتێکی لێوە هات کاتێك ویستی گوڵەکە لە گەڵاکانی ڕووت بکاتەوە:

ـ ناتوانم ..

وەك بڵێیت وێ گوتی (ناتوانیت).

تەنیا یەك وشە بەس بوو بۆ ئـەوەی گەشـیی تـەکان دانەکـەی بکوژێتـەوەو، ئـاو بەسـەر ئاگرەکانیدا بکات. وەك سەربازێك بەر لەوەی بجەنگێت بەرببێتەوە، کات دادی نەدا ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژە خۆی بۆ ئامادە دەکرد تەواو بکات. بـە بوتڵێـك بـادەی بـەهادار خۆی بۆ ئەم چێژە ئامادە کردبوو. بەڵام ترێ و گوڵ پیلانیان لە دژ گێڕا. پیاوەتییەکەی بە لووت بەرزییەوە پێی گوت (ئەوە گێمێکی دواخراوە).

باوەشی پێدا کردو نغرۆی خەوێکی قووڵ بوو.

(وێ) ماوەیەکی دوورو درێژ پاش ئـەوە هـەر بێـدار مایـەوە، لـە نزیکییـەوە چـێژی لـە هەناسەکانی وەردەگرت. نووست و بیری لە قەپاغی ئەو بوتڵە دەکردەوە، کـە بـێ ئـەوەی ئەو ئاگەی لێ بێت لەسەر مێزەکەی دەست دایەو هاویشتییە ناو جانتاکـەی دەسـتییەوە، بۆ بیرەوەریی بوتڵێك مەی کە لە هەموو پێشبینی کردنەکانی گرنگتر بوو.

ئەوە ژیانە، ئاگەمان لێ نییە کاتێك لەسەر خوانی شادییەکانی دادەنیشین، تۆ بلێیت لەو ساتەدا چی لە پەرداخەکانمان ڕۆبکات. لە ڕاستیدا، ئێمە بە خۆمان خواردنەوەکانی خۆمان هەڵنابژێرین، ئێمە هاودەمەکەمان هەڵدەبژێرین. هەرچی پەشیمانییە ئەوە چارەنووس بۆمان هەڵدەبژێرێت.

ئەوەتە ئازووقەیەکی باشی بیرەوەری دەستەبەر بووە. چەند شتۆکەیەك دەستەبەرداریان نابێت، ئەو ڕۆژگارەی کە ئەوینداری بێ دەنگ دەبێت وێ هەر گوێ لە زۆر بلێییەکانی دەگرێت.

***

لەکاتی قاوەڵتی بەیانیدا وێ هەوڵی دا ڕووخۆش خۆی دەربخات، گوتی:

ـ دوێنێ زۆرت پێویست پێ بووم وەك چۆن گوناهبارێك پێویستی بە قەشەیە، کاتێك ددان پێدانانەکانت کۆتایی پێ هێنا خەوت لێ کەوت. شادومانم کە ببمە قەشەت ..

دەستی بەرز کردەوەو ماچی کردو گوتی:

ـ خۆشەویستەکەشمیت ..

وێیش بە گیانی گاڵتەجارییەوە درێژەی دایە:

ـ دایکی ئەو کوڕەیشت کە لەدایك نابێت!

چەند چرکەیەك ڕاوەستاو قاوەکەی نەخواردەوە، بە درێژایی قاوەڵتییەکە بێ دەنگ بوو، گوێی لە وێ دەگرت باسی پرۆژەکانی خۆی بۆ دەکرد لە ڕۆیشتنە بازاڕو، سەردانی هەندێك لە شوێنە هونەرییەکان.

چی بوو پاڵی پێوە نا ئەم نهێنییەی بۆ ئاشکرا بکات؟!

وەك هەموو بەیانییەك، شوفێرەکەی ڕاسپارد لەگەڵی بڕوات. ماچێکی گۆنای کردو گوتی:

ـ ببوورە. ئەم بەیانییە چەند دیدارێکی گرنگم هەیە.. ڕەنگە سبەینێ لەگەڵت بێم.

بە گاڵتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ وام زانی دوێنێ بڕیارت دابوو واز لەوە بهێنیت ژیان چوون سەك بگوزەرێنیت.. بەڵام دەتبینم هەموو بەیانییەك هەناسەبڕکێتە!

وەك شۆكێك وشەی (سەگ)ی بەرگوێ كەوت. ویستی وتەكەی وەربگرێت .. تۆ بڵێیت ئەو وشەیەی بەرانبەر بەم بەكارهێنابێت؟ كاتێك وێنەكەی بە تەواوەتی لەلا گەڵاڵەبوو، میزاجی گۆڕا. لە هۆڵی ئۆتێلەكە دانیشت چاوەڕوانی دیدارەكانی دەكرد، بێ ئەوەی تا دەرگەكە لەگەڵی بڕوات، وەك ڕاهاتبوو.

ئەو ڕۆژەی بۆ یەكەمین جار لەو بەرنامەیەدا بینی، لاوازو بەهێزو، خۆبەدەستەوەنەدەرو بەچێژ بوو، ئافرەتێك بوو بە ئاكاری پیاوانە، ڕوو بە ڕووی پیاوكوژان ڕادەوەستاو .. نەیدەویست لە سەر مێزی دزەكان دانیشێت، بیری لەوە كردەوە كە ئەمە ئەو ئافرەتەیە كە دەشێت بڕوای پێ هەبێت و بیكاتە سەرپەرشتیاری لاوازیی خۆی. ئەو شتانەی بۆ باس بكات كە هیچ ئافرەتێكی دیكەی لێ ئاگەدار نەكردووەتەوە. حەزی لێ نەكردووە، حەزی لەوە كردووە بۆ ئەم بێت. چونكە ئێمەمانان بەرانبەر بە جیهان گەورەتر دەبین، بۆ ئەوەی ئەو مافەمان هەبێت بەرانبەر بە یەك كەس لاواز بین.

كارەساتەكە لەوەدایە هەركە گەورەتر بین، ئەگەری دۆزینەوەی كەسێكمان لا بچووك دەبێتەوە، پێی ڕازی بین لە ڕووی مرۆییەوە ببێتە شایەت لەسەر لاوازیمان. ئەو ئەم بەیانییە پەشیمانە كە چەندین ساڵە ئەو هەموو شتەی بۆ خۆی گل داوەتەوە، پاشان لە ساتێكی مەست بووندا پێشكەشی (وێ)ی كرد، بێ ئەوەی بەهای ئەو شتانە بزانێت كە پێشكەشی كردوون. یان ڕەنگە وێ بە تەواوەتی تێیان بگات، بۆیە ئەم شادییەی ئەم بەیانییە بە هۆی هیچ شتێكەوە نییە، ئەوە نەبێت كە ئەو نهێنییەی لێ دزی!

لە هەموو پێوەندییەكیدا لەگەڵ ئافرەتێكدا ڕاهاتبوو ماوەیەكی تەمومژاوی بهێڵێتەوە. بەهێزی لە نهێنییەكەیدایە. چۆن بوو لە زمانی دەرچوو و ویژدانی خۆی بۆ ڕووت كردەوەو، ڕووشانەكانی ڕوحی خۆی بۆ ئاشكرا كرد؟

نیوەڕۆ گەڕایەوەو ئەو شتانەی لەگەڵ خۆ هێنابوونەوە كە كڕیبوونی. چەند شتێكی ئەنتیكەی بۆ یادگار كڕیبوو، تا شوقە نوێیەكەی لە بەیرووت پێ بڕازێنێتەوە، بەلاَم جوانترین شت كە كڕیبێتی یارییەكی شەترەنجی بەهادار بوو. لە لیستی بەرنامەیدا بڕیاری نەدابوو بیكڕێت. بەلاَم زۆری ئارەزوو كرد بیكڕێت تا ڕادەیەك خەریك بوو بۆی شێت بێت و، پارەیەكی ئەوتۆی پێ دا تا كڕی، ئاستی ماستەر كارتەكەی لەوە تێنەدەپەڕی. یارییەك

بوو خولیای میوزیکی لای خەڵکی ڤییەننا بەرجەستە دەکرد، تا ڕادەی واز هێنان لە بەکارهێنانی پارچەکانی شەترەنجی ئاسایی، بریتی بوو لە میوزیکژەنانی تیمێکی میوزیك بەرانبەر بەیەك دانیشتبوون بە دوو ڕەنگی ڕەش و سپیی کریستالی شوارۆفسکی. بە ڕاستی گرانترین دیارییە لە ژیانیدا بۆ پیاوێکی کڕیبێت، کە هەردوو دەستی تەنیا بەر شتە گرانبەهاکان دەکەون.

نەجلا لەوە ئاگەدار ناکاتەوە. چونکە پێشتر پێی گوتبوو (بێ مێشك.. چاوتێرو دەست بڵاو مەبە. پیاو لە چاوتێری سۆزداری دەترسێت.. ڕژدو ڕەزیل بە تەنانەت لە قسەکردنیشدا).

کەچی وێ بەردەوام لەسەر ئەوە مکوڕ بوو دیارییەکی ئەوتۆی پێشکەش بکات لەسەرووی توانای داریی (وێ)وە بێت، بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێت، کە ئەگەرچی دەوڵەمەندتر نەبێت، ئەوە بەرچاوتێرترە. هەرچەندە نەجلا بانگی بکردایە (کچە شیت بوویت؟)، وەڵامی دەدایەوە (ئەم پیاوە دەستەبەر ناکەم تەنیا بە زیان نەبێت!).

هەموو زیانەکانی لەسەر بنەمای شکۆمەندی دامەزرابوون، چونکە ئامۆژگاری ئەو دانایەی لەیاد نەدەچوو کە گوتوویەتی (هاودەمی دەوڵەمەندێك مەکە، ئەگەر لە پارە خەرج کردندا چاوی لێ بکەیت زیانت پێ دەگەیەنێت، ئەگەر پارەشت لەسەر خەرج بکات سەرشۆڕت دەکات).

ئەوەی بە هەل زانی بەر لەو گەڕایەوە، بۆیە هەموو ئەو شتانەی بۆ یادگاری کڕیبوون لەناو جانتاکەیدا شاردنییەوە، نیوچە پەیکەری بچووکی بەناوبانگترین میوزیکژەنانی ڤییەننا، ویستی ئەو بۆ یەکەمین جار بیانبینێت کاتێك لە شوقەکەی لە بەیرووت سەری لێ دەدات. چونکە وێ لەسەر ڕازاندنەوەی ئەو شوقەیە بەردەوامە، لەسەر حسێبی پێویستییەکانی، مانگانە بڕێك پارە بۆ کرێیەکەی بە لاوە دەنێت، تەنیا بۆ ئەوەی سەری سوڕ بمێنێت کاتێك سەری لێ دەدات.

دەیەوێت نالەباری ئەو ژوورەی لە یاد بسڕێتەوە، کە بینی لێی نیشتەجێیە، کاتێك لەناکاو لە ئۆتێلەکە سەری لێ دا. تەنیا نەجلا دەزانێت ئەو شوقەیەی بەکرێ گرتووە، بەڵام نازانێت بۆ ئەوە بەکرێی گرتووە تا بە هۆیەوە شکۆمەندی خۆی بگێڕێتەوە. لەسەر زەوقی

ئەو ڕازاندوویەتییەوە، تا پیشانی بدات کە ئەمیش زەوقی هەیە. تەواو وەك چۆن ئەو یارییەی شەترەنجە دیزاین دەگمەنەی کرێ.
کارتێك لە کارتەکانی ئۆتێلەکەی هەڵگرت کە لەسەر مێزەکە دانرابوو، بۆی نووسی: (یاری شەترەنج پێویستی بە دوو یاریزان هەیە .. جوانترن گێم ئەوەیە بە درێژایی تەمەن بەردەوام بێت).
دەرگەی بەرەو لای لاباڵەکەی ئەو کرابووەوە وەك چۆن ڕاهاتبوو بەو شێوەی بەجێ دەهێشت، بیری لەوە کردەوە دیارییەکە لەگەڵ کارتەکەدا لەناو دۆڵابەکەیدا بشارێتەوە. دەیەوێت شتێکی لەناکاوو کوتوپڕی پیشان بدات، وەك چۆن ئەو ڕاهاتووە شتی کوتوپڕی پیشان دەدات، بە بەرگی جیاکارو، بە قردێلە جوانەکانیەوە، لە ڕەفێکی سەرەوەدا، لەگەڵ جلەکانیدا بەرچاوی دەکەوێت.
گەڕایەوە لاباڵەکەی خۆی بۆ ئەوەی بەر لە کاتی شیوخواردنی ئێوارە کەمێك پشووبدات. پاشان بەر لەوەی بچێت بۆ شیوخواردنی ئێوارە، هەمان ترس و لەرزی لێ نیشت. چی ڕوودەدات ئەگەر سەرلەنوێ تووشی بوو بە تووشی جەزایرییەکانەوە کاتێك لەگەڵ ئەودا دوو بە دوو ئۆتێلەکە بەجێ دەهێڵن. ئەو کات دوو بەرەی بە ڕوودا دەکرێنەوە: ئەو لای خۆیەوە لەجارکێشاندا توورە دەبێت .. ئەوانیش لای خۆیانەوە هەواڵی ئەوەی لەبارەوە بڵاودەکەنەوە کە لەگەڵ پیاوێکدا بینیویانە! ئەمڕۆیش ناتوانێت قایلی بکات لە لاباڵەکە شیوی ئێواری بخۆن. بەباشی زانی تەلەفۆن بۆ ئەو پیاوە بکات کە قسەی لەگەڵ ژنەکەیدا کرد، سەرەتا بۆ ئەوەی سڵاوی لێ بکات، پاشان وردە وردە ڕایکێشێت تا بزانێت بەرنامەی ئەم ئێوارەیان چییە، بۆ ئەوەی بزانێت لەکوێ دەبێت.
زۆری پێ خۆش بوو کە گوێی لە دەنگی ئەم بوو. هەواڵ و قسەیان لە بارەی جەزایرەوە ئاڵوگۆڕ کرد، پاشان داوای لێ کرد بۆ شیوخواردنی ئێوارە بەشدارییان لەگەڵ بکات. داوای لێبوردنی کرد:
ـ منیش حەز دەکەم بتانبینم، بەڵام ئەمڕۆ سەرقاڵم .. خوا یاربێت سبەینێ ..
بە دڵنیاییەوە بەڕێی کرد. هەناسەی پێدا هاتەوە، ئەوان ئەم شەو میوانی باڵیۆزن.

لەو کاتەدا گەڕایەوە. دەیویست بچێتە ناو لاباڵەکەی (وێ)وە بۆ ئەوەی سڵاوی لێ بکات، کاتێك گوێی لێ بوو بە شێوەزاری جەزایری تەلەفۆن دەکات، تەنیا دوا ڕستەی لێ تێگەیشت. لە شوێنەکەی خۆیدا بۆ چەند ساتێك ڕاوەستا، وەك بڵێیت تاوانێکی کردبێت و ئەم بەسەریدا چووبێت. لەوە دڵنیا بوو کە دڵی لێی دەترسا. نمرەی تەلەفۆنەکەی پێ داون، تەلەفۆن بۆ یەکدی دەکەن. ئەو بابەتەی لەگەڵ ناکاتەوە. ئەم جارەیان گورزی لە شکۆمەندی وەشاند. وێ میوانی ئەمەو لە لاباڵی ئەمدایەو لەگەڵ کەسی دیکەدا قسە دەکات، ڕەنگە شوفێرەکەیشی بەکارهێنابێت بۆ ئەوەی بە بیانووی چوونە بازاڕ بیانبینێت. بەڵام قەیدی نییە، خۆی لێ گێل دەکات.

چووە ناو لاباڵەکەیەوە. ماچی کردو گوتی:

ـ ببوورە بە تەنیا بەجێم هێشتیت .. کارەکانی خۆم تەواو کردو ئێستە تەواو بۆ تۆم.. ئەم ئێوارە دەتبەم ئامادەی ئاهەنگێکی گەورەی میوزیك ببین بە سەرپەرشتی Jean Drieux . ئاسان نییە لە ئاهەنگێکی لەم شێوەدا، کورسییەکانی پێشەوە بگریت، چونکە شوێنەکان بەر لە مانگێك گیراون. گوێت لێ بووە؟

ورتەیەکی لێوە هات وەك بڵێیت پۆزش بۆ گوناهێك بێنێتەوە:

ـ نا.

بە سووربوونەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئای چەند خۆشە..! دەبینیت چۆن خەڵکی لە بارێکی خونواندندان وەك بڵێیت دەخولێنەوە.. تێناگەم چۆن دەشێت تۆ هونەرمەند بیت و ئەوەندە لە میوزیکدا نەشارەزابیت!

هیچ شتێکی نەبوو بیڵێت. وێ کچی شمشاڵەو هیچ نەنگ و شوورەیی نییە لەسەر میوزیکی (فیلارۆمۆنی) گۆش نەکراوە.

شادومانی بە ڕوخساریەوە بەدی دەکرا، لەبەر هۆیەك کە وێ نەیدەزانی، تا ئاگەداری کردەوە کە بۆندێکی گەورەی مۆرکردووەو، ئەو دوو ڕۆژەی ماون بۆ (وێ)ی تەرخان دەکات.

پێدەچوو دانیشتنەکە بە سۆزو ئالوودەیی و چێژی ژیان بارگاوی بێت.. هیچ شتێك نەبوو زیزبوونی لێ بکەوێتەوە تا پرسیاری لێ کرد:

- ئەمڕۆ چیت کرد؟

وەڵامی دایەوە:

- تەنیا چوومە بازاڕ.

کاتێك هیچ شتێکی نەبینی لەوانەی کڕیونی، لەوە دڵنیا بوو کە چووە ئەو پیاوە ببینێت. گوتی:

- بەڵام هیچ شتێکت نەکڕیوە.

- بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە:

- زۆر خولیای بازاڕکردن نیم .. ئەوەی زۆر بەختەوەرم دەکات دیاری بۆ یادگاری بۆ کەسانی دیکە بکڕم.

بە قسەکانیدا مەزندەی ئەوەی کرد ئەوەندە پارەی پێ نییە بەشی بکات. هەرچۆنێك بووە، پەتی درۆی پێ دەپچڕێنێت، دەبینێت سبەینێ دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی شتێك بکڕێت. چوو لە گەنجینەکەی لە لابالەکەی خۆی سەفتەیەك بانکەنۆتی هێناو گەڕایەوە. دەستی بۆ درێژ کردو گوتی:

- سبەینێ دیاری بۆ دایکت و .. چیت پێ باشە بکڕە.

خەریك بوو پێڵاوەکانی لە پێ دادەکەند. سەری بەرز کردەوە بینی سەفتەیەك بانکەنۆتی بەدەستەوەیە. ئاماژەیەکی بەسەری کردو گوتی:

- پێویستم بە پارە نییە!

بەلای ئەوەوە مەزەندەی کرد دەڵێت (پێویستم بە پارەی تۆ نییە).

وەك بڵێیت ئاسمان بە سەر زەویدا ڕووخابێت. تا دەستی هێزی تێدابوو سەفتە بانکەنۆتەکەی فڕێ دا، هەندێکیان بەسەر سەریدا باڵیان گرتەوەو گەوتنە سەر ئەو قەنەفەیەی لەسەری دانیشتبوو، هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکەی دەوروبەری. ڕوخساری گۆڕاو لە دڕندەییدا شێوەیەکی نامۆی وەرگرت. بەسەریدا قیڕاندی:

- تۆ کێیت تا سووکایەتیم پێ بکەیت؟!

لە ئاکامی ئەو شتە کوتوپڕییەدا بە ترس و لەرزەوە وەڵامی دایەوە:

ـ هیچ شتێکم نەکردووە تا سووکایەتیت پێ بکەم. من تەنیا ..

قسەکەی پێ بڕی:

ـ تۆ سووکایەتی بە سامانەکەم دەکەیت بە مەبەستی ئەوەی سووکایەتی بە من بکەیت.. تۆ کێیت تا بوێریت ئەوە بکەیت؟!

پیاوێك نازانێت کە وشە وەك گوللە وایە ناگێڕرێتەوە، هەڕەمەکیانە ڕێژنەیەك گوللەی پێوە نا، وشەگەلی ئەوتۆی بۆ دەهات، وەك چۆن (وێ) فرمێسکی بۆ دەهات.. ئە وشانەی دواتر مرۆڤ دەکوژن. ئەو وشە هەورانەی کە دواتر فرمێسك دادەبارێنن. چونکە وێ بڕیاری دا هەر لە شوێنی خۆی ڕاوەستێت و نەجوولێتەوە.. لە هورووژمی هەڵچوونەکانی ورد ببێتەوە، بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، یان فرمێسك لە چاوی بێتە خوارەوە، چونکە وێ هەر لە بنەڕەتدا تێنەگەیشت چی ڕووی داوە.

ڕەنگە ئەوەی زۆرتر شێت و هاری کردبێت، ئەوە بێت کە وێ بێ دەنگی نواندو تکای لێ نەکرد و داوای لێبوردنی نەکرد. واق وڕماو سەیری ئەم پیاوەی دەکرد کە سامان ڕوخساری شێواندبوو، وەك چۆن (دیکۆسین) ڕوخساری (فیکتۆر لۆشینکۆ)ی سەرۆکی قۆزی ئۆکرانیای شێواند، ئەو کاتەی ژەهریان دەرخوارد دا، بە شێوەیەك گۆڕا لە ڕوخساری جارانی نەدەچوو. چی دەڵێیت ئەگەر ئەمە ڕوخساری ڕاستەقینەی بێت، کە سامان و شکۆی شوێنەکە گۆڕیبێتیان. (دەمامکێکی پێ بدە ڕوخساری ڕاستەقینەیت بۆ دەردەکەوێت).

وەك چۆن پارەو سامان لە خۆتت دەدزێت، بەو شێوەیەیش شوێن بە شکۆی خۆیەوە دەتدزێت. لەبەر ئەوی هەموو شتێکی گەورەو بە شکۆ ئیبلیسانەیە، چونکە درۆو ساختەیە. بۆیە وێ لەوەتای هاتووەتە ئەم ئۆتێلە لەگەڵ ئەودا دانەنیشتووە .. بەڵکو لەگەڵ ئیبلیسەکەیدا دانەنیشتووە. ئەو پیاوەی ئەم خۆشی ویست لە دارستانەکەی بۆلۆنیا بەجێی هێشت. ساکارو بێ فیزو بەسۆز بوو، کاتێك بەناو درەختەکاندا دەڕۆیشت. ئێستە وای لێهاتووە وەك بڵێیت تەورێکی بە دەستەوەیەو قسە لەگەڵ درەختێکدا دەکات، بە

قسەی توندی هەست بریندارکەر قسەی لەگەڵ دەکات. توند درەختی دڵی دەهەژێنێت و، گەڵای خەونەکانی بەردەبنەوە سەر زەوی و چوون پارەکانی ئەو پەرت و بڵاودەبنەوە.
تاڤگەیەکی فرمێسك ڕژایە ناخییەوە. بەڵام ورتەیەکی لێوە نەهات و فرمێسکێکی نەڕشت، وەك چۆن لە لووتکەی خۆشیەکانیدا لەگەڵیدا بەسەری بردبوو، هەستی بەوە دەکرد ئەوەی ئێستە دەیگوزەرێنێت، بەسەر ئافرەتی دیکەی جگە لەم دێت. بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بەسەری هاتووە، دەستی بە کۆکردنەوەی شتەکانی ناو دۆڵابەکە کرد. هەرچی دەستی پێڕا گەیشت خستنیە ناو جانتاکەیەوە. پەلەی بوو ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێت.
تا دوایەمین ساتیش، وای دەزانی خەون دەبینێت. ڕەنگە نەهێڵێت بڕوات. بە داوای لێبوردن و پۆزش هێنانەوەوە دەڵێت کە تووڕەییەکەی سنووری خۆی تێپەڕاندووەو، داوای لێ دەکات کراسی شەوبێدارییەکە لەبەر بکان بۆ ئەوەی پێکەوە بچن ئامادەی ئەو ئاهەنگە بن.
یەك وشە بەس بوو ئەوینداریيەکە ڕزگار بکات. بەڵام ئەو پیاوەی چەندین مانگی گوزەراند ئەو وشانە هەڵبژێرێت لەگەڵ سەبەتەو چەپکە گوڵەکانیدا ڕەوانەی دەکرد.. دڵی هیچ وشەیەکی بۆ (وێ) تێدا نەماوە. ئێستە هەموو وشەکان لە گرفانییەوە دەردەچن نەك لە دڵیەوە.
لە لابالّەکەی خۆی چووبووە دەرەوەو دەرگەکەی نێوانیانی دانەخستبوو. بە وشەیەك ماڵئاوایی لێ نەکردبوو. جانتاکەی ڕاکێشاو دەرگەی لابالّەکەی لە دوای خۆی داخست، لە کاتێکدا پارچە میوزیکی le boléro بە دەنگێکی بەرزو نائاسایی لەو شوێنەوە بەرز دەبووەوە کە ئەوی لێ بوو.
چوون یەکێك بە ئۆتۆمبیلەکەی یەکێك بشێلێت و ڕانەوەستێت بۆ ئەوەی فریای بکەوێت، پاشان بڕوات بۆ ئەوەی ئامادەی ئاهەنگێکی میوزیك بێت بێ ئەوەی ویژدانی ئازاری بدات، بەو شێوەبوو.

ویستی نەبووریێتەوە کاتێك بە تەنیا لەناو ئەسانسێرەکەدا بوو. ئەسانسێرەکە بەبەزەییترە، چونکە لە خەونە بڵندەکانمان نهۆم نهۆم داماندەبەزێنێت، بۆ ئەوەی لەکاتی بەربوونەوەمان و کەوتنە سەر زەوی پارچە پارچە نەبین.

ئاشکرایە خەون دەبینێت. تاکسییەکی ڕاگرت. کارمەندێکی ئۆتێلەکە فریای کەوت و جانتاکەی خستە ناو سندووقی تاکسییەکەوە.

لە ناو تاکسییەکەدا پێی بە جەرگی خۆیدا نا تا فرمێسکەکانی ڕیسوای نەکەن. درێژەی بە نواندنی ڕۆڵی ئافرەتێکی برژوازی دا کە ئۆتێلێکی بەشکۆ بەجێ دەهێڵێت. تا ئەو کاتەی شوفێرەکە پرسی: (خاتوونم بۆ کوێ بچین؟).

(بۆ کوێ؟) وەڵام نەگبەتی پرسیارە. بەڵام لەم هەڵویستەدا، پرسیار، وەك وەڵام وایە، نەگبەتییە. وێ شارەکە ناناسێت، زمانەکەیش نازانێت بۆ ئەوەی ئەو شتەی دەیەوێت شی بکاتەوە. بەڵام دەزانێت ئەو پارەیەی نییە بەشی ئەوەی بکات لە ئۆتێلێکی گەورە بمێنێتەوەو، دوو شەویشی ماوە تا گەشتی شام بکات.

ئەرکی هەڵبژاردنی ئەدرسەکەی بۆ شوفێرەکە بەجی هێشت. بە فەرەنسی بۆی ڕوون کردەوە کە ئۆتێلێکی مامناوەندی بە نرخێکی ماقووڵی دەوێت، شوێنەکەی گرنگ نییە، ئەوە هەرچۆنێك بێت بەجێی ناهێڵێت.

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، نەیویست هیچ لە جانتاکەی دەربهێنێت تەنیا پێداویستی نووستنەکەی نەبێت. بە داخراوی دەستی لێ نەدا. زۆربەی کاتی لەناو نوێنەکە لەگەڵ خۆیدا بەسەر برد، لە ئاوابوونی خەونەکانی ورد دەبووەوە.

لەو ژوورەیدا زۆر گریا، پێویستی بەم شوێنە بچووکە بوو بۆ ئەوەی مافی خۆی لە گریان بەدەست بهێنێتەوە. خوێنی لێ دەچۆڕاو دەیزانی کە ئەو ئیستە بە کەلبەو بە چڕنووکەکانی پێدەکەنێت، چونکە دەزانێت کە برینداری کردووە. ئەوە ئەوینداریيە بە خۆی هێرشی کردووەتە سەر خۆی. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر پڕ شانازی و شکۆمەندبوو. سەربڵندی وەك شەرەف وایە جارێك نەك دوو جار. وێ نە ئەم و نە ئەویشی پێ نەبەخشی.

ئەو پەتپەتی خۆی پێ کرد، چونکە نەیتوانی لاقەی بکات.

وێ بەسەر بەرزی و شکۆمەندی بەجێی هێشت، ئەوەی بەسە کە ئێستە پێویستە داچەمێتەوە بۆ ئەوەی هەموو پارەکان کۆبکاتەوە کە زەوییەکەیان چوون مافوور داپۆشیوە.. یان مەگەر داوا لە خزمەتگوزاری ژوورەکان بکات یەکێك بنێرن لە جیاتی ئەو لەسەر زەوییان کۆبکاتەوە، ئیدی ئەوە لەناو فەرمانبەرەکان دەبێتە مقۆ مقۆ، سەرنجی بەرێوەبەری ئۆتێلەکەیش ڕادەکێشێت، کە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ کارتەکەیدا چەپکە گوڵی بۆ ڕەوانە دەکات، لەگەڵ ئاوڕ لێدانەوەدا!

وێ لەوە پەشیمان نەبووەوە کە ئەو دیارییەی بۆ کڕی بەو نرخەی ئاستی بانك کارتەکەی پتر بوو، لە کڕینی ئەو شتە ئەنتیکانە پەشیمانە کە بۆ ئەو ماڵەی کڕین، کە ئێستە دەزانێت ئەو سەری لێ نادات.

دەچووە دەرەوە هەندێك خواردنی دەکڕی و دەگەڕایەوە لە ژوورەکە دەیخوارد. لە ترسی ئەوەی نەوەك شتێك لەناو ساردکەرەوەکە دەربهێنێت، یان شتێك لە ئۆتێلەکە داوا بکات، لە کاتی ڕۆیشتندا پارەیەکی زۆریان لێ بوێت، لەو برە پارەیە پتر بێت کە پێیەتی. ڕاستە ڕۆژگار ڕۆژگاری بە دواوەیەو دەخولێتەوە، بەڵام لە یەك ڕۆژدا بەم شێوەیە بسوورێتەوە، ئەوە جێی سەرسوڕمانە!

شتەکانی ناو جانتاکەی دەستی لەسەر نوێنەکە هەڵڕێژا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ڕێکیان بخاتەوەو لە بلیتەکەی دڵنیا بێت.

مادامەکی بلیتی گەڕانەوەت هەیە ئەوە تۆ بە ئازادی خۆتەوە دەوڵەمەندی، ئەوەت بەسە دەرگەکە توند بە دوای خۆتدا پێوە بدەیت و، بۆ ئەو شوێنە بگەڕێیتەوە لێوەی هاتوویت. هەستی بە هاوسۆزی لەگەڵ ڕەوەندەکاندا کرد، لەکاتی لێقەوماندا خۆیان دەبینن پارەی کڕینی بلیتێکیان نییە پێی بگەڕێنەوە. بەڵام لەوان نەدارتر ئەو کەسانەیە لە کاتی گەڕانەوەدا شوێنێکیان نییە ڕووی تێ بکەن.

هەر بلیتێکی سەفەر کردن لە بلیتێکی خۆت و بەختت (لۆتیری) دەچێت، دەیکڕیت و نازانیت چارەنووس چی پێ فرۆشتوویت. ژمارەی گەشت .. ژمارەی دەروازە .. ژمارەی کورسییەکەت .. ڕۆژی سەفەرکردنەکەت .. تەنیا بریتین لە ژمرەو ڕێکەوت تێیاندا یاری بە چارەنووسەکانت دەکەن، ڕەنگە گەشتێك کە تۆ هیچ بیرت لێ نەکردبێتەوە ژیانت

بگۆڕێت، یان لەناوی ببات، دەرگەت لەبەردەمدا بکاتەوە، یان دایبخات، بە دەست پـڕی، یان بە دەستی بەتاڵ، ئاشق، یان جیابووەوە، لێی بگەڕێیتەوە. هەرچی (وێ)یـە هاوکـات هەر هەموو ئەوانەیە!

بە گرانترین بلیت هەر هەموو ئەم وێرانییە لە ڕادەبەدەرەی کڕیوە.

جانتاکەی چەند کارتێکی بەتاڵی تەلەفۆنی تێدا بوو، هەندێکیان هێشتە بـۆ بـەکارهێنان دەشێن بەڵام وشەکان گیانیان تێدا نەماوە نەك کارتەکان. هەروها کلیلی ئـەو لاباڵەیشـی تێدایە کە بە شازادەیی لێی چووە ژوورەوەو نەدارانە بەجێی هێشت، لەگەڵ قـەپاغی ئـەو بوتڵە بادەیەی ئەو دڕندەیەی لێوە سەری دەرهێناو هـەموو شـتێکی تـەفرو توونـا کـرد. لەگەڵ کارتی ئەو دوو جەزایرییەی کە بانگهێشتیان کرد نیوەڕۆژە، یان شـیوی ئێوارەیـان لەگەڵ بخوات، بەڵام تەلەفۆنیان بۆ ناکات. نایـەوێت کەسـی دیکـە لەگـەڵ دڵشـکانەکانی خۆیدا بەشداری پێ بکات، هەروەها ئارەزوو ناکات چـاوی بـە کـەس بکـەوێت. ویسـتی بیدڕێنێت، پاشان، هەرچۆنێك بوو، تەمبەڵی کردو خستییەوە نا جانتاکەی.

***

ئەو هەستی نەدەکرد کە هەڵەی بەرانبەر کردبێت.

چۆن وێرای بەو شێوەیە بەڕ وویدا هەڵشاخێت. کاتێك سووکایەتی بە سامانەکەی بکـات، ئەوە دەگەیەنێت کە بە ئەنقەست سووکایەتی بە خۆدی حۆیشی دەکات. تەنانەت ئەوانەی گاڵتەیشی پێ دەکەن لێیان دەبوورێت. بەڵام لەو کەسە نابوورێت لافی ئەوە لێ بـدات کـە پێویستی بەم نییە.

ئەم کچە چیاییە کێیە، کە ئەتەکێتی دانیشـتن لەسـەر خوانـە پایـەدارەکان نازانێـت، تـا دەستدرێژی بکاتە سەر؟

ڕەنگە خۆشی بویستایە. بەڵام، گێم لە دوای گـێم، وێ ناچـار دەکـات چـەند قۆنـاغێکی کۆیلایەتی ببڕێت. بە هەڵچوون و داچوونەوە تەمبێی دەکات.

ئەو دەڵە شێرە دەگێڕێتەوە دۆخی تووتکە سەگ تا پێیەکانی بلێسێتەوە. با بۆ هـەر کـوێ دەچێت با ملی بشکێنێت. ئەو ئەم شەو بەبێ وێ شادومانترە، چونکە خۆشەویستییەکەی وای لێهاتووە ئازارو ئەشکەنجەی دەدات لـەبری ئـەوەی شـادو بەختـەوەری بکـات، بۆیـە

هەرچەندە خۆشی بویستایە وێ ئەوەندەی دیکە لێی یاخی دەبوو. چەندە پتر سەرنجی ئەمی بەلای خۆیدا ڕاکێشابایە، وێ زۆرتر ئارەزووی دەکرد سووکایەتی پێ بکات.
وێ ئەم شەو لە شارێکدا سەرگەردانە کەسی تێدا ناناسێت. ئەگەر ئاژەڵێک بووایە، ئەو بەزەیی پێدا دەهاتەوە، وەك چۆن بەزەیی بە سەگەکەیدا دێتەوە. بەڵام خۆشەویستەکەیەتی، خۆشویستنی (وێ)یش لەلایەن ئەمەوە بۆ ئەم مەترسیدارترە لە دوژمنەکانی. لەوەتای دەستی بەسەر نهێنییەکەی ئەمدا گرتووە، هەڕەشە لە ناخ و لە قەڵای پیاوەتی ئەم دوکات. بەڵام لەمەودوا هیچ هەلێك لە کیسی خۆی نادات تا بۆی بسەلمێنێت کەم ئاغای (وێ)یە.

***

بەیانی بەر لەوەی ئۆتێلەکە بەجێ بهێڵێت، داوای کرد بزانێت کرێیەکەی چەند دەکات..هەروەها داوای تاکسییەکی کرد.
فەرمانبەرەکە وەڵامی دایەوە:
ـ خاتوونەکەم کرێیەکەت دراوە..
بە سەرسوڕمانەوە گوتی:
ـ کێ داویەتی؟
لە کاغەزەکان وردبووەوەو پاشان وەڵامی دایەوە:
ـ ببوورە .. نازام. پێدەچێت کەسێك پێوەندی بە ئۆتێلەکەوە کردبێت و کرێکەی دابێت.
ئاشکرایە کە ئەوە. کێ لەو پتر دەزانێت کە وێ لێرەیە؟ بەڵام چۆن ناوی ئۆتێل و ناونیشانی شوێنەکەی زانیوە؟ ڕەنگە پێوەندی بە کۆمپانیای تاکسییەکەوە کردووە کە لەگەڵ ئۆتێلەکەدا کاردەکات و لێی پرسیوە بە کوێی گەیاندووە.
تازە کار لە کار ترازاوە. ناتوانێت هیچ شتێك بکات. تەنانەت ئەگەر بیەوێت بۆ دووەمین جار پارەی ئۆتێلەکە بدات لێی قبوولْ ناکەن. تەواو وەك ئەوەی پێش ساڵێك ڕووی دا، ئەو کاتەی پارەی هەموو کورسییەکانی هۆڵەکەی دا .. (وێ)یش ناچار بوو گۆرانی بۆ بچڕێت.

ڕەنگە زۆر بە ناوونیشانی نیشتەجێ بوونەکەی پێکەنیبێت، دەیەوێت ئاگەداری بکاتەوە کە ئەو دەزانێت کە وێ چەند دەکات کاتێك واز لەو دەهێنێت و، سێ شەو لە تەمەنی وێ یەکسانە بە کەمتر لە بوتڵە بادەیەك. بەڵام ئەو بوتڵە بادەیە وای لێ کرد بچووکتر بێت لەوەی لەبەردەمیدا بە گەورەیی ڕاوەستێت.

با وابێت، سەربڵندی و شکۆمەندیی بانکی پارێزراوە، هەروەها شکۆمەندی سۆزدارییش.

چونکە ئەو پیاوێکە سەرەتا بە هۆی گیرفانییەوە دەڵێت (خۆشم دەوێیت)، هەروەها بە هۆی گیرفانیشیەوە دەڵێت (ڕقم لێت دەبێتەوە).

کەواتە ویستی بە تەواوەتی چی پێ بڵێت؟

نازانێت .. ڕەنگە پەلکێشی وێ بکات بۆ ئەوەی وێ تەلەفۆنی بۆ بکات، بۆ نموونە بۆ ئەوەی سوپاسی بکات.

وێ سوێندی خوارد کە هەرچی ڕووبدات، لەمڕۆ بە دواوە نە دەیبینێت و نەیش گوێ لە دەنگی دەگرێت.

**(هەرکێت خۆش دەوێت، خۆشت بوێت چونکە لێی دادەبڕێیت)**

ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب

پەلەی بوو ڤییەننا بەجێ بهێڵێت.
بە سێ کاتژمێر بەر لەوەی فڕۆکەکە بفڕێت گەیشتە فڕۆکەخانەکە، بۆ ئەوەی سوود لە خزمەتگوزارییەکانی پلە یەك وەربگرێت و، لەو ئۆتێلەو لە (شەوانی کولەمەرگی لە ڤییەننا) ڕزگاری ببێت.
کەس پێی نەگوت کە گۆرانییەکان درۆ دەکەن.
ئەوەتە غەمباری لە دابەشکردنی ئۆرکسترالیدا لە ڤییەننا دێت .. بۆچی دانۆب چی دیکە شین ناچێتەوە؟ بۆچی شینییەکەی بووەتە وشەگەلی شین و چوون ڕووشان و شوێنە لێدان بە ڕوحییەوە نووساون. ئەو گوتی دەیەوێت لەگەڵ دڵیدا سەما بکات نەك لەگەڵ هەردوو پێیدا. چۆن سەما لەگەڵ باڵندەیەکدا دەکات بە چەقۆ سەربڕابێت؟!
لە گۆشەیەکەوە کە بەسەر شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەکانیدا دەڕوانی قاوەکەی دەخواردەوە، خۆی بە جموجووڵی هەڵفڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەکانەوە سەرقاڵ دەکرد، کە تەواو لەگەڵ دڵیدا هاوڕێتمن، کە لەم شارەدا چەند ساتێکی سەرکەشی شادومانی بینی، هەروەها ئازاریش، کاتێك دڵی هەناسەیەکی دا. بڕوای بە چاوی خۆی نەکرد، کاتێك بینی لەوپەڕی هۆڵەکەوە دەهاتە ژوورەوە.
سوودی لەوە بینی کە ئەو ئەمی نەبینی. بە پەلە خۆی خزاندە ناو توالێتەکەوە تا ڕوخساری خۆی ڕێك بخات، هەندێك سوورایی بەکارهێنا، کلەکەی چاوی تاریکتر کرد بۆ ئەوەی شوێنی فرمیسکەکان بشارێتەوە تا تانەو تەشەری لێ نەدات.
بۆچی هاتووە؟ ئاشکرایە کە ئەو دەزانێت بەم گەشتە دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی تاکە گەشتە بەرەو بەیرووت. ڕەنگە بە ئەنقەست کارێکی وای کردبێت ئەویش بە هەمان فڕۆکە سەفەر بکات. بڕیاری دا بە هەموو شێوەیەك پشت گوێی بخات کە ئەو لێرەیە. هەستی کرد وەك بڵێیت لە نێوان تیرو نیشانەدا ڕاوەستاوەو، شەپۆلەکانی جەستەی دیواودەر دەکەن. ڕەنگە لەم بنوارێت.. لێدانەکانی دڵی بەرزتر بوونەوە.
گەڕایەوەو دانیشت، لە ڕواڵەت و ڕوخساری دڵنیابوو، بێ ئەوەی سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆی بکات. پاشان بە بیریدا هات تەلەفۆن بۆ نەجلا بکات. لەگەڵیدا کەوتە قسەکردن کە بە ئەنقەست ویستی قسەکانی دڵخۆشکەرانە بن.

لەو سەری تەلەفۆنەکەوە نەجلا هاواری کرد:
ـ خۆ ناشێت بۆ ئەوە تەلەفۆنم بۆ دەکەیت پێم بڵێیت ئەمڕۆ ناگەڕێیتەوە!
ـ بەڵکو دێمەوە .. ئەوەتە لە فڕۆکەخانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم.
ـ بە ڕاستتە .. پێ دەچێت دڵت خۆش بێت.
ـ زۆر دڵخۆش بووم .. ئای چەند خۆشە ڤییەننا.. جارێکی دیکە تۆیش لەگەڵ خۆم دەهێنم!
دوا ڕستەی بە ڕیتمێکی بەرزتر گوت، وەك بڵێیت تەلەفۆن کردن کەمێك کێشەو گرفتی هەبێت. لە ڕاستیدا دەیویست بە تایبەتی ئەم ڕستەیەی بە گوێدا بدات. ئاشکرایە کە وێ بۆ ڤییەننا ناگەڕێتەوە، هەموو ئەوەی دەیەوێت ئەوەیە خۆی لێ ڕزگار بکات. دەیەوێت وای تێبگەیەنێت کە لەوەتای لای ئەوی بەجێ هێشتووە یەك دڵۆپە فرمێسکی نەڕشتووەو، کاتێکی خۆشی بەسەر بردووە.
بە ڕواڵەت خۆی وا پیشان دەدا لاپەڕی گۆڤارێك هەڵدەداتەوەو ئاگەی لەو نییە کە لێرەیە کاتێك گارسۆنەکە لێی نزیك بووەوەو سینییەکی پێ بوو کاغەزێکی نووشتاوەی لەسەر بوو.
بە سەرسوڕمانەوە لێی وەرگرت. کردییەوە. خوێندییەوە (سوپاس بۆ یاریی شەترەنجەکە). کاغەزەکەی نووشتاندەوەو، چاوی بە دوادا گێڕا وەك بڵێیت لەناکاو زانیویەتی لێرەیەو، کاتێك لە دوورایی سێ مێز لەو لاترەوە بینی، لە شوێنی خۆی نەجووڵایەوەو هیچ کاردانەوەیەکی لا دروست نەبوو.
ئاشکرایە ئەو سەری لەوە سوڕما کە وێ پشت گوێی خست. چوو بەرەو لای و لە نزیکییەوە ڕاوەستاو گوتی:
ـ ڕێ دەدەیت کووپە قاوەیەکت لەگەڵ بخۆمەوە؟
ورتەیەکی لێوە هات و گۆڤارەکەی بەلاوە نا:
ـ ئەگەر ئارەزووت لێیە.

ئەوەتە ئەو. دڵی خۆی سەرکوت کرد کە خەریك بوو لێی دەدا. بەسەر ئارەزوو کردنی گریاندا زاڵ بوو. بە غەمبارییە بەشکۆکەیەوە، بەرەو ڕووی دانیشتنە خۆسەپێنەرانەکەی بووەوە.

مەزەندەی کرد بۆ ئەوە هاتبێت تا بەرانبەر بەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی پێی گەیاندووە پۆزشی بۆ بهێنێتەوە. بەڵام وەك بڵێیت درێژە بە وتوێژێکی پێشووتر بدات، گوتی:

ـ بەم بۆنەیەوە، یاری شەترەنج زۆر جار پێویستی بە دوو یاریزان نییە .. دەشێت یاریزانی ژیر، بە گۆڕینی شوێنەکەی، دژ بە خۆی یاری بکات.

بە مەکرەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوە تەنیا لەگەڵ یاریزانێکی زۆر لووت بەرزدا ڕوو دەدات لووت بەرزتر لەوەی دۆڕاندن بەرانبەر بە کەسێکی جگە لە خۆی پەسەند بکات!

ـ جوانە.. پێشبینیم نەدەکرد لەم یارییە تێ بگەیت.

ـ یارییەکە هەر چییەك بێت، گێمەکە لەم شارە کۆتایی پێ هات!

بە چرنووکەکانی بزەیەکی هاتێ، بە گاڵتەجارییەکی درۆکینانەوە وەڵامی دایەوە:

ـ شتێکی سەیر نییە ئەو گێمەی لە فڕۆکەخانەی شارل دیگۆل دەستمان پێ کرد لە فڕۆکەخانەی ڤییەننا کۆتایی پێ بێت؟!

خوێن بەربوونەکەی خۆی لێ شاردەوەو وەڵامی دایەوە:

ـ لەوە سەیرتر ئەوەبوو لە یەکەمین گێمدا نەمناسیتەوە .. بەڵام لە دوایەمین گێمدا تۆ منت نەناسییەوە.. ئەو بێ مێشکەی تۆی خۆش ویست، چی دی من نیم!

بە ڕێتمێکی بڕوا بەخۆبوونەوە وەڵامی دایەوە:

ـ هەر دەتناسمەوە مادامەکی ڕەنگت ڕەشە .. مەبەستم ڕەنگمان.

ـ من ئافرەتێکم لە ئاوازو .. تۆیش پیاوێکی لە ژمارە.. هیچ ڕەنگێك ناتوانێت پێکەوەمان کۆبکاتەوە.

پیاوەکە پێکەنی.

بـڕوای بـە قسـەکەی نـەکرد. ئـەو ئافرەتـان دەناسـێت و، پـتر لـە (وێ)یـش شـارەزای خۆشەویستییەو، دەزانێـت شکسـت دەخـوات و ڕۆژێـك لـە ڕۆژان دەگەڕێتـەوە لای، تـا پێچەوانەی ئەو قسەیە بکات کە ئێستە دەیکات. بۆیە مشت و مڕی لەگەڵ ناکات، خۆی بەو شێوەیە پیشان دەدات کـە لەگـەڵ قسـەکانی ئەودایـەو، پێویسـتە لێـك جیاببنـەوە. ئەوەیش گواستنەوەیەکی کوشندەی هەر ئافرەتێکە، ئەوە بەسە لەبەردەمیـدا دانیشـیت و ڕێی پێ بدەیت دژ بە خۆی یاری بکـات، ئـەو کـات هـەموو شـتێك لـە دەسـت دەدات، هەلێکی دیکەی پێ مەبەخشە.. ڕاوەستەو بڵێ مێزەکە داخراو یاریەکەیش کۆتایی هـات و، سەیری بکەو ڕابوێرە کاتێك دەگەڕێتەوە وەك پشیلە پێیەکانت دەلێسێتەوە، بەڵکو بـە دەستت بهێنێتەوە!

موزیفەکە  هات و داوای لە نەفەرەکانی بەیرووت کرد بچنە ناو فڕۆکەکەوە.

کاتێك بینی ڕاوەستاوە مەزەندەی کرد ئەویش بە هەمان فڕۆکـە سـەفەر بکـات و، لـەناو فڕۆکەکەدا درێژە بە قسەکانیان بدەن، بەڵامماڵئاوایی لێ کردو گوتی:

ـ هیوای گەشتێکی خۆشت بۆ دەخوازم.

ماچی نەکرد، تەوقەی لەگەڵ نەکرد، تەنانـەت سەیریشـی نـەکرد کاتێـك درێـژەی دایـەو گوتی:

ـ خوات لەگەڵ.

دڵی توندتر لێی دەدا، کاتێك بینی کە هیچ شتێکی پـێ نـەگوت، ڕەنگـە هـەتا هەتایـە نەیبینێتەوە. هەلی ئەوەی پێ نەدا ئەوە نەبێت تەنیا یەك ڕستەی ئاراستە بکات، ئەویش لە داخی دڵیدا پێچەوانەی ئەوەی پێ گوت کە دڵی  ئارەزووی دەکرد:

ـ بڕوا ناکەم لەمڕۆ بە دواوە بەدیداری یەکدی بگەین، مەگەر بتوانیت لە فڕۆکەخانەیـەکی دیکە ڕێکەوتێکی دیکە بۆ خۆت بکڕیت!

بە شێویەك کە دەیزانی مستەکۆڵەی کوشندەیە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوە زۆر دژوار دەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لەمڕۆ بە دواوە هەمان دەرگە بەکارناهێنین.. چونکە لە کۆتایی ئەم مانگەدا فڕۆکە تایبەتییەکەی خۆم وەردەگرم!

نەفرەتی لێ بێت .. پیاوێك فڕۆکەی هەبێت، چ پێویستی بە کڕینی ڕێکەوتە.

بۆ یەکەمین جارە وێ هەست دەکات کە لە ڕادەبەدەر خۆپەرستی تێدایە، چوون تاووس خۆی فش کردووەتەوە، بە دەوڵەمەندییەکەی مەست بووە، ڕەنگە ئەو بۆندەی لە ڤییەننا مۆری کردووە، سەرخۆشی کردبێت: (مەستی دەوڵەمەندی لە مەستی بادە کاریگەرترە) وەك بڵێیت وێ بۆ ئەوە هاتبێتە ڤییەننا تا بەو مەست بوونانەیەوە بیبینێت. وێ بە خۆیشی تووشی سەرەگێژە هات. لە واتای ئەوە ناگات یەکێك تا ئەو ڕادەیە دەوڵەمەند بێت! خودایە .. دەشێت کەسێك فڕۆکەیەکی هەبێت تەنیا بۆ خۆی.. بە هەموو دەستەی فڕۆکەوانییەکانییەوە لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی بکات؟

وێ نەیویست شتێك لەبارەی ئەوەی ئەو ویستی بیری بخاتەوە: لە ڕووی داراییەوە لێکەوە دوورن، وێ بە خۆی ئەوەندەی دیکە لێکی دوور خستنەوە کاتێك پارەکەی لەسەر عەرد بەجێ هێشت و ڕۆیشت و، بەو سووکایەتی پێ کردنەیشی وای کرد ببنە تەنیا سفری ڕووت.

ڕۆیشت بێ ئەوەی ئاوڕێکی لێ بداتەوە. بە هەمان ئەو شکۆیەی کە لاباڵەکەی پێ بەجێ هێشت.

دەیویست هۆڵەکە بەجێ بهێڵێت کاتێك لای دەرگەکە خۆی بەرانبەر بەو جەزایرییە بینی کە لە ئۆتێلەکە لەگەڵ پیاوەکەی دیکەدا تووشی بوو بە تووشیانەوە. ناوی تەواوی لە یاد کردبوو، بەڵام تەواوی ڕواڵەت و بەژن بڵندییەکەی بیرکەوتەوە، پێدەچێت ناوی عیزەدین بێت.

ئەو زۆری پێ خۆش بوو کە (وێ)ی بینی، هەرچی (وێ)یە ئەمیش لای خۆیەوە پێی خۆش بوو لەبەر ئەوەی هەلی مانەوەی پێ بەخشی، لە جێگەیەکی بچووکی تێڕوانینی پیاوێکدا، کە تەنیا ئەو لای (وێ) جێی بایەخە.

بە فەرەنسی گوتی:

ـ ئەی پێم نەگوتیت نمرەی تەلەفۆنەکەتم مەدەیە .. دڵنیام کە بە دیداری یەکدی دەگەینەوە! بەڵام پێشبینیم نەدەکرد لێرە یەکدی ببینین. تۆ سەفەری کوێ دەکەیت؟

ـ بۆ بەیرووت .. ئەی تۆ؟

ـ بۆ بەغدا.

ـ ئەی کەسێك هەیە ئێستە سەفەری بەغدا بکات لەکاتێکدا وڵاتەکە نغرۆی جەنگ بووە!
ـ ئێمە بۆ ئەو شوێنانە دەچین جەنگیان لێ هەڵگیرساوە.. ڕووگەی خۆمان هەڵنابـژێرین.. جەنگ ئێمە هەڵدەبژێرێت!
ـ ئەی لەوێ چی دەکەیت؟
ـ دەبێت ژیانی پەنابەران مسۆگەر بکەین کە پەنا بەر وڵاتانی دەوروبەر دەبەن..
دەبوو (وێ) بە فڕۆکەکەیـدا بگـات، لـە کاتێکـدا دەبـوو ئـەو دوو کاتـژمێر چاوەڕوانی فڕۆکەکەی بکات. وێ خۆی بینی لەسەر شێوازی جەزایری ماچـی هـەردوو گۆنـای کـردو ماڵئاوایی لێ کرد، چونکە ئەگەرێکی ئەوتۆی دانا هەرگیزاو هەرگیز نەیبینێتەوە. پاشـان وێ ئەو ڕستەیەی بیرنەچووبووەوە کە یەکەمین جار بە هەموو هێـزو توانـای جـەزایری لـە ستایش کردنی ئافرەتێکدا پێی گوت (تەمەن درێژ بیت ئەی ئافرەتە مەردەکـەمان)، ئـەو بە مەرد ناوزەدی کرد ـ واتـە وێ (خوشـکی پیاوانـە) وەك لـە سـووریا دەڵـێن. شـتێکی خراپیش نییە بە مێیاتی هەموو ئافرەتان جەنگابێت، بۆ ئەوەی بە پیاوەتی و مەردایـەتی هەموو پیاوان جەنگەکانی بردبێتەوەو سەرکەوتبێت.
کاغەزێکی دەرهێناو ژمرەی تەلەفۆنەکەی لەسەر نووسی و بۆی درێژ کردەوەو بـە گاڵتـەوە گوتی:
ـ چارەنووس مافی ئەوەی پێ دایت ژمرەی تەلەفۆنەکەی منت لابێت..
وەڵامی دایەوە:
ـ دەیکەمە بلیتێکی خۆت و بەختت (لۆتەری) بیباتەوە.
بە شێوە زاری جەزایری وەڵامی دایەوە لە کاتێکدا پەلەی بوو بە فڕۆکەکەدا بگات:
ـ ئاگەت لە خۆت بێت..
سواری فڕۆکەکە بوو، لە ناخەوە هەرەسی هێنابوو. لەبـەر ئـەو هـەموو ئـێش و ئـازارەی هەستی پێ دەکرد، ئەو پیاوە جەزایرییە هیچ شوێنێکی لە بیرکردنەوەیدا داگیرنـەکردبوو. بەڵام بیری کردەوە کە ئەوەکەی دیکە ئێستە بەڵگەیەکی دیاری لەبارەی پێوەندی نێوان وێ و ئەو پیاوە دەست کەوت. ئێستەیش نەفرەت لە خۆی دەکات کە وێ لە ڕاستیدا شـایەنی ئەوە نەبوو تا خۆشی بوێت. هەوڵ دەدات وێنەی وێ لە ناو دڵیدا بشێوێنێت، بۆ ئەوەی بە

پەلە لەو نەخۆشییەی وێ چاك ببێتەوەو، لەبەر چاوی خۆی پلەو پایەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، کە لەبەر چاوی وێ لەدەستی دابوو. بەڵکو ڕەنگە پاساوێك بدۆزێتەوە تا لەگەڵ ئەو پیاوەدا دانیشێت کە چاوەڕێی فڕۆکەکەی دەکات، بەشکو بزانێت کێیە. چونکە هەر خواوەندێك نیوەی هەواڵگرە. پێویستی بەوەیە سیخوڕی لەسەر (خولقێنراوەکەی) بکات!

هەر لە یەکەمین ژوانەوە کە لە فڕۆکەخانەکە بەجێی نەهێنا، تا دوایەمین دیدار لە فڕۆکەخانەکە، هەر بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی (وێ)وە دەجوولایەوە. بۆ ئەوە بە تایبەت ئامادە بووبوو تا تێکی بشکێنێت. وەك چۆن درەختەکان تێکدەشکێنێت کە لافی ئەوە لێ دەدات خۆشی دەوێن. ئەم خواوەندە بچووکە دەیەوێت گەورەتر بێت نەك لە پێناوی (وێ)دا، بەڵکو بە مەبەستی سەرشۆڕ پێ کردنی بەژنی. لەبەر ئەوەی ململانێ لەگەڵ بچووکەکاندا ناکات. ئەو گەورەتریان دەکات تەنانەت کاتێکیش وازیان لێ دەهێنێت، هەست دەکەن کە ئەوان پێش ئەو هیچ نەبوونەو .. بەبێ ئەویش هیچ نابن.

ئەوە بەسە داوای لێبوردن بکات و پۆزش بهێنێتەوە. بەڵام خواوەندەکان پۆزش ناهێننەوە، بەردەوام قسەیان ڕاستە.

ئەو شتێك کە دەتوانێت بیکات ئەوەیە پاڵ بە خولقێنراوەکانییەوە بنێت لەبری ئەو پۆزش بهێننەوە. هەروەها ئەو کاتەی گوتی: (کارێکی وا دەکەم درەختەکان پۆزشت بۆ بهێننەوە).

ئەم توانا وێرانکارییەی لەکوێ بوو؟ وەك بڵێیت خۆی بە خۆشەویستی بپارێزێت ئەویش بە ئازارو ئەشکەنجەدانی ئەو کەسەی کە خۆشی دەوێت.

بە درێژایی دوو ساڵ، لەناو خەڵکیدا دەژیا بێ ئەوەی پێیەکانی سەر عەرد بکەون. لەسەر هەورێکی سپی دەژیا. ڕێی نەدەکرد باڵی دەگرتەوە، ئەوەبوو ئەوینەکەی ئەو، ئەو دوو باڵەی لێ ڕواندبوو.

ئەوەتە لەناو فڕۆکەکەدایە، لە ڤییەننا ناگەڕێتەوە، بەڵکو لەو هەورە سپییە دەگەڕێتەوە، بە دڵێکەوە کە باڵەکانی شکاون. چونکە ئەو بەڕێزە وردو خاشکەرە دەستبەرداری بوو لەو بڵندابییەوە بەر ببێتەوە.. تا وردو خاش ببێت!

***

بێدار بووەوەو کەس لەوێ نەبوو.

پیاوێك وەك شەمەندەفەرێکی خێرا بەسەریدا تێپەڕی و، خەونەکانی پلیشاندەوەو چوون فڕۆکەی تیژڕۆ ڕۆیشت، چونکە گرانتر شت هەیبێت کاتە. ئەو کاتەی بە دەستەوە نییە ئاوڕ بداتەوەو بزانێت ئەو خێراتێپەڕینەی بەسەر ژیانیدا چ وێرانەیەکی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە. درەختە لە ڕیشە هەڵکێشراوەکانی خەونەکان، دارتێل و ستوونەکانی کارەبا کە باهۆزەکە ئەو ڕووناکیانەی کوژاندەوە کە ژانی (وی))ی ڕووناك دەکردەوە، قرمیدی بنمیچی دڵی کە لێرەو لەوێ پەرت و بڵاوبوونەتەوەو، نووستنەکەی لە چۆڵەوانیی یادوەرییەکاندا.

چەند ڕۆژێکی بە واق وڕماوی بەسەر برد لە ئاستی ئەوەی بەسەری هات. شتی دەبینی بێ ئەوەی سەیر بکات، شتی دەبیست بێ ئەوەی گوێ بگرێت. سەفەر دەکات بێ ئەوەی شوێنی خۆی بەجی بهێڵێت. لەناو خەڵکدا دەژیا، بێ ئەوەی کەس ئاگەی لەوە بێت، کە وێ، بە ڕاستی لە ژووری چاودێری ورددا ڕاکشاوەو، کۆپییەکی ساختەی وێ لە ناویاندا ژیان دەگوزەرێنێت. کۆپیکراوێك بە ئاسانی دەناسرێتەوە، هیچ شتێك لەوەی خەڵکی دڵخۆش دەکات خۆشی ناخاتە دڵی (وێ)وەو، هیچ هەواڵێکیش لەوانەی لە جیهاندا ڕوو دەدەن پێوەندی بە (وێ)وە نییەو لای وێ گرنگ نییەو هەر پەیڤینێك لەبارەی هەر بابەتێکەوە بێت دەیگریەنێت، چونکە هەموو بابەتەکان دەچنەوە لای ئەو پیاوەی وردو خاشی کردو ڕۆیشت.

هەستی بە نەداری کرد لەبەر ئەوەی دەمامکێکی نەبوو. دەبوو یەکێك لە دەمامکەکانی ئەو بدزێت. هەمووان لە چوار دەوری پتر لە یەك ڕوویان هەیە، (وێ)یش لای خۆیەوە بێ ڕووپۆش بەرەنگاری ژیان دەبێتەوە. (وێ)یش داوای مافی خۆی دەکات کە دەمامکێکی هەبێت. دەمامك زۆر لە زیان و تێکۆشان و ژان و ئازارەکانی بۆ گل دەدایەوەو، لە باجی شەرم قوتاری دەکردو، ئەو شوێنەواری گریانەی دەشاردەوە لەسەر گۆنای بەجێی هێشتبوو. کاتێکی زۆر تێپەڕی بەر لەوەی لەوە تێبگات کە دەنگی بەر گوێی ناکەوێت و، لەمەودوا دەتوانێت تەلەفۆنەکەی بەکاربهێنێت بێ ئەوەی ترسی لە نۆرە گومان و جارکێشان و

سیخوڕی کردنە بێ دەنگەکانی بێت. لەو ترس و تۆقینە قوتاری بوو کە تووشی هاتبوو، هەرکە بیویستایە پاساو بۆ سەفەرەکانی بهێنێتەوە، یان بانگهێشت کردنێکی قبوولّ بکردایە، یان لەگەلّ ئاوازدانەر، یان شاعیرێکدا دانیشتایە، یان لەگەلّ کەسێکدا قسەی بکردایەو بیبینیایە تەلەفۆنەکەی تەلەفۆنی پێ دەکرێت، ئەو کات تووڕە دەبوو، چەند هەفتەیەك قسەی لەگەلّ نەدەکرد.

وێ ئێستە ئازادە، بەلاّم هەرکە لێی ئازاد دەبێت، ئەوە هاوکات شادومان دەبێت و غەمیش دایدەگرێت. هەرکە لە کۆیلایەتی خۆی چاك ببێتەوە، ئەوە بە دەستی پەتای ئازادی خۆیەوە دەینالآند. ئێستە بە بێ باوك و دایکیانەی کچێك دەجوولێتەوە پێویستە لەمەودوا بەخۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.

دوو جار بێ دایك و باوك کەوتووە. نەك تەنیا ئەوینداری لەدەست داوە، بەلّکو ئەو هێزی باوکایەتییە سەرکۆتکارەی لەدەست داوە کە بە پرسیارو بە جارکێشان چوار دەوری دەدا. نەبوونی سۆزداری ژان و ئازاری نهێنیتی بەرانبەر بە هەر ڕێگەچارەو بژاردەیەك. لەبەر ئەوەی هەرچییەك بکەیت حسێبێك پێشکەش بە کەس ناکەیت تەنیا بە خودی خۆت نەبێت، وەك ئەوەی کەس گوێ بە تۆ نەدات.

***

کارەساتی گەورەی ئەوینداری لەوەدا نییە بە ساوایی سەر بنێتەوە، بەلّکو لەوەدایە کە دوای کۆچ کردنی ئێمە بە ساوایی بەجێ دەهێلّێت.

ئەو لە پێناوی ئەمدا خەفەت ناخوات، بەلّکو لەبەر ئەوەی ئەمی مەزنتر کردو، ئەمیش ئەوی بە بچووکی بەجێ هێشت.

لەوەتای (وێ)ی بینی بە سۆزەوە لەگەلّ ئەو پیاوە دەئاخافت، کە پێشتر لە ئۆتێلەکە بینیبووی و، گەیشتە ئەو ڕادەی (وێ) ماچی بکات، میوەکە کرمێ بوو، بۆیە چی دیکە ناتوانێت سێوی دلّدارییەکە ڕزگار بکات.

پتر لە غایلەی جارکێشان، هەستێك بالّی بەسەر بیرکردنەوەیدا کێشا کە پێشتر ئەو جۆرە هەستەی لە ژیانی خۆیدا بەدی نەکردبوو: هەست کردن بە ڕیسوایی و سووکایەتی پێ کردن.

بەو چاوپۆشینە بێ وێنەیە ڕوو بە ڕووی ئەو هەڵوێستە بووەوە کە لە پلەو پایەی ئەو دەوەشێتەوە. لە دوورەوە هەر بە تیلەی چاو، لەو پیاوەی دەڕوانی، کە لەو کاتەدا سەرقاڵی سەیرکردنی دۆسێیەکانی خۆی بوو، پیاوێکی تەمەن چل ساڵەی هێژا، پۆشتە بێ ئەوەی خۆی دەربخات. شوێنەکەی خۆی بەجێ نەهێشت پاش ماوەیەك نەبێت کە ڕۆیشت قاپێك میوەو شیرینی بێنێت لەوەی بۆ نەفەرەکان دانراون، پاشان گەڕایەوەو سەرقاڵی سەیرکردنی کاغەزەکانی بێت. پێشبینی کرد لە چەند بوارێکدا پسپۆرو شارەزایی هەبێت، بەڵام نەیزانی لە چ بوارێکدا کاردەکات، ئەو کاتە نەبێت پاسپۆرتێکی دیپلۆماسی بە دەستەوە بینی، کاتێك خەریك بوو هۆڵەکە بەجێ بهێڵێت. ڕەنگە لە دانیشتنێکی ناو سالۆنی فڕۆکەخانەکە ئەوەی زانیبێت، کە بۆ ئەوە بەس بێت غەم و خەفەت ڕۆبچنە ناو قووڵایی دڵیەوە.

ئای ئەویندارى .. هەرگیز بە ئێش و هەر بە ئازاریت.

ئەوەی دەشێت ئاماژەی پێ بکرێت کە ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی جارێکیان لە جەژنی ئەویندارىدا، بەیاننامەیەکی هوشیارکردنەوەی بۆ ئەویندارانی جیهان بڵاوکردەوە، بە مەبەستی ئەوەی لەو زیان و نەخۆشییە کوشندانەیان ئاگەدار بکاتەوە، کە ڕەنگە ئەوینداری، تووشی کەسانی ساکاری لایەنگرانی خۆی بکات، لە نەخۆشییەکانی دڵ و، بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و، دڵەکوتێ و، تووشبوونی نەخۆشی شەکرەو، نیشانەی خەمۆکی و ئەشتیانەکردنی خواردن، کەچی جیهان بۆی دەرکەوت کە چەکی کۆکوژ لە شوێنێکی دیکە هەیە نەك لە عیراق و، هەر یەکە لە ئێمەیش چەکی کۆکوژی خۆمان لە ناو دڵی خۆماندا هەڵگرتووە!

ئەو هوشیارکردنەوانەی بە ڕاست نەزانی، ئەو کاتە نەبێت کە پێش چەند ڕۆژێك سەیری ئاکامی پشکنینە پزیشکییەکانی دەکرد. بۆی دەرکەوت ئەو کچەی لە ژیانی خۆی دەری کردبووە دەرەوە هێشتە لەناو خڕۆکەکانی خوێنیدایە. وەك بڵێیت ئەوینداریەکەی وێ ژیانی ئەمی بەجێ هێشتبێت و لەژێر ناوو نیشانی دیکەدا گەڕابێتەوە.

لەوەتای عەرەب ئەوینداریيان بە سوڵتان (فەرمانڕوا) ناوزەد کردووە، ئەوینداری بووەتە فەرمانڕەوایەکی عەرەب بە چەندن ناوەوە کە لە ئەژمار نایەن. نەوەد ناو لە عەرەبیدا

ستایشی دەستەڵاتی ئەویندارى بەسەر دڵداراندا دەکەن، بە پێی بروسکەکەی لەنێوان یەکەمین سەیر کردن و .. دواهەناسەدا. بەڵام لە تەمەنی (شەیدابوون) و (گیرۆدەبوون) و (خۆشەویستی) و خولیابوون) و (دڵ پێوەبوون) و (ئاشق بوون) و هەموو ئەو ناوانەی تێپەڕاندووە کە ئەوە دەگەیەنن کە تۆ کەوتوویتەتە ناو چنگی ئەویندارییەکی چارەنووسسازی ئەوتۆوە ناتوانیت خۆتی لیّ قوتار بکەیت.

ئەو تەنیا پێویستی بە دەربڕینیکی فەرەنسییە دەڵێت (tu me manques) واتە (من تەنیا تۆم کەمە)، یان (من بیرت دەکەم)، وێڕای ساکاری ئەو دەربڕینەیش کەچی زمانی عەرەبی ئەو دادەی بۆ نەدا ئەو دەربڕینە دابهێنێت. ئایە دڵدارێکی عەرەب ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ئافرەتێکی گوتووە (من تەنیا تۆم کەمە)؟

نازانێت ئایە (وێ)ی خۆش دەوێت. ئەوەی دەیزانێت ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێك زۆرتر (وێ)ی کەمە، ئەم ئێوارەیەیش هیچ شتێك لای (وێ)وە نایەت، (وێ)یش چاوەڕوانی هیچ شتێکی ئەم ناکات. ڕۆیشتنەکەی (وێ) چوون داونانەوەیەك درێژەی کێشا، بێ دەنگییەکەی وێ چوون خەنجەر وەشاندنێك قووڵە، بەڵام ڕەتی دەکاتەوە کە خەنجەرەکەی (وێ) دەربهێنێتەوە، لەو شوێنەوە کە بە جەستەیدا ڕۆچووە، دەیهێڵێتەوە.. جاروبار دەست بەسەر شوێنەکەیدا دەهێنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی پێش وێ ڕووی نەداوە ئافرەتێك خەنجەر لە شکۆی ئەو بوەشێنێت.

***

وێ ویستی هەرەس و وێرانی ناخەوەی خۆی لە هەمووان ڤەشێرێت. پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیەکی سۆزادری هەبوو، وەك بڵێیت شارێکەو هۆلاکۆی پێدا تێپەڕیوە، هەموو شتێکی تێدا لەناوچووە. ئەوەی باش بوو شکۆو سەربەرزی خۆی لەو وێران بوونە ڕزگار کرد.. لەگەڵ ئەو شتەی کە نەیدایە.

لە خەونە ئیکسپایەربووەکانی بێدار بووەوە، وەك بڵێیت هیچ شتێك لەوەی ڕووی دا، ڕووی نەدابێت. دوو ساڵی گوزەراندو فریوی یارییەکانی جادوویەکی فیڵبازی خوارد. چوون ئەو

جادووانەی کـۆترو ..پـارەی بانکـەنۆت لـە شـەپقەکانیان دەردێـنن. بـەڵام نـەدەتوانرێت کۆترەکان بگیرێن و نەیش پارە بانکەنۆتەکان بۆ شت کڕین دەشێن.

سامانێکی بیرەوەری بۆ بەجێ هێشت، لەکاتێکدا چاوەڕوان بوو چەند پرۆژەیەکی ژیانی بە دیاری پێشکەش بکات.

گەڕانەوەی خۆی زۆر دواخست بۆ ئەوماڵەی لە پێناوی ئـەودا ڕازاندبوویـەوەو ناوماڵـەی تێدا دانابوو، کە سەریشی لێ نادات.

دەیەوێت هێزو تواناکانی خۆی وەبەربهێنێتەوە، بەر لەوەی ڕوو بە ڕووی شتە گێڕراوەکانی ئەویندارى ببێتەوە. هەموو ئەوەی لە ئەویندارى بە دەستی هێناوە، ئەمڕۆ ئازاری دەدەن.

خۆی لە زۆر شت بێ بەش کرد، بۆ ئەوەی ئەم ژانە سەختە بە دیاری پێشـکەش بـە خـۆی بکات. ژانەکەی، بە دراوی شکۆو سەربڵندی، بە قستی ئاسان کڕی. ڕاهـاتووە بـە دراوی بەهادار شت بکڕێت.

بەناو داروپەردووی خەونەکانیدا پیاسەیەکی کرد. ئەو پیاوە چەندە شتی تێکشـاندووە بـێ ئەوەی ئاگەیشی لە خۆی بێت!

ئەو شتانەی خەونی لە ڕادەبەدەریان هەبوو، هەموویان هەپروون بـە هـەپروون بـوون، بـێ ئەوەی بە تیلەی چاو سەیرێکیشیان بکات. ئەوانی دیکەیش بۆ پیاوێـك ڕەشـیان پۆشـیوە هەر ناشزانێت هەن. شتگەلێکیش دەگرین لەبەر ئەوەی نایانبینێت، شتگەلی دیکەیش بۆ پیاوێك دەگرین نازانێت کە ئەمان چاوەڕێی دەکـەن. شـتگەلێك چـاوەڕوانی (وێ) فریـو دەدەن کە لە چاوەڕوانی ئەودایە، بە بیانووی ئەوەی لە بیری چووەتەوە، بـەڵام وێ لـەبیری ناچێتەوە. پرسیاری ئەو دەکات، هەرکە دەرگە بکرێتەوە، بەردەوام پرسیاری ئەو دەکـات، چونکە وێ لەسەر زەوقی ئەوو، لە پێناوی سەرنج ڕاکێشان و واق وڕهێنـانی تـەنیا ئـەودا هەڵبژێرراوە.

شتگەلێك دەشێت خەفەت بخۆن، دەشێت چاوەڕوان بن، دەشێت بگرین، دەشـێت هـەپروون بە هەپروون بن.. چارەنووسیان هەر چییەك بێت، هەر ئەو ئاغا و گـەورەی (وێ) دەبێـت، چونکە بە دەستەڵاتی ڕۆیشتن و لێرە نەبوونی خستوویەتیە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو کردوویەتی بە موڵکی خۆی.

بۆ چەند مانگێك هەستی بە غەمباری ئەسپی بریندار دەکرد.
تێنەدەگەیشت چۆن پیاوێك چاوتێری و دەست بڵاوی ساتە گرانبەهاکانی پێشکەش کردو .. لە شکۆ بەخشیندا ڕەزیلی لیّ کرد. لە چەند ساتێکدا کاتێکی هەمێشەی پیّ بەخشی .. پاشان بە چەند وشەیەك ئەوەی هەپروون بە هەپروون کرد کە ویّ لەو بڕوایەدا بوو هەمیشەیی دەبێت.
چوون ستەمگەرەکان، زێدەڕۆیی دەکات ئەگەر ئەویندار بکات، زێدەڕۆیی دەکات ئەگەر ببەخشێت، زێدەڕۆیی دەکات ئەگەر تووڕەیش بێت.
چوون ئەوانیش، لەو کەسە نابوورێت کە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش دەکات. ڕەتی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی دواتر بە خۆی لەسەر کاری لابدات.
ئەو ڕەنگە هیوای ئەوە بخوازێت بە دەستی بهێنێتەوە، بۆ ئەوەی لە یەکەمین هەلدا پۆزی واز لیّ هێنان و دەست لیّ هەڵگرتنی لیّ بدات. یەکێکی وەك ئەو ئافرەتە دەرگەی بە ڕوودا داناخات و، لە دوای خۆی بەجێی ناهێڵێت.
تۆ بڵێیت ئەوە چارەنووسی ویّ بێت، هەرکە لە دەستی ستەمگەرێك هەڵێت، پەنا بۆ ستەمگەرێکی دیکە ببات. چوون گەلان کە ستەمگەران بە داگیرکەران دەگۆڕنەوە، پەنای بەر هەر کەسێك بردبێت ویستوویەتی داگیری بکات.
هەرکە لە چنگی تیرۆریزمێك هەڵاتبێت، کەوتووەتە چنگی تیرۆریزمێکی دیکەی دەمامکداری دیکەوە. بەرەنگاری تیرۆریزمی پیاوکوژان و، تیرۆریزمی دەوڵەت و ، تیرۆریزمی خێزان بووەوە..کەچی ئەوەتە خۆی لەبەردەم ستەمگەری سۆزداریدا دەبینێتەوە، بڕوا ناکات، ئەو پیاوەی پەنای بەر برد بە هیوای ئەوەی پشت و پەنای هەمیشەیی بێت، بە خۆی تیرۆریستە، بە دەستەڵاتی سامان و پارەکەی دەستی بەسەر دەنگی (ویّ)دا گرت.
بە کڕینی دەستی پیّ کرد تا بە تەنیا خۆی چێژی لیّ وەربگرێت.. ئاکامیش ڕێی لیّ گرت گۆرانی بڵێت ئەو کاتە نەبێت کە بە خۆی ڕێی پیّ دەدات. ویّ بە ئارەزووی خۆی ڕێی پیّ دا دەستی بەسەردا بگرێت. لەبەر بیّ کەسی، دەستەڵاتەکەی ئەو هەستەی پیّ دەبەخشی کە ئافرەت لە بەردەمیدا دەبەزێن: هەست کردن بە خۆپارێزی.

بەڵام دەنگی نەدەپاراست، بەڵکو نۆمایەك بوو، مافی ئەوەی نەبوو لە دەرەوەی تەویلەکەی ئەو بحیلکێنێت.

بۆ چەند هەفتەیەك ئەم قسەیەی لەگەڵ خۆیدا دووبارە دەکردەوە، بەڵام، هەرکە لە بەرگری لە خۆکردنەکەی خۆی تەواو دەبوو، دڵی لەناکاو وشەکەی وەردەگرت و، ددانی پێدا دەنا کە هێشتەیش خۆشی دەوێت، وەك چۆن (پشیلە ئەو کەسەی خۆش دەوێت، کە دەیخنکێنێت)، وەك چۆن گەلان جەلادەکانی خۆیان خۆش دەوێت. تەنانەت لە دابڕانیش لەگەڵیدا جەلاد بوو، لە بێ دەنگیشدا توندی ئەو بێ دەنگییە بەدی دەکرا کە نەخشەی بۆ دارِشتبوو.

ئاکام (وێ)یش وەك گەلانی عەرەب وایە، تەنانەت کاتێکیش هیوای ئازادی دەخوازێت، سۆزی بە لای جەلادەکانی خۆیدا دەشکێتەوە. وەك وێ، پیلان دژ بە خۆیان دەگێڕن، بت بۆ خۆیان دروست دەکەن، دەستی خنکێنەرەکانی خۆیان ماچ دەکەن، لە بکوژەکانیان دەبوورێن. پاش ڕووخانیشیان هەر پەیکەرەکانیان جوانتر دەکەنەوە، بە فرمێسك لە خوێنی تاوانەکانیان دەیانشۆنەوە.

وردە وردە، چی دیکە ئارەزووی ئەوەی نەما بە دوای شیکردنەوەی هۆکاری بێ دەنگییەکەیدا بگەڕێت. کەس بە دوای پاساوی بێ دەنگیی مردووەکاندا ناگەڕێت. مردووەکان دەمرن بۆیە بی دەنگ دەبن. ئەو لە هەموو ڕۆژێکدا کە تەلەفۆنی بۆ ناکات زۆرتر دەمرێت، لەگەڵ هەر نووچەیەکی هەواڵەکاندا خەیاڵی بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو یەکێکە لە قوربانیانی ئەو مەرگە بێ هوودییەیە بە هەزاران هەزار لە عیراق دەکوژرێن. هەرکە بیر لە مەرگی ئەوانی دیکە بکاتەوە مەرگی ئەو بچووکتر دەبێتەوە، هەرکە هەواڵەکان تێکەڵ بە ئاه و ناڵەو هاواری بێ تاوانەکان بوون ئەوەندە ڕقی لە ستەمی بێ دەنگیی ئەو دەبێتەوەو بە سووکی سەیری دەکات.

چەند مانگێك تێپەڕیوەو وێ لووت بەرزی دەنوێنێت، چاوەڕوانە ئەو سۆز بەسەریدا زاڵ بێت و تەلەفۆن بۆ وێ بکات. لە چاوەڕوانی تەلەفۆن بۆ کردنێکی ئەودا ئەوەی لەبیر چووەوە ژیان بگوزەرێنێت. پاشان، دەستی بەوە کرد کە ببینێت بە ڕاستی خەریکە دەمرێت، هەروەها نمرەی تەلەفۆنەکەیشی.

نمرەو ژمارەکان بە مردنی هەستی خاوەنەکانیان دەمرن. دەمرن کاتێك نمرەکـەی خۆمانمـان بیر دەچێتەوەو ژمارەکانی ئەو نمرە تەلەفۆنییە کە ئەزبەرمان کردوون یەك لە دوای یەك لە درەختی یادگە بەر دەبنەوە.. بۆ ئەوەی شوێن بۆ ژمارەی دیکـەی سـەوز بـەجێ بهـێڵن و سەرەتای بەهاری خۆشەویستییەکی نوێ ڕابگەەیەنن. بەڵام دڵی نەیدەویست زستان بـەجێ بهێڵێت و، دەست بەرداری گەڵا زەردەکانی ڕابووردوو نابێت.. (مازۆشی) بوو!

کەواتە، دەست بە ڕاگەیاندنی جەنگ دژ بە هەموو ئەو کۆتانە دەکـات کـە دڵـی دەسـت بەرداریان نابێت، هەر لە ئەو ئامێری مۆبایلەوە کـە بـە دیـاری پێـی داوە. مۆبـایلێکی گرانبەهای ناوێت زەنگ لێ نەدات، بەڵکو مۆبایلێکی ساکاری دەوێت زەنگ لـێ بـدات، بەردەوام شتە گرانبــەهاکان خاوەنــەکانیان ڕیســوا دەکــەن. میــوزیکی دانــۆبی شـین چـی سوودێکی هەیە کە تـا ڕادەی گریـان ئـازارو ئەشـکەنجەی دەدات؟ دەەیـەوێت گـوێی لـە میوزیکێکی ساکارو ئاسایی بێت، دڵی، نەك مۆبایلەکـە، کـێ سـیمفۆنیایەك بـۆ گـوێی دەژەنێت. دەبێت خۆی لە هەموو شتێك قوتـار بکـات کـە جـوان بـوون و، یادوەریشـیان لەسەر دڵی گرانتربوو.

لە ئەویندارپدا هەر سـروەیەك داودانانەوەیەکـە، هـەر هەناسـەیەکی خۆشـیش، پـرۆژەی هەناسە ساردییەکە، هەموو نمرەیەکی تەلەفۆنیش بە پێی ژمارەی نمرەکـانی فـرت و فـێڵ لەخۆدەگرێت.

ئەو نمرانەی کە دەستت نایەوێت تەلەفۆنیان بۆ بکات و .. یادگەیشت ڕەتی دەکاتـەوە لـە بیریان بکات.

***

بەبێ ئەو زستان گەڕایەوە، پێش ئەویش دوو وەرز تێپەڕین بێ ئەوەی ئاگەی لێیـان بێـت. لەگەڵیدا ئەو غەمە گەورەیە گەیشت کە پاش ئەو هیچ زیان، یـان لـە دەستچـوون بـەدی ناکرێت.

لە پرسەی ئەوەدا بوو کە ئێستە دەزانێت سەرلەنوێ ڕوونادەاتەوە.

ئەو خەونانەی هەر بە خەون دەمێننەوە ئازارمان نادن، ئێمە غەم بۆ هیچ شتێك ناخۆین ئاواتمان بۆ خواستبێت و ڕووی نەدابێت، ژانی قووڵ بۆ ئەوەیە کە یەك جار ڕووی داوەو، نەمانزانیوە کە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە.

ئەوەی ژانی زۆرترە، ئەوە نییە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ ئێمەنەبووە، بەڵکو ئەوەی ساتێك موڵکمان بووەو، تا هەتایە لە دەستمان داوە.

ئەوەیش سۆز نواندنە بەرانبەر بەوەی لە ڕابوردوودا بەجێمان هێشتووەو بۆی ناگەڕێینەوە. شوێنگەلی جوان بە هیوایت نەیانبینیت تا غەم نەخۆیت. ساتە دڵڕفێنەکان، پەشیمانیت کە گوزەراندووتن بۆ ئەوەی بیرت نەکەونەوە. پیاوانی سەرسوڕهێنەر، حەز دەکەیت بە دیداریان نەگەیشتبایت، بۆ ئەوەی ئەو ساڵانەی لە تەمەنت ماون بۆیان نەگریت. وەك بڵێیت کۆچیان کردبێت.

پێش ئەو ڕووی دابوو پیاوێك گریاندبووی، بەڵام تەنیا ئەو بە شادی بۆ هەموو ئەو فرمێسکانەی ئامادە دەکرد.

پیاوێك لە پێناویدا هەموو یارییە ئاگرینەکانی داگیرساندو، هەموو تیرە ئاگرینەکانی ئاراستە کرد، پاشان لەوپەڕی خۆشییە تیشکییەکانیدا ڕووناکییەکانی کوژاندەوەو، ڕۆژی نیوەڕۆی لێ کردە شەو، پاش ئەوەی شەوی ڕۆژ بوو.

بۆ چەند مانگێك هەموو خۆشی و سووربوونی لە دەست دا ئەلبۆمە نوێیەکەی تەواو بکات، بە ڕەوشی سیاسی پاساوی دەهێنایەوە. لە ڕاستیدا، جگە لەو بایەخی بە هیچ شتێکی دیکە نەدا. بەو ڕادەیەی ڕقی لێ دەبووەوە خۆشیشی دەویست و، لێی یاخی دەبوو و هیوای بۆ دەخواست و بە نهێنی بیری دەکردەوەو، بە ئاشکرایش بەرەنگاری دەبووەوە. چەند ڕۆژێك خۆی ڕادەگرت، پاشان هەندێك جار بەرانبەر بە پرسیاریك دەبوورایەوەو دەگریا، کە وەڵامەکەی نەدەزانی: (هەر هەموو ئەوە چۆن ڕووی دا؟).

بیری دێت جارێکیان پاش دابڕانێك، کاتێك هەردووکیان لە دارستانی بۆلۆنیا پیاسەیان دەکرد، پێی گوت: (لێك دابڕان لەو کەرەستە ئۆرگانیانەیە کە درەختی ئەوین خۆی لەسەر دەژێنێت). دەبوو ئەو ئاکامە هەڵهێنجێنێت کە پیاوێك هاوڕێیەتی درەختان بکات ئامادەیە واز لە ئافرەتێك بهێنێت، تا کاتێك ئەو ئافرەتەی لا نەبێت، ئەو درەختە بڕوێت

و گەشە بکات؟ تۆ بڵێیت بۆ ئەوەی گریاندبێتی تا بە فرمێسکەکانی درەختی ئـەوین ئـاو بدات؟

پاش چەند مانگ گریان، بۆی دەرکەوت کە تەنیا بە خۆی بە فرمێسکە گەوجـەکانی ئـەو درەختەی ئاو دەدا. هەروەها دارستانێکی لە دەست چـووە بـە هیـوای ئـەوەی درەختێـك قوتار بکات.. درەختێك کە ڕەنگە شین نەبووبێت تەنیا لە دڵی ئەودا نەبێت.

لەو شەوبێدارییەدا کە تێیدا جنۆکە لە لوولەی بوتڵەکەوە هاتـە دەرەوە، ئـەو پێـی گـوت (کەمێك خەفەت بخۆ تا لە تەمەندا یەکسان دەبین). ئەوەتە وێ لە کاتێکدا ئەو لێرە نییـە بە تەمەن لەو گەورەتر بووە. لە چەند مانگێکدا وای لیّ کـرد بگاتـە تەمـەنی کارەسـات .. لە کاتێکدا وێ پێشبینی دەکات ئەو لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا لاوببێتەوە.

لە کاتێکدا دەنگی میوزیکێك لە باخچە میزاج ئوروسـتوکراتییەکانەوە لـە بالکۆنەکـەی نزیك دەبووەوە گوتی: (تەنانەت لـە کـاتی لێـك دابڕانەکەیشـماندا هـەر سـەمام لەگـەڵ دەکردێـت ..) دەسـتی بـۆ لای وێ درێـژ کـردو درێـژەی دایـە (وەرە .. هەنـدێك شـتی بەختەوەری، یان غەمباری هـەن بـە شـێوەیەك نـاتوانم پێتیـان ڕابگەیـەنم تـەنیا لەگـەڵ سەماکردندا نەبێت) پاشان سەماکە کۆتایی هـات بـیّ ئـەوەی وێ بزانێـت ئـەو لـە کـام باریاندایە، چونکە شتە دژەکان لای ئەو یەك دەگرنەوە.

پێناسەیەکی میوزیك دەڵێـت (میوزیـك حەشـارگەی ئـەو دەروونانەیـە لـە بەختەوەریـدا نەخۆشن) ئایە ئەو بەختەوەر بوو، یان نەخۆش؟ ئەوەی پتر ئازاری دەدات، کە وێ ئەوسـاو ئێستەیش، هیچ شتێك لەبارەی نووچەی دەروونیی ئەوەوە نازانێت. ئایە هەستی بە ئازارو ژان دەکرد؟ ئایە دەگریا؟ یان ئافرەتێکی دیکەی دۆزیوەتەوە کە دەشێت گێمێکی شەترنجی لەگەڵ دەست پیّ بکات، یان درێژە بە گێمێکی دیکە بدات کە لە وڵاتێکی دیکە چاوەڕێی دەکرد؟

***

ئافرەتانێك هەن بە پەڕەی دڵەوە دەنووسێن، چوون ڕستەیەکی میوزیکی جوان بـە ژیانتـدا تێدەپەڕن، پاش چەندین ساڵ دوای لێکدابڕانیان دڵ هەر دەیلێتەوەو دەیلێتەوە. ئافرەتانیش هەن سەرپێییانە دەڕۆن ئاگەت لەخۆ نییە کاتێك دەڕۆن، ئایە ئـەو سـۆناتایە تەواوکـەری

هەیە. هەشن تەنیا یەك تروسكەی بیرەوەریت لەگەڵیاندا هەیە، وەك تەنیا لێدانێكی دوگمەیەكی پیانۆ بە هەڵواسراوی بۆ یەك تێڕوانین بەجێت دەهێڵن. ئافرەتانی نەشازیش هەن، ناتوانیت هەڵیانبسەنگێنیت، بەجێت ناهێڵن ئەو كاتە نەبێت كە ئاوازی بوونەوەرەكانی دەوروبەرت تێك دەدەن.

پاشان.. ئافرەتێك هەیە، ساكار چوون شمشاڵ، نزیك چوون كەمانچە، لە ڕەشیدا چوون پیانۆیەك پۆشتە، چوون عوودیش گەرم و گوڕ. وێ هەموو ئەو ئامێرە میوزیكیانەیە لە ئافرەتێكدا. ئۆركسترایەكی فیلارمۆنی ئارەزووە، وێڕای ئەوەیش ناتوانێت هیچ لەو ئامێرانەی تێدایە بژەنیت. وێ ئاوازە دەگمەن و مەحاڵەكەی تۆیە.

ئەو لەم دواییەدا ئەمەی بۆ دەركەوت، لە كاتێكدا دەكۆشا بڕوا بە خۆی بهێنێت كە جوانترین بەسەرهات و سەرگوزەشتەی ئەوینداری ئەوەیە بە هەڵپەسێرراوی مابێتەوەو، جوانترین چێژیش ئەوەیە تەواو نەكرابێت و، ژیانیش جوانترین كۆتایی لەگەڵ وێدا بۆ ئەم هەڵبژارد.

تۆ بڵێیت بەسەرهاتەكەیان لێرەدا كۆتایی هاتبێت؟

كاتێك دوو كەس لێك دادەبڕێن و جیا دەبنەوە، دوایەمین دەمەقاڵێ نابێتە هۆی دابڕانەكەیان. لە ڕاستیدا پاشتر لەناو داروپەردووە ڕووخانەكەدا دەیدۆزنەوە، چونكە بوومەلەرزەكان تەنیا ئەو دڵانە وێران دەكەن شوورەو دیوارەكانیان درزیان بردووەو بنمیچەكانیان خەریكن هەرەس دەهێنن.

ئەو دەیویست هۆی كۆتاییەكە لە ناو درزو شەقڵەكاندا بدۆزێتەوە. چونكە ڕەنگە تیشك بێت. چونكە لە ڕاستیدا لە ڕووتیی ئاشكرای خۆیدا لەگەڵ تامەزرۆیی ئەویندارانـدا ناگونجێت، بەڵام ئەویندارى ئاشكراكردنێكی بەردەوامە، خۆتێوەگلانە لە وردەكاری و شتە وردیلەكانی ئەوەكەی دیكەو، ئالۆشێكە بۆ بە موڵك كردنی ئەوی دیكە، پاڵت پێوە دەنێت لە هەمان كاتدا ببیتە پیاوێكی پكشنەرو هەواڵگری نهێنی! چونكە كاتێك هەموو شت لەبارەی ئەوی دیكەوە دەزانیت، ئەویش شتی زۆرتر لەبارەی تۆوە دەزانێت پتر لەوەی كە پێویستە بیزانێت، ئەوە دەبێت لێك جیا ببنەوە. ئەویندارى خەیاڵ پلاوییەكە، خۆی لەبەردەم تیشكە ڕووناككەرەوەكاندا ناگرێت. ئەم كیژە نهێنییە زۆر قووڵەكەی زانی، بۆیە

ئەم ئەوەی لە بیر ناچێت کە وێ زۆری پێ خۆش بوو کاتێك بۆ چەند چرکەیەك ئەمی ڕووت و دەستەپاچە بینی.

ئەوەیش دڵڕەقییەکی لە ناخدا بووژاندەوە لەوەوپێش بە خۆوەی نەبینیبوو. پێ دەچێت لە نەخۆشییەکانی پیری بێت. لە ساتێکی لاوازیدا پیاوێك نهێنییەکەی خۆی بۆ ئافرەتێك دەدرکێنێت، پاشان دواتر دەست بە سەرزەنشتی کردنی دەکات بۆ ئەوەی ئەو نهێنییەی لەیاد بباتەوە کە بۆی درکاندووە، لەسەر پێ شۆڕکردنیدا زێدەڕۆیی دەکات بۆ ئەوەی گومانی لا پەیدا بکات سەبارەت بەوەی بیستی، لە بەرەنگاربوونەوەی، لە بەجێ هێشتنی، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکە، بە دوای هۆکاری دیکەدا بگەڕێت. پیاو لە ئافرەتێك خۆش نابێت لە ساتێکی لاوازیدا بینیویەتی.

ئەوەی بەس بوو وێ بگریەت تا ئەو لەوە دڵنیا بێت کە شکۆمەندیی پارێزراوە. وێ پۆزش بهێنێتەوە، لێی بپاڕێتەوە، تا ئەو لەوە دڵنیا بێت کە دەستەڵاتی بەسەر (وێ)دا زاڵە. بە ڕاستی ئەوەی کە وا لەم دەکات لە (وێ) خۆش نەبێت، ئەوەیە کە وێ ژیانی ئەمی بەجێ هێشت بێ ئەوەی یەك دڵۆپە فرمێسك چییە بە چاوییەوە ببینێت. کێیە تا نەگریەت و پۆزش نەهێنێتەوە؟! ئەوە دوو خەسڵەتن تەنیا لەمدا کۆبوونەتەوە، ئەو بوو پیاوانی گریاندووە کە بە قەد باڵای خۆی بەرزی دەکردنەوە، پاشان وازی لێ دەهێنان لەو بڵندایییەوە بەر ببنەوە، تا دەستەڵاتی مەسافەیان بیر بخاتەوە. پێویستە وێ لەمە بەدواوە ئەوەی لەبیر بێت کە ماوەی نێوان ئەم و وێ ماوەی نێوان دوو ڕیزە کورسی ناو فڕۆکەیەك نییە، بەڵکو ماوەی نێوان فڕۆکەکەو .. زەوییە.

لە ڕاستیدا، ئەو دۆڕاوێکی خراپە، نایەوێت بەشداری شەڕێك بکات کە بزانێت سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر ناکات. ئەو هیچ ڕۆژێك لەگەڵ (وێ)دا هەستی بە دڵنیایی و ئاسوودەیی نەکردووە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیبوو بە تەواوەتی بیکاتە موڵکی خۆی، بەردەوام شتێکی وێ لە چنگی ئەم دەردەپەڕی، بۆیە بە باشتری دەزانێت بە ئارەزووی خۆی لە دەستی بدات، بەر لەوەی وێ ئاگەداری بکاتەوە.

زۆر جار وێ بە گاڵتەوە پێی دەگوت کە تۆ هەندێك جار وەك ئاشق و، زۆر جاریش وەك ستەمگەر بە دەوامی تەواوە دەجووڵێیتەوە. با وابێت. وەك زەوییەکی سووتماك بەجێی

هێشت، هەر کەسێك لێی بستێنێت ئەوە مێینەیەکی بێ دڵـی لـە چـنگ دەردەهێنێـت، ئەویش بەپێی قسەی یەکێکیان (ئەوەی بیەوێت عیراق داگیربکات، ئەوە خاکێکی بێ گەل داگیردەکات). وێ، پاش ئەو، وڵاتێکی وێرانەیە، کەس خۆی لە قەرە نادات فەرمانڕەوایی بکات، هەر کەسێکیش پاش ئەو بێت، ئەوە وێ هەر بیر لە جەلادەکەی خۆی دەکاتەوە کە لە ناخیدایە، چونکە ئەو بۆ وێ سەردەمی زێڕین بوو، بێ ئەوەی هاوتای هەبێت.

***

ڕەنگە پێویستی بە ماوەیەك هەبێت تا ببینێت. ڕۆژێکیان، بە ئاشکرا خۆی پیشـانی دا، بە شێوەیەك وێ پێشبینی نەدەکرد.

وێ ڕاستییەکەی ئەوی دۆزییەوە، ئەو ڕۆژەی لەگەڵ دایکیدا بـە دەنگـی بانگهێشـتەکەی (فیراس)ەوە چوو بۆ ئامادەبوون لە شەوبێدارییەکی ڕەمەزاندا، کە تیپی مەولـەوی سـووفی پێشکەشی دەکرد. گوێی لەو سرووده ئایینییانە دەگرت، سەری لە دەروێشەکان سووڕدەما کە لەسەر ڕێتمی ئەو تیمە دەسووڕانەوە، کە لـە ژمارەیـەك لـە سـروودبێژو دەف لێـدەرو شمشاڵژەن پێکهاتبوو.

لە سەماکردنەکەیاندا، مەینەتی سۆفیگەر دەردەکەوێت، کە وەك چۆن شمشـاڵ، خـۆی لـە هەموو شتێکی دنیایی دوورخستووەتەوەو، جەستەی خۆی لە هـەموو شـتە مەتریاڵـەکان بەتاڵ کردووە، ئەویش لە ڕێگەی کەمخۆرییەوە، کە پشتوێنە پانەکەی هیمایەتی، بۆ ئەوەی بارگرانیی دنیا لەکۆڵی خۆی سووکتر بکات و خۆی ئامادە بکات بەرز بفڕێـت، وەك چـۆن ئاواز بەرز دەفڕێت، لە خولانەوەیدا لە خواوەند نزیك دەبێتەوە.

ئەو پیاوەیش دەخولایەوە، بەڵام بە لووت بەرزییەوە، دەستکەوتەکانی بە کۆڵییەوە قـورس بوون، بە چێژو خۆشییەکانیشـی مەسـت بووبـوو. دەوڵەمەندیشـی کردبـووە پشـتوێنێك شانازی پێوە دەکرد. بۆیە هەرکە بیویستایە بفڕێت باڵەکانی دادیان نەدەدا.

لە سەما سۆفیگەرانەکەیدا، نەدەبوو هەردوو دەستی سەماکەرەکە بەر جلـەکانی بکـەون، ئەو بە بەتاڵی هەردووکی بە سـینگی خـۆوە دەنووسـاندن. لـە سـەمای بەهێزەکانیشـدا، جەستە دەبووە چەند دەسـتێك (پانکە)بـە چاوچـنۆکییەوە هـەوڵیان دەدا پـڕ بـە هـەموو شتێکدا بدەن. چـونکە بـەهێز سـەمای ئـەکرۆباتیك دەکـات تـا سـەرنج بـە لای خۆیـدا

ڕاکێشێت، خۆی فش کردووەتەوەو بە دەستەڵاتی خۆیەوە دەنازێت، بۆیە لە خولانەوەدا هەموو شتێك تێکدەشکێنێت بەر پێی بکەون، پێی باشە سەماکەی لەناو وێرانەدا کۆتایی پێ بهێنێت.
کاتێك بە لە خۆبایی بوونەوە سەمای دەکرد، ویستی تیکی بشکێنێت. نەیدەزانی وێ کیژی شمشاڵ و دەفە، چوون ئەو بوونەوەرانە سووکە کە زاهیدانە لەدایك دەبن و، هەموو جارێك لە خودی بێ هێزییاندا دەبووژێنەوە. لە خودی هەمان فامیلی فیلارمۆنی نەبوو. ئەو دەیویست پیانۆیەك بێت، بەڵام نەیدەتوانی ببێتە هیچ شتێکی دیکە تەنیا شمشاڵ و دەف نەبێت. لەبەر ئەوەبوو لێك جیابوونەوە؟
دەف هیچ شتێکی دیکەی نییە تەنیا پێستەکەی خۆی نەبێت، دەدرێتە بەر ئاگر بۆ ئەوەی دەنگی بەهێزتر بێت. هەروەها شمشاڵ، لەو قامیشە وەردەگیرێت کە ئاو چوار دەوری داوە، بۆیە باوك و دایکی شمشاڵ ئاوو خاکن. پاشان بە ئاگر پیرۆز دەکرێت، پێویست بەوە دەکات بەتاڵ بکرێت تا هەوای لە کونەکانەوە پێدا تێپەڕێت. چونکە ئاواز لە قامیشێکەوە بەرز نابێتەوە بە ناواخنی خۆی پڕبووبێت.
(وێ)یش بەو شێوەیەیە لە پێکهاتنیدا هەر چوار ئۆرگانەکەی سروشتی تێدایە. وێ خاك و ئاوو ئاگرو هەوایە، کەواتە چۆن بە ساکارییەکەی فریوی خوارد و لەو بڕوایەدا بوو بە ئاسانی بەسەریدا سەردەکەوێت و زاڵ دەبێت؟
سەمای سۆفیگەرەکان لە دوایەمین خولانەوەی خێرای سەماکەرەکاندا گریاندی. بەڵام ڕوحی کوڕانی سەید سلێمانی تێدا بەرجەستە بوو، کە لە سرووتی ئاهەنگێڕیدا بوون و سەمای سۆفیگەرانەیان دەکرد تا ڕادیەك ڕۆچووبوونە ناو نۆرەیەکی گریانی بە سام و، بارێکی واق وڕماوی ڕوحیانەوە کە پاڵ بە هەر کەسێکەوە دەنێت لەوانەی بیانبینێت سەری سوڕبمێنێت چۆن ئەو چەند سەنتیمەترە لە زەوییەوە بڵند بوونەتەوە. ئەوان لەسەر پێ ڕانەوەستابوون بەڵکو دەفڕین..
لە ئازارچەشتندا زێدەڕۆییان دەکرد تا ئازارەکە دەبووە چێژوەرگرتن، تا ڕادەی گریان چێژیان لە سەماکە وەردەگرت. تەنیا خواوەند لەو بەرزایی خۆیەوە دەیزانی ئەو پێیانە چییان پێ دەگوت، کە دەگریان و دەیانکورکاند.

**(میوزیك ئەگەری ئەوەی هەڵوەشاندەوە ژیان هەڵەیەك بێت )**

نیتشە

به یانیانێکیان زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا. دەنگێکی پیاوانە گوتی:

ـ دادە چۆنیت .. بۆ لێمان ناپرسیتەوە؟

ئەوە جەزایرەو پرسیار دەکات (خاتوونەکەم چۆنیت؟ بۆچی لێمان ناپرسیتەوە؟).

دەنگەکەی نەناسییەوە، بەڵام ئەو شێوە زارە خۆشەویستە دەزانێت، چونکە لە جـەزایر ڕووو دەدات ئافرەت بە (دادە) بانگ بکرێت، ئەویش بـۆ بیرخسـتنەوەی سـەردەمێکی جـوانی ڕابوردوو.

وەڵامی دایەوە:

ـ بژیت.

پیاوەکە لەو سەری هێڵەکەوە گوتی:

ـ من عیزەدینم .. دەمناسیتەوە؟

لە نمرە تەلەفۆنێکی سوورییەوە قسەی لەگەڵ دەکرد. لە ئەژمەتی لەناکاویدا گوتی:

ـ بەڵێ دەتناسمەوە.. بەڵام پێشبینیم نەدەکرد لە سووریا بیت. تەندروستیت چۆنە.

ـ من لێرە رایانسپاردووم ئەرکێك بەجێ بێنم .. وتم با سڵاوت لێ بکـەم، خـوا یـار بێـت ساغ و سەلامەتیت.

ـ باشم .. سوپاس. بە گاڵتەوە درێژەی دایە: باشم مادامەکی گوێ لە هەواڵەکان ناگرم.

ـ تۆ بەختت هەیە.. منیش گوێ لە هەواڵەکان ناگرم .. بەڵکو دوایان دەکەوم!

ـ باشە جەنگ بە کوێی گەیاندوویت؟

ـ هێشتە لە نێوان ژنێڤ و عیراقدام. ماندوو بووم .. ئەوە جەنگێکە حەوت گیانی هەیە.

ـ خۆزگەت پێ دەخوازم.. بێزار مەبە.. لە کاری مرۆییدا، بە لایەنی کەمــەوە بــە خراپــە پاداشت نادرێیتەوە، چونکە بۆ مرۆڤێك کارناکەیت، بەڵکو بۆ مرۆڤایەتی کاردەکەیت.

ـ بە خوا ڕاست دەکەیت.. مەینەتی و کولەمەرگی خەڵك ئــەوەت لــەبیر دەباتــەوە ئــەوان بتوانن ئازاری کەس بدەن، هەرچۆنێك بووە هیوادارم بتبینم، زۆر شتم هەن پێت ڕابگەیەنم، پرۆژەیەکم هەیە هەر لە بینینەکەی ڤییەنناوە دەمویست پێت ڕابگەیەنم و قسەی لەبارەوە بکەین. ئایە بوارت هەیە یەکدی ببینین؟

ـ تا کەی لێرە دەبیت؟

ـ به لایەنی زۆرەوە .. تا چوار ڕۆژ.
ـ کەواتە سبەینێ یەکدی دەبینین.
ئاماژەیەك لە چارەنووسەوە لە ناو مۆبایلەکەیدا بوو. وێ بڕوای بە ئاماژەان هەیە. ڕەنگە خواوەند ئاه و نزوولەکانی قبوولّ کردبێت. نازانێت پرۆژەکە چییە بەڵام دەیەوێت. پێویستی هۆکارێکە بۆ ئەوەی خۆی لە دوورگەی غەم و خەفەتەکان پێ قوتار بکات کە چەند مانگێکە نیشتەجێیەتی.
بێ ئەوەی خۆی بڕازێنێتەوە سبەینێ چوو بۆ دیداری، تەنیا ئەوە نەبێت کە چاوی بە کل ڕشت. ئارەزووی نەبوو خۆی لەوە پتر ماندوو بکات، تا لە ڕۆژانی ڕەنگ بڕوسکاوی جوانتر دەربکەوێت. دڵنیا بوو کە بە ڕدێنێکەوە بینی تەمەنی یەك ڕۆژ، یان دوو ڕۆژ دەبوو، بێ ئەوەی هیچ شتێك لە شکۆی ئامادەگیی لەدەست بدات.
بە گاڵتەوە بە فەرەنسی گوتی :
ـ ئەدی پێم نەگوتیت کە بە یەك دەگەینەوە؟
وەڵامی دایەوە:
ـ بڕوام پێ ناهێنیت کە ڕێکەوت سێیەمین ژوانی بۆ دیاری کردبین و ڕێکخستبین!
ـ تۆ گومان لە چارەنووس دەکەیت.
ـ بابڵێین من بڕوام بە ڕێکەوتە توکمەکان نییە.
ـ لە دیارییەکانی ژیان ورد مەبەوە.. بۆ ئەوە هاتووم تا بە دوای بابەتی پەنابەرانی عیراقی بکەوم. نەمدەتوانی لێرە بم ئەگەر سووریا پێشوازی لە یەك ملیۆن و نیو پەنابەری عیراقی نەکردایە. ڕێکەوت بوونی تۆیە.. چ سروەیەکی فێنك تۆی هێناوەتە ئێرە؟
ئارەزوی نەکرد بەسەرهاتی خۆی لەو سەردەمە زۆر دێرینەوە بۆ بگێڕێتەوە. وێ بۆ ئەوە هاتووە تا شتی لە بیر بچێتەوە نەك بیری بێتەوە.
بە گاڵتەوە وەڵامی دایەوە:
ـ هەمان ئەو بایەی تۆی هێناوە.. تا بەدیداری یەکدی بگەین.
گوتی:

ـ كە هاتووم .. بۆیە ئارەزوو دەکەم بزانم بۆچی جەزایرت بەجێ هێشت. زانیومە کە کارەساتێکت تووش هاتووە. ئارەزوو دەکەم بەسەرهاتەکە لە زاری خۆتەوە ببیسم.
بە چاوی ڕێزەوە سەیری کرد کە ئەو هەڵوەستەی نەکرد کاتێك وێ ئاماژەی دایە کە جۆرە سۆزێکی بەرانبەر بەو دەجووڵێتەوە. ڕەنگە بزانێت کە وێ لەو سۆزەیدا بەرانبەری ڕاستگۆیانە نییە، ئەگینە بەر لە پێنج مانگ تەلەفۆنی بۆ دەکرد. ئەو دەیەوێت لە ئێش و ئازارەکانیدا بەشدار بێت نەك درۆی پان کردنەوەکانی.
هیچ چارەیەکی نەبوو. دەستی پێکردو بەسەرهاتی خۆی لە سەرەتاوە بۆ گێڕایەوە. بەسەرهاتەکەی بەبێ ئەو بەسەرهاتە..
بە خەفەتەوە گوتی:
ـ نیشتمانێکمان دەویست لە پێناویدا بمرین، بەڵام نیشتمانێکمان بۆ دروست بوو لەسەر دەستی دەمرین.
پاش هەندێك بێ دەنگی، بە سەرەخۆشی لێ کردنەوە درێژەی دایە:
ـ هیچ ڕێگەچارەیەکت لە بەردەمدا نییە، تەنیا سەرکەوتن نەبێت، کارەساتە گەورەکان گەورەمان دەکەن. لەو پرۆژەیەی دەیخەمە بەر دەستت هەلێك دەبینم بۆ سەرەتای بەناوبانگییەکی جیهانی. خۆمان بۆ ئاهەنگێکی گەورە ئامادە دەکەین چەند هونەرمەندێکی جیهانی سازی دەدەن، دەمەوێت بەشداری تێدا بکەیت، قازانجەکەی بۆ یارمەتیدانی پەنابەرە عیراقییەکان تەرخان دەکرێت، چونکە ئەوەتە زستان خەریکە نزیك دەبێتەوە و دەیان هەزار لەوانە لە ئۆردوگەکاندا دەژین. ئاهەنگەکە لە میونیخ سازدەدرێت و ڕاستەوخۆ لە چەند کەناڵێکی ئاسمانی بیانییەوە پەخش دەکرێتەوە.
جوانترین هەواڵ بوو لە ماوەی ساڵانی ڕابوردوودا بەر گوێی کەوتبێت. ئەوە هەواڵی ڕزگاربوونیەتی. بە هەناسەیەکی شادییەوە وەڵامی دایەوە:
ـ دەی .. سوپاس بۆ ئەوەی کە بیرت لە من کردووەتەوە. تۆ دەروازەی شادی منیت.
وەڵامی دایەوە:
ـ بەڵکو دەروازەی بەختی تۆم..دەرگە بچووکەکان شایەنی تۆ نین.
(ئای چ پیاوێکە!). بەڵام دڵی سەرلەنوێ بیری لە پیاوەکەی دیکە دەکردەوە.

لەوە ترسا هەرگیز هەواڵی ئەو ئاهەنگە نەزانێت و نەیبینێت. بەر لە هەموو شتێك ئەوەی مەبەستیەتی ئەوەیە وێ ببینێت لـە ئاهـەنگێکی جیهانیـدا گـۆرانی بچـڕێت. وێ چـاك نابێتەوە ئەگەر بە سەرکەوتن تۆڵەی لێ نەکاتەوە.

بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

ـ بۆچی لەمیونیخ؟

وەڵامی دایەوە:

ـ لەبەر ئەوەی ڕەوەندێکی زۆری عیراقی لە ئەڵمانیان.. خوا یارمەتی عیراقییەکان بدات، چەندیان باجی بووونی خۆیان داوەتەوە، لەبەر ڕێکەوتێکی جوگرافی، لەسەر دەوڵەمەندترین خاکی عەرەب، لە ساتێکی ڕوودانی گەورەترین دزی مێژوویی وڵاتێـك بـۆ تـاڵان کردنـی وڵاتێکی دیکە ئەنجامی دا. تۆ سـەیر بکـە، چـەند مانگێکـە خۆمـان بـۆ ئامـادەکردنی ئاهـەنگێك سـەرقاڵ کـردووە یـەك ملیـۆن دۆلاری تێـدا کۆبکەینـەوە، کـە لـە زەکـاتی بچووکترین دز کە عیراقی نوێ هێنابێتیە ئاراوە کەمترە. بۆ ئەوەی لە ستەمگەرێك قوتار بین، بەردەوام پـەنا بـەر داگیرکـەرێك دەبـەین، ئـەویش لای خۆیـەوە پـەنا بـەر جـەردەو ڕێگرەکانی مێژوو دەبات و نیشتمانیان ڕادەست دەکات.

خەمی عیراقی دەخوارد، دەیتوانی چەندین کاتژمێر سەبارەت بە وڵاتی ملیـۆن دارخورمـا بپەیڤێت، کە بووەتە وڵاتی ملیۆن کوژراو، بەڵام پـتر شـادومان بـوو گـوێ لـەو قسـانەی بگرێت کە دەیکردن، ئەمە هەلێکەو بۆی هەڵکـەوتووە تـا لـە بڵنداییـەکی زۆر بڵنـدەوە بگەڕێتەوە بەر تیشکی بەناوبانگیەتی. دەیەوێت ئەو پیاوە ببینێت لەگەڵ گەورەکاندا لـە لووتکە ڕاوەستاوە. لە چیاکەی خۆیەوە بەرانبەر بەو دەرکەوێت، نەك لەو فڕۆکەخانەوە، کە لەوێ (وێ)ی بەجێ هێشت. هونەر وەك داهێنان، هەر لە یەکەمین تۆیەوە بە خـۆی تـۆوی تۆڵەکردنەوە بووە.

بە پەرۆشەوە لێی پرسی:

ـ کەی ئاهەنگەکە ساز دەدرێت؟

ـ لە 5ی کانوونی یەکەم. یەك مانگت لە پێشە بۆ ئەوەی خۆت ئامادە بکـەیت. گـۆرانی جوان هەڵبژێرە، چونکە گۆرانی بۆ بینەرانێك دەڵێیت کە ناتناسن.

ـ لێت ناشارمەوە لەم جۆرە ئاهەنگە زەندەقم دەچێت.
ـ گوێی مەدەیە.. ڕەنگە بە نەناسراوی بچیتە سەر شانۆ، بەڵام کاتێك لێـوەی دادەبـەزیت کەس ناوت لەیاد ناکات. ئەو ڕۆژە دەمەوێت لە هەموویان باشتر بیت. بیرت نەچـێت تـۆ چۆن خۆت دەبینیت بەو شێوەیە دەبیت.
یەکدییان بەجێ هێشت بە هیوای ئەوەی تەلەفۆن بۆ یەکدی بکەن و کاتی دیدارێکی دیکە دەستنیشان بکەن لە وردەکارییەکانی ئاگەدار بکاتەوە.
دڵی لەو مەردایەتییە بە شکۆیەی چوو بەو بێ فیزییە بـێ وێنەیـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی بـە تەنگی ناوبانگییەتی ئەمەوەیە. هەستێکی دڵنیایی خزایە ناو دڵییەوە. سوپاسـی خـوای کرد کە ئەم پیاوەی بۆ نارد، چونکە چی دیکە ناتوانێت بە تەنیا خۆی سەوڵ لێ بدات.
بەڵام ئەوەی بە ڕاستی خۆشی ویست ڕۆژی 5ی کانوونی یەکەم بوو. پێویستی بـە ڕۆژێـك بوو کوودەتاکەی تێدا تۆمار بکات، پاش ئەوە هەموو شتێك وەك خۆی لێ نایەتەوە. ئـەو کات، لاپەڕەی ژیانی هەڵناداتەوە.. بە گەواهی کامێراکان دەیـدڕێنێت و پارچـە پارچـەی دەکات.
پاش ئەوەی بۆ دووبەیانی بە دیداری گەیشت، وێ جوانترو دڵخۆشتر بوو. چـەند مانگێـك بوو هیچ پرۆژەیەکی نەبوو.. بەڵکو بیرەوەری هەبوو. بە لای (وێ)وە ژیان گەردان نەدەکرا، تەنیا لە ڕابوردوودا نەبێت. بۆی دەرکەوت کە کامەرانی ئەوەیە کە پرۆژەیـەکت هـەبێت. هەرچی تەندروستییە، ئەوەیە کە ئاکام .. لە ناخەوە پێبکەنیت.
پاش ئەوەی وێ ڕۆیشت، عیزەدین بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکرد لە ئامادەکارییەکانی دڵنیا بێت. جارێك هانی دەدات کاربکات، جارێکی دیکە حەز دەکات لەناکاو، لە گەشتەکانیدا بە ژمرەی نەناسراو تەلەفۆنی بۆ دەکات. کاتێك دەپرسێت (کێ)یە؟، وەڵام دەداتەوەو دەڵێت (حاجی)، ئەوەندەی دیکە شپرزە دەبێت، چونکە نیوەی گەلی جەزایر حاجین.
دەپرسێت (کام حاجی؟)، وەڵام دەداتەوە (ڕاستیت دەوێت من هێشتە نەچـوومەتە حـەج.. تەنیا چوومەتە (عەمرە).. بە حاجی بانگم مەکە .. بە گیانەکەم ..بـە تەمـەنم.. بـانگ بکە).

ئەوەیش نوکتەیەکی جەزایری بوو لەسەر بەڕێوەبەرێك، کە پێی ناخۆش بوو سکرتێرە ئافرەتەکەی بە (حاجی) بانگ بکات، بۆیە فەتوایەکی بۆ هەڵبەست بۆ ئەوەی بە (ئەی تەمەنم) بانگی بکات. وی، کە لە ڕۆژگارەکانی جەزایرەوە پێنەکەنیوە، بە نوکتەکە پێکەنینی هات.

ئەو هەست بە خۆشی کردنەی یارمەتی دا بە گەرم و گوڕییەوە دەست بە کارەکەی بکات، بەو ئارەزووەی عیزەدین پاڵی پێوە نا بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕووی ئەو بەرەنگاربوونەوەیە ببێتەوە.

ـ دەبێت کارێکی مەزن پێشکەش بکەیت.. تۆ لەم ئاهەنگەدا بە ناوی خۆتەوە بەشدار نابیت، بە ناوی جەزایرەوە بەشدار دەبیت. ترسی لێ نیشت شان بە شانی ناودارەکان گۆرانی بچڕێت. تەنیا ئاهەنگێکی شەوبێدارییە، تەنیا نیو کاتژمێری تێدا بەردەکەوێت بۆ ئەوەی ئاییندەی خۆی لەسەر مێزی چارەنووس یاری بکات. لەبەر ئەوەی زۆر دەترسا چی دیکە ترسی نەما. بڕیاری دا گرەوەکە بباتەوە. پەڕو پۆی دەرکرد لەکاتێکدا کە پێشبینی نەدەکرد دوو باڵی لێ ڕوابێت.

***

لەو بەرزاییەوە، لە فڕۆکەیەکدا بە ناوی خۆیەوە، پارچەیەك لە ئاسمانی هەیە. لەو شوێنەوە ئەوی لێیە ئەو کیژەی لە خوارەوە وەك چۆلەکە لێوە دیارە کە دوو دوو و سێ سێ لەسەر تێلی کارەبا ڕادەوەستن. (وی)یش یەکێکە لەو حەشاماتەی کە نابینرێن. وی دوو باڵی نییە تا دەستی پێڕا بگات، چۆن باڵندەیەکی دلێر، کە هەردوو باڵی بەسەر کیشوەرەکاندا پەرت دەکاتەوە، بچێت لەگەڵ چۆلەکەیەکدا جووت بێت؟!

بەڵام بیرۆکەی ڕەوە چۆلەکەکان کە ئامادەی هەڵفڕینن، لە ئەندێشەیدا ڕاگوزەری بوو، ترس و لەرزی لە دڵیدا دەورووژاند. مەترسی بوونی کۆترو پاساری بەرانبەر بە گەشتە ئاسمانییەکانی بیرخستەوە، لەگەڵ ئەو هەموو کۆششەی فڕۆکەخانەکان دەیدەن تا باڵندەکان لە ڕێڕەوی نیشتنەوەی فڕۆکەکان دوور بخەنەوە، چونکە حەز دەکەن خۆیان لە ناو بزوێنەری فڕۆکە ڕاوەستاوەکانی ناو فڕۆکەخانەکاندا بشارنەوەو، دواتر دەبنە هۆی ئەوەی ئەو فڕۆکانە بکەونە خوارەوە. هەندێك جاریش ڕوو دەدات بەر شووشەی بەردەمی فڕۆکەکە بکەون و

ڕێ نـادەن فڕۆکـەوان بەرچـاوی خـۆی ببینێـت، بۆیـە ناچـار دەبێـت دەگەڕێتـەوە ئـەو فڕۆکەخانەیەی لێوەی فڕیوە.

لەبەر ئەو زانیارییانەی لەبارەی ئەو کارەساتانەوە هەبوو کـە بـە هـۆی باڵندەکانـەوە ڕوو دەدەن، وای لێ هات ترسی ئەو دوژمنە بچـووکە نـەبینراوەی لـێ نیشـت. هـیچ جارێـك نەبوو، ئەو کاتەی فڕۆکەکەی ئامادە دەبوو بفڕێت، ئـەو باڵندانـەی بیرنەکەوتبێتـەوە، تـا ڕادەیەك ترسی ئەو باڵندە بچووکانە لەناو نەستیدا جێگیربوو.

چۆن ئەو باڵندانەی لەسەر زەوی دۆستایەتی لەگەڵ پێکهێنـاون، کاتێـك گەیشـتە ئاسمـان بوونە دوژمنی؟

تۆ بڵێیت هەرکە بڵندتر ببینەوە زۆرتر بترسین؟ یان کە لە بڵندایی بین وامان لێ دەکات لـە بچووکترین بوونەوەریش بترسین؟ یـان زۆر بـێ هێزتـر دەبـین، کاتێـك دەگەینـە ئەوپـەڕی بەهێزیمان، مادامەکی باڵندەیەکی بچووك دەتوانێت باڵندەیەکی تەکنـەلۆژی لـە قـەوارەی فڕۆکەیەکدا بخاتە خوارەوە؟

کەواتە دەبوو لەو کیژە وریا بێت، کە چۆلەکەیەك بـوو دانـی لـەناو لەپیـدا دەچـنییەوەو، کاتێك بەجێی هێشت، خۆی لەناو (بزوێنەری دڵ) و پێچ و پەناکانی یادگەیدا ڤەشێرت و، ئێستەیش کە لە دەرەوەی بواری بینینیدایـە، دەتوانێـت پیلانـی لـە دژ بگێڕێـت و، لـە ئاهەنگێکی گۆرانی چڕیندا ڕاوەستێت و گۆرانی بچڕێت، بەرەنگاری دەستەڵاتی ببێتەوەو، هەڕەشە لە کۆشکی شکۆی بکات؟

کە بەو ڕەنگە جوانەوە دەرکەوت، خورپەیەکی لـە دڵییـەوە هەڵسـتاندو پـەکی خسـت و، زیانێکی سۆزداری بە ناخی ناخەوەی گەیاند.

ئەم لەو بڕوادا بوو کە کولتـووری‌ێکی خۆشـی هەیـە، لـە کاتێکـدا وێ کولتـووری غـەم و خەفەتی هەیەو، ئەو ئومێدەیش نییە ئاگر لەناو ئاودا بتوێتـەوە. کەواتـە چـۆن ڕۆڵـەکان هەڵگەڕاونەتەوە، کە وێ لەوپەڕی خۆشیدا داگیرساوە، کەچی بەشێکی ئەو دەکوژێتەوە، لە کاتێکدا سەیری دەکات گۆرانی دەچڕێت؟ ڕەنگە حەزی بکردایە لەگەڵ پیاوێکدا خیانەتی لێ بکات، لەبری ئەوەی لەگەڵ سـەرکەوتنیدا خیانـەتی لـێ بکـات. سـەرکەوتن جـوانتری دەکاتەوە، بەرزتری دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەو لەو بڕوادابوو کـە کاتێـك فڕێـی دایـە نـاو

دەریاوە بە تـاوێری گـوێ پـێ نەدانییـەوە بەسـترابووەوە، ئـەوە هـیچ چـارێکی نابێـت و دەخنکێت. کێ دەست و پێی کردەوە؟ پەنای بۆ کێ بردو فریای کەوت تا ماوەی نێوان بن دەریا و ڕووی دەریا ببڕێت؟

وێڕای ئەوەیش، لە ماڵەوە تا ئاهەنگەکە کۆتایی هات سەیری کردو، ئەو چەپکە تۆلیبەی ڕاهاتبوو بۆی بنێرێت، بۆ دڵی خۆی گل دایەوە.

تەواو وەك یەکەمین ڕۆژ چۆن بوو، کاتێك یەکەمین جار بینی، ئێوارەیەکیان بوو دانیشتبوو لە سکرینی تەلەڤزیۆنەکەیەوە سەیری دەکرد. وەك جاران چـۆن دوور بـوو و دەسـتی پێـڕا نەدەگەیشت، ئێستەیش بەو شێوەی لێ هاتەوە.

ئەوێك .. پیاوێکی میزاج بەرازیلی، تەمەنێکی لە داهێنـانی دەمامکـدا بەسـەربردووە. ئەوینداری بە لای ئەوەوە کەڕنەڤاڵ و فێرگەی خۆگۆڕکێی خۆشییە. ئەو ئەو لێبووکەیە کە خۆی گۆشەگیر دەکات تا غەم بخوات، ئـەو جادووگەرەیشـە کـە پـاش هـەر نمایشـێك بـە دۆڕاوی دەگەڕێتەوە.

جۆرە غەمێك هەیە دەیناسێت، یەکێکی دیکەیش هەیە ئەم شەو دەیناسێت. غەمێك کە پێشتر شۆکەکەی تاقی کردووەتەوە.

بەپێی ئیتیکێت، پێویستە سەبەتەیەك تۆلیب بۆ ئەو غەمانە بنێرێت هـەر ئێسـتە هاتنـە ژیانیەوە. ئەدی غەم مێینە نییە بە فریوی ژان تاقی دەکاتەوە؟

خاتوونی غەم ئێوارەت باش. ڕێم پێ دەدەیت چەند چەپکە گوڵی تۆلیبت پێشکەش بکـەم کە نەمچنیونەتەوە.. چونکە ئەو باخەوانەی جاران نیم.

***

ویستی پەندێکی لە گۆرانی چڕین پێ دابدات.. پەندێکی لـە پێویسـتی پـێ نـەبوون پـێ دادەدات.

چی لە بارەی (وێ)وە دەزانێت کە لە نەوەی (کاهنە)یە؟ ئافرەتێکە بە درێژایی نیو سـەدە هـیچ جـەنگێکی نەدۆڕانـدووە. هەرچـەندە دوژمنـان پیلانیـان بـۆ گێڕابێـت و، نـەیاران دەڤەرەکەیان پێشێل کردبێت، گرەوی پیـاوەتی خۆیـان دۆڕانـدووەو نـەیانتوانیوە سـەر بـە

مێیایەتیی وێ دانەوێنن. لەو شوێنەوە هاتووە، ئافرەت چیایانە لەدایك دەبن.. هەرچی پیاوانن، ئەوە تەنیا وەك پیاو لەدایك دەبن.
چوون سەربازان لە جەنگ دەگەڕێنەوەو گوڵ بە لوولەی تفەنگەکانیانەوە دەکەن، بەو شێوەیە گەڕایەوە. کەس پێشبینی ئەوە ناکات بەرانبەر بەو دەرکەوتنەی چەندی ئازار کێشاو، لە چ سەنگەرانێك، نەك ئۆتیلانێك دابەزی و، بەرەنگاری چەندین هێرش بووەوە.
تەنیا و بێ باڵ سەرکەوت، بەو لاوازی و بێ هێزییەی ئەفسانەی بوێری (وێ)ی دروست کرد. ستەم خۆپارێزی بڕوابەخۆبوونی پێ بەخشی. نەیدەزانی کە ستەمگەرانی خۆشەویستی و ئەوین، چوون ستەمگەرانی گەلانن، بەرانبەر بە ئافرەتان زل و خۆسەپێن دەبن و، بەرانبەر بەوانەی لەوان خۆسەپێنترن بچووك دەبنەوە. هەروەها ئاغاکەی تۆیش ئاغای خۆی هەیە، ستەمگەرەکەی تۆیش کەسێکی هەیە لێی بترسێت، لەبەرچاوی ئاغاکان بچووکتر بوونەوەو، بە خۆی بوو بە ئاغای خۆی. لە خوا نەبێت لەکەس ناترسێت، سەریشی سوڕنامێنێت، تەنیا لە بچووکترین بوونەوەرەکانی خوا نەبێت.
هەر لەسەرەتاوە، زۆری حەز دەکرد بەشداری لەم ئاهەنگە جیهانییەدا بکات، بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵکەوێت تا ببینێت جلە ڕەشەکەی فڕێ داوە، ئەو کات دەزانێت کە کێی فڕێ داوە. مەبەستی ئەوە بوو بەسەریدا سەربکەوێت. بە ڕەنگە نوێیەکەیەوە چوون پیلانێکی ئەوینداریانە بەچێژبوو. ڕەشەکەی بۆ ئەو بەجێ هێشت، با ئەو بۆ لەدەست چوونی (وێ) ڕەش بپۆشێت.
(هەر باڵندەیەك و جۆرە دەنگێکی هەیە). وێ ڕەنگی یاخیگەری پۆشی.
ویستی تۆڵەی سەربڵندی خۆی بکاتەوە، کاتێك چاوی پێ دەکەوێت ئەو جلە بەنەوشەییەی لەبەرە. ئەو ڕەنگەی دایکی بۆی هەڵبژارد، ئەوەند جوان بوو، تا چاو کاری تێنەکات و چاوی لێ دوور بخاتەوە، وەك دایکی گوتی.
بەڵام بە درێژایی ئەو مانگەی کاتێك خۆی بۆ ئاهەنگەکە ئامادە دەکردو خۆی لەسەر ئەو گۆرانیانە ڕادەهێنا کە دەیانچڕێت، چی دیکە تۆڵە سەندنەوەی بەلاوە گرنگ نەبوو، چونکە بیرکردنەوە لە تۆڵەسەندنەوە، ئەوە دەگەیەنێت هەر لە بازنەی خەفەت خواردندا بخولێینەوە.

ئەمڕۆ وێ گۆرانی بە هەموو خەڵك دەڵێت، تەنیا ئەو نەبێت. جلەکەی نا، بەڵکو دەنگی تۆڵە لەو ئاهەنگە دەسێنێتەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناچاری کرد گۆرانی تەنیا بۆ ئەو بچڕێت. ئەو ئەمڕۆ تەنیا کەسێکە لێرە نییە. یەکەمین جار کە چووە سەر شانۆ، شەبەنگی ئەو لەناو هۆڵەکە بزربوو، کەوتە پشتییەوە، دڵی بڕیاری دا ئاوڕی لێ نەداتەوە، چونکە ڕووبار ئاوڕی پاشەوەی خۆی ناداتەوە. پەندێکی دیکە لەو شوێنە فێربووە کە لێوەی هاتووە.

ئەو، وەك ڕێی گۆرانی چڕینی لێ گرت، وەك ئەوە وابوو بەر لە کانییەك بگرێت و، ڕێی نەدات بەرەو ڕێژگەکەی شۆڕ ببێتەوە، بەڵام ئەوەتە بەنداوەکەی هەرەسی هێناو، ئەوەتە وێ قاسپەی لێوە دێت و گۆرانی دەچڕێت.

وێ ئەمڕۆ ئافرەتێکی ئازادە وەك (شاوییەکان): (پیاوە ئازادەکان) ئازادە.

دەنگی وێ شمشاڵێکە بیری ئەو شوێنە دەکات لێوەی هاتووە، دەبێتە لاوکێك و بۆ خاکەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. پێویستی بە مایکرۆفۆن نابێت، لەگەڵ سروەی بادا پەخش دەبێتەوە، شیوو دۆڵەکان دەبڕێت، بەرەو بەرزاییەکان دەچێت، کە باپیرەی گۆرانی تێدا چڕیون. دەنگی وێ سەجەرەی خانەوادەی هەیە، سەر بە قوڕگی (کوڕانی سوڵتان)ە. دەنگی ئەوەندە خۆشە شادی بڵاودەکاتەوە، بەرەو لووتکەکانی ئۆراس دەگەڕێتەوە، لەو شوێنەی کە تەنیا ژێیەکانی دەنگ دەتوانن بە چیاکاندا هەڵگژێن. دەنگی دەلەرێتەوە.. بەرز دەبێتەوە .. دەچڕێت:

دارخورماکانی بەغدا پۆزشت بۆ دەهێننەوە

ئەی ئەوەی زوو لەگەڵ پاسارییەکانی کاتدا ڕۆیشتیت

ئەم ڕۆژگارە ڕۆژگاری تۆ نییە

ڕووی نەداوە کە ژیانی زۆرتر هەبیت

وەك ئەو ڕۆژەی بوویت بە میوانی مەرگ

هەنگاوەکانت شۆستەکانیان لەئامێز دەگرت

هەردوو چاوت لێویێك بوون

گۆنای منداڵەکانی ماچ دەکرد
بەچێژ بوویت و چاوەڕوان کراو بوویت چوون پەیامبەرێك
بۆیە ئاگەت لەخۆت نەبوو
بە ناو چارەنووسدا بۆ کەناری ئەوبەر
پەڕیتەوە

ئەو ڕۆژگارە ئارەزووت دەکرد دەستت
لەناو دەستی ئەو کەسەدا بێت کە خۆشت دەوێت
ئەگەر دوایەمین ماچ لەناوی بردبیت
ئەوە لە ڕووداوێکی ئەوینداریدا مردیت
بەڵام بەربوویتەوە
لەکاتێکدا پاسارییەکان دەنکە گەنمەکانی ناو لەپیان دەچنیتەوە
تۆ بڵێیت ڕۆیشتبیت بۆ ئەوەی بە خوێنت
درەختی مرۆڤایەتی ئاو بدەیت

ئەی ئەو ئەویندارەی هێشتە خەون دەبینیت
دەربەستی مردن مەیە خۆڕاگربە
دارخورماکانی بەغدا لێت دەپرسنەوە
لێت دەپرسنەوە
بەشکو سەرەخۆشی لە پەلکەکانی چاوەڕوانی بکەیت و
ڕەش پۆشی بەر کیژۆڵەکان دادەکەنیت

ئەم شەو دەنگی بۆ ئازادی خۆی گۆرانی دەچڕێت. بۆ پێشوازی لیّ کردنی بەرز دەبێتەوە، ئەم شەو دەنگی کەسی خۆش ناوێت بە خۆی نەبێت. یەکەمین جارە دەکەوێتە داوی خۆشویستنی خۆیەوە.

به لایەوە گرنگ نییە ئەوانەی بە پێوە ڕاوەستاون و چەپڵەی بۆ لێ دەدەن، نەیش ئەوانەی لە ماڵەوە لەبەردەم سکرینی تەلەڤزیۆنەکاندا دانیشتوون سەیری دەکەن. تەنانەت ئەویش، چی دیکە بەلایەوە گرنگ نییە ئایە لە یەکێك لە ماڵەکانیدا سەیری دەکات و، ئەوەی توورِ داوە کە بە (ڕەنگی هەردووکیان) ناوی دەبرد.

کاتێك ستایشی ئەو ڕەنگ ڕەشەی ئەمی دەکرد، مەبەستی ئەوە بوو هەر لەژێر دەست بەسەری خۆیدا بیهێڵێتەوە، لەو کاتەدا، لەگەڵ دۆستە هەمیشەییەکەی خۆیدا خیانەتی لەگەڵ دەکرد: (ژیان).

ئەو پیاوەی هیچ شتێکی پێ نەبەخشی و.. هەموو شتێکی فێرکرد، لەیادی چوو پەندە گرنگترەکەی فێربکات: تەنیا دڵسۆزی نواندن بۆ ژیان.

ڕۆژێکیان پەندێکی بەرچاو کەوت زۆر سەری سوڕما. کاتێك خوێندییەوە، مەزەندەی کرد کە دوایەمین نهێنی لە نهێنییەکانی ئەوی دزیوە. ڕەنگە لەناو کتێبەکانی ویدا بێت:

(سەما بکە وەك بڵێیت کەس ناتبینێت

گۆرانی بچڕە وەك بڵێیت کەس گوێی لێت نییە

خۆشت بوێت وەك بڵێیت پێشتر کەس بریندار نەکردبێت).

ئای ئەم ئێوارەیە چەندین شت دەکات، کە یەکەمین جارە بیانکات.

ئەی باڵندەکان، ئەی چیاکان، ئەی شەپۆلەکان، ئەی کانییەکان، ئەی تاڤگەکان، ئەی هەموو بوونەوەرەکان، من گوێم لە شمشاڵەکانتانە بانگم دەکەن.

ئەی ژیان،

با کەمانچەکانت هەر بژەنن و .. دەستتم بدەیە.

ئەم جۆرە غەم و خەفەتە زۆرە خۆشییەکی هەیە..

سادەی سەمام لەگەڵ بکە.

بەیرووت، نیسانی 2012

هەولێر 5ی ئەیلوولی 2013 وەرگێڕانەکە تەواوبوو.

ئەحلام موستەغانمی

خانمە نووسەرێکی جەزایرییە، بە شاکاری سێینەی (یادگەی جەستە) 1993 و (ئاژاوەی هەست) 1997 و (ڕێبواری نوێن) 2003 و دوایەمین ڕۆمانی (بیرچوونەوە) 2009 ناوی دەرکردووە. گۆڤاری (فۆربس)ی ئەمەریکی لە ساڵی 2006دا بە هەرمێن ترین و بڵاوترین نووسەری لە وڵاتانی عەرەبدا پۆلین کردووە.

## وەرگێڕ لەچەند دێڕێکدا



- ساڵی 1951 لەناوچەی بنکوورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبووە .
- ساڵی 1963 خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
- قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
- ساڵی 1970 چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی 1974دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
- لەساڵی 1970وە دەستی بە نووسین کردووە .
- لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوەو لە سایتی ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی هەیە چاوەڕێی چاپ دەکەن ، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە
- کۆشیعری شەپۆلی ئاواز ساڵی 1978 بەغدا .
- کۆشیعری ژیلەمۆی ڕاز ساڵی 1980 بەغدا .
- کۆشیعری بەردەباز ساڵی 1986 بەغدا .
- کۆشیعری خۆر کۆچ ناکات ساڵی 1987 بەغدا .

- کۆشیعری ڕێس ساڵی 1997 هەولێر .
- کۆچیرۆکی مەرگەمووش ساڵی 2000 هەولێر .
- کۆ شیعری ئەفسانەی سێو ساڵی 2005 هەولێر .
- دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا 2008 هەولێر.
- ئامۆژگاری دایك ساڵی 2008 چیرۆکی وەرگێڕاو بۆ منداڵان.
- خەونەکەی دارا، چیرۆك بۆ منداڵان، وەرگێڕان 2010.
- خەناوکە، چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان 2010.
- فریشتەی دارستان، چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان، 2010.
- کۆچیرۆکی (هەورە تریشقە)، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 2011.
- ڕۆمانی (بەفر لە پەنجەرەوە دێتە ژووری)، حەننا مینە، وەرگێڕان، هەولێر، 2011.
- ڕۆمانی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)ی نووسەر (ئیڤۆ ئاندریچ)، دەزگەی موکریان و وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر 2011.
- ڕۆمانی (گۆڕەپانی نەفرەتی) نووسەر (ئیڤۆ ئاندریچ)، دەزگەی موکریان و وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر 2011.
- کۆمەڵە شیعری ( كذبة أخرى)ی شاعیر زانا خەلیل، وەرگێڕان بۆ عەرەبی هەولێ 2011 .
- کۆمەڵەی شیعری (شدو القبج) شیعری چل شاعیری کورد بۆ عەرەبی، دار الغاوون، بەیرووت، 2012.
- کۆشیعری (ڕەهێڵ) لەسەر ئەرکی خۆی، چاپخانەی شەهاب، هەلێر، 2012.
- (ئەرك و مافەکانی مامۆستا - نموونەی بریتانیا)، وەرگێڕان بۆ کوردی، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2012.
- کۆچیرۆکی (زوجات خليفة الفاتنات)، قصص كوردية مترجمة، مەڵبەندی گشتی یەکیەتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2012.
- کۆچیرۆکی (کوڕی چیا)، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر 2012.
- ڕۆمانی (کاتێك چیاکان هەرەس دەهێنن، بووکی نەمر)، جەنگیز ئایتماتۆڤ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دەزگەی چینی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2013.

- **دیوانی (اللیل والنسیان) شیعری وەرگێڕاوی نووسەر لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، دار** الثقافة والنشر الكوردية، بغداد، 2013.
- **ڕۆمانی (الربیع الأسود)، نووسینی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، چاپکردنی لقی کەرکووکی یەکیەتی نووسەرانی کورد،** 2013.
- **ڕۆمانی (چاەزار)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،** 2013.
- مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بووەو ڕۆژنامەنووسیشە.
- لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پەروەردەو فێرکردن)ی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.